# گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق

## „دەستەی کورد"

بەرگی نۆهەم

١٩٨٢

چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق

بەغدا ــ ١٩٨٢

# گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق

## "دەستەی کورد"

بەرگی نۆهەم

١٩٨٢

بنکەی ژین

چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق

بەغدا ـ ١٩٨٢

بسم الله الرحمن الرحيم

لەوەبەدەر کە وتاری ئەندامانی کۆڕ لەم گۆڤارەدا پێش وتاری کەسانیتر ئەخرێ ، لە بەرودواخستنی وتارەکانیتردا سەرنجی شوێنی یەکەمین تیپەکانی ناوی نووسەر دراوە لە ڕیزی ئەلفوبێدا.

★ ★ ★

**نووسەری هەر وتار و لێکۆڵینەوەیەك کە لەم گۆڤارەدا بڵاو دەکرێتەوە ، خۆی بەرپرسیاری ناوەرۆکەکەیەتی**

★ ★ ★

**البحوث والدراسات التي تنشر في هذه المجلة تعبر عن آراء اصحابها**

# ئەم ژمارەیەی ئەم گۆڤارە

وەختی خۆی دەستەی کوردی کۆڕی زانیاری عێراق لە ساڵی ١٩٧٩دا لیژنەیەکی پێکهێنا بۆ ئامادەکردنی بەستنی کۆڕێ لە یەکێ لە هاوینە هەوارەکانی کوردستان بۆ لێکۆڵینەوەو چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی‌و بانگەوازێکی لەبارەی بابەتەکانی گفتوگۆ لێکردنی ئەو کۆڕەوە بڵاوکردەوە • لیژنەکە دەستی‌کرد بە کارو گەلێ وتارو لێکۆڵینەوەی لە گەلێ لە ڕۆشنبیرانی کوردەوە بۆ هات کە لە کۆڕەکەدا بخوێنرێنەوەو گفتوگۆیان لەسەر بکرێ •

بەڵام سەرەنجام بەهۆی ئەو بارو دۆخە تایبەتی‌یەی شەڕەوە کە لە وڵاتا پەیدا بوو، وا بە باش زانرا گرتنی کۆڕەکە دوابخرێ بۆ هەلێکی‌ترو ، بۆئەوەش کە ئەو ڕەنجەی بۆی درابوو هەمووی بەخۆڕایی نەڕوا ، وا پەسەندکرا کە ئەو بابەتانەی بڕیاری خوێندنەوەیان درابوو ، لە ژمارەیەکی تایبەتیی گۆڤاری کۆڕدا بڵاوبکرێنەوە تا بکەونە بەردەستی خوێندەوارانو هەرکەس لە ئاستی خۆیەوە لێیان بکۆڵێتەوەو ڕاستی‌و چەوتیی ئەو بیرانە دەسنیشان بکا کە لەو وتارانەدا هەن • بێ‌گومان ئەمە هەر هیچ نەبێ مەیدانی ئەوەمان بۆ بەرەڵڵا ئەکا کە ئەگەر لە دوارۆژا توانرا کۆڕێك بۆ ئەم مەبەستە بەسترێ ، بەشدارانی بە بەرچاوێکی ڕووترەوە بێنەمەیدانو لەوانەیە زۆریشیان چاویان بە گەلێ لە بیرو ڕاکانیاندا گێڕابێتەوە •

ئەوەتا ئێستا ئەم ژمارەیە بڵاوئەکەینەوەو هەموو ئەو وتارانەی تیایەو ئومێدەوارین با کوڕەکەش نەبەسترابێ ، لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی بابەتەکانیەوە لەم ژمارەیەدا ، بەشێکی ئەرکەکانی سەرشانیمان سووک کردبێ‌و ، هەر لە ئێستاوە بە خوێندوارانیدا ڕائەگەیەنین کە ئامادەین بۆ وەرگرتنی هەر بیرو ڕایەکی نوێ کە ئەوان بۆمان بنێرن‌و ئەوەی بۆ بڵاوکردنەوە بشێ لە ژمارەکانی لەمەوپاشی ئەم گۆڤارەدا بەتەواوی یا پوختەکەی بڵاوئەکەینەوەو ، ئیتر دەست لە دەست‌و قەوەت لە خواو ، سوپاس .

**دەستەی بنووسان**

# خاڵبەندی بۆ ڕێنووسی کوردی

**دوکتۆر کامل بەصیر**
ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری عێراق

(خاڵبەندی) واتە : (علامات الترقیم) دانانی نیشانەی تایبەتی‌یە وەکو خاڵ ( . )و کۆماو ( ، ) لە کاتی نووسیندا ، بۆ بەدی‌هێنانی ئەم مەبەستە سەرەکیانەی خوارەوە :ـ

یەکەم : دابەشکردن‌و خستنەڕووی پارچەکانی ڕستەیەك .

دووەم : جیاکردنەوەی ڕستەکان‌و چەسپاندنی تایبەتی‌یەکانیان .

سێیەم : دەست‌نیشان‌کردنی شوێنی ڕاوەستاندن لە کاتی خوێندنەوەدا .

چوارەم : ڕابەری‌کردنی خوێنەر بۆ گۆڕینی گفتوکردنی بەگوێرەی واتای ڕستەکان .

خاڵبەندی هەروەکو زانراوە نیشانەکانی لە ڕێنووسی عەرەبی‌دا سازکراون تا رادەیەکی زۆر شوێنی خۆیان لە چاپخانەدا کردۆتەوە . ڕێنووسی کوردی کە بە پیتی عەرەبی گونجێنراو وێنەکانی دەخرێنەڕوو بەلای ئێمەوە پێویستە کەڵك لەو نیشانانە بە بێ‌تێکەڵ‌و پێکەڵی‌و ئاڵۆزاوی وەربگرێ :

ئەم چەشنە کەڵك وەرگرتنەش لەبەر تیشکی دوو بنواشەدا دێتەدی :

بنواشەی یەکەم : ئەوەیە کە دەیسەلمێنێ :

خاڵبەندی بۆ ڕێنووسی کوردی پێویستە ئەو نیشانە عەرەبیانە بەکاربهێنێ کە بە هیچ جۆرێك جێگای مشتومڕ نین‌و بە چەشنێکی کۆتایی نووسەرە عەرەبەکان لە بەکارهێنانیاندا یەکن‌و شوێنی سازکردنیان لە چاپخانەکاندا ڕچاو کراون •

بنواشەی دووەم : لە ئامانجی ئاسانکردنی ڕێنووسی کوردی‌یەوە هەڵدەقووڵێ‌و دوپاتی دەکاتەوە کە لە کۆڕی خاڵبەندی‌دا ئەو نیشانانە وەربگیرێن ، کە بەکارهێنانیان فراوان‌و بەرینەو واز لەو نیشانانە بهێنرێ کە پێویستی سازکردنیان دەگمەنە یاخود کتێب‌و ووتاری کوردی پێویستیان پێی نییە •

سەرئەنجام پێشنیازمان بۆ چەسپاندنی نیشانەکانی خاڵبەندی ڕێنووسی کوردی لەم لیستەیەی خوارەوەدا دەیخەینە بەردەست :-

**( • ) خـاڵ :**

( خاڵ ) نیشانەیەکە کە خوێنەر چاوی پێی‌دەکەوێ بەتەواوی لە خوێندنەوەکەی رادەوەستێت بۆئەوەی بحەسێتەوەو هەناسە بدات •

ئەمە بۆ خوێنەر ، نوسەریش هەمیشە لە کوتایی ڕستەیەکدا دایدەنێت کە ماناکەی تەواو بێت‌و واتاکەی لە رستەکانی پێش‌و پاشی سەربەخۆ بێت• هەروەکو لەم پارچە نوسینەوەیەدا بەرچاو دەکەوێت :

«پیاوێکی ژیر ئامۆژگاری کورێکی کرد کە پارەکانی بۆ رابواردن لە کیسی خۆی دابوو ، پێ‌ی‌ووت :

نە گەردون سەرزەنشتت دەکات‌و نە ڕۆژگار ووشیارت دەکاتــەوە • ســاتەکانی ژیــانت دەست‌نیشان کراون • هەناسەکانیشت لە کاتێــکی تایبەتیدا کۆتاییان دێت • دوو حاڵەتت لە بەرچاودایە باشترینیان ئەو حاڵەتەیە کە زیانت پێ دەگەیێنێ» •

**( ، ) کۆمـاو :**

خوێنەر کە ئەم نیشانەیە دەبینێ ، بۆ ماوەیەکی کەم لە خوێندنەوەکەی ڕادەوەستێت‌و هەناسەدەدات • نووسەریش لەم شوێنـانەی خـوارەوەدا دەی‌نووسێتەوە :ـ

یەکەم : لەنێوانی چەشن‌و پارچەکانی شتێك یان واتایەك وەکو : ئاخاوتن سێ پارچەیە : ناو ، فرمان ، ئامراز •

دووەم : دوابەدوای بانگ‌کراو ، وەکو :

ئەی قوتابیان ، کۆشش بکەن •

سێیەم : لەنێوانی ڕستەی مـەرج‌و دەربڕینی سوێنـد پێخـواردن‌و وەڵامەکانیاندا • وەکو :

ئەگەر ویستت لە ئیشێکا سەربکەوێت ، دەبێ پەیـداویستی‌یەکانی ئیشەکەت ئامادە بکەیت •

بە خوا ، هەر دەبێت سەرێکمان لێ بدەیت •

چوارەم : لەنێوانی شاڕستەیەك‌و پاڕستەیەکدا کە لە ڕووی واتــاوە پەیوەندییان پێکەوە هەیە ، وەکو :

کتێبێکم خوێندەوە ، بە دووروو درێژی بـاسی ڕێزمـانی کوردی دەکات •

( ؛ ) کۆماوی خاڵـدار :

خوێنەر بەم نیشانەیە تـاوە ڕاوەستـانێك دەسـت لە خوێنـدنەوە هەڵدەگرێتو بۆی هەیە هەناسەبدات •

نووسەریش لەم شوێنانەی خوارەوەدا وێنەی دەکێشێ :ـ

یەکەم : لەنێوانی ئەو ڕستە درێژانەدا کە ووتـەیەکی واتـا تـەواو پێكدەهێنن ؛ بەنیازی ئەوەی دەرفەتی هەناسەدان بە خوێنەر بدرێـتو ڕستە درێژەکان لە تێکەڵو پێکەڵی بپارێزین • وەکو :

خەڵکی گرنگی بە درێژی تەمەنی ئادەمیزاد نادەن ؛ بەڵکو بەدوای ئەو کارە بەسوودانەدا دەگەڕێن کە لەو تەمەنەیدا ئەنجامی داون •

دووەم : لەنێوان دوو ڕستەدا کە دووەمیان هۆی بەرپابوونی یەکەمیانە• وەکو :

حەمە خەڵاتکرا ؛ چونکە لە تاقیکردنەوەدا یەکەم دەرچوو •

سێیەم : لەنێوانی دوو ڕستەدا کە دووەمیـان ئاکامو سەرئـەنجامی ڕستەی یەکەم بێت • وەکو :

سیروان لە ژیانیدا هەمیشە تێکۆشاوە ؛ بۆیە جێگای سەرسوڕمان نییە بەختیارو سەرکەوتوو بێت •

( : ) دوو خـاڵ :

ئەمنیشانەیە بۆ ڕوونکردنەوەو خستنەڕووی ئەوەی لەدوایەوە دێـت سازدەکرێت بەتایبەتی لەم شوێنانەی خوارەوەدا :ـ

یەکەم : لەنێوانی ئەو فرمانانەی بۆ واتای ووتن بەکاردەهێنرێنو قسەو ووتراوەکاندا • وەکو :ـ

مامۆستاکەمان وتی : ئیشی ئەمڕۆ مەخەرە سبەینێ •

پێغەمبەر (د•خ) فەرموویەتی : ئەگەر شەرم ناکەیت ؛ هەرچیت ئەوێ بیکە •

دووەم : لەنێوانی شتێك و بەش و جۆرەکانی دا • وەکو :ــ

لە جیهاندا شەش ووشکانی هەیە : ئاسیاو ئەفریقیاو ئەوروپاو ئەسترالیاو ئەمریکای ژوورو ئەمریکای خواروو •

هاوڕێ دوو جۆرە : هاوڕێی خۆشی و هاوڕێی تەنگانە •

سێیەم : پێش ئەو نموونانە کە بــۆ ڕوونکردنــەوەی دەستوورێــك دەهێنرێن ــ وەکو :ــ

دووکەس تێر نابن : زانست پەروەرو پول پەرست •

چوارەم : لەپێش ئەو ئاخاوتنەدا کە ووتەکەی پێشەوەی ڕوون دەکاتەوە• وەکــو :ــ

ژیری و تەندروستی و زانست : ئەو پاداشتانەن کە هەرگیزاو هەرگیز سوودەکانیان نابڕێتەوە •

**( ؟ ) نیشانەی پرسیــار :**

دوابەدوای ڕستەی پرسیاری دێت ؛ بۆئەوەی خوێنەر دەنگی خــۆی لە شێوەی پرسیاردا دەربڕێ • وەکو :

ووشە چەنــد جۆرە ؟

چۆنیت ؟

**( ! ) نیشانەی هەڵچوون :**

ئەم نیشانەیە لە کۆتایی هەموو ڕستەیەکدا سازدەکرێت کە بێژەرەکەی

تووشی هەڵچوونێك بووبێتو لە هەستو ئەستیدا سۆزێك بەرپابووبێت • وەکو :

حاڵەتی دەربڕینی سەرسورمانو هەڕەشەکردنو ئارەزووبزواندنو خەفەتو خۆشیو یارمەتی داواکردنو دوعاو سکاڵاکردنو ڕازی نەبوون • بۆنموونە :

خوایە ، ئەم دیمەنە چەند جوانە ! •
ئاگات لە چەرخی گەردون بێت ! •
لە خوا بترسە ! •
ئەی هاوار جەرگم براوە ! •
ئۆخەی ئاواتەکەم هاتەدی ! •
خوایە ڕەحمم پێ بکە ! •
دواڕۆژی زۆردار ڕەشە ! •

**( ـ ) تەقەڵ :**

نیشانەی تەقەڵ لەم شوێنانەی خوارەوەدا سازدەکرێت :

یەکەم : پێش گوزارەی ڕستەیەك کە لە نیهادەکەیەوە بە شارستەو پارستە دوورکەوتبێتەوە • وەکو :

شوان کە چوو بۆ دەرەوەو شهادەتنامەی بەرزی وەرگرتو خۆی بە زانست چەکدار کرد ـ خزمەتی وولاتەکەی دەکات •

لەمڕستەیەدا ووشەی شوان نیهادەو ڕستەی (خزمەتی وولاتەکەی دەکات ) گوزارەیە ، جا لەبەرئەوەی لەنێوانیاندا سێ ڕستە هاتوون ، پێویست بەو تەقەڵە بوو بۆ سەرنج ڕاکێشانی خوێنەرو دووپاتکردنەوەی ئەوەی کە ڕستەکە گوزارەی ئەو نیهادەیە •

دووەم : لەنێوانی ژمارەو شتە ژمێراوەکاندا • وەکو :

ئیش کردنی ڕێك دەبێ بەهۆی :ـ

١ ـ تەندروستی •

٢ ـ دەست کەوتی باش •

٣ ـ ڕەحەتی مێشك •

سێیەم : جیاکردنەوەی قسەکانی دوو گفتوگۆکەر ئەگەر هات و لە نووسیندا ناویان نەووترا ، هەروەها ئەگەر هات و هیچ ووشەیەك بۆ خستنەڕووی ووتەو وەلآمەکانیان بەکارنەهێنرا • وەکو :

« پادشایەك پێویستی بە نووسەرێك هەبوو بۆ هەڵسوراندنی ئیش وکارەکانی ، نووسەرەکە بە پادشاکەی ووت :

ـ بە سێ مەرج لەگەڵتدا ئیش ئەکەم •

ـ ئەم سێ مەرجە چین ؟

ـ حورمەتم مەشکێنە ، دەست بە رووممەوە مەنێ ، بە بووختانی دووژمنەکانم بڕوا مەکە •

ـ باشە بەم سێ مەرجە ڕازیم ، بەلآم من داوای چیت لێ دەکەم ؟

ـ هەرگیزاو هەرگیز نهێنی یەکانت نادرکێنم و لە ئامۆژگاری کردنت درێغی ناکەم و هیچ کەسێك بەلامەوە لە تۆ خۆشەویست تر نابێت » •

**( ) دووکەوانە :**

نیشانەی دوو کەوانە باوەش بەو ووشانەدا دەکەن کە لە ڕستەیەکدا نە نیهادن و نە گوزارە ؛ سەرئەنجام بە زۆری لەم شوێنانەی خوارەوەدا بەکاردەهێنرێن :

یەکەم : خستنەڕووی ووشەی یاخود دەستەواژەیەکی ڕاڤەکەر •

کەر ( بە ڕی سووك ) گوێدرێژە •

کەڕ ( بە ڕی قەڵەو ) گوێ گران •

دووەم : چەسپاندنی ڕستەی دڵنیابیبەخش • وەکو :

زمانی کوردی (زارەکانی هەمەڕەنگەنو ڕێزمانەکەی چەسپاوەو ووشەکانی لە ڕێگای جۆربەجۆرەوە لەدایكدەبن) بەئاسانی دەتوانێ ببێ بەهۆی دەربڕینی زانستو زانیاری هاوچەرخ •

لەمنموونەیەدا ڕستەکانی نێوانی دووکەوانەکە دڵنیامان دەکەن کە زمانی کوردی پێیدەکرێ ئەو ئەرکە ئەنجامبدات •

سێیەم : خستنەڕووی ڕستەی لابەلا • وەکو :

هەولێر (ئاوەدانییەکەی بەردەوام بێت) گەورەترین شارە لە ناوچەی کوردستاندا •

دەربڕینی (ئاوەدانییەکەی بەردەوام بێت) لەم نموونەیەدا ڕستەیەکی لابەلایە بۆ دوعاخوازی خراوەتە ناو ڕستە سەرەکییەکەوە (هەولێر کوترین شارە لە ناوچەی کوردستاندا) ؛ بۆیە لەنێوانی دوو کەوانەدا خراوەتەڕوو •

چوارەم : سەرنجڕاکێشان بۆ دەربڕینی گرنگ • وەکو :

ڕێزمان (هەرچەندە ووشەش گرنگە) بڕبڕەی پشتی زمانی نەتەوایەتییە•

لەم نموونەیەدا بە دانانی دەربڕینی ( هەرچەندە ووشەش گرنگە ) لەنێوانی دووکەوانەدا سەرنجی خوێنەر بۆ ئەرکی ئەم رەگەزەی زمان راکێشراوە •

**« » نیشانەی دەقی وەرگیراو (کەوانەی دووتایی) :**

ئەم چەشنە دووکەوانەیە بۆ خستنە ڕووی دەقی وەرگیراو ، و

جیاکردنەوەی لە قسەکانی دیی نووسەر بەکاریدەهێنێ • وەکو :

ئادەمیزاد چەند بەتوانا بێت ، ناتوانێت لەسەر ئەم زەوییەدا بەتەنیا بژی «برا لەگەڵ برا بێت ، مەگەر مەرگ لەلای خودا بێت» •

بۆیە هەموو کەسێك پێویستە هاوڕێو دۆستو برادەر لەکیسی خۆی نەدات و هەوڵبدات بە خۆشەویستی لەگەڵیاندا رەفتار بکات •

لەم نموونەیەدا نووسەر پەندە پێشینانەکەی خستوتە ناو ئەو نیشانەیەوە ، بەنیازی خستنەڕووو جیاکردنەوەی لە قسەکانی خۆی •

**( ••• ) نیشانەی فڕێدان :**

نووسەر کە دەقێك لە کتێبێکەوە وەردەگرێت هەندێ جار پێویستی بە رونووس کردنی هەموو دەقەکە نابێت ، هەندێ جاریش لەو دەقەدا دەربڕینێوا هەیە گێڕانەوەی جێگای پەسەندی نییە ، سەرئەنجام بەشێك لەو دەقە فڕێدەدات و نای نووسێتەوە • جا بۆ سەرنجڕاکێشانی خوێنەر ئەو نیشانەیە دەنووسرێتەوە • وەکو :

لە کاری بیریدا پشت بەوانە دەبەسترێ کە ڕێز لە زاناو ڕۆشنبیر دەگرن ••• ؛ بۆیە کە کتێب دادەنرێت و ووتار دەنووسرێتەوەو بەرهەم پێش کەش دەکرێ ـ ئەو جۆرەکەسانە مەبەست و ئامانجن •

**چەند تێبینییەك :**

لە کۆتایی پێشنیازکردنی ئەو نیشانە خاڵبەندییانەداو لەبەر تیشکی پشتبەستن بە سەرچاوەکانمان دەمانەوێ سێ تێبینی بخەینە ڕوو :ـ

یەکەم : دانانی نیشانەی کۆماو ( ، ) پێش ئامرازی واوی پەیوەست کردنی دوو رستە یان پتر لەگەڵ سروشتی زمانی کوردیدا لەم ڕووەوە

ناگونجێت ؛ چونــکە واوی پەیوەستــیی ( عطف ) کوردی دەبــێ بــە بێ‌هەناسەدان‌و ڕاوەستان لەگەڵ دەنگی کۆتایی ووشــەکەی پێشــەوەی گۆبکرێت •

دووەم : مامۆستایان توفیق وەهبی‌و [1] نوری علی ئەمین‌و [2] ئەمینی عەڤدال [3] نیشانەی ( ،، ،، ) دوو کۆماویان بۆ خستنە ڕووی ووشەیەك یا دەستەواژەیەك دەست‌نیشان کردوە • وەکو :

کە منداڵ بووین ،، هەموو شەوێ ،، ئەنکم پێ‌ی‌ئەووتین :

«وەرن چیرۆکێکی خۆشتان بۆ بگێڕمەوە» •

بەڵام ئێمە ئەم نیشــانەیە بە پێویست نــازانین چونــکە نیشــانەی دووکەوان (   ) هەروەکو لەمەوبەر ڕاڤەمــان کــرد ـ هەمــان ئــەرك بەدی‌دەهێنێ •

سێیەم : مامۆستا توفیق وەهبی نیشانەی [  ] (العضادتــان)ی بــۆ خستنەڕووی ڕستەواژە بەکارهێنــاوەو ئــەم نموونەیــەی خــوارەوەی هێناوەتەوە :ـ

دزەکە کە دراوسێ‌ی من بو ( ئەمە دراوسێ‌یەکی خراپ بو بۆ مــن ) ، شەوێك هاتە سەرمان •

لەم نموونەیەدا ئاشکرایە کە مامۆستای ناوبراو پەیرەوی نیشانەکەی نەکردووەو نیشانەی دووکەوانەی بەکارهێناوە ، جا ئێمە نازانین ئایا ئەمــە

---

١ ـ بروانە قواعد اللغة الکردیة ج ١ ل ٩٦ •

٢ ـ بروانە رابەرێ بۆ ئیملای کوردی ل ٩٦ •

٣ ـ بروانە (نقتك دانین) گۆڤاری کوڕی زانیاری کوردی / بەرگی سێیەم / بەشی یەکەم / ل ٣١١ •

هەڵەیەکی چاپییە یاخود مامۆستا خۆی پێشنیازەکەی خۆی پەیڕەوی نەکردووە ؟!

هۆی ئەم بارە هەرچی بێت ، ئێمە بڕوامان وایە کە پێویستمان بەو نیشانە زیادەیە نییەو نیشانەی دووکەوان دەتوانێ ئەرکەکەی ئەنجامبدات.

**سەرچاوەکان :**


١ ـ الاملاء الواضح : عبدالمجيد النعيمي ودحام الكيالي / چاپی دووەم / ١٣٨٥ ك ـ ١٩٦٦ ز / چاپخانەی ( ئەسعەد ) . بەغداد .

٢ ـ الاملاء : الدكتور احمد ناجي القيسي ، عبدالجبار عبدالله الآلوسي ، عبدالجبار كاظم العاشور ، عبدالكريم عبدالمجيد الجعفري ، غازي جاسم محمد العنبكي / چاپی یەکەم / ١٣٩٩ ك ـ ١٩٧٩ ز / چاپخانەی سلمى الفنية الحديثة .

٣ ـ ڕابەرێ بۆ ئیملای کوردی : نوری عەلی ئەمین / ١٩٦٦ ز / چاپخانەی سلمان الاعظمی / بەغداد .

٤ ـ قواعد اللغة الكردية : توفيق وهبي / ج ١ ١٩٥٦ ز .

٥ ـ نقتك دابنن : ئەمینی عەڤدال / ووتارێکە مامۆستا شکور مستەفا لە ئەلفوبێی سلاڤییەوە خستوێتییە سەر ئەلفوبێی کوردی / گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد / بەرگی سێیەم / بەشی یەکەم / ١٩٧٥ ز .

# گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی

## بە ئەلفوبێی عەرەبی

د. ئەورەحمانی حاجی مارف

بەرلەوەی دەست بدرێتە دانانی ڕێنووسێکی ڕێکوپێکو لەبار ، پێویست بە لێکۆڵینەوەیەکی قووڵی فۆنەتیکە ، بەتایبەتی لە دیاری‌کردنی تێکڕای فۆنێمەکانداو ئنجا دانانی نیگار بۆ هەر یەکێک لەو فۆنێمانە • دوایش پێویستە ئەو پیتانە لەگەڵ یەکتردا بەراورد بکرێن ، تاکو بزانرێ بوونو نەبوونیان چ‌دەورێک دەبینێ •

وەك ئاشکرایە (دەنگ) لە ڕێگای ئەندامەکانی ئاخاوتنەوە دەردەبڕرێتو بەهۆی بیستنەوە هەستی پێ دەکرێ • (پیت) وێنەی دەنگە ، بە نیشانە لە نووسیندا دیارکراوەو بەهۆی بینینەوە وەردەگیرێ • ڕاستە مرۆڤ نەك تەنها دەتوانێ وشە بڵێ ، بەڵکو هەروەها دەتوانێ بیشینووسێ ، یاخود چاپی بکات ، بەلام کاتێ دەنووسین یاخود شت چاپ‌دەکەین ، ئەوسا وێنەی دەنگەکانی ئاخاوتن بە پیت نیشان‌دەدەین • بەڵێ زمان دوو دیوی هەیە : ئاخاوتنو نووسین • بەلام ئاخاوتن ڕەسەنترەو پێش نووسین کەوتووە • منداڵ لە سەرەتادا فێری قسەکردن دەبێو دوایی نووسین • زۆر کەسانیش هەن سەد ساڵ دەژینو ڕەوانو پاراو بە زمانەکەیان دەدوێن ، بێ‌ئەوەی فێری

خوێندنەوە یان نووسینی پیتێك بووبن • لەم سەدەی بیستەمەشدا هێشتا میللەتیوا هەیە کە لەو دەستکەوتە مەزنەی شارستانیەت بێبەشە •

تا ئێرە کەمێ لە جیاوازیی نێوان (دەنگ)و (پیت) دواین ، ئنجا دێینە سەر بەراوردکردنی (دەنگ)و (فۆنێم) • وەك ئاشکرایە ، فۆنێم بەو دەنگانە دەوترێ کە لە زماندا وشە پێكدەهێنن‌و بە گۆڕان‌و لاچوونیان واتا دەگۆڕن • بۆ نموونە ، ئەگەر فۆنێمی (ا) لە وشەی «باز»دا بگۆڕێت بە (ه ، ۆ ، ێ •••) ، ئەوە ئەم وشانە «بەز ، بۆز ، بێز•••» پەیدادەبن ، کە جیاوازییەکی تەواو لە مانایاندا هەیە ــ واتە لێرەدا فۆنێمی (ه ، ۆ ، ێ•••) دەوری گۆڕینی مانای وشەی «باز» دەبینن • ئەگەر فۆنێمی (ز)یش لە وشەی «ناز»دا بگۆڕێت بە (ن ، ڵ ، ڤ ، خ•••) ، ئەوە ئەم وشانە : «نان ، ناڵ ، ناڤ ، ناخ•••» دروستدەبن ، کە هەریەکەیان مانای تایبەتی خۆی هەیە ــ واتە بەمجۆرە دەبینین کەوا فۆنێمی (ن ، ڵ ، ڤ ، خ•••) مانای وشەی «ناز» دەگۆڕن ••• لێرەدا پێویستە ئەوەش لەیادنەکەین ، کە هەرچەندە فۆنێم کاری جیاکردنەوەی گۆڕینی مانا بەجێدەهێنێ ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەتەنیا خۆی خاوەنی ماناو واتا نییە •

(فۆنێم) لە (دەنگ) گرنگترە ، چونکە جیاوازی دەخاتە نێوان وشەوە• هەموو فۆنێمێك ، دەنگە ، بەڵام هەموو دەنگێك ، فۆنێم نییە • بەوێنە : (قیژە ، هاوار ، قوڕەی سك ، قرقێنە ، نزگەرە ، پرخەپرخ ، کۆکە ••• ) هەموو دەنگن ، بەڵام هیچیان فۆنێم نین • یاخود کاتێ (گ ، ك) لەپێش (ی ، ێ ، وێ ، وی)دا دەگوترێن ، شێوەی تەلەفوزیان وەك (چ) یان (ج)ی لێ دێت ــ واتە (گ)و (ك) لە حاڵەتی ئاساییدا لەبنی ئەوکەوە تەلەفوز دەکرێن ، بەڵام لە حاڵەتی دووەمدا زمان نزیك مەلاشوو دەخاتەوە• بەوپێیە دەبنە دەنگی جیاواز ، بەڵام نابنە فۆنێمی جیاواز ••• هەروەها

له زمانی کوردیدا هەمزە ( ئ ) کە بەتایبەتی لە سەرەتای وشەوە بۆ یاریدەی دەربڕینی دەنگە بزوێنەکان دێت ، دەنگە ، بەڵام فۆنێم نییە ...

ئێمە کە لە ڕێگەیەکی زانستییەوە سێ مەفهوومی (فۆنێم)و (دەنگ)و (پیت)مان جیاکردەوە ، بەوە کارمان لە سازکردنی ئەلفوبێدا ئاسان دەبێت ، چونکە کە دەنگەکانی زمانی کوردیمان دیاری کرد ، ئەوسا دەزانین دەبێ نیگار بۆ چی بکێشین . بەوێنە کە بۆمان دەرکەوت (م ، ن ، د ، ڤ ، ش ، پ...)فۆنێمن ، ئەوە تێدەگەین کە پێویستیان بە پیتە . یاخود بەپێچەوانەوە، کە زانیمان دەنگی (گ) لە وشەی «گەڕ»و «گێڕ»دا لەگەڵ جیاوازی شێوەی تەلەفوزکردنیشیاندا ، هەر یەك فۆنێمن ، ئەوە ئەو هەڵەیە ناکەین ، کە وێنەی جیاوازیان بۆ دابنێین ... لەبەرئەوەی گومان لەوەدا نییە کە لە زمانی کوردیدا بزوێنی ( و — u )ی کورت‌و (وو — (ū) )ی درێژ دوو فۆنێمن ، بۆیە دەبێ هەریەکەیان وێنەی خۆی هەبێ ... ئەگەر لێکۆڵینەوە ئەوە ئیسپات بکا کە (ی)ی کورت‌و تیژیش وەك فۆنێمی سەربەخۆ خۆیان دەنوێنن ، ئەوە پێویستە نیگاری جیاوازیان بۆ بکێشرێ . بەڵام ئەگەر ڕوون کرایەوە ، کورت‌و درێژی تەلەفوزکردنی ئەو دەنگە هۆی بوون‌و نەبوونی هێز بێ‌و دەوری واتاگۆڕی نەبینێ ، ئەودەم جیاکردنەوەی وێنەیان شتێکی ڕاست نییە ... پێتوو ساغ بکرێتەوە کە ئەو وەستانەی لەنێوان وشەکانی ، وەك «دز ، دڵ ، من ، کردن ، شتن ، بردن...»دا دێت قورس کردن بێ، ئەوە هیچ پێویست بەوە ناکات پیتی بۆ دابنرێ، خۆ ئەگەر چەسپێنرا کە کورتە بزوێنە ، دەبێ لە ئەلفوبێدا وێنەی بۆ دابنرێ...هتد .

چۆن ڕێنووس پێوەندی بە فۆنەتیکەوە هەیە ، هەر بەوچەشنە پێوەندی بە ڕێزمانیشەوە هەیە . جا بۆیە پێویستە دەستوورەکانی ڕێنووس لەبەر تیشکی ڕێزماندا تەماشا بکرێن‌و گونجان‌و نەگونجانیان بەیەکەوە ڕەچاو بکرێ .

بەوێنە لە ڕستەی « لە بازاڕ هێلکەو ڕۆنم کڕی ••• »دا ، «هێلکە»و «ڕۆن» دوو وشەی سەربەخۆنو هەریەکە خاوەنی واتای خۆیەتی • بەڵام کاتێ دەوترێ : «بەیانی هێلکەوڕۆنم خوارد» ، ئەوە دەدرێنە دەم یەك‌و وشەیەکی نوێ ـ «هێلکەوڕۆن» کە ناوی خواردنێکە پەیدا دەبێ • ئەگەرچی ئەم وشەیە لە ڕۆنانیدا چەند مۆرفیمێك هاریکاری کردووە ، بەڵام لەبەرئەوەی بووەتە یەك وشە ، دەبێ بەسەریەکەوە بنووسرێ ••• وەك دەزانین لە زمانی کوردیدا دوو مۆرفیمی (تر) هەیە ـ یەکێکیان ئاوەڵناوی (تر)ە ، وەك کە دەوترێ : «نانی تر ، کوڕێکی تر •••»• ئەوی‌دیان نیشانەی بەراوردی (تر)ە ، وەك : «گەرمتر ، بەرزتر•••»• جا یەکەمیان کە بەشە ئاخاوتنی سەربەخۆیە ، دەبێ بە جیا بنووسرێ ، چونکە هەر بەشە ئاخاوتنێك بوونی سەربەخۆی هەیە • بەڵام دووەمیان کە نیشانەیە لەبەرئەوەی بوونی سەربەخۆی نییە ، پێویستە بە وشەی پێش خۆیەوە بلکێنرێ••• یاخود ئاشکرایە هەندێ لە پرپۆزیشنەکان وەك پێشگریش خۆیان دەنوێنن، بەنموونە (بە) لە وشەی «بەهێز، بەجەرگ•••»دا پێشگرە، بەڵام کە دەوترێ «من بە تۆم وت•••» ، ئەوە پرپۆزیشنە • جا هەرچەندە پرپۆزیشن لە ڕیزی وشەی ناتەواوە ، بەڵام وەك هەر بەشێکی‌دی وشەی تەواو ڕواڵەتی سەربەخۆی هەیەو لە زمانی کوردیدا یەکێکە لە بەشە ئاخاوتنە چالاکەکان ، بۆیە دەبێ بە جیا بنووسرێ ، بەڵام کاتێ وەك پێشگر بەکاردێنرێ ، ئەوە لەبەرئەوەی پێشگر سەر بە هیچ بەشە ئاخاوتنێك نییەو سەربەخۆ بەکارنایەت ، پێویستە بە پێشی وشەوە بلکێنرێ •

ئەمانەو چەندین نموونەی‌دی ئەوە نیشان‌دەدەن کە لە سازکردنی ڕێنووسدا پێویستە داخوازییەکانی فۆنەتیك‌و ڕێزمان چاودێری بکرێت••• منیش هەوڵ‌دەدەم لەبەر ڕووناکی ئەو دوو زانستە ـ فۆنەتیك‌و ڕێزمان ـ

ڕای خۆم لەبارەی ئەو کۆسپو گیروگرفتانەی لە ڕێنووسی کوردیدا بەدیدەکەم ، دەربڕم •

ئەو تێبینییانەی دەربارەی گیروگرفتی ڕێنووسی کوردیمان هەن دەبن بە دوو بەشەوە :

١ــ گیروگرفتی نیگاری دەنگەکان •
٢ــ گیروگرفتی نووسینی وشەکانو تێکبەستنیان •

**ــ ١ ــ**

## گیروگرفتی نیگاری دەنگەکان

لە لێکۆڵینەوەماندا ، بۆمان دەرکەوتووە کە وێنەی دەنگی بزوێنی (و)و (ی)ی درێژو کورتە بزوێنی ( i ) و کۆنسۆنانتی (و)و (ی)و دیفتۆنگی (وێ)و کۆنسۆنانتی (ر)ی قەڵەو لە ڕێنووسی کوردیدا گیروگرفتیان هەیەو کێشەیان لەسەرەو پێویستیان بە چارەسەر کردنە • جا بەپێی توانست هەوڵدەدەین لە هەر یەکێك لەو نیگارانەی بۆ ئەو دەنگانەی ناومانبردن بدوێین :

**نووسینی (وو) یان ( û ) بەرانبەر ( ū ) ی لاتینی •**

وەك ئاشکرایە بۆ هەر دەنگێك لە دەنگەکانی زمانی کوردی پیتێك کراوەتە وێنە ، بەڵام بۆ نیشاندانی دەنگی (و)ی درێژ دوو پیت دانراوە • بێگومان هیچ لێکدانەوەیەك ڕێگە بەوە نادات کە دوو پیت بکرێنە نیگاری یەك دەنگ • ئەوەی لایەنگیرانی دوو واو نووسینی بەهەڵەبردووە ، ئەوەیە کە لە کوردیدا بەرانبەر دەنگی (و)ی درێژ ، دەنگی (و)ی کورت هەیە •

جا ئەگەر بەپێی ئەو بۆچوونە هەڵەیە نیگار بۆ دەنگەکانی زمانی کوردی دابنێین ئەوە دەبێ لەبریتی (ا)یش دوو (ە) بەکاربهێنین‌و لەجیاتی ئـەوەی بنووسـین ( ڕان ) ، بنووسـین ( ڕەەن ) • یاخود کە لە کوردیدا دەنـگی (ڕ)و (ڵ) ••• هەیە ، ئەوە بەو پێیە بۆ جیاکردنەوەیان لە (ر)و (ل) ••• دەبێ دوو (ر)و دوو (ل)••• بنووسین ، واتە لەبریتی (ڕان ، داڵ •••) بنووسین (ررەەن ، دەەلل) •••

نووسینی دوو واو لە سەرێکی‌تریشەوە تووشی ئەندێشەیەکمان دەکات ئەویش ئەوەیە ، ئێمە لە کوردیدا بۆ نووسینی دەنگێ کە هێز (النبـرة ـ Stress )ی لەسەر بێ دوو جار پیتەکە دەنووسین ، وەك (میللەت ، کەللە •••) • جا ئێمە کە دەستوورمان بۆ دەربڕینی هێز ئەوەبوو پیتـەکە دووبارە بکەینەوە ، لـە نووسـینی دوو (و)دا دەستوورەکەمـان لـێ هەڵدەوەشێتەوە ، چونکە مەبەستمان هێز نییە •(١)

ئەوانەی ئەوە بە کارێکی ناشی‌یانە دادەنێن ، کە کۆڕ (وـ کەشیدەیەکی لەسەر) لەجیاتی (وو) دەنووسێ ، ئەوە لەو سەرەتا ئاشکرایەی زمـانەوانی بێ‌ئاگان ، کە دانانی دوو پیت بۆ نیشاندانی یەك فۆنێم باش نییە ، سەرەڕای ئەوە دانانی چوکلە ئاسانترو خێراترە لە نووسینی پیتێکی سەرلەبەر • جـا کۆڕ هەستی بەوە کردووەو بۆیە پیتێکی هێشتۆتەوەو وەك وێنەی درێژیش کەشیدەیەکی لەسەر داناوە • لە ڕووی زانستی زمـانەوە ئەمـەی کـۆڕ پەسەندە ، بەڵام نووسینی دوو واو لەبار نییە ، کەچی بەداخەوە لە ڕووی ڕوخسارەوە ، لەبەرئەوەی ئەو کەشیدەیە لە سـەر (فتحە)ی عەرەبی دەچێ،

---

(١) شایانی باسە مامۆستا مەسعوود محەمەد بە شێوەیەکی زانستی‌و بەڵگەی زۆرو ڕاست‌و لەبار نووسینی (و)ی درێژی بە دوو واو ڕەتکردۆتەوە (بروانە : مەسعوود محەمەد ، ڕێنووسی کۆڕ ، «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد» ، ب ٤ ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ٣٥٧ ــ ٣٥٨ ) .

هێندێ گیروگرفتی پەیداکردووە • ئەگەر لەبریتیی ئەو کەشیدەیە نیشانەیەکی‌تر لەسەر یان لەخوار پیتی (و)ەوە دابنرایە ، ئەوە چاکتر بوو••• بەڵێ ئەو کەشیدەیە شێوەی جوان نییە ، بەڵام لەڕووی زمانەوانییەوە ڕاستە، کەچی هەندێ کەس ئەو ڕاستی‌یەیان کردووە بە ژێر لێوەوەو هەر لەبەرئەوەی کاری کۆڕە بەلایانەوە خراپە • (۲)

**نووسینی دوو (ی) یان (ێ) بەرانبەر (î) ی لاتینی :**

بەداخەوە زمانەوانانی کورد بە پێوانەی عەرەبی وایان‌داناوە کە لە کوردیشدا دوو بزوێنی (ی) هەیە ، کە یەکێکیان کورتەو ئەوی‌دی‌یان درێژ — واتە یەکێکیان وەك ژێر (کسرة)و ئەوی‌تریان وەك (ی) • بۆ جیاکردنەوەشیان دووەمیان بە دوو (ی) نووسیوە ، لە ڕێنووسی کۆڕیشدا لەبریتی دوو (ی) ، (ی ـ کەشیدەیەك لەسەری) بەکارهێنراوە • بە ڕای من ئەمە بە زۆر سەپاندنی فۆنێمی عەرەبی‌یە بەسەر کوردیدا • هەردوو بەرە وای بۆ چوون کە لەبەرئەوەی لە زمانی کوردیدا (و)ی بزوێنی کورت‌و (وو)ی بزوێنی درێژ هەیەو لە عەرەبیشدا (ضمة)و (و) هەیە • ئەوە دەبێ (ی)ش هەر بەوچەشنە ـ واتە کورت‌و درێژ ، وەك عەرەبی (کسرة)و (ی) — بێ • لەڕاستیدا لە زمانی کوردیدا بەوجۆرە نییەو بەداخەوە کۆڕو گەلێ لە زانایان‌و ڕووناکبیرانی کورد هەستیان بەو تایبەتێتی‌یەی زمانی کوردی نەکردووە •

گومان لەوە ناکرێ کە لە زمانی کوردیدا ( و ـ u ) و ( وو ـ ū ) دوو فۆنێمن ، چونکە گۆڕینی ( و ـ u ) بە ( وو ـ ū ) جیاوازی

---

(۲) بەوێنە بڕوانە : د. جەمال نەبەز ، سەرنجێك لە چەند زاراوەیەکی تازە بەکارهاتوو و کۆڕی زانیاری کورد ، «گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات» ، بەغدا ، ۱۹۷۸ ، ژ ۲۲ ، ل ۹٤ •

دەخاتە نێوان وشەوەو وشەی نوێ پەیدادەکا٠بەوێنە ئەگەر لە وشەی (کور)دا فۆنیمی (و ــ u ) بکرێتە (وو ــ ū ) ، ئەوە وشەکە دەبێتە (کوور) ، واتە جیاوازی کەوتە ناوانەوەو لەبەرئەوە دوو فۆنیمن٠بێ گومان کە دوو فۆنیمی جیاواز بوون ، ئەوە بۆ تێکەڵ نەکردنیان لە ڕێنووسدا پێویستییان بە دوو نیگاری جیاوازە ٠

هەرچی بزوێنی (ی ــ ī )یە لە زمانی کوردیدا یەك فۆنیمە ، نەك دوو ٠ هەرچەندە هەندێجار کورت و هەندێ جار درێژ تەلەفوز دەکرێت ، بەڵام ئەمە دەوری واتاگۆڕی نابینێ ٠ جا کە دەوری واتاگۆڕی نەبینێ ، ئەوە فۆنیمی‌تر ناهێنێتە کایەوە ٠ کە فونیمی تریش نەبوو ئیتر پێویست بە نیگاری‌تر ناکات ٠ لە دەیان وشەی وەك (بیر ، تیر ، شیر ، پیر ، میر ، سیر ، هەنجیر ، پەنیر٠٠٠)دا کە بزوێنی (ی) درێژ بەدەمدا دێت، ئەگەر کورتیش بکرێتەوە وشەی نوێ پەیدا نابێ ٠٠٠ جا وەك گشت لایەکمان دەزانین هەموو (ی ــ ī ) یەکی ناوەڕاستی وشەی کوردی درێژەو هیچ کاتێك کورت نییە ، تەنیا مەگەر وشەیەك دوو (ی ــ ī )ی تێدا بێ‌و هێز (النبرە ــ Stress ) بکەوێتە سەر یەکێکیان ئەودەم ئەوی‌دیان کەمێك کورتتر تەلەفوز دەکرێت ، ئەمەش دیاردەیەکی فۆنەتیکی‌یەو ئاشکرایە هەر بزوێنێ هێزی لەسەر بێ پتر دەردەکەوێ ٠٠٠ (ی ــ ī )ی کۆتایی وشەش کە هەندێجار کورت دەردەبڕرێ، هۆی ئەوەیە کە هێزی لەسەر نییە یاخود بووەتە (ی ــ y ) کۆنسۆنانت ٠ جا بەوپێیە نووسینی بزوێنی (ی ــ ī ) چ بە دوو (ی)و چ بە (ی ــ کەشیدەیەکی لەسەر) هەڵەیە ٠

## کێشەی کورتــە بزوێنی ( i )

یەکێك لە گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی بە ئەلفــوبێی عــەرەبی ئەوەیە کە بۆ کورتە بزوێنی ( i ) هیچ پیتێك دانەنــراوە ، ئەمــەش بووەتە هۆی بەهەڵەبردنی گەلێ لە ڕووناکبــیرانی کوردو هەنــدێ لــە نووسەرانی ڕێزمانی کوردی • زۆر بەرچاوم کەوتووە وا دراوەتە قەڵەم کە وشەی (پڕ ، دز ، من•••) لە دوو دەنگ پێکهاتوون • هەرچەندە ڕێنووسەکە لە ڕەچاونەکردنی بزوێنی ( i ) دا نــاتەواوە ، بــەڵام ئەوانەی لە بــاسی زمان دەدوێن نابێ هێندە سادەو ساکار بن ، تەنیــا تەماشــای ڕواڵــەتو ڕوخساری نووسین بکەن••• جا بەداخەوە ئەو بزوێنە ئێجگار کورتــە کە (الكسرة المختلسة)ی پێ‌دەڵێن لە ڕێنووسی کوڕیشدا نەك هەر نیگاری بۆ دانەنراوە ، بەڵکو باسیشی نەکراوەو ناویشی نەبراوە •

شایانی باسە مامۆستا تۆفیق وەهبی لە سەرەتــای ژیانی زانستی‌یەوە هەستی بە بوونی ئەو کورتە بزوێنــە کردووەو ســاڵی ١٩٢٩ لە کتێبــی «دەستووری زمانی کوردی»دا پیتی (ی)ی بۆ کردبووە نیگار •••.[٣] بەڵام وێکچوونی شێوەی ئەم پیتە لەگەڵ پیتی (ی ــ i )و هەروەها هەست‌نەکردنی زمانەوانانی کورد بە بــوونی ( i ) بوونــە هــۆی بەجێ‌نەهاتنی چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتە •

لەم ساڵانەی دواییدا مامۆستا مەسعوود محەمەد لە چەند نووسینێکیدا دەربــارەی ( i ) دواوە • ئەوەی جێگەی موناقەشە بێ ، ئەوەیە کــە نووسەر ئەو کورتە بزوێنەی بە هێز (ئەو «قــورس‌کردن»ی پێ‌وتــووە) داناوە • مامۆستا لە وتاری «فۆنەتیك چیمان بۆ بکا ؟ »دا کاتێ لە تایبەتێتی‌و

---

(٣) تەوفیق وەهبی ، دەستووری زمانی کوردی ، جزمی یەکەم ، بەغــدا ، ١٩٢٩ ، ل ٥ .

سروشتی دەنگەکانی زمانی کوردیو گونجانو نەگونجانیان لەگەڵ یەکتر دەدوێ ، فووسیوێتی : «ئەم دەنگەی (ر) کە بە سکون دەکەوێتــە پێــش دەنگی (د)یشەوە هەر بەتەواوی دەوەستێندرێو هیچ قورس کردنو ددان لێ گیرکردنێك قبوڵ ناکا • وشەکانی (مەر ، مێرد ، گورد ، سارد ، بــەرد، کورد ، ورد ، گەرد ، وەرد ••• هتاد) ئەوانیش هەموویان هەر لەبەر ئــەم هۆیەیە یەك بڕگەن ، وشەی (هەڵگۆرد) کە بۆتە دوو بڕگە واتە (هەڵ ــ گۆرد) ئەگەر لەبەر ئەم تایبەتییەی دەنگی (ر) نەبا دەبوو بە سێ بڕگە واتــە (هەڵ ــ گۆ ــ رد) • بۆ ڕوونکردنەوە وشەی (هەڵگۆرد) هەردوو جۆری بە پیتی لاتینی دەنووسم ، لە جێگەی قورس کردنیــش نیشــانەی ( i ) دادەنێم (هەڵگۆرد)ی دوو بڕگەیی بە لاتینی وەها دەنووسرێ (Hel - gord) هی سێ بڕگەییش وەهای لێ دێ :(Hel - go - rid) •••»•[٤]

بەمەدا ئەوەمان بۆ ڕوونبووەوە کە وشەی (هەڵگۆرد) لە دوو بڕگە پێکهاتووە ، بەڵام ئەگەر ( i ) بخرێتە نێوان (ر)و (د)ەوە ئەوە وشەکە دەبێ بە سێ بڕگە••• واتە لێرەدا ، ئەم ( i ) ە قورس کردن بێ (وەك ڕای مامۆستا مەسعوود محەمەد) یاخود پەیدابوونی بزوێنێکی دیکە بێ (وەك ڕای نووسەری ئەم وتارە) ، ئەوە بڕگەیــەکی تر زیــاددەکا • جــا ئەگەر بەتەواوی بچەسپێنرێ کە ئەوە قورس کردن بێ ، ئەوسا دمردەکەوێ کــە قورس کردنیش دەتوانێ دەوری جیاکردنەوەی بڕگە ببینێ • بەڵام ئــەوەی لە زانستی زماندا ئاشکرا بێ، ئەوەیە کە لە بڕگەدا دەبێ دەنگی بزوێن هەبێ• جا هەر لەبەرئەوەشە کە ژمارەی بڕگەکانی هەر وشەیەك ، هێندەی ژمارەی بزوێنەکانی ئەو وشەیە دەبێت • بۆنموونە لە وشەی «گۆران»دا دوو بزوێن

---

(٤) مەسعوود محەمەد ، فۆنەتیك چیمان بۆ بکا ؟ «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد» ، ب ٣ ، ژ ١ ، بەغدا ، ١٩٧٤ ، ل ٥٩١ .

هەیەو ئەمەش بووە بە هۆی بوونی دوو بڕگە ، وەك (گۆ ــ ران) ، کەچی وشەی «گۆرانی»بریتییە لە سێ بڕگە (گۆ ــ را ــ نی) ، چونکە سێ بزوێنی تێدایە ... [5]

مامۆستا مەسعوود محەمەد دەربارەی هەمان باس لە وتاری «ڕێنووسی کۆڕ»یشدا دەڵێ : «بۆئەوەی کە لە عەرەبیدا پێی‌دەگوترێ (کسرة مختلسة ــ من لە نووسینەکانی خۆمدا پێی دەڵێم ــ قورس‌کردن) ، بەشێکی زۆری وشەکانی کوردی ئەم قورس‌کردنەیان تێدایە کە غالبی ڕێك‌خەرانی ئەلفوبێی کوردی بە لاتینی پیتیان بۆ داناوە بێ‌ئەوەی لەوە بکۆڵنەوە ئاخۆ ئەو دەنگە بەشێکی پێك‌هێنەری وشەکەیە یاخود زەرووره‌تێکی فۆنەتیکییە کە دەربڕینی دەنگ لە حاڵەتی تایبەتیدا داخوازی دەکات . بەنموونە ، تۆ کە دەڵێی (گەنم) بەناچاری قورسایی (کسرة مختلسة) دەخەیتە سەر دەنگی (ن) بۆئەوەی بتوانی تلفظی بێ بکەیت‌و بەدوا ئەودا دەنگی (م)ەکەش دەربڕیت کە هەردووکیان لە وشەکەدا بزوێنی ئاشکرایان نییە ، بەلام کە هاتی میمەکەت بزواندو گوتت (گەنمەکە) قورسایی سەر نوونەکە نامێنێت‌و بەتەواوی دەوەستێت . زەرووره‌تەکەش لەوەوە دێت کە دەنگی نوون بە وەستاوی تەواوەوە لەپێش دەنگی میمی وەستاوەوە نایەت» [6] . لەم وتارەشدا مامۆستا مەسعوود محەمەد هەر لەسەر ڕای پێشوویەتی‌و ئەوەی ( کسرة مختلسة )ی پێ‌دەڵێن ئەو بە هێزی داناوە . بۆ پتەوکردنی ئەو ڕایەشی وشەی «گەنم»ی بە نموونە هێناوەتەوەو دەڵێ لە کەرتی دووەمیدا بزوێن نییە . بۆ پێ‌سەلماندنی نەبوونی بزوێنیش دەنگی (م)ی بزواندووەو شێوەی «گەنمەکە»ی هێناوەتەوە ... وەك پێشتر ڕوونم‌کردەوە کەرت

---

(5) بۆ زانستی زیاتر لەم‌بارەوە ، بڕوانە : د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ٦٧ ــ ٦٩ .

(6) مەسعوود محەمەد ، ڕێنووسی کۆڕ ، «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد» ، ب ٤ ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ٢٥٣ ــ ٢٥٤ .

دەبێ دەنگی بزوێنی تێدابێ • وشەی «گەنم» لە دوو کەرت ( گە ــ نم
ge - nim ) پێکهاتووەو ئەوەی دوای (ن)ەکە بزوێنە ، نەك هێز • ڕاستە
کە دەڵێین «گەنمەکە» ، ئەوە بزوێنی نێوان (ن)و (م)ەکە نامێنێ ، بەلام
دەبێ بزانین هۆی ئەوەیە کەرتەکان گۆڕانیان بەسەردا دێتو دەبنە ( گەن ــ
مە ــ کە gen - me - ke ) • دەبینین (گە ــ ge ) کەرتی یەکەمی
وشەی «گەنم»ە ، کەچی لە شێوەی «گەنمەکە»دا بووە بە (گەن ــ gen ) .

بەپێی ئەو بۆچوونەی مامۆستا مەسعوود محەمەد ، دەبێ نەك هەر لە
وشەکانی « خڕ ، دڕ ، دز ، پڕ ، من •••»دا کە یەك‌بڕگەیین ، بەڵکو لە
وشەی دوو بڕگەیی‌و سێ بڕگەیی وەك «کردن ، بردن ، خستن ، مردن ،
پرشنگ ، جل‌شتن ، درزبردن•••»و گەلێ دەستەواژەو ڕستەی وەك
«بشم گرن ، کردمن ، گرم گرت ، جلم برد شتم ، من کرمم گرت ، من لنگم
بلند کرد •••»یشدا هەر بزوێن نەبێ • ئەگەر بێینە سەر ئەو باوەڕەش کە
هێز دەوری جیاکردنەوەی بڕگە دەبینێ ، ئەی چۆن ئەوە بسەلمێنین وشە
بەتایبەتی وشەیەك کە لە بڕگەیەك پتر بێ ، لە پێکهاتنیدا دەنگی بزوێن نەبێ•
ئەگەر ئەمەشمان سەلماند ، ئەی بۆ ئەوە وەلاممان چی بێ کە لە سەرلەبەری
دەستەواژەیەك یان ڕستەیەکدا یەك بزوێن چیە نەبێ ••• لە زانستی زماندا
ئەوە ڕوونکراوەتەوە کە هەموو وشەیەکی تەواو (٧) چۆن دەنگی
کۆنسۆنانت هەروەها دەنگی بزوێنیشی هەیە ••• جا ڕێك‌خەرانی ئەلفوبێی
لاتینی وەنەبێ بێ‌لێکۆڵینەوە پیتی ( i ) یان بۆ ئەو دەنگە دانابێ •
لەگەڵ هەموو ئەوەشدا ئەو دیاردەیە کورتە بزوێن بێ یان هێز ، لەبەرئەوەی
دەوری جیاکردنەوەی بڕگە دەبینێ ، بۆ نووسین جیاوازی ناکاو پێویستی

---

(٧) بۆیە وتوومانە وشەی تەواو ، چونکە هەندێ وشەی ناتەواو بەوچەشنە
نین •

بە نیشانە هەیە • بە هەمەچەشن لە ئەلفوبێی عەرەبیشدا دەبێ نیگاری بـۆ دابنرێ •

**گیروگرفتی ( و ـ w ) و ( ی ـ y ) ی کۆنسۆنانت :**

یەکێك لەو ڕەخنانەی لە گشت شێوە ڕێنووسێکی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی هەڵدەستێ ، ئەوەیە کە بزوێنی (و ـ u ) لە کۆنسۆنانتی ( و ـ w ) و هەروەها بزوێنی (ی ـ î ) لە کۆنسۆنانتی (ی ـ y ) لە یەك جیانەکراونەتەوە •

ئەو دوو دەنگە بزوێنە ( و ـ u ، ی ـ î ) کـە لـە تەلەفوزو دەوردا لەگەڵ (و ـ w ، ی ـ y )ی کۆنسۆنـانت جیاوازن ، دەبوو لە ڕێنووسدا نیگاریان ڕەنگی ئەو جیاوازییەی وەربگرتایە• چۆن قوتابیان کەشیدەی سەر واوی درێژ بە سەر (فتحـه) تێدەگـەن ، هەروەها هەموو ( و ـ w )یەکی کۆنسۆنـانت بـە بزوێنـی ( و ـ u )و گشت (ی ـ y )یەکی کۆنسۆنـانت بە (ی ـ î ) ی بزوێن وەردەگرن • بۆ بەربەرچی ئەو قسانەم کە وتوومە دوو بزوێن بەدوا یەکدا نایەن ، ڕووناکبیری ناسراو هەبووە وشەی وەك (وەرە ، ڕەوە ، یاری، یاخی•••) کردووە بە بەڵگە ••• ڕاستە ڕواڵەتی نووسـین بـە ئەلفوبێی عەرەبیو نەبوونی وێنەی (و)و (ی)ی کۆنسۆنانت تێیدا نابێ نەك هـەر سەر لە شارەزای زمان ، بەڵکو لە قوتابیش تێـكدا ، بـەڵام خـۆ لـە ڕێنووسیشدا دەبێ هێندە زانست بەکارهێنرابێ ، کە نیگارێك بۆ دوو فۆنیمی جیاواز دانەنرابێ •

**با نووسینی دیفتۆنگەکان تێكنەدەین :**

هەندێ لە کوردناسان لەوڕایەدان کە بزوێنی دوولانە ( ادغام حرفي

عـلة ــ Diphthong ) له زمانی کوردیـــدا نییـــه ••• بەشێـــکیش بەپێچەوانەوە ژمارەیەك دەنگی وایان : (وا ، وه ، ەو ، یا•••) بە بزوێـــنی دوولانە داناوە ، کە بە هیچ جۆرێك لەگەڵ مەفهووم‌و مەرجی ناساندنەکە ڕێك‌ناکەون [٨] • بەلای منەوە لە زمانی کوردیدا ، دەتوانرێ سێ بزوێنی

(٨) هەروەها لە زانستی زماندا بە تێکەڵبوونی سێ دەنگی بزوێن دەوترێ بزوێنی سێ‌لانـــه ( Triphthong ) و بە تێکەڵبوونی چـــوار دەنگی بزوێن دەوترێ بزوێنی چوارلانە ( Tetraphthong ) ... من لەوڕایەدام که بزوێنی سێ‌لانەو چوارلانە... لە زمانی کوردیدا نییەو زوربەی زۆری کوردناسانیش هەر لەسەر ئەم ڕایەن . بەڵام ئەوەی لەم‌ڕووەوە سەرنجی ڕاکێشاوم ، ئەوەیە کە مامۆستا محەمەد ئەمین هەورامانی لە لاپـــەڕە (١١ ــ ١٢ ، ٤٠ ، ٤٢ ــ ٤٣)ی کتێبی «فۆنەتیکی زمانی کوردی»دا ، وای نیشان‌داوە ، کە لە زمانی کوردیدا بزوێنی سێ‌لانەو چوارلانە ... هەیە . بەم‌بۆنەیەوە نووسیوێتی دەڵێ : «زمانی کوردی جیاوازی هەیـــه لەگەڵ زمانەکانی‌تردا بەوەی کە چەند بزوێنێك کۆدەبنەوە یەك بەشوێن یەکدا ...»...« لە زمانی کوردیدا وەختی‌وا هەیە زیاتر لە سێ دەنگ (دەنگی بزوێن ــ ئەوڕەحمان) لە یەك هێشوودا کۆدەبێتەوە ...» (ل ٤٠). نووسەر بۆ پێ‌سەلماندنی ئەو بیرو ڕایەی هەندێ نموونەی هێناوەتەوە . بەوێنە : (ەو)ی لە وشەی «شەو»دا بە بزوێنی دوولانە ؛ (آوه)ی لـــه وشەی «ساوەر»دا بە بزوێنی سێ‌لانە ؛ (آوای)ی لە وشەی «ئاوایی»دا بە بزوێنی چوارلانە ؛ (ەوایە)ی لە وشەی «ڕەوایە»دا بە بزوێنی پێنـــج لانە لەقەڵەم‌داوە ... (ل ٤٣) . بەداخەوە مامۆستا محەمەد ئەمـــین لەمەدا بەهەڵە چووە . هۆی ئەو بەهەڵە چوونەشی ئەوەیە ، کە ( ی‌ــ Y )و ( و ــ W )ی کۆنســـۆنـانت بـــه بزوێن تێ‌گەیشتووە ( بڕوانە : ل ٣٢ی کتێبی « زمانی کوردی لە بەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا »، کە دەربارەی نیمچە بزوێنەکانی زمـــانی کوردییە ) . لێرەدا ئەوە دێنمەوە یاد ، کە لە زمانی کوردیدا دوو یاخود پتر دەنگی بزوێن لەپاڵ یـــەکدا ناتوانن ببن. لەبەرئەوە زۆر جار لەنێوان دوو دەنگی بزوێنـــدا نیمچـــه بزوێنێك (ی ــ Y ) ، (و ــ W ) پەیدا دەبێ ، یاخود بزوێنێکیان تێ‌دەچێ .

هەروەها لە لاپەرە (٤٠ ــ ٤١)دا مامۆستا هەورامانی ژمارەیـــەك بزوێنی دوولانەو سێ‌لانە...ی هێناوەتـــەوە ، وەك : ( آوه ، آوا ، آوای ، آیە ، وێ ، وێه ، ەو ، یا ، یوه ...) کە بەشی هەرە زۆریان بزوێنی تێکەڵبوو نین .

دوولانە دەستنیشان بکرێ •

١ ــ وێ ، وەك :

نوێژ ، نوێن ، گوێز ، گوێ •••

٢ ــ وی ، وەك :

هەنگوین ، پێنجوین •••

ئەو دوو بزوێنە دوولانەیە ــ واتە (وێ ، وی) تەنیا لە ناوچەی سلێمانیو موکریانو [٩] هەندێ شوێنی دیکەی کوردستان باون • دەنا لە زۆربەی دیالێکتو بەشە دیالێکتەکانی کوردیدا بە جۆرێکیتر خۆیان دەنوێنن ، واتە ــ (هەر دوو دەنگی «و ، ێ ــ و ، ی»ی بێتیکەڵبوون تەلەفوز دەکرێن ، هەروەك «د ، ێ ــ د ، ی»و یا هەر کۆنسۆناتێکیتر بێت لەجیاتی «د» بێتێکەڵبوون لەگەڵ «ێ ، ی»دا تەلەفوز دەکرێت ) •

٣ ــ وی ، وەك :

دویر ، سویر ، کویر ، موی •••

ئەم دەنگە بزوێنە دوولانەیە لە بەشێکی زۆری دیالێکتی کرمانجی ژووروودا باوە •••[١٠] هەرچەندە لە ئەلفوبێی عەرەبیدا لەگەڵ (وی)ی کرمانجی خوارووداا وەك یەك دەنووسرێن ، بەڵام شێوەی تەلەفوزیان

---

(٩) کەریمی ئەیوبیو ئی. ئا. سمیرنۆڤا لە (کتێبی «دیالێکتی کوردی موکری»، لێنینگراد ، ١٩٦٨ ، ل ١٣)دا ، پەنجەیان بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کە ئەو بزوێنی دوولانەیە (وی ، وێ) لە بەشە دیالێکتی موکریدا هەن . بەڵام ئەوەی جێی ڕەخنە بێ ، ئەوەیە کە (وا)شیان هەر بە بزوێنی دوولانە داوەتە قەڵەم .

(١٠) جێی سەرسوڕمانە کە لە نووسینەکانی کوردناسانی سۆڤێتدا ، بە هیچ چەشنێك باسی ئەو بزوێنە دوولانەیە نەکراوە .

جیایه ، واته وەها ناخوێندرێنەوە وەك ڕواڵەتی نووسینیان نیشانیدەدات .

ئەو سێ دیفتۆنگە هەر لە زووەوە بەو شێوەیـەی نیشانمـان داون نووسراونو دەنووسرێن ، بەلام (و ــ کەشیدەیەکی لەسەر) لەجیاتی (وێ) نووسین کە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری کۆلێـجی ئەدەبیـات پەیڕەوی دەکەن ، کە بە ناوەرۆك هەڵـەو بە ڕووخسار ناحـەزە ، پێویسـتی بـە دوورخستنەوەیە ، چونکە نیگارکێشانی دوو دەنگ بە یەك پیت پەسەند نییە.

شایانی باسە مامۆستا مەسعوود محەمەد لەو وتارەیدا کە بۆ یـەکەم کۆڕی لێکۆڵینەوەی کتێبی قوتابخانە بە زمانی کوردی (شەقلاوە ، تەمووز ۱۹۷۳)ی ئامادە کردبوو[11] بە شێوەیەکی زانستیو بە بەڵگەی زۆرو ڕاستو لەبار نووسـینی دیفتۆنـگی (وێ)ی بـە ( و ــ کەشیدەیەك لەسـەری ) ڕەتکردۆتەوە[12] . هەروەها د. کەمال فوئاد لە وتاری «چەند سەرنجێکی زمانەوانی»دا [13] نووسینی دیفتۆنگی (وێ)ی بەوچەشنـەی دەسـتەی نووسەرانی گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات پەیڕەوی دەکەن بە هەڵە داناوە[14].

دەستەی بەڕێوەبەرانی گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات وایان داوەتە قەڵەم کە ئەو ڕێنووسەی ئەوان لەسـەری دەڕۆن ، ئەوە ئیمـلای ستانداردی کوردییە ...[15] بەڵێ لەمێژە کە ئەلفوبێی کوردی لە ئەلفوبێیەکی عەرەبی

---

(۱۱) مەسعوود محەمەد ، گیروگرفتی ڕێنووسی کوردی ، گۆڤاری «پەروەردەو زانست» ، ژ ٦ ، بەغدا ، ۱۹۷۳ ، ل ۷ ــ ۲۸ .

(۱۲) هەمان سەرچاوە ، ل ٥٨ .

(۱۳) د. کەمال فوئاد ، چەند سەرنجێـکی زمانـەوانی ، گۆڤـاری «ڕۆژی کوردستان » ، ژ ۲ ، بەغدا ، ۱۹۷۱ ، ل ٥٨ ــ ٥٩ .

(١٤) هەمان سەرچاوە ، ل ٥٨ .

(١٥) بڕوانە : پەراوێزی لاپەڕە (٨٦)ی وتاری د. جەمال نەبەز ، سەرنجێك لە چەند زاراوەیەکی تازە بەکارهاتوو و کۆڕی زانیاری کورد ، «گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات» ، بەغدا ، ۱۹۷۸ ، ژ ۲۲ .

دەستکاری کراوەوە بۆ نووسینی کوردی سازکراوەو هەموولایەك لەسەری ڕۆیشتوون و ناوناوەش هەوڵی پێشخستن و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی دراوە • کۆڕی زانیاری کورد لە کۆششی خۆیدا هەرچەندە هەندێ گیروگرفتی ئەو ڕێنووسەی باش چاك کرد ، بەڵام بەداخەوە لە سەرێکی ترەوە هەندێ قۆرتی نوێشی هێنایە ناوەوە ••• هەرچی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیاتە جگە لەوەی هیچ گیروگرفتێکیان چارەسەر نەکرد ، بەڵکو کارێکی ڕاستیشیان کردە تەگەرە ، ئەویش ئەوەیە لەبریتی دیفتۆنگی (وێ) ، هاتن (و ــ کەشیدەیەك لەسەری)یان پەسەندکرد • ئەمە پێشنیاری هەر زانایەك بێ لە ڕووی زمانەوانییەوە ڕاست نییە• لەسەرەوە ئەوەم ڕوونکردەوە کە بەپێی زانستی زمان وا پەسەندە بۆ هەر دەنگێك یەك پیت دابنرێ • جا ئەم دیفتۆنگە کە لە دوو دەنگ پێکهاتووە ، پێویستی بەوەیە کە دوو پیت بینە نیگاری • ئەمە کە خۆی لە ئیملای کوردیدا ڕاست و ڕەوان بوو بە خوتو خۆڕایی شێواندیان • بەخێرێ لە هەموو گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردیدا ئەوەیان بەدی کردو ئەویش وای بەسەر هێنرا • سەرەڕای ئەوە لە گۆڤاری ناوبراودا هەر لە یەك لاپەڕەدا بە هەردوو شێوەکە ــ واتە ( و ــ کەشیدەیەك لەسەری)و (وێ) ــ دەبینرێ • ئەگەر دەستەی بەڕێوەبەرانی گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات نووسینی دیفتۆنگ بە یەك پیت بەلایانەوە ڕاست بێ ، ئەوە بۆچی تەنیا دیفتۆنگی (وێ)یان بەبیردا هاتووەو ئەوانی دیان لەبیرکردووە • لێرەدا دەبێ شوکرانەبژێر بین کە هەستیان بە دیفتۆنگەکانی دی نەکردووە ، ئەگینا ئەوانیشیان بەدەردی دیفتۆنگی (وێ) دەبرد •• •ئەگەر دەستەی بەڕێوەبەرانی ئەو گۆڤارە بڕوایان بەوەیە کە ئەو ئیملا کۆنەی کوردی ستانداردەو پێویستی بە دەستکاری کردن نییە ، ئەوە دەبێ بشوترێ ئەدەب و زمان و مێژووی کورد پێویستیان بە لێکۆڵینەوە نییە • خۆ ئەگەر بڕواشیان وایە کە دیفتۆنگی (وێ) گیروگرفت بووەو بە

( و ـ کەشیدەیەك لەسەری) چارەسەرکراوەو ئیملاکە بووەتە ستاندارد ، ئەوە هەر لەسەری نەڕۆین چاکترە •

**نووسینی ( ڕ ) یان ( ڒ ) یان ( رر ) :**

لە سەرەتای گەڵاڵەبوونی ئیملای کوردییەوە دەبینین کە بۆ جیاکردنەوەی وێنەی دەنگی (ر)ی قەڵەو لە (ر)ی لاواز ، چوکلەیەك لەژێر یەکەمیاندا دانراوەو ئەمە ڕۆیشتووە • من لەو ڕایەدام ئەمە کارێکی ژیرانەو زانستییە••• پاش ماوەیەك مامۆستا عەلائەدین سەجادی بۆئەوەی نیشانەکان هەموو لەسەر یەك شێوە بڕۆن وای پێشنیار کردووە کە چوکڵەکە لەسەرەوە بێت •••[16] کۆڕی زانیاری کوردیش لەسەر بناغەی ئەو ڕایەی مامۆستا سەجادی بڕیاریدا هەموو چوکڵەکان لە سەرەوەی پیتەکان دابنرێن و مەبەستیش لەمە چوکڵەی پیتی (ر)ی قەڵەو بوو •••[17] دواتریش مامۆستا مەسعوود محەمەد لە وتاری «ڕێنووسی کۆڕ»دا تەواو پشتگیری لەو کارە کردووە •••[18]

هەندێ لە ڕووناکبیرانو زانایانی کورد ڕەخنەیان لە گۆڕینی شوێنی ئەو چوکڵەیە گرت • من بەتەواوی ڕام لەگەڵ د• نەبەز دەگونجێ لەوەدا کە دەڵێ : «دانانی چوکڵە لەسەر (ر) بۆ کردنی بە ڕێی قەڵەو لەباری هونەرییەوە ناڕاستە چونکە چوکڵە خستنە سەر (ر) وا لە (ر)ەکە دەکا کە لە نووسینیدا

---

(١٦) بروانە : عەلائەدین سەجادی ، دانانی نیشانەکانی پیتی کوردی ، گۆڤاری «ڕۆژی نوێ» ، ژ ١٢ ، ساڵی ١ ، سلێمانی ، ١٩٦٠ ، ل ١٧ ؛ هەروەها: دەستوورو فەرهەنگی زمانی کوردی ـ عەرەبی ـ فارسی ، بەغدا ، ١٩٦٢ ، ل ٢١ .

(١٧) بروانە : کۆڕی زانیاری کورد ، ڕێنووسی کوردی ، «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد» ، ب ١ ، ژ ١ ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل ٣٦٨ .

(١٨) سەرچاوەی ناوبراو ، مەسعوود محەمەد ، ڕێنووسی کۆڕ ، ل ٢٥٦ ـ ٢٥٧ .

لەگەڵ (ز)و (ژ)، ، بەتایبەتی (ژ) لە یەکدی بگۆڕێن‌و ڕێنووسەکە زەحمەتتر بکات • لەبەرئەوە چوکڵەکە هەر لە ژێر (ر)ەکەدا بەمجۆرە (ڕ) بمایەوە چێتر بوو »•••[19] بێ‌گومان کۆڕ لەمبارەیەوە بەهەڵەدا چووەو لە هیچی نەبوو گیروگرفتێکی نوێی بۆ ڕێنووسی کوردی دروستکرد • نموونەش بۆ پەیدابوونی ئەو گیروگرفتەو سەلماندنی ڕایەکەی د• نەبەز تەنیا ئەوە بەسە کە لە دروشمی کۆڕدا ، کە بەسەر بەرگ‌و یەکەم لاپەڕەی هەموو ژمارەکانی گۆڤارەکەوەیەتی ، پیتی (ڕ)ی وشەی (کۆڕ) بووە بە (ز) • کەچی مامۆستا عەلائەدین سەجادی لەوڕایەدایە کە جیاوازی لە شێوەی جیاکردنەوەیاندا زۆرەو ئەو تێکەڵ بوونە زەحمەتەو ئەو بەڵگەیە بە پینەکردن دادەنێ • [20]

دەبینین هەندێ نووسەر دەنگی (ڕ)ی قەڵەو بە دوو پیت دەنووسن ، وەك : «شەرر ، پرر ، برریار ، دررین ، کررین •••»• سەیر لەوەدایە ، ئەگەر بەوچەشنە ڕێنووسە وشەی وەك : «گۆڕڕان •••» بنووسین ، ئەوە دەبێ چوار (ر) لەتەك یەکەوە ڕیزبکەین ــ واتە بنووسین «گۆررران•••» بەپێی زانستی زمان دانانی دوو پیت بۆ یەك دەنگ ڕاست نییە ، سەرەڕای ئەوە دووپاتکردنەوە بە هیچ جۆرێك نیشانەی قەڵەوی ناگەیەنێ ••• بێ‌گومان دانانی چوکڵە ئاسانترو خێراترە لە نووسینی پیتێکی سەرلەبەر ، جگە لەوەش لەبەرئەوەی لە زمانی کوردیدا حاڵەتی ئەوتۆ هەیە کە دوو دەنگی (ر)ی لاواز بەیەکەوە دێن ، بۆ تێکەڵ‌نەبوون وا چاکترە کە بە نیشانە

---

(19) سەرچاوەی ناوبراو ، د. جەمال نەبەز ، سەرنجێك لە چەند... ، ل ٩٤ •

(20) سەرچاوەی ناوبراو ، عەلائەدین سەجادی ، دانانی نیشانەکانی پیتی کوردی ، ل ١٨ •

وێنەی دەنگی (ڕ)ی قەڵەو لە وێنەی دەنگی (ر)ی لاواز جیابکرێتەوە .[٢١]

ئەوانەی (ڕ)ی قەڵەو بە دوو (ر) دەنووسن بەوپێیە دەبوو (ڵ)ی قەڵەویش هەر بە دوو (ل) بنووسن ، بەڵام چونکە لەم پیتەدا کێشە لەسەر شوێنی نیشانەی چوکڵەکە نییە ، بۆیە نووسینی ئەم پیتەیان نەکردۆتە گیروگرفت .

لەوڕایەدام کە تێکڕای ڕووناکبیران دژی نووسینی دوو (ر)و دوو (ل)نو هەموو هەست بە ناڕاستیو نادروستی ئەو کارە دەکەن ، کەچی بەداخەوە گەلێ کەس هەن ، هۆی هەرچییەك بێ لەوە تێناگەن یاخود نایانەوێ لەوە تێبگەن کە نووسینی دوو واو بۆ دەنگی (و)ی درێژ هەمان هەڵەی زمانەوانییە .

باسێکیدی نووسینی (ر)ی قەڵەو کە کێشەی لەسەر بێ ، (ڕ)ی سەرەتای وشەیە . وەك ئاشکرایە ، هەموو (ر)یەك کە لە سەرەتای وشەوە بێ لە کوردیدا قەڵەوەو کورد هیچ کاتێك دەم بە (ر)ی لاواز ناکاتەوە . لەبەرئەوە هەندێك لەو ڕایەدان ئەو (ر)یانەی لە سەرەتای وشەوە دێن پێویست ناکا چوکڵە بخرێتە سەریان ، چونکە لە کەس ناگۆڕێن[٢٢] . بە بیری من ئەوکەسانە زۆر بەهەڵەداچوون ، چونکە لە زمانی کوردیدا دوو فۆنیمی (ر)و (ڕ) هەیە ــ واتە یەکێك لاوازو یەکێك قەڵەو . بەوێنە لە وشەی (کەر)دا ئەگەر فۆنیمی (ر) بکرێت بە (ڕ) ، ئەوە وشەی (کەڕ) پەیدادەبێ کە جیاوازییەکی تەواو لە مانایاندا هەیە . جا بەپێی ئەو

---

(٢١) بە پێویستی دەزانم ، پەنجە بۆ ئەوە ڕابکێشم کە د. مارف خەزنەدار دەمێکە دەربارەی نادروستی دوو (ر) نووسین هەندێ بەڵگەی واقیعی خستۆتەڕوو (بڕوانە : مارف خەزنەدار ، زمانەوانی ، گۆڤاری «ڕۆژی نوێ» ، ژ ٦ ، ساڵی ١ ، سلێمانی ، ١٩٦٠ ، ل ٢٥ ) .

(٢٢) بەوێنە بڕوانە : د. جەمال نەبەز ، سەرچاوەی ناوبراو ، سەرنجێك لە چەند ... ، ل ٩٤ .

پێویستی‌یە لە ڕێنووسی کوردیدا دوو پیت بۆ ئەو دوو فۆنیمە دانراوە ، کە ئەوەش نیشانەی جیاکردنەوەیانە • جا هەر لەبەرئەوەی هەموو (ر)یەك کە لە سەرەتای وشەی کوردییەوە دێت قەڵەوەو کورد هیچ‌کاتێك دەم بە (ر)ی لاواز ناکاتەوە ، ڕاست نییە بچین وێنەی فۆنیمێکی‌تر لەجێی‌دابنێین ، بەتایبەتی کە ئەو فۆنیمە وێنەی خۆی هەبێ • دانانی وێنەی فۆنیمێك بۆ فۆنیمێکی‌تر ، نەك هەر پێڕەوی‌نەکردنی دەستوورە سەرەتایی‌یە ئاشکراکانی زمانەوانی‌یە ، بەڵکو پەیداکردنی گیروگرفتێکی نوێ‌یشە [23] •

★ ★ ★

لەبەر ڕۆشنایی ئەو لێکۆڵینەوەیەدا ، بۆمان دەرکەوت لە وێنەی دەنگی بزوێنی (و)و (ی) درێژو کورتە بزوێنی ( i ) و کۆنسۆنانتی (و)و (ی)و دیفتۆنگی (وێ)و کۆنسۆنانتی (ڕ)ی قەڵەو لە ڕێنووسی کوردیدا گیروگرفتیان هەیەو کێشەیان لەسەرەو پێویستیان بە چارەسەر کردنە :

دەنگی بزوێنی (و)ی درێژ کە لە ڕێنووسدا بە دوو واو یان (و ـ کەشیدەیەکی لەسەر) دەبینرێ ، هەردوو نیگارەکە باش نین • یەکەمیان ـ واتە دوو واو نووسین ـ لە ڕووی زانستی زمانەوە هەڵەیە ؛ دووەمیان ـ واتە (و ـ کەشیدەیەکی لەسەر) شێوەی ناحەزە • بۆیە ئەم دەنگە پێویستی بە نیگارێکی نوێی گونجاوە •

هەڵەی نووسینی دوو (ی) یان (ی ـ کەشیدەیەکی لەسەر) بۆ دەنگی بزوێنی (ی ـ i ) لەوەدایە ، یەکەمیان پەیڕەوی یاسای فۆنەتیکی تێدا

(٢٣) لە وتاری ناوبراوی د. نەبەزدا ، دەستەی بەڕێوەبەرانی گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات ڕای د. نەبەزیان ڕەت‌کردۆتەوەو بوونی چوکلەیان بە پێویست دانـاوە ( بڕوانە : د. جەمال نەبەز ، سەرچاوەی ناوبراو ، سەرنجێك لە چەند ... ، پەراوێزی ل ٩٤ ) . هەرچەندە دەستەی ناوبراو بە شێوەیەکی عەفەوی خۆیان لەو مەسەلەیە تێ‌هەڵتورتاندووە ، بەڵام بە ڕێکەوت نیشانیان پێکاوە .

نەکراوەو دووەمیشیان شێوەی نالەبارە • جا لەبەرئەوەی هیچ کامێکیان لەگەڵ هەڵکەوتی زمانی کوردیدا ناگونجێن ، پێویستە لەبیربرێنەوە •

نەبوونی نیشانەیەك بۆ کورتە بزوێنی (i) و کۆنسۆنانتی (و)و (ی) بووەتە هۆی کێشەیەکی گەورەی ڕێنووسی کوردیو ئەم ناتەواوییە نەك هەر سەری لە قوتابیان ، بەڵکو لە هەندێ زمانەوانیش تێکداوە • لەبەرئەوە دانانی نیگار بۆ ئەو دەنگانە کارێکی زۆر پێویستە لە ئەهێشتنی کەموکورتی ئەو ڕێنووسەدا •

دیفتۆنگی (وێ) کە هەندێکەس بە (و ـ کەشیدەیەکی لەسەر) دەینووسن ، بە ناوەرۆك هەڵەو بە ڕووخسار ناحەزە • ئەمە پێویستی بە دوورخستنەوەیەو نابێ لە هیچی نەبوو گیروگرفت پەیدا بکرێ •

بۆ نیشاندانی قەڵەوی دەنگی (ر)ی قەڵەو لە هەموو ڕوویەکەوە نووسینی دوو (ر) هەڵەیەو دانانی چوکلە ڕاستە • هەرچی چوکلەشە لەسەرەوە دانانی گیروگرفت پەیدا دەکاو باشتر وایە وەك لە زووەوە ڕۆیشتووە لە ژێرەوە دابنرێ • دانەنانی چوکلەش بو (ڕ)ی سەرەتای وشە کارێکی ناشیانەیە •

بەوپێیە باشتر وایە :

١ ـ نووسینی دوو واو یان (و ـ کەشیدەیەکی لەسەر) بۆ بزوێنی (و)ی درێژ لەگەڵ نووسینی دوو (ی) یان (ی ـ کەشیدەیەکی لەسەر) بو بزوێنی (ی)ی هێزدار فەرامۆش بکرێ •

٢ ـ وێنە بۆ بزوێنی (و)ی درێژو کورتە بزوێنی (i) و کۆنسۆنانتی (و ـ w ) و (ی ـ y ) بکێشرێ •

٣ ـ نیگاری دەنگی (ی ـ (î) )و (وێ)و (ڕ) زوو چۆن بوون وا بمێننەوەو ئەو دەستکارییانەی کراون لەبیر ببرێنەوە •

بینیمان لەو ئەلفوبێ عەرەبییە دەستکاری کراوەدا کە بۆ نووسینی کوردی سازکراوە نیگاری هەندێ دەنگ گیروگرفتیان هەیەو کێشەی زۆریان لەسەرەو پێویستیان بە چارەکردنە • بەڵام بێتوو لە ئەلفوبێی لاتینیدا تەماشای نیگاری ئەو چەند دەنگە بکەین ، ئەوە گیروگرفتێکی ئەوتۆ بەدی ناکەین • بەوپێیە وێنەی دەنگەکانی ئەلفوبێی لاتینی بۆ نووسینی کوردی لەبارترە •

## – ٢ –

## گیروگرفتی نووسینی وشەکانو تێکبەستنیان

لە نووسینی وشەکانی زمانی کوردیو تێکبەستنیاندا گیروگرفت ئێجگار زۆرەو باسکردنی گشتیان شتێکی ئاسان نییە • هەرچەندە ئەو چەند تێبینیانەی لێرە بەدواوە دەیانخەینە بەرچاو مشتێکن لە خەرواری گیروگرفتی ڕێنووسی کوردی ، بەڵام هەرە گرنگەکانیانو کێشە زۆرەکانن ••• بەپێی لێکۆڵینەوەو بۆچوونمان ئەو کۆسپانەی لە نووسینی وشەکانو تێکبەستنیاندا هەیە ، لەو چەند خاڵەی خوارەوەدا کۆمانکردووەتەوە :

١ ــ نەنووسینی هەندێ پیتو پێڕەوی نەکردنی پاراستنی بناغەی وشەو کاری فۆنەتیک لە ڕێنووسدا •
٢ ــ وشەی سادە لەگەڵ مۆرفیمە ئەفیکسییەکان •
٣ ــ وشەی لێکدراو •
٤ ــ ناڕاستی لکاندنی هەندێ وشە بە پێش یان بە پاش وشەی دییەوە •
٥ ــ تێکبەستنی پیتەکان •
٦ ــ نووسینی وشەی بێگانە •

## نەنووسینی هەندێ پیت و پێڕەوی نەکردنی پاراستنی بناغەی وشەو کاری فۆنەتێك لە ڕێنووسدا

وشەکانی وەك : وچان / ووچان ، وژە / ووژە ، ولات / وولات ، ولاخ / وولاخ ، ون / وون ، ورد / وورد ، ورە /وورە ، ورگ/وورگ، ورتـە / وورتـە ، ورووژان / وورووژان ، ورووکان / وورووکان ، وریـا / ووریـا ، وڕ / ووڕ ، وڕە / ووڕە ، وڕێنە / ووڕێنە ، وس / ووس ، وسڵ / ووسڵ ، وسمە / ووسمـە ، وشـە / ووشـە ، وشـك / ووشك ، وشتر / ووشتر ، وتن / ووتن ، وتـار / ووتـار ، وزە / ووزە... کە بە دەنگی ( و ــ w )ی کۆنسۆنانت دەسـتپێدەکەن ، هەندێ لەو ڕایەدان کە بە یەك واو بنووسرێن و هەندێکیش نووسینی دوو واو پەسەند دەکەن .

بەشێك لەوانەی یەك واو دەنووسن ، بێ ئەوەی بیریان لێ کردبێتەوە ، هەر لە خۆڕا وایان بەلاوە باشترە ... هەرچەندە بەشەکەی دی لە ئەنجامی لێکدانەوەو بۆچوونەوە ئەو هەڵوێستەیان وەرگرتووە ، بەڵام تا ڕادەیەك کەوتوونەتە هەڵەوە . بەوێنە مامۆستا مەسعوود محەمەد کە لایەنگیری یەك واو نووسینە بەڵگەی ئەوەیە کە دەڵێ : «لە نووسینی ئەو وشانەی بە (ر)ی قەڵەو دەستپێدەکەن ، نووسەران دەڵێن پێویـسـت نییە نیشـانەی (ر)ی قەڵەو بخرێتە سەر ، چونکە هەمیشە دەنگی (ر) لە سەرەتای وشەدا بـە قەڵەوی دەردەبڕدرێت ، کەواتە لزووم بە نیشانە ناکات . کە ئەم لێکدانەوەیەو ئەو بڕیارە قبووڵ بکرێـت ، دەبێ بەنیسبـەت وشـەی (ورچ ، وشـە ، وزە...)یشەوە هەمان لێکدانەوە بکرێت » [٢٤] . لەسەرێکەوە جیاوازی لەنێوان (ڕ)ی سەرەتای وشەو (و ــ w )ی کۆنسۆنانتدا ، کە کورتە بزوێـنی ( و ــ u ) یان ( i ) ی بەدوادا دێت ، هەیە . لـە

(٢٤) مەسعوود محەمەد ، سەرچاوەی ناوبراو ، ڕێنووسی کوڕ ، ل ٢٧٤ .

سەرێکی تریشەوە فڕێدانی وێنەی دەنگێك دەبێتە هۆی پەیدابوونی ناتەواوی لە پارچە پێکهێنەکانی وشەدا • جا کە تێکڕای دەنگەکانی وشەیەك وێنەیان ئاشکرا نەبوو ، ئەوە ئەو ڕەچاو نەکردنە نەك هەر لادانە لە سەرەتای زمانەوانی ، بەڵکو لە زۆر ڕووەوە دەبێتە گیروگرفت • بەوێنە ئەگەر تەماشای وشەی (ووزە) بکەین دەبینین لە چوار دەنگ (و ــ w / و ــ u / ز ــ z / ە ــ e )و دوو بڕگە ( وو ــ wu / زە ــ ze ) پێکهاتووەو لە هەر بڕگەیەکیاندا بزوێن هەیەو وەك ئاشکراشە مەرجە لە بڕگەدا بزوێن هەبێ • جا کە ئەم وشەیە بە دوو واو نووسرا ئەوە هیچ دەنگێکیان بێ‌نیگار نابێ‌و هیچ بڕگەیەکیان ناتەواوی تێ ناکەوێ • کە دەنگەکانیش لە نووسیندا وێنەیان وا ڕوون بێ ، ئەوە گیروگرفت نایەتەڕێ • بەڵام بێتوو ئەو وشەیە بە یەك واو بنووسین ، ئەوە دەنگێکیان بێ‌وێنە دەمێنێتەوەو بڕگەیەکیان کەم دێنێ • سەرەڕای هەموو ئەوەش ، ئەمە سەر لە قوتابیان‌و ئەوانەی فێری زمانی کوردی دەبن تێك‌دەدات • بێ‌گومان لە دانانی ڕێنووسدا زۆر گرنگە کە مەسەلەی پەروەردە ڕەچاو بکرێ •

هەندێك لەوانەی دوو واو دەنووسن ، بەهەڵە وا تێ‌گەیشتوون کە ئەو جۆرە وشانە بە بزوێنی ( وو ــ ū ) دەست‌پێ‌دەکەن • هەرچەندە کۆمەڵی دووەم لە ڕێگەی لێکدانەوەوە بۆ ئەوە چوون کە بە دوا دەنگی (و ــ w )ی کۆنسۆنانتی سەرەتادا کورتە بزوێنی ( و ــ u ) دێت ، بەڵام لێکۆڵینەوەی تەواویان نەکردووە • لەمڕووەوە بۆچوونی مامۆستا نووری عەلی ئەمین ، بەتایبەتی کە پێکهاتنی بڕگەکانی ئەو جۆرە وشانەو بوونی ئەو کورتە بزوێنی ( و ــ u )ی کردۆتە بەڵگەی دوو واو

نووسین ، [٢٥] بە لای منەوە ڕایەکی زانستیەو شایانی باسە • بەلام لەگەل ئەوەشدا بۆ تەواو ڕوونکردنەوەو چەسپاندنی ئەو ڕایە هەندێ لایەنو بەلگەی دی هەن ، کە لێیان دەدوێین •

بەر لە هەموو شتێك گومان لەوەدا نییە کە ئەو وشانە بە بزوێنی (وو ــ u ) دەست پێ ناکەن ، چونکە وەك ئاشکرایە لە زمانی کوردیدا بزوێن لە سەرەتای وشەوە نایەت • سەرەڕای ئەوە ئەگەر بزوێن بوایە دەبوو ( ئـ ) لەپێشیانەوە پەیدا ببێو بوترێ (ئووشنە ، ئووشك ، ئووریا ، ئوورتە•••)• دەشزانین کە وا ناوترێ •

گومان نییە کە دەنگی سەرەتای ئەو وشانە ( w )ە ، بەلام دەبێ بکۆلینەوەو بزانین دووەم دەنگ ( u )ە یان ( i )ە • جا کە گەیشتینە ئەو ئەنجامە ، ئەوسا دەتوانین بڕیار بدەین کە چۆن بنووسرێ •

لە فەرهەنگەکەی مامۆستا تۆفیق وەهبیو س• ئەدمۆنس‌دا تێکڕای ئەو وشانەی بە ( و ــ w )ی کۆنسۆنانت دەست پێ دەکەن ، پیتی (u) بەدوایاندا هاتووە ، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەو دوو زانایە باوەڕیان وایە دەنگی دووەمی ئەو وشانە کورتە بزوێنی (u) ە [٢٦] • لە فەرهەنگی مامۆستا قەناتی کوردۆدا زوربەی وشەکان هەر بەوچەشنە تۆمارکراون ، بەلام چەند وشەیەك بە هەردوو شێوە واتە پیتی دووەم (u) و (i) ــ نووسراون • ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە مامۆستا

(٢٥) نووری عەلی ئەمین ، ڕابەری بۆ ئیملای کوردی ، بەغدا ، ١٩٦٦ ، ل ٣٢ ــ ٣٣ •

(٢٦) Taufiq Wahby and C. J. Edmonds, A Kurdish - English dictionary, London, 1966, p. 154 - 155.

کوردۆ وای بۆ چووە کە لە هەندێ وشـەدا دەنـگی دووەم دوور نییـە (i) بێت • [27]

من لەوڕایەدام کە دەنگی دووەمی زوربەی هەرە زۆری ئەو جـۆرە وشانە کورتە بزوێنی (u) ە ، بەڵام لەناویاندا وشەی ئەوتۆ هەن ، کە بـە دوا (و ـ w)ی کۆنسۆناتیدا بزوێنی (i) هاتووە • بێ‌گومان لـە ڕێگەی ئامێری تایبەتی پێوانەو کێشانەی دەنگ‌و قووڵبوونەوەوە لە یاسای فۆنەتیکی زمانەکەمان ، باشترین ساغ‌کردنەوەی ئـەو کێشەیە دابین‌ئەکرێ• بەداخەوە ئێمە هێشتا نەبووینەتە خاوەنی ئەو جۆرە ئامێرانەو لێکۆڵینەوەی فۆنەتیکی زمانەکەشمان هێندە کزە تازە بەئاستەم توێژی سەرەوەی خەریکی دەرکەوتنە • جا منیش لێرەدا هەر ئەوەندەم لە دەست دێ کە لەو توێژاڵەی سەرەوە بەڵگە بێنمەوە :

بۆنموونە لە زمانی کوردیدا ( گوتن ــ gutin )یش‌و ( ووتن ــ wutin )یش دەوترێ • گۆڕانی دەنگی ( و ــ w )ش بە (گ) هەیە • دیارە کە (گوتن) و (وتن) هەر یەك وشەن‌و تەنیا یەکەم دەنگ گۆڕانی بەسەردا دێت • لە (گوتن)دا ئاشکرا دیارە کە دووەم دەنگ کورتە بزوێنی ( و ــ u )ە • جا بەوپێیە لە (ووتن)یشدا هەر هەمان بزوێن بە دوا ( و ــ w )دا هاتووە ••• لە وشەی (حوشتر / ووشتر)یشدا هەمان دیاردە دەبینین ــ واتە دەنگی (ح) و ( w ) بە یەك دەگۆڕدرێنەوە • بزوێنی ( و ــ u )ش ڕەوان لەدوای (ح)ەوە هـاتووە • جـا دەبـێ هـەر (u) ش بێ بەدوا ( w )شدا هاتبێ •

---

(27) قەناتی کوردۆ ، فەرهەنگی کوردی ــ ڕووسـی ، مۆسکـۆ ، ١٩٦٠ ، ل ٧٩٢ ــ ٧٩٣ •

بەمەو بە گوێڕاگرتن لە تەلەفوزکردنی زوربەی ئەو جۆرە وشانەدا دەردەکەوێ کە دەبێ بە دوا (و w )ی کۆنسۆنانتدا کورتە بزوێنی (و ـ u ) بێت • بەڵام پێویستە سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشین کە بزوێنەکانی دیش بەئاشکرا لەدوای (و ـ w )ەوە دێن ، وەك : (وازهێنان ، واشە، واتە ، وانە ••• وەرز ، وەتەن ، وەڕین ، وەجاخ••• وێڵ ، وێر ، وێژە ، وێـڕا ••• هتد ) • جا کەوابوو پێویستە بیر لەوەش بکەینەوە ، کە ئایـا کورتە بزوێنی (i) بەدوا ( و ـ w )دا دێت •

ئەگەر لە هەردوو دیالێکتی سەرەکیی کوردیدا بەراوردێك لەنێوان هەندێ لەو جۆرە وشانەدا بکەین ، ئەوە بۆمان ئاشکرا دەبێ ، کە حاڵەتی ئەوتۆ هەیە بە دوا ( و ـ w )ی کۆنسۆنانتی سەرەتای وشەدا کورتە بزوێـنی (i) دێت • بەوێنە لە کرمانجی ژووروودا دەوترێ (هرچ ـ hirç ، هشك ـ hisk •••) ، لە کرمانجی خوارووشـدا ( ورچ ـ wirç ، وشك ـ wisk •••) • دیاردەی گۆڕانی دەنگی ( هـ ـ h ) بـە ( و ـ w ) باوەو ئەمە کێشـەی لەسـەر نییە • هەرچی دووەمدەنگە لە دیالێکتی ژووروودا ئاشکرایە کە کورتە بزوێـنی (i) ەو بە هیچ جۆرێك (u) نییەو هیچ کات (هورچ ـ hurc هوشـك ـ husk ) ناڵێن • بەو پێیە دەبێ لە دیالێکتی خوارووشدا دەنگی دووەم (i) بێ و وشەکان ( ورچ ـ w irç ، وشـك ـ wisk ) بـن •

بەوپێیە دەبێ لەپێشەوە هەندێ کێشـەی فۆنەتیـکی زمانەکەمـان سـاغ بکەینەوە ، ئەوسا بڕیاری نووسینی دوو واو یان یەك واو بدەین : ئەگەر ئاشکرا بوو کە بە دوادەنگی ( و ـ w )دا کورتە بزوێـنی ( و ـ

u ) هاتووه ، ئەوه لەبەر ئەو هۆیانەی لەسەرەوە نیشانمان‌دان ، باشترە بە دوو واو بنووسرێ • (٢٨) خۆ بێتوو کورتە بزوێنی ( i ) ی بەدوادا بێت ، ئەودەم ڕاستتر وایە بە یەك واو بنووسرێ • (٢٩)

دەزانین لە وشەکانی (دوو ، موو ، مـووروو ، بەڕوو ، ئارەزوو ، جوانوو ، تەرازوو •••)دا دەنگی کۆتایی بزوینی (وو ــ ū )ی درێژەو ئەمە لە ڕێنووسی باوی کوردیدا دوو پیتی واوی بۆ کراوەتە نیگارو کۆڕیش پیتێکی واو (و ــ کەشیدەیەکی لەسەر)ی بۆ پەسەندکردووە•••  هەروەها ئەوەش دەزانین کە دوو دەنگی بزوێن پێکەوە نایەن‌و لە حاڵەتی پاراستنیاندا کۆنسۆنانتی (ی ــ y ) یان ( و ــ w ) دێتە نێوانیانەوە • بۆنموونـە کاتێ نیشانەی (ان)ی کۆ بخرێتە سەر وشەیەك کە کۆتایی بە بزوێنی ( ا ، ێ•••) هاتبێ ، ئەوە کۆنسۆنانتی (ی ــ y ) پەیدادەبێ • وەك :

برا + ی ــ y + ان = برایـان

پێ + ی ــ y + ان = پێیـان

بەڵام ئەگـەر وشەیـەك کۆتـایی بـە بزوێـنی ( وو ــ ū ) بێت‌و نیشانەیەکی بە بزوێن دەستپێکردووی پێوە بلکێنرێ ، ئەودەمـە لەنێوان وشەو نیشانەکەدا کۆنسۆنانتی (و ــ w ) دێتە کایەوە • بەوێنە :

أ ) نیشانەی ( ان )ی کۆ :

---

(٢٨) ئەو دوو واو نووسینەش هەموو گیروگرفتەکان لاناباو بەشێکی هـەر دەمێـنێ ، چونـکە دوو واو کە یەکەمیـان وێنـەی کۆنسۆنـانتی ( w )و دووەمیان وێنەی کورتە بزوێنی ( u ) ە خـاوەنی یـەك نیگارن . جا دەمێك کێشە نامێنێ کە لە ئەلفوبێی عەرەبیـدا نیگار بـو ( w ) ش بکێشرێ .

(٢٩) ئەمیش ئەو ناتەواوییەی هەر تێدا دەمێنێ ئەگەر ئەو ڕێنووسە وێنەی دەنگی ( i )ی بۆ زیاد نەکرێ .

mûrû + w + an mûrûwan
berû + w + an berûwan

ب ) نیشانەی ( ەکە )ی ئاسیاوی

arezû + w + eke arezûweke
terazû + w + eke terazûweke

حـ ) نیشانەی ( ە )ی ئاسیاوی

tû + w + e tûwe
cû + w + e cûwe

•••و هەندێکی تر • (٣٠)

ڕاستە لەم جۆرە حاڵەتانەدا بزوێنی (وو)ی کۆتایی وشەکە کەمێـك لەباری ئاسایی کورتتر دەوترێت ، بەڵام ئەم دیاردەیە کە هۆی جێ‌گۆڕینی هێز یان پێکەوە هاتنی دەنگی وێکچوو یان دەنگەکانی دەوروبەر ••• ە ، نابێ ببێتە هۆی شێواندنی بناغەی وشە •

هەندێ کەس بێ‌ئەوەی بیر لە ئاکام بکەنەوە وایان بە باش زانیـوە چۆن بەدەمدا دێت هەر بەوچەشنە بینووسن • لە سەرێکی‌تریشەوە نادروستی

(٣٠) مارف خەزنەدار ڕاست بۆ ئەوە چووە کە دەڵێ ، کاتێ (ەم) بە دوای وشەی (سێ ، نۆ ، دە)دا دێت ، ئەوە بۆ پاراستنی بزوێنەکان (ی ـ y ) لەنێوانیاندا پەیدا دەبێ • بەڵام لەوەدا بەهەڵە چووە کە وا تێ‌گەیشتووە (ەم) چۆن بەڕەوانی بەدوا وشەی (یەك)ەوە دەلکێ ، هەر بەو چەشنە بە کۆتایی وشەی (دوو)شەوە دەنووسێ (بڕوانە : مارف خەزنـەدار ، زمانەوانی ، گۆڤاری «ڕۆژی نوێ» ، ژ ٨ ، ساڵی ١ ، سلێمانی ، ١٩٦٠ ، ل ١٣ ) •

ڕاستی ئەوەیە ، کاتێ (ەم) بەدوا وشەیەکدا بێت ، کە کۆتـایی بە بزوێنی (وو) هاتبێت ، ئەوە بۆ پاراستنی بزوێنەکە ( و ـ w ) دێتە ناوانـەوە •

نیگارێ بزوێنی ( وو ـ û ) نووسەرانی ناچار کردووە فەزڵی هەڵـە بەسەر ڕاستدا بـدەن • بۆنموونـە دەنووسـن (جوانـووەکە ، دووەم ، جووە•••) ، کەچی ڕاستەکەی (جوانوووەکە ، دووووەم ، جوووە•••)یە • شێوەی نالەباری سێ واو بەدوا یەکدا هاتن وای لە خەڵك کردووە واوێکیان فڕێبدەن • بەڵێ لە ڕووی ڕووخسـارەوە دوو واو جوانـترەو سێ واو بەیەکەوە نووسین ناشیرینە ، بەڵام لەڕووی ناوەرۆكو واقیعی زمانەوانیەوە دوو واو هەڵەیەو سێ واوە ناشیرینەکە ڕاستە •

بەپێی ڕێنووسی کۆڕیش کە لەبریتی دوو واو (و ـ کەشیدەیـەکی لەسەر ) پەسەند کراوە ، دەبوو بنووسن ( جوانۆوەکە ، دۆوەم ، جۆوە••••)، کەچی دەنووسن (جوانووەکە ، دووەم ، جووە•••) • لـێرەدا کـورت بوونەوە کۆڕی بەو هەڵەیەدا بردووە کە وێنـەی فۆنـێمی (و ـ u ) لەجێی وێنەی فۆنێمی ( ۆ ـ û ) دابنێت • وەك پێشـتر لە بـاسی نووسینی ( ڕ )ی سەرەتای وشەدا پەنجەم بۆ ڕاکێشاوە ، لەڕووی زانستی زمانەوە هەڵەیە وێنەی فۆنێمێك بۆ فۆنێمێکیتر دابنرێ • سەرەڕای ئەوە ئەمە بناغەی وشە تێكدەدا ، چونکە ئەگەر لەڕووی وێنەی ئەو نووسینەوە وشە و نیشانەکان لە یەك جیابکەینەوە ئەوە (جوانو ، دو ، جو) دەمێنێتەوە • جا لەمسەرەشەوە هەڵەیەکیتریش سەر هەڵدەدا •

ئەوەی لەمبارەیەوە پتر جێی ڕەخنە بێ ، ئەوەیـە لە چـاپەمەنیەکانی کۆڕدا ، بەتایبـەتی لەوانـەی مامۆسـتا مەسعـوود محەمـەددا وشـەی ( dûwem ) نـووسراوە (دوەم) • باشـە ئـەم وشەیـە کـە لـە ( dû + w + em ) پێکهاتووە ، کوا پیتی ( ۆ ـ û ) ؟ • خۆ ئەگەر لەسەر بنـاغەی ئەو جۆرە نووسینە تەماشای ڕۆنانی ئەو وشەیە بکەین ، ئەوە دەبینین لە (د + و ـ w + ەم) سازبووە ، واتە لە نیگارەکانی

وشەی ( دۆ )دا تەنیا پیتی دال دیارە • بەلای منەوە لە هەموو ڕوویەکەوە نووسینی (دوەم) هەڵەیە ، جا با لە هەندێ ناوچە بزوێنی (ۆ)ش قـووت بدرێ • بەوپێیە بێ دەبێ لـە نووسیندا دالـە کلـۆرەکەی سلێمـانیش نەنووسرێ •

نەشێواندنی بناغەی وشە لە مەسەلەی ڕێنووسدا زۆر گرنگەو شایانی باسە هەندێ حاڵەت لەلایەن هەموانەوە پارێزراوە • هەر لە کورت‌و درێژی بەدەمدا هاتنی بزوێنی ( وو ــ ū )دا چەندین نموونەی ئاشکرا هەیە • بەوێنە ئەو بزوێنە لە (نووسین ، پێنووس•••)دا درێژتر تەلەفـوز دەکرێ وەك لە (نووسرا•••)دا [31] ، کەچی تێکڕا بە دوو واو دەینووسن • ئەمەش کارێکی ڕاستەو لەگەڵ زانستی زماندا دەگونجێ •

پێڕەوی‌کردنی پاراستنی بناغەی وشـەو کاری فۆنەتیـك هەنـدێ حاڵەتی‌تری وشە دێنێتەوە بیر :

**١ ــ کورت‌کردنەوەو تێداچوون •**

ئەگەر دوو دەنگی وێکچوو یاخود لێك نزیك بکەونە پاڵ یەك ، ئەوە لە دەربڕیندا یەکێکیان ونده‌بێ • بەوێنە کاتێ نیشانەی (تر)ی بـەراورد

---

(٣١) هۆی ئەمەش ، ئەوەیە کە لە وشەکانی (نووسین ، پێنووس...)دا ، هێـز لەسـەر دەنگی (وو ــ ū )ە ، بەڵام لە وشـەی (نووسرا)دا ، هێز دەخرێتە سەر دەنـگی ( ا ) ... لە زمـانی کوردیـدا دیـاردەی گوێزانەوەی هێز لە بڕگەیەکەوە بۆ بڕگەیەك زۆر باوە ، بەڵام بەداخەوە لە مەسەلەی ڕێنووسدا ڕەچاو نەکراوە ... بەڕای ئێمە ، نووسینمان وەك نووسینی هەندێ لە زمانە ئەوروپاییەکان ، بەتایبەتی بۆ هەڵەنەکردن لە نووسین‌و خوێندنەوەی هەنـدێ وشـەداو بـۆ تۆمارکردنیـان لـە فەرهەنگدا پێویـستی بە بوونی نیشانەی ( هێز ــ ( Stress ) )ە . هەرچەندە بوونی ئەو نیگارە گیروگرفت دەرەوێنێتەوە ، بەڵام پێویـست ناکا بۆ هەموو وشەیەك بەکاربهێنرێ ، بەڵکو تەنیا لەکاتی پێویستدا بۆ جیاکردنەوە .

ئیزافەی سەر وشەی (کورت) دەکەین ، ئەوە دەبێتە (کورتتر) ، بەڵام لە دەربڕیندا دەوترێ (کورتر) • (پاكکردن) کە لە (پاك)و (کردن) پێکهاتووە، بە (پاکردن) بەدەمدا دێت ••• وشەی (دەستکەوت) کە لە (دەست + کەوت) سازبووە بە (دەسکەوت) تەلەفوز دەکرێ ، چونکە لەسەرێکەوە دەربڕینی سێ دەنگی (س ، ت ، ك)ی کۆنسۆنانتی کپ پێکەوە خۆش‌و ئاسان نییە ، لە سەرێکی‌تریشەوە لە زمانی کوردیدا (ت) کە لەدوای (س)ەوە دێت ، زۆر جار قووت‌دەدرێ • بەوێنە لە زۆر جێگە (دەست) دەبێتە (دەس)؛ ( مەبەست ) دەکەنە ( مەبەس ) •••

بە ڕای من ڕاست نییە ئەو جۆرە وشانە لەسەر بناغەی تەلەفوز بنووسرێن ، بەڵکو لە نووسیندا پێویستە شێوەی پێکهاتنیان ڕەچاو بکرێ‌و ئەو پەڕاندن‌و ون‌بوون‌و تێکەڵاوبوونە ڕەنگ‌نەداتەوە ــ واتە ڕاستترە بنووسرێ : کورتتر ، پاكکردن ، دەستکەوت •

بەڕاستی تێ‌چوونی دەنگی (ت) ڕوون‌کردنەوەو لێکۆڵینەوەی تەواوی دەوێ ، چونکە لە زۆر جێگەدا بێ‌ڕەچاوکردنی نێزیکی‌و دووری نێوان دەنگەکان ئەم (ت)ە دەقرتێ ، وەك دەوترێ (دەڕوا) لەجیاتی (دەڕوات) • یاخود لە شێوەکانی ئاخاوتنی سلێمانی لە زۆر جێگەدا (ت)ەکە کلۆر دەکرێت ، وەك کە دەڵێن «ئەمە••• (و) لە چی» لەبریتی «ئەمەت لە چی» ؛ یاخود « ڕا ••• ( و ) لێیە» لەجیاتی «ڕات لێیە»•• •

بێ‌گومان ئەو جۆرە قرتاندن‌و کلۆرکردنە کە تایبەتی‌بە بە ناوچەیەك ، نابێ لە زمانی ئەدەبی‌و نووسیندا ڕەنگ‌بداتەوە •

هەروەها ئەگەر (ی)ی ئیزافە بخرێتە سەر وشەیەکی کۆتایی هاتوو بە بزوێنی (ی) ، ئەوکاتە نیشانەی (ی)ی ئیزافە لە تەلەفوزدا دەرناکەوێ ، وەك : (ڕێوی قەمچووغە ؛ ماسی گەورە••••) • بێ‌گومان بۆ نیشاندانی

باری ڕێزمانیو بوونی دۆخی ئیزافه ، باشتر وایه (ی)ی ئیزافەکە بنووسرێ یا نەشخوێندرێتەوە ، واتــە پێویستە بنووسرێ : ( ڕێــویی قەمچووغــە ؛ ماسیی گەورە ...) . شایانی باسە مامۆستا شێخ حەسەن بیست ساڵێـك لەمەوبەر پەنجەی بۆ ئەم ڕاستییە ڕاکێشاوە . [32] بەڵام بەداخەوە کـۆڕی زانیاری کورد ، تەنیا بەدەمدا هاتنی ئەو وشانەی ڕەچاوکردووەو بڕیاریداوە، ئەگەر (ی)ی ئیزافە چووە سەر ئەو وشانەی کۆتاییان بە دەنگی (ی) دێت نەنووسرێت . [33]

وەك ئاشکرایە لە پێکهاتنی کرداری داخوازیو ئیلزامیدا نیشانەی (ب) هاریکارە . هەندێجار ئـەو (ب)یـە قـووتدەدرێو زوربـەی نووسەرانیش لەسەر بناغەی ئەو بەدەمدا هاتنە دەنووسن : (ڕاکە ، هەڵگرە، وەرگرە...) . بەڵێ خەڵك ئازادن بەپێی ڕاهاتنی زمانو شێوەی ناوچەی خۆیان نووسراو بخوێننەوە ، بەڵام ئەمە نابێ کار لە شـێوەی نووسینـەکە بکات . جا ڕاست ئەوەیە لە نووسیندا بنچینەو قاڵبی وشـە بپـارێزرێ . بەوپێیە پێویستە بنووسرێ (ڕابکە ، هەڵبگرە ، وەربگرە...).

لە شێوەی ئاخاوتنی سلێمانیدا زۆر جار ئەوە بەرگوێ دەکەوێ کـە دەنگی ( د ) کلۆر دەکرێت ، وەك (منـاڵ) لەبریتی (منـداڵ) ؛ (مەحموو) لەجیاتی (مەحموود) ؛ (کڕانی) لەبریتی (کڕاندی)... سـەرەڕای ئـەوە هەندێ لە نووسەران پێشنیاریان کردووە کە نیگاری بۆ بکێشرێـت . بـا شێوەی سلێمانی بناغەی زمانی ئەدەبیشمان بێت ، بەڵام نە ئەو شێواندنەو نە ئەو تایبەتێتییە ناوچەییە ڕاست نییە لە نووسینو زمانی نووسیندا شوێن

---

(32) بڕوانە : شێخ حەسەن ، (ی)ی ئیزافـەو (واو)ی عەتـف ، گۆڤـاری «ڕۆژی نوێ» ، ژ ٦ ، ساڵی ٢ ، سلێمانی ، ١٩٦١ ، ل ١٥ ــ ١٦ .

(33) بڕوانە : کۆڕی زانیاری کورد ، سەرچاوەی ناوبراو ، ڕێنووسی کوردی، ل ٣٧٨ .

پێ‌یان دیار بێ . مامۆستا تۆفیق وەهبی‌یش کە لەم‌بارەوە نووسیویتی :
« (ـَ)ی کاۆر دەبێ بەجارێ بکرێتە دەرەوە لە زمانـە ئەدەبیـەکەمان ، وە لەوجێ‌یانەشدا کە (د)ە کلۆرەکان کەوتوون ، یان گۆڕاون بە دەنگێکی‌تر ، (د)ی پتەو بخرێتەوە کار »[٣٤] تەواو ئەو ڕایەمان دەچەسپێنێ .

٢ ــ تواندنەوە Assimilation

وەك ئاشکرایە ، لە زمانی کوردیدا دەنگی کۆنسۆنانتی ئاوازەدارو کپ هەن . جا لە زۆر زماندا ، هەروەها لە زمانی کوردیدا ، ئـەگەر لـەدوای دەنگێکی ئاوازەدارەوە دەنگێکی کپ بێت ، ئەوسا دەنگە کپەکە کاردەکاتە سەر دەنگە ئاوازەدارەکەی بەردەمی‌و وەکو خۆی دەیکاتە دەنگێکی کپ ــ واتە دەیهێنێتە ڕیزی ئەو پۆلە دەنگانەی کە خۆی یەکێکە لێیـان . جـا بەشێوەیەکی کەم‌و سست ، ئەم ڕووداوە لە فۆنەتیکی کوردیدا دەبینرێ ، بەتایبەتی ئەگەر لەپاش دەنگی (ز)و (ژ)ەوە دەنگی (ت) هەبێت ، وەك :

أ ) زۆر جار (ز) لە بەردەم هەندێ دەنگی کپدا ، وەك (س) تەلەفوز دەکرێت ، بەوێنە :

گەزین ــ گەست ، گەستی
پارێز ــ پاراستن ، پاراستی

ب ) گەلێك جار (ژ) کە دەکەوێتە پێش هەندێ دەنگی کپەوە وەك (ش) بەدەمدا دێت ، بەوێنە :

ڕژان ــ ڕشتن ، ڕشتی
کوژرا ــ کوشتن ، کوشتی

---

(٣٤) تۆفیق وەهبی ، ئەسلی پیتە قالبی (ئە)ی شێوەی سلێمانی ، «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد» ، ب ١ ، ژ ١ ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل ٣١ .

نێژرا ـ ناشتن ، ناشتی
هەژدە ـ هەشت ، هەشتا

بەپێچەوانەشەوە لە زمانی کوردیدا ، ئەگەر لەدوای دەنگێکی کپەوە دەنگێکی ئاوازەدار بێت ، ئەوسا دەنگە ئاوازەدارەکە کار دەکاتە سەر دەنگە کپەکەی بەردەمیو وەکو خۆی دەیکاتە دەنگێکی ئاوازەدار ـ واتە دەیهێنێتە ڕیزی ئەو پۆلە دەنگانەی کە خۆی یەکێکە لێیان • جا بەشێوەیەکی کەمو سست ئەم ڕووداوە لە فۆنەتیکی کوردیدا دەبینرێ ، بەتایبەتی ئەگەر لەپاش دەنگی (س)ەوە دەنگی (گ ، ب•••) هەبێت • بەوێنە هەندێ جار (س) کە دەکەوێتە پێش دەنگی ئاوازەدارەوە وەك (ز) تەلەفوز دەکرێت ، وەك :

دەزگا

وشەی «دەزگا» لە «دەست + گا» پێکهاتووە • لە سەرێکەوە دەنگی (ت) قووتدراوە ، واتە لەمەدا بەر یاسای کورتکردنەوە کەوتووە • لە سەرێکیدیکەوە (گ) کە کۆنسۆنانتی ئاوازەدارە لەگەڵ دەنگی (ز)دا کە ئەمیش هەر کۆنسۆنانتی ئاوازەدارە پتر دەگونجێ ، وەك لەگەڵ (س)دا کە کۆنسۆنانتی کپە • لەمڕووەوە یاسای تواندنەوە کاری کردووە •

دەزبەر

لە هەندێ ناوچە بە «دەستەبەرە» دەڵێن «دەزبەر» • لە حاڵەتی یەکەمدا (س) کە کەوتۆتە پێش (ت)ەوە هیچ گۆڕانێك نەبووە ، بەڵام لە حاڵەتی دووەمدا کە کورتکردنەوە ڕووی داوە ـ واتە (تە) لابراوە ، (س)ی کۆنسۆنانتی کپ کەوتۆتە بەردەم (ب)ی کۆنسۆنانتی ئاوازەدارەوەو یاسای تواندنەوە کاری کردووە •

••• هتد •

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ : ئایا ئەو چەشنە وشانە چۆن بەدەمدا دێن وا بنووسرێن ؟ یان بەجۆرێك بنووسرێن کە بناغەو شێوەی پێکهاتنیان دیاربن ؟ ••• وەك ئاشکرایە ، لە نووسینی ئەو وشانەدا هەر لەزووەوە ڕێگەی شێوەی تەلەفوز گیراوە • هەرچەندە ڕێگەی پاراستنی ئەسڵ کەمێ گرانیو کێشەی تێدایە ، بەڵام هەموو کەس ناتوانێ بەئاسانی لەوە تێ بگا کە لە وشەی (گەست ، گەستی•••)دا (گەز) ڕەگ بێ ؛ یاخود (کوژ) ڕەگی وشەی (کوشتن ، کوشتی•••) بێ ؛ یان (دەزگا) لە (دەست)و (گا) پێکهاتبێ ••• جا بۆیە پاراستنی قاڵب بە باشتر دەزانم • ئەو گرانیو کێشەیەش کە ڕەچاوکردنی پاراستنی ئەسڵو بناغە سازی دەکا ، زانینی دەستووری تواندنەوە دەیڕەوێنێتەوە •

٣ — کارتێکردن •

دەنگی (ك ، گ) کە دەکەونە پێش دەنگی (ێ ، ی ، وێ ، وی) شێوەی دەربڕینیان دەگۆڕێتو تاڕادەیەك لە تەلەفوزی دەنگی (چ ، ج) نێزیك دەبنەوە ، وەك :

کێرد ، کێشە ، کێم ، گیلاس ، گێڕانەوە ، کیسە ، گیسك ، کوێ ، گوێ ، هەنگوین •••

ئەوانەی وا بە پێویست دەزانن کە بۆ ئەو جۆرە (ك)و (گ)انە نیگاری تایبەتی دابڕێژرێ ، زۆر بەهەڵەدا چوون [٣٥] ، چونکە وەنەبێ ئەو (ك)و (گ)انە کە بەوچەشنە بەدەمدا دێن فۆنێمێکی‌تر بن ، بەڵکو هەمان فۆنێمن کە لە حاڵەتی ئاساییدا دەبینرێن • لێرەدا تەنیا کارتێکردنی (ێ ، ی ، وێ ، وی) وا شێوەی تەلەفوزی گۆڕیونو ئەمە نابێتە هۆی واتاگۆڕی •

---

(٣٥) بەوێنە بڕوانە : طاهیر صادق ، ڕێنووس — چۆنیەتی نووسینی کوردی ، کەرکوك ، ١٩٦٩ ، ل ١٠ ، ٥٦ ، ٥٨ •

٤ ـ شێواندنو گۆڕینی دەنگ .

أ ) زۆر جار کە (د) دەکەوێتە دوای (ن) ، وەك (گ) دەردەبڕێت (ئەمەش بەتایبەتی خاسیەتی شێوەی سلێمانی‌یە) ، وەك : توند ـ تونگ ، مەند ـ مەنگ ، دەربەند ـ دەربەنگ ...

ئەمەش هەروەك ئەو شێواندنەیە کە لە ناوچەی کۆیەو خۆشناوەتی‌و دزەییاتی‌و گەردییایەتی (ڵ) دەکەن بە (ڕ) یان شاری هەولێر دەیکا بە (ل) ... بێ‌گومان ڕێگە لە کەس ناگیرێ بەپێی ئارەزووی شێوەی خۆی ئەو دەنگانە بگۆڕێ ، بەڵام هیچ یەکێك لەوچەشنە شێواندنە نابێ لە نووسین‌و زمانی ئەدەبیدا ڕەنگ‌بداتەوەو ڕاست وایە شێوەی ڕەسەنیان بنووسرێ .

ب ) بەتایبەتی لە شێوەی سلێمانیدا نیشانەی (دە)ی موزارەعەت دەبێ بە (ئە) ، وەك : دەچم ـ ئەچم ، دەڕۆم ـ ئەڕۆم ، دەزانم ـ ئەزانم...

ئەگەر بۆ دەست‌نیشان‌کردن‌و ڕوون‌کردنەوەی پلەکان‌و شێوەی گۆڕانی (دە) بە (ئە) ، گەشتێك بە دیوانی شاعیرانی کۆن‌و نوێی ناوچەی سلێمانیدا بکەین ، ئەوە دەبینین کە لە زوودا قالبی (دە) بەکارهاتووەو دوایی بووە بە (ئە) . بەوێنە لە تێکڕای شیعرەکانی نالی‌و شاعیرانی‌دی سەردەمی ئەودا وێنەی (ئە) بە هیچ جۆرێك نابینرێ ... بەڵام ئەگەر بەرەوپێش بێین ، ئەوە دەتوانین ڕەوڕەوەی ئەو گۆڕانە دیاری بکەین . بۆنموونە لە شیعرەکانی مەحوی‌دا هەرچەندە بە زۆری (دە) بەکارهاتووە ، بەڵام تاکە تاکەیەك شێوەی (ئە)ش دەبینرێ ... زێوەر کە ماوەیەك بەدوا مەحوی‌دا هاتووە ، بەپێچەوانەوە بە زۆری (ئە)ی بەکارهێناوەو دەنکە دەنکەیەکیش (دە)ی وتووە ... بێ‌کەس کە کەمێك پاش زێوەر کەوتووە تێکڕا (ئە)ی وتووەو بە هیچ چەشنێك لە شیعرەکانیدا (دە) نابینرێ .

ئەگەرچی لە ئاخاوتنی ئێستای سلێمانیدا تەنیا (ئە) بەکاردەهێنرێ‌و

(ده) بەتەواوی لەبیرچۆتەوە ، بەڵام لەبەرئەوەی ئەمە گۆڕانێکی شێواوەو سەرەڕای ئەوەش چونکە نەك هەر لە دیالێکتی ژووروودا ، بەڵکو لە بەشە دیالێکتەکانی تری خواروشدا هەر شێوەی (ده) ماوەتەوە ، بۆیە ڕاستوایە لە زمانی ئەدەبیو نووسیندا واز لەو جۆرە تایبەتیە ناوچەییانە بهێنرێ • شایانی باسە کە مامۆستا تۆفیق وەهبیش لە هەمان ڕادایەو بەوبۆنەیەوە دەڵێ: پێویستە «لەباتی (ئە)ی پێتە قاڵبی (ده) بەکاربێنین» • (٣٦)

لێرەدا پێویستە پەنجە بۆ ئەوەش ڕابکێشین ، کە ئەم جۆرە بابەتانــە پتر کێشەی زمانی ئەدەبین ، نەك ڕێنووس ، چونکە ئەو چەشنە وشانە بــە (ده) یان (ئە) بنووسرێن ، گیروگرفت بۆ ڕێنووس پەیدا ناکەن • بەڵام لــە سەرێکی‌ترەوە لەبەرئەوەی زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی هێشتا قاڵبی تەواوی خۆی نەگرتووە ، بۆیە کێشەی هەردووکیان ناوبەناو تێکەڵ دەبن‌و توێژەرەوە ئارەزووی دۆزینەوەی چارە بۆ ئەمیش‌و ئەویش دەکات •

## وشەی سادە لەگەڵ مۆرفیمە ئەفیکسی‌یەکان

### ١ ـ پێشگرو پــاشگر •

هەرچەندە ڕەگی وشە مانای سەرەکی وشە هەڵدەگرێ ، بەڵام هیچ زمانێك ئەو توانستەی نییە تەنیا بە ڕەگ‌و وشەی سادە مەبەستدەربڕێ •

ڕەگی وشەو وشەی سادە بە یاریدەی پێشگرو پاشگر دەتوانن سەدان وشە دروستبکەن‌و سەدان ماناو مەبەست دەربڕن• بەوێنە پاشگری (ێنە) کە دەچێتە سەر وشەی «نیسك ، ماش•••» ، دوو وشەی نوێ دادەڕێژێ : «نیسکێنە ، ماشێنە•••» ؛ پاشگری (ین) کە بە وشەی سادەی «ســەر ،

---

(٣٦) تۆفیق وەهبی ، سەرچاوەی ناوبراو ، ئەسڵی پێتە قاڵبی (ئە)ی شێوەی سلێمانی ، ل ٣١ •

نەرم•••»ەوە دەلکێ ، ئەوددمە وشەی دارێژراوی «سەرین ، نەرمین•••» سازدەبێ ؛ پاشگری (ار) کە بە ڕەگی کرداری (وتن ، کوشتـــن•••»ەوە دەنووسێ ، وشەی «وتار ، کوشتار•••» پێکدێنێ • پێشگری (ڕا) کـــە دەچێتە سەر کرداری سادەی «هاتن ، بوون•••» دەیانکاتــە «ڕاهــاتن ، ڕابوون•••» کە کرداری دارێژراون ؛ پێشگری (بێ) کە بە ناوی ســـادەی «هۆش ، هێز•••»ەوە دەلکێ ، دەیانکاتە ئاوەڵناوی دارێژراوی «بێهۆش، بێهێز•••» ؛ پێشگری (پێ) کە بە ڕەگی کرداری ســادەی «ویســتن ، خەفتن•••»ەوە دەنووسێ ، ناوی دارێژراوی «پێویست ، پێخەف•••»یان لێ ساز دەکات ••• هتد •

بەمچەشنە ، ئەو پێشگرو پاشگرانەی دەوری وشەڕۆنان دەبینن ، جۆرێکی تایبەتین لە مۆرفیمو لە زانستی زماندا بە (مۆرفیمی وشەدارێــژ ــ Derivational morpheme ) نــاسراون •

پێشگرو پاشگر لە زماندا بەتەنیا بایەخیــان نییــەو بە شێوەیــەکی سەربەخۆ کار ناکەن ، بەڵکو کە دەچنە سەر وشە دەتوانن دەوری ڕۆنانی وشە ببینن و واتا ببەخشن • بەوپێیە ڕاست نییە بە جیا بنووسرین • بــەڵام ئەمە نابێ هەندێ تایبەتیی زمانی کوردیمان لەبیربەرێتەوە :

لە وشەی ناسادەی زمانی کوردیدا پاشگر هەمیشە لەدوای ڕەگــی وشەوە دێت و ئنجا بەدوای ئەودا نیشانە ــ واتە هەردەم پاشگر پێش نیشانە دەکەوێ • بەوێنە : وشەی «فێلبازتر» کە لە وشەی «فێل»و پاشــگری «باز»و نیشانەی «تر» پێکهاتووە ؛ وشەی «ئاسنگەران» کە لە وشــەی «ئاسن»و پاشگری «گەر»و نیشانەی «ان» پەیدابووە ؛ وشەی «مۆمدانەکە» کە لە وشەی «مۆم»و پاشگری «دان»و نیشانەی «ەکە» دروستبووە••• هتد • لەمجۆرە حاڵەتانەدا پاشگرو نیشانەکە دەبێ بلکێنرێن بە کۆتــایی

وشەوە ، چونکە دەبنە بەشێکی پێکهێنەری تەواوی واتای وشەکە •

هەرچی پێشگرە لەڕووی لکانەوە جیاوازی لەگەڵ پاشگردا هەیەو ئەوەش بووەتە هۆی دروستکردنی کێشەی نووسینی • وەك وتمان پاشگر هەمیشە بە کۆتایی ڕەگی وشەوە دەنووسیو نووسینی گیروگرفت پەیدا ناکات • بەڵام پێشگر هەموو کات بە پێشی ڕەگی وشەوە نالکێتو زۆر جار لەنێوان پێشگرو ڕەگی وشەدا شتیدی پەیدا دەبێ • بەوێنە لە کرداری «هەڵدەگرم»دا ، (دە)ی نیشانەی موزارەعەت ؛ لە کرداری «ڕامکرد»دا ، جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی تـاك ؛ لە کرداری « وەربگرە »دا ، (ب)ی نیشانەی فەرمان ؛ لە کرداری «هەڵتنەدەگرت»دا ، جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاكو ئامرازی (نە)ی نەفیو (دە)ی نیشانەی موزارەعـەت ••• لەنێوان پێشگرو بناغەی وشەدا هاتوون •

هەرچەندە لە لکانی پێشگرو پاشگردا ئەو جیاوازییە هەیە ، بـەڵام بەلای منەوە ئەمە نابێ ببێتە هۆی ئەوەی لە هەندێ باردا پێشگر بەتەنیـا بنووسرێ ، چونکە وەك پێشتر پەنجەم بۆ ڕاکێشاوە ، پێشگرو پاشگر بـە شێوەی سەربەخۆ کارناکەنو واتا نابەخشن • سـەرەڕای ئەوەش بەجیـا نووسین جیاوازی دەخاتە نێوان نووسینی لەگەڵ پاشـگردا ••• کـۆڕی زانیاری کوردو مامۆستا مەسعوود محەمەد لەوڕایەدان کە لە نموونـەی وەك : «هەڵدەگرێ ، هەڵبگرە•••»دا پێشگرەکە بەجیا بنووسرێ • (٣٧)

وەك ئاشکرایە (هەڵ) بەتەنیا بەکارنایەتو سەربەخۆ واتا ناگەیەنێ •

---

(٣٧) بروانە :
ا ـ کۆڕی زانیاری کورد ، سەرچاوەی ناوبراو ، ڕێنووسی کوردی ، ل ٣٧٣ •
ب ـ مەسعوود محەمەد ، سەرچاوەی ناوبراو ، ڕێنـووسی کـۆڕ ، ل ٢٦٢ ـ ٢٦٣ •

جگه لەوەش ، ئەگەر پێشگری (هەڵ) لە کردارەکە بکرێتــەوە ، ئــەوەی دەمێنێتەوە ئەو واتایە نادا کە لەگەڵ (هەڵ)دا هەیەتی[٣٨] • بۆنموونە واتای «هەڵدەگرێ» لەگەڵ «دەگرێ»دا ؛ یان «هەڵبگرە» لەگەڵ «بگرە»دا••• زۆر جیاوازە • هەروەها ئەگەر «هەڵدەگرێ» لەگەڵ «خواردنەوەکە»دا بەراوردبکەین ، لە سەرەتادا ئەوە دێتە پێش چاو کە جیاوازی لە کەرەستەی پێکهاتنیاندا هەبێ ، چونکە دەبینین یەکەمیان لە ( پێشگر + نیشانە + وشەی واتادار) سازبووەو دووەمیان لە (وشەی واتادار + پاشگر + نیشــانە) • بەڵام ئەگەر لەڕووی زانستی زمانەوە بۆ ئەم مەسەلەیە بچین ، ئەوە دەبینین یەکجۆر مۆرفێم هەردووکیانی پێکهێناوە • لە هەر یەکێکیاندا (مۆرفێمی ڕیشەیی)و (مۆرفێمی وشەدارێژ)و (مۆرفێمی وشەگۆڕ)[٣٩] هەیە[٤٠] • جا وێکچوونی کەرەستەی ڕۆنانیان بەڵگەیەکی زانستییــە بــۆ یەکێتــی نووسینیــان •

بۆ هەندێ حاڵەتی ئاڵۆزی وەك «پێیان هەڵنەدەگرتم»یش مامۆستا مەسعوود محەمەد لەوڕایەدایە کە لە نووسیندا بە سێ بەش بنووسری ــ واتە بنووسرێ «پێیان هەڵ نەدەگرتم»[٤١] • بێ گومان مامۆستا مەسعوود لــە

---

(٣٨) سەرەڕای ئەوە ، کۆڕ وشــەی «هەڵــدەگرێ ، هەڵبــگرە...»ی بــە کرداری لێکدراو داناوە ( بڕوانە : کۆڕی زانیاری کورد ، سەرچاوەی ناوبراو ، ڕێنووسی کــوردی ، ل ٢٧٣ ) . وەك ئاشکرایــە ، ئەوانــە کرداری دارێژراون ، چونکە تەنیا یەك وشەی واتادارییــان تێدایــە . کاتێك دەتوانرێ پێیان بووترێ لێکدراو ، کــە بەلایــەنی کەمــەوە لــە پێکهاتنیاندا دوو وشەی واتادار بەشداریان کردبێ .

(٣٩) بــۆ زانستی زیــاتر لەبــارەی (جۆرەکانــی مۆرفێــم)ەوە ، بڕوانــە : د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا ، بەغــدا ، ١٩٧٧ ، ل ٣٠ ــ ٣٤ .

(٤٠) جیاوازی تەنیا لە چۆنیەتی ڕیزبوونی مۆرفێمەکاندا هەیە .

(٤١) مەسعوود محەمەد ، سەرچاوەی ناوبراو ، ڕێنووسی کۆڕ ، ل ٢٦٣ ــ ٢٦٤ .

ڕێگەی لێکدانەوەیەکی زۆرەوە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامە ، بەڵام بەلای منەوە بێواتایی‌و سەربەخۆ کارنەکردنی (پێیان)و (هەڵ) مەودای بە جیا نووسینیان تەسك‌دەکاتەوە • سەرەڕای ئەوە ، خۆ ئەگەر ئەمە لەگەڵ حاڵەتێکی ئاڵۆزی وەك «شکاندیانەوە ، کوژاندنەوەکەیانم•••»دا بەراورد بکەین ، ئەوە چۆن لە «پێیان هەڵئەدەگرتم»دا کاراو بەرکارو وشەی واتادارو ئافیکس هەن ، لەمانیشدا هەر هەن ، کەچی کەس بیر لەوە ناکاتەوە ئەمان پارچە پارچە بکات •

**٢ ـ نیشانە •**

لەسەرەوە لە پێشگرو پاشگر دواین‌و نیشانمان‌دا کە چۆن لەکاتێکدا دەچنە سەر ڕەگێك یاخود وشەیەکی سادە وشەیەکی نوێی داڕێژراو دێننە کایەوە ••• بەڵام پێویستە ئەوەش لەیادنەکەین کە وشەکانی زمان لەناو خۆیاندا پێوەندی هەمیشەیی‌یان هەیە • ئەو وشانەی فرێزو ڕستە پێك‌دەهێنن پێوەندی ئاشکراو دیاری کراویان لەگەڵ یەکتردا هەیە • بۆ دەربڕینی هەر مەبەستێك ، وشەکان بەگوێرەی دەستووری ئەو زمانە دەچنە پاڵ یەك‌و فۆرمەی پێویستی خۆیان وەردەگرن‌و ڕستە پێك‌دەهێنن‌و مەبەستی دیاری‌کراو دەگەیەنن •

وەك :

* کوڕە هات بۆلام
سەردار کوڕ**ی** خاڵە شاسوارە
کوڕە**کەی** خاڵە شاسوار ناوی سەردارە
لەنێو کوڕ**انی** خاڵە شاسواردا سەردار دیارە
سەردار کوڕ**ێکی** چاکە
سەردار لە سیروانی برای ئازا**تر**ە

سەردار ئازاترین کوڕی خاڵە شاسوارە

... هتد .

※ سەردار **دە**چوو بۆ قوتابخانە

سەردار **ب**چۆ بۆ قوتابخانە

سەردار **نا**چێ بۆ قوتابخانە

سەردار **نە**چوو بۆ قوتابخانە

سەردار **مە**چۆ بۆ قوتابخانە

... هتد .

بەو نموونانەی سەرەوەدا ، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە یەکێك لە هۆ کاریگەرەکانی ڕێکخستنی وشە ، نیشانەیە • نیشانە دەچێتە سەر وشەو حاڵەتی جیاوازی ڕێزمانی پێكدێنێ • نیشانە کە لە زانستی زماندا مۆرفێمی وشەگۆڕی پێدەوترێ ، وەك پێشگرو پاشگر ــ واتە مۆرفێمی وشەدارێژ ــ بە سەرەتاو کۆتایی وشەوە دەلکێ ، بەڵام دەوری دارشتن نابینێ • لە بەشی یەکەمی ئەو نموونانەی سەرەوەدا ، نیشانەی (ە ، ی ، ەکە ــ ی ، ان ــ ی ، ێك ــ ی ، تر ، ترین...) بە کۆتایی وشە «کوڕ»یان «ئازا»وە لکاونو حاڵەتی جیاوازی ڕێزمانییان دەربڕیوە • لە وشەکانی بەشی دووەمیشدا (دە ، بـ ، نا ، نە ، مە...) کە لە سەرەتاوە هاتوون هەمان ئەرکیان بەجێهێناوە •

بەمچەشنە بۆمان ڕوونبووەوە کە لە زمانی کوردیدا دوو جۆر مۆرفێمی وشەگۆڕ هەیە و پێیان دەوترێ (نیشانە) • ئەو نیشانانەی بە کۆتایی وشەوە دەلکێن بە ( Inflexion ) ناسراون • هەرچی جۆری دووەمی نیشانەیە کە بە سەرەتای وشەوە دەلکێو لە زمانی کوردیدا باوە ، لە زانستی زماندا ( Augment ) ی پێدەوترێ •

ئەو دوو جۆرە نیشانەیەی زمانی کوردی لەبەرئەوەی بوونی سەربەخۆیان نییەو دەوری هەرە گرنگیشیان دەربڕینی مانای جۆربەجۆری ڕێزمانییە ، بۆیە وەك دەستوورێکی گشتی ڕاستوایە بە وشەوە بلکێنرێن ••• شایانی باسە زوربەی زۆری نووسەرانی کورد نیشانەکان لە وشە دانابڕن •

## وشـەی لێکدراو

وشەی لێکدراو ئەو وشەیەیە کە بەلای کەمەوە دوو وشەی واتاداری تێدابێ •

لە زمانی کوردیدا وشەی لێکدراو لە دوو ڕێگەوە پەیدادەبێ :

١ ـ بێیاریدە • وەك :

گوڵاو ، شاهەنگ ، سەرگەرم ، دەستدرێژ ، ملنان ، دەستبڕین•••

٢ ـ بە یاریدەی یەکێك لەو ئینتەرفیکسانە :

أ ـ (ە) :

بەردەنوێژ ، مزرەسێو ، بووکەشووشە ، گوڵەباخ •••

ب ـ (و) :

لەرزوتا ، هێلکەوڕۆن •••

ج ـ (ەو) :

بانەوبان ، شارەوشار ، دارەودار •••

د ـ (او) :

ڕەنگاوڕەنگ ، دەماودەم ، چەماوچەم •••

هـ ــ (ان) :

بەرانبەر ، سەرانسەر ...

ی ــ (بە) :

چاوبەکل ، گوڵبەدەم ، جێبەجێ ...

دەبینین هەر یەکێك لەو وشە لێکدراوانە کە لە دوو وشە یان زیاتر ، بێیاریدە یان بە یاریدەی ئینتەرفیکس پێکهاتبن ، لە ئەنجامدا بوونەتە وشەیەکی لێکدراوو واتایەکی نوێیان هێناوەتە کایەوە . بەوێنە «هێلکە»و «ڕۆن» دوو وشەی سەربەخۆنو هەر یەکە خاوەنی واتای خۆیەتی ، بەڵام کاتێ بە یاریدەی (و)ی پێوەندی ئەو دوو وشەیە دەدرێنە دەم یەك ، ئەوە وشەیەکی نوێ ــ «هێلکەوڕۆن» کە ناوی خواردنێکە پەیدا دەبێ . یاخود وشەی «گوڵاو» کە ناوە بۆ ئەو بۆنەی لە «گوڵ» دروست دەکرێ ، لەئەنجامی لێکدانی دوو وشەی «گوڵ»و «ئاو» سازبووە ... جا ئەگەرچی ئەو جۆرە وشانە لە ڕۆنانیاندا چەند مۆرفیمێك هاریکاری کردووە ، بەڵام لەبەرئەوەی بوونەتە یەك وشە ، دەبێ بەسەریەکەوە بنووسرێن ... بەڵام ئەمە نابێ ئەو حاڵەتانەمان لەبیرببەنەوە کە هەندێجار ئەو ئینتەرفیکسانە بەتایبەتی (و) وەك ئینتەرفیکس کارناکەن ، بەڵکو وەك ئامراز خۆیان دەنوێنن . بۆنموونە : «کوڕو کچ ، ژنو پیاو ، چاوو لووت...». ئەو جووتە وشانە کە بەهۆی (و)ی پێوەندییەوە دەکەونە شوێنی یەکتر دەبێ بەجیا بنووسرێن (٤٢) .

هەندێ جار لە نووسینی کوردیدا ئەوە دێتە پێش چاو کە وشەی لێکدراوی وەك : «لەرزوتا ، هێلکەوڕۆن ، ڕەنگاوڕەنگ ، گوڵبەدەم...»

---

(٤٢) شایانی باسە ، کوڕی پەنجەی بۆ ئەو تایبەتیبە ڕاکێشاوە ( بڕوانە : کوڕی زانیاری کورد ، سەرچاوەی ناوبراو ، ڕێنووسی کوردی ، ل ٣٧٦ ) .

بە جیا نووسراون ، کەچی بەپێچەوانەوە فرێزی وەك : «نان‌و ماست ، پلاو و بامێ» بەسەریەکەوە • بێ‌گومان ئەمە هەڵەیەکی عەفەوییە •

لەبەرئەوەی پێکهاتنی ناو‌و ئاوەڵناوو ئاوەڵکرداری لێکدراو کێشەی ئەوتۆی نییە ، بۆیە لە نووسیندا گیروگرفتی زۆری نییە ؛ بەڵام کردار کە هەندێ ئاڵۆزی لە ڕۆنانیدا هەیە ، گەلێ قۆرتی هێناوەتە نووسینەوە • بەوێنە زوربەی نووسەران کاتێ کرداری (کردن)و (بوون)و (دان)و (نان)و (بردن)و (گرتن)و (هێشتن)و (خواردن)و (کەوتن)و (هاتن) ••• کە لەگەڵ ناو یان ئاوەڵناودا دێن ، سەربەخۆ دەیان‌نووسن ، بەڵام : «تۆبەکردن ، گەرم‌کردن ، تێربوون ، گەرمابوون ، ڕاونان ، بانگهێشتن ، سەرکەوتن•••» ، کە بووبنە کردارێکی لێکدراوو واتایەکی نوێیان هێنابێتە کایەوە ، ئیتر بۆ دەبێ بە جیا بنووسرێن ؟ ئایا وشەی «سەرکەوتن» ئەگەر جیا بکرێتەوە ، پارچەکانی بە جیاو ئاشکرا ئەو مانایە دەدەن کە لەئەنجامی لێکدانەکەدا دەبینرێ ؟

وا ڕێك‌دەکەوێ لەنێوان ناو یان ئاوەڵناوو کردارەکەدا پێشگر پەیدا دەبێ ، وەك : «سەرهەڵدان ، سوورهەڵگەڕان•••» • یاخود کرداری «کردن»و ئەوانی‌دی کە دەچنە سەر ناوو ئاوەڵناوی داڕێژراوو لێکدراو ، وەك «ڕێگاگرتن ، بەهێزبوون ••• ماستاوکردن ، سەرخۆش‌بوون ••• » • لەم حاڵەتانەشدا لەبەرئەوەی دەبنە وشەیەك ، ئەوە پێویستە ـ بەسەریەکەوە بنووسرێن ••• بەڵام کە دەوترێ «ڕێگام‌گرت ، ماستاوم کرد ، سەرم هەڵبڕی ••• » ئەوە دەبنە وشەی سەربەخۆو لێرەدا دەبێ بە جیا بنووسرێن •

## نـاڕاستی لکاندنی هەندێ وشــە
## بە پێش یان بە پاش وشەی دی‌یەوە

**١ ــ ئاوەڵنـاوی ( تر ) .**

لە زمانی کوردیدا دوو مۆرفێمی هاوبێژی (تر) هەیــە . یەکێکیــان ئاوەڵناوی (تر)ە ، وەك کە دەوترێ «کچی‌تر / کچێکی‌تر / کچەکەی‌تر... کتێبی‌تر / کتێبێکی‌تر / کتێبەکەی‌تر....» .ئەوی‌دی‌یان نیشانەی بەراوردی (تر)ە ، وەك «باشتر ، جوانتر ، ئازاتر...» .

لە نووسینی کوردیدا زۆر جار ئەوە دێتە بەرچاو کە هەردوو مۆرفێمی (تر) بە کۆتایی وشەوە دەلکێنرێ . جا ئەو دوو مۆرفێمە کە یەکەمیان بەشە ئاخاوتنی سەربەخۆیەو دووەمیان نیشانەیــە ، ڕاســت نییــە وەك یــەك تەماشابکرێن‌و بنووسرێن . (تر)ی ئاوەڵناو دەبێ سەربەخــۆ بنــووسرێ‌و (تر)ی نیشانە پێویستە بە وشەی پێش خۆیەوە بلکێنرێ ، چونــکە وەك پێشتر ڕوونمان کردەوە بەشەکانی ئاخاوتن وشەی تەواو بن یــان ناتەواو دەبێ بە جیا بنووسرێن ، بەڵام نیشانــەو پێشــگرو پاشــگر کە بوونــی سەربەخۆیان نییە پێویستە بە وشەوە بلکێنرێن .

لێرەدا ئەوەش دێنینەوە یاد ، کە لە زمانی کوردیدا وشەکانی «دیکە ، دی ، کە »ش هاوواتای ئاوەڵناوی (تر)ن‌و بێ‌گومان ئەمانیش هەر دەبــێ وەك ئەو سەربەخۆ بنووسرێن [٤٣] .

---

(٤٣) کۆڕی زانیاری کورد بە باشی ئەو دیاردەیەی ڕوون‌کردۆتەوە ( بڕوانە : کۆڕی زانیاری کورد ، سەرچاوەی ناوبــراو ، ڕێنووســی کــوردی ، ل ٣٧٦ ــ ٣٧٧ ) .

٢ ـ (و)ی پێوەندی •

بەشێکی زۆری وشەکانی زمانی کوردی ـ وەکو هەموو زمانەکانی ئەم سەرزەمینە ـ ئەو وشانەن کە سەربەخۆو ڕاستەوخۆ مانای دیاردەیەکی مەوزووعی واقیعی جۆراوجۆر دەبەخشن‌و دەتوانن وەك ئەندامێکی ڕستە خۆیان بنوێنن‌و بەم‌وشانەش دەڵێن وشـەی تـەواو ( الكلمة التـامة ـ Autosemantic word) شـەش بەشـە ئاخـاوتنی کـوردی ( ١ ـ ناو ؛ ٢ ـ ئاوەڵنـاو ؛ ٣ـ جێنـاو ؛ ٤ـ ژمـارە ؛ ٥ ـ کـردار / چاوگ ؛ ٦ ـ ئاوەڵکردار ) بەر وشەی تەواو دەکەون •

هەروەها پێویستە ئەوەش لەبیرنەکەین کە هەندێ پۆلە وشەش هەن ، ڕاستەوخۆ پێوەندیان بە دیاردەی واقعی‌یەوە نییەو سەربەخۆ ناتوانن وەك ئەندامێکی ڕستە خۆیان بنوێنن ، بەڵکو دەوریان یاریدەدانی وشە تەواوەکانی بەشەکانی ئاخاوتنە لە بەجێ‌هێنانی ئەرکەکانیاندا ، بەتایبەتی لە دەربڕینـی واتایانداو پێکەوە بەستنیان لە ڕستەدا • لە زانستی زماندا بەم‌چەشنە وشانە دەڵـێن وشـەی ناتـەواو ( الكلمـة النـاقصة Syntactic word) • چوار بەشەکەی دیکەی ئاخاوتن ( ١ـ ئامرازی پێوەندی ؛ ٢ـ پرێپۆزیشن؛ ٣ـ ئامرازی بانگهێشتن‌و سەرسوڕمان ؛ ٤ـ پارتیکل) بەر گرووپی وشەی ناتەواو دەکەون •

شەش جۆر وشەی تەواوو چوار جۆر وشەی ناتەواو زمانی کوردییان پێکهێناوە • هەر بەشێك لە بەشەکانی ئاخاوتنی کوردی لە ڕیزی وشـەی تەواو بێت یان ناتەواو بوونی سەربەخۆی خـۆی هەیەو دەوری دیـارو ئاشکرایە • جا ئەو دە بەشە ئاخاوتنەی زمانی کوردی پێك‌دەهێنن پێویستە لە نووسیندا بە جیا بنووسرێن •

(و)ی پێوەندی وشەیەکە لە بەشە ئاخاوتنی (ئامرازی پێوەندی) •

ئامرازی پێوەندیش بەشێکە لە دە بەشە ئاخاوتنی کوردی • ئەم وشەیە دەوری سەرەکی بەیەکەوە بەستنی دوو وشە یان دوو دەستەواژە یان دوو ڕستەیە •

تایبەتێتی ئەم وشەیەی کوردی ئەوەیە کە لە یەك دەنگ پێکهاتووەو لە کاتی تەلەفوزکردنیشدا لەگەڵ وشەی پێش خۆیدا دێت • جا ئەمە وای لە زۆر کەس کردووە لە نووسیندا بە وشەی پێشیەوە بلکێنن ــ واتە دەیکەنە پیتێك لە پیتەکانی ئەو وشەیە • ئەو نووسەرانە تەنیا چمکی بە دەمدا هاتنی وشەی (و)ی پێوەندییان ڕەچاو کردووەو سەرەکانی دیکەی ئەو مەسەلەیەیان نەخوێندۆتەوە••• ئەگەر ئاوڕێك لە زمانی ئینگلیزیو ڕووسی بدەینەوە ، ئەوە باشتر سەربەخۆ نووسینی (و)ی پێوەندیمان بۆ ئاشکرا دەبێ • بەوێنە لە زمانی ئینگلیزیدا ( and ) ی پێوەندی لە دەنگێك پتر پێکهاتووەو لە نووسینیشدا بە هیچ وشەیەکەوەی نالکێنن • لە ڕووسیشدا (ئی)ی پێوەندی هەرچەندە لەگەڵ وشەی دوای خۆیدا تەلەفوز دەکرێ ، بەڵام لە نووسیندا پێوەی نالکێنن •

بەڵگەیەکیدی ئەو نووسەرانەی (و)ی پێوەندی بە وشەی پێش خۆیەوە دەلکێنن ، ئەوەیە کە لەگەڵ (ی)ی ئیزافەدا بەراوردی دەکەن ــ واتە دەڵێن چۆن (ی)ی ئیزافە بەدوای وشەوە دەلکێنرێ ، (و)ی پێوەندیش هەر دەبێ وەك ئەو بێت • من لەوڕایەدام کە بۆ وەڵام تەنیا ئەوە بەس بێ کە بڵێم (ی)ی ئیزافە نیشانەیەو (و)ی پێوەندی وشەیە (*) •

کۆڕی زانیاری کورد هەرچەندە لەو کێشەیە نەدواوە ، بەڵام بێگومان

---

* هەرچەندە ، وەك لەمۆتارەدا ڕوونم کردووەتەوە ، من خۆم لە لایەنگرانی بەجیانووسینی (و)ی پێوەندیم ، ئەوەتا سەرپەرشتیکەرانی لەچاپدانی گۆڤارەکە ، هەموو (و)ە پێوەندییەکانی ئەموتارەیان لەگەڵ وشەکانی پێشەوەیاندا لەچاپداوە .

پەسەندکردنی بەجیانووسینی (و)ی پێوەندی لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەوە هەڵقوڵاوە ... [٤٤] شایانی باسە ساڵی ١٩٦١ مامۆستا شێخ حەسەن بە بەڵگەی ڕاستو زانستییەوە ئەوەی نیشانداوە ، کە (و)ی پێوەندی دەبێ سەربەخۆ بنووسرێ [٤٥] .

۳ - پریپۆزیشن .

هەرچەندە پریپۆزیشن لە ڕیزی وشەی ناتەواوە ، بەڵام وەك هەر بەشێکی وشەی تەواو ڕواڵەتی سەربەخۆی هەیەو لە زمانی کوردیدا یەکێکە لە بەشە ئاخاوتنە چالاکەکان . سەرەڕای ئەوە لە دەربڕینیشدا بە پێش یان بە پاشی وشەوە نالکێنرێ . بەوێنە کە دەوترێ : «ئەو بە سواری ئەسپ هات» ، دەبینین پریپۆزیشنی (بە) ڕواڵەتی سەربەخۆی هەیەو نە بە وشەی «ئەو»و نە بە وشەی «سواری»یەوە نەلکاوە... کاتێ دەڵێین «نەوزاد بێ تۆ ناژی» ، ئەوە پریپۆزیشنی (بێ) لە هەموو سەرێکەوە سەربەخۆیە ... یاخود ئەگەر بڵێین «پار لە سلێمانی بووم» ، دەبینین پریپۆزیشنی (لە) بە هیچ وشەیەکەوە نەلکاوە ... جا بۆیە پێویستە پریپۆزیشن بە جیاو سەربەخۆ بنووسرێ .

هەرچی پۆستپۆزیشنی (دا ، ڕا ، ەوە)یە بەپێچەوانەوە پێویستە بە کۆتایی وشەوە بلکێنرێ [٤٦] . ئەگەر ئەو پرسیارە بکرێت کە بۆ

---

(٤٤) هەمان سەرچاوە ، ل ٣٧٨ .

(٤٥) شێخ حەسەن ، سەرچاوەی ناوبراو ، (ی)ی ئیزافەو (واو)ی عەتف ، ل ١٦ - ١٧ .

(٤٦) کۆڕی زانیاری کوردیش هەر لەو ڕایەدایە کە پۆستپۆزیشن بە کۆتایی وشەوە بلکێنرێ ، بەڵام بۆ پێسەلماندنی ئەو ڕایە هیچ بەڵگەیەکی نەهێناوەتەوەو سەرەڕای ئەوەش تەنیا ناوی (دا ، ڕا)ی بردووەو (ەوە)ی لەبیرکردووە (بڕوانە : کۆڕی زانیاری کورد ، سەرچاوەی ناوبراو ، ڕێنووسی کوردی ، ل ٣٧٩ ) .

پرێپۆزیشن دەبێ سەربەخۆ بنووسرێ‌و پۆستپۆزیشن بە کۆتایی وشـەوە بلکێنرێ ، ئەوە لە وەڵامدا دەڵێین :

١- پرێپۆزیشن بەشێکە لە ئاخاوتن‌و بوونی سەربەخۆی هەیە ، بەڵام پۆستپۆزیشن بەشێك نییە لە ئاخاوتن‌و بوونی سەربەخۆی نییە •

٢- پرێپۆزیشن سەرەکی‌یەو پۆستپۆزیشن تەواوکەریەتی •

لێرەدا پێویستە ئەوە بێنینەوە یاد کە لە زمانی کوردیـدا دیـاردەی گوێزانەوەی وشە لە بەشێکی ئاخاوتنەوە بۆ بەشێکی دیکەی ئاخاوتن یـان بوونی وشە بە ئافیکس‌و ئینتەرفیکس زۆر کاریـگەرە [٤٧] • بەوپێیـە دەبینین هەندێ لە پرێپۆزیشنەکان وەك پێشـگرو ئینتەرفیـکس خۆیـان دەنوێنن • بەنموونە لە وشەی وەك : «بەهێز ، بێهۆش ، لەبار•••»دا ، (بە)و (بێ)و (لە)••• بوونەتە پێشگر • یاخود لە وشەی وەك «چاوبەکل ، سەربەخۆ ، گوڵبەدەم•••»دا ، (بە) وەك ئینتەرفیکس خۆی دەنوێنێ••• لەبەرئەوەی ئافیکس‌و ئینتەرفیکس سەر بە هیچ بەشە ئاخاوتنێك نـین ، سەربەخۆ بەکارنایەن • بۆیە ڕاست نییە وشەی وەك «بەهێز ، بێهۆش ، لەبار•••»و «چاوبەکل ، سەربەخۆ ، گوڵبەدەم•••» کەرت بکرێن• لێرەدا ئەو (بێ)و (بە)و (لە)یە نین ، کە لە ڕستەکانی «ئەو بە سواری ئەسپ هات» ، «نەوزاد بێ تـۆ نـازێ» ، «پار لە سلێمـانی بـووم»دا دەوری پرێپۆزشنیان بینیوە • شایانی باسە ، مامۆستا مەسعوود محەمەد پەنجەی بۆ ئەو دیاردەیە ڕاکێشاوەو بە بەڵگەی ڕاست‌و گونجاو چەسپاندوویەتی [٤٨] •

---

(٤٧) بۆ زانستی زیاتر لەبارەی گوێزانەوەی وشـەوە لە بەشێکی ئاخاوتنەوە بۆ بەشێکی‌دی ، بڕوانە : (د. ئەورەحمانی حاجی مارف ، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم ، بەشی یەکەم ، بەغدا ، ١٩٧٩ ، ل ١٢ — ١٥ ) .

(٤٨) مەسعوود محەمەد ، سەرچاوەی ناوبراو ، ڕێنووسی کوڕ ، ل ٢٧٥ — ٢٧٧ .

له باسی خوێندنی پریپۆزیشندا ، هەروەها کێشەیەکی‌دی هەیە ، ئەویش ئەوەیە کاتێ لەپێش وشەیەکەوە بێت کە دەنگی سەرەتای سوابێ ، ناچار بە وشەکەوە دەلکێ . وەك «لەوێ، لەم، بەم، بەمان ، بەوان ...» کە لە بنەڕەتدا «لە ئەوێ ، لە ئەم ، بە ئەم ، بە ئەمان ، بە ئەوان...» بوونو (ە) تێ‌چووە (٤٩) . جا لەم‌حاڵەتەدا پریپۆزیشن لەگەڵ پاشماوەی وشەکاندا تێکەڵ بووەو ناکرێ بە جیا بنووسرێن .

## تێك‌بەستنی پیتەکان

وەك ئاشکرایە لە ئەلفوبێی عەرەبیدا هەر دەنگێك چەند نیگارێکی هەیە . بەوێنە پیتی (یاء) بە چوار جۆر دەنووسرێ : لە سەرەتادا ( یـ ) ، لە ناوەڕاستدا ( ـیـ ) ، لە کوتاییدا ئەگەر بەپیتی پێشیەوە بلکێ ( ـی )و ئەگەر نەلکێ (ی) . ئەمە سەرەڕای گرانیو قورسی بووەتـە هـۆی پەیداکردنی ژمارەیەك گیروگرفت لە نووسینی کوردیدا . دەبینین زوربەی ئەو وشانەی پیتی دواییان بە پیتی لکاو دوایی دێت ، کاتێ نیشانە یـان پۆستپۆزیشـن وەردەگرن ، جۆربەجۆر دەنووسرێـن ، وەك : «جـوانتر ــ جوانـتر ، هاوڕێی باش ــ هاوڕێی باش ، لـە سلێمـانیدا ــ لە سلێمانیـدا ، لـە موکریانڕا ــ لە موکریانڕا...» . یاخود ئەو وشە ئاسادانەی مـۆرفیمی یەکەمیان بە پیتی لکاو کۆتایی دێت ، هەمەچـەشن دەنووسرێـن ، وەك : «چاپ‌خانە ــ چاپخانە ، پێ‌نووس ــ پێنووس ، بەرگ‌دروو ــ بەرگدروو ، ڕەش‌ماڵ ــ ڕەشماڵ ، ئاسن‌گەر ــ ئاسنگەر ، دڵ‌سۆز ــ دڵسۆز ، جێ‌گە ــ جێگە...» . کەچی ئەو وشانەی مۆرفیمی یەکەمیان بە پیتی نەلکاو تەواو

---

(٤٩) وتوومانە (ە) تێ‌چووە ، بەڵام لە بەرچاو وایێ‌دەچێ کە (ئـ)و (ە) سوابن . وەك پێشتر لێی‌دواوین ، بە ڕای ئێمە لە زمانی کوردیدا ( ئـ ) فۆنێم نییە ، بەڵکو دەنگێکی یاریدەدەرەو لە سەرەتای ئەو وشانەوە یاخود ئەو بڕگانەوە پەیدادەبێ کە بە بزوێن دەست‌پێ‌دەکەن .

دەبێ ، گیروگرفتیان نییەو وەك یەك دەیاننووسن ، بەوێنــە ( ئازاتر ، لــە هەولێردا ، ڕووڕەش ، زەرداو ، دووڕوو ، زۆربڵێ ، کوردستان...)•

بێگومان بەلای ئێمەوە ئەو دەستەیە مەبەستە کە گیروگرفتیان هەیە ، واتە ئەوانەی بە هەمەجۆر دەنووسرێن ... هەندێ لە نووسەران وا بە باش دەزانن کە ئەو جۆرە وشە ناسادانە بەیەکەوە نەلکێنرێن (٥٠) ، بەڵگەشیــان بۆ ئەمە ئەوەیە کە هەر وشەیەك پارێزگاری قەوارەی خۆیدەکاو شێوەی ڕۆنانیان ئاشکرا دەکا • بەشێکیدی نووســەران بەیــەکەوە لکاندنیــان پەسەندەکەنو بەڵگەشیان ئاسانیی نووسینە ... (٥١) بەڵێ هەردوو باوەڕ بنەمایان هەیە ، بەڵام من شێوەی بەیەکەوە لکانم بەلاوە باشترە ، ئەویش چونکە ڕێنووسی گشتی ئەرکی ئەوەی لەسەر نییە شێوەی ڕۆنان نیشان بدا • هەروەها ئەو جۆرە نووسینانە بۆ کاری لێکۆڵینەوەی زمان باشە • جۆری یەکەم سەرەڕای گرانیو دەستهەڵگرتن لە نووسیندا ، هەروەهــا ناوەناوە بە ڕێکەوت پارچەکانی یەك وشە دوور لەیەکەوە دەنووسرێــنو ئەمەش شیرازەی وشە تێكدەدا • هەرچی جۆری دووەمــە ، ســەرەڕای ئاسانی ، هەروەها پێکهاتنی وشە ناسادەکە پتر دەچەسپێنێ ، بەتایبەتی لــە زمانی کوردیدا کە وشەی ناسادە کێشەی زۆرە •

ئەمە تا ئێرە شێوەی سادەی پیتی نەلکاوو لکاوە ، بەڵام جگە لــەو شێوە سادەیە ، شێوەی ئاڵۆزیش هەیەو ئەمیان گیروگرفتی پترە • بەوێنــە وشەی وەك «گوێلێگرتن» دەکرێ بە چوار جۆر بنووسرێ : «گوێلێ گرتن، گوێلێگرتن ، گوێلێ گرتن ، گوێلێگرتن» • لەبەرئەوەی گومان لەوە ناکەم

---

(٥٠) بەوێنە ، بڕوانە : نووری عەلی ئەمین ، ڕابەرێ بۆ ئیملای کــوردی ، بــەغدا ، ١٩٦٦ ، ل ٤٩ ــ ٥٠ •

(٥١) بەوێنە بڕوانە : طاهیر صادق ، ڕێنووس ــ چۆنیەتی نووسینی کوردی ، کەرکووك ، ١٩٦٩ ، ل ٣٢ ــ ٣٣ ، ٣٥ ــ ٣٧ ، ٥٧ ، ٦٠ ...

کە وشەی ناوبراو وشەیەکی لێکدراوە ، بۆیە هەر وەك وشەکانی پێشوو وا بەڕاست دەزانم بنووسرێ «گوێلێگرتن» • بەڵام کە دەوترێ «گوێم لێت گرت» ، لە بەرئەوەی بووەتە ڕستە ، نەك هەر نابێ پیتی لکاو لێکیانبدات، بەڵکو نابێ پیتە نەلکاوەکانیش لە یەك نزیك بن — واتە دەبێ مامەڵەی ڕستەی لەگەڵ بکەین •

بێ گومان ، وەنەبێ ئەوەی لەمبارەیەوە وتومە هەمووی بە شێوە جوان بێ ، بەڵام هێندە هەیە ، ئەوەی پێشنیارم کردووە لەسەر لێکدانەوەو زانستی زمانو ڕێزمانی کوردی بنیات نراوە •

## نووسینی وشەی بێگانە

لەئەنجامی پێوەندی دوورو درێژی ئابووریو سیاسیو کولتووری••• میللەتی کورد لەگەڵ میللەتانیتردا ، گەلێك وشەی بێگانە هاتوونەتە زمانی کوردییەوەو بنجی خۆیان پتەو کردووە • بێ گومان ئەوەی کورد لە بێگانەی وەرگرتووە ، خستویەتییە ژێر باری فۆنەتیكو ڕێزمانی کوردییەوەو بەمە بەرگێکی کوردی بەبەردا کردووە • ئەوەش کە پتر پێویستی بە دەستکاری کردن هەبووە وشە عەرەبییەکان بوون • دەستکاری وشەی عەرەبی لە چەند ڕێگایەکەوە بووە : یەکێك لەو دەستکارییانە لە ڕووی دەنگو بەدەمدا هاتنەوە بووە • بۆنموونە ئەگەر لە وشەیەکی عەرەبیدا دەنگێك هەبووبێ کە لەگەڵ یاسای فۆنەتیکی زمانی کوردیدا ڕێكنەکەوتبێ ، ئەوە گۆڕانێکی بەسەردا هێنراوە ، بەوێنە دەبینین دەنگی ( ث ، ص ، ض ، ط ، ظ ، ذ•••) کە لە گەلێك وشەی عەرەبیدا هەن ، لە کوردیدا کراون بە (س ، ت ، ز•••)، وەك : « صابر — سابیر ؛ ثروة — سەروەت ؛ طاهر — تایەر ؛ قرض — قەرز؛ ظلم — زولم ؛ ذخیرة — زەخیرە••• » •

ڕێکەوتی وەهاش زۆرە کە وشەیەکی عەرەبی بەجۆرێك هاتۆتە زمانی کوردییەوەو بەشێوەیەك دەستکاری کراوە کە لەئەنجامی لێکۆڵینەوەو تۆژینەوەی تەواودا هەستی پێدەکرێ‌و ڕوون دەبێتەوەو دەردەکەوێ کە ئەو وشەیە بە ڕەسەن کوردی نییە ، وەك «متمانە ــ مطمئن ؛ تام ــ طعم ؛ مەشخەڵ ــ مشعل ؛ سات ــ ساعة...» .

ئەمجۆرە دەستکاری کردنەی وشە کارێکی گرنگ‌و پێویستە ، بەتایبەتی چونکە وشەی بێگانە وەردەگیرێ بۆ ئەوەی لەسەر وشەکانی کوردی کەڵەکە بکرێ . بێ‌گومان ئەم دەستکاری کردنەش دەبێتە هۆی پتەوبوون‌و ڕەگداکوتانی ئەو وشانە لە زمانی کوردیدا .

کورد چۆن وشەی هەر زمانێکی بێگانەی وەرگرتووەو شێوەو بەرگی کوردی بەبەردا کردووەو خستوویەتی‌یە ژێر باری سروشتی فۆنەتیکی زمانەکەیەوە ، هەر بەوجۆرەش پێویستە لە ڕێنووسدا مامەڵەی لەگەڵ بکرێ ، چونکە ڕێنووس ئاوێنەی واقیعی زمانەکەیە .

ئەگەر فارس یان عەرەب یان تورك وشەیەکی کوردی یان هەر زمانێکی دی‌یان وەرگرتبێ ، بە ڕێنووسی خۆیان نووسیویانە . ئەو دەیان وشە لاتینی‌و فەرەنسی‌و ئینگلیزی‌و تورکی...یانەی هاتوونەتە زمانی ڕووسییەوە، هەر بە ڕێنووسی ڕووسی دەنووسرێن ... هەر بەوچەشنە لە نووسینی ئەو وشەبێگانانەدا کە کەوتوونەتە زمانی کوردییەوە ، دەبێ پەیڕەوی ڕێنووسی کوردی بکرێت ــ واتە پێویستە بنووسرێ : «سابیر ، ئەحمەد ، ئیزاعە ، زوڵم ، حەوز...»و «صابر ، احمد ، اذاعة ، ظلم ، حوض...» نەنووسرێ .

☆ ☆ ☆

# سەرچــاوە

## بە زمــانی کوردی :


(١) ئەمینێ عەڤدال ، خەبەرناما کوردیا ڕاستنڤیساندنە ، یەریڤان ، ١٩٥٨ .

(٢) د. ئەورەحمانی حاجی مارف ، زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا ، بەغدا ، ١٩٧٦ .

(٣) د. ئەورەحمانی حاجی مارف ، ڕێزمانی کوردی ، بەرگی یەکەم ، بەشی یەکەم ، بەغدا ، ١٩٧٩ .

(٤) د. ئەورەحمانی حاجی مارف ، وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا ، بەغدا ، ١٩٧٧ .

(٥) ب. ، چۆن زمانەکەمان بنووسین ؟ ، گۆڤاری «هیوا» ، ژ ٤ ، ساڵی ١ ، بەغدا ، ١٩٥٧ ، ل ١٠ ــ ١٧ .

(٦) ب. ، چۆن زمانەکەمان بنووسین ؟ بە پیتی عەرەبی یا لاتینی ؟ ، گۆڤاری «هیوا» ، ژ ٦ ، ساڵی ١ ، بەغدا ، ١٩٥٧ ، ل ٨ ــ ١٩ .

(٧) ب. ، فرمانی ئێستەمان ، گۆڤاری «هیوا» ، ژ ٩ ، ساڵی ١ ، بەغــدا ، ١٩٥٨ ، ل ٧ ــ ١٨ .

(٨) پیرۆت ، کوردی بە چی حەرفێ بنووسرێ ، گۆڤاری «دیاری کوردستان»، ژ ١١ ــ ١٢ ، بەغدا ، (٥)ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٥ ، ل ٩ ــ ١١ .

(٩) تۆفیق وەهبی ، ئەسڵی پیتە قالبی (ئە)ی شێوەی سلێمانی ، «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد» ، ب ١ ، ژ ١ ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل ٩ ــ ٣٨ .

(١٠) تۆفیق وەهبی ، دەستووری زمانی کوردی ، جزمی یەکەم ، بەغــدا ، ١٩٢٩ .

(١١) تۆفیق وەهبی ، کوردیەکەمان بە چۆن حروفێكو چۆن بنووسـین ، گۆڤاری «دیاری کوردستان» ، بەشی یەکەم ، ژ ٥ ، بەغدا ، ١٢ی مایسی ١٩٢٥ ، ل ٥ ــ ٦ ؛ بەشی دووەم ، ژ ٦ ، بەغدا ، ٢٩ی مایسی ١٩٢٥ ، ل ٥ ــ ٦ .

(١٢) د. جەمال نەبەز ، زمانی یەکگرتووی کوردی ، بامبێرگ ، ١٩٧٦ .

(١٣) د. جەمال نەبەز ، سەرنجێك لە چەند زاراوەیەکی تازە بەکارهاتوو و کۆڕی زانیاری کورد ، «گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات» ، بەغدا ، ١٩٧٨ ، ژ ٢٢ ، ل ٧٩ ــ ١١٥ .

(١٤) جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی ، چۆن زمانەکەمان بنووسین ، گۆڤاری «هیوا» ، ژ ١٠ ، ساڵی ١ ، بەغدا ، ١٩٥٨ ، ل ٨ – ١١ ، ٨٩ – ٩٤ .

(١٥) جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی ، ڕاستکردنەوە ، گۆڤاری «ڕۆژی نوێ» ، ژ ١٢ ، ساڵی ١ ، سلێمانی ، ١٩٦٠ ، ل ١١ – ١٨ .

(١٦) حامید فەرەج ، ڕێنووسی کوردی لە سەدەیەکدا ، بەغدا ، ١٩٧٦ .

(١٧) حەسەن کوردستانی ، لەحەق نووسین تازە ، گۆڤاری «دیاری کوردستان» ، ژ ١٦ ، بەغدا ١١ی مایسی ١٩٢٦ ، ل ٨ – ١٠ .

(١٨) حەقی شاوەیس ، ئیملای کوردی – حروفاتی عەرەبی ، گۆڤاری «دیاری کوردستان» ، بەشی یەکەم ، ژ ٧ ، بەغدا ١٤ی تەمووزی ١٩٢٥ ، ل ٧ – ٩ ؛ بەشی دووەم ، ژ ١٠ ، ٢١ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٥ ، ل ٩ – ١٢ .

(١٩) حەقی شاوەیس ، لاپەڕەی نووسینی تازەو کوردی پەتی : لە نووسینو شێوەدا سەربەخۆ ، گۆڤاری «دیاری کوردستان» ، بەشی یەکەم ، ژ ١٣ – ١٤ ، بەغدا ، ٥ی مارتی ١٩٢٦ ، ل ١٨ – ٢٠ ؛ بەشی دووەم ، ژ ١٥ ، بەغدا ، ١٨ی مارتی ١٩٢٦ ، ل ١٠ – ١٢ .

(٢٠) حەقی شاوەیس ، نووسینی کوردی چۆن بێ ، گۆڤاری «دیاری کوردستان» ، بەشی یەکەم ، ژ ٥ ، بەغدا ، ١٢ی مایسی ١٩٢٥ ، ل ٨ – ٩ ؛ بەشی دووەم ، ژ ٦ ، بەغدا ، ٢٩ی مایسی ١٩٢٥ ، ل ٧ – ٨.

(٢١) ڕەئووفی ئەحمەد ئالانی ، دواوانێک بۆ ڕێنووسی کوردی ، ڕۆژنامەی «هاوکاری» ، بەغدا ، ١٩٧٩ ، بەشی یەکەم ، ژ ٤٦٩ ، ل ٦ – ٧ ؛ بەشی دووەم ، ژ ٤٧١ ، ل ٣ ؛ بەشی سێیەم ، ژ ٤٧٢ ، ل ٣ ، ٧ .

(٢٢) ڕەئووفی ئەحمەد ئالانی ، ڕێنووسی کوردیو چەند هەڵوێستێک ، ڕۆژنامەی «هاوکاری» ، بەغدا ، ١٩٧٩ ، بەشی یەکەم ، ژ ٤٧٨ ، ل ٣؛ بەشی دووەم ، ژ ٤٧٩ ، ل ٣ ؛ بەشی سێیەم ، ژ ٤٨٥ ، ل ٣ ؛ بەشی چوارەم ، ژ ٤٩٠ ، ل ٣ .

(٢٣) سەعید صدقی ، مختصر صرفو نحوی کوردی ، بەغدا ، ١٩٢٨ .

(٢٤) شێخ حەسەن ، (ی)ی ئیزافەو (واوی عەتف) ، گۆڤاری «ڕۆژی نوێ» ، ژ ٦ ، ساڵی ٢ ، سلێمانی ، ١٩٦١ ، ل ١٥ – ١٦ .

(٢٥) طاهیر صادق ، ڕێنووس – چۆنبەتی نووسینی کوردی ، کەرکووک ، ١٩٦٩ .

(٢٦) طاهیر صادق ، هەڵەی نووسین ، گۆڤاری «ڕۆژی نوێ» ، ژ ٣ ، ساڵی ٢ ، سلێمانی ، ١٩٦١ ، ل ٦٥ – ٦٧ .

(٢٧) ع. ئیملای کوردی ، گۆڤاری «گەلاوێژ» ، ژ ٥ ـ ٦ ، ساڵی ١ ، بەغدا، ١٩٤٠ ، ل ١ ـ ٦ .
(٢٨) عەلائەدین سەجادی ، دانانی نیشانەکانی پیتی کوردی ، گۆڤاری «ڕۆژی نوێ» ، ژ ١٢ ، ساڵی ١ ، سلێمانی ، ١٩٦١ ، ل ١١ ـ ١٨ .
(٢٩) عەلائەدین سەجادی ، دەستوورو فەرهەنگی زمانی کوردی ـ عەرەبی ـ فارسی ، بەغدا ، ١٩٦٢ .
(٣٠) فوئاد زەکی هەناری ، نووسینی تیپی (دال) بە شێوەی سلێمانی ، گۆڤاری «هیوا» ، ژ ٧ ، ساڵی ١ ، بەغدا ، ١٩٥٨ ، ل ١٩ ـ ٢١ .
(٣١) د. کەمال فوئاد ، چەند سەرنجێکی زمانەوانی ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، ژ ٢ ، بەغدا ، ١٩٧١ ، ل ٥٨ ـ ٥٩ .
(٣٢) کۆڕی زانیاری کورد ، ڕێنووسی کوردی ، «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد» ، ب ١ ، ژ ١ ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل ٣٦٤ ـ ٣٧٩ .
(٣٣) م. م. (محمدی مەلا کریم) ، نووسینی زمانی کوردی ، گۆڤاری «هیوا» ، ژ ٨ ، ساڵی ١ ، بەغدا ، ١٩٥٨ ، ل ٩ ـ ١٤ .
(٣٤) مارف خەزنەدار ، زمانەوانی ، گۆڤاری «ڕۆژی نوێ» ، ژ ٦ ، ساڵی ١ ، سلێمانی ، ١٩٦٠ ، ل ٢٣ ـ ٢٦ .
(٣٥) مارف خەزنەدار ، زمانەوانی ، گۆڤاری «ڕۆژی نوێ» ، ژ ٨ ، ساڵی ١ ، سلێمانی ، ١٩٦٠ ، ل ١٣ ـ ١٨ .
(٣٦) محەمەد ئەمین هەورامانی ، ڕێنووس پەیڕەوی زمانناسی بکا باشە ، گۆڤاری «ئاسۆی زانکۆیی» ، سلێمانی ، ١٩٧٨ ، ژ ١٠ ، ل ٨٨ـ٩١ .
(٣٧) محەمەد ئەمین هەورامانی ، فۆنەتیکی زمانی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٤ .
(٣٨) محەمەد صالح سەعید ، جارێکیتریش پیتەکانی کوردی ، گۆڤاری «نووسەری کورد» ، ژ ٤ ، بەغدا ، ١٩٧١ ، ل ٦٤ ـ ٧٠ .
(٣٩) محەمەدی مەلا کەریم ، ڕێنووسی کوردی لە سەدەیەکدا لەبەر ڕووناکی ڕەخنەدا ، گۆڤاری «ڕۆژی کوردستان» ، ژ ٤٣ ـ ٤٤ ، بەغدا ، ١٩٧٧، ل ٥٣ ـ ٥٦ .
(٤٠) محەمەدی مەلا کەریم ، هەنگاوێکیتر بە ڕێگای دانانی دەستوورێکدا بۆ نووسینی کوردی ، گۆڤاری «نووسەری کورد» ، ژ ٨ ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل ٧ ـ ١٢ .
(٤١) مەسعوود محەمەد : بەکارهێنانی (ی) لە ڕێزمانی کوردیدا ، «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد» ، بەرگی یەکەم ، بەشی یەکەم ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل ٣٩ ـ ١١٤ .

(٤٢) مەسعوود محەمەد ، ڕێنووسی کوڕ ، «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد»، ب ٤ ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ٢٣٢ ـ ٢٨٨ .

(٤٣) مەسعوود محەمەد ، فۆنەتیك چیمان بۆ بكا ؟ ، «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد» ، ب ٣ ، ژ ١ ، بەغدا ، ١٩٧٤ ، ل ٥٦٨ ـ ٦٢٢ .

(٤٤) مەسعوود محەمەد ، گیروگرفتی ڕێنووسی کوردی ، گۆڤاری «پەروەردەو زانست» ، ژ ٦ ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل ٧ ـ ٢٨ .

(٤٥) مەعرووف جیاوك ، بەرگی ئیملای کوردی ، بەغدا ، ١٩٣٠ .

(٤٦) نووری عەلی ئەمین ، ڕابەرێ بۆ ئیملای کوردی ، بەغدا ، ١٩٦٦ .

(٤٧) نووری عەلی ئەمین ، ڕێزمانی کوردی ، سلێمانی ، ١٩٦٠ .

(٤٨) ا. ب. هەوری ، دەستووری نووسینی زمانی کوردی بە پیتی عەرەبی ، سلێمانی ، ١٩٦٨ .

### بە زمـانی عەرەبی :

(٤٩) توفیق وهبی ، حول مقال مسؤولیة الأدیب الکردی الکبری للاستاذ عبدالمجید لطفی ، مجلة «پەروەردەو زانست ـ التربیة والمعرفة » ، العدد ٥ ، بغداد ، ١٩٧٣ ، ص ٨١ ـ ٩١ .

(٥٠) توفیق وهبی ، قواعد اللغة الکردیة ، الجزء الاول ، بیروت ، ١٩٥٦ .

(٥١) رشاد المغربی ، تیسیر اللغة العربیة ، صیدا ، ١٩٥١ .

(٥٢) ا. کوندراتوف ، أصوات واشارات (نقله عن الانکلیزیه : ادور یوحنا)، بغداد ، ١٩٦٩ .

(٥٣) مجمع اللغة العربیة بالقاهرة ، تیسیر الکتابة العربیة ، القاهرة ، ١٩٦١ .

(٥٤) مجمع فؤاد الأول للغة العربیة ، تیسیر الکتابة العربیة ، القاهرة ، ١٩٤٦.

(٥٥) محمد طاهر بن عبدالقادر الکردی ، حول تیسیر الکتابة العربیة ، مکة ، ١٣٦٥ هـ .

(٥٦) محمد تیمور ، ضبط الکتابة العربیة ، القاهرة ، ١٩٥١ .

### بە زمـانی تورکی :

(٥٧) م. ص. آزیزی ، حروفمز و تسهیل قرائت ، گۆڤاری «ڕۆژی کورد» ، ژ ٣ ، ئەستەموول ، ٦ی تەمووزی ١٣٢٩ ك / ١٩١٣ ز ، ل ١٢ ـ ١٣ .

(٥٨) (تعميم معارف و اصلاح حروف) جمعيت محترمەسی طرفندن وارد اولمشدر : روژ کرد مجموعەسی مدیریت علیه سنه ، گۆڤاری «ڕۆژی کورد» ، ژ ٢ ، ئەستەمووڵ ، ٦ی تەمووزی ١٣٢٩ ك / ١٩١٣ ز ، ل ١٣ ــ ١٦ .

## به زمانی ڕووسی :

(٥٩) ك. ئەیوبی و ئی. ئا. سمیرنۆڤا ، دیالێکتی کوردی موکری ، لێنینگراد ، ١٩٦٨ .

(٦٠) ف. ئا. ترۆفیمۆڤ ، زمانی ئەدەبی ڕووسی ئەمڕۆ ، (فۆنەتیك و ڕێنووس ) ، لێنینگراد ، ١٩٥٧ .

(٦١) د. ئی. ڕۆزێنتال ، کێشەی ڕێنووسی ڕووسی ، مۆسکۆ ، ١٩٦٥ .

(٦٢) د. ئی. ڕۆزێنتال ، کێشەی نووسینی وشەی لێکدراو ، کتێبی «کێشەی ڕێنووسی ڕووسی» ، مۆسکۆ ، ١٩٦٤ ، ل ٦٩ ــ ١٠٤ .

(٦٣) ئا. ف. سوپێرانسکایا ، نووسینی وشەی بێگانە لە زمانی ڕووسی ئەمڕۆدا ، کتێبی «کێشەی ڕێنووسی ڕووسی ئەمڕۆ» ، مۆسکۆ ، ١٩٦٤ ، ل ٦٩ ــ ١٠٠ .

(٦٤) ق. کوردۆ ، دەستووری زمانی کوردی ( بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی ژووروو و خواروو) ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨ .

(٦٥) پ. ن. گۆلۆڤین ، سەرەتایێکی زمانناسی ، چاپی دووەم ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨ .

(٦٦) ئا. ئی. مەیسییێڤ ، پیت و دەنگ ، لێنینگراد ، ١٩٦٨ .

## فرەزمان و فەرهەنگ :

(٦٧) تۆفیق وەهبی و س. ئەدمۆنس ، فەرهەنگی کوردی ــ ئینگلیزی ، لەندەن ، ١٩٦٦ .

(٦٨) ش. سامی ، قاموس ترکی ، استمبول ، ١٣١٧ هـ .

(٦٩) عەبدوللا زێوەر ، فەرهەنگی عەرەبی ــ کوردی ، سلێمانی ١٩٤١ ( دەستنووس ) .

(٧٠) ق. کوردۆ ، فەرهەنگی کوردی ــ ڕووسی ، مۆسکۆ ، ١٩٦٠ .

(٧١) نشریات هیوی جوانا طلبه کوردان ، هینکر زیمان کوردی ، چاپخانەی نجم استقبال ، باب عالی ، ابوالسعود ، ١٩٢١ .

به زمــانه ڕۆژئاواییه‌كان :


(٧٢)
D. Abercrombie, What in a Letter ? - (( Lingua )), 1949, Vol. 2, No. 1.

(٧٣)
O. Fossum, A practical Kurdish grammar, Minneapolis, 1919.

(٧٤)
Maurizio Garzoni, Grammatica e vocabolario della lingua Kurda, Roma, 1787.

(٧٥)
A McIntosh, Graphology and Meaning, - (( Patterns of Language )), London, 1966.

(٧٦)
F. Smith, Alphabetic writing - a Language compromise ? - ((Psycholinguistics and reading", ed by F. Smith, New - York, 1973.


★ ★ ★

بنکەی ژین

# زەنگی کاروانی ڕێنووسی کوردی

**ئیبراهیم ئەمین باڵدار**
مامۆستای پەروەردەکردن ( التربية )
لە کۆلیجی ئاداب ـ زانکۆی سەلاحەدین

**١ ـ پێشەکی :**

لەسەر داوای کۆڕی زانیاری عێراق ئەم لێکۆڵینەوەیەمان نووسیوە کە بخرێتە بەرچاوی ئەو کۆڕەی بەدەستەوەیە لەم نزیکانەدا بگیرێ بۆ لێکۆڵینەوەی گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی •

**٢ ـ مەبەست لە لێکۆڵینەوەکە :**

مەبەستمان لەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە ، هەندێک لەو هەنگاوانە پیشانبدەین ، کە بۆ پێشخستن و پەرەپێدانی ڕێنووسی کوردی بە پیتی عەرەبی نراون و هەڵیانبسەنگێنین • بیرو باوەڕی خۆشمان دەربارەی بەشێک لەو گیروگرفتانەی ڕێنووسی کوردی کە ئێستا لە کایەدان پیشان بدەین •

**٣ ـ بایەخی ئەم لێکۆڵینەوەیە :**

پیشاندانی ئەو هەنگاوانەی کە بۆ پێکهێنانی ڕێنووسی ئێستای کوردی نراون، لەگەڵ دەرخستنی هەندێک لە بیروباوەڕی زانستیانە دەربارەی

زمان نووسین ، وە لێکۆڵینەوەی ئەو گیروگرفتانـەی ڕێنووسی کوردی کە ئێستا لەنـاوان ، ئەبنـە یارمەتیدەرێـکی بەکەڵـك بۆ داڕشتـنو ، دەقپێ‌گرتنی شێوەیەکی یەكگرتووی گشتی بۆ ڕێنووسی زمانی کوردی بە پیتی عەرەبی •

**٤ ـ ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە :**

داردەستمان لە کۆکردنەوەو پیشاندانو لێکدانەوەی زانیاری ئـەم نووسینەدا ئەمانە بوون :

أ ـ ئەو شارەزاییە تایبەتیەی کە پەیدامـان کـردووە دەربـارەی ڕێنووسی کوردی بە پیتی عەرەبی ، لەو ماوەیەدا کە خەریکی دانانی ئەلفوبێی کوردی بووین •

ب ـ ئەو سەرچاوەو کانگەیانەی بەرچاومان کەوتوون دەربارەی ئەم بـاسە •

ج ـ شیکردنەوەو لێکدانەوەی هەندێك لەو گیروگرفتانەی ڕێنووسی کوردی کە بیرمان لێکردوونەتەوە •

**سەرگورشتەیەکی مێژوویی نووسین :**

دۆزینەوەی نیشانەکان (رمـوز)ی نووسـین ، لـە هەرە باڵاتریـن هانینەدییەکانی ئادەمیزاد ئەژمێررێت کە بەهۆیەوە ئادەمیزاد توانیویـەتی گەلێك شارستانیەتی گەورەو پڕبایەخ پێکەوە بنێت •

ئەو نیشانە نووسینانەی کە ئادەمیزاد لە شێوەی رەسمو خەتا ، لـە هەرە سەردەمی ژیانیەوە بیرو باوەڕی خۆی پێ پیشـان ئـەدا ، لەسـەر دیواری ئەو ئەشکەوتانەدا کە تیایانا ئەژیا ، وە ئەو نووسینانەی کە خەڵکی

وولاّنی دیجلەو فورات‌و ، بلیمەتەکانی گوێ ڕۆخی نیل ، لەسەر دیواری پەرستگاو قەبرەکانیان‌و ، لەسەر پەیکەرو ، پارچە قوڕو ، پێستەو ، گەڵای زەل نووسیویانە ، یارمەتی‌یەکی زۆری ئادەمیزادی ئەم سەردەمەی دا ، کە بە توانایەکی بالاّو بلیمەتانەوە بچێتە ناو جەرگەی مێژووی کۆنـەوەو ، شارەزایی‌یەکی یەکجار زۆر لە ژیانی ئەو دەمەدا پەیدا بکات •

سۆمەریەکان لە دەشتی عێراقدا لە پێشەنگی ئەو کەسانەوە بوون ، کە سێ هەزار ساڵ لە پێش لەدایك‌بوونی عیساوە نووسینیان بەکارهێناوە •

لەپێشدا ، ئادەمیزاد بیروباوەڕی خۆی بە خەت‌کێشان‌و ڕەسم‌کردنی ساکار دەرئەبڕی ، دوای ساڵەهای ساڵ فێربوو لەجیاتی ئەو خەت‌و ڕەسمە ساکارانە ، ووردە ڕەسمی نەخشاو ، وە هەمەجـۆرە خـەتی ڕێکوپێـك بەکاربهێنێت ، کە بۆ هەر مانایەك چەشـنە ڕەسمێـك ، یـان نەخشێـك پیشان‌بدات • لەپاشان هاتە سەر ئەوەی کە بۆ هەموو دەنگێك نیشانەیەك دابنێت ، بەجۆرێك کە بۆ نووسینی ووشەیەك نیشانەکانی دەنگەکانی ئەو ووشەیە لەپاڵ یەکا ڕیز بکات ، تاکو بە چاوپی‌کەوتنیان دەنگ‌و واتای ئەو ووشەیە بزانرێت •

ئێستا ئێمە بەو جۆرە نیشانانە ئەڵێین : «پیت» یان «حەرف» •

**نموونەی باشیش لەم دەمەی ئێستای ئێمەدا بـۆ نووسـینی زمانێـك ئەوەیە ، کە بۆ هەر دەنگێك پیتێك بەکاربهێنین ، وە هەر پیتێکیش دەنگێکی جوێی هەبێت •**

ئەو نیشانانەی کە لەجیاتی دەنگەکانی زمانێك بەکارئەهێنرێت پیـان ئەوترێت : (ئەلفوبێ) ( ALPHABET ) ئەم ووشەیەش لە دوو پیـتی

یەکەمی ئەلفوبێی ئەغریقیو یونانیەوە وەرگیراوە ، کە پیـان ئەوترێـت :
( ALPHA AND BETA ) [1] .

هەندێك لەو لێکۆڵینەوانەی کە کراون ، ئەوە ئەگەیەنن ، کە زوربەی ئەو ئەلفوبێیانەی لە ڕۆژهەڵاتو خوارووی سوریادا بەکارهێنراون ، کـە ئەلفوبێی عەرەبیش یەکێکە لەوان لقو چڵی ئارامین .

واتا لە ڕێگای « ئارامیەوە » ، لقێـکی « نەبطی » لێبۆتەوە ، لەویشەوە چڵێکیتری لێدەرچووە ، کـە بـۆ نووسـینو خوێندنـەوەی عـەرەبی بەکارهێنراوە .

ئەم شێوەیەی ئێستای عەرەبیش کوتوپڕ نەهاتۆتە کایەوە ، بەڵکو لە پەیدابوونیەوە تاکو ئەمڕۆ گۆڕانی زۆری بەسەرا هاتووە .

وە لەدوای پەرەسەندنی ئیسلام ئەم نووسینی عەرەبیە لە چینەوە تاکو ئیسپانیا بڵاو بۆتەوە .

وە ئەم نووسینە لە سەرەتای پەیدابوونیا لە شێوەیەکی سێ سووچیدا بووە ، هیچ خاڵو سەرو بۆری نەبووە ، لەدوای ئیسلام دەستکرا بەوەی کە خاڵو سەرو بۆری بۆ دابنرێت . [2]

**نووسین لە کوردوستانا :**

لە دەمێکی دێرینەوە خوێندنەوەو نووسین لە کوردوستانا بەکارهێنراون، بەڵام ئەوەی تا ئێستا ئێمە ئەزانین ، ئەو نووسینە کۆنانە ، بە زۆری ، هەر

---

(١) Encyclopedia Britannica 15th ed. 1974. ed. Chicago, Encyclopedia Britannica, 1974. Vol. I pp. 618 - 624.

(٢) Ibid (1) pp. 618 - 622.

بەو زمانانە بوون ، کە لە کوردوستانا بۆ خوێندن بەکارئەهێنران ، وەك : فارسی‌و عەرەبی‌و تورکی •

ئەوەشی بە زمانی کوردی بووە هەر بە دەستخەت ماوەتەوە •

ژمارەیەکی زۆر لە هەڵکەوتوان‌و بەهرەدارانی کورد ، بەو سێ زمانە، بەرهەمی گەلێك گرنگ‌و بالاّیان هێناوەتە پێشەوە •

وە لە دوای سەدەی هەژدەمینەوە ، شاعیرو ئەدیبەکان ، لە میرنشینەکانی کوردوستانا ، بە پیتی عەرەبی ، گەلێك هەڵبەست‌و چیرۆکی فولکلۆری کوردیان نووسیوە •

وە بە زۆر شێوە ، بیرو هەستی گەشاوەی پڕ نرکەو ناڵەی خۆیان ، لە بنار کێوەکان‌و ، لە ژێر سێبەری بن دارگوێزەکانی کوردوستاندا ، درەوشاوەو پڕ هونەر ، بە جۆش‌و قوڵپەوە دەربڕیوە •

وە لە ساڵی (١٨٧٩ ــ ١٩٢٠)دا ڕێنووسی کوردی لە دەستخەتەوە هاتە سەر چاپەمەنی •

وە لە ساڵی (١٩٢٠ ــ ١٩٢٩) بە کوردی پەتی نووسین برەوی سەندو بوو بە باو • (٣)

**لە دایك‌بوونی ڕێنووسێکی کوردی نوێ :**

لە ساڵی (١٩٤٠)دا نووسەر بوو بە مامۆستای سەرەتایی لە قوتابخانەکانی سلیمانیدا کە لە دەها ساڵ پێشترەوە بە کوردی قوتابیان تیا فێر ئەکرا •

---

(٣) حامید فەرەج ، ڕێنووسی کوردی لە سەدەیەکا ، بەغداد ، کۆڕی زانیاری کورد ، ١٩٧٦ ، لاپەڕە ( ٥ ــ ٦ ) •

نووسەر لە فێرکردنی قوتابییەکاندا گیروگرفتێکی زۆری ئەهاتە ڕێ ، ئەمەش هەمووی بەهۆی ناتەواوی شێوەی نووسینی کتێبە کوردییەکانەوە ڕووی ئەدا ، کە هەر دیرەیان بە گەلێك جۆرە ڕێنـووسی تێـکەڵاوی ــ کوردیو ، عەرەبیو ، فارسی ــ بە بزرکاویو شێواوی نووسرابوون •

ئەو نووسینانە لەسەر هیچ دەستوورو یاسایەك نەئەڕۆیشتن •

نووسەرەکان هەر ووشەیەکیان جارەی بە جۆرێك ئەنووسی •

بەڕاستی مامۆستاو قوتابی ، هەموو بەم جۆرە نووسینانەوە جەڕابوونو ، سەریان لێ شێوابوو •

نووسەریش ، وەك مامۆستایەکی ئەرکلەسەرشانی داخلەدڵ ، هەمیشە بەپەرۆشەوە ، بە خوزگەو ئاواتەوە ، بیری لەوە ئەکردەوە •• کە چـۆن بتوانێت ڕۆژێك زووتر ، کاریکیوا بـکات کە چارەسەرێـك بـۆ ئـەم شێواویو ئاڵوزاویە بدۆزێتەوە •

لە ١/٢/١٩٤٨دا بە نووسەر سپێررا ، کە هەر بە تەنیا خۆی ، لـە دێی جوانی «جاسەنە» لە بنار شاخی هەژدیهای پاڵ کێوی سارا ، وە لەسەر سەرچاوەی ئاوی کانیخان کە لە ناوچەی سورداشە نزیك شاری سلیمانی، قوتابخانەیەکی سەرەتایی بۆ یەکەم جار دابمزرێنێت •

لەناو باغە ڕەنگینەکانی گوێ چەمە پڕ لە کانیاوەکانی ئەم دێیەدا ، دەستی کرد بە دانانی «ئەلفوبێیەکی نوێ» بۆ ڕۆڵەکانی کورد •• بۆ ئەو منداڵانەی کە لە سەرەتاوە دەست بە فێربوونی خوێندنەوەو نووسینی کوردی ئەکەن •

لەم دێیەدا هەلێکی باش بۆ نووسەر هەڵکەوت کە بتوانێت دەرسەکانی ئەو ئەلفوبێیە دابنێتو ، ڕۆژبەڕۆژ ، بەسەر قوتابییەکانا تاقیان بکاتەوە •

•

بۆ دانانی ئەم کتێبە ، وە بۆ نەهێشتنی ئەو کوسپانەی کە جاران نووسەرو هەموو کەسێکی‌تر گیریان خواردبوو پیانەوە ، نووسەر هاتە سەر ئەوەی کە ئەبێت پێش هەموو شتێك ، بیر لەوە بکاتەوە ، کە چۆن بناغەیەکی دروستو پتەو دارێژێت ، بۆ دەستووری ڕێنووسێکی‌وا ، کە خوێندنەوەو نووسینی کوردی ئاسان بکات بۆ قوتابیانو ، هەموو خوێندەواران ، تاکو لەسەر ئەو دەستوورانەش ئەلفوبێیەکی بەجێ ڕێك‌خات بۆ منداڵان •

بەم‌چەشنە ، جڵەوی کاروانی ڕێنووسی کوردی جارێکی‌تر ڕاتەکێنراو، کاروان کەوتەوە ڕێ ، زەنگیش دەستی کردەوە بە لێدان •

وە دوای لێ‌کۆڵینەوەیەکی زۆر ، وە کەڵك وەرگرتن لە بەرهەمەکانی گەلێك لە شورەسوارانی ڕۆشنبیرانی کورد ، کە لە پێشترا هەوڵێکی باڵاو پڕ بایەخیان داوە بۆ گەشەپێدانی نووسینی کوردی وەك : نووسینە درەوشاوەکانی مامۆستای بەڕێز (سەعید صدقی کابان) لە کتێبی (مختصر صرف‌و نحوی کوردیدا ١٩٢٨)وە بیرو باوەڕە ئایابەکانی مامۆستای بەفرخ ( توفیق وەهبی بەگ ) لە کتێبی (دەستووری زمانی کوردیدا ١٩٢٩) ، وە بەرهەمی مامۆستای بەڕێز حامد فەرج لە کتێبی «ئەلفوبێی کوردیدا ١٩٣٦»•

نووسەر دوای ئەو هەوڵانە گەیشتە ئەوەی کە ئەو گیروگرفتانەی ڕێنووسی کوردی کە لەئارادا بوون ، وە بەلایەوە سەرەکی بوون ، بەم‌جۆرەیان چارەسەر بکات :

١ ـ کە کتێبە ئەلفوبێیەکە تەواو بوو ، وە لەلایەن وەزارەتی مەعاریفی ئەو دەمەوە ، لە ساڵی ١٩٤٩دا بڕیار لەسەر چاپ‌کردنو خوێندنی درا ، زۆری ئەو شێوە پیتە نوێیانەی کە تیا بەکارهێنرابوو لە چاپخانەکانی ئەو ڕۆژانەدا دەست‌نەئەکەوتن • لەبەرئەوە ، وا بە باش زانرا ، کە کتێبەکە بە

دەستخەت بنووسرێتەوە ، وە وێنەکانی ڕەسم بکرێت ، ئنجا وەك (کلیشە) لەچاپبدرێت .

خەت خۆشی بە ناوبانگ (صبری الخطاط) کە هیچ کوردی نەئەزانی ، دوای ڕەنجو هیلاکی‌یەکی زۆر لەگەڵیا ، کتێبەکەی بە دوو مانگ ، بە نقەنق ، بە دەستخەت نووسیەوە .

وە (حاجی سوعاد سەلیم)ی ڕەسامیش کە هیچ جێ‌یەکی کوردوستانی نەدیبوو ، پاش ئەوەی کە کۆمەڵە وێنەیەکی کوردەواری خرایە پێش چاو ، وە ڕۆژبەڕۆژ هەموو شتێکی بۆ ڕوون ئەکرایەوە ، ڕەسمەکانی کتێبەکەی بە جیڕەجیڕ ، لە ماوەیەکی درێژا تەواوکرد . ئنجا پاش ئەم هەموو دەردی‌سەریە ، لە ساڵی ١٩٥١دا ، لە چاپخانەی (نەجاح) لە بەغداد ، بە شێوەی کلیشە چاپکرا ، وە بەسەر مەکتەبەکانی لای خوماثا بلاوکرایەوە .

٢ـ کتێبەکە وا دانرا ، کە هەموو ووشەیەك ، کوردی بێت ، یان عەرەبی ، یان بیگانە ، بە ڕێنووسی کوردی بنووسرێت .

٣ ـ ئەو پیتانەی کە لە کوردیدا ، هەر یەکەیان چەند دەنگێکی جوێ‌یان هەیە ، بەمجۆرە پیشان دران :

ر :

(١) ر ـ ری وەك : دار

(٢) ڕ ـ ڕێی گەورە وەك : مەڕ

و :

(١) و ـ واو وەك : داو

(٢) وو ـ واوی درێژ وەك : دوور

(٣) ۆ ـ واوی کراوە وەك : دۆ

ی :

(۱) ی ــ یــا وەك : پەری

(۲) یٚ ــ یای کراوە وەك : دیٚ

ل :

(۱) ل ــ لام وەك : زل

(۲) ڵ ــ لامی قەڵەو وەك : دڵ

ا :

ئ ــ هەمزە وەك : ئێمە

لا :

لا ــ وەك : کۆلارە

ڵا ــ وەك : گەڵا

پاش چاپکردنو بڵاوکردنەوەی کتێبەکە ، لــە تاقیکردنەوەیــدا ، هەندێك گیروگرفتی ڕێنووسی کوردی باشتر بۆ نووسەر ڕوونبووەوە ، وە گەلێك ئامۆژگاری بەنرخیشی لە مامۆستای بەنرخ توفیق وەهبی بەگ وەرگرت ، بۆیەکە بۆ جاری دووەم لە ساڵی ۱۹۵۳دا کتێبێکی ئەلفوبێی نوێی دانا ، کە لەسەر شێوەیەکی پێشکەوتووتر ڕێکیخستبوو ، ناوی نــا (ئەلفوبێی نوێ بۆ منداڵان)• ئەم کتێبە لەلایەن هونەرمەند بەدیع باباجانەوە بە وێنەی ڕەنگاوڕەنگی جوانی کوردەواری ڕازێنرایەوە ، وە لە بەغــداد ، لە چاپخانەی (مەساحە) لە ساڵی ۱۹۵۳ چاپکرا ، ئەمەش یەکەم کتێب بوو کە لە وەزارەتی مەعاریفدا (وەزارەتی پەروەردەی ئێستا) بە ڕەنگاوڕەنگی چاپ بکرێت •

لەم ئەلفوبێ نوێیەدا ئەو پیتانەی بەیەکەوە ئەلکێن ، وەها پیشاندران کە هەر یەکەیان دوو شێوەیە ، نەك چوار شێوە •

نووسەر وای دانا ، کە ئەو کلکەی لە پێش پیتە پێوەنووساوەکانەوە ئەبینرێت ، ساتێك کە لە ناوەراستی ، یان کۆتایی ووشەدا بەکارئەهێنرین ، درێژبوونەوەیەکی پیتەکەی پێشەوەیەتی •

بەکارهێنانی شێوەیەکی جوێی ناوەڕاست بۆ پیتە پێوەنووساوەکان ، تەنها لە وەختی خۆیدا ، کە زوربەی چاپکردن بە قالبی قورقوشم بوو ، هەر بۆ ئەوە بەکەڵك ئەهات ، کە قالبی پیتەکان بە ئاسانی بخونچێنە پاڵ یەکتری • وە لە فێرکردنی خوێندنەوەو نووسیندا تەگەرەو شێواویەکی زۆری دروستئەکرد •

بەمجۆرە لەجیاتی ئەوەی هەموو پیتێکی پێوەنووساوی وەك : (ب) بە چوار جۆرە شێوەی جیاواز فێری قوتابی بکرێت وەك : (ب ، ب ، ﺑ ، ﺒ) ، بەپێی ئەم گۆڕینە نوێیە ، وایلێهات کە هەر یەکێك لەو پیتە پێوەنووساوانە بە دوو شێوە فێربکرێت ، وەك : (ب ، ﺑ) ، بەمە سەرلێتێکچوون و ، چەواشەبوونی قوتابیەکان لە فێربوونی خوێندنەوەو نووسیندا زۆر کەم بووەوە •

هەروەها لەم کتێبە نوێیەدا نووسەر (ڕ) ڕێی قەڵەوی (گەورەی) بە یەك (ر) پێ نیشاندا ، چونکی لە کتێبەکەی پێشووترا کە ئەم ڕێیە بە دوو ڕێی (رر) پیشاندا ، جاریوا هەبوو لە ووشەیەکا ، وەك : ووشەی (بڕڕاو) ژمارەی ڕێیەکان ئەبوون بە چوار ڕێ ، ئەمەش سەری لە خوێندەواران و نووسەران تێك ئەدا •

وە لە ساڵی (١٩٥٥)دا نووسەر کتێبێکی ئەلفوبێی تری دانا بۆ گەورە، کە ئەمەیان سێیەم ئەلفوبێ بوو ، وە بەتایبەتی بۆ ئەوە دانرابوو گەورە فێری خوێندنەوەو نووسینی کوردی بکات •

دوای ئەوەی ئەم کتێبە لەلایەن وەزارەتی مەعاریفی ئەوساکەوە

پەسندکرا ، لە هەمان ساڵدا لە بەغدا ، لە چاپخانەی (هاوبەشی بڵاوکردنەوەو چاپکردنی عێراق) بە ناوی (ئەلفو بێ بۆ گەورە) چاپکرا • لەم کتێبەشدا هەمان دەستووری ڕێنووسی کتێبی (ئەلفو بێی نوێ)ی تیا بەکارهێنرا •

وە لە ساڵی ١٩٥٦دا ، نووسەر کتێبەکەی دووەمی (ئەلفو بێی نوێ بۆ منداڵان)ی جارێکیتر گۆڕی ، وە کتێبەکە بە پوختەکراوی ، وە بە گەلێك وێنەی جوانی کوردەواری‌یەوە ، کە ژنە هونەرمەندێکی ئەڵمانی (ترودی میتلمان) بە ڕەنگاوڕەنگی ڕەسمی کردبوون ، لە بەغدا ، لە چاپخانەی (رابطه) لە ساڵی ١٩٥٦دا بە ئۆفسێت چاپکرایەوە •

لەم چاپە پوختەکراوەدا نووسەر پیتی ڕێی قەڵەوی (گەورەی) بۆ یەکەم جار بە یەك ڕێ نووسی‌و ، لەژێریشیا نیشانەیەکی حەوتی دانا (ڕ) • وە بۆیەکیش ئەم نیشانەیەی لەژێر ڕێیەکەدا دانا ، وە لە سەر ڕێیەکەی دانەنا ، تاکو لەگەڵ پیتی (ژ)دا لە لای قوتابیە منداڵەکان تێکەڵاو نەبن‌و ، جیاکردنەوەو ناسینەوەیان ئاسانتر بێت • چونکی ئەو پیتانەی کە زۆر لە یەك ئەچن لە شێوەیانا ، یان لە دەنگیانا ، منال چەواشە ئەکەن‌و ، سەریان لێ‌تێك‌ئەدەن •

٤ ـ واوی پێوەندی ( واوی عەطف ) :

یەکێك لەو گیروگرفتانەی کە لە دانانی ئەو کتێبە ئەلفوبێیانەدا هاتنە پێشەوە ، ئەوەبوو کە واوی پێوەندی (عەطف) چۆن بنووسرێت •

لە عەرەبیدا واوی پێوەندی لەتەك ووشەی دووەمدا لە دەم دەرئەچێت، وەك : (أنا ، وأنت) ، لەبەرئەوە لە نووسینیشا ئەو واوی پێوەندیە لەگەڵ ووشەی دووەمدا ئەنووسرێت ، وەکو : (وأنت) •

بەڵام لە کوردیدا ، واوی پێوەندی ، ئەگەر پیتی (ە)ی لەدوا نەبێت ،

لەگەڵ ووشەی یەکەمدا لە دەم دەرئەچێت ، وەکو : (منو ، تۆ) • لەبەر ئەوە ، نووسەر لەو کتێبانەدا ، وای دانا ، کە ئەم جۆرە واوە لەپاڵ ووشەی یەکەمدا بنووسرێت ، نەك لە ناوەڕاستی هەردوو ووشەکەدا •

بەڵام ئەو واوی پێوەندی‌یەی کە پیتی (ە)ی لەدوا بێت ، وەك : (وە)، وای دانا ، کە لە بەینی هەردوو ووشەکەدا بنووسرێت ، وکو : (ئەمان وە ئەوان ) •

٥ ــ پیتەکانی ئەو ئەلفوبێ‌یەی کە نووسەر بەکاری هێنان لە کتێبەکانیا (٣٦) پیت بوون • ئەو پیتانەش ئەمانەن :

| | | | |
|---|---|---|---|
| ء | (هەمزە) | ش | (شین) |
| ا | (ئەلف) | ع | (عەین) |
| ب | (بێ) | غ | (غەین) |
| پ | (پێ) | ف | (فێ) |
| ت | (تێ) | ڤ | (ڤێ) |
| ج | (جیم) | ق | (قاف) |
| چ | (چیم) | ك | (کاف) |
| ح | (حێ) | گ | (گاف) |
| خ | (خێ) | ل | (لام) |
| د | (دال) | ڵ | (ڵام) |
| ر | (رێ) | م | (میم) |
| ڕ | (ڕێی گەورە)یان (ڕێی قەڵەو) | ن | (نون) |
| ز | (زێ) | و | (واو) |
| ژ | (ژێ) | ۆ | (واوی کراوە) |
| س | (سین) | وو | (واوی درێژ) |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ھ | (هێ) | | ڵ | (ڵ) |
| ە | (ئە) | | ی | (یە) |
| ل | (ل) | | ێ | (یەی کراوە) |

٦ ـ لە سالی (١٩٥٢)دا ، نووسەر لە (مودیریەتی مەناهیجو ، وەسائیلی تەعلیمی) لە وەزارەتی مەعاریف ـ وەزارەتی تەربیەی ئێستا ـ دامەزرا • وە یەکێك لە ئیشەکانی ئەوەبوو ، کە سەرپەرشتی دانانو ، بژارەکردنو ، چاپکردنی کتێبە کوردی‌یەکانی مەکتەبەکان بکات •• ئەو کتێبانەی کەهەر یەکیان بە جۆرە ڕێنووسێکی تێکەڵاوی شێواوی ئاڵوزاو نووسرابوو ، بێجگە لە هەڵە چاپەمەنیەکانیان کە یەکجار زۆر بوون ، وە هەر دێڕێکیان ئەبوایە خوێندەوار ، وەك مەتەڵ ، یان شفرە هەڵی‌بهێنێت •

وە لەبەرئەوەی ، هەر لە سالانی پێشووەوە ، چەوتی ئەو کتێبانە ، داخێکی گران گران بوو لە دلی نووسەردا ، وە چارەسەرکردنو ، چاكکردنیان ، خۆزگەو ئاواتێکی شیرین بوو لای ، لە یەکەم ڕۆژەوە ، بە گەرمی‌و ، بە پەرۆشەوە ، دەستی‌کرد بە پوختەکردنو بژارەکردنی ئەو کتێبانە بەو ڕێنووسەی کە کتێبە ئەلفوبێ‌یەکەی لەسەر دانابوو ، سەرلەنوێ هەموو کتێبەکانی نووسی‌یەوە •

وە بۆئەوەی لە چاپخانەکاندا ، کە کرێکارەکانیان کوردیان نەئەزانی، بۆشایی بەینی ووشەکانیان بۆ ڕوون بێتەوە ، بە هێلێکی لابەلای وەك ئەم هێڵە ( / ) جێی بۆشایی‌یەکانی ( Spaees ) بەینی ووشەکانی ناو هەموو کتێبەکانی نیشانەکرد •

بەلام کە هاتە سەر ئەوەی دەست بە چاپکردنیان بکاتەوە ، تەگەرەیەکی سەختی هاتە پێش ، ئەوەش ئەوە بوو ، کە ئەو پیتە نوێیانەی بەکاری‌هێنابوون وەك : (واوی کراوە ، یەی کراوە ، لامی قەلەو ، لەدواییدا

ڕێی گەورەی نیشانەی حەوت لە ژێر «ڕ» ) لە چاپخانەکانی ئەو دەمەدا ، لە بەغدا دەست نەئەکەوتن •

لەو ڕۆژەوە کە نووسەر لە وەزارەتی مەعاریف دامەزرا لە ساڵی ١٩٥١دا ، گفتوگۆی لەگەڵ خاوەن (چاپخانەی نەجاح) کرد لە بەغدا •

وە پێیووت کە ئەم ئەلفو بێیەی خۆی لەلایەن وەزارەتی مەعاریفەوە پەسند کراوە ، هەندێك پیتی نوێی تیا بەکارهێنراوە ، کە ئەبێت لەمەولا لە کتێبە کوردی‌یەکانی‌تریشا بەکاربهێنرێن ، وە ئێستا لە چاپخانەکان دەست‌ناکەون ، ئەگەر بێت‌و ئەم ، زووتر ، لە دەرەوە پەیدایان بکات ، چاپکردنی زوربەی کتێبە کوردیەکانی قوتابخانەکان ، بەوهۆیەوە ، بەم ئەدرێت • ئەویش پێیووت : ئەگەر ئێوە ئەم بەڵێنەم پێ بدەن من ئەتوانم بە زوویی ئەو پیتانە لە دەرەوە بهێنم •

وە ئەوەشی باس‌کردو ووتی : کە وەختی خۆی مامۆستای بەنرخ توفیق وەهبی بەگ ، پێیووتووم کە هەندێك لەم جۆرە پیتە کوردی‌یە نوێیانە بهێنم ، بەڵام چونکە ئەوساکە بازاڕیان نەبوو ، نەمتوانی بیانهێنم •

وە دوای ئەوەی نووسەر پیتە کوردی‌یە نوی‌یەکانی بۆ خاوەن (چاپخانەی نەجاح) نووسی‌یەوە ، ئەویش ناردنی بۆ دەرەوە ، زوو پیتەکانی بۆ دروست‌کراو ، بویان نارد •

بەدوای ئەوەدا گەلێك لە کتێبە کوردیەکانی درایە کە بەو پیتە نوێیانە چاپیان بکات •

کە خاوەن چاپخانەکانی‌تری بەغدا ئەمەیان بیست ، گورج ئەوانیش داوای ئەو پیتانەیان کرد لە دەرەوە ، لە ئەڵمانیاو ، ئینگلتەرەوە بویان هات• ئەم پیتانە هەموو قاڵبی قورقوشم بوون کە بە دەست ڕێك ئەخران • بە دوای ئەمەشا فابریقەی (لاینوتایب ، ئنجا مونوتایب ، لەپاشان ئینترتایب)

هەموو ئەو پیتە کوردی‌یە نوێیانەیان خستە سەر مەکینەکانیان ، ئەو مەکینانەی کە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی خێرا خێرا ، قالبی پیت‌و دێر دائەڕێژن •

وە کە ئیش هاتە سەر ئەوەی دەست بە چاپ‌کردنی کتێبە کوردی‌یەکانی قوتابخانەکان بکرێت ، کە بەو ڕێنووسە نوێیە سەرلەنوێ نووسرابوونەوە، ئەبوایە بۆ هەموو کتێبێك یەکێك دابنرێت کە سەرپەرشتی چاپ‌کردنی کتێبەکە بکات •

وە لەبەرئەوەی ئەو ڕۆشنبیرانەی کورد ، کە ئەودەمە لە بەغدا بوون‌و ئەم ئیشەیان پێ ئەکرا ، چاك شارەزای ڕێنووسە نوێیەکە نەبوون • نووسەر ناچار بوو کە ئەوانەی ئەم ئیشەیان پێ ئەسپێررا ، زۆر لەگەڵیانا خەریك بێت تاکو شارەزایی‌یەکی تەواو لە ڕێنووسە نوێیەکەدا پەیدا بکەن ، بۆئەوەی بتوانن بە باشی سەرپەرشتی چاپ‌کردنی کتێبەکان بکەن بەو ڕێنووسە نوی‌یە •

دوای چاپ‌کردنی کتێبەکان ، کە بەسەر مەکتەبەکانا بڵاوکرانەوە ، لەپێشەوە مامۆستایان ، وەك هەموو گۆڕانێکی نوێ ، هەندێك لێیان رامان‌و ، پیانەوە خەریك بوون ، لەپاشان چونکی هەموو کتێبەکان چون‌یەك، بە یەك جۆرە ڕێنووس نووسرابوونەوەو چاپ‌کرابوون ، زوو لەسەریان راهاتن‌و بینیان پێوە گرت • وە لەگەڵ قوتابیەکانا ، بەتەوای حەسانەوە •

بەم‌چەشنە کاروانی ڕێنووسی نوێی کوردی ، بەرەو ئامانج ملی ناو لێی نزیك‌بووەوە ، دەنگی زەنگیشی بەسەر هەموو شاخ‌و ، بە ناو گشت دۆڵێکی کوردوستانا بلند بلند بە بەرزی بڵاو بووەوە •

ئاواتی نووسەریش ، لەگەڵ خوزگەی پەرۆشی عومرا ، بە درەوشاوی‌و فراوانی هاتە دی •

**بایەخی ئەم ڕەنجو هەوڵە چی بوو ؟**

لەمدەمەی ئەمڕۆدا ، کە ئاخرو ئۆخری سەدەی بیستەمە • وە لـەم ڕۆژانەدا کە زانستیو تەکنەلۆجی ، بەتینو ، بەگوژم ، بەرەو ژیانێکی نوێ، ڕووەو ئامانجێکی تازە ، کەوتۆتە گۆڕانو پێش کەوتن •

وە لەکاتێکا ، کە ئەم گوڕانە بەتەوژمە گشت لایەکی گرتۆتـەوەو ، هەموو تیرەو هۆزو گەلێکی هێناوەتە جووڵەو بزوتن • گـەلی کـوردی ئێمەش ، کە تاکو بەینێکی زۆری دوورو درێژ ، لەناو جانەوەرو دروندە ، بەسەر لوتکەی شاخەکانی کوردوستانا چـۆکی دادابـوو ، وە ژیانێـکی تایبەتی بۆ خۆی پێکەوە نابوو ، وە بە جەنـگاوەری بەرەنـگاری ئـەو پیاوخۆرانە ئەبوو کە بە خراپە نزیك بێشەو کێوە بڵندەکانی ئەبوونەوە ، ئێستا وا لەم چەرخەدا ، لێ‌هاتوانە ، بە هێزو گوڕەوە ، هاتۆتە پێشەوە ، لەگەڵ کاروانی گەلانا ، بە گورجیو شاسواریو چالاکی ، کەوتۆتە ڕێ •• بەرەو ژیانێکی سەربەرزیو ئازادی ، ڕووەو ئامانجێـکی پڕ کامـەرانیو ڕووناکی ، ملی ناوەو ، تەکان ئەدات •

بەوەی کە ئێستا ڕۆڵەکانی ، بە سایەی شۆرشی ١٧ی تەموزەوە ، بە زمانی شیری خۆیان ، بێ گیروگرفتو سەرلێ‌شێوان ، ئەخوێنن ، هەستیان بـە توانای خۆیان کردووەو ، خویان ناسیوە •

کەوتونەتە ئەوەی بەو خوێندنە ، بەهرەکانیان پێشکوێتو توانـای بێ‌پایانیان وەك کانی بتەقێتەوەو ، بڕوایان بە خۆیان بەهێزتر ببێت •

ئێستا وا خەریکن ، چاویان ئەولێو خۆیـان ڕائەتەکـێنن ، کە وەك مرۆڤێکی بەنرخی بەکەڵك ، بێنە کایەوە ، بۆ ئیشی جوانو باڵاو پڕسوود••

ئیشێك کە بە دوررو درێژی لەپێشەوە ڕێكخرابێـتو خـەتی بـۆ کێشرابێت •

ئیشێك كه ڕەنجی لەگەڵا بێ‌سوود نەڕوا ، وە لە زووترین کاتا ، بە کەمترین ئەرك‌و پارە ، چاکترین‌و ، زۆرترین بەروبووم بهێنێتەدی •

بەمجۆرە ئەو ڕێنووسە نوی‌یە ، بوو بە هۆی ئەوەی کە خوێندن بۆ منداڵانی کورد ئاسان بکات ، کە وەك ڕۆڵەیەکی ڕەسەنی بەکار ، بۆ ئەم ڕۆژەی ئەمرۆمان پێ‌بگەن :

- ڕۆڵەیەك کە لەش‌ساغ‌و پتەو بێت • بیرو دەروونی بە پاکی ، بێ‌گرێ پەروەردە بکرێت •
- ڕۆڵەیەك بڕوای قایم بێت بە خۆی ، وە دڵی پڕ لە شانازی بێت بۆ گەلەکەی‌و وولاتەکەی •
- ڕۆشن‌بیرو ، شارەزاو ، هونەرمەند بێت ، هەرگیز دەست لە راستی‌و حەق بەرنەداو پاك بێت •
- هەمیشە لایەن‌گیری چاکەو ئاشتی بێت ، دەرك بە جوانی بکات‌و ، تامی لێ بچێژێت •
- لە بیرکردنەوەو ئیشیا ، حەز بە : داهێنان بکات ، لە هەرەوزی ئیشی کومەلایەتیا بە گەرمی‌و چالاکی بەشداری بکات •
- ڕۆڵەیەك کە زانستی بکات بە چرای دەستی خۆی ، لەژێر ڕووناکیا بە ژیری‌و لێکۆڵینەوە هەموو کوسپ‌و گیروگرفتێك ئاسان بکات •
- ڕۆڵەیەك کە بزانێت چۆن کەڵك لە کاتی خۆی وەربگرێت ، بۆ حەسانەوەو ، گەشەپێدانی بیرو هۆشی ، وە بۆ پەروەردەکردنی لەش‌و ، دەرك‌و ، هەستی •
- ڕۆڵەیەك کە بڕوای بە خۆی زور بێت ، وە بتوانێت لە ژیانیا ڕێگا بۆ خۆی پاك‌بکاتەوە ، وە ئیشوکار بۆ خۆی بدوزێتەوە •

- ڕۆڵەیەك كە بتوانێت بە زمانی گەلـەكەی هەموو شـت وەرگرێت ، وە بەو زمانەش بیرو هەستی خۆی درەوشاوە بە جوانیو داهێنانەوە دەربڕێت .

- ڕۆڵەیەك كە حەز بە ئیش‌وكاری باڵا بـكات ، كارێـك كە ووردو ، هەڵكەوتوانە بێت‌و ، دڵی خۆی پێ خۆش كات .

- ڕۆڵەیەك كە لە كردارو ڕەفتاریا ، وە لە دوان‌و گفتوگۆیا ، مەردانەو دڵسۆزو ، بە ویلّبێت . هەمیشە كەسانی پاكی‌تری لا بەنرخ‌و بەرێز بێت .

## خوێندنەوەو نووسـین

**خوێندنەوە چی‌یە ؟**

ئێمە ئەزانین كە ڕێنووس هۆیەكە بۆ ئاسانكردنی خوێندنەوەو نووسین. خوێندنەوە بەو كارە ئەڵێن كە بەهۆی ووشەی نووسراوەوە ، ئـەو واتانە تێبگەین كە نووسەر ویستوویەتی دەریانبڕێت . [٤]

نموونەی باشیش بۆ خوێندنەوە ئەوەیە كە بتوانـین بـە كەمتریـن ڕاوەستان ، چاو بەسەر زۆرترین ووشەدا بخشێنین‌و ، یەكسەر واتاكانیان تێبگەین ، بێ‌ئەوەی هیچ جوولەیەك ، یان دەنگێـك لە دەمـمان ، یـان قورگمان دەرچێت . بەجۆرێك كە یەكێكی گەورەی خوێندەوار بتوانێت

---

(٤)

Edward B. Fry, Elementary Reading Instruction, New York : McGraw - Hill Book Co., 1977. P. 4.

به لای کەمەوە لە دەقیقەیەکا (٣٠٠ ـ ٣٥٠) ووشەی ناسراو بخوێنیتەوەو ، تیان بگات (٥) •

**جوولانەوەی چاو لە خوێندنەوەدا :**

بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە کراون لەسەر جوولاندنەوەی چاو لە کاتی خوێندنەوەدا ، ساغ بۆتەوە کە ساتێك چاو ئەخشێت بەسەر نووسینا ، بە بازدانو ڕاوەستان تێی ئەنوارێت •

چاو لە ساتی بازداندا هیچی بۆ ناخوێنرێتەوە ، بەڵام کە ڕاوەستا ، ئەوسا چی دیبێت بۆی ئەخوێنرێتەوە ، ئەم ڕاوەستانەش ( Fixation ) دەوری ١/٢٥ ثانیەیەك درێژە ئەکێشێت •

وە لە هەموو یەکێك لەم ڕاوەستانانەدا لە ئینجێکەوە تاکو ئینجو نیوێك نووسراو ئەبینێت ، بێ ئەوەی پێویست بەوە بکات ، پیتەکان یەکە یەکە بە جیاوازی ، بۆیان بڕوانێتو ، دوای لێکدانیان ووشەکان ببینێت •

چاو تاکو لەسەر دێڕێك کەمتر بۆی ڕاوەستێت ، نووسینەکە خێراتر ئەخوێنێتەوە • هەندێك جار چاو لە وەختی خوێندنەوەدا ئەگەڕێتەوە بۆدواوە ، ئەم گەڕانەوەیەش ( Regression ) وەختێك ڕووئەدات کە نووسینەکە جوان چاپ نەکرابێت ، یان ووشەی ڕەقو ، درێژو ، گرانی تیا بەکارهێنرابێت •

ئەم بزوتنەوەی چاوە لەکاتی خوێندنەوەی بە بێدەنگی (صامت)دا ،

---

(٥)

Amonymous, Perspectives on Elementary Reading, Edited by Robert Kavlin, New York : Harcourt Brace Jovanovich, Inc, 1973. P. 317.

وەك ئەو بزووتنەوەیە نیە کە لە ساتی خوێندنەوەی بە دەنگبەرزی (جەهری)دا ڕووئەدات •

لە کاتی خوێندنەوەی بە دەنگبەرزیدا ڕاوەستانی چاو ، وە گەڕانەوەی بۆ دواوە زیاتر ئەبێت ، وە زیادبوونەکەشی بەوگوێرەیە ئەبێت کە تاکو چڕادەیەك خوێندەوارەکە ئەتوانێت ووشەکان بە دەم دەربرێت • (٦)

**باشترین خەتنووسین چۆنە ؟**

باشترین خەتنووسین ئەوەیە کە نووسەر ، بە شێوەیەکی گونجاو قەڵەم بگرێت ، بێ ئەوەی خۆی بجەڕێنێتو ، پەنجەی بگوشێتو ، ماسولکەکانی کرژ بکات • وە لە بارێکی تەواوا خۆی ڕاگریت ، وە بە ڕێنووسێکی ڕوونو ڕەوان ، وە هێڵ کێشانێکی بێ گرێو ، پچر پچرو ، ڕاوەستان ، گورجو ، سووكو ، ئاسان ، ووشەکان ڕێكو جوان ، هەریەکەیان ، سەرتاپا بەسەریەکەوە ، لەجێی خۆیا بنووسێت ، لەگەڵ دانانی ئەو نیشانانەدا ( Punctuation ) کە مانای ووشەی ناو ڕستەکان باشتر دەرئەخەن • (٧)

بەمپێیە ، لە چارەسەرکردنی هەموو گیروگرفتێکی ڕێنووسی

---

(٦)

William S. Gray, The Teaching of Reading and writing, Switzerland, UNESCO, 1956. PP. 45 - 49.

(٧)

Anderson, Paul s, Language skills in Elementary Education, Second edition, New York : Macmillan Publishing Co., Inc. 1972. PP. 171 - 206.

زمانەکەمانا ، پێویستە ئەو چارانە پەسند کەین کە بە شێوەیەکی باشتر خوێندنەوەو نووسین ئاسان ئەکەن •

بۆ هانینەدی ئەم مەبەستە، نووسەر ئەم بیرو باوەڕانە ئەخاتە پێش‌چاو:

١ــ هەموو کوردێك لە وولاتی عیراقا ، مناڵ بێت ، یان گەورە ، لەگەڵ زانینی خوێندنەوەو نووسیندا بە زمانەکەی خۆی ، پێویستە خوێندنەوەو نووسین بە زمانی عەرەبیش بزانێت •

وە لەبەرئەوەی خوێندنەوەو نووسینی زمانی کوردیو عەرەبی ، هەردووکیان بە یەك جۆرە پیتی تایبەتین ، بیجگە لە هەندێك جیاوازی کەم نەبێت ، وا چاکە لە دانانی ڕێنووسی کوردیدا ئەوە بخەینە بەرچاو ، کە پیتێکی وەها بەکارنەهێنین کە شێوەکەی ، یان دەنگەکەی خوێنەری کوردی عەرەبی‌زان چەواشە بکاتو سەری لێ تێك‌بدات •

وەکو ئەوەی کە ئێستا ــ کۆڕی زانیاری عیراق ــ لەسەری ئەڕوات ، کە بۆ فۆنێمی ( Phoneme ) * ، دەنگی «واوی درێژ» نیشانەی ، گرافێمی ( Grapheme )** (واوی سەردار) بەکارئەهێنیت ، لەساتێکا کە ئەو نیشانەی (سەرە ــ فەتحەیە) لە نووسینی عەرەبیدا بۆ دەنگێکی کراوە بەکار ئەهێنرێت •

---

* فۆنێم Phoneme بە بچوکترین دەنگی قسە ئەوترێت کە پێویست ئەبێت بۆ گۆڕینی واتایەك •
یان بە هەر یەکێك لەو دەنگانە ئەوترێت کە ووشەیان لێ پێك‌دێتو ، ئەبنە هۆی گۆڕینی واتاکەی •

** گرافێم Grapheme بەو تاکە ، یان چەند نیشانەیە ئەوترێت ، کە دەنگێکی فۆنێمی پێ ئەنووسرێت ، وەکو ئەوەی دوو پیتی واو (وو) بنووسرێت بۆ پیشاندانی فۆنێمی واوی درێژ • یان پیتێکی ڕێی نیشانەی حەوت لە ژێر (ڕ) بنووسرێت بۆ فۆنێمی ڕێی گەورە •

یان (کۆڕ) بۆ (فۆنیمی) یای دریژ (گرافیمی) نیشانەی یـای سەرداری وەك : (یٓ) بەکارئەهێنێت ، کە لە نووسینی زمانی عەرەبیدا ئەم (گرافیمە) (یٓ) دەنگێکی تری هەیە .

بێ گومان ئەم جۆرە جیاوازی‌یە ئەبێتە هۆی ڕامانو ، سەرلێ‌شێوانی خوێنەرو ، نایەلێت بێ بە خوێندنەوەوە بگرێتو ، خێرا واتای نوسراوەکە تێ‌بگات . کە خوێنەر لە خوێندنەوەی ووشەیەکا ئەگاتە سەر ئەم جۆرە پیتە (گرافیمە) ، لێی هەڵ‌ئەنووتێتو ڕائەمێنیت . ناتوانیت زوو بزانێت ئـەم ووشەیە عەرەبیە ، تاکو نیشانەی (فەتحەکەی) وەك : (سەر) بخوێنێتەوە یان کوردی‌یە وەك : (بۆر) بیخوێنێتەوە . بەم‌جۆرە ڕاوەستانەکانی چاوی زۆر ئەبن‌و ، خوێندنەوەکەی خاوو سست ئەبێت .

وە بۆئەوەی ئەم ڕاستیەمان فراوان‌ترو ، قوول‌تر بۆ ڕوون‌ببێتەوە ، با سەرنج لەم بیرو باوەڕانەش بدەین :

أ ــ توانای خوێندنەوە چەند جۆرە چابوکیەکە (مەهارەتێکە) کە بـە ڕاهاتنێکی جار لەدوای جاری ژێر چاودیری‌و ڕابەریدا ، پلە لەدوای پـلە ، دروست ئەبێتو ، پەرەئەسێنێتو ، لە شێوەیەکی تایبەتیدا دەق ئەگرێت .

ب ــ توانای ووشەو پیت نـاسینەوە بـە هـۆی پێوەنـدی‌یەکی (اشتراطیەوە) Conditioning ، دروست ئەبێت ، کە پیشی ئەوتریت Law of association واتا ، دەستووری جووت بوون ، یان بەندبوون ، یان پێوەندبوون ، ئەو پێوەندبوونەش بە هۆی ڕاهاتنەوە پەیدا ئەبێـت ، بە جۆرێك کە خوێنەرەکە وای لێ‌دیت کە بە بینینی ووشەکە ، یان پیتەکە ، دەنگەکەی دێتەوە بیر ، ئەو دەنگەش واتای ووشەکەی ئەهێنێتەوە یاد .

لەدواییدا وای لێ دێت ، کە وەکو لەپێشدا باسمان‌کرد ، کە هەر بـە

بینینی شێوەی ووشەکە ، ڕاستەوخۆ واتاکەی تێبگات ، بێ ئەوەی دەنگەکەی بکات بە بەڵگە •

ج ــ وە لەبەرئەوەی خوێندنەوە ، واتا زانینە ، واتا زانینیش ، بەوجۆرە باشتر دێتە دی ، کە خوو بەوەوە بگرین ، کە نووسینەکە ووشە ووشە ، پچڕ پچڕ ، نەخوێنینەوە ، بەڵکو هەموو چەند ووشەیەك ، کە واتایەکی تەواو ئەبەخشن ، بە چاوپیاخشاندنێك سەرتاپا ، بەسەر یەکەوە بۆیان بنوارین ، بەمە ئێمە ئەتوانین وەها ڕابێین ، کە بە چابوکیو خێرایی ، نووسراو بخوێنینەوە ، وە بە بینینی ووشەکان کوتوپڕ ، بە قووڵیو فراوانی، واتاکانیان تێیبگەینو کارمان تێبکەن •

بە پێچەوانەی ئەوە ، ئەگەر هاتو ئێمە وا فێربووین کە پیت پیت ، ووشەکان بخوێنینەوەو ، لێکیان بدەین ، ئنجا تیان بگەین ، ئەبینە خوێنەرێکی کوڵی سست ، کە ووشەکان پچڕ پچڕ بخوێنینەوەو ، پیانەوە بچەڕێین ، نەتوانین بەخێرایی کوتوپڕ تیان‌بگەین • (٨)

بەم جۆرە بەکارهێنانی چەشنە پیتێك ، یان نیشانەیەکیوا کە لە نووسینی کوردیدا فوتێمێکی (دەنگێکی) جیاوازی هەبێت لە فۆتێمی ئەو پیتە ، یان ئەو نیشانەیە ، کە لە نووسینی عەرەبیشدا ئێمە فێری ئەبینو پێوەرادێین ، ئەبێتە هۆی ئەوەی کە خوێنەر نووسینەکە پیت پیت ، پچڕ پچڕ، بخوێنیتەوە ، وە بە خاویو ، دوودڵیو ، ڕاوەستانێکی زۆرەوە چاوی بەسەرا بخشێنێت •

٢ ــ لەگەڵ ئەوەدا کە وەك لە پێشترا باسمان کرد نموونەی باشی لە

---

(٨) Deboer, John J. and Dallmann, Martha, The Teaching of Reading, New York : Henry Holt and Company, 1960. PP. 25, 26.

ئەلفوبێی زمانێکا ئەوەیە کە بۆ هەموو دەنگێکی جیاواز پیتێکی تایبەتی هەبێت ، بەلام لە زوربەی ئەلفوبێی زمانەکانی سەرزەمینا ئەم نموونەیەی باشیە نەهاتۆتەدی • وە کارێکی ئاسان نی‌یە ئیستا ئێمەش بتوانین ، پیتە عەرەبیەکان ، یەکجاری وا دەستکاری بکەین ، کە بەتەواوی ، پڕ بە پێستی هەموو دەنگە (فوتیمە) جیاوازەکانی گشت زاراوەکانی زمانی کوردی بسازێن‌و بگونجێن ، بێ‌ئەوەی خوێنەرەکانمان ، لە خوێندنەوەو نووسینی کوردی‌و عەرەبیدا سەریان لێ تێك‌بچێت • وەك ئەوەی خەریك بین ، وێنەیەکی جیاوازی وەك : (ێ) بۆ دەنگی (یەی درێژ) بەکاربهێنین ، بەوجۆرەی کۆری زانیاری دایناوە ، ئەو دەنگەی کە جاری‌وا هەیە دەنگدارە وەك : (بیر) ، جار جاری‌تریش نیوە دەنگدارە وەك (کانی) •

یان بێین نیشانەیەکی تایبەتی بۆ دەنگی (ژێری کورت) دابنێین ، کە بە کوردی بە «بزرۆکە» ناو ئەبرێت وە بە عەرەبیش پێی‌ئەوترێت : (الکسرة المختلسة) ، وەك : (کردن Kirdin ) • یان بێنین نیشانەیەکی تایبەتی بۆ دەنگی ö وەك : (شوێن) ، یان بۆ دەنگی ü وەك : (قوێل) کە لە هەندێك زاراوی باجەلانی‌و کرمانجی ژووروودا هەن بەکاربهێنین•(٩)

یان هەر بەوجۆرە بیر لەوە بکەینەوە کە نیشانەیەکی تایبەتی بۆ دەنگی (د)ی کلۆر دابنێین ، وەك لە ووشەی (ئەردەلان)دا هەیە •

هەندێك پیت لە زمانی کوردی‌و گەلێك زمانی‌تریشا لە دەنگێك زیاتریان هەیە ، وە جاری‌واش هەیە دوو پیت کە ئەکەونە یەك دەنگێکی تایبەتی جیاواز پێك‌دێنن ، ناوبەناویش نیمچە دەنگێکی شاراوە لە بەینی

---

(٩) ئەم نموونانە لە نووسینێکی دکتور جەمال نەبەزەوە وەرگیراوە ، کە بە ناوی (زمانی یەکگرتوی کوردی) لە ئەلمانیا ، لە سالی ١٩٧٦دا بلاوکراوەتەوە . لاپەڕە (٧٨ ــ ٩٠) .

دەنگەکانی دوو پیتا خۆی دەرئەخات ، بێ گومان کاریکی راست نی یە ئێمە خەریك بین بۆ هەموو یەکێك لەم دەنگانە پیتێك دابنێین •

زورکردنی شێوەی پیتەکانی ئەلفوبێی کوردی بەوجۆرە ، ئەبێتە هۆی خاوی و لەنگی و سەختی خویندنەوەو نووسینی کوردی ، لەجیاتی ئاسان کردنیان • چونکە ئێمە لە خوێندنەوەدا «واتا» ئەخوێنینەوە نەك « پیت » •

وە لە لایەکی تریشەوە ، وەك لەپێشەوە باسمان کرد ، ئێمە لە خوێندنەوەدا چەند ووشەیەك بە سەریەکەوە، بە شێوەو قەرینە Context ئەناسینەوەو واتاکانیان تێ ئەگەین ، بێ ئەوەی پێویست بەوە بکات کە حونجەیان بکەین ، وە فونێمەکانیان ، یەکە یەکە ، جیابکەینەوەو ، لێکیان بدەین و دەریان بڕین ، ئنجا تیان بگەین •

بەڵام لەگەڵ ئەمانەشا کاریکی زۆر پێویستە کە بۆ مەبەستی فەرهەنگ دانان ، (کۆڕی زانیاری) لیژنەیەك لە شارەزایانی فونەتیك دابنێت بۆئەوەی هەموو جۆرە دەنگەکانی ئاخاوتنی زاراوەکانی زمانی کوردی ، بزوێنەکان و کونسوناتەکان ، بە بنك و لق و چڵیانەوە ، وە بەگوێرەی گۆڕانیان بەپێی جیگاو ، تەنگ پێ هەڵچنینی دەنگی ترەوە ، دوای شی کردنەوە ، روونیان بکەنەوەو ئاشکرایان بکەن • وە بە نیشانەی تایبەتی پیشانیان بدەن ، تاکو ببنە کلیلی ئاخاوتنی ووشەکانی ناو فەرهەنگەکان •

**ئەنجام :**

بە گوێرەی ئەو بیرو باوەڕانەی باس کرا نووسەر ئەم پێش نیارانە ئەخاتە بەرچاو :

**١ــ ئەلفوبێی كوردی بە پیتی عەرەبی :**

بەمجۆرە دەقی پێ بگیرێت :

ا ، ئ ، ب ، پ ، ت ، ج ، چ ، ح ، خ ، د ، ر ، ڕ ، ز ، ژ ، س ، ش ، ع ، غ ، ف ، ڤ ، ق ، ك ، گ ، ل ، ڵ ، م ، ن ، و ، ۆ ، وو ، ه ، ە ، لا ، ڵا ، ی ، ێ .

**٢ــ واوی پێوەندی (عەطف) :**

لە بەر ئەو هۆیانەی لەپێشەوە باسمان کردن ، چاکتر وایە بۆ ئاسانی خوێندنەوەو نووسین ، کە واوی پێوەندی ، واوی (عەطف) نزیك ووشەی پێشەوەی واوەکە بنووسرێت وەك : (منو تۆ) .

وە ئەگەر واوەکە پیتی (ە)ی لەگەڵا بوو ، وەك : (وە) ئەوساکە لەبەینی ووشەی پێشەوەی‌و ، ووشەی دوای خۆی بنووسرێت ، وەك : (ئەمان وە ئەوان) بەوجۆرەی کە ئێستا پەیڕەوی ئەکرێت .

**٣ــ (ڕ) ڕێی گەورە ، ڕێی (قەڵەو) :**

لەبەر ئەو هۆیانەی لەپێشەوە باسمان کردن ، باشتر وایە ، بۆ ئاسانی خوێندنەوەو نووسین‌و ، چەواشە نەبوونی خوێنەر ، کە (ڕ)ی گەورە کڵاوەکەی لە ژێریا بێت ، وەك ئەوەی ئێستا پەیڕەوی ئەکرێت ، نەك وەك ئەوەی کۆڕی زانیاری بەتەنیا لەسەری ئەڕوات ، کە کڵاوەکە لەسەر ڕێیەکە دائەنێت‌و شێوەکەی لەگەڵ شێوەی پیتی (ژ وە ز) لە بەرچاوی خوێنەر تێکەڵاو ئەبێت . چونکە جیاوازی بەینی پیتی «ڕ» لەگەڵ ئەو دوو پیتەدا ئەوەیە ، کە «ڕ» هیچ خاڵیکی لەسەر نییە ، ئنجا ئەگەر هاتو ئێمە کڵاوێکمان خستە سەری ، ئەوا ئەمیش هەر وەك یەکێك لەوان دێتە بەرچاو .

وه لەبەرئەوەی هەموو «ڕ» ڕێ‌یەکی پێشــەوەی ووشــەی کوردی ڕێ‌یەکی گەورەیە ، هەندێك کەس وای بە باش ئەزانێت کە پێویست ناکات نیشانەی کڵاوی لەژێرا دابنرێت • ئەمەش ڕاست نی‌یە چونکی بەهۆی دانانی ئەو نیشانەیەوە ووشەکە چاکترو زووتر ئەناسرێتەوەو ئەخوێنرێتەوە ، لەسەر ئەو دەستوورەی کە ئەڵێت : ئەوانەی شێوەیان چونیــەکە ، دەنگیشیــان (ئاخاوتنیان) وەك یەك ئەبێت • (١٠)

٤ـ واوی دریــژ :

لەبەر ئەو هۆیانەی لەپێشەوە باس‌کران ، بۆ ئاسان‌کردنی خوێندنەوەو نووسین ، باشتر وایە ، واوی درێژ وەك ئێستا لای گشــت خوێنــدەواران پەیــڕەوی ئەکرێت (کۆڕی زانیاری نەبێت) ، بە دوو واو بنووسرێت نەك بە واوێکی سەردار •

هەروەها واوی درێژ ، ئەگەر لەپێشەوەی ووشەشەوە هات ، بــۆ ئاسانی خوێندنەوە ، هەر بە دوو واو بنووسرێت وەك : (ووشە ، ووتــن ، ووریــا ••) •

کۆڕی زانیاری دەربارەی ئەم‌جۆرە دەنگە وای داناوە ، کە (مەتنیق) پێویست بەوە دەکات ، کە ئەگەر پیتێك دوو دەنگ ، یان زیاتری هەبوو ، بە چوکڵە ، یان بە نیشانە ، لە یەك جیــابکرێنەوە ، نــەك بــە دوو جــار بنووسرێنەوە • (١١)

ئەمەی (کۆڕ) بۆی چووە وا نی‌یە ، چونکە نووسەرانی کورد لە زۆر

---

(١٠) محمد محمود رضوان ، تعليم القراءة للمبتدئين ، القاهرة : مكتبة مصر ، ١٩٥٨ ، ص (١٩٦) •

(١١) کۆڕی زانیاری کورد ، نامیلکەی ڕێنووسی کوردی ، بەغداد : چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، ١٩٧٦ ، لاپەڕە (٦) •

دەمێکەوە لەسەر ئەوە ڕێکەوتوون ، کە بۆ دەنگی نیشانەی سەری عەرەبی (فتحە) ، پیتی (ە) بەکاربهێنن ، وە بۆ دەنگی نیشانەی ژێری عەرەبی ( الکسرة ) ، پیتی (ی) بەکاربهێنن ، وە بۆ دەنگی نیشانەی بۆری عەرەبی ( الضمة ) واویك بەکاربهێنن •

بەپێی ئەم دەستوورە هەموو واوێکی بۆردار لەجیاتی بۆرەکەی واوێکی‌تری لەگەڵا ئەنووسرێت •

ئەگینا ئەگەر ئەمە نەکرایە باشتر وا ئەبوو کە هەر نیشانەی بۆری عەرەبییەکە بهێڵرایەوە • بەوە ووشەکان زووترو ئاسانتر ئەخوێنرانەوە لەوەی کە وەك ئێستا (کۆڕ) لەسەری سووره ، کە نیشانەی سەرێکی (فەتحەیەکی) عەرەبی لەسەر واوەکە دابنرێت ، تاکو واوەکە بە بۆردار بخوێنرێتەوە ••• بەجۆرێك کە خوێنەر لەو ووشانەدا دەنگی سەری عەرەبی (فەتحە)ی لەبیر بچێتەوەو ، ئەو سەرە بە بۆر بخوێنێتەوە •• ! بەپێچەوانەی ئەو دەستوورەی کە ئەڵێت : ئەو پیتانە ، یان ئەو نیشانانەی لە شێوەیانا چونیەکن ، ئەبێت لە دەنگیشیانا لەیەك بچن •

**٥ـ لامی قەڵەو :**

کارێکی بەجێیە ، کە وەك ئێستا پەیڕەوی ئەکرێت ، ئەم جۆرە لامە کلاوێکی لەسەر دابنرێت ، بەڵام بۆ مەبەستی چاپ‌کردن ، باشتر وایە ، کلاوەکەی لەناو بۆشاییەکەیدا بێ لەجیاتی ئەوەی لەسەر پۆپەی لامەکە دابنرێت بەوجۆرەی ئێستا پەیڕەوی ئەکرێت ، وەك : ( ڵ ، ڵ ) •

**٦ـ (ی)ی درێژ :**

بۆ ئاسان‌کردنی خوێندنەوەو نووسین ، وە کەم‌کردنەوەی ڕامانو سەرلێ‌شێوانی خوێنەر ، باشتر وایە کە (ی)ی درێژ هەر وەك خۆی

بنووسرێت ، بێ ئەوەی هیچ نیشانەی (سەر)ی لەسەر دابنرێت وەك ئەوەی ئێستا (کۆری زانیاری) لەسەری ئەڕوات ، کە بۆتە هۆی گیروگرفتێکی زۆر بۆ خوێنەری کورد •

بەگوێرەی ئەو دەستوورەی کۆڕ داینـاوە ، ئێمـە ئەبێـت لـە خوێندنەوەی نووسراوی کوردیدا نیشانەی (سەری) عەرەبی بـە (ژێـر) بخوێنینەوە ، وە لەبیرمان بچێتەوە کە دەنگی ئەو (سەرە) لـە عەرەبیـدا دەنگی (ژێرە) •

ئەمـەش کارێـکی ئاسان نیە بۆ ئەو خوێنەرەی کە لە سەرەتادا بە کوردی فێری خوێندنەوەو نووسین ئەبێتو ، ئنجا ئەچێتە سەر فێربوونی خوێندنەوەو نووسینی عەرەبی ، یان بەپێچەوانەی ئەوە ، بە عەرەبی دەست پێ ئەکات ئنجا ئەچێتە سەر کوردی ، کە شێوەی سەری عەرەبی ( فەتحە ) جارێك لە ووشەی عەرەبیدا بە (سەر) بخوێنێتەوە ، جارجاریش لە ووشەی کوردیدا بە (ژێر) بخوێنێتەوە ، بێ گومان بەمە تووشی گەلێك چەواشەبوونو سەرلێشێوان ئەبێت ، وە وای لێ دێت ، کە وەك لەپێشـەوە باسمان کرد ، هەموو ووشەیەك ، دوای ڕامان ، بە پچڕ پچڕیو خـاوی بخوێنێتـەوەو ، نەتوانێت بێن بە خوێندنەوەوە بگرێت • لەگەلێك زمانا زۆر لە پیتـەکانی هەریەکەیان گەلێك دەنگی جیاوازیان هەیە وە ئەم جیاوازیە بەپێی واتای ووشەکان لە ناو رستا بەئاسانی دەرئەکەوێتو پێی ئەزانرێت •

**٧ـ پیتی « چ » :**

زۆر جار لە نووسینی کوردیدا پیتی «چ» بەکارئەهێنرێت بۆ گەلێك مەبەست وەك ئەمانە :

ــ بۆ پرسیار وەك : (تۆ چ کارەیت ؟ )
بۆ پرسیار لەجیاتی «چی» وەك : (تۆ چ دەڵێیت ؟ )

ــ بۆ سەرسامبوون (تعجب) وەك : (ئەمە چ بلیمەتێکە ! )
ــ بۆ وەك یەكبوون ، وەك : (چ ئەم ، چ ئەو). کوڕی زانیاری بڕوای وایە ئەم پیتە هەر بە ڕووتی ، بە تەنیا بنووسرێت . (١٢)

ئەم بڕوایە لەسەر بنچینەیەکی ڕاست نی‌یە ، چونکە لە زمانی کوردیدا وەك گەلێك لە زمانەکانی‌تری وەك : عەرەبی‌و ئینگلیزی هیچ پیتێکی کونسونانت Consonant (بێ‌دەنگ) بە تەنیا ئاخاوتن ناکرێت ، لەگەڵ پیتێکی‌ترا نەبێت . لەبەرئەوە کارێکی بەجێ نی‌یە ئەگەر ئێمە پیتی (چ) بەتەنیا بەکار بهێنین بۆ ئەو جۆرە مەبەستانەی باسمان‌کردن. بەڵکو وا چاکە ، کە پیتی (ە)ی لەگەڵا بنووسین کە بە نیمچە دەنگێك لەگەڵیا بخوێنرێتەوە ، وەك : (چە ئێمە ، چە ئێوە) .

## ٨ــ شێوەی نووسینی پیشگرەکان :

لە کوردیدا هەندێك پێشگر هەن لە ووشەدا ، بۆ ئاسان‌کردنی خوێندنەوەو نووسین ، وا چاکترە کە بە پێوەلکێنراوی بنووسرێن ، وەك : ( پیکەنین ، تێپەڕبوون ، تێگەشتن ، تیگرا ، پێوەبوون ، لێدان ، لێنان،..)

بەڵام هەندێکی‌تر هەن لەو پێشگرانە ، کە بۆ ئاسان‌کردنی خوێندنەوەو نووسین ، وا باشترە لە ووشەدا بە پێوەلکێنراوی نەنووسرین ، واتا لە ووشەکەدا بەجیا بنووسرێن ، وەك : (لێ‌کوڵینەوە ، لێ‌پرسین ، لێ‌وەڕس‌بوون، پێك‌هێنان ، ژن‌هێنان ، تێ‌بینی ، لێ‌هاتن ، پێ‌ئەگات ، تێ‌ئەگات ، پێ‌ویست، بێ‌گومان ، جێ‌هیشتن ، لێ‌وەشاوە ..)

کارێکی زۆر پێ‌ویستە ، کە کۆڕی زانیاری لێژنەیەك دابنێت کە دوورو درێژ ، فراوان‌و قوڵ ، لەم بابەتە بکۆڵێتەوەو ، ئەو پێشگرانە دەست‌نیشان

---

(١٢) کۆڕی زانیاری کورد ــ سەرچاوەی پیشوو (١١) ــ لاپەڕە (٨) .

بکات که ئەبێت بە پێوەلکێنراوی ، لە ناو ووشەدا بنووسرین ، لەگەڵ ئەو پێشگرانەدا کە وا چاکترە لەناو ووشەدا بە جیا بنووسرێن •

وە ئەو باسەی کە لە بەرگی پێنجەمی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کوردا لە سالی ١٩٧٧دا دەربارەی (ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی) بلاوکراوەتەوە(١٣)، سەرەتایەکی بەجێیە بۆ دەستپێکردنی ئەم ئەرکە •

**٩ ـ برگەی (یە) لەدوای پیتی (ی) :**

بۆ ئاسانی خوێندنەوە ، وا چاکە ئەگەر برگەی (یە) بەدوای پیتی (ی)ی درێژدا ، یان بەدوای پیتی (ێ)ی کراوەدا هات، لە پاڵیا بنووسرێت، بێ ئەوەی پێوە بلکێنرێت ، وەك : (ئەم دێیە ، لێرە نییە ، ئەم شارە سلیمانییە ، ئەم کانییە ، •• )

**١٠ـ پیتی (ی) لە کۆتایی ووشەدا :**

ئەگەر (ی)ی ئیزافە ، یان وەصف هاتە سەر ئەو ووشانەی کە کوتاییان بە (ێ)ی کراوە ، یان بە (ی) درێژ دێت ، بۆ ئاسانکردنی خوێندنەوەو نوسین ، باشتر وایە ، کە ئەو (ی)یە لە کۆتایی ووشەکەدا ، بێ پێوە لکاندن بنووسرێت ، وەك : (ترێی سپی ، کانیی ئەو دێیە) نەك وەکو کۆڕی زانیاری دایناوە ، کە ئەو (ی)یە لە شێوەی یەکەما بلکێنرێت بە ووشەکەوە ، وە لە شێوەی دووەما نەنووسرێت(١٤) •

---

(١٣) کۆڕی زانیاری کورد ، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ، بەرگی پێنجەم ، بەغداد ، کۆڕی زانیاری کورد ، ١٩٧٧ ، لاپەڕە (٣٤٣ ـ ٤٢١) •

(١٤) کۆڕی زانیاری ، سەرچاوەی پێشوو (١١) ، لاپەڕە (١٦) •

**١١ــ ڕاستکردنەوەی هەندێك شێوەیتر لە ڕێنووسی کوردیدا :**

| چەوت | ڕاست |
|---|---|
| ڕادەیێکی | ڕادەیەکی |
| ژمارەیێکی | ژمارەیەکی |
| کابرایێکی | کابرایەکی |
| تێیانـدا | تێ یـاندا |
| کێیـە | کێ یـە |
| زمانناسی | زمان ناسی |
| ئەم راستییەیـان | ئەم ڕاستی یەیان |
| سێیـەم | سێ یـەم |

**١٢ــ پەسندکردنی چەند بەشێك لە بیرو باوەڕەکانی کۆڕی زانیاری کورد :**

بیرو باوەڕەکانی کۆڕی زانیاری کورد دەربارەی شێوەی نووسینی ئەمانەی خوارەوە بەجێیەو پێویستە پەیڕەوی بکرێت :

- ووشەو ناوی بێگانە .
- ووشەی داتاشراو .
- ووشەی (ئەم) .
- ووشەی گۆڕڕاو .
- نووسینی فیعل لەگەڵ ئەمرازی پێش خۆیدا .
- نووسینی ناو .
- ووشەی یەك واتا بەخش .
- نووسینی ئاوەڵناوی وەك : تر ، کە ...
- ئەمرازی (تفضیل) .
- ئەمرازی (دا) وە (را) . (١٥)

(١٥) کۆڕی زانیاری ، سەرچاوەی پیشوو (١١) ، لاپەڕە ٩ ــ ١٨ .

## سەرچاوەکان :

١ ــ Encyclopedia Britannica 15th ed. 1974 Ed. Chicaqo, Encyclopedia Britannica, 1974 - Vol. 1 PP. 618 - 624.

٢ ــ Ibid (1) PP. 618 - 622.

٣ ــ حامید فەرج ، **ڕێنووسی کوردی لە سەدەیەکا** ، بەغداد : کۆڕی زانیاری کورد ، ١٩٧٦ ، لاپەڕە ٥ ــ ٦ .

٤ ــ Edward B. Fry, Elementary Reading Instruction, New York : McGraw - Hill Book Co. 1977. P. 4.

٥ ــ Anonynous, Perspectives on Elementary Reading, Edited by Robert Karlin, New York : Harcourt Brace Jovanovich, Inc, 1973. P. 317.

٦ ــ William S. Gray, The Teaching of Reading and Writing, Switzerland, UNESCO, 1956. PP. 45 - 49.

٧ ــ Anderson, Pavl S, Language Skills in Elementary Education, Second edition, New York : Macmillan publishing Co. Inc. 1972. PP. 171 - 206.

٨ ــ Deboer, John J. and Dallmann, Martha, The Teaching of Reading New York : Henry Holt and Company, 1960. PP. 25, 26.

٩ ــ دکتور جەمال نەبەز ، **زمانی یەکگرتوی کوردی** ، ئەلمانیا ــ بەرلین ١٩٧٦ ، لاپەڕە ٧٨ ــ ٩٠ .

١٠- محمد محمود رضوان ، **تعليم القراءة للمبتدئين** ، القاهرة : مكتبة مصر ، ١٩٥٨ ، ص ١٩٦ .

١١- کۆڕی زانیاری کورد ، **نامیلکەی ڕێنووسی کوردی** ، بەغداد : چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، ١٩٧٦ ، لاپەڕە ٦ .

١٢- کۆڕی زانیاری کورد ـ سەرچاوەی پێشوو (١١) لاپەڕە ٨ .

١٣- کۆڕی زانیاری کورد ، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی ، **گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد** ، بەرگی پێنجەم . بەغداد ـ کۆڕی زانیاری کورد ، ١٩٧٧، لاپەڕە ٣٤٣ ـ ٤٢١ .

١٤- کۆڕی زانیاری ، سەرچاوەی پێشوو (١١) لاپەڕە ١٦ .

١٥- کۆڕی زانیاری ، سەرچاوەی پێشوو (١١) لاپەڕە ٩ ـ ١٩ .

* * *

بنکەی ژین

# گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردیو شێوەی چارکردنیان

نووسینی : شاکر فتاح أحمد

## پێشەکی

زانایانو ڕۆشنبیرانی کورد لەپێش هەموو نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامدا خەمی ڕێنووسی زمانەکەی خۆیان خواردووە ، کە لەو گیروگرفتانەی هاتبوونە بەردەمی ڕزگاری بکەن • لەناو کوردەکانی یەکێتیی سۆڤیاتو تورکیاو سووری‌یەدا پیتی لاتینی‌یان پەسەند کرد بۆ زمانی کوردیو بردیانەسەر • بەڵام لە کوردستانی عیراقدا هەرچەندە سێ جور پیتی لاتینی‌یان داهێنا بۆ ڕێنووسی کوردیو نووسراویشیان پێ چاپکرد ، بەڵام بۆیان نەچووەسەر • هەرچی کوردستانی ئێران بوو هیچ جووڵەیەکی لەمجۆرەی تێدا ڕوونەدا • ئەوەی سەرنج دەدرێ لاتینی‌یەکانی یەکێتیی سۆڤیاتو تورکیاو سووری‌یە یەك ناگرنەوە • بەڵام هی تورکیاو سووری‌یە لە یەکترەوە نزیکترن • لاتینی‌یەکانی عیراقیش دیسانەوە یەك ناگرنەوە • هۆی ئەمەیش ئەوەیە هەریەکە لەسەر بنچینەیەك دایمەزراندووە وەك ڕینووسی ئینگلیزیو فەرەنسزیو ڕووسی • یاخود لەسەر بنچینەی هەموویان دایمەزراندووە • جا لەبارێکدا ، ڕۆژی لە ڕۆژان هەڵێك هەڵبکەوێو نووسینی کوردی بکرێت بە لاتینی پێویستە لەناو کۆگرەیەکی

گرنگدا ئەو لاتینییانە بکرێن بە یەك ، تا خوێنـدەوارانی کورد سەریـان لێ نەشێوێ‌و ناچاریش نەبن لەجیاتیی یەك شێوە لاتینی پێنج جۆرە شێوەی لاتینی فێربن • بەناوبانگەکانی ئەوانەی لەم مەیدانـەدا خەبـاتیان کردووە ئەمانەن : [محمد زکی ، محمد باشقە ، توفیق وەهبی ، حـاجی جونـدی ، کامەران عالی بەدرخان ، جمال نەبەز ، گیوی موکریانی] •ئەمانە هەرچەندە هەریەکەیان ، کەم‌و زۆر ، کەم‌و کووڕیی هێشتۆتەوە ، چارەی نەکردووە، بەڵام بەجۆرێکی تێکڕایی هەموویان ئەوپەڕی ڕەنج‌و تەقەلایانداوە بـۆ پوختە نووسینی زمانی کوردی ، کە لەسەر هەموومانە ئەوپەڕی سوپاس‌و ڕێزو خۆشەویستییان پێشکەش بکەین • لەڕاستیدا ئێمە دەتوانین لەسەر دەستی لیژنەیەکی شارەزاو دڵسۆزو کارامەدا چەشنی هەنگ کە لە ئـاوی گوڵە جوان‌و بۆنخۆشەکان هەنگوین دوروست دەکات ، ئێمەیش لە بەری ڕەنجی ئەو زاناو ڕۆشنبیرە بەڕێزانەمان ڕێنووسێکی یەکگرتووی کوردیی ڕەسەن‌و تەواو بەرهەم بهێنین •

زمانی کوردی ، کە یەکێکە لە زمانە ئارییە نەژادەکان‌و لە بنچینـەدا شان بەشانی زمانە هەرە پێشکەوتووەکانی ئارییەکان دەوەستێ ، بە تیپی لاتینی نەبێ ، جوان‌و دوروست‌و ئاسان‌و ڕەوان نانووسرێت • تەنانـەت زاناو ڕۆشنبیرانی عەرەبیش خۆیان ، گەلێکیان بیروباوەڕی خۆیان لەبابەت گۆڕینی ڕێنووسی عەرەبییەوە بە لاتینی دەربڕیوە • ئـەوان هەرچـەندە پیاوانی ئایین لە بەردەمیاندا بوون بە کۆسپ‌و ئەوەیان بۆ نەچووە سـەر ، بەڵام توانییان ڕینووسەکەیان لەدەست سەرو بۆرو ژێرو هەڵـکشاوی‌و داکشاوی‌و زەنەو گەلێك نیشانەی بزوێنی‌ترو نەبزوێنی‌تر ڕزگار بکەن ، وەك لە ڕینووسی نووسراوو ڕۆژنامەو کۆڤارەکانی ئیمڕۆیاندا دەبینـین • تەنیا قورئان ماوە ، ئەم ڕێنووسە تازەیەیان تێدا بەکارنەهێنابێ • ئیتر هـەر شتێك دەنووسن لەو ئەرك‌و هەراسانییەی پێشوو خۆیان ڕزگار دەکەن •

( ف ـ ٨ )

بەلام ڕۆشن‌بیرانو زانایانی کورد ، زووتر لەوانو زۆرتر لەوان خۆیان خەریك‌کرد بە چارەسەرکردنی گیروگرفتــەکانی ڕینــووسی زمانــەکەی خۆیانەوە • هۆی ئەمەیش ئەوەبوو پێویست بوو گەلێك پیتو گەلێــك نیشانەی تازەو گەلێك دەستووری نوێ بۆ ڕینووسی کوردی دابنـێن ، تا نووسینی کوردی بە ئاسانتر بنووسرێو بە ئاسانتریش بخوێندرێتەوە • لەئەنجامی هەوڵو تەقەلای ئەو زاناو ڕۆشنبیرانەدا ئەم پیتو نیشانــەو بابەتانە داهاتنو کەوتنە ناوەوەو ، ئەم بڕیارانەیش درا :

[١] : پیتی [پ ، چ ، ژ ، ڤ ، گ ، ڵ ، ۆ ، وو ، ێ ، ي ؛ ڕ ؛ ئا•••] خرانە سەر ئەلفوبێی کوردی •

[٢] : پیــتی [ ث ، ح ، ع ، غ ، ق ، ط ، ظ ، ص ، ض ، ذ ] لــە ئەلفبای کوردی دەرهاوێژران ، چونکە نەك هەر زمانی کوردی هەموو زمانە ئاری‌یەکان ئەو پیتانە بەزاریاندا خۆش‌نایەت •

[٣] : لەبریتی سەر پیتی (ه) ، لەبریتی بۆر پیتی (و) ، لەبریتی ژێر پیــتی (ی) دانرا • بۆ (ڕێی گەورە)و (لام)ی قەڵەوو (واو)ی کراوەیش نیشانەی حەوت دانرا بەژێریەوە ، یاخود بەسەریەوە • واوی درێژیش کرا بە دوو واو یاخود بە (ۆ)ی کشتەکدار• بۆ پیتی (ی)ی قووڵیش دوو (ی) ، یاخود (ێ)ی کشتەکدار ، یاخود (ي)ی خاڵدار دانرا •

[٤] : بۆ پیتی [دالی خوراو] دالێکی خاڵدار دانرا • خاڵەکە لەژێر دالەکەدا دادەنرێ • وەك (بەغدا) • بەلام ئەم جۆرە دالە لەلایەن نووسەرانەوە پەیڕەوی نــەکرا •

[٥] : بۆ پیتی [واوی قووڵ]یش (واوێکی خاڵدار) دانرا کە خاڵــەکە لەژێر واوەکەدا دادەنرێ • ئەمجۆرە واوەیش پەیڕەوی نەکرا •

[٦] : هەروەها [واوی کشتەکدار]و [یێی کشتەکدار]یش کە کـۆڕی زانیاری داینابوو ، لەگەڵ نیشانەی [ ٧ ] بەســەر [ر] وە لەلایــەن خوێندەوارانەوە پەسەندنەکرا •

جا ئێمە دەتوانین لە بیروباوەڕو بڕیاری [کۆڕی زانیاری کورد]و ئەو مامۆستا بەڕێزانەی کە خەباتی مەردانەیان کردووە بـۆ چـارەسەر کردنی گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی وەك : [سعید صدقیو توفیق وەهبیو نوری علی أمینو ابراهیم امین باڵدارو جگەرخوینو شێخ محمدی خاڵو علاءالدین سجادیو پاکیزە رفیق حلمیو نەسرین فخریو مسعود محمـدو محمد امین هەورامیو رؤف آلانیو محمد صالح سعیدو کریـم زەنـدو گەلێکیتر ئەلفبایەکی پوختەو ڕێكوپێك دوروستبکەینو بڕیاریشی لەسەر بدەین ، بەجۆرێکیوا کە لەلایەن هەموو زاناو ڕۆشنبیرێکی تێگەیشتووەوە پەسەندبێو پەیڕەوی بکرێ • چونکە ئەوانە دەتوانم بڵـێم هەموویـان چاوەسەری تەواوی گیروگرفتەکانی ڕێنووسەکەمانیان کردووە • ئەوەندە هەیە لە هەندێ بابەتدا بیروباوەڕیان جیاوازە لە یەکتری • ئەوەیـش بـە دەنگدانی ئێمە چارە دەکرێ • بەمبۆنەیەوە بە پێویستی دەزانـم ڕێـزو خۆشەویستیی خۆمان پێشکەشی ئەو زاناو ڕۆشنبیرانەیشمان بکەین •

## [١] : گیروگرفتی نووسینی دەنگەکان

**[ أ ] ـ ئەوانەی نیشانەدارن ( بزوێنو نەبزوێن) :**

ئەو پیتە بزوێنانەی نیشانەدارن بریتـین لە (واو = و)و (یێ = ی) • هەرچی پیتی واوە ، بۆ واوی کراوە نیشانەیەکی (٧ = حەوت) دانراوە • بۆ واوی درێژیـش (دوو واو = وو) یاخـود (واوی کشتـەکدار = ۆ) دانراوە • بەلای منەوە (دوو واو)ەکە باشترە لـە (واوی کشتەکدار)ەکە •

هەرچی دوو واوەکەیە دەمێکە پێیەوە ڕاهاتووین • بەڵام وای کشتەکدارەکە هەم لە نووسیندا ناشیرینە ، هەم بەئەرکیشە ، هەم دەمانگێڕێتەوە بۆ (سەر = فتحە ) کە دەمێکە خۆمان لە دەستی ڕزگار کردووە •

هەرچی پیتی (ی)یە ، بۆ (ی)ی کراوە نیشانەی (٧) دانراوە • ئەمە بەجێیەو دەمێکیشە پێوەی ڕاهاتووین • بەڵام بۆ (ی)ی درێژ کشتەك دانراوە بەسەر (ی)یەکەوە • هەندێکیش دوو (ی) بەکاردەهێنن • هەندێکیش تەنیا چوکڵەیەکی بێخاڵ بەکاردەهێنن • بەلای منەوە ، بۆ (ی)ی درێژی دوای ووشە (یێیەکی خاڵدار = ي) دابنرێ کە خاڵەکان بکەونە ژێر (ی)یەکەوە باشترە • هەروەها دوو خاڵیش لەژێر (ی)ی ناوەڕاستی ووشەدا دابنێین باشترە • جا بۆئەمەی (ی)ی کورتی بێنیشان لە (ی)ی درێژ جیابکرێتەوە ، وا بە باش دەزانم (ی) کورتەکە دووخاڵەکەی یەك لەژێر یەکدا بێ • ئەمە ئەگەر لە ناوەڕاستدا بێ • خۆ ئەگەر لەدوای ووشەیشدا بێ ئەوە خاڵی هیچ پێویست نیە •

نموونە بۆ (ی)ی کورت کە کەوتبێتە دوای ووشەوە :

باوکی نازدار ، خاکی کوردستان ، نوخشەی میوە •

نموونە بۆ (ی)ی کورت کە کەوتبێتە ناوەڕاستی ووشەوە :

بیلبیلەی چاو ، شینکە ، سپیندار ، شیڤشینگ •

نموونە بۆ (ی)ی درێژ کە کەوتبێتە دوای ووشە یاخود ناوەڕاستی ووشەوە :

شیری ، پیری ، بارگیر ، شیرین ، درین ، سەرین ، لەڕی •

نموونە بۆ (ی)ی کراوە کە کەوتبێتە دوای ووشە یاخود ناوەڕاستی ووشەوە :

ترێ ، بێره ، هەرمێ ، مێو •

(ی)ی کشتەکدار نووسینەکەی بەئەرکیشەو ناشیرینیشەو سەریش لەپیاو تێکدەدات • لەبەرئەوە هەروەك لەسەرەوە پیشانمدا گەلێك جوانترو ئاسانترە بۆ نووسین کە (ی)ی خاڵدار بەکاربهێنین •

ئەو پیتانەیش کە نەبزوێن‌و نیشانەدارن بریتین لە [ڕێ = ڕ]و (لام = ڵ) • بۆ پیتی (ڕێی گەورە = ڕ) حەوت دانراوە • ئەم نیشانەی (٧)ە لەژێرەوە دابنرێ لەڕووی هونەرییەوە جوانترە لەوەی لەسەرەوە دابنرێ وەك : ڕەگ ، کەڕ ، کڕین •

بۆ پیتی (لامی قەڵەو = ڵ)یش نیشانەی (٧)یان داناوە بەسەر لامەکەوە• هەندێکیش خاڵێکیان داناوە ، یاخود سێ خاڵیان داناوە بەسەر لامەکەوە • بەلای منەوە یەك خاڵ بەسەر لامەکەوە بێ لە (٧)ی سەر لامەکە کە پێیەوە ڕاهاتووین چاکترە ، چونکە جوانتریشەو ئەرکیشی کەمترە •

**[ب] : ئەوانەی پیتیان بۆ دانەنراوە •**

تەنیا مامۆستای بەڕێز توفیق وەهبی لە ساڵی ١٩٢٨دا بۆ پیتی (دالی خوارو) خاڵێکی لەژێر دالەکەدا دانابوو • ئەمجۆرە دالە هەر لە ناوچەی سلێمانیدا باوە ، لەبەرئەوە پەیڕەوی نەکرا • لاموایە لێی بگەڕێین چاکترە•

هەروەها مامۆستا توفیق وەهبی خاڵێکی دانابوو لەژێر (واوی قووڵ)دا• ئەم جۆرە واوە لەناو کوردەکانی بادیناندا‌و لە بەشی شارەزووری ناوچەی سلێمانیدا بەکاردەهێنرێ • لای زوربەی کوردەواری عیراق بەکارناهێنرێ • لاموایە ئەگەر واز لەمجۆرە واوەیش بهێنین چاکترە ، چونکە هەروەك کوردی بادینان بە [واوی قووڵ] دەیخوێننەوە ، کوردی سۆران وەك [واوی

درێژ] دەیخوێننەوە. جا ئەگەر بە دوو (واو) بنووسرێ، هەرلایە دەتوانێ وەك خۆی دەیەوێ بیخوێنێتەوە •

[ مامۆستا سعید صدقی ] کە یەکەم دەستووری زمانی کوردی ئەو چاپی کرد ، دەیگوت نیوە بزوێنێك هەیە وەك (ژێر = کسرە)یکی کورت وایە • بۆ ئەم نیوە بزوێنە وامان بە باشتر زانی کە هیچ پیتێك دانەنێین • ئەمە لەم ووشانەدا دەردەکەوێ وەك [ برنج ، درنج ، بڕ ، دڕ ] • لێرەدا نیوە بزوێنەکە کەوتووەتە ناوەند (ب)و (ڕ)و ، (د)و (ڕ)وە • جا لەبەرئەوەی ئەم نیوە بزوێنە یەکجار بچووکەو بزوێنی تەواو نیە ، بەلای منەوە هیچ پیتێکی بۆ دانەنرێ باشترە •

مامۆستا (توفیق وەهبی) پێشنیازیوا کردبوو (ی)ی بۆ دابنرێ •

(حامد فرج) پێشنیازی وا کردبوو (چوکلە)ی بۆ دابنرێ • بەلام ئەم دوو پێشنیازە سەر لە خوێندەوار تێكدەدەن • لەبەرئەوە هەر لەسەر قسەکەی مامۆستا (سعید صدقی) بڕۆین چاکترە •

**[ ج ] : پلەی دەنگە بزوێنەکانی (و)و (ی) :**

✽ : پیتی (و) چوار پلەی هەیە :

(١) : «واوی کورت» کە بۆری عەرەبی دەگرێتەوە • وەك :

[کوڕ ، خوڕ ، کورت ، کورد] • ئەمە بە یەك واو دەنووسرێ •

(٢) : «واوی درێژ» وەك : [کووڕ ، پوور ، دوور] • ئەمە بە دوو واو دەنووسرێ •

(٣) : «واوی قوول» کە لەوە ئەچێ (و)و (ی) بێ • ئەم واوە خاڵێك لەژێریدا دادەنرێ • بەلام ئەم جۆرە واوە وەك لەسەرەوە لێی دووایین

هەر لەلایەن بەشێکی کەمی کوردەواری‌یەوە بەکاردەهێنرێ • بەشە گەورەکەی کوردەواری وەك (واوی درێژ) دەیخوێنێتەوە • لە بەرئەوە نەبوونی چاکترە لە بوونی • واتا هەر بە دوو واو بنووسرێ باشترە •

(٤) : «واوی کراوە» ، وەك : [بۆر ، چۆڕ ، خۆر] •

ئەم واوە نیشانەی (٧)ی لەسەر دادەنرێ •

* : پیتی (ی) سێ پلەی هەیە :

(١) : (یێی کورت) کە ژێری عەرەبی دەگرێتەوە • وەك : دل (ی) زامدار ، خۆر (ی) بەهار • ئەم جۆرە (ی)یە هەر بە سادەیی دەنووسرێ • ئەمە ئەگەر کەوتە دوای ووشەوە • بەلام ئەگەر کەوتە ناوەڕاستی ووشەوە ، وەك : [بیلبیلە ، پیلکە ، چیلکە ، تیتیلەو ببیلە] دوو خاڵی سەرەوژێر (:) لەژێر (یێ)یەکەدا دادەنرێ • ئەمەیش بۆیە وا پێشنیازم کردووە کە لە (یێی درێژ)ی جیا بکەمەوە ، کە دەبێ خاڵەکانی ئەو (یێ)یە تەخت دابنرێن لەژێر (یێ)یەکەدا ، چ (یێ)ی دوای ووشە بێ ، چ (یێی ناوەڕاست) •

(٢) : (یێی درێژ) ، وەك : (پیر ، تیر ، پەري ، دڕي) •

بۆ ئەم‌جۆرە (یێ)یە تەنیا دوو خاڵی تەخت لەژێر پیتەکەدا دادەنرێ •

(٣) : (یێی کراوە) ، وەك : (مێ ، تێر ، پێرار) •

لێرەدا نیشانەیەکی (٧) لەسەر (ی)یەکە دادەنرێ •

بەم‌پێ‌یە هەروەك لەمەوپێش گوتمان نە (واوی درێژ) کشتەکی پێویستە ، وەك [کۆڕی زانیاری‌ی کورد] داینناوە ، نە (یێی درێژ) • چونکە

بێجگە لە ناشیرینی‌یان ، لە نووسینیشدا سەر لە خوێندەوار تێك‌دەدەن • هەروەها بەرەوپاشیش دەمانگێڕنەوە بۆ سەردەمی (سەر)و (بۆر)و (ژێر) کە خۆمان لەدەستیان ڕزگار کردووە •

* : پیتی «ھ» ، یەك پلەی هەیە : ئەویش ئەوەتا بکەوێتە ناوەڕاستی ووشە ، یاخود دوای ووشەوە • وەك : (بەفر ، تەڕە) • لێرەدا «هێ»یەکە جێگای سەری عەرەبی دەگرێتەوە •

* : پێویست ناکات بیڵێم ئەم سێ پیتە : (و)و (ی)و (ھ) ، بێجگە لەوەی لە ڕێزمانی کوردی‌دا کراونەتە پیتی بزوێن‌و جێگای سەرو بۆرو ژێری عەرەبی‌یان گرتۆتەوە ، هەروەها وەك پیتی نەبزوێنیش بەکاردەهێنرێن، چ بکەونە سەرەتای ووشە ، یان ناوەڕاستی ووشە ، یان دوایی‌ی ووشەوە ، وەك لەم وێنانەدا دیارە :

هەور = لێرەدا (ھ)ی یەکەم پیتی نەبزوێنە • (ھ)ی ناوەڕاست (ھ)ی بزوێنە •

یاری = لێرەدا (ی)ی یەکەم پیتی نەبزوێنە • (ي)ی دوایی پیتی بزوێنە •

ورد = لێرەدا (و)ەکە نەبزوێنە •

کوردۆ = لێرەدا (و)ی دوایی بزوێنە • (و)ی یەکەم نەبزوێنە •

دەوار = لێرەدا (و)ەکە نەبزوێنە •

**[ د ] : دوو دەنگەکان (دیفتۆنگەکان) : (وێ)و (نگ) :**

(١) : دوو دەنگەی (وێ) : وەك : (کوێ ، توێ ، شوێن) • لەپاش لێکۆڵینەوەو لێوردبوونەوە بۆم دەرکەوت کە پێویست ناکات ئەم

(وێ)یە بە پیتێکی تایبەتیی سەربەخۆ دابنێین ، چونکە خۆی لە دوو پیت دوروستبووە : (و)و (ێ) • هەموو دەمێکیش بەو جۆرە بنووسرێت ، بەوجۆرە دەخوێندرێتەوە • بێجگە لەوە کە سەرنج لە شێوە زمانەکانی کوردی دەدەین ، ئەو ووشانە جوێ جوێ دەخوێننەوە• بۆ وێنە : (خوێن) لە ناوچەی خۆشناوەتیدا (خوین) دەخوێندرێتەوە • لە هەندێ جێگای تریشدا (خین) دەخوێندرێتەوە •

(٢) : دوو دەنگەی (نگ) ، وەك : (بەنگ ، تەنگ ، گەنگ) • ئەمیش پێویست ناکات بە پیتێکی تایبەتیی سەربەخۆی دابنێین ، چونکە خۆی لە دوو پیت دوروست بووە : (ن)و (گ) • هەردەمێکیش وەها بنووسرێت بەوجۆرە دەخوێندرێتەوە • لە ناوچەی سلێمانیدا هیوا هەن (پەسەند) بە (پەسەنگ) دەخوێننەوە • (بەند) بە (بەنگ) دەخوێننەوە • ئەمەیش پێویستە بە ڕاستیيەکەی بنووسرێو بخوێندرێتەوە • واتا بگوترێ : (پەسەند) نەك (پەسەنگ) ، (بەند) نەك (بەنگ) • لەگەڵ ئەمەیشدا ووشانیوا هەن کە پاشوویان بە (نگ) دامەزرابێ • وەك : (نەهەنگ ، گزنگ ، پرشنگ ، گرنگ) • جا هەروەکو گوتم نە بۆ (نگ) پێویستە پیتێکی تایبەتیی سەربەخۆ دابنێین ، نە بۆ (وێ) • چونکە هەردووکیان لە دوو پیتیوا دوروستبوون کە هەموو دەمێك بەشێوەیەکی ئاسایی دەخوێندرێنەوە• لێرەدا پێویستە دەریبخەم کە لە ناوچەی سلێمانیدا پیتی (گاف)ەکە ناخوێننەوە • کەچی لە شوێنەکانیتری کوردستاندا دەیخوێننەوە •

✱ : سەرنجمداوە لە ناوچەی سلێمانیدا ئەو پیتی (دال)انەی دەکەونە سەرەتای (کردار = فعل)ەوە ، وەك [دەکەم ، دەخۆم ، دەمنووسی] ، دەگۆڕرێنو دەکرێن بە پیتی (ئە) • پێویستە (دە) بنووسین نەك (ئە)•

چونکە زوربەی کوردەواری (دە) دەڵـێن ، نـەك (ئـە) • لەنـاو عەرەبیشدا (جیم) دەکەن بە (ی)و (ق) دەکەن بە (أ) ، بـەڵام لـە نووسیندا هەر پیتە ڕاستەکان واتا (ج)و (ق) دەنووسرێن •

## [٢] : گیروگرفتی ووشەی سادەو داڕێژراو

**[ أ ] : ناوی عەرەبی :**

پێویستە ناوە عەرەبی‌یەکان بە ڕێنووسی کوردی بنووسرێن • لە هەموو زمانە پێشکەوتووەکانی جیهانیشدا ، هەر زمانە ناوی بێگانە بە ڕێنووسی خۆی دەنووسێ • ئەمەیش لەبەرئەوەیە ئێمە هەر ناوی عەرەبیمان نایەتـە بەردەم ، ناوی بێگانەکانیشمان دێتە بەردەم • لەمەیشدا ئەو کەڵکەی تێدا هەیە کە منداڵەکانمان سەریان لێ تێك ناچێ ، خۆیشمان هەروەها سەرمان لێ تێك‌ناچێ ، هەر ناوێ کوردی بێ‌و کوردی نەبێ ، هەر بە ڕێنووسـی کوردی دەینووسن ، وەك :

( موحەممەد = محمد ) ، ( ئەسکەندەر = اسكندر ) ، ( عەبدوڵلا = عبدالله ) •

**[ب] : پێشگرو پاشگری «بێ‌ناسین»و «کۆ» :**

لە زمانی کوردی‌دا پێشگرو پاشگری (بێ‌ناسین)و (کۆ) ، ئەگەر بلوێ، بەکار یاخود بە چاوگەوە دەنووسێنرێت • لە هەندێ زمانی بێگانانا ، وەك زمانی ئینگلیزی ، هەندێ‌جار کشتەکێ : ( ـ ) دەخرێتە نێوان پێشگرو چاوگەکەوە ، یاخود پاشگرو چاوگەکەوە • لام‌وایە ڕێگای یەکەم بگریـن بۆ زمانی کوردی چاکترە • لێرەدا وەك سەرنجم‌داوە لە نووسینی ووشەیەکی کوردیدا جارێك یاخود چەند جارێك پیتەکان لە یەکتر جیادەبنەوە ، واتـا ناتوانرێ پێکەوە بنووسێنرین • ئەمەیش سەبـارەت بەوەیـە سـوروشتی

ڕێنووسی کوردی وایە کە هەندێك لە پیتەکان لەو ووشەدا ناتوانرێ پێکەوە بنووسێنرێن • چونکە ئەمجۆرە پیتانەیان تێدەکەوێ وەك [ ە ، و ، ی ، ڕ ، ز ، ژ ] کە سوروشتیان وەهایە پیتەکانی ووشەکە دەپچڕن لـە یـەکتری • بەمبۆنەیەوە حـەزدەکەم دەریبخـەم کـە لەلایـەن هەندێـك زانـاو ڕۆشنبیرەکانمانەوە هەوڵی ئەوە دراوە کە نووسینی کوردی وەك لاتینیی چاپکراو ، بە پیتی پێکەوە نەنووسراو ، جێبـەجێ بـکرێ • تەنانـەت هەندێك پیتی تازەیشیان بۆ ئەم مەبەستە داهێناوە • [م• ص• ئازیزی] لە کۆڤاری [ ڕۆژی کورد ]دا لە ساڵی ١٩١٣دا لەمبابەتەوە بیروباوەڕی خۆی دەربڕیوە [١] • هەروەها مەلا کاکە حەمەیش لـە سـاڵەکانی بیستـەکانو سییەکاندا جۆرە ئەلفبایەکی تایبەتیی بۆ زمانی کوردی بۆ ئەم مەبەستە داهێناوە [٢] • لەڕاستیدا پیتی پێکەوە نەنووسراو ، لە چاپەمەنیی لاتینیدا خوێندنەوەی ، بۆ مرۆڤ تەواو خۆشو ئاسان کردووە • منیش ئەم قسەیەم بۆیەکا هێنایەوە ، کە ئەمەندە لە ئەندازە بەدەر ، خۆمان ماندوو نەکەین بـە نووساندنی پێشـگرو پاشـگرەوە ، بـە کار (فعل)ەکـان یاخـود بـە (چاوگ)ەکانەوە• چۆن ئاسانو سووكو ڕەوان هاتە پێشەوەو خوێندرایەوە بام وەها بنووسرێت • بۆوێنە هەندێك دەڵێن دەبـێ : کاری داڕێـژراوی [تێهەڵکێشان] وا بنووسرێت : [تێهەڵکێشان] منیـش دەڵێـم ئەگـەر کەرتەکانی (کار = فعل)ەکە جیاجیا بنووسرێن گەلێك ئاسانتـرو جوانترو بە کەڵكتره • چونکە لەبەر ئەو هۆیانەی کە لە سەرەوە پیشـانمدا ئێـمە ناتوانین هەموو پیتێك لە ووشەدا پێکەوە بنووسێنین کەواتە لە نووسینی ئەم جۆرە (کار = فعل)ە داڕێژراوەدا چۆن ئەوەمان بۆ دەچێتەسەر ؟! ••

---

(١) ل ١١ ، ڕێنووسی کوردی ــ حامید فەرەج ، ١٩٧٦ ، لە چاپکراوەکانی کۆڕ •

(٢) [مەلا کاکە حەمە] ــ شاکر فتاح ، ١٩٧٢ ، لە چاپکراوەکانی پرۆژەی خوێندەواری کورد •

به واتایەکی‌تر دەبێ لەم‌ڕووەوە ئامانجمان هەر ئەمانە بێ نووسینی سووک‌و ئاسان‌و ڕەوان‌و جوان‌و بەکەڵك ، تا لە خوێندنەوەیشیدا بە خۆشی‌و ئاسانی‌یەوە بخوێندرێتەوە •

## [٣] : ووشەی ناسادە

**[ ا ] : دیاردەی داتاشین‌و قووتدانی هەندێ دەنگ :**

لەم‌ڕووەوە زمانی کوردی دەستێکی هەیە لە داتاشین‌و قووتدانی هەندێ دەنگدا • کە ئەنجامەکەی بەوە دەگات ناوێکی نوێ‌و ئاسان‌و ڕەوان‌و ئێسك سووك دێتە گۆڕێ • وەك :

| | | |
|---|---|---|
| زانست کۆکەرەوە | بووەتە | زانکۆ (الجامعة) |
| خوێندن جێگە | = | خوێندگە (المدرسة) |
| خوێندن کار | = | خوێندکار (طالب العلم) |
| خاوەن کار | = | خونکار (الملك) |
| فێرکردن کار | = | فێرکار (المعلم) |
| فێرکردن گاە | = | فێرگە (المدرسة) |
| فرمان جێگا | = | فرمانگە (الدائرة) |

ئەمەیش هونەرمەندی‌و دڵتەڕی‌ی دەوێ کە دەبێ ووشە داتاشراوەکە هەم سووك‌و ئاسان بێ لەسەر زمان ، هەم پڕواتاو جوانیش بێ‌و ، سازو ئاوازەکەیشی بەگوێ‌ی مرۆڤ خۆش بێ • جا هەرچی ئەمانەن دەبێ چۆن دەگوترێن وا بنووسرێن •

* : هەروەك سەرەنجم‌داوە لە ناوچەی سلێمانی‌دا هەندێ پیت کە بکەونە ناوەڕاست‌و دوایی‌ی ووشەوە ، قووت دەدرێن ، یاخود بە

شێوەیەکی ناتەواو دەردەبڕرێن ، وەك پیتی ( دال ) لە ووشەی ( بەغداد ) دا ، کە دەڵێن (بەغدا)و (دال)ەکەی دوایشی دەخۆنو ، وەك ووشەی (پەسەند) ، کە وەك (پەسەنگ) دەیخوێننەوە ، بەلاّم تەنانەت پیتی (گاف)ەکەیش بە نیوەخوراوی دەردەبڕن • جا هەروەك لەوەپێش گوتم پێویستە لە نووسیندا پیتە ڕاستەکان بنووسرێن ، واتا بنوسرێ (بەغداد) نەك (بەغدا) هەروەها بنووسری (پەسەند) نەك (پەسەنگ) •

**[ب] : گیروگرفتی نووسینی ژمارەکان لە (۱۱)ەوە تا (۱۹) :**

بام سەیرێکی ژمارەکان بکەین

۱۱ = یانزە ، کە دەبوو بگوترایە : [یەك‌و دە] •
۱۲ = دوانزە ، کە دەبوو بگوترایە : [دوو و دە] •
۱۳ = سیانزە ، کە دەبوو بگوترایە : [سێ‌و دە] •
۱٤ = چواردە ، کە دەبوو بگوترایە : [چوارو دە] •
۱٥ = پانزە ، کە دەبوو بگوترایە : [پێنج‌و دە] •
۱٦ = شانزە ، کە دەبوو بگوترایە : [شەش‌و دە] •
۱۷ = حەڤدە ، کە دەبوو بگوترایە : [حەوت‌و دە] •
۱۸ = هەژدە ، کە دەبوو بگوترایە : [هەشت‌و دە] •
۱۹ = نۆزدە ، کە دەبوو بگوترایە : [نۆو دە] •

سەیر ئەوە لە هەندێ تیرەو خێڵی ناو کوردستانـدا وەکو پێشنیازم کردووە وادەڵێن • جاریوا هەیە بە (۱۸) دەڵێن (هەشت‌و دە) ، جاری وایش هەیە دەڵێن [دە]و [هەشت] هەروەها بۆ ژمارەکانی تریش • بۆوێنە بە [٦٦] دەڵێن [شەش] جـار [دە]و [٦] •

جا لێرەدا وەك سەرنج دەدەم ژمارەکان هەر یەکەیان لە (١١)ەوە تـا (١٩) لە دوو ژمارە پێك‌هاتوون :

لە ژمارە (١)ەوە تا ژمارە (٩) لەگەڵ ژمارە (١٠)دا دەخوێندرێنەوە واتا ژمارەی (١٠) لە هەموویاندا دووبارە بۆتەوە وەك لە ژمارەکانی (١٤)و (١٧)و (١٨)و (١٩)دا دیارە ، ژمارە (١٠) بەتەواوەتی دەخوێندرێتەوە • کەچی لـە ژمـارەکانی (١١)و (١٢)و (١٣)و (١٥)و (١٦)دا پیـتی (دالـی دەیـەکە) ناخوێندرێتەوە • لەجیاتی‌ی ئەو پێنج پیتی بێگانەی هاتۆتە سەر ، واتـا : (ی)و ( أ )و (ن)و (ز)و (ە) کە دەکاتە (یازە) •

هەروەها پێویست وابوو لەناوەند ژمارە بچووکەکانو ژمارەی (١٠)دا پیتێکی (واو) هەبووایە کەچی لە هیچ ژمارەیەکیاندا ئەو پیتی (واو)ە نیە • واتا لەجیاتی‌ی (١١) بگوترایە (یەك‌و دە) ، لەجیاتی‌ی (١٢) بگوترایە (دوو و دە)، لەجیاتی‌ی (١٩) بگوترایە (٩)و (١٠)• کە سەیری واتاکانی ئەم ژمارانەیش دەکەیت، واتا لە (١١)ەوە تا (١٩) لەڕاستی‌دا لە ڕاستی لایان‌داوە ، چونکە (حەڤدە) کە ڕاستی‌یەکەی دەبێ (حەوت‌و دە) بێ ، دەکاتە (حەفتا = ٧٠) ، نەك (حەوت‌و دە)•بێجگەلەوە بۆ (هەژدە)یش دەبوو بگوترایە (هەشت‌و دە)• بەواتایەکی‌تر پیتی (ش)ەکە کراوە بە پیتی (ژ) ، واتـاکەیشی لەڕاستیـدا (هەشتا) دەگرێتەوە نەك (هەشت‌و دە) •

ئەی باسی (حەوت‌و دە) بۆ نەکەین کە (حەوت) کراوە بـە (حەڤ) ؟ واتـاکەی ئەمیش لەڕاستیدا ( حەفتا ) دەگرێتەوە ، نەك ( حەوت‌و دە ) • ئەوی سەرنجی منی ڕاکێشاوە زۆربەی کوردەکانی ئێرانو تورکیاو عیراق وەك شێوەی ئێمە نالێین (یازە)و (دوازە)و (سیازە) • دەڵـێن (یازدە) ، (دوازدە) ، (سیازدە) ، کە لەمەدا لەگەڵ زمانی فارسی‌دا تـەواو لە یـەك دەکەن • بەڵام فارسەکان بیانوویان هەیە بڵـێن (یـازدە) کە بنچینـەکەی

بریتی‌یە لە (یەك ئەز دە) ، واتا (یەكو دە) • بەڵام ئێمە چ بیانوویەكمان هەیە بڵێین (یانزە) • بە هەموو ڕەنگ من وام دێتە پێش چاو کە ئەم جۆرە ژمارانە داتاشینەکەیان بە هیچ جۆرێك پینە ناكرێ • دوور نیە لە بنچینەدا کە هەموو ئاری‌یەکان پێکەوە بوونو لە سەرەتای ژیانی خێڵەکی‌دا بوون ئەم‌جۆرە دارشتنە و قووت‌دانی دەنگەو داتاشینە پێك‌هاتبێ ، چونکە سازو ئاوازی ئەم چەند ژمارەیەو ناسازی‌یان لەگەڵ تێگەیشتن‌دا ، لە زمانەکانی ئینگلیزی‌و فەرەنسزی‌یشدا بەئاشکرا دەبینرێ ، بێجگە لە فارسی ، بە واتایەکی‌تر دوروست‌بوونی ژمارەکان لە (١١)ەوە هەتا (١٩) لەسەر هیچ دەستوورێك ڕێك‌ناکەوێ •• لەبەرئەوە وا پێویست‌دەکات چۆن دەگوترێن وا بنووسرێن •

## [٤]: گیروگرفتی نووسینی کردار لەگەڵ ڕاناو لەڕووی پێکەوە نووسانو پێکەوە نەنووسانەوە

ڕاناوەکان (الضمائر) دوو جۆرن :

(١) : ڕاناوی جوێ (الضمائر المنفصلة) • وەك : من ، تۆ ، ئەو ، ئێمە ، ئێوە ، ئەوان •

ئەمانە هیچ‌کامێکیان پێویست نیە بە کردار (فعل)ەکانەوە بنووسێنرێن• وەك : من خواردم ، تۆ خواردت ، ئەو خواردی •

(٢) : ڕاناوی پێوە نووسێنراو (الضمائر المتصلة) • وەك : (م ، ت ، ی • مان ، تان ، یان ) • ئەمانە دەبێ بە کردارەکانەوە بنووسێنرێن • وەك: خواردم ، خواردت ، خواردی ، خواردمان ، خواردتان ، خواردیان • ئیتر لێرەدا هیچ گیروگرفتێك نەما •

## [٥] : گیروگرفتی ئامڕازە لێکدەرەکان
## ( حروف العطف )

هەموودەم ئامڕازە لێکدەرەکان بە جیا دەنووسرێن وەك :

(دار) و (پەردوو) •

(شێرکۆ) لەگەڵ (ئازاد)دا دێ •

لەم ڕستانەدا (و)و (لەگەڵ) کە ئامڕازی لێکدەرن بە جیا دەنووسرێن•

## [٦] : گیروگرفتی چۆنێتیی نووسینی ووشە لێکدراوەکان لەبارەی پێکەوە نووساندنو نەنووساندنەوە

بەپێی چێژکەی کوردەواری لە نووسیندا ووشە لێکدراوەکان بەتەنشت یەکەوە دەنووسرێن ، وەك : بەردەڕەش •

لێرەدا (بەرد)و (ڕەش) کە پیتێکی (ە)یان کەوتۆتە ناوەندەوە بەتەنشت یەکەوە دەنووسرێن • هەروەها لە واژەی [پەلکەزێڕینە]دا ووشەی (پەلك)و ووشەی (زێڕین) کە بە هەر یەکەیانەوە (ە)یەك نووسێنراوە بەتەنشت یەکەوە دەنووسرێن •

نووساندنو نەنووساندن ، هەریەکەیان یەك مەرجی هەیە • ئەویش ئەوەتا ئەو پێکەوە نووسانە ، یاخود ئەو پێکەوە نەنووسانە خوێندنەوەو نووسین بۆ خوێندەوارەکە ئاسان بکات ، نەك سەری لێ تێكبدات • لە نووسینی هەموو ووشەیەکیشدا هەر دەبێ ئامانجمان ئەوە بێت خوێندەوار بەئاسانی بینووسێت ، بەئاسانیش بیخوێنێتەوە • وەك (دارتاش • فیلەگێژە•

کون کون • زانکۆ • چوارتا ) • لەم ووشانەدا کە هەموویان لێکدراون ، ووشەکان بەتەنشت یەکەوە نووسراون • خوێنەدواریش بەئاسانی دەیاننووسێت‌و بەئاسانی‌یش دەیانخوێنێتەوەو سەری لێ تێك ناچێ •

## [٧] : گیروگرفتی دانانی نیشانەکان

**پیتی ( و ) :**

(١) : نیشانەی (٧) کە بۆ (واوی کراوە) دانراوەو لەسەر کەللەی (و)ەکە دەنووسرێ لەجێی خۆیەتی •

(٢) : بەلاّم نیشانەی ( ــ ) کشتەك بخرێتە سەر واو بۆئەمەی ببێتە (واوی درێژ ) لەجێی خۆیدا نیە • چونکە ئێمە دەمانەوی لە سەرو ژێرو بۆر رزگارمان بێ • تازە بچینەوە سەری ؟ تەنانەت عەرەبەکان خۆیشیان وازیان لەم سەرو بۆرو ژێرە هێناوە • ئیتر ئێمە بۆچ بچینەوە سەری • بام هەروەك لەمەوپێش بە (دوو واو) نووسیومانەو پێیەوە ڕاهاتووین، هەروا لەسەری بڕۆین •

(٣) : جۆرە واوێك هەیە پێی‌دەلێن (واوی قوول) • ئەمە لە هەندێ جێگای کوردستانـدا بەکاردەهێنرێ وەك نـاوچەی ( بـادینان )و (شارەزوور) • بەلاّم زوربەی کوردەکانی عیراق وەك (واوی درێژ) دەیخوێننەوە • مامۆستای بەڕێز توفیق وەهبی خاڵێکی بۆ دانابوو لە ژێری‌دا • لام‌وایـە ئەگەر وازی‌لێ‌بهێنـین چـاکترە • چونکە ئەگەر گوێ بدەینە ئەو جۆرە کەمایەتی‌یانە دەبێ ئەم پیتانەش وەك (ص ، ط ، ظ ، ع ، غ ، دالی کلۆر ، ث ، ذ) بخەینە ئەلف‌و بێی کوردی‌یەوە• بە واتایەکی‌تر پێویستە تەماشای ئاخافتنی زوربەی کوردەواری‌یـەکە

بکەین نەك کەمایەتی یەکانیان • جا ئەگەر واوە قووڵەکە وەك واوی درێژ به (دوو واو) بنووسین‌و هەر لایە چۆنی دەوێ بیخوێنێتەوە چاکترە •

**پیتی (ی) :**

(۱) : بۆ (ی)ی کراوە نیشانەی (۷)ێك دابنرێ لەجێی خۆیدایە وەك : ( ئەسکوێ ، تێر ، تێر ، مێ ) •

(۲) : بۆ (ی)ی قووڵ ، کشتەك دانان لەسەر (ی)یەکە لەجێی خۆیــدا نیە • سەر لە پیاو تێك‌دەدات • تەنیا لەژێر (ی)یەکەدا چ لە ناوەڕاستدا بێ ، چ لەدوایی‌ی ووشەدا بێ ، دوو خاڵی تەختانی دابنرێ بەسیەتی • وەك : (پیر ، شیر ، تیر ، کاشی ، سپی ) جا بۆئەمەی (ی)ی کورت لەم (ی)ی قووڵە جیابکرێتەوە ، ئەگەر (ی)یەکە کەوتبوە دوای ووشەوە وەك ( نانی ساج ، هەڵۆی سەرشاخ ) هەرمێی شارباژێڕ ، ئــەوە هیچ خاڵی لەژێردا دانانرێ • بەڵام ئەگەر (ی)یەکە کەوتبوە سەرەتای ووشە ، یاخود ناوەڕاستی ووشەوە بــام دووخاڵــەکەی لەژێریــدا دادەنرێن ، سەرەوخــوار دانرێن ، واتــا یــەك لەژێــر یەکدابــن ، بەمجۆرە ( : ) •

**پیتی ( د ) :**

(۱) : جۆرە (دال)ێك هەیە ، لە ناوچەی سلێمانیدا تەواو نایخوێننەوە • وەك (بەغدا) ، (ددان) ، (داد) • مامۆستای گەورە (توفیق وەهبی) ؛ سەردەمێك خاڵێکی خستبووە ژێر داڵەکەوە • سەردەمێکیش خاڵێکی خستبووە سەر داڵەکەوە •

بەلای منەوە هەردوو خاڵەکە پێویست نیە • چونکە ئەم خووە هەر لە ناوچەی سلێمانیدا باوە • لە هیچ جێگایەکی‌تری کوردستاندا

باو نیە • ئێمە دەبێ چی ڕاستو دوروستەو چی هۆش پەسەندی دەکات ئەوە بنووسینو ڕێنووسەکەیشمان بەوجۆرە گەشـە پێبـکەین • لەبەرئەوە دالەکە هەروەك خۆی بنووسین چاکترە • ئەوسانە هەرکەسە چۆنی دەخوێنێتەوە بام بیخوێنێتەوە • بۆ وێنە بام ووشەی [ بەغداد ] وەك خۆی بنووسین • واتا هەر دوو پیتی دالەکەی تێدا بنووسین • هەروەها لـە ووشـەکانی (ددان) ، (داد)یشـدا هەمـوو (دال)ەکان بنووسین •

(٢) : جاریوایش هەیە لە ناوچەی سلێمانیدا (دال)ەکە قووتدەدەن • بۆ وێنە لە ووشەی (بەغداد)دا ، (دال)ی دوایی ناخوێننەوە ، هەر دەڵێن : ( بەغدا ) • بەڵام ئێمە پێویستە هەردوو دالەکە بنووسین •

(٣) : هەروەها لە ناوچەی سلێمانیدا پیتی (دال) دەگۆڕنو دەیکەن بـە پیتی (ئەلف) • وەك لەجیاتیی ئەوەی بڵـێن : (دەکـرم) ، دەڵێـن (ئەکرم) • لەجیاتیی ئەوە بڵێن (دەنووسم) ، دەڵێن : (ئەنووسم) • لێرەیشدا هەردەبێ پیتی (دال)ەکە وەك خـۆی بنـووسین ، نـابێ بیگۆڕینو بیکەین بە (ئەلف) •

پیاو بۆ خودا قسە بکات : هەر خەڵکی سلێمانی وانین ، لەناو بـرا عەرەبە کانیشماندا کەسانیوا هەن (ج) دەکەن بە (ی) • (ق) دەکەن بـە (أ) یان بـە ( گ ) ، وەك دەڵێن : (یاء) لەجیاتیی (جاء) • یاخود ( ألب ) یان (گلب) لەجیاتیی (قلب) • بەڵام دەستووری زمانی عـەرەبی گـوێ نەداتە هیچکامێکیان • ووشەکان وەك خۆیان دەنووسێ • واتا دەنووسێ : (جاء) ، دەنووسێ : (قلب) •

هەموودەم دەستوور ئەوەتا تەماشای زوربـەی زۆری نەتەوەکەمـان بکەین ، نەك کەمێکیان •

**پیتی ( ڕ ) :**

بۆ پیتی (ڕ)ی گەورە ، هەندێکیان نیشانەی (٧) دەخەنە ژێر (ر)یەکەوە هەندێکیشیان نیشانەی (٧)ەکە دەخەنەسەر (ر)یەکەوە • من ئەمجۆرەی دوایی‌یان بە جوان نازانم • چونکە جاری‌وا هەیە لە ووشەیەکدا پەڵە هەورێکی ناشیرین لەم حەوتانە بەسەر ووشەکەوە پەیدا دەبێت خۆی دەدات لە (٧٧) ، یان (٧٧٧) ، یان (٧٧٧٧) • وەك : ( تـۆر̆ ، ر̆ۆڵـە ) « ر̆ۆر̆ۆ ، چۆر̆چۆر̆ە » • کە ئەم دیمەنـانە یەجگار ناشـیرینن یەجـگار نووسـەرو خوێندەواریش وەڕس دەکەن • لەبەرئەوە نیشانـە (٧)ەکە بخرێتـە ژێـر (ر)یەکەوە جوانترو بەکەڵكتر دەبێ • واتا وا بنووسرێن : (تۆڕ ، ڕۆڵە ، ڕۆڕۆ ، چۆڕچۆڕە ) ، پەسەندترە •

**پیتی ( ڵ ) :**

* مامۆستای گەورە توفیق وەهبی بۆ لامی قەڵەو (ڵ) خاڵێکی دانابوو بۆ سەری (ل)ەکە • کەچی دوای چەندساڵێك (٧)ی بۆ دانابوو • بەلای منەوە ئەگەر وەك هی پێشووی بهێشتایەوە چاکترو ئاسانتر دەبوو • چونکە دانانی خاڵێك لەسەر لامەکە ، لەکاتی نووسینـدا ، لەوە گەلێك ئاسانترە کە نیشانەی (٧)ی لەسەر دابنرێو کەمتریش کاتی دەوێ •

* کاك (نـووری علی ئەمـین) ، (لل)و (لڵ)ی بە پیـت دانـاوە لـە (ڕێزمان)ەکەی‌دا • لاموایە پێویست ناکات هیچ‌کامێکیان بە پیتێکی سەربەخۆ دابنرێ • چونکە (لام) هەیەو لەو (لام)ە هەر دووجـۆرە (لام)ەکان پەیدابوون •

# چەنــد سەرنجێکی تر

کەواتە (ئەلفوبێی کوردی) بۆ ئیمڕۆ دەبێت لەم پیتانە پێك بێت کـە بریتین لە (٢٩) پیت :

* [ ئا ، ب ، پ ، ت ، ج ، چ ، خ ، د ، ر ، ڕ ؛ ز ؛ ژ ؛ س ؛ ش ، ف ، ڤ ، ك ، گ ، ل ، ڵ ، م ، ن ، و ؛ ۆ ؛ وو ؛ هـ ؛ ی ، ێ ، ي ] •

* پیتەکانی [ ث ، ذ ، ح ، ص ، ض ، ط ، ظ ، ق ، ع ، غ ]مـان دەرهاویشتووە • چونــکە ، هەندێکیــان لــە زوربـەی شـێوە زمانەکانماندا نەماون وەك (ث)و (ذ) • زوربەیشیان ، وەك هەشـت پیتەکەی تر بێ لە بنچینەدا لە زمانەکەماندا نەبوونو ، ڕۆژگار تێکەڵی ئەلفوبێ کەمانی کردووە •

* ئەرکی نووسینی کوردی بە پیتی عەرەبی یەجگار زۆرە • ئەو پیتانەی خاڵ یاخود نیشانەیان هەیە خۆیان دەدەن لە (٢٤) پیت • بۆ هـەر ووشەیەك دەبێ چەند جارێك دەست هەڵبگیرێ لەسەر قاقەز تا ئەو خاڵو نیشانانە دابنرێت • ووشەی وا هەیە تا دەینووسین دەبێ دە پانزە جار بەڵکو زۆرتر دەستمان لەسەر قاقـەزەکە هەڵبگرین وەك ( کیژۆڵە ، فیشەکە شێتە ، پەپوولە سلێمانکە ، چۆلەکە پاسـاری ، پێشکەش ) •

جا ئەمجۆرە نووسینە چ لەڕووی ئابووری‌یەوە ، چ لـەڕووی کاتەوە چ لەڕووی ئەرکەوە ، زۆر دەکەوێتە سەرمان • بەڵام لەبـەر هەندێ هۆی زرنگ‌کاری‌و ئـایینی کە لەئارادان ، ئێستاکە نـاتوانین (ئەلفو بێی کوردی) بە لاتینی بنووسین ، تا برا عەرەبەکانیشمـان دەکەونە سەر ئەو بیروباوەڕەو جێ‌بەجێ‌یشی دەکەن •

* هەروەکو لەسەرەوە دیمان لە زمانی کوردیدا (٢) جۆرە (ر) هەیە ، (٢) جۆرە (ل) هەیە ، (٣) جۆرە (و) هەیە ، (٣)جۆرە (ی) هەیە •

* ئامانجیشمان لە نووسیندا دەبێ هەر ئەوە بێ ، کە نووسینەکە ڕاستو دوروستو ئاسانو ڕەوان بێ چ بۆ نووسین چ بۆ خوێندنەوە •

* نابێ ئەوەیش بسڵەمێنینەوە کە ووشەیەکی کوردی هەموو پیتەکانی بەیەکەوە نەنووسێنرێن • چونکە سوروشتی ئەلفباکەمان وایە هەموودەم ووشە دەکات بە کەرتێك یاخود بە چەند کەرتێکەوە • ئەوەندە هەیە پێویستە چ لە نووسیندا چ لە چاپکردندا ووشەکان ماوەیەکی کەم لە یەکتر دوور بن تا پیتی ئەم ووشە تێکەڵ بە هی ئەو ووشە نەبێ •

ئیتر ئەمەندەو لە خودای گەورەو پاکو بێهاوتام دەوێ ڕێنووسەکەمان لە شێوەیەکی دوروستو نایابدا سەربگرێ ، تا خوێندەواریەکەمان زۆرتر پێشکەوێ •

★ ★ ★

# ڕێنڤیسینا کوردی ب تیپێت عەرەبی

صادق بهاءالدین ئامێدی

بێ گومانە کو زمانێ کوردی ، هۆزان و چیرۆك و ڕێزمان ژی ژ کەڤندا ژ سەدێ چارێ و پێنجێ مشەختی هەڤبەری دەهێ یازدێ زاینی وەرە کو ب عبدالصمد بابك یێ هەکاری یێ سالا (٣٦٢)ێ مشەختی هەڤبەری (٩٧٢ ــ ٩٧٣)ێ زاینی ، هەتا سالا (٤١٠)ێ مشەختی ، هەڤبەری (١٠١٩ ــ ١٠٢٠) زاینی ژی و هۆزان ب کوردی و عەرەبی ڤەهاندین [1] دەست پێ دکەت ، ب زارێ کرمانجی و ب تیپێت عەرەبی وەکی زمانێ فارسی یێ بێ سەر (ئە) ، جر (ئی) و بەر (ئو) ئانکو (بێ سەر و بۆر) • ڕەنگە کرمانجی ژ زارێت کوردی یێت ژرێڤە (پێشیێ) بیت کو ڕوشەنبیریا کوردی پێ هاتبە ڤیسین ، ل دوی شوینەوار و دەستنڤیسێت کوردی یێت نهو د دەستدا ، کو هۆزانڤانێت هۆزانێت کلاسیکی‌نە وەکی ، عبدالصمد بابەکی ، تەرموکی ــ تەرەماخی ــ ، جزیری ، عەلی حەریری و فەقێ تەیران ، هتد • و چیروکێت ئەلکزەندەر ژابایی سالا (١٨٦٠)ێ ل پتروگرادێ ــ لینینگرادێ چاپکرین [2] ، صرف و نحوا کوردی • تەرەماخی ، مەم و زینا سەیدایێ

---

١) ابن خلكان ، وفيات الاعيان ، الجزء الثاني .

٢) جامعی رسالیا و حکایەتان ب زمانێ کورمانجی ، اسکندر ژابا سالا (١٢٧٧)ێ مشەختی ، هەڤبەری (١٨٦٠)ێ زاینی .

خانی ، مەولیدا باتەیی و نهج الأنام یا سێرتی • دسەرێ سەدێ بیستێ چەند کتێب ل ستامبولێ وەکی مەم و زینێ چاپبون ب تیپێت عەرەبی •

پاشی شەرێ یەکێ جیهان و بەلاڤبوینا ملەتێ کورد ل چەند وەلاتێت جودا ، عیراقێ ، تورکی ، ئیرانێ ، سوریێ و ئێکەتیێیا سوڤیتی ، کوردێت عیراقێ یێت رێ دایێ ب زمانێ کوردی بنڤیسن چەند گوهورین د رێنڤیسینا بەرێ پێ دهاتە ڤیسیندا کر ، ل سەر بنگەهێ دانانا نیشانەکێ ژبو هەر دەنگەکی ژ دەنگێت تێنە زارکرن د زمانێ کوردی ل دوی ئاوایێ زمانێت ئوروپی کو نیشانەکێ ل سەر فونێمێت دو دەنگی وەکی (ل) و (ر) ژ دەنگدارا ؛ و ( وو ، ۆ ، ێ ) ژ دەنگدێران • ئانکو دانانا هندە نیشانا ژبو دەنگدێر (بزوێن) و دەنگدارا (کونسونانتان) •

ئەڤێ رێنڤیسینێ یا ژ رێڤە گەلەك گوهورین ل دوی گرفتارێت تێدا دیاربوین پاشی ب کارئینانێ و هێژ هەتا نهو ڤێ گاڤێ ژی هێژ ماینە ، ئەڤ چەندە ژی ژ جودایا دڤیسینادا دیارە یا زمانزانێت کورد یێت کو دبیر و باوەرێت خوا جودا د هندە فونێمان ، نەمازە دەنگدێرا وو یا درێژ ب دو واوان بێتە ڤیسین یان ب واوەکێ و فەتحە یان کەشیدە ل سەر ، هەر وەسا ژی (ی) یا درێژ ب دو (ی) یان بێتە ڤیسین یان (ی)ێ یەك و فەتحە ل سەر هەر وەکی ئەکادمیا کوردی یا بەرێ بریار ل سەر دای و ب کار ئینای • هەر وەسا جودایی د بیر و رایێت ڤیسەڤانێت کورددا هەیە دەرباری ژێك جوداکرنا (ر) یا زراڤ ژ (ر) یا ستویر ، گەلۆ نیشانا وەکی هژمارا هەڤتێ ل سەری بێتە دانان یان ژی ل ژێر ، ئەڤە ژبلی بێژەیێت ب دەنگێ واوا کونسونانت (دەنگدار) دەست پێ دکەن وەکی «ورد» «ورچ» «وشە» • گەلۆ (ئایا) ب واوەکێ یان دو واوان بنڤیسن و چەند گرفتاری یێت دی ، ئەگەرچی گەلەك جڤات و خڕڤەبوین بۆ نەهێلانا وان جودایا د بیر و باوەرێت زانانا هاتینە گرێدان • هەر ژبەر هندێ ژی دەزگەهێت کوردی ل عیراقێ

یەك بیر و باوەر نینن کو ل سەر رێنڤیسینەکا یەك گرتی ، گۆتار ، رۆژنامە ، کۆڤار و کتێبان پێ بەلاڤبکەن •

ژبەر ڤێ چەندێ ژی ئەڤ بانگینە جڤات (ندوة) هاتە بەستن ژ بو چارە سەرکرنا جوداییێت مایی ل ناڤبەرا ڤیسەڤانان دا •

ئەڤ رێنڤیسینا ناڤبری ، هەتا (١٩٥٨/٧/١٤)ێ شورشا تیرمەهی زرای سلێمانیێ یا سۆرانی پێ دهاتە ڤیسین و رێ نەبو ب زارێ کرمانجی بنڤیسن ئەگەرچی چو یاسا ( قانوین ) یان خو نزام ژی نینن رێ نەدەن کو هنگی و نهو ژی ب زارێ کرمانجی گۆتار ، یا کتێب رۆژنامە و کۆڤار بێنە چاپکرن و بەلاڤکرن •

پاشی شورشا تیرمەهی ، دەنگ و باس (نویچە) د رادیووا کوردی یا جومهوریەتا عیراقێ ژ رێڤە هاتنە بەلاڤکرن، پاشی گۆتنێت رۆژناما و گۆتار، کو بەری هنگی کەتکەتە گۆتار ب کرمانجی دهاتنە بەلاڤکرن •

پاشی کۆڤارا «روناهی» ب کرمانجی و سۆرانی هاتە بەلاڤکرن دگەل چەند گۆتارا د رۆژنامە و کۆڤارێت دی یێت کوردی و هژمارەکا کیم یا ڤشتان •

بەلێ پاشی بەیانناما ئادارێ یا سالا (١٩٧٠)ێ رێ پێتر ڤەبو و هژمارا ڤیسەڤانا رۆژ بۆ رۆژێ بەر پێتریڤەیە دگەل ڤشتان یێت ب زارێ کرمانجی تێنە ڤیسین • ئەو تشتێ ل بەر چاڤ ئەڤەیە کو ڤیسەڤانێت ب زارێ کرمانجی دڤیسن ، ب درستی ل سەر رینڤیسینا کوردی ب زارێ سۆرانی ناچن ، یان ژبەر نەزانینێ و ب چو نەگرتنێ یە یان ژی ژبەر جودایییا چەند دەنگێت جودا یێت د هەر دو زارێت کوردی یە کو ب هزرا من کیم کەس گوهددەنە وێ جودایێ و خەمێ ژێ دخون • ژبەر هندێ و ل سەر بریارا لیژنا بەرهەڤکرنا ڤێ بانگینە جڤاتێ (نەدوێ) دێ بیر و باوەرێت خو دەرباری

پێشکێش عەرەبی تیپێت رێنڤیسینا ب کرمانجی زارێ ب کوردی ڤیسینا
کەم ب هیڤییا یەکبوینییا رێنڤیسینێ ب زارێ کرمانجی •
دڤیسیت عەرەبی تیپێت رێنڤیسینا و کرمانجی زارێ ب ڤیسەڤانێ
گەرەك و پێتڤییە :
(١) : دڤێت ڤیسەڤان شەهرەزابن فوتێمێت زمانێ کوردی بیت ، ب
دەنگدێر (بزوێن) و دەنگدار (کونسونانت)ڤە ، ڤیسینا وان و جودابی یێت
دگەل زارێ سۆرانی بزانیت •
(٢) : دڤێت ڤیسەڤان شەهرەزا بیت ، بشێیت پارێت ئاخڤتنێ د
هەڤەکیدا : ناڤ ، هەڤالناڤ ، جهناڤ ، کرن (کار) ، هەڤالکار ، ژێدەر
(مصدر) ، پێربەست (حرف) و ئالاڤێت پێوەندی و گازیێ ژێك جودا بکەت•
ئەڤ شەهرەزایە ژ بو ژێك جوداکرنا پارێت ئاخڤتنێ دهەڤەکی (رستەی —
جملەی )دا گەرەك و پێتڤییە ژ بو راست ڤیسنێ • ژ بەرکو راست نینە
پارێت ئاخڤتنێ دهەڤەکیدا پێکڤە بێن ڤیسین ، ئانکو ناڤ ، هەڤالناڤ ،
جهناڤ ، کرن و پارێت دی ژی دهەڤەکیدا جودا بن • بو نمونە : ئەز ئەڤرو
ل ناڤ رەزی بوم • د ڤی هەڤەکیدا ، (ئەز) جهناڤە ، کارایە دڤێ جودا بیت ،
ئەڤرو ، هەڤالکارێ دەمییە ، (ل) پێربەستە ، ناڤ ، جهێ لێ بوینێ یێ
رەزییە ، (بوم) کارە (فعلە) • هەر وەکی وی : تو ب وی نینی ، هەکە تو
وەسا دسەردا نەدچوی • ئەڤ بێژەیێت د ڤی هەڤەکی ژیدا دڤێت هەمی
جودا بێنە ڤیسین ، کو : (تو) جودا (ب) جودا (وی) جودا (نینی) جودا
(هەکە) جودا (وەسا) جودا ، (د) جودا (سەردا) جودا و ( دچوی) جودا •
دڤی هەڤەکی (رستەی)دا : ئەرێ دێ کەنگی تە ب تنێ بینم ؟ دڤێت هەر
بێژەیەك : ئەرێ ، دێ ، کەنگی ، تە ، ب ، تنێ ، بینم ، پاشی نیشانا پرسیارێ
ب جارەکێ جودا بنڤیسن ، چو ب چو دیڤە نەهێتە ڤیسین • پارێت ئاخڤتنێ

ژی وەکی ناڤی ، هەڤالناڤی ، کرنێ (کاری) ، ژێـدەری و هەڤـالکاری ب خوڕی (سادەیی) و لێکدایی و گەلەك لێکدایی یا کرنان دڤێت بێنە زانـین داکو ناڤێ لێکدایی ژ ناڤێ خوڕی بێتە جوداکرن • خوری ب تنێ بنڤیسیت و لێکدایی ب پێکڤە تڤیسین وەك : سەر ، دەست ، مال ، بزن ، مەسین ناڤێت خوڕینە ؛ ڤیسینا وان ساناهییە ، بەلێ : سەرخڕ ، سەربار ، سەربـان ، دەستمال ، دەستدرێژ ، مالمەزن ، مالبات ، مالخوێ ، ناڤێت لێکداییە دڤێت پێکڤە بێنە ڤیسین ، هەر وەسا ژی هەڤالناڤێت نـاڤی وەکی بەژنـزراڤ ، رویتژی ، چاڤرەش ، گەپەرستویر ، زەریکوبار ، گەردەنگێل ، ئەنیپان هتد• دڤێت پێکڤە بێنە ڤیسین ، هەکە ئەهێنە لێکدان ژی گەلەك ێزیك ب رخڤە بێنە دانان • هەروەکی وان ، ناڤێت ژ ناڤەکی و رهاکرنێ (رەگی کار) وەکی : نانپێژ ، پنیدۆز ، ناندەم دڤێت دیسا پێکڤە بێنە ڤیســین و هزرا نـاڤێت پاشپرت (پاشگر) ب سەرڤە تێنە بەردان وەك (ینی) : برایینی ، دوستینی ، (انی) ژنانی ، مێرانی کابانی ، خزمانی بێتە کرن • جهناڤ دکرمانجیدا هەرێ جودایە د هەڤەکی (رستەی)دا ب چو جۆر و ئاوایـا (حالـەتا) وەکی زارێ سۆرانی ، نە ب ناڤیڤە وەکی دەستم ، کوڕت ، باوکی ، بەلێ دڤێت بێـژی دەستێ من ، کوڕی تە، بابێ وی • هەر وەسا ژی ب کرنێ (فعلێ)ڤە ناهێتە بەستن وەکی سۆرانی : خواردم ، خواردت ، دەتبینم ، دەمینی ، بەلێ دڤێت بێژی : من خار ، تە خار (خوار) ، دێ تەبینم ، دێ من بینی • هەر وەسا ژی دگەل پێربەستێ (حەرفێ) یا کورت بوی ، وەك : پێمدا ، لێمخوارد ، بەلێ دڤێت بێژی : من داڤ وی ، یان ب کورتبوینی : من داڤێ ، من ژ وی (وێ) خار • یان ب کورتبوینی : من ژێ خار • دمینن نیشانێت ب سەر کەساڤـە تێنە بەردان کو ل نك هندە کەسان جهناڤێت پێڤە نویسیایی (لکاو)نە ، وەکی (ئم) یا ب سەر کەسێ یەکێ یەکینی ڤەیە : وەك : ئەز دبم • و (یی) یـا ب سەر کەسێ دوێ ڤەیە : وەك : تو دبی • (ئە) یا (ئت) یا ب سەر کەسێ سێ

نەدیارڤەیە : وەك : ئەو دبە ، ب کرمانجی‌یا بۆتان ، یان : ئەو دبت • ب کرمانجی بەهدینا و ئن یا ب سەر پرینی ڤەیە (کۆ) ، وەك : ئەم دبن ، هوین دبن • ئەو دبن• گرۆڤێ کو ئەو هەر چار نیشانێ ب دویماهی‌یا کەسان ڤەنە بوینا جهناڤێ کەسی ب ئەشکەرایی ل پێشی‌یا هەڤکی‌یە و کارایە (فاعلە) ژی•

کرن (کار) ژی دیسان ب خوڕی (سادە) وەك : ژ ژێدەرێ هاتن — هات ، مان — ما ، دان — دا ، ڤیسین — ڤیسی ؛ و ب دارژتی (مشتق) : داهاتن — داهات ، راهاتن — راهات ، هەلهاتن — هەلهات • ڤەمان — ڤەما ، دامان — داما • ڤەدان — ڤەدا ، دادان — دادا ، رادان — رادا هتد • یان ژێدان — ژێدا ، لێدان — لێدا هتد • یان ژی کرنا لێکدایی یان گەلەك لێکدایی وەکی هشیاربون ، سویار کرن ، هویکرن ، کومکرن دبتە هشیار بو ، سیارکر و هویکر • ماتێ چون — ماتێ چو • پێ لێنان — پێ لێنا توی تێدان — توی تێدا • کرێت دارژتی ب من وەرە پێشپرت ب کرنا خوڕی‌ڤە بێتە ڤیسین وەك : هەلاڤێتن — هەلاڤێژتن ، ژ بنیاتێ خو ژ (هەل هاڤێتن — هەل هاڤێژتنە) ، هەلوەشاندن — هەلوەشاند • بەلێ دکرێت گەلەك لێکدایی وەکی ما تێ چون ، درستە جودا بێنە ڤیسین و درستە ژی (ما) جودا و تێچۆن جودا بێنە ڤیسین •

ڤیسەڤان ژبلی هندێ ژی دڤێت نیشانێت دەمێت کرنێ (کاتەکانی کار) ، (د) ژ بو دەمێ نهو و (دێ) ژ بو دەمێ پاشی و (ب) یا ئیحتمالی بزانیت درست بنڤیسیت ، (د) جودا ژ رها کرنێ و نیشانا کەسی : وەك : ئەز د چم • و (دێ) ژی هەر وەسا : ئەز دێ چم • و ئحتمالی ئەز بچم (ب) ب رهاکرنێ و نیشانا کەسی‌ڤە • هەر وەسا ژی د پارێت دی ێیت ئاخفتنێ کو ژێدەر (چاوگ) و پێربەست (حەرف) و پێوەند و ئالاڤێت گازیکرنێ • ب من وەرە ئەڤ لایێت ژ رێزمانێ هاتینە دەست نیشانکرن گەلەك ب راست ڤیسنێ‌ڤە بەندن •

ئەڤ رێنڤیسینا نهو ل کار (ب کاردێت) بێ گومان بزاڤ و کوشش ژ بو هاتینە کرن کو زمانێ کوردی زارێ سلێمانیێ پێ بێتە ڤیسین ب درستی ، ژبەر هندێ ژ رێنڤیسینا کوردی ب تیپێت لاتینی کو کرمانجی ژ دەرڤەی عیراقێ و ئیرانێ پێ تێنە ڤیسین جودایە • ئەڤ جودایە ژی دڤێ چەندێ دایە کو زمانێ کوردی ب تێکرایی پێ تێنە ڤیسین ، بەروڤاژی رێنڤسینا ب تیپێت عەرەبی یا جهێ پێ ئاخفتنامە • رامان و پەژن ئانکو مەبەست ژ ڤێ دەست نیشانکرنێ ژی ئەو نینە کانێ کی ژ هەر دو رێنڤیسینا باشترە ، ژبەرکو جهێ پێ ئاخفتنا مە نینە ، نەژی ئارمانجا بانگینە جڤاتێ (نەدوێ)یە • بەلێ رامان و پەژن ژێ ئەڤەیە زمانزانێت کورد ل عیراقێ ئەڤ رێنفیسینە بۆ زارێ سلێمانیێ ب تنێ یان ژی سۆرانی دانایە کو پێ بێتە ڤیسین ، هەر ژبەر هندێ ژی چەند لایێت کێم ب هزرا من تێدا هەنە دێ دەست نیشانکەم کو دکێمن :

١ــ نەبوینا نیشانان بو چەند دەنگدێران (بزوێن) یێت کو دکرمانجیدا هەنە : وەك :

(ا) (وی ــ ü ) : زمانزانێت کورد ل عراقێ هزرا ڤێ دەنگدێرێ (بزوینێ) نەکرییە کو نەهەر دکرمانجیدا هەیە ، بەلێ دزارێ لوڕی ژیدا دیسا ل کارە • ئەڤ کێماتییە د دەنگێت دەنگدێرێت د رێنڤیسینا کوردی ل عراقێ هندە ئەندامێت ئەکادمیا کوردی ــ کۆڕی زانیاری کورد ــ یا بەرێ د سالا (١٩٧١)ێ ل دوی زانینا من باوەری پێ ئینا ، بەلێ دەمێ هندە نیشانێت نوی ژ بو (وو) واوا درێژ و (یی) ییا درێژ بریار ل سەر دای و دارژتن ئەڤ دەنگدێرە پشت گوهڤە هاڤێت •

ئەڤ دەنگدێرە ئەگەرچی ب هزرا من ژ ڤەژینا (بۆژانەوە) دەنگێ (وو)یا درێژە کو ب دو واوان تێنە ڤیسین وەکی : (سوور) ، (دوور) ،

(شوون) ، گووز) ، (خوون) • ئەڤ دەنگێ (وو) یا درێژ دگەلەك پێژەیاندا ب کرمانجی‌یا بەهدینا و هەکاری ، موشێ و زارێ لوڕی ب (وی) یا د هندە زمانێت ئوروپی‌دا وەکی فرەنسی و ئەلمانی تیتـــە زارکرن وەك : سویر ، کویر ، دویر ، دوی ، سوی ، موی ، خەزویر ، خەسوی ، هتد • ئـــەڤ واوا درێژ ب زارێ سلێمانیێ و چار رەخێت وێ دبتە (وێ) وەك : سوێر ، شوێن ، خوێن ، کوێخا هتد • ئەڤ دەنگێ (وێ) چونکی دزارێ سلێمانیێ‌دا یە ، نیشانا جودا ژ (وو) یا درژ ژ بو هاتیە دانان • بەلێ (وی) پشت گوهڤە هاڤێتی‌یە • ئەز ئێکبوم ژ وان یێت کو من هزر کری ئەز چەوا بنڤیســـم ، ژ ریڤە هاتە هزرا من کو ب واوەکێ (و) بنڤیسم و فەتحەکێ ل سەر بکەم ب ڤی جۆرەیی (ۆ) • بەلێ پاشی ئەکادمیا کوردی ژ بو ڤیسینێ ل شوینا دو واوان بریاردایی و دارژتی ، من ئەڤ دەنگە ـــ دفتونگە ـــ ب (وی) ژبـــنێ گوهی دانا و هەتا نهو ژی ئەز ب کار دئینم • ژبەر ڤێ یەکێ پێشنیازا مـــن یا یەکێ دانانا نیشانەکێ ژ بو (وی)یە •

«ب» ( ئـــ ــــ i ) : ئەڤ دەنگدێرە ب زمانێ عەرەبی ب نـــاڤێ الکسرة المختلسة ، ب ناڤ دکەن • ئەڤ دەنگدێرە د کرمانجی‌دا ئێکجـــار زۆرە• هەر چار پێربەستێت خوری د کرمانجی‌دا دویماهی ب ڤێ دەنگدێرێ نە، کو ئەڤەنە : ب ، د ، ژ ، ل ، ژبلی کورتکرن یێت ئێکجار زۆر د دەنگێ دەنگدارا (ن)دا بوین چ نیشان یان بێژە وەك : من ، جهناڤێ کەسێ یەکێ یەکینی د جوینا دوێ یا جهناڤێت کەسی دکرمانجی‌دا نەمازە د فولکلوری‌دا دبتە (م) ب زارنەکرنا (ن) • ژبلی دویماهی‌یا گەلەك کرێت دهەڤەکی‌دا • بو نموونە : ئەز دبم • (دەبیەم) • تو دبی • (دەبیەیت) • ئەو دبت ـــ دبە • (دەبیات) • ئەم د بن • دەبیەین هتد • ئەڤە ژ بلی گەلەك پێژەیێت ژ ڤـــێ دەنگدێرێ تێدا • وەك پلمپسك Pilimpisk دفنبلنـــد Dinnbilind خـــدك Khidik •

ئەڤ دەنگدێرە د رێنڤیسینا کوردی دا گرفتاریەکە هەتا نهو نەهاتیە چارە سەرکرن • ئەکادمیا کوردی یا بەرێ فەتحەك (کەشیدە) ل سەر واوێ دانـا کو ببتە شوینا واوا درێژ و دارژت ژی ، بەلێ ئەڤ دەنگدێرە وەکی خـو هێلا • ئەز نزانم بۆچی نەهاتە هزرا وان کو هەر وێ نیشانێ ل بن (ژێر) دەنگداران (کونسوناننان) وەکی ، کەسرا زمانێ عەرەبی دانـن نەمـازە (خاسما) : وەك : ب ، د ، ژ ، ل ، چ ، یان ژی ل ناڤبەرا دو دەنگداران یا پێتر وەك : من ، ژن ، بن ، کن ، نك ، کل ، دل ، شل هتد • ئەڤـە ژ لایەکیڤە ، ژ لایەکێ دژیڤە ، هەمی تیپ عەرەبی‌نە ، نیشـان ژ زمـانێت ئۆروپی وەکی هژمارا (٧)ێ و (٨)ێ ل سەر تیپێت عەرەبی بێنە دانان ژ بو دەست نیشانکرنا دەنگان ، بۆچی نیشانێت عەرەبی خاسما (کەسرة) ل ژێـر تیپان ناهێنە دانان ژ بو چارەسەرکرنا ڤێ دەنگدێرێ ؟

٢ ــ نەبونـا نیشانـان ژ بـو فونێمێـت کونسونـەنتێـت دو دەنـگی د زارێ کرمـانجی نەمـازە کرمـانجی‌یـا بەهدینـا وەکـی ، ك ، ز ، ت • د رێنڤیسینـا نهـو ب کـار دێـت و نەبونـا نیشانـان ژ بـو ڤـان دەنگدێـران ، بـێ گومـان ، ژ بـەر کێمبـویـن یان نەبونا وانە د زارێ سلێمانیێ یان سۆرانی‌دایە • گرۆڤ ژی ئەڤەیە، دەنگدارا «ل» یا دو دەنگی ، نیشانەکا خومالی ژ بو دەنگێ ستویر (قەلەو) هاتیە دانان کو ژ (ل) یا سرشتی بێتە جوداکرن ، ئەگەرچی د زارێ سۆرانی‌دا (ڵ) یـا قەلەو د هند زارێت خوجە بێت سۆرانی وەکی زارێ هەڤلێرێ ب زراڤی تێتە زارکرن ، و د هندە زارێت دی‌دا وەکی زارێ کویێ ب دەنگێ (ر) یا زراڤ • وەك : «ماڵ» : ب زارێ سلێمانیێ دبتە «مال» ب زارێ هەڤلێرێ و دبتـە «مار» ب زارێ کویێ و خوشناو • هەر وەکی وێ : خاڵ ــ خال ، خار • بەلێ زارێ سلێمانیێ ، زارێ خویندن و ڤیسینێ ب (ڵ) تێتە زارکرن ، ئەو کریە بنیات کو ب هزرا من هەکە ب «ل» یا سرشتی بیت هەرێك ل دوی

زاریٚ خوجە زاربکەت دیٚ کیٚم سەر گیٚژی تر بیت • وەکی زمانیٚ فرەنسی کو دەنگیٚ «ر» ل پاریسیٚ ب «غ» د خوینن و لاییٚ ژیٚری فرەنسای ب (ر) یا سرشتی ، هەر نیشانەکا (ر) هەیە ب تنیٚ • دمینت ئەو چەند بیٚژەییٚت ب دەنگیٚ ستویر و زراڤ مەعنا بیتە گوهورین کو ب هزرا من دهەڤەکیدا مەعنا وان دیار دبیت ، یان ژی بیٚنە دەست نیشانـکرن کو نەراسـت ریٚـزانن ( بیژۆکن ) •

دەنگیٚ (ر) ژ دەنگیٚ (ل) جودایە ژبەرکو زاریٚت کوردی ب تیٚکرایی ل دوی زانینا من (ر) یا ستویر و زراڤ تیٚدا هەیە ، ژ بەر هنـدیٚ ژیٚـک جوداکرنا وان ب نیشان پیٚتڤییە •

د زاریٚ کرمانجیدا دەنگدارا (ڵ) وەکی (ر) فونیٚمەکا دو دەنگییە • ب سرشتی و ب گڤاشتن د چەند بیٚژەیاندا تیٚنە زارکرن و مەعنا وان جودایە وەك : کەر ، کو نیڤەکا تشتییە • کەریٚ پورتەقالیٚ ئانکو نیڤا ویٚ • کەریٚ نانی ، ئانکو نیڤەکا نانی • کەریٚ سیڤیٚ • کو ب زرایٚ سۆرانی (کەرت)ە • «کەر» کو ناڤیٚ گوهدریٚژییە یێ کار و باریٚت مرۆڤی ب سەریٚکڤە تینت • ئەڤ هەر دو بیٚژەنە ب زارکرنا دەنگیٚ (ڵ) ژیٚك تیٚنە جوداکرن • هەر وەسا: کەل : ب مەعنا گەرمییا نومرا ویٚ دگەهتە (١٠٠)یٚ سانتگراد و ویٚڤەتـر وەك : ئاڤا کەل من ل سەریٚ خو کر • من ئاسنیٚ کەل پیٚڤەنا • «کەڵ» ب مەعنا کەلات • وەك : کەلا ئامیٚدییٚ • کەلا هەولـیٚریٚ • (کەڵ) ب مەعنـا جانەوەرا پیٚتڤی جانەوەریٚ نیٚر ، ژبو گولیٚنیٚ وەك : چیٚلا کەل ، یا گو گا ب دویڤە • ئەڤ بیٚژەیە ب زارکرنا دەنگیٚ (ڵ) مەعنا ویٚ جودا دبت •

دەنگیٚ (ز) د زاریٚ کرمانجیدا نەمازە کرمانجییا بەهدینا دیسا فونیٚمەکا دو دەنگییە :

(۱) دەنگێ (ز) یێ گەلەمپەری (سرشتی) وەك : زڤر ، زراڤ ، زر ، بەز ، گەز ، هتد •

(۲) دەنگێ (ز) ب ستویری وەکی دەنگێ «ظ» د زمانێ عەرەبیدا وەك : بەز ، پەز ، بەزاڤ ، زاڤا ، زانا هتد •

دەنگێ (ز) د (بەز)دا کو ب سۆرانی پیوە ، ژ دەنگێ ، بەز — بەزین ب مەعنا ب بەز چۆن جودایە ، بەلێ هەر دو وەکی ئێك تێنە ڤیسین •

ئەڤ دەنگە ب ستویری د چەند بێژەیاندا ب تنێ د زارێ سلێمانیێدا هەیە وەك : زۆیا ، زۆر ، زۆردار ، بەلێ چو نیشان ژبو نەهاتینە دانان •

دەنگێ «ت» دیسا فونێمەکا دو دەنگیە نەمازە د زارێ کرمانجیدا کو ب زارکرنا گەلەمپەری (سرشتی) هەر وەکی دڤان بێژەیاندا : تەر ، تری ، ترزی ، گۆتن ، تاقوشك ، تالان ، تێنە زارکرن • هەر وەسا ژی ب دەنگێ بۆر و ستویر وەکی دەنگێ (ط) د زمانێ عەرەبیدا هەر وەکی د ڤان بێژەیاندا • تەڤ ، تۆڤ ، تف ، تاری ، وەتوف تێنە زارکرن • زارکرنا جودا د دەنگێ «ت»دا مەعنا بێژەیێ ب درستی تێنە گوهورین هەر وەکی د ڤان بێژەیاندا ئەو چەند روهن دبیت • «تا» ب مەعنا دەست پێکرنا گەلەك نەخۆشیا ب زارکرنا سرشتی یا دەنگێ «ت» ، «تا» ب مەعنا لایەك (لقەك) ژ دارێ ب زارکرنا بۆر یا دەنگێ «ت» • هەر وەسا دبێژەیا «تف» یا ب مەعنا ئاف ژ دەڤی ب هێز هاڤێتنە ، دگەل «تف» کو دەنگێ مێش و مۆرانە وەکی پێشوی ، و مێشان • تشتێ پێڤی گوتن ئەڤەیە ڤیسینا دەنگێ «ت» یێ بۆر و ستویر ب (ط) ب هزرا من راست نینە ئەگەرچی رەنگە بوینا دەنگێ بۆر و ستویر یێ (تێ) ژ کار تێکرنا زمانێ عەرەبی بیت ، کو چو بریارێت راست راست نینە بێنە دان بەری ل دوی چۆنەك و هەلشکاڤتنەکا ل سەر خو یا هویر و کویر پێڤیە بێتە کرن •

دەنگێ «س» دیسا فونیمەکا دو دەنگییە ، ب دەنگێ گەلەمپەری سرشتی وەك : ساپویتك ، بەستن ، دەست ، سویت هتد • تێتە زارکرن و ب دەنگێ ستویر و بۆر وەکی دەنگێ «ص» د زمانێ عەرەبیدا وەك : سالْ ، ساڤا ، سەد ، سە ، سامال ، سور هتد • تێتە زارکرن • ئەڤ فونیما دو دەنگی د زمانێ کوردی ب گشکی هەیە ، بەلێ دکرمانجیدا پیترە ژ سۆرانی • ئەمازە د گەل دەنگدێریت (ڤاول) دەنگ بۆر و بلند وەك (ئا) : سالْ ، سار و (ۆ) : سۆر ، سۆتن • بەلێ د زارێ سۆرانیدا کیمترە وەك : سەد ، سەگ ، شەست هتد •

ب من وەرە نڤیسینا ڤی دەنگی ب «ص» راست نینە ژبەرکو جۆرەکە ژ (س) هەتا خو د زمانێ ئنگلیزیدا د چەند بێژەیاندا ئەڤ فونیما دو دەنگی هەیـە •

ئەڤ فونیمێت دو دەنگی د ئەلفابییا کوردی سوڤیتی یا لاتینـی و روسی تێکەل هاتینە چارە سەرکرن ب دانانا نیشـانان ژبو جـوداکرنێ •
ب هزرا من هەکە هات و رێنڤیسینا کوردی ل سەر بنگەهێ دانانـا نیشانەکێ ژ بو هەر دەنگەکێ تێتە زارکرن دانن ، دڤێت هزرا دانانا نیشانان بۆ فونیمێت هاتینە دەست نیشانکرن ژ دەنگدێران ( بزوێن ) و دەنگداران ( کونسونانت ) بکەن •

دمینت نڤیسینا بێژەیێت عەرەبی و بیانی ؛ بێژەیێت بیانی چ ئنگلـیزی فرەنسی ، روسی یا ئەلمانی هتد • بن ، ب تیپێت لاتینی و رێنڤیسینا هـەر زمانەکی ژ وان تێتە نڤیسین بێ گوهورین ، هەتا خو زمانێ فارسی ژی ب رێنڤیسینا فارسی دنڤیسن • دمینت بێژەیێت عەرەبی بۆچی ب رێنڤیسینـا عەرەبی چ سەرەناڤبن (اسم علم) یـان ژی بێژەیێـت دی یێـت تـۆرێ کلاسیکی یێ کوردی یێ تژیە ژێ ؟ !

ب من وەرە وەکی زمانێت بیانی زمانێ عەرەبی ژی ب رێنڤیسینا عەرەبی بێ گوهورین نە ددەنگێت دەنگدێر نەژی د دەنگێت دەنگدار بێنە ڤیسین ، ژبەرکو ژ لایێ زانستی (علمی)ڤە ئەڤ گوهورینێت د رێنڤیسینا ل کار نهو هەمی راستنینن ، ژبلی سڤکی‌یا زارکرنێ و سپەهیتییێ ژی • نـاڤێ عەرەبی محمد ، احمد ، مصطفی ، دڤێت وەکی عەرەبی بێنە ڤیسین و زارکرن ژی ، بەلێ ناڤێ محو کو ژ عەرەبی گوهوری‌یە ، ب من وەرە کوردی‌یە ، هـەر وەکی وێ ئەحمو کوردیە ، بەلێ «احمد» عەرەبی‌یە دڤێـت ب رێنڤیسینـا عەرەبی بێنە ڤیسین و زارکرن ، ژبەرکو بەرێ بنیاتی عەرەبی‌یە کو ئەلفـا بێیە ، ب سەرڤە بەردانا تیپێت دەنگدێر ل شوینا حەرەکێت عەرەبی ژ عەرەبی نائێخێت • ژبەر هندێ ڤیسینا پێژەیا (مرصع) وەکی خو بێنە ڤیسین گەلەك راستر ، سڤکتر و سپەهیترە ژ (مورەصصەع) ، هەر وەکی وێ (مکلل) ژ موکەللەل ، منسق ژ (مونەممەق) کو کورد وەسا زارناکەن و درێژ و گران دکەن ، تشتێ ژ هەمیا دویرتر ژ راستییێ ڤیسینا کەسرا سەرێ پێژەیێ‌یە د زمانێ عەرەبی چ ب هەمزێ دەست پێ بکەت کو ب ئەلیفا درێژ تێنە ڤیسین وەکی : احسان ، انعام ، اقبال ، اقرار ، ابعاد ، ب رێنڤیسینا کوردی ئیحسان، ئینعام ، ئیقبال ، ئیقرار ، ئیبعاد تێنە ڤیسین • ب من وەرە ، نەراستـی و نەنگیەکە وەکی رۆژا نیڤرو دیارە ، کو (احسان) ببتە ئیحسان ، باشە ایمان ، ئیعاز ، هەر وەکی ب کاردێت دبتە ئیمان ، ئەڤ درێژکرن ، خو کڤاشتـن دزمانەکی ژ مانێت جیهانی‌دا هەیە ، کو تو ژ سڤکی‌یا زارکرنا دەنگان بـەر گرانکرن و درێژکرنێڤە بچی؟! ب من وەرە ئەڤە ژ هەمی دەستور و بنگەهێت زمانێت جهانی دەرکەڤتنە •

ئەڤ گوهورین یێت د کەسرا زمانێ عەرەبی‌دا بوینە ، د فەتحە و زەمادا نەبوینە • «ئە» کو هەڤبەری نیشانا (فتحة) د زمانێ عەرەبی وەکی خو مایـە دزارکرنێ‌دا ، بەلێ دڤیسنێ‌دا هەمزەیە ل سەر چوکلی و ( ە ) یا عەرەبی د

دویماهیێ ، بێژەیێ ، وەکی ئەز ، ئەم ، ئەو ، ئەڤ ، بەلێ ل نیڤا بێژەیێ بـێ هەمزەیە ل سەر چوکلی نینە و جهێ ڤینك لێ ئینانێ ئانکو رەخنەیێ نینــە • هەر وەسا ژی (ضمة) یا ل سەر دەنگدارا بویە (و) ، ئەو ل دوی کورتی ، درێژی ، بۆری و بلندی ، بویە دو (وو) ، (و) (ۆ) و هەفتەك ل ســەر • دیارە ژ رێڤە (ی) یا زمانێ عەرەبی ل جهێ کەسرێ دانایە ، گرۆڤێ ڤێ راستییێ ژی کتێبا دەستووری زمانی کوردی ، مامۆستا توفیق وهبی‌یە یا کو سالا (١٩٢٩)ی ل بەغدا چاپکری ، پاشی پشت گوهڤە هاتیە هاڤێتن •

زارێ کرمانجی ژ هندە گوفتاری یێت مایی د رێنڤیسینا کوردی‌دا کو هێژ بیر و باوەرێت ڤیسەڤانێت کورد نەئێکن دەرباری راست ڤیسینا وان ، وەکی (و) یا کونسونانت یا ل پێشی بێژەیێ وەك : ورد ، ورچ ، وشە ، ب واوەکێ یا دو واوا بێتە ڤیسین دویرە ، ژبەرکو کێم بێژە ل دوی زانینا من د کرمانجی‌دا هەنە وەك : وج ، وت ، وتێن سەرێ وان (و) بیت • هەر وەسا (ی) یا دویماهی‌یا بێژەیا بێژەیێ ژی هەر وەسا •

ئەڤ چەند بیر و باوەرەنە دەرباری ڤیسینا کرمانجی ب تیپێت عەرەبی یێت من پێشکێشی خوێندەڤانا کرین ژ سەرێ ڤیسینا من ب تیپێت عەرەبی بۆ من دیار ببون ، بەلێ چو جارا نەدهاتە هزرا من ئەز ل سەر گرفتارییێت د کەڤنە رێکا ڤیسەڤانێ کرمانجی ب تیپێت عەرەبی گۆتارەکی نە درۆژنامە یان کۆڤارادا بەلاڤکم ، نەژی د رادیووا کوردی‌دا بەلاڤکەم ، ژبەرکو ل نك من بێ گومانە کو کرمانجی ب درستی ب تیپێت عەرەبی ناهێتە ڤیسین : گرۆڤ ژی ئەڤەیە ، زانایێت عەرەب ب خو ل سەر وێ باوەرییێنە کو زمانێ عەرەبی ژی یێ ئەڤە چەند هزار سالە پێ ڤیسی ، هێژ ڤینکا لێ دگرن ، بەلێ نەشێن ژی دەستی ژ سەرمایێ ب عەرەبی هاتیە ڤیسین راکەن ب لاتینــی بنڤیسن • ژبەر هندێ ئەز ل سەر ڤێ بیر و باوەرێ مە کو زمانێ کوردی نەمازە کرمانجی ب تیپێت لاتینی نەبیت ب راستی دەنگێت وی ناهێنە ڤیسین ب تیپێت عەرەبی •

# ڕێنووسی کوردی

طاهر صادق احمد

## دەنگ‌و پیتەکانی کوردی

بەکورتی چەند تێبینی‌یەکی گرنگ دەربارەی دەنگ‌و پیتەکانی کوردی وا لەژێرەوە دەرئەبرم :

١ ـ پیتی (ص) بەلای منەوە ئەم پیتە پێوەندی بە زمانی کوردییەوە نییەو لە ریزو زنجیرەی پیتەکانی کوردی ناژمێردرێت چونکە زۆر ڕونە کە شیوازی نوسین لەسەر بنەیەکی پتەو چەسپیوە ، بەڵام شێوەی وتن هەڕەمەیە ڕاست‌و ڕەشۆکی گوتن تێکەڵن لەبەرئەوە ناشێ کە هەر وشەیەکی کە لە زارا دەرچێت دەبێت واش بنوسرێت وەك وشەی سەگ (صەگ) یان سەد (صەد) ، بێ‌گومان وشەی سەگ لە زمانی فارسیش هەر بە پیتی (س) ئەنووسرێت ..

٢ ـ پیتی (ع) ئەم پیتەش بە پیتێکی کوردی ناناسرێت هەرچەند کە هێندێ وشەی گەندەی تێخزاو هەن وەك سونع ، عێل ، عەزیا ، عەرد ..

٣ ــ پیتی (غ) دەنگی ئەم پیتە بەگوێرەی زمانی کوردی پەتی‌و ڕەسەن نییە بە هەڵە لەباتی دەنگی پیتی (خ) گفتوگۆی پێ ئەکرێت وەك باخ نەك باغ ، چیخ نەك چیغ ، خونچە نەك غونچە ، سابلاخ نەك سابلاغ ••

٤ ــ دو پیتی واو (وو) بەسەر یەکەوە نە پیتێکی سەربەخۆیە وە نە لە ریزی پیتەکانی کوردیدا ئەژمێردرێت ••

٥ ــ هەروەهاش دو پیتی (یی) پیتێکی سەربەخۆ نییە ••

٦ ــ نیشانەی پیتی ڕێ (ڕ) لەژێرەوە بێت گیروگرفتی نوسینی کەمتر ئەبێ بەپێچەوانەی کە لەسەرەوە بێت ••

٧ ــ دانانی (خەت) لەسەر واوی درێژ (ۆ) یان (ێ)ی درێژ کارێکی ناڕەوایە گیروگرفتی نوسینەکەمان‌و نیشانەیەکی‌تریش پتر ئەکات ••

٨ ــ بەلای منەوە ژمارەی پیتەکانی بزوێن شەشن وەك (ا ، و ، ۆ ، ە ، ی ، ێ ) پێویستە کێشەی ئەم باسە ڕونبکرێتەوەو کۆتایی پێ بێت ••

٩ ــ دو دەنگی بێ‌پیت هەن کە بە تینێ پیتی بزوێن ئەرسکێن تاکو ئێستە چار نەکراون لەباتی ئەم دو دەنگە بە ناچاری پیتی کاف‌و پیتی گاف بەکارئەهێنرێن وەك :

نمونەی یەکەم : کێو ، نیسکێنە ، باڵەکی

نمونەی دووەم : گیان ، هەنگوین ، ژەنگی

١٠ ــ پێویستە ناوی ڕاستەقینەی ئەم شەش پیتە (ئ ، ڕ ، ڵ ، ۆ ، ە ، ێ ) دیاربکرێن چونکە هەرکەس بە ئارەزوی خۆی ناوێکی لێ ناون وەك بۆ پیتی (ڕ) ئەگوترێ ڕێی گەورە ، ڕێی قورس ، ڕێی زل ••

# نوسینی ژمارەکان لە ١١ ــ ١٩

لەم نۆ ژمارەیەدا هەر ژمارەی چواردە بی گیروگرفتی وتن‌و نوسینە وە هیچ گۆڕین‌و کەم‌و زیادی بەسەرا نەهاتووە بەپێچەوانەی هەشت ژمارەکانی‌تر کە بەزۆری بە دو جۆر ئەگوترێن‌و ئەنوسرێن • لێرەدا هیچ پاکانەیەك بەدەستەوە نییە کە بگوترێت یازدە لە یانزدە ڕاسترە ، لەگەڵ ئەوەشا هەرچۆنێك بێت وشەی یازدە لە یانزدە سوك‌و کورترە • وا لەژێرەوە شەش ژمارەیان کە لەسەر یەك بنەنە ئەنوسرێن :

یازدە نەك یانزدە
یازدەم نەك یانزدەم
یازدەمین نەك یانزدەمین

هەروەهاش :

دوازدە ، دوازدەم ، دوازدەمین
سێزدە ، سێزدەم ، سێزدەمین
پازدە ، پازدەم ، پازدەمین
شازدە ، شازدەم ، شازدەمین
نۆزدە ، نۆزدەم ، نۆزدەمین

بەڵام ژمارەی ١٧ ، ١٨ لەم دۆخەدا پیتی (ت) لە هەردو ژمارەکەدا قوت ئەدرێت‌و نانوسرێت :

حەودە بەرەو کوردی‌ترە لە حەفدە یان حەڤدە
حەودەم نەك حەفدەم ــ حەڤدەم
حەودەمین نەك حەفدەمین ــ حەڤدەمین
هەشدە نەك هەژدە

هەشدەم نەك هەژدەم
هەشدەمین نەك هەژدەمین

## نـاوەكانی لێـكدراو

ئەو ناوانەی كە زوربەیان لە دو وشە پێكدێن و ئەبنە ناوێكی سەربەخۆو یەك واتاش ئەگەینن بەلای منەوە ئەگەر گونجان بەیەكەوە بنوسێن پێچوترە وەك :

پایتەخت نەك پای‌تەخت
ئادەمزاد نەك ئادەم‌زاد
ڕەنجبەر نەك ڕەنج‌بەر
گوڵزار نەك گوڵ‌زار
دڵبەر نەك دڵ‌بەر
ڕێباز نەك ڕێ‌باز
ئاشخانە نەك ئاش‌خانە
بەرگدرو نەك بەرگ‌درو
یەكگرتن نەك یەك‌گرتن
یەكیەتی نەك یەك‌یەتی

هەروەهاش خانزاد ، هۆشبیر ، ڕوشنبیر ، دڵشاد ، ڕێزمان ، ڕێنوس میوانخانـە ، یـەكسەر ، یـەكسان ، كەوشدرو ، ڕێكخستن ، ڕێككەوتن ، پێویست ، پێوەند ، پێكەنین ، تێگەیشتو ، هەڵسورێن ، هەڵگر ، هەڵگرتن ، لێكۆڵینەوە ، دڵدار ، میوانداری ، لە كوردستاندا ، لە لادێدا ..

ئەم ناوە لێكدراوانەی ژێرەوەش كە بریتین لە دو نـاوو پیتی واوی پێوەندی هەمیسان بەیەكەوە بنوسێن ڕاسترە چونكە ئەمانەش بە یەك واتە هاتون وەك :

چەنگوچەڵەمە نەك چەنگ و چەڵەمە
دەنگوباس نەك دەنگ و باس
وتووێژ نەك وت و وێژ
کشتوکاڵ نەك کشت و کاڵ
کەلوپەل نەك کەل و پەل
گفتوگۆ نەك گفت و گۆ
مشتومڕ نەك مشت و مڕ

## لە کوردیــدا نیسبەت

١ ــ هەر ناوێکی کە دوایی بێت بە یەك لە پیتەکانی (صحیح) کە بکرێــت بەنیسبەت پیتی (ی)ی نیسبەتی ئەخرێتە دواییەوە وەك :

سەفین ــ سەفینی
زێبــار ــ زێباری
شارەزور ــ شارەزوری
دهۆك ــ دهۆکی

٢ ــ بەڵام ئەم ناوە نیسبەتدارانەی خوارەوە لەکۆنەوە واهاتون نــاوەکان لەگەڵ (ی)ی نیسبەت جوشدراون جارێکیتر (ی)ی نیسبەت هەڵناگرن وەك :

دارا هەرکی نەك هەرکیی یان هەرکیی
فەرهاد موکری نەك موکریی یان موکریی
میرزا سورچی نەك سورچیی یان سورچیی
سەردار کەری نەك کەریی یان کەریی
هاوار گەردی نەك گەردیی یان گەردیی

٣ ـ لێرەدا هێندێ ناو هەن بە بێ (ی)ی نیسبەت بە نیسبەتدار لە قەلـەم ئەدرێن هەرچەندە کە لەسەر بنە نیێو بەدەرن وەك :

ئاوە خانەقا ڕاستییەکەی ئاوە خانەقایی
وریـا جـاف ڕاستییەکەی وریا جافی
ئاسۆ خۆشناو ڕاستییەکەی ئاسۆ خۆشناوی

٤ ـ ئەو ناوانەی کە دوا پیتیان یەك لە پیتەکانی بزوێنە (ا ، و ، ۆ ، ە ، ێ) نیسبەتی ئەو جۆرە ناوانە بە دو پیتی (یی)ی نیسبەت ئەبن وەك :

نمونەی پیتی (ا) وەك کرماشا ـ کرماشایی
چەرمەگا ـ چەرمەگایی
چوارتا ـ چوارتایی

نمونەی پیتی (و) وەك داربەڕو ـ داربەڕویی
نەوسو ـ نەوسویی
میروسو ـ میروسویی

نمونەی پیتی (ۆ) وەك شنۆ ـ شنۆیی
کۆ ـ کۆیی
زاخۆ ـ زاخۆیی نەك زاخۆلی

نمونەی پیتی (ە) وەك سنە ـ سنەیی
ڕانیە ـ ڕانیەیی
بەرزنجە ـ بەرزنجەیی نەك بەرزنجی

نمونەی پیتی (ێ) وەك لادێ ـ لادێیی نەك لادێیی
کۆڕێ ـ کۆڕێیی
خەتێ ـ خەتێیی

**تێبینی :**

ئەو ناوە نیسبەتدارانەی ژێرەوە کە لەگەڵ ڕانـاوی کەسی لـکاوی (ین) بەکارهێنران لەم دۆخەدا سێ پیتی (ی) ئەکەونـە تـەك یەکـەوە • لێرەدا هەروەکو یەك پیتی نیسبەت لە گوتنا قوت ئەدرێـت هەروەهـاش نانوسرێت چونکە دروست نییـە کە سێ پیتی (ی) بەیەکەوە بنوسـێن و بنوسرێن وەك :

هەمومان چوارتایین نەك چوارتاییین یان چوارتایی‌ین
زۆرمان میروسویین نەك میروسوییین یان میروسویی‌ین
نیوەمان کۆیین نەك کۆییین یان کۆیی‌ین
چوارمان بانەیین نەك بانەییین یان بانەیی‌ین
ئیمە لادێیین نەك لادێییین یان لادێیی‌ین یان لادێییین

## ئاوەڵناوی بـالآ ـ اسم التفضیل

ئەم باسە دابەش ئەکرێت بە سێ بەشەوە :

١ ـ هەر ئاوەڵناوێك کە بکرێتە ئاوەڵناوی بالآ یان بالآتر ئامرازی (تر)و (ترین)یان ئەخرێتە دوایی‌یەوە ، بێ گومان پلەی دووەمیـان بەتـێن و بایەخدارترە لە پلەی یەکەم لـێرەدا ئـەگەر گونجـان ئـامراز بـە ئاوەڵناوەوە ئەنوسێت وەك :

جوان : جوانتر نەك جوان‌تر
جوانترین نەك جوان‌ترین

ڕەق : ڕەقتر نەك ڕەق‌تر
ڕەقترین نەك ڕەق‌ترین

پـاك : پاكتر نەك پاكتر

پاكترین نەك پاكترین

هەروەهاش ئازاتر ـ ئازاترین ، زوتر ـ زوتریـن ، گەلحـۆتر ـ گەلحوترین ، پتەوتر ـ پتەوترین ، نویتر ـ نویترین ، نوێـتر ـ نوێترین ••

٢ ـ ئەگەر دوایی ئاوەڵناو پیتی (ت) بو پێش ئەم پیتەش یەك لە پیتەكانی ( صحیح ) بو كە توشی ئامرازی (تر) یان (ترین) هات لەم دۆخەدا دو پیتی (ت) ئەكەونە تەك یەكەوە لێرەدا پیتی (ت)ی ئاوەڵناو قوتئەدرێتو ناشنوسرێت وەك :

مەست : مەستر نەك مەستتر یان مەستتر

مەسترین نەك مەستترین یان مەستترین

كورت : كورتر نەك كورتتر یان كورتتر

كورترین نەك كورتترین یان كورتترین

چوست : چوستر نەك چوستتر یان چوستتر

چوسترین نەك چوستترین یان چوستترین

هەر بەم جۆرە پەستر ـ پەسترین ، خەستر ـ خەسترین ، خشتر ـ خشترین ، بەهەستر ـ بەهەسترین ••

٣ ـ بەڵام ئەگەر دوایی ئاوەڵناو پیتی (ت) بو پیش ئەم پیتەش یـەك لە پیتەكانی بزوێن (ا ، و ، ۆ ، ە ، ی ، ێ) بو لە دۆخی گیرانی ئاوەڵناو بۆ ئاوەڵناوی باڵا یان باڵاتر هەمیسان دو پیتی (ت) ئەكەونە تـەك یەكەوە لێرەدا مەرجە كە هەردو پیتی (ت) بنوسرێت وەك :

نمونەی پیتی (ا ــ ت) وەك لات : لاتتر نەك لاتر
لاتترین نەك لاترین

نمونەی پیتی (و ــ ت) وەك ڕوت : ڕوتتر نەك ڕوتر
ڕوتترین نەك ڕوترین

نمونەی پیتی (ۆ ــ ت) وەك پۆت : پۆتتر نەك پۆتر
پۆتترین نەك پۆترین

نمونەی پیتی (ە ــ ت) وەك کەڵەگەت : کەڵەگەتتر نەك کەڵەگەتر
کەڵەگەتترین نەك کەڵەگەترین

نمونەی پیتی (ی ــ ت) وەك قیت : قیتتر نەك قیتر
قیتترین نەك قیترین

نمونەی پیتی (ێ ــ ت) وەك شێت : شێتتر نەك شێتر
شێتترین نەك شێترین

## پیتەکانی پێوەندی ـ حروف العطف
## و ، ش ، یش

١ ــ پیتی پێوەندی (و) :

ئەم پیتە هەمیشە دەکەوێتە نێوان دو وشە یان دو ڕستەو بەیەکەوەیان ئەبەستێت پێویستە کە بەتەنیا بنوسرێت وەك :

ناٮو ماست نەك نانو ماست
کەمو زۆر نەك کەمو زۆر
منو تۆ نەك منو تۆ

باخم فرۆشت‌و پارەکەشم وەرگرت نەك باخم فرۆشتو پارەکەشم وەرگرت •

٢ ــ پیتی پێوەندی (ش) :

ئەو ناوانەی کە دوایی‌یان یەك لە پیتەکانی بزوێن ( ا ، و ، ۆ ، ە ، ی ، ێ ) بێت لە دۆخی پێوەند یان پیتی پێوەندی (ش) ئەخرێتە دوایی‌یانەوە وەك :

نمونەی پیتی ( ا ) وەك ڕەشەبا : ڕەشەباش نەك ڕەشەبایش

چیـــا : چیاش

ئامۆزا : ئامۆزاش

نمونەی پیتی (و) وەك خانو : خانوش نەك خانویش

مـــازو : مازوش

پەراسو : پەراسوش

نمونەی پیتی (ۆ) وەك دۆ : دۆش نەك دۆیش

گەزۆ : گەزۆش

قاشۆ : قاشۆش

نمونەی پیتی (ە) وەك بنکە : بنکەش نەك بنکەیش

نەتەوە : نەتەوەش

شانە : شانەش

نمونەی پیتی (ی) وەك مراوی : مراویش (مراوی + ش )

کانی : کانیش نەك کانییش

کەزی : کەزیش

نمونەی پیتی (ێ) وەك هەرمێ : هەرمێش نەك هەرمێیش

ترێ : ترێش

جێ : جێش

٣ — پیتی پێوەندی (یش) :

بەڵام ئەگەر دوایی ناوەکان دو پیتی بزوێن ( ا ــ و ) یان (ە ــ و) یان (ی ــ و) وە یان (ێ ــ و) بو پێوەندیان بە دو پیتی (یش) دەبێت بە پێچەوانەی نمونەکانی سەرەوە وەك :

نمونەی دو پیتی (ا ــ و) وەك پلاو : پلاویش

ناو : ناویش

داو : داویش

ڕاو : ڕاویش

نمونەی دو پیتی (ە ــ و) وەك شەو : شەویش

پتەو : پتەویش

ئەو : ئەویش

قەڵەو : قەڵەویش

نمونەی دو پیتی (ی ــ و) وەك زیو : زیویش

شیو : شیویش

پەسیو : پەسیویش

نیو : نیویش

نمونەی دو پیتی (ێ ــ و) وەك سێو : سێویش

کێو : کێویش

دزێو : دزێویش

لێو : لێویش

هەروەهاش ئەگەر ناوێك پیتی دوایی یەك لە پیتەكانی (صحیح) بو پێوەندی ئەو جۆرە ناوانەش بە دو پیتی (یش) دەبێت وەك :

كەباب ـ كەبابیش ، پەت ـ پەتیش ، ڕەنج ـ ڕەنجیش ، باخ ـ باخیش ، پرچ ـ پرچیش ، بەرد ـ بەردیش ، كار ـ كاریش ، گەز ـ گەزیش ، مێوژ ـ مێوژیش ، كەس ـ كەسیش ، لەش ـ لەشیش ، كەف ـ كەفیش ، لاق ـ لاقیش ، ئاڤ ـ ئاڤیش ، چۆك ـ چۆكیش ، سەگ ـ سەگیش ، مل ـ ملیش ، دەم ـ دەمیش ، بۆن ـ بۆنیش •

## نوسینی وشەكانی واودار

ئەم باسە دابەش ئەكرێت بە دو بەشەوە :

**بەشی یەكەم :**

هەر وشەیەكی واودار كە پیتی واوەكەی لە هەر لایەكەوە توشی یەك لە پیتەكانی بزوێن (ا ، ە ، ی ، ێ) بو لەمدۆخەدا تێنی ئەم دو پیتە بزوێنە شێوەی یەك پیتی واو ئاشكرا دەرئەخات وە لە نوسینی ئەم جۆرە وشانەدا هیچ تەگەرەو گیروگرفتو كێشەیەكی لەسەر نییە • بۆزانین وا لەژێرەوە بە درێژی نمونەكان ئەنوسرێن :

١ ـ پیتی واو كە بكەوێتە پێشەوەی وشە پاش ئەم پیتەش یەك لە پیتەكانی بزوێن بو وەك :

نمونەی پیتی (و ـ ا) وەك : وان ، واك ، واقمان ، واتا ، وانە ، وایك ، واهەر ، والا ، وامی ، وازهێنان ••

نمونەی پیتی (و ـ ە) وەك : وەج ، وەنەوشە ، وەی ، وەند ، وەك ، وەردێنە ، وەنەوز ، وەلام ، وەرز ••

نمونەی پیتی (و ــ ی) وەك : ویستن ، وینـین ، ویـر ، وینـەر ، ویستراو ، ویست ..

نمونەی پیتی (و ــ ێ) وەك : وێنە ، وێران ، وێنجە ، وێڵ ، وێت ، وێژە ، وێچون ، وێدان ..

٢ ــ پیتی واو ئەگەر بکەوێتە دوایی وشەوە پێش ئەم پیتـەش یەك لـە پیتەکانی بزوێن بو وەك :

نمونەی پیتی (ا ــ و) وەك : داو ، جاو ، چاو ، خاو ، پیاو ، کڵاو ، گوڵاو ، هەتاو ، پێڵاو ، دۆشاو ، دراو ..

نمونەی پیتی (ە ــ و) وەك : دەو ، خەو ، چەو ، درەو ، برەو ، شەو ، کەو ، قەڵەو ، پتەو ، ئەو ..

نمونەی پیتی (ی ــ و) وەك : زیو ، دیو ، پیو ، شیو ، گیو ، نیـو ، ڕزیو ، گەنیو ، پەسیو ، بەزیو ..

نمونەی پیتی (ێ ــ و) وەك : دێو ، خێو ، کێو ، نێو ، مێو ، لێو ، جنێو ، بزێو ، نشێو ، دزێو ..

٣ ــ هەر وشەیەکی واودار کە پیتی واوەکەی بکەوێتە نێوان دو پیـتی بزوێنەوە وەك :

نمونەی پیتی ( ا ــ و ــ ا ) وەك : تاوان ، پاوان ، ساوار ، کـاوان ، گاوان ، نێوان ، بناوان ، پاوانە ..

نمونەی پیتی (ا ــ و ــ ە) وەك : باوەڕ ، خاوەر ، ساوەر ، زەماوەند ، دەماوەند ، خاوەن ، هاوەن ، ناوەند .

نمونەی پیتی (ە ـ و ـ ا) وەك : دەوار ، جەواڵ ، هەوار ، فرەوان ، مەلەوان ، پاسەوان ، باخەوان ، خوێندەوار ، ڕەزەوان ••

نمونەی پیتی (ە ـ و ـ ە) وەك : تـەوەر ، کەوەر ، بەرژەوەنـد ، لەوەڕ ، بەختەوەر ، هەمەوەند ، هەلەوەڕ ••

نمونەی پیتی (ی ـ و ـ ا) وەك : زیوان ، مەریـوان ، شـیوان ، دیوان ، پیواز ، هیوا ، دیوان ، جریوان ••

نمونەی پیتی (ی ـ و ـ ە) وەك : خیوەت ، سریوە ، شیوەن ، نیوە ، جیوە ، چیوە ، میوە ••

نمونەی پیتی (ێ ـ و ـ ا) وەك : پێوان ، تێوان ، مێوان ، شێوان ، کێوان ، پێوانە ••

نمونەی پیتی (ێ ـ و ـ ە) وەك : زێوەر ، پێوەر ، زێوە ، بێوە ، دێوەرە ، پێوەند ، سێوەر ••

نمونەی پیتی (ێ ـ و ـ ی) وەك : پێویست ، کێوی ، ڕێوی ••

**بەشی دووەم :**

وشەکانی واودار ئەگەر پیتی واوەکەی لە هەرلایەکەوە توشی یـەك لە پیتەکانی (صحیح) بو لەم دۆخەدا کێشەی گیروگرفتو خەڵەتانو هەمـە جۆرەی نوسین دەستپێدەکات ، وا لەژێرەوە نمونەکانیان ئەنوسرێـن :

١ ـ پیتی واو کە بکەوێتە پێشەوەی وشە پاش ئەم پیتـەش یـەك لـە پیتەکانی (صحیح) بو وەك :

ورچ نەك وورچ

وشە نەك ووشە

ورگ نەك وورگ
وتووێژ نەك ووتووێژ یان ووتووویژ

هەروەهاش ورِ ، وتن ، وتار ، وتە ، وشك ، ورتە ، وزە ، ون ،ولاخ، ونکە ، وجاخ ، ورد ، ودم ، ورە ، وریا ، وژە ، ورِە ، وشتر، وڵ ، وڵس ..

٢ ــ ئەگەر پیتی واو لە هەر وشەیەکدا بکەوێتە دوایی وشەوە پێش ئـەم پیتەش یەك لە پیتەکانی (صحیح) بو وەك :

بو نەك بوو
ئارەزو نەك ئارەزوو
پێشو نەك پێشوو
چو نەك چوو

هەر بەمجۆرەش ماندو ، زیندو ، مردو ، تو ، دو ، رِو ، زو ، شـو، مو ، نو ، خانو ، جوانو ، سەرو ، ژێرو ، بانو ، بێزو ، پێرو ، زێرو ، نیشتو ..

٣ ــ هەمیسان ئەگەر پیتی واو لە هەر وشەیەکدا بکەوێتە نێوان دو پیـتی (صحیح) وەك :

تور نەك توور
پور نەك پوور
شارەزور نەك شارەزوور
مێرگەسور نەك مێرگەسوور

هەر بەمچەشنەش دور ، زور ، کەلەپور ، ژور ، سور ، شور ، شورِ ، مور ، شالور ، چلورە ، پوك ، توك ، بوك ..

تێبینی :ـ

١ ـ لێرەدا چەند وشەیەکی بەدەر هەن پێویستە بە دو پیتی واو بنوسرێن تاکو خوێندنەوەیەکی دروستو زیانیش بە واتاکانیان نەگات وەك :

کانی قووڵ نەك کانی قوڵ

پشتی کووڕ نەك پشتی کوڕ

ڕەنگی کەوو نەك ڕەنگی کەو

٢ ـ هەروەهاش ئەو جۆرە وشانەی کە پیتی واویان کەوتوتە دوایی یەوە کە لەگەڵ پاشگر بەکارهێنران مەرجە ئەم جۆرە وشانە بە دو پیتی واو بنوسرێن وەك :

ئێستە زووە نەك زوووە (زوو ـ وە)

برام خەوتووە نەك خەوتوووە

دارەکە کەوتووە نەك کەوتوووە

کابرا مردووە نەك مردوووە (مردوو ـ وە)

فرۆکە نیشتووە نەك نیشتوووە

ژمارەمان دووە نەك دوووە (دوو ـ وە)

## چۆنیەتی نووسینی پێشگرەکان

پاش لێکۆڵینەوەیەکی ورد دەربارەی ئەم باسە گرنگەی پڕ لە گیروگرفتی نوسین وا لەژێرەوە بیرو باوەڕی خۆم دەرئەبرم لەم هەشت پێشگرانەی کە تەگەرەی نوسینیان زۆرە •

١ ـ پیشگرەکانی کە لە ڕستەی کاری ڕابردو و ئایندەو فەرماندا ئەگونجێن کە بە ڕاناوەکانی کەسی لکاوەوە بنوسێن وا لەژێرەوە نمونەکانیان بە لیستە ئەنوسرێن :

| پیشگر | ڕستەی کاری ڕابردو | ڕستەی کاری ئایندە | ڕستەی کاری فەرمان |
|---|---|---|---|
| پێ | من پێم گوتیت | خۆم پێت دەڵێم | خوت پێی بڵێ |
| | تۆ پێت گوتم | خۆت پێم دەڵێیت | خۆتان پێیان بڵێن |
| | ئەو پێی گوتین | خۆی پێمان دەڵێ | |
| | ئێمە پێمان گوتن | خۆمان پێتان دەڵێین | |
| | ئێوە پێتان گوتم | خۆتان پێی دەڵێن | |
| | ئەوان پێیان گوت | خۆیان پێیان دەڵێن | |
| تێ | تێم گەیاندیت | تێم دەگەیەنیت | تێی گەینە ــ بگەینە |
| | تێت گەیاندم | تێت دەگەینم | تێیان گەینن ــ بگەینن |
| | تێی گەیاندین | تێی دەگەینێ | |
| | تێمان گەیاند | تێمان دەگەینن | |
| | تێتان گەیاندن | تێتان دەگەینیت | |
| | تێیان گەیاندین | تێیان دەگەینن | |

| پیشگر | ڕستەی کاری ڕابردو | ڕستەی کاری نایینده | ڕستەی کاری فەرمان |
|---|---|---|---|
| لێ | لێم فرۆشتیت | لێشت دەفرۆشم | لێشی بفرۆشە |
| | لێت فرۆشتم | لێشم دەفرۆشیت | لێشیان بفرۆشن |
| | لێی فرۆشت | لێشی دەفرۆشێ | |
| | لێمانیش فرۆشتن | لێمان دەفرۆشن | |
| | لێتانیش فرۆشتین | لێتان دەفرۆشم | |
| | لێیانیش فرۆشتن | لێیان دەفرۆشین | |
| هەڵ | من هەڵم کەند | خۆم هەڵی دەکەنم | هەڵی کەنە ــ بکەنە |
| | تو هەڵت کەندن | خۆت هەڵی دەکەنیت | هەڵی کەنن ــ بکەنن |
| | خۆی هەڵی کەند | خۆی هەڵی دەکەنێ | هەڵی کەنە ــ بکەنە |
| | خۆمان هەڵمان کەندن | هەڵی دەکەنین | هەڵی کەنن ــ بکەنن |
| | ئێوە هەڵتان کەند | هەڵی دەکەنن | |
| | ئەوان هەڵیان کەندن | هەڵی دەکەنن | |

| پێشگر | ڕستەی کاری ڕابردو | ڕستەی کاری ئایندە | ڕستەی کاری فەرمان |
| --- | --- | --- | --- |
| تێك | تێکم شکاندیت | تێکم دەشکێنێت | تێکی شکێنە ـ بشکێنە |
| | تێکت شکاندم | تێکت دەشکێنم | پێکی شکێنن ـ بشکێنن |
| | تێکی شکاند | تێکی دەشکێنێ | |
| | تێکمان شکاندن | تێکمان دەشکێنن | |
| | تێکتان شکاندین | تێکتان دەشکێنین | |
| | تێکیان شکاندن | تێکیان دەشکێنن | |
| پێك | پێکم کردیت | پێکم دەکەیت | پێکی کە ـ بکە |
| | پێکت کردم | پێکت دەکەم | پێکیان کەن ـ بکەن |
| | پێکی کرد | پێکی دەکا ـ دەکات | |
| | پێکمان کردن | پێکمان دەکەن | |
| | پێکتان کردین | پێکتان دەکەین | |
| | پێکیان کردن | پێکیان دەکەم | |

| پیشگر | ڕستەی کاری ڕابردو | ڕستەی کاری ئایندە | ڕستەی کاری فەرمان |
|---|---|---|---|
| ڕێك | ڕێکم خستیت | ڕێکم دەخەیت | ڕێکی خە ـ بخە |
| | ڕێکت خستم | ڕێکت دەخەم | ڕێکیان خەن ـ بخەن |
| | ڕێکی خست | ڕێکی دەخا ـ دەخات | |
| | ڕێکمان خستن | ڕێکمان دەخەن | |
| | ڕێکتان خستین | ڕێکتان دەخەین | |
| | ڕێکیان خستن | ڕێکیان دەخەن | |
| لێك | لێکم بەستیت | لێکم دەبەستیت | لێکی بەستە ـ ببەستە |
| | لێکت بەستم | لێکت دەبەستم | لێکیان بەستن ـ ببەستن |
| | لێکی بەست | لێکی دەبەستێ | |
| | لێکمان بەستن | لێکمان دەبەستن | |
| | لێکتان بەستین | لێکتان دەبەستین | |
| | لێکیان بەست | لێکیان دەبەستن | |

٢ ... ئەم هەشت پێشگرانە لە ڕستەی هەر سێ کارەکاندا بە تەنیا ئەنوسرێن وە لە هەمو دۆخەکاندا (مفعول) ئاشکرایە وەك نمونەکانی خوارەوە :

| پێشگر | ڕستەی کاری ڕابردو | ڕستەی کاری ئایندە | ڕستەی کاری فەرمان |
|---|---|---|---|
| پێ | من چرام بۆ پێ کردیت | خۆم چرات بۆ پێ دەکەم | چرای بۆ پێ کە ــ بکە |
| | چرات بۆ پێ کردم | تــۆ چرام بۆ پێ دەکەیت | چرایان بۆ پێ کەن ــ بکەن |
| | خۆی چرای بۆ پێ کرد | چرای بۆ پێ دەکا ــ دەکات | |
| | چراشمان بۆ پێ کردن | چرامان بۆ پێ دەکەن | |
| | چراشتان بۆ پێ کردین | چراتان بۆ پێ دەکەین | |
| | چراشیان بۆ پێ کردین | چرایان بۆ پێ دەکەن | |
| تێ | گولاوم بۆ تێ کردیت | گولاوم بۆ تێ دەکەیت | گولاویشی بۆ تێ کە ــ بکە |
| | گولاوت بۆ تێ کردم | گولاوت بۆ تێ دەکەم | گولاویشیان بۆ تێ کەن ــ بکەن |
| | گولاوی بۆ تێ کرد | گولاوی بۆ تێ دەکا ــ دەکات | |
| | گولاومان بۆ تێ کردن | گولاومان بۆ تێ دەکەن | |
| | گولاوتان بۆ تێ کردین | گولاوتان بۆ تێ دەکەین | |
| | گولاویان بۆ تێ کردن | گولاویان بۆ تێ دەکەن | |

| پێشگر | ڕستەی کاری ڕابردو | ڕستەی کاری ئاییندە | ڕستەی کاری فەرمان |
|---|---|---|---|
| لێ | گەنمم بۆ لێ کردیت | گەنمم بۆ لێ دەکەیت | گەنمی بۆ لێ کە ـ بکە |
| | گەنمت بۆ لێ کردم | گەنمت بۆ لێ دەکەم | گەنمیان بۆ لێ کەن ـ بکەن |
| | گەنمی بۆ لێ کرد | گەنمی بۆ لێ دەکا ـ دەکات | |
| | گەنمسان بۆ لێ کردن | گەنمسان بۆ لێ دەکەن | |
| | گەنمتان بۆ لێ کردین | گەنمتان بۆ لێ دەکەین | |
| | گەنمیان بۆ لێ کردن | گەنمیان بۆ لێ دەکەن | |
| هەڵ | پارەم بۆ هەڵ گرتیت | پارەم بۆ هەڵ دەگریت | پارەی بۆ هەڵ گرە ـ بگرە |
| | پارەت بۆ هەڵ گرتم | پارەت بۆ هەڵ دەگرم | پارەیان بۆ هەڵ گرن ـ بگرن |
| | پارەی بۆ هەڵ گرت | پارەی بۆ هەڵ دەگرێ | |
| | پارەمان بۆ هەڵ گرتن | پارەمان بۆ هەڵ دەگرن | |
| | پارەتان بۆ هەڵ گرتین | پارەتان بۆ هەڵ دەگرین | |
| | پارەیان بۆ هەڵ گرتن | پارەیان بۆ هەڵ دەگرن | |

| پێشگر | ڕستەی کاری ڕابردو | ڕستەی کاری ئایندە | ڕستەی کاری فەرمان |
|---|---|---|---|
| تێك | ماڵم بۆ تێك خستیت | ماڵم بۆ تێك دەخەیت | ماڵی بۆ تێك خە ــ بخە |
| | ماڵت بۆ تێك خستم | ماڵت بۆ تێك دەخەم | ماڵیان بۆ تێك خەن ــ بخەن |
| | ماڵی بۆ تێك خست | ماڵی بۆ تێك دەخا ــ دەخات | |
| | ماڵمان بۆ تێك خستن | ماڵمان بۆ تێك دەخەن | |
| | ماڵتان بۆ تێك خستین | ماڵتان بۆ تێك دەخەین | |
| | ماڵیان بۆ تێك خستن | ماڵیان بۆ تێك دەخەن | |
| پێك | کارم بۆ پێك هێنایت | کاریشم بۆ پێك دەهێنیت | کاری بۆ پێك هێنە ــ بهێنە |
| | کارت بۆ پێك هێنام | کارت بۆ پێك دەهێنم | کاریان بۆ پێك هێنن ــ بهێنن |
| | کاری بۆ پێك هێنا | کاری بۆ پێك دەهێنێ | |
| | کارمان بۆ پێك هێنان | کارمان بۆ پێك دەهێنن | |
| | کارتان بۆ پێك هێناین | کاریشیان بۆ پێك دەهێنین | |
| | کاریان بۆ پێك هێنان | کاریان بۆ پێك دەهێنن | |

| پیشگر | ڕستەی کاری ڕابردو | ڕستەی کاری ئایینده | ڕستەی کاری فەرمان |
|---|---|---|---|
| ڕێك | باخم بۆ ڕێك خستیت | باخم بۆ ڕێك دەخەیت | باخی بۆ ڕێكخە ـ بخە |
| | باخت بۆ ڕێك خستم | باخت بۆ ڕێك دەخەم | باخیان بۆ ڕێكخەن ـ بخەن |
| | باخی بۆ ڕێك خست | باخی بۆ ڕێك دەخا ـ دەخات | |
| | باخمان بۆ ڕێك خستن | باخمان بۆ ڕێك دەخەن | |
| | باختان بۆ ڕێك خستین | باختان بۆ ڕێك دەخەین | |
| | باخیان بۆ ڕێك خستن | باخیان بۆ ڕێك دەخەن | |
| لێك | بەرگم بۆ لێك دایت | بەرگم بۆ لێك ئەدەیت | بەرگی بۆ لێك دە ـ بدە |
| | بەرگت بۆ لێك دام | بەرگت بۆ لێك ئەدەم | بەرگیان بۆ لێكدەن ـ بدەن |
| | بەرگی بۆ لێك دا | بەرگی بۆ لێك ئەدا | |
| | بەرگمان بۆ لێك دان | بەرگمان بۆ لێك ئەدەن | |
| | بەرگتان بۆ لێك داین | بەرگتان بۆ لێك ئەدەین | |
| | بەرگیان بۆ لێك دان | بەرگیان بۆ لێك ئەدەن | |

هەر بەم‌جۆرەیە ئەگەر پێشگر لە یەك پێشگر پتر بو وەك :

باراشت پێ لێ کرد ، باراشی پێ لێ دەکات ، باراشی پێ لێ کە ـ بکە
چێشتم پێ تێ کرد ، چێشتی پێ تێ دەکەن ، چێشتیان پێ تێ کە ـ بکەن .

جلی پێ هەڵ گرت ، جلی پێ هەڵ ئەگرین ، جلی پێ هەڵ گرن ـ بگرن ... هتد

٣ ـ ئەو پێشگرانەی کە لەگەڵ ناوەکاندا لێك‌ئەدرێن ئەگەر گونجان بەیەکەوە ئەنوسێن‌و یەك واتاش ئەگەینن وەك :

| | | |
|---|---|---|
| لێکۆڵینەوە | نەك | لێ کۆڵینەوە |
| لێزانین | نەك | لێ‌زانین |
| تێبینی | نەك | تێ‌بینی |
| تێگەیشتن | نەك | تێ گەیشتن |
| پێویست | نەك | پێ‌ویست |
| پێڕەو | نەك | پێ‌ڕەو |
| هەڵگر | نەك | هەڵ گر |
| هەڵسوڕان | نەك | هەڵ‌سوڕان |
| ڕێکخستن | نەك | ڕێك‌خستن |
| ڕێککەوتن | نەك | ڕێك کەوتن |
| لێکدانەوە | نەك | لێك‌دانەوە |
| تێکدەر | نەك | تێك‌دەر |
| پێکهێنان | نەك | پێك‌هێنان |

# ڕێنووسی کوردی

عمر عبدالرحیم

١ ــ باشترین ڕێنووس کامەیە ؟

ا : باشترین ڕێنووس ئەو ڕێنووسەیە ووشەکان چۆن لە دەم دێنەدەرەوە بەوجۆرە بنووسرێن ، وەیان چۆن دەنووسرێن بەوجۆرە بخوێنرێنەوە •

ب : نابێ لە ڕێنووس‌دا پیتی زیاد وەیان کەم لە ووشەکانــدا ببێ • بۆنموونە : لە عەرەبی‌دا لامی ( أل ) لەگەڵ پیتە شەمسی‌یەکاندا ناخوێنرێتەوە وەکو ( الشمس ، الصبر ، النار ) ، کە ئەمەش ئەبێتە هۆی سەرلێ‌شێوانــی منداڵ لە کاتی نووسین‌دا ، وە هەروەهــا لە ئینگلیــزی‌دا کە دەنــووسرێ Knife لە خوێندنەوەدا دەخوێنرێتەوە (نــایف)• بێ‌گومــان فونەتیکی (نایف) واتە دەنگی ووشەکە لەگەڵ ڕێنووسەکەی‌دا جیاوازی‌یەکی یەکجار زۆریان هەیە وە هەروەهــا لە ووشــەی ( write ) وە ( daughter ) هتــد ••• ئەم جۆرە ڕێنووسە بەتایبەتی منداڵ زۆر شپرزە دەکا ، وە زۆر بە گران فێری ڕێنووس‌و نووسین دەبێ •

ج : جۆرە ڕێنووسێك پەســەندە کە لە کاتی نووســین‌دا پێنــووس گواستنەوەی زۆری تیا نەبێ ، واتە پێنووس لــە خوارەوە نــەبرێ بــۆ سەرەوەو لە سەرەوە بهێنرێتەوە بۆ خوارەوە یان ببرێتەوە بۆ لای چەپو

بۆ لای ڕاست ، ئەمجۆرە ڕێنووسە پەسەند نییەو نەك منـداڵ تەنانـەت گەورەش ماندوو دەکات‌و کاتێکی زۆریشی لێ بەفیڕۆ دەڕوات •

بۆنموونە : دوو کەس کە لە نووسین‌دا یەك خێرایی‌یان هەبێت بیانەوێ لاپەڕەیەك ئینگلیزی بنووسـن ، یەکەمیـان بـە ( Small Letters ) ( پیتە پچڕپچڕەکان ) دووەمیان بـە ( Cursive Letters ) پیتە لێکدراوەکان بنووسێ دەبینین یەکەم هێشتا چوار دێڕی لاپەڕەکەی تەواو نەکردووە دووەم لاپەڕەکە تەواو دەکات •

د : نیشانەی زۆرو (نقطة) خاڵی زۆر لە ڕێنووس‌دا پەسەند نییـە ، چونکە وەکو ووتمان پێنووس بۆ سەرەوە بردن‌و بۆ خوارەوە هێنانی زۆری تێدایە ، لەبەرئەمە پێویستە چەند لە توانادا بێ نیشانەو خاڵ لە ڕێنووس‌دا کەم‌بکرێتەوە •

هـ : پیویستە ڕێنووس لەگەڵ دەستوورو ڕێزمانی ئەو زمانەدا بگونجێ لە ناچاری‌دا نەبێ نابێ لە ڕێزمان لابدات چونکە ئەگەر یەکێك بیەوێ فێری زمانێك ببێ لەپێش‌دا فێری ڕێنووس‌و ڕێزمانی ئەو زمانە دەبێ •

بۆنموونە : یەکێك بیەوێ فێری زمانی کوردی ببێ لەپێشا فێری ئەم ڕاناوانە دەبێ (من ، ئێمە ، تۆ ، ئێوە ، ئەو ، ئەوان) • جا ئەگەر هـاتوو ئامرازی پەیوەندی (دا) بە ڕاناوی (من)ەوە لکێنراو بەمجۆرە نووسرا (مندا) ئەو کەسەی کە تازە فێری ئەم زمانە دەبێ وادەزانێ (مندا) یەك ووشەیـەو دەگەڕێ بەدوای مانای (مندا)دا ، نازانێ کە ئەمە (من)ەو ئامرازی پێوەندی (دا)ی پێوە نووسێنراوە ، وە هەروەها لە ووشەی (ئەوان)و (ئەواندا)دا •

٣ ـ پیتەکانی زمانی کوردی

ئەو پیتانەی کە هەتا ئەمڕۆ لە ڕێنووسی کوردی‌دا بەکارهـێنراون‌و پێیان نووسراوە بریتین لەم پیتانە :

[ ئ ، ا ، ب ، پ ، ت ، ج ، چ ، ح ، خ ، د ، ر ، ڕ ، ز ، ژ ، س ، ش ، ع ، غ ، ف ، ڤ ، ق ، ك ، گ ، ل ، ڵ ، م ، ن ، و ، وو ، ۆ ، هـ ، ی ، ێ ، ە ] ئەمانەش دەکرێن بە دوو بەشەوە :

١ ــ پیتە دەنگدارەکان ( Vowel Letters ) کە بریتین لە : ( ا ، ی ، ێ ، و ، ۆ ، ە ) •

٢ ــ پیتە بێدەنگەکان ( Silent Letters ) ئەمانەش بریتین لە پیتەکانی تری زمانی کوردیو دەکرێن بە چەند بەشێکەوە :ــ

ا ــ ئەو پیتە بێدەنگانەی کە کوتوپڕ لە دەنگ وەیان لەناو قوڕگدا دێنە دەرەوە ، وەکو : ( ئ ، ب ، پ ، ت ، ج ، چ ، د ، ع ، ق ، ك ، گ ، و ، هـ ) ئەگەر بەوردی سەرنجی بێژەی ئەم وشانە بدەین چۆن دەوترێن بەوجۆرە نانوسرێن ، بەڵکو پێویستییان بە دەنگێکیتر هەیە وەکو [کەسرەیەکی] عەرەبی یان [ i ] یەکی ئینگلیزی • لەبەرئەمە پێشنیاز ئەکەم کە هەتا ئێستا چۆن نووسراون هەر وا بنووسرێنو هیچ جۆرە نیشانەو دەستکارییەکیتر نەکرێن چونکە نیشانەی زۆر لە ڕێنووسی زمانێکدا منداڵو نووسەر ماندوو دەکات•

ب ــ ئەو پیتە بێدەنگانەی لەسەرخۆ بەهۆی لەرینەوەی هەواوە لە دەم وەیان لەناو قوڕگدا دێنە دەرەوە ، وەکو : ( ح ، خ ، ر ، ڕ ، ز ، ژ ، س ، ش ، غ ، ف ، ڤ ، ل ، ڵ ، م ، ن ) •

٣ ــ گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی :

١ ــ (ی) درێژو (ی) کورت •

هیچ پێویست ناکا بەوەی کە (ی)ی درێژ بە نیشانەیەك لە (ی)ی کورت جیابکرێتەوە ، چونکە :

ا ـ پیتی (ی) هەرکاتێك کەوتە نێوان دوو پیتی بێدەنگەوە دەنگی (ی)یەکە درێژ دەکرێتەوە ، وەکو : بیر ، شیر ، پەنیر ، هەویر •
هەروەها لە کۆتایی وشەش‌دا ئەگەر لەپێش (ی)کەوە پیتی بێدەنگ بوو دیسان دەنگی (ی)کە درێژ دەکرێتەوە ، وەکوو : بردی ، کردی ، خستی •••

ب ـ بەڵام ئەگەر (ی) لەدوای پیتی دەنگدارەوە هات هیچ گومانی تیا نیە دەنگی (ی)کە بەکورتی لە دەم دێتە دەرەوە وەکوو : ڕای‌کرد ، دای‌نا ، بۆی‌بردم ، پەی‌پێ‌دەبا •••

لەبەر ئەمەی ئەم (ی)یانە لەدوای (ا ، ۆ ، ە)وە هاتوون دەنگەکانیان بەکورتی دەوترێ •

جگە لەمەش منداڵ‌و خوێنەر خۆیان بە سەلیقە فێری بێژەی دەنگەکانی (ی) دەبن‌و دەزانن لە چ‌شوێنێك‌دا دەنگەکە درێژ دەکرێتەوەو لە چ‌شوێنێك‌دا دەنگەکە بەکورتی دەوترێ ، ئیتر پێویست بە نیشانە ناکا •••

٢ ـ دوو (وو) کە هەندێ جار (و)ی پێوەندیشی دەچێتە سەرو ئەوسا دەبێ بە سێ (ووو) بنوسرێ وەکوو : دوو و سێ دەکاتە پێنج ، یان لەکاتێك‌دا کە دەڵێین : بەڕوو و گزگل بێ‌گومان ئەمەش یەکێکە لە گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی کە منداڵ‌و گەورەش پێوەی ماندوو دەبن ، لەبەرئەوە من پێشنیاز دەکەم کە پیتێکی تازە بۆ دوو (وو) دابنرێ‌و بە نیشانەیەکی بچووك کە پێنووس هەڵگرتنی تیا نەبێ لە یەك (و) جیابکرێتەوە •

٣ ـ هەروەها پیتە حەوت لەسەرەکانی‌تریش پیتی تازەیان بۆ دابنرێ ، بۆ ئەمەی منداڵ‌و گەورە ئەمەندە پێنووس هەڵنەگرن‌و نیشانەی

حەوت دابنێین ، لەبەرئەمە پێشنیاز دەکەم ئەگەر گونجاو لوا بۆ ئەم پیتانە لەسەر شێوەیەکی نوێ ڕێكبکەوین •

دەمێنێتەوە سەر (ێ ، ڵ) ئەم دوو پیتە کە لە ناوەڕاستی وشەدا دەبن بە هیچ جۆرێك بە بێ نیشانە چارناکرێن وەکو : دەڵێن : ( پێرێ ، پێرار) یان کە دەنووسین (کڵاو ، گوڵاو) • لەبەرئەمە ناچار بووم بۆ ئەمەی کە لە هەموو حەوتەکان رزگارمان بێ پێشنیاری دارشتنی جۆرە پیتێکی نوێ بکەم •

٤ ــ هەندێك پیت هەن بەهۆی سێ [نقطة]وە لە هاوچەشنەکانیان جیادەکرێنەوە ، وەکو : ب ، پ ، ج ، چ ، ز ، ژ ، س ، ش ؛ ف ، ڤ •

بێ گومان دانانی ئەم سێ نوختەیەو سێ جار پێنووس گواستنەوە دەبێتە هۆی سستی لە نووسیندا ، لەبەرئەمە پێشنیاز دەکەم کە لەباتی سێ نوختەی جیا جیا ، هەشتێکی بچووك بکرێ بە نیشانە بۆ ئەم پیتانە ، چونکە هەشتەکە خۆش دستترە لە نووسیندا ، واتە لە هەموو چاپەمەنیو ڕێنووسێکدا لەجیاتی سێ نوختە (٨)ێکی بچووکیان بۆ دابنرێ •

٥ ــ (ی)ی ئامرازی پێوەندی بەتایبەتی دوای ئەو وشانە کە کۆتاییان بە (ی) هاتووە لە هەندێك ڕێنووسدا دەنووسرێو لە هەندێکدا نانووسرێ ، نەنووسینی ئەم (ی)یە لادانە لە دەستوورو ڕێزمانی کوردی ، لەبەرئەمە بە پێویستی دەزانم کە بنووسرێ ؛ (مراویی تێر ، سینیی نانخواردن ) •

٦ ــ (یی) ئەم (یی)یە لە زۆر ڕێنووسدا لە دەستووری خۆی لایداوەو بە هەڵە دەنووسرێ ، چونکە ئەم جۆرە (یی)یە هەمیشە لەدوای ئەو

وشانەوە دێ کە کۆتایی‌یان بە پیتی دەنگدار هاتووە ، وەکو : بەرزنجە، بەرزنجەیی ، چوارتا ، چوارتایی ، دووروو ، دووروویی ، کۆ ، کۆیی ••

واتە ئەگەر بنووسین (هەولێریی) ، بێ‌گومان ئەمە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە لە ڕێنووسی کوردی‌دا ، چونکە (هەولێر) بە پیتی دەنگدار کۆتایی نەهاتووە ، لەبەرئەمە دەبێ بنووسین (هەولێری) •

٧ ــ (د)ی سەرەکی ئەو وشانەی کە کۆتایی‌یان بە (د) هاتووە کە ئامرازی (دا)ی چووە سەر دەبێ (د)ە سەرەکی‌یەکە بنووسرێ‌و ئەمجا ئامرازی (دا)کەی بخرێتە پاڵ ، وەکو : [لە بن‌بەرددا ، لەناو هەرددا ، لەگەڵ هەناسەی سەرددا ] ، چونکە وشە سەرەکی‌یەکان (بەرد ، هەرد ، سەرد )ن لەبەرئەمە ئەگەر بنووسین (لەبن بەردا) ، (لەناو هەردا) ، (لەگەڵ هەناسەی سەردا) بێ‌گومان ئەمە زۆر هەڵەو نەشیاوە •

٨ ــ ( ێ ، یەك ، یێك ) •

ئەوەی ئاشکرایە ئەگەر پاشگری هەر وشەیەك پیتی بێ‌دەنگ بوو وەکو : (بزن ، مەڕ ، داس) کە پاشگری (یەك)ی چووە سەر دەنووسرێ : (بزنێك ، مەڕێك ، داسێك) بەڵام ئەگەر کۆتایی وشە بە پیتی دەنگدار هاتبوو پاشگری (یەك)ی چووە سەر وەکو : (گا ، بەڕوو ، گرمە ، هەڵۆ ، هەرمێ) دەبێ بنووسرێ : (گایەك ، بەڕوویەك، گرمەیەك ، هەڵۆیەك ، هەرمێ‌یەك) لەبەرئەمە لە هەندێك نووسیندا ، کە دەنووسرێ : (گایێك ، گرمەیێك ، بەڕوویێك) یەکەم : ئەمە لادانە لە دەستوورو ڕێنووسی کوردی دوەم : (یێ) دوو پیتن‌و بەکارهێنانی دوو پیتیش بۆ یەك دەنگ شتێکی نەشیاوو نەگونجاوە ••

٩ ــ ( ئه ، ده) زۆر جار نووسه‌ر ده‌نووسێ : (ئه‌ڕۆم ، ئه‌چم ، ئه‌خه‌وم) • بێ‌گومان پێشگری ئه‌م کردارانه (ئه) نیه ، به‌ڵکو (ده)یه ، له‌به‌رئه‌مه من وای به باش ده‌زانم که له هه‌موو نووسینێکدا ئه‌م جۆره کردارانه به (ده) بنووسرێ به‌ڵام له قسه پێ کردندا هه‌رناوچه‌یه‌ی به‌شێوه‌ی خۆی قسه‌ی پێ بکا زیانبه‌خش نیه ، بۆیه پێویسته بنووسرێ : ( ده‌ڕۆم ، ده‌چم ، ده‌خه‌وم ) •

١٠ــ هه‌ندێك وشه‌ی لێکدراومان هه‌یه که له ناوو ئامرازو ره‌گی کردار پێکهاتووه هه‌رکه‌س به‌جۆرێك ده‌یاننووسێ ، هه‌ندێك ده‌نووسن (چێشت لێنان ، پێ لێخستن) ، به‌ڵێ ئه‌م رێگایه پێنووس هه‌ڵگرتنی که‌متر تیایه ، به‌ڵام له لایه‌نی رێزمانی‌یه‌وه هه‌ڵه‌یه ، چونکه (پێ) ناوه‌و (لێ) ئامرازه که به ره‌گی کرداره‌وه لکێنران شێوه‌ی ئامرازی‌و ناوی‌یه‌که‌یان به جۆرێکی‌که ده‌نووسرێ ، به‌مه‌ش منداڵ سه‌ری لێ ده‌شێوێ ، له‌به‌رئه‌مه من وای به باش ده‌زانم به‌م‌جۆره بنووسرێن : ( چێشت لێ نان ، پێ لێ خستن ) •

١١ــ ( و )ی بلکێن :

ئه‌گه‌ر (و)ی بلکێن دوو وشه‌ی به‌یه‌که‌وه به‌ست که هه‌ریه‌که‌یان مانایه‌کی تایبه‌تی خۆی بوو ، بێ‌گومان (و)ه‌که به‌ته‌نیا ده‌نووسرێ ، وه‌کو : (من‌و تۆ ، کامه‌ران‌و نه‌ریمان ، ده‌رزی‌و ده‌زوو) • به‌ڵام ئه‌گه‌ر دوو وشه‌ی به‌یه‌که‌وه لکان که به هه‌ردوو وشه‌که یه‌ك مانا ببه‌خشن ده‌بێ به پاشگری وشه‌ی یه‌که‌مه‌وه بنووسرێت وه‌کو : (کوتومت ـ کشتوکاڵ ، گه‌رموگوڕ ، پانوپۆڕ ) •

١٢ــ پاشگری (ه‌که) که نه‌ناسراوی پێ ده‌کرێ به ناسراو ، له زۆر شوێنه‌دا بووه به ( که )و ناوه‌که‌ش گۆڕاوه ، بۆ نموونه : ده‌بینین زۆرکه‌س

دەنووسێ : (خانۆکەم کڕی ، جوانۆکەم ئاودا) • ئەم جۆرە نووسینە هەڵەیەکی یەکجار گەورەیە ، چونکە ئەم دوو ووشەیە لە (خانوو)و (جوانوو)ەوە بوون بە (خانۆ) و (جوانۆ) • لەبەرئەمە پێویستە بنووسرێ (خانووەکەم کڕی ، جوانووەکەم ئاودا) •

١٣ـ (ی) ئامرازی پێوەندی لەگەڵ ئەو وشانەدا کە کۆتایی‌یان بە (یی) هاتووە ، لە کاتێک‌دا کە دەنووسین (شایی بناویلە ، بۆشایی ئاسمان ) بێ‌گومان لێرەدا ئەم دوو نیمچە ڕستەیە پێویستی‌یان بە (ی)یەکی ئامرازی پێوەندی هەیە کە نەنووسراوە ، لەبەرئەمە بەپێی دەستووری ڕێزمانی کوردی دەبێ بنووسرێن (شاییی بناویلە ، بۆشاییی ئاسمان ) •

١٤ـ زۆر جار ڕاناوی (ت) بە کرداری کەسی دیار ئەبووەوە دەنووسێنین کە ئەمەش بەلای منەوە هەڵەیە ، بۆ نموونە : زۆرکەس دەنووسێ (کاوە کار دەکات ، پیاوەکە دەڕوات ، کچەکە جل‌دەشوات) بە ڕای من ئەم (ت)انەی کەوتوونەتە دوای کردارەکان زۆر هەڵەن ، دەبێ بنووسین :

(کاوە کار دەکا ، پیاوەکە دەڕوا ، کچەکە جل دەشوا) چونکە (ت) لە ڕێزمانی کوردی‌دا ڕاناوە بۆ کەسی دووەم ، نەک بۆ کەسی سێیەم ، بۆنموونە دەڵێین : کوشتت ، بردت ، هێنات ، کوێت دێشێ ؟ ، بۆ کوێت برد ؟ چیت لێ کرد ؟ لەبەرئەمە نابێ بنووسین ( دەنووسێت ، دەنوێت) دەبێ بنووسین (دەنووسێ ، دەنوێ ، دەڕوا ) ئەو (ت)یەی کە پێوەی دەنووسێنین زیادەیە •

١٥ـ نووسینی پاشگری (یە) لەدوای ئەو وشانەوە کە کۆتایی‌یان بە (ی) هاتووە ، وەکو (زانیاری ، داخوازی ، وازی) زۆرکەس دەنووسن

(ئەم زانیارییە ، ئەم داخوازییە ، ئەم وازییە) لێرەدا سەرلێشێواندنی منداڵی تێدایە ، چونکە منداڵ لە پێش‌دا فێری وشەی (زانیاری ، داخوازی ، وازی) دەبێ کە (ی)ەکان بەم‌جۆرە نووسراون ، کەچی لەپڕێکدا ئەم (ی)انە دەبن بە ( یـ ) • لەبەرئەمە پێشنیاز دەکەم کە پاشگری (یە) لەگەڵ ئەم جۆرە وشانەدا بەم‌پێیە بنووسرێ :

(ئەم زانیاری‌یە ، ئەم داخوازی‌یە ، ئەم وازی‌یە ) • بەمە جۆری (ی)ەکە لە بەرچاوی منداڵ هەروەکو خۆی دەمێنێ‌تەوەو لە بارێکەوە ناگۆڕرێ بو بارێکی‌تر •

١٦ــ (لادێ‌یی‌یەك ، لادێیی‌یەك ، لادێیی‌یێك) بێ‌گومان ئەگەر سەرنجی ئەم سێ جۆرە ڕێنووسە بدەین کە بۆ یەك وشە بەکارهێنراون هەریەکەیان بەجۆرێك نووسراوە ، بەلای منەوە نووسینی (لادێیی‌یێك) بەم‌جۆرە شتێکی نەشیاوە نەك هەر لەبەرئەمەی کە لە نووسین‌دا گرانە بەڵکو لەبەرئەمەی کە لەگەڵ بێژەی وشەکەدا ناگونجێ ، وە ئەم‌جۆرەشیان (لادێیی‌یەك) ئەمەشیان لەگەڵ فێربوونی منداڵ‌دا ناگونجێ ، لەبەرئەمە بە لای منەوە دەبێ بنووسرێ (لادێ‌یی‌یەك) چونکە ئەم‌جۆرەیان لەگەڵ ڕێنووس‌و ڕێزمانیش‌دا گونجاوە •

١٧ــ زۆرکەس دەنووسێ قوتابخانەی ( بێ‌کەس‌ی ) سەرەتایی کوڕان ، لەم‌جۆرە نووسینەدا لەبەرئەمەی کە (ی) ئامرازی پێوەندی لێرەدا ئەگونجێ بلکێ بە پیتی (س)ەوە پێویستە بەم‌جۆرە بنووسرێ قوتابخانەی (بێ‌کەسی) سەرەتایی کوڕان وە لە لایەکی تریشەوە (ی)ەکە بە (س)ەکەوە بنووسێنرێ خۆش‌دەستترە •

١٨ــ زۆر جار لە نووسین‌دا پیتی (د) بەتایبەتی لە شێوەی سلیمانی‌دا

ناوترێ • لەبەرئەوە من پێشنیاز دەکەم کە ئـەم جۆرە (د)انـە لـە هەموو جۆرە ڕێنووس و چاپەمەنی‌یەکی زمـانی کوردی‌دا بنووسرێ بەڵام ئەگەر لە کاتی ئاخاوتنی شێوەی ناوچەیی خۆشماندا نەوترێ هیچ زیانی نیە ، واتە دەبێ بنووسین (منداڵ ، ئەمەندە ، بغداد) نـەك (مناڵ ، ئەمەنە ، بەغا) •

١٩ـ هەندێ وشەی لێکدراومان هەیە کە لە دوو وشە پێك‌هاتوون ، بەڵام لەبەرئەمەی کە یەك مانا دەگەیەنن پێویستە بەیەکەوە بنووسرێن وەکو (دەنگدار ،ماڵدار ، ساماندار ، باڵدار) •

٢٠ـ دوو (وو) لە سەرەتای وشەوە لەبەرئەمەی کە هەمو (و)یـێك لـە سەرەتای وشەدا لەگەڵ پیتە بێ‌دەنگەکاندا وەکو (و)یـەکی بۆرداری کورت دەوترێ پێویستە بە دوو (وو) بنووسرێ • بەڵام لەبەرئەمەی کە دەست و پەنجەی ناسکۆلەی منداڵ ماندوو نەبێ پێویستە بە یـەك (و) بنووسرێ ، وەکو : (ورد ، وشە ، ورشە ، ورك) •

٢١ـ لەبەرئەمەی کە هەموو (ڕ)یەك لە سەرەتای وشەدا دەنگێـکی گڕی هەیە پێویست بەوە ناکات کە حەوت لەژێر (ڕ)ەکەدا دابنێین ، واتـە دەبێ بنووسین (ڕەز ، ڕاو ، ڕەش ، ڕەگ) •

٢٢ـ هەندێ نووسەر کە دەنووسن (بیکوژە ، بیبە ، بینووسە) ئەمـەش هەڵەیە ، چونکە کە دەڵێین (بیکوژە) (ب)کە پێشگرە بۆ کـردارە داخوازی‌یەکە ، (ی)کە ڕاناوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسەی فرمـانی کوشتنی بەسەردا دراوە ، (کوژ) ڕەگی کردارە ، (ە) کردارە ، ئێمـە ئەگەر بێتو (بیکوژە) بەم‌جۆرە بنووسین ، پێشگرو ڕانـاوو ڕەگی کردارمان ترشاند بەسەریەکداو شیتاڵ و لێك جیاکردنـەوەی بـەلای

منداڵو گەورەشەوە زۆر زەحمەت دەبێ ، لەبەرئەمە من وای بە باش دەزانم کە بنووسرێ (بیکوژە ، بیبە ، بینووسە) •

٢٣ـ کە دەڵێین (گیا ، گیان ، گوێ ، خوێ) هەندێك نووسەر لەو باوەڕەدان کە لەدوای پیتی یەکەمی ئەم وشانەوە دەنگێکی شاراوە هەیەو پێویستە بنووسرێو پیتێکی تازەی بۆ دابنرێ ، بەڵام من لەوباوەڕەدام کە هیچ پیتێکی شاراوە نیە تەنها ئەمەتلەیە لەکاتی وتندا بەگوێرەی بێژەو شێوەی ناوچەکان دەگۆڕێ ، بۆنموونە : برایەکی هەورامی کە دەڵێ (گیا ، گیان ، گوێ ، خوێ) چۆن نووسراوە بەوجۆرە دەیڵێ ، بەڵام یەکێکی خەڵکی سلێمانی کە دەڵێ (گیا ، گیان) لەنێوان (گ)و (ی)ەکەدا ژێرێکی کورت دروستدەکا کەوابوو ئەم جیاوازی‌یەی کە لە بێژەی ئەم جۆرە وشانەدا هەیە جیاوازی‌یەکی ناوچەیی‌یە ، لەبەرئەمە من وام بەلاوە باشە کە ئەمجۆرە وشانە هیچ دەستکاری نەکرێنو هەتا ئێستا چۆن نووسراون هەروەها بنووسرێن •

٢٤ـ (تفەنگ ، سنگ ، درەنگ) • ئەمجۆرە وشانەو هاوچەشنەکانیان لە خوێندنەوەدا لە هەندێك ناوچەدا (ن)کان بە قەڵەوی دەوترێن • هەندێك نووسەر لەوباڕەدان کە نیشانەیەك بۆ ئەم جۆرە (ن)ە قەڵەوانە دابنرێ ، ئەمەش بە لای منەوە ڕاست نیە ، چونکە بێژەو وتنی ئەم جۆرە وشانەش بەگوێرەی ناوچە دەگۆڕێن ، بۆنموونە : برایەکی بەرزنجەیی کە دەڵێ (تفەنگ) چۆن نووسراوە کوتومت بەوجۆرە دەیبێژێ • ئەمە لەلایەك• لەلایەکی‌تریشەوە ئێمە ئەگەر پیتو بۆ هەموو دەنگێکی شێوە جیا جیاکانی زمانی کوردی پیتێکی تایبەتی دابنێین کاتێك دەزانین پیتەکانی ڕێنووسی زمانی کوردی دەبن بە

(سەد) پیت‌و بگرە زیاتریش ، کە ئەمەش کارێکی ناپەسەندو نەشیاوە، چونکە ئێمە کە نەتوانین لە پیتەکانی ڕێنووسی کوردی کەم بکەینەوە بۆچی زیادیان بکەین‌و ئەرکی سەرشانی منداڵ‌و نووسەر بکەین بە دوو قات ؟

٢٥ـ (نیە ، چیە) ئەم دوو وشەیەو هاوچەشنەکانیشیان بە هەڵە دەنووسرێن کە دەڵێن (نی‌یە ، چی‌یە) چونکە ئەمەش شێوەی وتنی ناوچەکان دەیانگۆڕێ ، (نیە ، چیە) ڕاسترە واتە ئەمەش هەروەکو (گیا ، زیان) لەبێژەو وتن‌دا ئەو (ی)یەی بۆ زیاد کراوە لەبەرئەمە بە ڕای من دەبێ بنووسرێن (نیە ، چیە) هەروەکو دەنووسین (پارەم نیە ، ئەم هەراو هۆریایە چیە ) .

ئەمانەو گەلێك گیروگرفتی‌ترمان هەیە کە بوونەتە ئاژاوەو پاشاگەردانی لەناو ڕێنووسی کوردی‌دا ، لەبەرئەمە پێویستە ماموستایان‌و ڕوشنبیران دەستوورێکی ڕێکوپێك بۆ ڕێنووسی کوردی دابنێن‌و بکرێ بە بناغەیەك‌و هەموو چاپەمەنی قوتابخانەکان‌و گۆڤارو ڕۆژنامەکان بەپێی ئەو ڕێنووسە بنووسرێن .

# چۆنیەتی نووسینی چاوگەی نەسادە

**د. كوردستان موكریانی**

## پێشەكی

كۆڕێك بۆ گیروگرفتی رێنووسی كوردی ، كە لەلایەن دەستەی كوردی ـ كۆری زانیاری عێراقەوە رێكدەخرێ ـ هەنگاوێكی پیرۆزە بۆ دانانی بەردی بناخەی رێنووسێكی یەكگرتووی كوردی ، كە لەبەر تیشكی ئەو لێكۆڵینەوانەدا بڕیاری لەسەر دەدرێت ، كە لەم كۆڕە فراوانەدا پێشكێش دەكرێت •

نووسەری ئەم لێكۆڵینەوەیە ، وەك تازەپێگەیشتوویەكی گێتی زمانەوانی كورد خۆی بە لێپرسراوێك دەزانێ بەرامبەر كێشەی ڕێنووسی كوردی بۆیە بڕیاریدا بەپێی توانا بە لێكۆڵینەوەیەك هاوبەشی ئەم كۆڕە زانستییە بكا •

لێكۆڵینەوەكە لایەنێكی گرنگ و فراوانی رێنووسی كوردی دەگرێتە خۆی ، كە ئەویش «چۆنیەتی نووسینی چاوگەی نەسادەیە» • بۆ لێكۆڵینەوەی ئەم بابەتە كە زمانەوانییە پێویستە ئاورێك لەو بەرهەمانە بدەینەوە كە تا ئێستا لەرووی ئۆرتۆگرافی (رێنووس)ی كوردییان كۆڵیوەتەوە •

لەنێو کتێبخانەی کوردیدا لەمبوارەدا تەنیا چاومان بە دوو بەرهەمی ڕێنووسی دەکەوێ ، کە یەکەمیان بە ناوی رابەرێ بۆ ئیملای کوردییە ، مامۆستا نوری عەلی ئەمین لە ساڵی ١٩٦٦ چاپی کردووە ، وە دووەمیان ڕێنوس وەیا چۆنیەتی نوسینی کوردییە ، کە مامۆستا طاهر صادق لە ساڵی ١٩٦٩دا چاپی کردووە •

(چۆنیەتی نووسینی چاوگەی نەسادە) وەکو بابەتێکی سەربەخۆ لەنێو ئەم دوو بەرهەمەدا باسی نەکراوە ، بەڵکو دەبێ لەنێو ووشەی لێکدراودا بیدۆزیتەوە وەیا لەگەڵ گیروگرفتی فرمانی لێکدراودا بەرچاوت بکەوێ •

مامۆستا نوری عەلی ئەمین لەژێر ناوی (گیروگرفتی فرمانێکی لێکدراو لە نووسیندا ) کە لە لاپەرە (٦٠)دایە دەڵێ :

(••• وە هەر لەبەر ئەو هۆیانەی کە دەرمانبڕی بۆ چی ئەبێت ووشەکانی ووشەی لێکدراو بە جیاجیا بنووسرێت ، ئەبێت فرمانی لێکدراویش بە جیاجیا بنووسرێت بەمەرجێ لە نووسیندا (چ بە دەست ، چ بە چاپ) ووشە سەربەخۆکانی فرمانە لێکدراوەکە زۆر لە یەکتر دانەبڕێت لە ڕستەدا واتە دوورنەخرێتەوە ، بۆ وێنە فرمانی (هەڵنەئەگیرسا) ئەم رستەیە ئەبێ وەها بنووسرێت (هەرچەند خەریكبووم چراکەم بۆ هەڵنەگیرسا) نەك وەها (هەرچەند خەریك بووم چراکەم بۆ هەڵ نەگیرسا) ئەنجا لەبەرئەوە لەمەولا :

١ ــ فرمانی لێکدراوی دوو ووشەیی ، بەمجۆرە :

| بنووسەو | مەنووسە |
|---|---|
| یاریمکرد | یاریمکرد |
| لێیدا | لێیدا |

| | |
|---|---|
| خۆش بوو | خۆشبوو |
| دەستم لیّ دا | دەستم لێدا ، دەستملیّ دا ، دەستملێدا • |

جا ئێستە بابزانین ئەم هۆیانە چین ، کە مامۆستا نوری عەلی ئەمین دەری بڕیون بۆ بە جیا جیا نووسینی ووشەی لێکدراو •••

مامۆستا نوری عەلی ئەمین لەژێر ناوی ڕێزمانی نووسینی ووشەی لێکدراودا ، چەند ڕێرەوێکی نووسیوە ، کە یەکەمینیان لەگەڵ بابەتەکی من دەگونجێ وە لە لاپەڕە (٤٩ ــ ٥٢) بەکورتی دەڵێ دوو بیرو ڕا هەن بۆ چۆنیەتی نووسینی ئەم ووشە لێکدراوانە :ــ

**بیرو ڕای یەکەم :**

ئەوەیە ، کە ئەبێ ئەم جۆرە ووشە لێکدراوانە بەیەکەوە بلکێنرێت لە نووسیندا • بیانوویان لەمەدا ئەوەیە ، کە ووشەی یەکەم لەواتەیە کۆتایی بان بە پیتێ دێ ، ئەتوانرێ بلکێنرێ بە ووشەی دووەمەوە ، وە نووسەر لە کاتی نووسینەوەدا دەست لە نووسین هەڵناگرێت وە سفتتریش دائەڕێژرێ وەك لەوەی ، کە بە جیا جیا بنووسرێت •

**بیرو ڕای دووەم :**

ئەوەیە ، کە ووشەی لێکدراو نابێت بەیەکەوە بلکێنرێت • بیانوویان لەمەدا ئەوەیە ، کە هەر ووشەیە پارێزگاری قەوارەی خۆی ئەکا وەك دانە دەنگیێکی سەربەخۆ (وحدة صوتیة مستقلة) وەیا لە نووسین و خوێندنەوەشدا خۆشتر دێتە دەست لەوەی ، کە بدرێتە دەم یەکتر •••

لەم دوو دێڕەی خوارەوەدا بەمجۆرە ، مامۆستا نوری عەلی ئەمین بیروڕای خۆی بەرامبەر چۆنیەتی نووسینی ووشەی لێکدراو دەردەبڕێ و دەڵێ :ــ

( منیش خۆم لەسەر ئەو بیرو رایەم ، کە ووشەی لێکدراو بە بێ یارمەتی دەم یەکتر دراو ، بە جیا جیا بنوسرێت ، واتە : ـــ

| بنووسرێ‌و | نەنووسرێ |
|---|---|
| ملپێچ | مل پێچ |
| پێشنوێژ | پێش نوێژ ) |

مامۆستا (طاهر صادق)یش لە لاپـەرە (٩١)ی بەرهەمـەکەیدا لـە باسکردنی ووشەی لێکدراودا دەڵێ :ـــ

وشەکانی لێکدراو زۆربەیان بریەتین لە دو ناوو یەك ماناش ئەبەخشن• ئەو جۆرە وشانەش ئەگەر گونجان پێکەوە ئەنوسین وەك :ـــ

| راست | هەڵــە |
|---|---|
| خانزاد | خان زاد |
| رێزمــان | رێ زمان |
| سیساوا | سی ساوا |
| سێکانیان | سێ کانیان |

هۆی ڕاسـتی نووسـین‌و هەڵـەی نووسـینی وشـەی لێـکدراو روون نەکراوەتەوە •

بەڵگەی زمانەوانی بۆ چەسپاندنی راستی نوسین بە هیچ جۆرێـك بەکارنەهاتووە ، تەنیا لە بیروڕای دووەمدا نەبێت ، کە وەکو دانەیەکی دەنگی سەربەخۆ تەماشا کراوە • ووشەی لێکدراوو دارێژراو جیانەکراونەتەوە • شێوەی گەردانکردنی وشە پیرەوی نەکراوە •

چاوگی نەسادە لەرووی چۆنیەتی نووسینیەوە وەکو بابەتێکی سەربەخۆ باس نەکراوە. ئەمانەو چەندین هۆیدی هانیان دام کە ئەم باسە هەڵبژێرمو لێی بکۆڵمەوە •

## چاوگە لە ڕووی فۆرمەوە

چاوگە لە رووی فۆرمەوەو چۆنیەتی پێكهاتنەوە دوو جۆرە :

**١ ــ چاوگەی سادە :**

کە برێتیە لە مۆرفیمێکی [١] سەربەخۆو هیچ بەندێکی [٢] پێوە نەلکاوە ، وەك :

کردن ، بردن ، ژماردن ، سووتان ، هێنان ، هاتن ، خەوتن ، رشتن • پێوان ، شێلان ، گروون ، دروون ، چوون ، بوون ، نووسین ، کڕین ، برین ، دزین ، فرین ، وەرین ، وەڕین ، ناڵین •••

**٢ ــ چاوگەی نەسادە ، کە دوو چەشنە :**

ا ــ چاوگەی دارێژراو

ب ــ چاوگەی لێکدراو

ا ــ چاوگەی دارێژراو :

چاوگەی دارێژراو : ئەو چاوگەیە ، کە لە مۆرفیمێکی سەربەخۆو بەندێك وەیا زێتر پێكهاتووە • بەندەکە لەوانەیە پێشگر وەیا پاشگر بێت •

ب ــ چاوگەی لێکدراو :

---

(١) مۆرفیم : بچووکترین دانەی واتابەخشی زمانە .

(٢) بەند : پێشگرو پاشگرو ناوگر دەگرێتەوە .

چاوگەی لێکدراو : لە دوو مۆرفیمی سەربەخۆ پێکدێ هێندێک جار بەندێک وەیا زیتر یارمەتی لێکدانی ئەم دوو مۆرفیمە دەدەن • یەکێک لەو دوو مۆرفیمانەی دەبێ بریتی بێ لە چاوگەی سادە وەیا دارێژراو وە مۆرفیمەکەی دی لەوانەیە ناو وەیا ئاوەڵناو بێت • ئەم ناوو ئاوەڵناوەش لەرووی دارشتنەوە سادە وەیا دارێژراو دەبن •

**چونیەتی نووسینی چاوگەی دارێژراو :**

چاوگەی دارێژراو هەروەکو لەمەوپێش وتمان لە مۆرفیمێکی سەربەخۆو بەندێک پێکدێت • بەندەکە لەوانەیە پێشگر وەیا پاشگر بێت ، ئەوەی شایەنی باسە زمانی کوردی لە پێشگر دەولەمەندە بۆ دارشتنی چوگەی دارێژراو •

ئەو پێشگرانەی ، کە دەچنە سەر چاوگەی سادەو چاوگەی دارێژراو دادەرێژن لەرووی پێکهاتنیانەوە دوو جۆرن سادەو نەسادە • ئێمە لەم لێکۆلینەوەدا لەم لایەنانەی پێشگر نادوێین ، چونکە پێوەندی‌یەکی ئەوتۆی بە باسەکەمانەوە نی‌یە ، بەلکو مەبەستمان چۆنیەتی نووسینی ئەو پێشگرانەیە لەرووی لکاندنو نەلکاندنی‌یەوە ، بە چاوگەوە ••• (٣)

ئەم پێشگرانەی خوارەوە بە پێش چاوگەی سادەوە دەلکێنو چاوگەی دارێژراوی لێ پێکدەهێنن :ـ

( را ، دا ، ڤە ، هەڵ ، وەر ، رۆ ، تێ ، پێ ، وێ ، لێ، تێدا ، پێدا ، پێرا ، تێوە ، پێوە ، تێک ، پێک ، لێک ، وێک ••• )

گەر سەرنجی شێوەی دوادەنگی ئەم پێشگرانەی ژوورەوە بدەین

---

(٣) پێشگری سادە ، وەک ، دا ، را ، رۆ ، هەل ، ڤە .
پێشگری نەسادەش ، وەک ، تێک ، لێک ، پێوە ، تێوە .

دەبینین دوو شێوەن ، یەکەمیان ، بە هیچ جۆرێك بە وشەی دوای خۆیانەوە نالکێن لەرووی نووسینەوە نەك لەرووی گۆکردنو تەلەفوزەوە وەك :

( را ، دا ، وەر ، ڤە ، رۆ ، تێدا ، پێدا ، تێرا ، تێرا ، تێــوە ، پێــوە ) •

ئەم پێشگرانەی زووروو کۆتاییان بە دەنگی (ئا ، رێ ، ئە ، ئۆ) دێ ، کە ئەم وێنانەیان هەیە ( آ ، ر ، ە ، ۆ ) وە ئەم وێنانە هەرگیز لەکـاتی نووسیندا بەدوای خۆیانەوە نالکێن •

شێوەکەی دووەم لەکاتی نووسیندا بۆی هەیـە بە ووشـەی دوای خۆیەوە بلکێ وەیانەلکێ ، بەپێی پێویست • کۆتایی ئەم پێشگرانەش ئـەم دەنگانەن (تێ ، پێ ، کێ)یەن کە لە شێوەو وێنەی (ڵ ، ێ ، ك)دان : کە لەم پێشگرانەدا بەرچاو دەکەون :ــ

(هەڵ ، تێ ، پێ ، وێ ، لێ ، تێك ، پێك ، لێك ، وێك •••)

**چاوگەی دارێژراوی بێ کێشە :**

ئەو چاوگانەی کە بە یارمەتی ئەو پێشگرانەی شێوەی یەکەم ، کە بریتین لە (را ، دا ، وەر ، ڤە ، رۆ ، تێدا ، پێدا ، پێرا ، تێو ، پێو ) دادەڕێژرێن •

لە دارێژراودا لە چۆنیەتی نووسیندا هیچ جۆرە کێشەیەکی رێنووسی دروست ناکەن ، چونکە پیتی کۆتایی شێوەی پێشگرەکان باری لکاندن هەڵناگرن وە زۆر جار وا لە مرۆڤ دەکەن ، کە بیر لە چۆنیەتی نووسینو گۆکردنی نەکەنەوە ، بەپێچەوانەی شێوەی دووەم •

بەمجۆرەی خوارەوە ئەم پێشگرانەی شێوەی یەکەم لەگەڵ چاوگەی سادەدا بەکاردێن وە دەنوسرێن :ــ

۱ ـ را ـ

ئەم پێشگرە لەگەڵ چاوگەی سادەو چاوگەی دارێژراو دادەڕێژرێ کە واتای ڕوودانی ڕووداوێك دەگەیەنێت ، کە لەلایەن قسەکەرەوە ڕێچکەی سەر هەڵدەدات وەیا ڕێچکەکەی بەرەو ئەوەوە دێت ، بۆ وێنە :ـ

را + کردن ، راهێشتن ، راکێشان ، راگەیاندن ، راکشان ، راژاندن ، رابردن ، راهێنان ، راخستن ، راپەڕین ، رادان ، راگرتن •

۲ ـ دا ـ

ئەم پێشگرەش لەگەڵ چاوگەی سادەدا چاوگەی دارێژراو پێکدێنێت وە بە شێوەیەکی گشتی ڕێچکەی ڕووداو لەسەرەوە بۆ خوارەوە پێشان دەدا وە لەکاتی نووسیندا چاوگەکە بە هەرچجۆرە پیتێك دەستپێبکات ئەوە ئەم پێشگرە هەرگیز پێوە نالکێ بۆ وێنە :ـ

داکردن ، داهێشتن ، داکێشان ، دانان ، داهێنان ، داخستن ، داگرتن ، دابڕان، دادڕین •

۳ ـ وەر ـ

ئەم پێشگرەش کۆتایی شێوەکەی ڕێگەی پێوە لکاندنی نادات بەو چاوگەیە سادەیەی ، کە بەپێشی دەکەوێت • زۆرجار ئەم پێشگرە واتەی گەڕانەوە بۆ پاشەوە وەیا گۆڕانی دۆخ و بارو ڕێچکەی ڕووداو دەبەخشێت وە بەمشێوەیە دەنوسرێت :

وەرخستن ، وەرگرتن ، وەرگەڕان ، وەرسووڕان •

٤ ــ ڤه ــ (٤)

له نووسینی ئەمپێشگره لەپێش چـاوگەی سـادەدا هیـچ جـۆره گیروگرفتێك دروست نابێت ، چونکه خۆی کۆتایی به دەنگێك هاتووه که شێوەکەی رێگەی پێوه لکاندنی به ووشەی دوای خۆیەوه نادات ، ئـەم پێشگره واتای روودانی رووداو بۆ پاشەوه وەیا بۆ هەموولایەك دەگەیەنێت وه بەمجۆرەی خوارەوه دەنووسرێت :ــ

ڤەخارن ، ڤەکرن ، ڤەکشین ، ڤەکشاندن

ڤەگەرین / ڤەگەراندن ، ڤەدرین ، ڤەبرین

٥ ــ رۆ ــ

ئەم پێشگرەش وەکو پێشگرانی پێشوو لەکاتی نووسینیدا لەگـەڵ چاوگەی سادەدا هیچ جۆره کێشەیەکی رێنووسی دروستناکات ئەمەش هەر بەهۆی شێوەی دەنگەکەیەتی • ئەم پێشگره واتای بزووتنەوه بەرەوخواروه یا ناوەوەی شت دەبەخشێتو بەمجۆره دەنووسرێت :ــ

رۆچوون ، رۆچەقان ، رۆکردن ، رۆنیشتن ، رۆنان

٦ ــ تێدا ، پێدا ، پێرا ــ تێرا •••

ئەم چوار پێشگره کۆتاییەیان به دەنگی (ئا) دێ ، که له نووسیـنـدا بۆ دارشتنی چاوگەی دارێژراو هیچ گیروگرفتێکی رێنووسی پێك ناهێنێت، لەبەرئەوەی کۆتایی هەر چواریان یەك شـێوەیه بۆیـه لـه یـەك خـالدا

---

(٤) پێشگری (ڤه) لەرووی واتای رێزمانییەوه بەرامبەر به پاشگری (وە)ی دیالێکتی کرمانجی خوارووه •
له دیالێکتی کرمانجی ژووروودا شێوەیەکیدی ئەم پێشـگری (ڤە)یـه هەیه ، که ئەویش (ڤێ)یه وه لەگەڵ ئەم سێ چاوگانەدا بەرچاو دەکەوێ (ڤێکەتن ، ڤێخستن ، ڤێساندن ) •

کۆمکردنەوە ، هەروا لە رووی ئەرکی رێزمـــانییانەوە بۆ دارشتنی چاوگەی دارێژراو یەکن وە بەمجۆرەش دەنوسرێن :ــ

تێداچوون ، تیداپســـان ، تێداشــکان ، تێــدارژان ، پێــداهاتن ، پێدارِشتن ، پێداکەوتن ، پێداچوون •

پێراکەوتن ، پێراچوون ، پێراگەیشتن •

تێرادیتن ، تێراچوون ، تیراکردن •

**٧ ــ تێوە ، پێوە** (٥)

ئەم دوو پێشگرەش لەکاتی نووسینیاندا لەگەڵ چاوگەی ســـادە هیچ جۆرە کێشەیەکی رێنووسی سازناکەنو لەرووی ئەرکو واتای رێزمانییانەوە وەکویەکن کە رێچکەی جوولانەوەیـــان بەرەو ئۆبێکتە ( بــەرکار ) ، وە بەمجۆرەش دەنووسرێن :

تێوەچوون ، تێوەنان ، تێوەمان •

پێوەکردن ، پێوەچوون ، پێوەنان ، پێوەمان ، پێوەدروون •

## چاوگە لە ڕووی فۆرمەوە

ئەو چاوگە دارێژاوانەی ، کە بەیارمەتی پێشگری (هەڵ ، تێ ، پێ ، وێ ، لێ ، ژێ ، تێك ، پێك ، لێك ، وێــك ) دادەرێژرێـــن ، لەکاتــی نووسیندا کێشەیەکی رێنووسی پێكدێنن کە ئەویش لکانی وەیا نەلکانێتی بە چاوگەی سادەوە ، چونکە شێوەی دوا پیتی رێگەی لکاندنو نەلکاندنی

٥) پێشگری (پێوە) بەرامبەرەکەی لە کرمانجی ژووروودا ( پێڤا )یــە کــە لەرووی ئەرکو واتای رێزمانییەوە وەکویەکن وە بەمجۆرەش دەنوسرێن:ــ پێڤادوون ، پێڤائالاندن . . .

دەدات ، هەر بۆیەیە ئەم کیشە گرنگەی لە زمانی کوردی‌دا بۆ سازکردووین، کەتا ئێستە هەریەکەی بیرو رایەکی جیاوازی لەسەر هەیەو هەریەکەش بەپێی بۆچوونو ئارەزووی دەینووسێ •

هەروەکو لە سەرەتای ئەم لێکۆڵینەوەیەدا وتمان چاوگەی دارێژراو ئەو چاوگەیەیە ، کە لە مۆرفێمێکی سەربەخۆو بەندێك وەیا زێتر پێك‌دێت ، بەندەکەش لەوانەیە پێشگر وەیا پاشگر بێت •

لەبەر رۆشنایی ئەم روونکردنەوەیەی سەرەوە ، کە دەربارەی چاوگەی دارێژراوە ، ئەوەمان بۆ روون‌دەبێتەوە ، کەوا چاوگەی سادە مۆرفێمێکی سەربەخۆیە ، گەر هاتوو هیچ بەندێکیشی لە پێشگرو پاشگردا پێوەنەلکا ، ئەوە هەر واتا بەخشە •

بەڵام ئەو پێشگرانەی ، کە دەچنە سەرچاوگە سادەکە لەرووی واتاوە مۆرفێمێکی ناسەربەخۆن ، کەواتە بۆ دەرخستن‌و بەخشینی واتا بەندن بە چاوگە سادەکەوە ، کە مۆرفێمێکی سەربەخۆیە ، وە لەرووی شێوەو پێك‌هاتنەوە چاوگەی دارێژراو دادەرێژێ وە لەلایەن واتاشەوە واتایەکی نوێی پێ دەبەخشێ •

بۆ چۆنیەتی نووسینی چاوگەی دارێژراو ، کە لە (پێشگر + چاوگەی سادە) دارێژراوە لەرووی زمانەوانی‌یەوە وا راسترە ، کە بدرێنە دەم یەکتر بەواتا پێشگرەکە بە چاوگە سادەکەوە بلکێنرێ ، هۆی راستیشی ئەوەیە ، گەر هاتوو هەردوویان بە جیاواز نووسران ئەوە هەر چاوگە سادەکە دەتوانێ قەوارەی خۆی وەکو دانەیەکی واتا بەخش بپارێزێ ، بەڵام پێشگرەکە ناتوانێ ، چونکە لەرووی واتاوە سەربەخۆ نی‌یە ، بەڵکو بە چاوگە سادەکەوە بەندە • هەروا لەکاتی گۆکردندا پێشگرەکە لەگەڵ چاوگەکەدا تەلەفوز دەکرێ بە بێ‌وەستان ، کەواتە دەبێ شێوەکەشی بە چەشنێك بێت

ئەم یەکێتی تەلەفوزکردنە وەك یەك دانەی واتابەخش پیشان‌بدا کە ئەویش پێکەوە لکاندنیانە .

کەواتە پێشگری (هەڵ ، تێ ، پێ ، وێ ، لێ ، تێك ، پێك ، لێك ، وێك) ، کە هاوبەشی دارشتنی چاوگەی دارێژراو دەکەن ، لە کاتی نووسیندا دەبێ بە چاوگە سادەکەوە بنووسێن‌و بدرێنە دەم یەکتر بەم‌جۆرەی خوارەوە :

۱- پێشگری هەڵ :

ئەم پێشگرە ، کە رووداني رێچکەی کار لە خوارەوە بۆ سەرەوە پیشان‌دەدا وە لەگەڵ چاوگەی سادەدا چاوگەی دارێژراو پێك‌دێنێت ، بەم‌جۆرە دەنووسرێت :-

هەڵگرتن ، هەڵخستن ، هەڵدان ، هەڵکێشان ، هەڵهێنان ، هەڵبرین ، هەڵتەکاندن ، هەڵچوون ، هەڵلەرزین ، هەڵفرین ...

۲ - پێشگری تێ ، پێ ، وێ ، لێ ، ژێ :

لەبەرئەوەی ئەم پێنج پێشگرە بە یەك جۆرە پیت کۆتایی‌یان دێت ، کە ئەویش ( ـ ێ )یە وامان بە باش زانی هەموویان لە یەك خاڵدا کۆبکەینەوە، چونکە ئێمە لەم‌باسەدا بە شێوەیەکی سەرەکی لە شێوەی نووسینی دەکۆڵینەوە ، کە هەمووشیان بەر یەك جۆرە یاسای نووسین دەکەون کە ئەویش پێوە لکاندنە ، باوەکو لەرووی واتای رووداني کارەوە جیاواز بن ، بەڵام لەرووی رێنووسەوە یەکن‌و بەم‌جۆرە دەنوسرێن :-

تێکەوتن ، تێخستن ، تێگەیشتن ، تێگرتن ، پێکەنین ، پێوێران ، پێگەیشتن ، وێکەوتن ، وێچوون ، وێخستن ، لێکەوتن ، لێپرسین ، لێبرین ، لێنان ، ژێکەتن ، ژێستاندن ، ژێبرین ، ژێکرن .

٣ ـ پێشگری : تێك ، پێك ، لێك ، وێك :

پیتی کۆتایی ئەم چوار پێشـگرەش یەکن ، بۆیـە لە یـەك خاڵـدا کۆمانکردنەوە ، چونکە ڕێنووسیبان وەکو یەك وایە •

ئەم پێشگرانەش دەبێ لەکاتی نووسیندا بە چاوگەی سادەوە بنووسێنو بدرێنە دەم یەکتر بەمشێوەیە :ـ

تێکنان ، تێکخستن ، تێکدان ، تێکچوون ، تێکشکان ، تێکڕووخان•

پێکهێنان ، پێکگرتن ، پێککەوتن ، پێکخستن ، پێکچوون •

لێکچوون ، لێکخستن ، لێکدان ، لێککەوتن ، لێکبەستن ، لێکبوون، لێکرەواندن •

وێکچوون ، وێککەوتن ، وێکخستن ، وێکهێنان •

## چاوگەی دارێژراو بە یارمەتی پاشگرەوە

لە دیالێکتی کرمانجی خوارووودا یەك پاشگر بەرچاو دەکەوێ ، کـە دەچێتە سەر چاوگی سادەو چـاوگی دارێـژراوی لێدادەرێـژێ • ئـەو پاشگرەش (ـ ە و ە )یە [٦] ، کە بەشێوەیـەکی گشتی واتـای دووبـارە کردنـەوەو گەڕاندنـەوەو بردنـەوەی شـت دەبەخشێـت وە لە کـاتی گۆکردندا یەکسەر بە چاوگەی پێـش خۆیـەوە گۆ دەکرێـت ، دەبـێ

(٦) هێندێك لە زمانەوانان لەوباوەڕەدان ، کە ئەو پاشگرە ( ـ وە ) بێـت نەك ( ـ ەوە ) . ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە ، کەوا لەبنچینەدا هەرکامەیان بێ ، ئەوە لەکاتی گۆکردنیدا لەگەڵ چاوگەی سادەدا هەست بە دەنگی بزوێنی ( ـ ە ) دەگرێت ، جا لەوبارەشدا ، کە ئەم پاشگرە ( ـ وە ) بێت ، ئەوە ( ـ ە )ی هەردەکەوێتە نێوان چاوگەو پاشگرەکە وە لەکاتی نووسیندا هەردووکیان یەك شێوەیان هەبە .

شێوەکەشی ئەمجۆرە تەلەفوزە بێت • بۆیە لەکاتی نوسـیندا بە چاوگـە سادەکەوە دەبێ بلکێت :

نوسینەوە ، گرتنەوە ، بژاردنەوە ، بردنەوە ، هێنانەوە ، ژیاندنەوە •

هێندێك جار ئەم پاشگرە بە چاوگی دارێژاوەوە دەلکێ وە بەمشێوەیە دەنووسرێت :ـ

هەلکردنەوە ، لێکدانەوە ، تێکەوتنەوە ، لێبردنەوە •

هەروا دەچێتە سەر چاوگی لێکدراویش وە بەمجـۆرەی خـوارەوە دەنووسرێت :ـ

سەرکەوتنەوە ، ساردبوونەوە ، سووربوونەوە ، گەرمکردنەوە •

**چۆنیەتی نووسینی چاوگەی لێکدراو :**

هەروەکو لە سەرەتای ئەم باسەمـاندا روونمـان کردەوە چـاوگی لێکدراو لە دوو مۆرفێم پێكدێت هێندێك جار بەندێك وەیا زێتر یارمەتی لێکدانی ئەم دوو مۆرفێمە دەدەن •

لە چاوگەی لێکدراودا دەبێ یەکێك لەو دوو مۆرفێمانە چاوگە بێت جا چ سادەو چ دارێژراو ، مۆرفێمەکەی دی لەوانەیە ناو وەیا ئاوەلناو بێت کە ئەوانیش لەرووی دارشتنەوە بۆیان هەیە سادە وەیا دارێژراو بن •

لەکاتی نوسینی چاوگەی لێکدراودا دەبێ هەردوو مۆرفێمەکە بـە جیاواز بنوسرێن ، چونکە هەریەك لەوان دەتوانێ بەتەنیا وەکو دانەیەکی واتابەخش واتای سەربەخۆی خۆی بپارێزێ وە لەرووی واتاوە هیچ کامیکیان بەند نین بە ئەوی‌ترەوە کەواتە لەکاتی نوسیندا نابێ بدرێنـە دەم یەك •

# چاوگەی لێکدراو بەیارمەتی ناوەوە

ئەو چاوگە لێکدراوانەی کە بەیارمەتی ناو دادەڕێژرێن بە بێ‌هاوکاری هیچ بەندێك بەم‌جۆرەی خوارەوە دەنووسرێن •

ناو + چاوگەی سادە / چاوگەی لێکدراو •

ڕەنگ‌کردن ، نال‌کردن ، بارکردن ، ئوتوکردن •

بەش‌کردن ، شانەکردن ، زین‌کردن ، فەرش‌کردن •

باوەشێن‌کردن ، هێلکەکردن ، سواخ‌کردن ، نان‌کردن •

ئەم چاوگە لێکدراوانەی سەرەوە لە ناوی کونکرێتو چاوگەی کردن دارێژراون ، هەروا چاوگەی کردن لەگەڵ ناوی ئەبستراکیش بەم‌شێوەی سەرەوە دەنووسرێ ، بو وێنە :ـ

شەرم‌کردن ، هاوارکردن ، قسەکردن ، ڕاوکردن •

هەست‌کردن ، باس‌کردن ، سڵاوکردن ، سکاڵاکردن •

پەلەکردن ، پرس‌کردن ، گەمەکردن ، کۆچ‌کردن •

چینەکردن ، چاکەکردن ، بۆن‌کردن •

وەنەبێ چاوگەی لێکدراو ، چاوگە سادەکەی هەر (کردن) بێت ، بەلکو چاوگەی‌دیش بەشداری ئەم‌جۆرە دارشتنە دەکەن وەك (دان ، هێنان، خواردن ، کێشان) بەڵام چاوگەی کردن ، لە هەمووان چالاکترە لەم جۆرە دارشتنەدا •

ئەو چاوگە لێکدراوانەی ، کە لە (دان ، هێنان ، خواردنو ، کێشان) ، بەیارمەتی ناو دادەڕێژرێن بەر هەمان یاسای نووسین دەکەون کەلە (کردن)دا پێڕەوی کرا ، کە ئەویش نەلکاندنیانە بەیەکەوە •

بۆوێنە :ـ

ئاودان ، خەبەردان ، گەشەدان ، گرێدان ، هەوڵدان ، پەلاماردان .

ژەنگهێنان ، هێرشهێنان ، نانهێنان .

سوێندخواردن ، فریوخواردن ، خولخواردن .

بەردکێشان ، ئاوکێشان ، ئازارکێشان .

ئەو چاوگە لێکدراوانەی ، کە بەیارمەتی ناوی شوێن (پاش ، پێش ، سەر ، ژێر ...) دادەرێژرێن لەکاتی نووسیندا پێرەوی هەمان یاسای رێنووس دەکەن ، کە ئەویش پێوە نەلکاندنیانە ... [7] بۆوێنە :ـ

پاشخستن ، پێشخستن ، سەرخستن

سەرکەوتن ، ژێرکەوتن .

ئەم چاوگە لێکدراوانەی زووروو هەموویان لە (ناو + چاوگەی سادە) پێکهاتوون ، بەواتا ناو بەپێش چاوگەکە کەوتووە بەلام هێندێک چاوگەی لێکدراومان هەیە ، کە چاوگە سادەکە بەپێش ناوەکە دەکەوێ وە بەهۆی بەندە (ـە)وە بەیەکەوە دەبەسترێن . بۆ چۆنیەتی نووسینی ئەمجۆرە چاوگە لێکدراوەش پێرەوی هەمان یاسای زمانەوانی دەکرێت ، کە ئەویش نەلکاندنیانە بەیەکەوە ، بەلام لەبەرئەوەی شێوەیبەندی (ـە)

---

(7) ناوی شوێن لەگەڵ هێندێک ئامرازی پێوەندیدا لێکدەدات و ئاوەلکاری شوێن پێکدێنێت ، وەک : بەسەر ، لەسەر ، لەبن ، لەبەر ...
ئەمئاوەلکارانەش وەکو ناوو ئاوەڵناو لەگەڵ چاوگەی سادەدا لێکدەدەن و چاوگەی لێکدراو دادەرێژن .
بۆچۆنیەتی نووسینی ئەم جۆرە چاوگە لێکدراوانەش دەبێ پێرەوی هەمان یاسای زمانەوانی بکرێ ، کە بۆ چاوگە لێکدراوەکان بەکارهاتووە کە ئەویش پێکەوە نەنوساندنیانە ، بۆوێنە :ـ
بەسەرخستن ، لەبنهێنان ، لەبەرکردن ، لەسەردانان ، بەسەرنوسین ، لەسەرنڤیسین ، ژبەرکرن ، ژسەرکەف ، لبنخستن ...

بەجۆرێکە ناتواندرێت بەتەنیا بنووسرێت ، بۆیە لەکاتی نووسیندا بە چاوگەکەوە دەلکێت‌و بەم‌شێوەیە دەنووسرێت :

خستنەسەر ، کەوتنەخوار ، هێنانەبەر ، کردنەدەر ، هاتنەژوور ، خستنەڕوو ...

هێندێك جار بەشی ناوی چاوگەی لێکدراو ناوێکی لێکدراوە ، کە بەهۆی دووپاتکردنەوەوە پێك‌هاتووە، بۆچۆنیەتی نووسینی ئەم‌جۆرە چاوگە لێکدراوەش دەبێ بە جیا جیا بنووسرێن‌و نەلکێندرێن بەدەم یەکەوە ، تاوەکو هەر مۆرفیمێك قەوارەی واتای خۆی بپارێزێ‌و بەم‌شێوەیە بنوسرێ :ـ

کون کون‌بوون ، گفەگف کردن ، گرمەگرم‌هاتن ، پارچە پارچە بوون، لەت‌لەت کردن ...

## چاوگەی لێکدراو بەیارمەتی ئاوەڵناوەوە

ئاوەڵناویش وەکو ناو لەگەڵ چاوگەدا لێك‌دەداو چاوگەی لێکدراو پێك‌دێنێت .

لەبەرئەوەی ئاوەڵناوو چاوگەی سادە هەریەکەیان مۆرفیمێکی سەربەخۆن لەڕووی واتاوە لەکاتی پێکهێنانی چاوگەی لێکدراودا دەبێ هەریەکەیان بەجیا بنووسرێن بەواتا نەدرێن بەدەم یەکەوەو پێکەوە نەنوسێن، چونکە هەردوویان دەتوانن وەکو دانەیەکی سەربەخۆ قەوارەی خۆیان بپارێزن .

ئەوەی شایەنی باسە ئەو چاوگە سادانەی ، کە بە شێوەیەکی فراوان بۆ دارشتنی چاوگەی لێکدراو لەگەڵ ئاوەڵناودا بەکاردێن چاوگەی (کردن)و (بوون)ن ، وە بەم‌شێوەیەی خوارەوە دەنووسرین :ـ

سوورکردن ، پانکردن ، شێتکردن ، جووانکردن ، چاککردن ، زلکردن ، مەزنکردن ، ڕێککردن ، ئازادکردن ، گەرمکردن ، ساردکردن ، پاککردن •

سووربوون ، چاکبوون ، شێتبوون ، مەزنبوون ، ووردبوون ، گەرمبوون ، درێژبوون ، گەورەبوون •

ئەو چاوگانەی ، کە بەیارمەتی ( ئاوەڵناو + چاوگە ) دادەڕێژرێن وەنەبێ هەر سادە بن ، بەڵکو بۆی هەیە داڕێژراو بن ، لەمبارەدا چاوگە داڕێژراوەکە پێکەوە دەنووسرێت وە ئاوەڵناوەکەش سەربەخۆ دەنووسرێ ، بەمشێوەیە :ـ

سوورکردنەوە ، پانکردنەوە ، ساردکردنەوە ، گەرمکردنەوە ،
گەرمبوونەوە ، درێژبوونەوە ، گەورەبوونەوە •

ئەو ئاوەڵناوەی هاوبەشی دارشتنی چاوگەی لێکدراو دەکات وەنەبێ لەرووی پێکهاتنەوە هەر سادە بێت ، بەڵکو لەوانەیە داڕێژراو وەیا لێکدراو بێت •

گەر ئاوەڵناوەکە داڕێژراو بێت ئەوە لەگەڵ پێشگرەکەی دەدەنە دەم یەکتری وە وەکو چاوگەی داڕێژراو دەنووسرێن بەواتا بەیەکەوە دەلکێندرێن، بەڵام چاوگە سادەکە هەر سەربەخۆ دەنووسرێت ، بەمجۆرەی خوارەوە :ـ

بێهێزبوون ، بەهێزبوون ، بێکەسبوون ، ناخۆشکردن ، نەخۆشبوون•

گەر ئاوەڵناوەکە لێکدراو بوو ، ئەوە دەبێ ئەم دوو مۆرفیمە بەیەکەوە نەنوسێن ، بەڵکو بەجیا بنوسرێن بەمجۆرەی خوارەوە :ـ

ڕووسوورکردن ، دڵخۆشبوون ، سەرخۆشبوون •

**١ ـ چۆنیەتی نووسینی چاوگەی دارێژراو لەکاتی گەردانکردنیدا**

١ ـ چاوگەی دارێژراوی تێپەڕ / رابوردوو •

لەکاتی گەردانکردنی چاوگەی دارێژراودا بۆ کاتی رابوردوو لەگەڵ ئەو چاوگانەی ، کە تێپەڕن جێناوی لکاوی ( م ، ت ، ی ، مان، تان ، یان ) ، کە هی دۆخی خاوەنی دەکەونە نێوان پێشگرو چاوگەکەو لەکاتی نووسیندا دەبێ بە پێشگرەکەوە بلکێن لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە :

١ ـ لەکاتی گۆکردندا یەکسەر لەدوای پێشگرەکە تەلەفوز دەکرێت ، بۆیە دەبێ پێرەوی تەلەفوزکردنەکە بکرێو بەپێشەوە بلکێندرێ •

٢ ـ لەدوای گۆکردنی جێناوەکانی دۆخی خاوەنی لەگەڵ پێشگردا وەستانێك هەیە ، کە ئەم وەستانە رێگە بەوە دەدات ، کە پێشگرو جێناوەکە بەیەکەوە بنوسرێنو بە چاوگەوە نەنوسێن •

٣ ـ جێناوی لکاو خۆی بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن وە لە گەردان کردندا کەسو ژمارە پێشان دەدات ، بۆیە دەتوانێ بەو چاوگەوە نەنوسێنرێت لەدوای ئەودا دێت ، چونکە خۆی دەتوانێ قەوارەی خۆی بپارێزێت :

کەواتە لەبەر رۆشنایی ئەم خاڵانەی ژوورەوەدا چاوگەی دارێژراوی تێپەر لەکاتی گەردانکردنیدا لە رابوردوودا بەمجۆرە دەنووسرێ :

| | | | |
|---|---|---|---|
| دامنا | هەڵمکرد | لێمپرسی | تێمکرد |
| داتنا | هەڵتکرد | لێتپرسی | تێتکرد |
| دایْنا | هەڵیکرد | لێیپرسی | تێیکرد |
| دایاننا | هەڵمانکرد | لێمانپرسی | تێمانکرد |

| | | | |
|---|---|---|---|
| داتان نا | هەڵتان کرد | لێتان پرسی | تێتان کرد |
| دایان نا | هەڵیان کرد | لێیان پرسی | تێیان کرد |

**٢ ــ چاوگەی دارێژراوی تێنەپەر /رابوردوو**

لەکاتی گەردان کردنی چاوگەی دارێژراوی تێنەپەردا لەکاتی رابوردوودا جێناوی لکاوی دۆخی کارایی (م ، ی ، ت ، ین ، ن ، ن) دەکەونە دوای چاوگە دارێژراوەکە ، بۆیە لەکاتی نووسیندا پێوەی دەلکێ و بەم شێوەیە دەنوسرێ :ــ

| | | | |
|---|---|---|---|
| تێکەوتم | رۆچووم | پێراگەیشتم | هەڵفریم |
| تێکەوتی | رۆچووی | پێراگەیشتی | هەڵفری (ت) |
| تێکەوت | رۆچوو | پێراگەیشت | هەڵفری |
| تێکەوتین | رۆچووین | پێراگەیشتین | هەڵفرین |
| تێکەوتن | رۆچوون | پێراگەیشتن | هەڵفرن |
| تێکەوتن | رۆچوون | پێراگەیشتن | هەڵفرن |

**٢ ــ چاوگەی دارێژراوی تێپەرو تێنەپەر / ڕانەبردوو :**

چاوگەی دارێژراوی تێپەرو تێنەپەر لەکاتی ڕانەبوردودا وەکو یەك دادەرێژرێن وە جێناوی لکاوی دۆخی کارایی ( م ، ی ، ێ ، ا ، یت ، ین ، ن )یان بەکۆتاییەوە دەلکێ بەمجۆرە دەنوسرێن :ــ

| | | |
|---|---|---|
| دادەهێنم | هەڵدەکەم | تێدەکەوم |
| دادەهێنی | هەڵدەکەی | تێدەکەوی |
| دادەهێنێ | هەڵدەکا | تێدەکەوێ |
| دادەهێنین | هەڵدەکەیت | تێدەکەوین |

| | | |
|---|---|---|
| دادەهێنن | هەڵدەکەن | تێدەکەون |
| دادەهێنن | هەڵدەکەن | تێدەکەون |

**چۆنیەتی نووسینی چاوگەی لێکدراو لەکاتی گەردانکردنیدا :**

١ ــ چاوگەی لێکدراوی تێپەڕ / رابوردوو •

چاوگەی لێکدراوی تێپەڕ لەکاتی رابوردوودا جێناوی دۆخی خاوەنی ( م ، ت ، ی ، مان ، تان ، یان)ی لەگەڵ بەکاردێت •

لەکاتی گەردانکردنی ئەمجۆرە چاوگە لێکدراوانەدا جێناوەکانی دۆخی خاوەنی دەبێ بە مۆرفیمی یەکەمەوە ، بلکێندرێن لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە :ــ

١ ــ جێناوەکانی دۆخی خاوەنی یەکسەر لەدوای مۆرفیمی یەکەمەوە تەلەفوز دەکرێن •

٢ ــ لەدوای گۆکردنی جێناوەکانی یەکسەر لەدوای مۆرفیمی یەکەمدا هەست بە وەستانێك دەکرێ ، کە ئەم وەستانە رێگە بەوە دەدات ، کەوا لەکاتی نووسیندا لەگەڵ مۆرفیمی یەکەمدا بێت نەك دووەم :

٣ ــ جێناوی لکاو هەر لەگەڵ چ بەشێکی ئاخافتن هات قەوارەی خۆی دەپارێزی وە ئەرکی رێزمانی خۆی بەجێدێنی ، کە بەشێوەیەکی سەرەکی پیشاندانی کەس و ژمارەیە ، بۆیە دەتواندرێت بە مۆرفیمی دووەمەوە نەلکێندرێت •

کەواتە لەبەر رۆشنایی ئەم خاڵانەی ژووروودا چاوگەی لێکدراوی تێپەڕ چ بەیارمەتی ناو وەیا ئاوەڵناو پێکهاتبێت بەم شێوەی خوارەوە دەنووسرێت :ــ

| | | | |
|---|---|---|---|
| ڕەنگم کرد | هەستم کرد | چاکم کرد | ساردم کردەوە |
| ڕەنگت کرد | هەستت کرد | چاکت کرد | ساردت کردەوە |
| ڕەنگی کرد | هەستی کرد | چاکی کرد | ساردی کردەوە |
| ڕەنگمان کرد | هەستمان کرد | چاکمان کرد | ساردمان کردەوە |
| ڕەنگتان کرد | هەستتان کرد | چاکتان کرد | ساردتان کردەوە |
| ڕەنگیان کرد | هەستیان کرد | چاکیان کرد | ساردیان کردەوە |

**٢ - چاوگەی لێکدراوی تێنەپەر / ڕابوردوو :**

بۆ گەردان کردنی چاوگەی لێکدراوی تێنەپەری ڕابوردوو جێناوی لکاوی دۆخی کارایی (م ، ی ، ین ، ن ، ن) بەکاردێت .

ئەم جێناوانە لە کۆتایی چاوگە لێکدراوەکاندا تەلەفوز دەکرێن ، بۆیە بە مۆرفێمی دووەمەوە دەلکێندرێن کە ئەویش چاوگەیە .

| | | |
|---|---|---|
| گەورەبووم | چاکبووم | گەرمبوومەوە |
| گەورەبووی | چاکبووی | گەرمبوویەوە |
| گەورەبووی | چاکبوو | گەرمبۆوە |
| گەورەبووین | چاکبووین | گەرمبووینەوە |
| گەورەبوون | چاکبوون | گەرمبوونەوە |
| گەورەبووی | چاکبوون | گەرمبوونەوە |

**سەرنج :**

لەکاتی گەردان کردنی چاوگەی لێکدراوی تێنەپەری (گەرمبوونەوە)دا جێناوی لکاوی دۆخی خاوەنی بە پێش پاشگری (ـ ەوە) دەکەوێ ، کەواتە لەڕووی ئەو یاسایەی ، کە پێڕەوی کراوە بۆ نووسینی چاوگەی لێکدراوی

تێنەپەر لای نەداوە ، هەر لە شوێنی تایبەتی خۆیەتی ، کە ئەویش کۆتایی مۆرفێمی دووەمە ، وە لەکاتی رانەبوردوشدا هەمان دیاردە بەرچاودەکەوێ •

۳ ــ چاوگەی لێکدراوی تێپەرو تێنەپەر ــ رانەبوردوو :

چاوگەی لێکدراوی تێپەرو تێنەپەر لە کاتی رانەبوردوودا وەکو یەک دادەرێژرێن وە ئەم جێناوە لکاوانەی دۆخی خاوەنی‌یان (م ، ی ، ا ــ ێ ــ ێت ، یــن ، ن ، ن) لەگەڵ بەکاردێت ، کە بە کۆتایی مۆرفێمی دووەمەوە تەلەفوز دەکرێن ، بویەیە پێوەی دەلکێن ، بڕوانە :

| | | |
|---|---|---|
| هەستدەکەم | چاکدەبم | چاکدەبمەوە |
| هەستدەکەی | چاکدەبی | چاکدەبیوە (دەبی‌یەوە) |
| هەستدەکا | چاکدەبێ | چاکدەبێتەوە |
| هەستدەکەین | چاکدەبین | چاکدەبینەوە |
| هەستدەکەن | چاکدەبن | چاکدەبنەوە |
| هەستدەکەن | چاکدەبن | چاکدەبنەوە |

سەرنج :

گەر هاتوو بەشێکی یەکەمی چاوگەی لێکدراو لە دوو مۆرفێم پێکهاتبوو بەواتە خۆی لێکدراو بوو ئەوە لەکاتی گەردان کردنیدا بۆ رابوردوو جێناوی لکاوی دۆخی خاوەنی بە مۆرفێمی یەکەمەوە دەلکێ ، لەبەر ئەو هۆیانەی کە لەو خاڵانەدا روونکراونەتەوە لەکاتی دارشتنی چاوگەی لێکدراوی تێپەری رابوردوودا • بڕوانە :ــ

رووم سوور کرد ، رووت سوور کرد ، رووی سوور کرد

روومان سوور کرد ، رووتان سوور کرد ، روویان سوور کرد •

وه بۆ گەردان کردنی لەکاتی رانەبوردوودا ، جێناوی دۆخی کارایی بە کۆتایی چاوگە لێکدراوەکەوە دەلکێ ، بۆوێنە :ـ

رووم سوور دەکەم ، رووت سوور دەکەی ، رووی سوور دەکا
روومان سوور دەکەین ، رووتان سوور دەکەن ، روویان سوور دەکەن

## ئەنجـام

چاوگەی نەسادە لەرووی دارشتنەوە دوو جۆرە :ـ

١ ـ چاوگەی دارێژراو .

٢ ـ چاوگەی لێکدراو .

چاوگەی دارێژراو بەیارمەتی کۆمەڵێک پێشگر وەک (را ، دا ، ڤە ، هەڵ ، وەر ، رۆ ، تێ ، پێ ، وێ ، لێ ، تێدا ، پێدا ، پێرا ، تێوە ، پێوە ، تێک ، پێک ، لێک ، وێک ) وە پاشگری ( ـ ەوە ) دادەرێژرێ .

بۆ چۆنیەتی نووسینی چاوگەی دارێژراو بەهۆی پێشگرەوە رووبەرووی دوو بار دەبین ، باری یەکەمیان ئەو پێشگرانە دەگرێتە خۆی ، کە لە رێنووسی کوردیدا هیچ جۆرە کێشەیەک دروست ناکەن ، چونکە شێوەی پیتەکانیان بە چەشنێکە رێگەی لکاندنیان بە ووشەکەی دوای خۆیانەوە نادات وەک ئەم پێشگرانە (را ، دا ، وەر ، ڤە ، رۆ ، تێدا ، پێدا ، پێرا ، تێوە ، پێوە ) .

باری دووەمیان ئەو پێشگرانە دەگرێتەوە ، کە لەکاتی نووسیندا کێشەی لکانو نەلکاندنیان سازدەکات ، چونکە شێوەی پیتەکانیان هەڵگری سەرهەڵدانی ئەم جۆرە کێشەیەیە ، وەک پێشگری (هەڵ ، تێ ، پێ ، وێ ، لێ ، ژێ ، تێک ، پێک ، لێک ، وێک ) .

لەم‌بارەدا لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە بڕیاری لکاندنیم دا ، بە چاوگەوە لەکاتی نووسیندا :ـ

١ ـ پێشگر ناتوانێ وەکو دانەیەکی سەربەخۆ واتای خۆی بپارێزێ بەڵکو بە ووشەکەی دوای خۆیەوە بەندە •

٢ ـ لەکاتی گۆکردندا هیچ وەستانێك لەنێوان پێشگرو چاوگەکەدا هەست پێ ناکرێ • شێوەش دەبێ دەربڕینی گۆکردن بێت •

٣ ـ بە هەردووکیان (پێشگر + چاوگە) واتـایەکی نوێ دەبەخشـن ، کەواتە دەبێ وەك دانەیەکی واتابەخشی یەکگرتوو بن لە شێوەشدا •

٤ ـ لەرووی سایکۆلۆژی‌یەوە شێوەکەی دەبێ بە جۆرێك بێت بە ئاسانی بێ‌لەت‌کردنو کەرت‌کردن بخوێندرێتەوە •

لەکاتی نووسینی چاوگەی داڕێژراوی تێپەردا لـە بـاری گـەردان کردنیدا شێوەی چاوگە داڕێژراوەکە دەگۆڕێ ، چونکە جێناوی لکاوی دۆخی خاوەنی دەکەوێتە نێوان پێشگرو چاوگەکەوە لەکاتی نووسیندا بـە پێشگرەکەوە دەلکێ بەڵام بۆ گەردان‌کردنی چاوگەی داڕێژراو ـ تێپەڕو تێنەپەر لەکاتی رانەبووردوودا هیچ کێشەیەکی ڕێنووسی بەرچاو ناکەوێ، چونکە جێناوی لکاوی دۆخی کارایی بە کۆتایی چاوگە داڕێـژراوەکەوە دەلکێ وە چاوگە داڕێژراوەکە شێوەی خۆی دەپارێزی ، یا وەکو نیشانەی (دە)ی کاتی رانەبوردووش دەکەوێتە نێوان پێشگرو چاوگەکەوە •

چاوگەی لێکدراو ، کە لە دوو مۆرفێمی سەربەخۆ پێك‌هاتووە ، لـە کاتی نووسیندا دەبێ بەجیا بنوسرێن ، چونکە :ـ

١ ـ هەریەك لەو دوو مۆرفێمە دەتوانێ بەتەنیا وەکو دانەیەکی واتابەخش قەوارەی خۆی بپارێزێ •

٢ ـ لەرووی واتاوە هیچکامیکیان بەند نین بە مۆرفیمەکەی دییەوە •

وە لەکاتی گەردان کردنیشدا ئەم شێوەی خۆی دەپارێزێ ، کە نەلکاندنیانە بەیەکەوە ، بەلاّم جێناوی لکاوی دۆخی خاوەنی بە مۆرفیمی یەکەمەوە دەلکێ وە جێناوی لکاوی دۆخی کارایی بە کۆتایی چاوگە لێکدراوەکەوە دەلکێ‌و بە هیچ جۆرێك کارناکاتە سەر شێوەی چاوگە لێکدراوەکە •

لەبەر ڕۆشنایی چۆنیەتی نووسینی چاوگەی نەسادەدا دەتواندرێت بەشەکانی‌دی ئاخافتن وەکو ناوی نەسادە ، ئاوەڵناوی نەسادە ، ئاوەلکاری نەسادەش هەمان یاسای ڕێنووسی بۆ دابرێژرێ •

**سەرچاوە**


نوری عەلی ئەمین ، ڕابەرێ بۆ ئیملای کوردی ، بەغدا ، ١٩٦٦ .

طاهر صادق ، ڕێنوسی (چۆنیەتی نوسینی کوردی) ، کەرکوك ، ١٩٦٩ .

د. قەناتی کوردو ، ڕێزمانی کوردی ( کەرستەی کرمانجی خواروو ژووروو ) مۆسکۆ ، ١٩٧٨ .

ك. ئەیوبی‌و ئی. ئا. سمیرنۆڤا ، دیالێکتی کوردی موکری ، لێنینگراد ، ١٩٦٨ .

# فرێدان و هەڵبواردن
## لە بەکارهێنان و نووسینی کوردیدا

**نووسینی : محمد صالح سعید**

نووسینی کوردیو تۆمارکردنی هەر لە کۆنەوە خۆی لـە بەردەمی گیروگرفتو چەڵەمەی نەبوونی ڕێنووسێکی سەربەخۆو یەکگرتوودا دیوەتەوە ، بەجۆرێـك کاری کردووە کە لەئەنجامدا پشێویو دژواری بەدوای خۆیدا بۆ نووسەرو خوێنەر بەجێهێشتووە •

ئەم کێشەیە وەنەبێت هـەر لـە جیایی بەکارهێنـانی ئەلفـوبێی جۆربەجۆردا بێت ، بەڵکو لەکاتی هەڵبژاردنو خستنەکاری یەك ئەلفوبێشدا هەر بینراوە ، بۆنموونە : ( هەڵ گرە ، هەڵبگرە ، هەڵگرە ، هەڵبگرە ) • دەبینین هەر باری شێوەی بەکارهێنانی نەگرتۆتەوە ، بەڵکو لایەنی ڕێزمانیشی گرتۆتەوە (پێوەنووسانو پێوەنەنووسان ، بەکارهێنانی «ب»ێ داخوازی یان فرێدانی) •

ئەم پشێوی نووسینە وای کردووە زانایانو ڕوشنبیرانو مامۆستایانو قوتابیانیش هەمیشە هاواری چارەکردنی ئەم کێشەیە بکەن •

سەرەنجامی لێکۆڵینەکان لە کۆنەوە تا ئێستە ئیسپاتی کردووە کە ئێمە پێویستمان بە ڕێنووسێکی (شیاوی چەسپاو) هەیە کە لەگەڵ ڕەچەڵـەکی

زمانەکەو پێویستی‌یەکانی ژیانو گەشەی زانیاریو کەلچەردا بگونجێتو ، یەکگرتوو چەسپاوو نەگۆڕیش بێت • دەبێت بخرێتەکارو بلاوبکرێتەوە ، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە هەموو توانایەکی بۆ تەرخان بکرێت • دوای ئەوە ، بە شێوەیەکی گشتی لەلایەن هەموو کوردێکەوە پەیڕەوی بکرێتو ، گشت دەزگا کەلچەریو رۆشنبیری‌یەکانو ، گۆڤارو رۆژنامەکانو ، نووسەرانو هونەران لەسەری بڕۆنو پەیڕەوی بکەنو بەکاری‌بهێنن •

کۆتایی هێنان بەم کێشەیەو چەسپاندنی ئەو ڕێنووسە دەرگایەکی نوێ دەکاتەوە لە بەردەمی زمانی کوردیدا ؛ چونکە خۆی دەبێتە (ڕێبازێکی یەکگرتوو) کە دەستبدات بۆ چەسپاندنی (شێوەیەکی یەکگرتووی ئەدەبی) بۆ زمانی کوردی •

بێ‌گومان ئەم ئامانجە تا ئێستە بەهۆی سەپاندنێکی لەخۆوەی گشتی، یان دەنگ‌وەرگرتنی دیموکراتی‌یانە بۆ هەلبژاردنی لایەك ، یان بەهۆی سەپاندنی رامیاری‌یەوە جێ‌بەجێ نەبووە •

هەروەها لە کۆنەوە چالاکی‌یە زمانیو ئەدەبیو ڕۆشنبیری‌یەکانو ، دەزگا ڕۆشنبیریو رامیاری‌یەکانیش نەیانتوانیوە (لەبەر هەر هۆیەك بێت) ئەم کێشەیە کۆتایی پێ‌بهێننو ، بڕیاری چەسپاندنی ویستو مەبەستێکی یەکگرتوو بدەن •

بۆنموونە لە کۆنگرەی کوردناسەکانی یەکێتی سۆڤیەتیشدا کە سالی ١٩٣٤ گیراو شێوە زاراوی کرمانجی ژووروی بۆ شێوەی ئەدەبی هەلبژارد بۆ زمانی کوردی ، نەیتوانیوە چارەسەر بۆ گیروگرفتو کێشەی زمانی کوردی دابنێت •

هەروەها ئەیلوولی ١٩٥٩ ـ کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوەو ، دوای ئەویش کۆنگرەی دووەم بە لایەنی شێوە هەلبژاردنەوە

بـرپيارێکی جياواز دراو (لەگەڵ ئەو هەموو بايەخـە مێـژوويی‌و نـرخ‌و ئەنجامە پیرۆزانەی کە هەيانبوو) نەتوانرا کۆتايی بە چەڵەمەی ڕێنـووس‌و نووسينی کوردی بهێنێت‌و چارەسەر بکرێت‌و بۆ دواجار هەموو چمکەکانی ئەم کێشەيە بنەبر بکرێت •

هەرچەندە ليژنەی ڕێنووس لە کۆنگرەی (لێکۆڵینەوە لەبارەی کتێبی قوتابخانەکانەوە بە زمانی کوردی) کە لە شەقڵاوە ٢٥ ، ٢٦ ، ٢٧ی تەموزی ١٩٧٣ گيرا ، گەلێك بۆچوونی نوێی خستە ناوەوە ، بەڵام هەر نەتوانرا کۆتايی تەواو بە گيروگرفتی ئەم کێشەيە بهێنرێت •

لەبەر ئەو هۆيانە ئێستە چاکترين هەنگاو ئەوەيە (هەنـگاوو بڕياری کرداری‌و بەجێهێنانی) بنرێت‌و خۆ دووربخرێتەوە لە (ووتـەو نـووسينی بيرکاری ڕووت) ، دەستنيشانی (لايەنە جياوازەکانی گيروگرفت) بکرێت ، بۆ هەر چمکە ليژنەيەکی بۆ دابنرێت ، بڕيارەکان بخرێنە بەردەمی ليژنەيەکی سەرەکی‌تر ، لە کۆتاييدا ئەوەی (بە ڕاست‌و چاك دەزانرێت‌و وەك دەقێـك لە هەموو بەکارهێنراوەکان شيـاوترو گونجـاوتر بێـت) ، هەرچەنـدە کەموکوڕيشی تێدا بێت) ، هەڵبژێررێت‌و بڕياری لەسەر بدرێت‌و بخرێتـە کارو ، بۆ (پەيڕەوی‌کردن) وەك (ڕژێم‌و ياسا) بەسەر هەمواندا بسەپێنرێت•

دوای ئەم بڕياردانە ، بۆ مسۆگەرکردنی جێبەجێ‌کردنی پێويستمـان بە هەوڵدانێکی ڕێکخراوی زانستانەی لەسەرخۆ هەيە • وا بە چاك دەزانم ئەمە بدرێتە دەست دەستەيەکی هاوبەش‌و هاوکار ، کە نووسينی گۆڤـارو ڕۆژنامەو کتێبی نووسەران‌و کتێب‌و بەرنامەی قوتابخانـەکان هەمـووی بخرێتە ژێر رکێفی ئەوانەوە ، ئەمەش لە ڕێگای سەرکەوتنی ئەم مەسەلەيەدا، کە دەبێت وەك پڕۆژەيەك بڕياری لەسەر بدرێـت • ئەمـەش بێ‌گومـان (دەق‌پێوەگرتن) بە ماوەيەکی کەم دەهێنێتەدی •

ئەوەی کە پالیشمان پێوە دەنێت بۆ ئەم بڕوایە ئەم پاشاگەردانی‌یەیە کە لە نووسینەکاندا بەکارهێنراوە ، جاری‌وا هەیە لە تەنها بەرهەمێکدا ئەم بەکارهێنانە جیاوازانە بەئاسانی دەبینرێن ، بۆنموونە دەنووسرێت :

١ ـ ( تێ‌هەڵچوون ، تێهەلچوون ، تێهەڵچـوون ، تێ‌هەڵچـوون ، وە تێهەلچوّن ) ـ ئەمە جۆرێکی گیروگرفت •

٢ ـ ( ژن‌و کچ ، ژنو کچ ) کە جیایە لە ( ڕێوجێ ، ڕێ‌وجێ ) •
لەبارەی پێکەوە نووسـاندنەوە ، یـان ( Jinu Kig وە Rêw Kig ) کە لێرەدا بۆ دوو دەنگی جیا u و w هەر هەمان هێما ( و ) لە نووسیندا بەم ئەلفوبێ‌یە بەکاردەهێنرێت •

٣ ـ هەروەها لە بەکارهێنانی (ی)دا ، کە دەڵێن :
(ئازادی برام) ، (ئازادەکەی‌تر) ، (ئازادی بۆ گەلەکەمان) ، هەریەکەیان دەنگێکی جیایان لەوی‌تریان هەیە ، بەڵام هەرسێکیان بە یەك هێما (ی) دەنووسرێن •

بەم‌پێ‌یە ئەو لیژنەیەی کە وتمان لەبەر ڕۆشنایی ئەو بڕوایە کار بکات کە (پێویستە تۆمارکردن‌و نووسین‌و ڕێنووسمان لە ڕووی ڕێزمان‌و دەنگ‌و فەرهەنگەوە ، بە ئەلفوبێ‌یەکی یەکگرتوو تۆمار بکرێت کە لەگەڵ زمـانی ئەدەبی یەکگرتوودا بگونجێت‌و ، بشبێتە هۆی یارمەتی‌دەری جێ‌گیربوونی) کە ئەمە ئامانجی هەرە گەورەی هەمیشەیی‌و بنەڕەتی‌یە بۆ زمـانی هـەر نەتەوەیەك ، بێجگە لەمەش تا بتوانین گیروگرفتی نووسینی زمانی کوردی پێ چارەسەر بکەین •

ئەگەر بۆ دواوە بگەڕێینەوە دەبینین هەر لە یەکەم دەست‌پێ‌کردنەکانی سالانی ١٧٨٧ی گارزۆنی قەشەی ئیتالی‌یایی‌بەوە کە ڕێزمان‌و فەرهەنگێکی

(٥) هەزار ووشەی دانا تا کۆششەکانی پیوتەر لیرخ بە رووسی ١٨٥٨و ، کورتەی ڕێزمانەکەی فریدریك میوللری نەمساوی (١٨٦٤ ــ ١٨٦٥)و ، ئی. ئا. مسیۆنیری ئەمریکایی لە ساڵی ١٨٧٢ ، تا فەرهەنگەکەی ژابا ١٨٧٩، بەرودوا فەرهەنگ‌و سەرەتاکەی دەستووری زمانی کوردی ١٨٩٥ی یوسف ضیاءالدین پاشای خالیدی‌و ، گرامەرو فەرهەنگەکەی ئی. بی. سۆن ١٩١٣ ، وە کیتابی ئەوەڵەمین قیرائەتی کوردی محمد زەکی‌و میرزا محمد باشقە لە ساڵی ١٩٢٠داو ، ئەلفوبێی کوردەکانی ئەریوان ٩٣١ ، (خوێندەواری باو)ی مامۆستا توفیق وەهبی بەگ ، ئەمجا لاتینی‌یەکەی کامەران بەدرخان ٩٣٨و ، مامۆستا جەمال نەبەز ٩٥٧و ، فەرهەنگی ئەم دوایی‌یەی توفیق وەهبی‌و ، ئەلفوبێ لاتینی‌یەکەی دوکتور محمد موکری‌و هەموو ئەوانی‌تری (کۆن‌و نوێ) ، هەریەکە لە شوێنێکەوە دەستیان‌پێ‌کردو ، هەرچەندە هەندێکیان پێوەندی لەنێوانیاندا هەبوو ، بەڵام نەیانتوانی ببنە تەواوکەری یەکتری‌و گیروگرفت وەك خۆی دەمایەوەو ، بەڵکو هەندێك‌جاریش ــ ئەگەر نەڵێین زۆرجار ــ بوونەتە هۆی دوورکەوتنەوە لە مەبەست ، یان چەواشەیی‌و پەرش‌و بڵاوی‌و سەر لێ تێکدان‌و .. هتد ؛ ئەویش بەهۆی ئەوەی :

١ ــ هەوڵ‌و کۆششەکان جۆربەجۆرو جیاواز بوون .

٢ ــ بە ڕێنووسی زمانێکی یەکگرتووی ئەدەبی نەنووسراونەتەوە .

٣ ــ بە ئەلفوبێ‌یەکی لەیەکچووی یەکگرتوو تۆمار نەکراوەو ، هەوڵی لەیەك نزیکبوونەوەیان نەداوە ، بەپێچەوانەوە هەریەکە ویستوویەتی خۆی بکات بە سوارچاکی مەیدان‌و ڕیبازێکی تایبەتی بخاتەکار .
ئەمە جگە لە پەیڕەوی‌کردنی باری رامیاری لەبارەی بۆچوون‌و ئەو سەرچاوەیەی کە فەرمانی لێوە وەردەگرن ..

٤ ــ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گیروگرفتەکان جیاوازو جۆربەجۆر بوون، زۆرجاریش لەگەڵ یەکتریدا ڕێك‌نەدەکەوتن .

٥ ــ ئەم بارە هەتاكو لەلایەن دەزگا ڕۆشنبیریو فەرمانڕەواییو رامیاری‌یەكانیشەوە پەیڕەوی كردنێكی یەكگرتوو یان لەیەكچوو نەهاتۆتە كایەوە ، بۆنموونە : (لەكۆنـدا میرنشینەكان بـۆ ڕاژەی شێوەی ناوچەیی خۆیان كاریان دەكرد ، بە ئەلفوبێی ئەو فەرمانڕەواییو دەستەڵاتانە تۆماركراوە كە دەستیان بەسەر كورددا ڕۆییوە ، گەلێك جاریش بە زمانی نەتەوە زاڵەكان زانیاری‌یە ئایینیو مێژوویيو ئەدەبی‌یەكان نووسراونەتەوە .. هتد ) .

هەوڵی ئەوەش نەدراوە كە ئەدەبێكی فراوان بە تەنها شێوەیەكی زمانی كوردی بڵاوبكرێتەوە ، كە بۆ هەموو كوردێك بێت ، گشتیان بە هی خۆیانی بزانن ، ئەوەتا ئەمارەتی بۆتان زاراوەی جزیرەیان بەكاردەهێناو ، بابانەكانیش بە شێوەی كرمانجی خوارووــ سلێمانی ــ دەركەوتنو ناسران ، ئەردەلانیش بە شێوەی هەورامی (گۆرانی) .

هەرچۆن بێت ئەوەی دەستمان‌كەوتووە لەوەدا وەستاوە كە :

١ ــ ساڵانی ١٧٨٧ تا ١٩٢٠ نووسینی كوردی لە دەستخەتەوە هاتە سەر نووسین ، دانانی سەرو بۆر نەما ، ووتەی بێگانە لە نووسینەكانـدا وورده وورده كەم‌بووەوە .

٢ ــ ٩٢٠ تا ٩٢٩ نووسینی كوردی پەتیو بەكارهێنانی ئەم جۆرە نووسینە بوو بە باو ، پیتی ( ە ) جێگەی (سەر ــ فتحە)ی عەرەبی گرتەوە .

٣ ــ ٩٢٩ ــ ٩٣٠ ڕێزمانی كوردی وورده وورده دەست‌نیشان كراو ، نیشانە بۆ هەندێك پیت دانرا . هەرچەندەش بۆمان ڕوون‌بووەوە كە تائێستە گشت دەزگا ڕۆشنبیریو رامیاریو كۆمەڵایەتی‌یەكان لەسەر (ڕێنووسێكی یەكگرتووی چەسپاوو گونجاو ڕێك‌نەكەوتوون كە دوای

لێکوڵینەوە دایان‌نابێت‌و ، بڕیاریان لەسەر دابێت‌و هەمووشیان وەك یەك پەیڕەوی بکەن) ، بەڵام هەنگاوی پێشوو بە گەورەو فراوان دادەنرێت بۆ ئامادەکردنی ئەو توانایەی کە ئێستە (زانستانە دوا بڕیار کاکڵە بکرێت‌و دوای ئاشکراکردنی بەگشتی پەیڕەوی بکرێت ) •
لەبەر ئەم ڕۆشنایی‌یە دەتوانرێت پێش ساڵەکانی ١٧٨٧ بە دەمەی تاریکی ڕێنووسی کوردی دابنرێت ، وە نێوان ساڵانی ٩٢٩ تا ٩٨٠ بە دەمەی زێڕینی ڕێنووسی کوردی دابنرێت •

## فڕێدان‌و هەڵبواردن لە بەکارهێناندا

گەلێك جار لە ئاخاوتنی زاری‌و ناوچەییدا هەندێك پیت فڕێدەدرێت‌و نایەتە ئاخاوتن‌و گۆناکرێت ، کە ئەمە لەگەڵ بنەڕەتی زمانەکەو لایەنە ڕێزمانی‌یەکانی زمانەکەشدا ناگونجێت‌و دەبێتە خەوش‌و کەموکووڕی ••• کەچی کە دێینە سەر نووسین‌و تۆمارکردن دەبینین هەر هەمان شێوە دووبارە دەبێتەوەو باری ڕێنووسی زمانەکەشی پێ تێکدەدرێت •

ئێمە لەکاتێکدا بۆ یەکخستن‌و ڕێنووسی یەکگرتووی چەسپاو دەگەڕێین ، لەلاوە ئەم وازلێ‌هێنان‌و هەڵبواردنە دەبێتە گیروگرفتێکی نوێ بۆ زمانەکەمان ، بۆیە پێویستە وەکو بابەتێك لێی بکۆڵرێتەوەو بڕیاری پەیڕەوی‌کردنی لەسەر بدرێت • ئەوانەش :

**١ ــ فڕێدانی ( ب )**

١ ــ لە ووشەی (بەم)دا دووجۆر فڕێدان ڕووی‌داوە :

ا ــ با خەڵاتەکە (بەم) بۆ پێشکەوتووەکان • (ببەم) •

(ب)ی فڕێدراو یان (ب)ی چاووگی ( بردن )ە یان هی

پێویستی (الزامی) ، له هەردوو باردا لایەنی ڕێزمانی تێکدەدات.

ب- بەڵام له ڕستەی:(پێویسته خەڵاتەکەم (بەم) به پێشکەوتووەکان)دا پیتی (د) که هی (دان - پێدان)ە فڕێدراوە کە یەکێکە لە پیتە سەرەکییەکانی (ڕەگی کردار)ی چاووگی (دان - پێدان) . ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕینی ڕەگی کردارەکە .

٢ - له ڕستەی : (چاك لیمان (ببوو) به کوێخا ) یان (چاك لیمان بوو بە کوێخا)دا. له زۆر جاردا هەردووکیان بۆمەبەستی ڕابووردووی دوور بەکاردەهێنرێن و (وو) له یەکەمداو (بوو) له دووەمدا فڕێدراوە . دەبێت بووترێت (چاك لیمان بووبوو به کوێخا ) .

٣ - (سەیر دەبوو لیمان (بوایە) به گزیر) . (ب - ایە) ئامرازی ڕابووردوە، یان ( ب )ی پێویستیو مەرجی لێ لابراوە یان (ب)ی کرداری (بوون)ی بێهێزی لێ فڕێدراوە ، ڕاستییەکەی : (سەیر دەبوو لیمان (ببوایە) به گزیر)ە .

٤ - (به به پیاو) . ئەم ڕستەیەش (ب)ی لێ فڕێدراوە که یان (ب)ی کرداری ( بوون )ە یان (ب)ی داخوازی . دەبێت بنووسرێت : ( ببە به پیاو ) .

٥ - ( گیاکەڵە بژار کەو هەڵکێشە ) ڕاستییەکەی :

( گیاکەڵە بژار بکەو هەڵبکێشە)یە چونکە (ب)ی داخوازی لێ لابراوە.

بەمپێیە (ب) هی کرداری (بوو) بێت یان (بووبوو) یا هی (داخوازی) یا (ڕانەبووردووی پێویستی - الزامی) یان ڕابوردوو ( ب- ....ایە ) بۆ سەر کردارێکی ڕابووردووی نزیك (هات -

بهاتایه) ، هەرکامێکیان بێت لەبارەی ڕێنوسەوە پێویستە بنووسرێتو پەیڕەوی بکرێت ، ئەوسا لەگەڵ دەستووری ڕێزمانی زمانەکەماندا دەگونجێتو لەمبارانەوە گیروگرفت ناهێڵێت •

**٢ ـ فرێدانی ( د )**

١ ـ لەم ووشانەدا (د) پیتێکی بنەڕەتیەو کە فڕێدرا مەبەستی ووشەکە دەگۆڕرێت : (لەبەرئەوە پێویستە بنووسرێت ) •

پەسن : پەسند
پەسەن : پەسەند
گۆبەن : گۆبەند
خوا : خودا

٢ ـ ووشە دارێژراوەکانی وەك (باڵار) کە ئامرازی (دار) وەك پاشگرێك چۆتە سەریانو (ووشەیەکی نوێی بۆ مەبەستێکی نوێ دروستکردووە) دەبێت بنووسرێتەوە : (باڵار) بنووسرێت (باڵدار) •

٣ ـ لە کردارەکانی وەك (نەمەهێشت ، نەیانەهێشت)دا (د) فڕێدراوە کە یەکێکە لە ئامرازەکانی رابووردوو ، ( هێشت ، هێشتووە ، هێشتبوو ، دەهێشت ، بهێشتایە ) نەمەهێشت ـ نەمدەهێشت (ئامرازەکە ـ دە ـ یە )
نەیانەهێشت ـ نەیاندەهێشت (هەروەها) لەبەرئەوە پێویستە بنووسرێت •

٤ ـ ا ـ ئەچوو ـ (ئامرازی ـ ئە ـ کە بۆ ڕانەبووردووی راگەیاندنە ـ المضارع •
ب ـ ئەچم ـ الخبری ـ لەبنەڕەتدا ـ دە ـ یە •

دەبێ بنووسرێن (دەچوو ، دەچم) چونکە زوربەی شێوەکان ئەمە بەکاردەهێنن و ئەمیش ڕاستترە .

٥ ــ ( لە بنەرەتا ، لە باخا ) لەم پێکهاتووانەدا (د)ی ئامرازی (دا) فڕێدراوە. پێویستە بنووسرێتەوە بۆئەوەی لەگەڵ ئاوەڵفرمانەکاندا کاری خۆیان ببینن :

لە بنەرەتا ــ لە بنەرەتدا
بە سەربانا ــ بە سەربانda
لەباخا ــ لەباخدا
بەشەقاما ــ بەشەقامدا

٦ ــ لەکرداری (چانم ، بەزانم ، جوولانم) کە لە چاووگی (چاندن ، بەزاندن ، جوولاندن)ی دالی وەرگیراوون ، (د) پیتێکی بنەڕەتییەو نابێت لە ڕەگی کردارەکەش فڕێبدرێت ، کەواتە دەبێت بنووسرێت (چاندم ، بەزاندم ، جوولاندم) .

٣ ــ پیتە گیراوەکان (دوانی)

ئەو پیتانەی گیراوون و دوانین پێویستە هەردوکیان بنووسرێن چونکە لە (دەنگ)و (مەبەستیشدا) دەگۆڕرێن ؛ وەك :

١ ــ کەللە (ئەگەر نووسرا ــ کەلە ــ مەبەستەکەی جیا دەبێت ) .
زللــە ( ئەگەر نووسرا ــ زلە ــ مەبەستی دەگۆڕرێت ) .
گوللە (ئەگەر نووسرا ــ گولە ــ مەبەستی جیا دەبێت ) .
کوللە (ئەگەر نووسرا ــ کولە ــ دیسان ئەو مەبەستە نادات ) .

٢ ــ هەروەها ووشەکانی وەك ( هەڵلا ) .

٣ ــ ووشەکانی وەك ( فززە ، مرڕ ، شەممــە ، ••• هتــد ) پێویستــە هەردووکیان بنووسرێن ئەگینا ئەو مەبەستە نادەن •

٤ ــ ا ــ (دان) پێویستە بنووسرێــت (ددان) چونــکە یــەکەم دەبێتــە (چاووگ)و دووەم (ناو) •

بۆنموونە : (دەرمانەکەم دانێ کە بۆ ددان بەکاریبهێنن ) •

ب ــ هەروەها لە کرداری (بازددا) ــ (بازد ــ دان) •

دەبێت بگوترێت (بازدی دا) نەك (بازی دا) چونکە مەبەستو باری ڕێزمانیشیان دەگۆڕرێن •

٥ ــ ووشەی (دەست) هەڵەیە چونکە (دەست + ت) (ت) کــە ڕانــاوی دووەم کەسی تاکە نابێت فڕێبدرێت ، وە ووشەکە خۆشی پیتی (ت)ی تێدایــە •

هەروەها زاراوی وەك (دەسەوارە) دەبێت وەك خۆی (دەستەوارە) بنووسرێت ••• هتد ئەوانەی وەك ئەمانەن •

٦ ــ (ماین ــ بقینا) بەڵام (ماین ــ جوانو ماین) دەبێــت بە دوو ( ێ ) بنووسرێت •

وە کە دەڵێین (لەدواین) جیا لەوەی کە دەڵێین (دوایــین هەنــگاو ــ الخطوة الأخيرة ) دەبێت دەنگو نووسینی ئــەم جــۆرە نووسینــە جیابکەینەوە •

٧ ــ (کرا) وە (کرڕا) ( برا ) وە ( بڕرا ) •

( مانگا مردو دۆ برا) جیایە لە (درەختەکە بڕرایەوە) :

( را ) ئامرازی نادیارە لەبەرئەوە پێویستە بنووسرێت •

٤ ــ فرێدانی (ت) که ڕاناوه

١ ــ له ووشەی (دەڕوا) (ت) فرێدراوه که پارچەیەکه له (ات) که ڕاناوه بۆ سێیەم کەسی تاك (بزری تاك) • ڕاستوایه بنووسرێت (دەڕوات ، بڕوات) له هەردوو بەکارهێنانی ڕانەبووردووی (ڕاگەیاندنو پێویستیدا) (ئیخباریو ئیلزامی) •

٢ ــ که دەڵێین (دێ ، دەچێ) دیسان (ت) فرێدراوه که لەگەڵ (ێ)دا ڕاناوه بۆ سێیەم کەسی تاك (ێت) ،لەبەرئەوه دەبێت بنووسرێتو فرێ نەدرێت ، بین به (دێت ، دەچێت) •

٣ ــ هەروەها له ووشەی (دەچی ، دەخۆی)دا (ت) فرێدراوه که لەگەڵ (ی)دا ڕاناوی دووەم کەسی تاك پێکدەهێنێت • لەبەرئەوه پێویسته بنووسرێت (دەچیت ، دەخۆیت) ، هەروەها (بچیت ، بخۆیت) له ڕانەبووردووی پێویستیو ڕاگەیاندندا (خەبەریو ئیلزامی) •

٥ ــ فرێدانی (ك)

١ ــ له ووشەی (هەنارێ) له ڕستەی (هەنارێ دەخۆم)دا ، (ك) فرێدراوه که پێویسته بهێنرێتەوەو بکرێتەوه به (هەنارێك) چونکه (ێك) ئامرازی تاکه بۆ شوناسی ئاشکرانەکەر •

٢ ــ هەروەها له ووشەی (ڕاوچیەیه) له ڕستەی :

ا ــ ڕاوچییه بەپەله بەرەو ئێره هات • (یەك ڕاوچی) •

ب ــ نەریمان ڕاوچییه ، بەم ڕۆژگاره ڕاودەکات • (پیشەی ڕاوه) • دووەمیان پێویستی به (ك) نییه ، بەڵام ووشەی یەکەم ڕسته (ا) پێویستی به (ك) هەیه وه دەبێت بنووسرێت (ڕاوچییەك) چونکه ئامرازی (یەك) ئامرازی (تاکه) •

### ٦ ـ فرێدانی (ی)

لەبەرئەوەی (ی) بەتەنها لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی خۆی دەوێت ، وای بە چاك دەزانم بەجێی بهێڵم بۆ نووسینێکی تایبەتی ، تەنها ئەوە دەڵێم کە :

( ئازاد + ی پێوەندی) کە دەبێتە (ئازادی برام) جیایە لەوەی کە دەڵێین (ترۆزێ + ی پێوەندی) کە دەبێتە (ترۆزێ + ی + ناسك) کە ئێستە هەردووکیان وەکو یەك دەنووسرێن گیروگرفتی تێدایەو پێویستی بە بڕیارێك هەیە •

ئەمە جگە لە لایەنەکانی تری (ی) لە بەکارهێناندا •

### ٧ ـ (وێ) لە زمانی کوردیدا

**فرێدانی جووتە پیتی (وێ)و ژماردنیان بە یەك دەنگو یەك پیت**

کۆبوونەوەی جووتە دەنگی (و + ێ) لەگەڵ یەکتریدا دەبێتە هۆی دروستبوونی دەنگێکی تایبەتی (وێ) کە هەندێك بە یەك دەنگی سەربەخۆی دادەنێنو داوای دانانی یەك پیتی جیاوازی بۆ دەکەن •

یان (وێ) خۆی بە وێنەیەکی نموونەیی دادەنێن ، وەك یەك (هێما) بۆ یەك (دەنگ) •

بەڵام ڕاستییەکەی ئەم دوو پیتە لە بنەڕەتدا وێنەی دوو دەنگی جیاوازنو فرێبدرێنو لەجێی هەردووکیان هێمایەکی نوێ بهێنرێتەکایەوە ، یان (وێ) خۆی بۆ هێمایەكو یەك پیت دابنرێت • ئەم خاڵو نموونانەی خوارەوە بەڵگەن بۆ پێسەلماندنی ئەم ڕاستییە :

١ ـ بەپێی دانەی دەنگیی (وێ) دوو دانەن نەك یەکێك ، ئەم دوو دەنگە لە یەکتریش نزیك نینو جیاوازن •

٢ ــ شوێنی پێکهاتنی (و) وە (ێ) لەناو دەم‌و قـورگدا یـەك نی‌یـەو دووریشن لەیەکەوەو ، شوێنی دەنگ لێ‌هـاتنی تاڵ‌و ماسولـکەی دەنگی‌یان جیایە .

٣ ــ چۆنێتی پێکهاتنیان‌و دروستبوونی هەریەکەیان لەبارەی ئاسۆیـی‌و ئەسـتوونی ( تـانی‌و پـۆیی )یەوە جیـایەو وەك یـەك نی‌یـە ، ئیتر چـۆن ئەم دوو دەنـگە لەگەڵ یەکدا تێـکەڵ دەکرێن بۆئەوەی ببن بە یەك دەنگ ...

٤ ــ بەم‌پێ‌یە لەبەرئەوەی پیتەکانیش وێنەی نموونەیی ئەو دەنگانـەن‌و هێمـان بـۆ ناسینەوەیان ، کەواتە هەر لەبنەڕەتدا ئەم پێکهـاتووە زمانی‌یە دوو دەنگن‌و پێویستیان بە دوو پیت هەیە کە (و) وە (ێ)ن.

٥ ــ بێجگە لەو خاڵانە با بێینە سەر چۆنێتی بەیەکەوەبوون‌و ڕەچەڵـەکی پێکهاتنیان لە ووشەکاندا نەگۆڕراوون‌و هەر لە سەرەتادا لەو ووشانەدا هەبوون لەبارەی (مەبەست ، بڕگە ، چـاووگ ، ...)دا لـە یـەك جیادەبنەوە یان نە ؟ ئەمیش بە جیاکردنەوەی دەنگی (و) لە (ێ) ، وە لەدواییدا بە جیاکردنەوەی پیتـە بزوێن لە نەبزوێـن لە بڕگـەکانی ووشەکەدا .

بۆ ئیسپاتکردنی ئەمەش ئەم نموونانە دەخەینەڕوو :

١ ــ ا ــ لە ووشەی (شەو)دا (ێ) نی‌یە هەروەها (شەوەکە ، شەوانـە) کە بەپێ‌ی بڕگە دەبنە :

شەو (دەنگ + بزوێن + دەنگ) ، (شە + وە + کە) ، (شە + وا + نە) (د + ب . د + ب . د + ب) .

ب ــ لە ووشەی (شەوێ) کە بە مەبەستی (کاتی شـەو) (بە شـەو)

(ليلا) (وقت الليل) ئەگەر برِگەی بکەین بەئاسانی دەردەکەوێت
کە جیانو یەکێکیان دەبێت بە دەنگ (نەبزوێن)و ئەویتریشیان
بە (بزوین) ، وەك :

شەوێ = شە ( د + ب) + وێ (د + ب) •

(و) لێرەدا پیتی نەبزوێنەو (ێ) پیتە بزوێن •

جـ ــ لە ووشەی (شەوێ)دا کە مەبەست (شەوێك)ە ، بۆ یەك شەو
بەکاردەهێنرێت ، ووشەکە لە (شەو + ێك) پێکهاتووە ، (و)
لە (ێ) جیابووەوە ، (ێك) ئامرازی تاکە بۆ یەك شت •

لەبارەی برِگەشەوە (شەو = دەنگ «نەبزوێن» + بزوێن +
دەنگ «نەبزوێن» ، وە (شە + وێك) (نەبزوێن + بزوێن) (شە)
لەگەل (وێك) = (نەبزوێن + بزوێن + نەبزوێن) وە ئەگەر ئەم
دوو پیتە یەك دەنگ بوونایە برِگەکەش تێکدەچوو : وێك
(وێ + ك) • (نەبزوێن + نەبزوێن) ئەمەش هەلّەیە •

٢ ــ (کەو) : ئەم ووشەیە (ێ)ی تێدا نی‌یە ، بەلاّم کە دەلّێین (کەوێ) بۆ
(کەوێك) (وێ) لە ووشەکەدا پەیدا دەبێت چۆن ئەو دوو پیتە جیایە
بکرێن بە یەك دەنگو یەك پیت ؟

بێجگە لەمە لەبارەی دابەشی بزوێنو نەبزوێنەوە دوو پیتی جیادەبن ،
( کە +وێ ) ــ (کە + وێك) (بزوێن + بزوێن) لەیەکەمداو ، (نەبزوێن
+ بزوێن + نەبزوێن) لە دووەمدا •

٣ ــ لە ووشەی وەکو (دەنوێ ــ دەنوێت)دا بە هیچ جۆرێك ناتوانین بلّێین
(وێ) یەك دەنگەو دەبێت یەك هێماشی هەبێت :

ا ــ ( ێ ) لێرەدا لەگەڵ (ت)دایەو (ڕاناوە) بۆ سێیەم کەسی تـاك ، وە لەبنچینەدا پێوەندی نییە بە ووشەکەوە •

ب ــ کرداری (دەنوێت) لە چاووگی (نوستن) وەرگیراوە کە لـە بنەڕەتدا (ێ)ی تێدانییە ، ئیتر چۆن دوو پیت فرێبدەین‌و لـە جێی دوو دەنگ یەك (هێما ــ رمز) بەکاربهێنین ؟ (هەروەهـا هەموو ووشەیەکی وەکو ئەمانە ) •

٤ ــ لە ووشەی (ئەوێ)دا کە لەبنەڕەتدا (ئەویانە ، ئەوشوێنە)و لە (ئەوە) کە ئیشارەیەو (شوێن) دروستبووە • لەبارەی برگەشەوە لە ( ئە + وێ) ( نەبزوێن + بزوێن) وە (نەبزوێن + بزوێن ) تێکهـاتووە • (و) نەبزوێنەو (ێ) بزوێنە ، ئیتر چۆن بین بە یەك دەنگ‌و یەك هێماشیان بۆ دابنرێت ، یان (وێ) بە یەك هێما دابنێین •

هەروەها (لەوێ) (لەویانە) (ئیشارەو ئاوەڵکردارە) •

بەم پێیە لابردنی دوو دەنگ‌و فڕێدانی دوو پیت‌و دانانیان بـە یەك دەنگ‌و یەك هێمایان بۆ دابنرێت لەگەڵ بنەڕەتی زمانەکەدا ناگونجێت • خۆ ئەگەر ئەمە رەچاو بکرێت دەنگی تریش بەهۆی کۆبوونەوەی چەنـد پیتێکەوە بەیەکەوە دروست دەبێت‌و پێویستیان بە دروستکردنی‌تریش دەبێت وەك :

کێ ، گیا ، کێو ، گیوە ، کوێر
کیرە ، گیرە ، کینە ، گوێرە ، گێرە •

لەم ووشانەدا دەنگی (ك)و (گ) جیان لەوەی لەم ووشانەی‌تردا هەن : کاڵ ، کەل ، کول ، کۆلاو ، کووڕ ، کردار ، گاڵ ، گەل ، گوڵ ، گۆلاو ، گورووتی ، گرد •

کەواتە دەبێت بۆ ئەم جیاوازییە لە دەنگی کۆمەڵەی یەکەم لەگەڵ کۆمەڵەی دووەمیشدا بگەڕێین بۆ دروستکردنی پیتی نوێ بۆ ئەو (دەنگە تایبەتییە کە بەهۆی کۆبوونەوەی دەنگێك لەگەڵ دەنگێکیتردا پەیدا بووە)و گەلێك گۆڕانیتریش لە پێکهاتووە زمانییەکانیتریشدا بکەین کە ئەمە بێگومان دەبێتە هۆی شێواندنو خزمەتی زمانی کوردی ناکات •

سەرچاوەکانی ئەم باسە :


١ ـ مەلزەمەی دەورەی زمانی کوردیو ئامادەکردن لە سلێمانی لە ساڵانی ٩٦١ تا ٩٨٠ ـ محمد صالح سعید •

٢ ـ هەموو سەرچاوەکانی ڕێنووس •


بنکەی ژین

# ڕێنووسی کوردی لە ڕووانگەی فۆنەتیکەوە

محمد معروف فتاح

## ١ ـ سەرەتـا :

هەرچەندە نووسین بابەتێکی سەرەکی زمانەوانی نیەو هەرگیز ئـەو گرنگیە وەرناگرێت کە بە دەنگسازیو رستەسازیو وشەسازی دەدرێت ، زمانەوان وەك ئەندامێکی خوێندەواری کۆمەڵ ناتوانیت پشتی تێ بکاتو لێی نەکۆڵیتەوە بەتایبەتی لەبەر دوو هۆی گرنگ :

١ ـ نووسین بەتایبەتی لەپێش داهێنانی تۆمارکردنـدا تاکە سەرچـاوەی لێکۆلینەی زمانەوانی بووە وە دەورێـکی باڵای لە لیکۆلینـەوەی مێژوییو بەراوردا هەبووە •

٢ ـ نووسین دیوی دوەمی قسەکردنەو پێوەندییەکی پتـەوی لەگەڵیـدا هەیە • بەڵێ قسەنووسین بوونێکی سەربەخـۆی نیـەو تەنهـا بـە وردبوونەوە لە قسە دەتوانین لە نووسین بگەین •

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە زمانەوانی (بەتایبەتی فونیمیستەکان) هەنگاوێکی گرنگی نا بۆ پتەوکردنو دیاریکردنی جۆری پێوەندی نێوان زمانو ڕێنووس بەوەی هەوڵی دانانی ڕێنووسێکی ئاسانو ڕەوانی دا بـۆ ئەو زمانانەی بەرەو نەمان دەچوون • هەرچەند فونیمیستەکان دەورێـکی

بچوکیان بە نووسین دا ، بەم هەنگاوەیان خزمەتێکی گەورەی ڕێنووسیان کرد بنەماو تایبەتیەکانی نووسینی فونیمان تەواو چەسپاند •

بەدوای ئەم هەنگاوەدا هەندێك میللەتانیتریش کە تا ئەوکاتە گیروگرفتی رینووسیان زۆر بوو ، بە ڕێنووسەکەیاندا چوونەوەو خستیانە سەر ڕێبازی فۆنیمی •

لەم لیکولینەوەیەدا دەمەوێت لەم سەرباسانە بدویم‌و چەند رایەکی زمانەوانی دەربارەیان روونبکەمەوە : (١) یاسای دەنگیی زمانی کوردی (٢) یاسای نووسینی زمانەکە (٣) رادەی ریکەوتنیان (٤) رادەی ڕێنەکەوتنیان (٥) گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی لە روانگەی فۆنەتیکەوەو چۆنیەتی چارەسەرکردنیان (٦) کورتەی لیکولینەوە•مەبەستی سەرەکیم لە نووسینی ئەم لیکولینەوەیە ئەوەیە کە بە شێوەیەکی زانستیانە ئیسپاتیکەم کە رینووسی کوردی وەك رینووسی دەها زمانیتر تەواوگونجاوو جووت نیەو کەم‌وکورتی هەیە ، بەڵام هیشتا لە ناریکیدا بەراورد ناکریت لەگەڵ رینووسی ئینگلیزیو فەرەنسیدا • کیشەی سەرەکی ئێمە لەوەدایە کە ڕێنووسێکی یەکگرتوومان نیە کە هەمووومان پیی‌بنووسین‌و پەیرەوی بکەین بێ‌گوێدانە تەگەرەو کەم‌وکورتی چونکە ئاشکرایە کە ڕێنووس نیە لە گێتیدا بێ‌گیروگرفت بیت بەهوی هەلکەوتی زمان خۆیەوە کە هەمیشە لە گوڕاندایە بەپیچەوانەی رینووسەوە کە تا رادەیەکی زۆر نەگۆڕە لەبەرئەوە هەمیشەیی شان بەشان لەگەڵ یاسای دەنگیی زماندا ناروات‌و جووت نابێت •

**٢ ـ یاسای دەنگیی کوردی :**

لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو کارانەی دەربارەی فۆنەتیکی زمانی کوردی کراون لەناو خۆیاندا لەسەر ژمارەی فۆنیمەکانی کوردی ڕێك ناکەون

(بروانه د. عبدالرحمن مارف ١٩٧٦) ، ئەگەر بەشێوەیەکی زانستیانە سەیری کێشەکە بکەینو جیاوازیە ناگرنگەکان بخەینە پشت‌گوێو بەراوردکردنی هەندێك وشە بکەینە سەرپشك ، دەتوانین ئیسپاتی‌کەیـن کە کـوردی (٩) دەنگی بزوێنو (٢٥) دەنگی نەبزوێنی هەیە ※ .

بەراوردکردنی ئەم ریزە وشەیەی خوارەوە کە یەك برگەییەو تەنیا لـە یەك دەنگدا جیاوازن بۆمان ساغ‌ئەکاتەوە کە دەنگی ú ' ó ' é ' a ' á فونیمن لە کوردیدا : [ با ، بە ، بێ ، بۆ ، بوو ] .

دیسانەوە بە بەراوردکردنی چەند وشەیەکی وەکو ( کڕ ، کوڕ ، کووڕ ) بۆمان دەرئەکەویت کە دەنگی i فونیمیکە وەکو بزوینەکانی سەرەوە چونکە جیاوازی دەخاتە نێوان واتای وشەوە . دەنگی u یش هەمـان پلەی هەیە لە کوردیدا .

هەندێك لە زمانەوانە کوردو بێگانەکان دانی بەوەدا نـانێن کە دەنگی ŏ فونیمە لە کوردیدا . ئاشکراو بەلگە نەویستە کە ئەم بزوینە کە لە وشەی ( خوێن )و (جوێن)و چەنـد وشەیەکی‌تری ئەم دیـالیکتەدا بەرچاو دەکەویت ، فونیمیکی ناتەواوە چونکە (١) لە هەندێك دیالیکتی کوردیدا نیە و (٢) بلاوی کەمە بەواتای ئەوەی لە چەند وشەیەکی دیاری‌کراودا دەبینرێت (٣) لە وشەدا شوێنیکی دیاری‌کراوی هەیەو ناگوێزرێتەوە ، بە واتایەکی‌تر تەنیا لە ناوەراستی وشەدا دێتو هەرگیز جەمسەرەکان ناگریت . لێرەدا ئەبێت بزانین کە تەواوی یان ناتەواوی لە نرخی ئەم دەنگە کەم‌ناکاتـەوە چونـکە دەنگەکە واتای وشە دەگۆریت هەروەك بە بەراوردکردنی ئەم دو ریـزە وشەیەدا بۆمان دەردەکەوێ :

---

※ ئاگەدارم کە بەم‌رایە لە هەموو زمانەوانەکانی‌تر تـەواو دوورئەکەومـەوە لەبەرئەوە لە بەشـەکانی داهاتووی ئەم لیکولینەوەیـەدا بەدریـژی لـەم کێشەیە دەدوێم .

١ ـ سویر　　　　٢ ـ کوێر

سەر　　　　کەر

کار

هەر کومەلیك لەم وشانە وەربگرین ، ئەبینین لە هەموو باریکدا وەك یەکن وە تەنیا دەنگیك لە یەکتریان جیادەکاتەوە • بە کومەڵەی یەکەمدا بۆمان دەردەکەویت کە a و ö فونیمن ، هەروەها کومەڵەی دوەم ئەوەمان بۆ ئیسپاتدەکا کە a ‘ á ‘ ö لە کوردی ئیستەماندا فۆنیمی سەربەخۆن •

هەندیك زمانەوان (بۆنمونە مەکارەس) لەوباوەرەدان کە ئەم دەنگە بزوینیك نیە ، بەلکو بریتیە لە کۆی نیوە بزوینی و لەگەڵ بزوینی é دا ، کە بەرەودوا لە یەك برگەدا دێن • بەرپەرچدانەوەی ئەم رایە ئاسانە چونکە :ـ

١ ـ لە شوینیتریشدا دەنگی w پێش é دەکەوێت لە یەك برگەدا یان لە چوارچێوەی وشەیەکدا کەچی ئەو دەنگەی لەئەنجامی ئەم کۆبوونەوەیەدا دێتە کایەوە تەواو جیاوازە لە بزوینی دوولانەی ö وە بە سەلیقەش هەست بەم جیاوازیە دەکەین •

بونمونە هەمووومان لەسەر ئەوە رێك‌ئەکەوین کە ئەو بزوینەی لە وشەی ( خوین ، جوێن )دا هەیە زۆر جیایە لەو دەنگەی کە لەپێشی ( وێل ، وێر ، وێنە)و کوتایی (ئەدوێ ، ئەلوێ ، ئەنوێ )دا ئەبینرێت •

٢ ـ وەنەبێت دەنگی w و é هەر بەوجۆرەی سەرەوە ریز بن لە کوردیدا ، بەلکو بەپیچەوانەشەوە دەبینرێن (بەمجۆرە : ێ + و ) لە

هەندی وشەدا • ئەمە لەخۆیدا باشترین بەلگەیە کە هاتنی ئەم دوو دەنگە بەدوای یەکتریدا دەنگی نوێ ناهینیتە کایەوە •

هەروەك ئەم وشانە بۆمان دەرئەخەن : ( خێو ، دێو ، ئێوە ، ئێواران) کەواتە دەنگی ö لە کوردیدا فونیمیکی سەربەخۆیە وەك هەموو بزوینەکانی‌ترو دەبێت نرخی خوی بدریتی • ئەوەی زیاتر سەری لێ تێك‌داوین لێرەدا ئەوەیە کە رینووسی کوردی ئیستەمان بەرامبەر ئەم فونیمە نیشانەیەکی دوو کەرتی بەکاردێنێت •

بە هەمان شێوە ، بە بەراوردکردنی وشە دەتوانین ئیسپاتی‌کەین کە ئەم دەنگانەش فونیمی ئەبزوێنن لە کوردیدا : پ ــ ب ، ت ــ د ، ك ــ گ ، ج ــ چ، ق ، ح ، م ــ ن ، ل ــ ڵ ، ر ــ ڕ ، س ــ ز ، ش ــ ژ وەك بەراوردکردنی ئەم وشانە بۆمان دەردەخات : (پەنگ ــ بەنگ (بەند) ، تەنگ ــ دەنگ ، کا ــ گا ، چەنگ (چەند) ــ جەنگ ، قەنگ، حەوت ــ چەوت ، مەنگ ــ نەنگ ، پەلە ــ پەڵە ، کەر ــ کەڕ ، زەنگ ــ سەنگ ، ژەنگ ــ شەنگ ) •

هەندیك زمانەوان باوەریان‌وایە کە کوردی دەنگی (ط)و (ص)یشی هەیە • لەراستیدا ئەم دوو دەنگە هەن بەڵام لە پلەی ئەلۆفۆندان : (ط) کاتیك دێنە کایەوە کە دەنگی (ڵ) لەپێش یان دوای دەنگی (ت)وە بێت (بروانە سەڵتە ــ تەڵە ••• هتد) • دیسان دەنگی (ص) (کە لە وشەی ( ساڵ ، شەست ، سەگ)دا دەبینرێت ئەلۆفۆنی دەنگی (س)ە هەرچەندە تا ئیستا زانستیانە یاسای ئەم گورانەمان بۆ دیاری نەکراوە ، بە واتایەکی‌تر نازانین لەژیر کاری چی دەنگیکدا فونیمی (س) دەگۆریت بە (ص) وە لەوانەشە کیشەکە (وەك من هەست ئەکەم) پێوەندی بە یاسای دەنگییەوە نەبێت • بەوەدا کە دەنگی (س) لە وشەی (سەگ ، شەست ، ساڵ•••هتد)دا

لە زۆربەی دیالێکتەکانی کوردیدا هەر بە (ص) دێتە گوێ وە بەوەدا کە ئەم دیاردەیە تەنیا لەم چەند وشە کەمەدا دەبینرێت ، وادەردەکەوێت کە (ص) لەو ئەلۆفۆنانەیە کە مورفیم دیاریئەکەن ، بە واتەی ئەوەی کە هەلکەوتی ئەو وشانە وایە کە دەنگی (ص) نەك (س) پەسەند ئەکەن • بەمپێیە دەتوانین بلێین دەنگی (س) سەرەکییە لە کوردیدا ، دەبێتە (ص) لەو وشانەی سەرەوەدا • ئەمە بەلای منەوە تاکە چاری کێشەکەیەو لەبەرئەوەی ژمارەی ئەو وشانەی دەنگی (ص)یان تێدایە کەمن‌و هەمووشیان دیاری ئەکرێن لەوانەیە چارێکی باشیش بێت •

لەناو دەنگە نەبزوێنەکانی کوردیدا جیاوازی (خ)و (غ) شوێنێکی تایبەتی هەیە چونکە لەو دەنگانەن کە رەوشتێکی سەیریان هەیە • ئەم دوو دەنگە وادەرئەکەوێت هێشتا لەباری گورِاندان‌و تەواو جێی خۆیان نەگرتووە، هەرچەند زۆربەی ، ئەگەر نەلێم هەموو زمانەوانانی کوردی بێ‌مشت‌ومرِ هەردو دەنگەکەیان بە فۆنیم داناوە • بە باوەری من ئەم کێشەیە زانستیانە چارنەکراوەو بیرکردنەوەیەکی کەم بۆمان دەردەخات کە جیاوازی (خ)و (غ) هەمیشەیی نیە لە زمانەکەداو لە زۆر شوینی وشەدا لەناو ئەچێت هەروەك بەمراستیانەدا دەردەکەوێت :

١ ــ لە ناوەراستی وشەدا ئەم دوو دەنگە جێی خۆیان دەگۆرنەوە بێ‌کارکردنە سەر واتا ، لەبەرئەوە لەم شوێنەدا وشەمان نیە ئیسپاتی‌کا کە جیاوازییەکە گرنگە (فونیمیە) وەك ئەم ریزە وشانە دەری‌ئەخەن ( باخەوان ــ باغەوان ، باخچە ــ باغچە) •

٢ ــ دیسانەوە لە کوتایی وشەدا زۆربەی کات جیاوازییەکە ئەفەوتی‌و کار ناکات وەك لەم وشانەدا ئەبینین (باخ ــ باغ ، داخ ــ داغ ، ولاخ ــ ولاغ ) • لە هەمان کاتدا وشەمان هەیە کە هەریەکێك لە دەنگەکانی

لەگەڵدا دێت وەکو (شاخ ، نـاخ ، سـاغ) • دیسـانەوە لێرەشـدا زانیاریانە بۆمان ئیسپات ناکرێ کە جیاوازی خ ــ غ هەیە لە زمانەکەدا•

٣ ــ لە سەرەتای وشەدا جیاوازییەکە هەیەو دەنگەکان جێ گورکێ ناکەن وە بەهوی وشەی (خار ــ غار)ەوە دەتوانین ئیسپاتی کەین کە دوو دەنگەکە فونیمن • (هەرچەندە لەوانەیە وشەی خار بە کوردی دانەنرێت) •

چاکترین چارە بۆ ئەم کێشە ئالۆزە ئەوەیە بڵێین جیاوازی نێوان (خ)و (غ ) لە ناوەراستو کوتایی وشەدا «لەکاردەکەویت»• لە کارکەوتنو نەمانی جیاوازی دیاردەیەکی بلاوە لە زمانی تریشـدا * لەبەرئـەوە نابێـت بـە چارەیەکی سەیر وەربگیریت • بەم پێیە جیاوازییەکە تەنیا لە سەرەتای وشەدا دەمێنێت لە شوێنەکانی تردا یان دەبێتە (خ) یان (غ) بەپێی ئەوشێـوەیەی قسەکەر پێی ئەدوێت •

هەندێك زمانەوان دەنگی (ق) لە کوردیدا بە دەنگیکی رەسەن دانانێن• لێرەدا گرنگ ئەوەیە کە دەنگەکە نەك هەر هەیە بەلکو لە پلەی فۆنیمیشدایە هەروەك بە بەراوردکردنی ئەم وشانەدا دەردەکەوێت (قات ، کات ، لات ، قاچ ، پاچ ، باچ ) •

لەم لێکولینەوەدا دەنگی (ع)م بە فونیم دانەناوە لەکوردیدا ، چونکە هەمیشە جێی خوی دەگۆرێتەوە لەگەڵ فونیمی a داو گومانیشم نیـە کە ئەمەیان سەرەکی ترە ، چونکە لەو دەنگانەیە کە لە بنچینەدا لە زمـانە هێندو ــ ئیرانیەکاندا هەبووە (بروانە بەشی ٤ ــ ٧ ) • بێجگە لەو فونیمانەی لێ دوواین ، زمانی کوردی خاوەنی چەنـد دیاردەیـەکی دەنـگیی ترە کە ناخرینە پشت گوێ چونکە گرنگی فونیمیان هەیە هەرچەندە کاریان بلاوترە

* لە ئەڵمانی‌دا ، بۆنمـونە ، جیاوازی ت/د کە لـە سەرەتاو ناوەراسـتدا هەیە ، لە کوتایی وشـەدا لەکار دەکەویتو ت دەمێنێتەوە .

وە زۆرجار دەگەنە سنووری فریزو رستە • گرنگترینی ئەم دیاردانە ئاوازو گرتنو وەستانە لەناو یان لە سنووری وشەدا •

گومان لەوەدا نیە کە ئاواز ، بە واتای بەرزکردنەوەو نزمکردنەوەی دەنگ لە کوتایی قسەدا ، رستەی پرسیارو سەرسورمانو هەواڵدان لە یەکتر جیادەکاتەوە • بۆنمونە رستەی «ئەرویت» بە چەند واتایەك دێت بەپێی گورینی ئاوازی وتنەکەمان : (١) ئەگەر دەنگمان وردە وردە لەسەر برگەی دووەم نزمبکەینەوە ، ئەوا مەبەستمان ئەوەیە کە بریاردراوە تۆ برویت ، رستەکە یان هەواڵ دەگەیەنێت یان جۆریك لە دلنیایی قسەکەر (٢) ئەگەر دەنگمان بەرەبەرە نزمبکەینەوە وە لە هەمانکاتدا دەنگی (ی) بگرین ، ئەوا هەرەشەو هەواڵدان پێکەوە دینە کایەوە (٣) ئەگەر لەکوتایی رستەکەدا دەنگ بەرەبەرە بەرز بکەینەوە ئەوا رستەکە دەبێتە پرسیار (٤) ئەگەر پلەی بەرزی دەنگمان کەمێك زیاتر بکەین ئەوا رستەکە سەرسۆرمان دەگەیەنێت• لە هەموو ئەو دۆخانەدا دەنگەکان یان فونیمە ریزبووەکان وەك خۆیان دەمیننەوەو نرخی خۆیان دەپارێزن ، هەموو گوڕانە واتاییەکان ئاواز (هەندی جار بەیارمەتی گرتن) دەیانهێنێتە کایەوە • (بروانە مەکارەس ١٩٥٨ ) •

هەرچەندە هیشتا بەتەواوی لە گرتن (ستریس) لە کوردیدا نەکولراوەتەوە بەڵام لە دەمێکەوە بۆمان روونبۆتەوە کە گرنگی فونیمی هەیە ، چونکە جیاوازی واتایی دروستدەکات •

بونمونە گرتن زۆرجار رستە لە وشە (رەشە ، رەشە ـ خانە ، خانە)و هەندیجاریش وشە لە فریز جیا دەکاتەوە (چوارتا ، چوار تا) •

دیسانەوە وەستانو نەوەستانیش لە سنوری وشەدا هەندیجار دەبێتە هۆی واتاگۆڕین وەك لەمرستەیەدا دەبینین ( ئەمبەر دارە ـ ئەم بەردارە ) •

ئەمرستەیە دوواتە دەبەخشێت بەپێی ئەوەی وەستانەکە لەنێوان ( ئـەم )و (بەر )دایە یان لەنێوان (بەر)و (دار)دا ئەبێت •

نابێت وابزانین کە فۆنیمـەکانی کـوردی (فۆنیمـە ریزبـووەکان) هەمووکاتێك وەکو خۆیان دەمێننەوە نرخی خۆیان دەپارێزن لە هەمـوو شوێنێکدا • کە دەنگ دەچێتە چوارچێوەی قسەوە هەندی جار گـۆڕانی بەسەردا دێت • فۆنیمەکانی کوردیش وەکو فونیمی زۆربەی زمانەکانی‌تر بەم‌گۆڕانەدا دەڕۆن‌و لەئەنجامدا هەندی دەنگی‌تریش دێتە کایەوە کە لـە پلەی ئەلوفۆندان • وا لەخوارەوە زۆر بەکورتی لە هەندێك لەو گۆڕانانـە ئەدوین کە بەسەر فونیمەکانی کوردیدا دێن :

(١) لێك چوون : لەم‌جۆرە گۆڕانەدا دوو دەنگی جیاواز لە یەکتر نزیك‌دەبنەوە بۆئەوەی جولانەوەی ماسولکەیی کەمتر بەکاربێت • بۆنمونە (ش) دەبێتە (ژ) یان (ف) دەبێتە (ڤ) یان (س) دەبێتە (ز) کاتێك کـەوتنە پیش دەنگیکی ئاوازەدارەوە وەکو لەم نمونانـەدا دەبینـین : چەشـت ــ ئەچێژی ، حەفتا ــ حەڤە ــ حەڤدە ، گەستی ــ ئەگەزێ (٢) دوورکەوتنەوە: لێرەدا دوو دەنگی لەیەك‌چوو دوورئەکەونەوە لە یەکتر بەوەی یەکێکیـان واز لە تایبەتیەکی خوی دەهێنی بۆ سەرلێ‌تێك‌نەدان وەکو لەم نمونەیـەدا دەبینین (ممتاز ــ منتاز) (٣) تواندنەوە یـان لەناوچوون : لـەم گۆڕانـەدا دەنگیك (بەتایبەتی نەبزوین) لەناو ئەچێت کە پیش نەبزوێنیکی‌تر بکەویـت لەبەر بۆنەهاتن یان قورسی هیشووە دەنگەکە • (نمونە : باستاناکەم ــ باس ناکەم یان ددان ــ دان) (٤) جێ‌گورکی : هەندی‌جار دەنگیك یان برگەیەك جێی خوی لەگەڵ دەنگیك ــ برگەیەکی دراوسیدا دەگۆڕێتەوە بێ‌ئەوەی کار بکاتە سەر واتای وشەکە (نمونە فرین ــ رفین ، تەرزە ــ تەزرە ، بەفر ــ بەرف) (٥) دەنگ دروست‌بوون : هەندی‌جار کە دوودەنگ بەرەودوا دێن، دەنگیکی زیاد دێتە نیوانیانەوە تاوەکو هیشووە نەبزوین یان بزوێنی دوولانە

دروست نەبێت وەکو لەم نموونانەدا دەبینین ( خانوو ـ خانووەکە ، دێ ـ دێیەکە ، بیدروو + ەوە ـ بیدرووڕەوە) •

بۆ ڕوونکردنەوەو ئاسانکردنی یاسای دەنگی کوردی وا ئەوراستیانەی سەرەوە لە نەخشەیەکدا پیشانئەدەین •

**فۆنیمەکانی کوردی :**

( فونیمە ریزبووەکان) •

**١ ـ دەنگە بزوینەکان :**

ا ـ کورت i ‘ u ‘ a

ب ـ بزوینە درێژەکان : á ‘ ū ‘ I ‘ ó ‘ é

ج ـ بزوینی دوولانە : ö

**٢ ـ دەنگە نەبزوینەکان :**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| پ ـ د | ت ـ د | چ ـ ج | ك ـ گ | ق |
| ف | س ـ ز | ش ـ ژ | خ ـ | ح |

م ن

ل ڵ

ر ڕ

**نیوەبزوین :**

و ی

**فونیمە سەپاوەکان : ـ ***

١ ـ گرتن (ستریس) (٣ پلەبەئاسانی دیاری ئەکرێت)

٢ ـ وەستان ( یان نەوەستان )

٣ ـ ئاواز ( ٣ پلە بەئاسانی دیاری ئەکرێت ، ..  )

بەرز ، نزم ، زۆر بەرز

**٣ ـ یاسای نووسین :**

بۆ نواندنی یاسا دەنگیەکانی زمان ، نووسین ئەتوانێت یەکێك لەم ریگایانەی خوارەوە بگرێت بێجگە لە بەکارهێنانی ئایدوگرام کە پێوەندی بە زمانەوە نیە :ـ

١ ـ نووسینی وشەیی یان مورفیمی : لەمجۆرە نووسینەدا وینە بۆ هەموو وشەکان یان مورفیمەکانی زمان ئەکیشرێت . لەبەرئەوەی ژمارەی مورفیم یان وشە زۆرە وە سنووریکی تەواوی نیە ، ژمارەی وینەکانیش بێسنوور دەبن و ئەم جۆرە نووسینە بۆ فێرکردن گران دەبێت تاکە کەلکی لەوەدایە کە جیاوازی نیوان دیالیکتەکان ناهێلیت . بە واتایەکیتر ، قسەکەر بە هەموو دیالیکتەکان تێ ئەگەن .

٢ ـ نووسینی دەنگی یان فۆنەتیکی : ئەمجۆرە دەکرێت بە چەند بەشێکەوە .

ا ـ نوسینی برگەیی : لێرەدا رەمز یان نیشانە بۆ هەموو برگەکانی زمانەکە دادەنرێت . دیسانەوە لەبەر زۆری برگە لە زمانداو زۆری وینەکان، ئەمجۆرە نووسینە تەنها بەکەلکی ئەو زمانانە دێت کە برگەی لەیەکچوویان

---

* لەم نەخشەیەدا دەنگی ڤ و غ و نگ و ع و ء بە فونیم دانەنراوە بەپێی بیری نووسەر .

زۆرەو دووپات دەبنەوە وەکو زمانی یابانی • رینووسی عەرەبیش تارادەیەك لەمجۆرەیە •

ب ـ نوسینی فونیمی : ئەمجۆرە ئیستا بلاوترین جـۆری نووسینـە لە گیتیدا• لێرەدا هەموو فونیمەکانی زمان نیشانەی بۆ دادەنرێت• یەکیك لە چاکەکانی ئەمجۆرە نووسینە ئەوەیە کە ژمارەی نیشانەکانی زۆر کەمترە لە جۆرەکانیتر ، لەبەرئەوە بۆفێربـوون زۆر ئاسـانترە • کەمبوتـەوەی نیشانەکان وەنەبێت لەبەرئەوە بێت کە ژمارەی دەنگ لە زمانێکدا کەم بێت، بەلکو ئەم جۆرە نووسینە گوێ ناداتە هەموو دەنگێك هەروەك چۆن لـە گوێگرتندا خۆمان راهێناوە گوێبدەینە دەنگە گرنگەکانو دەها شتیتر کە راستەوخۆ پێوەندییان بە مەبەستەکەوە نیە بخەینە پشتگوێ وەك بەرزی دەنگی قسەکەر یان تایەبەتیەکانی دەنگی تا منگنی یان ئەو تایەبەتیانەی کـە دیالیکتی قسەکەرەکە دەردەخەن • نووسین لەراستیدا نابێت نیشانە بـۆ هەموو دەنگێك دابنێت ، چونکە هەندێك دەنگ گرنگییان نیە لە گەیاندنی مەبەستدا هەروەك چۆن لە خوێندنەوەدا شیوەی تیپـەکان ، گـەورەیی‌و بچوکیان یان رەنگکردنیان ، کار ناکاتە سەر مەبەستی نووسینەکە • جا نووسینی فونیمی لەراسـتیدا بـە گەیشتن بەم راستیەو پـەیرەوی کردنی هەنگاوێکی زۆر گەورەی بەرەوپێشەوە ناوە هەر لەبەر ئەم چاکییەیەتی کە زیاتر بلاوبۆتەوەو تەنانەت ئەم زمانانەی کە زۆر لەکۆنـەوە بـە نووسینی برگەیی یان مورفیمی نوسراوتەتەوە ئیستا هەوڵیئەوە ئەدەن بیانگورن بۆ نوسینی فۆنیمی ، لەبەر ئاسانی‌و سەرکەوتووی ئەمجۆرە رێنووسە •

جۆرێکیتر لە نووسینی دەنگی ، کە بۆ نووسینەوەی زمـان کەمـتر بەکاردێت ، نووسینی فۆنەتیکیە •لەمجۆرە نووسـینەدا هەمـوو دەنگێـك بێ گوێدانە گرنگی‌و ناگرنگی نیشانەیەکی تـایبەتی (تیـپ یان سەروبـۆر) دەدرێتی • لەبەرئەوەی دیاردەی دەنگیی بێ‌سنوورە لە زماندا ، لەمجۆرە

نووسینەدا ژمارەی نیشانە زۆر ئەبێت بەجۆرێك کە نەك هەر گران ئەبێت بۆ فێربوون ، بەڵکو ڕینووسەکەش ناشیرین ئەکات • لەبەرئەمە ئەمجـۆرە ڕێنووسە تەنها بۆ مەبەستی تایبەتی بەکاردێت وەکو لێکۆڵینەوەی فونەتیکی•

ڕینووسی کوردی هەر لە سەرەتای بوونیەوە نوسینێکی فۆنیمی بووە، ئەگەرچی جاروبارێش لەسەر ئەم بناغەیە لایدابێت • هەر لە سەرەتاوە هەوڵی ئەوە دراوە بەرامبەر هەر دەنگێك (فونیمێك) تیپێك یان نیشانەیەك هەبێت• هەندێجار نووسەری کورد بەوەشەوە نەوەستاوە ، تەقەلای ئەوەی داوە کە تەنانەت دەنگە ناگرنگەکانیش (ئەلۆفۆنەکان) بنوێنن ، بونمونە ت• وەهبی لە ڕینووسە لاتینی‌یەکەی‌دا دووجۆر دەنگی (د) دەستنیشـــان ئـەکاتو بڕیاری‌وایە نوختەیەك لەژێر (د)دا دانێت بو دالی کلور• هەروەها لە ساڵەکانی پەنجادا هەندێ نووسەر لەسەر لاپەرەکانی گۆڤاری هیوا داوایان ئەکرد کە دووجۆر (ك) نیشانەی بۆ دابنرێت : (ك)ی دواوەو (ك)ی پیشەوە بێ‌ئەوەی هەست بەوە بکەن کە پەیرەوی کردنی ئەم جۆرە داوایانە ، (نیشانە دانـان بۆ هەموو دەنگێك) ڕینووسەکەمان دەگوڕێت بە ڕێنووسیکی فۆنەتیکی) لەبەرئەوەی زمانی کوردی هەرگیز تیپی تایبەتی خۆی نەبووە ، وە ئـەو تیپە عەرەبیەی لەبەردەستدا بووە ، بۆ نوسینی کوردی پڕبەپڕی نەهاتووتە دەست• نوسەرانی کورد ناچاربوون کە دەستکاری ئەم تیپانـە بکەن بەو ئامانجەی هەلکەوتی دەنگی‌ی کوردی تەواو بەهوی ئەو تیپە نوییـانەوە بنوێنـــن •

لەبەرئەوەی ئەم هەولانەی لە سەرەتادا دراون کـاری تاکە کەسـێك بوون‌و پێوەندی نیوان نوسەرەکانمان تەواونەبووە ، کوردی ڕینووسیکی یەکگرتووی نیەو نەبووە هەروەك چۆن تائیستاش بە دیالکتێکی یەکگرتوو نانوسین • ئەمە لەخۆیدا گەورەترین کۆسپە لە ڕیگای چاککردنی ڕینووسە کەماندا (بروانە بەشی (٥)ی ئەم باسە) تائیستا چەندەها ڕینووس هاتوتـە

کایەوە ، هەندیکیان بۆ ماوەیەك بەکارهاتوونو لەناوچوون ، هەندیکی‌تریان هەر ماونو ئائیستا گۆڤارو رۆژنامەیان پێ بلاوئەکرێتەوە •

بۆئەوەی بزانین رێنووسی کوردی تا چی‌رادەیەك توانیوێتی راستیەکانی یاسای دەنگی زمانەکە بنوێنی ، وا لەخوارەوە چوار نمونە رێنووس هەڵدەبژێرین بۆ بەراوردکردن • هەروەك لەسەرەوە وتمان رێنووس لە کوردیدا زۆرەوە هەلبژاردنی ئەم چوارە ئەوە ناگەیێنێت کە هەر ئەمانە باشن یان دانیان پیانراوە ، بەلکو لەبەرئەوەیە کە جیاوازی نیوان رینووسەکانی کوردیمان تەواو بۆ روون‌دەکەنەوە • لەبەرئەوەی ئەم چوارەش لە زۆر رووەوە لەناو خۆیاندا رێك کەوتوونو جیاوازییان تەنانەت لەگەل جۆرەکانی‌تریشدا نیە ، پیویست ناکات بەدرێژی لەسەر شتە ناوکوێی‌بەکانیان بروێن • بە شێوەیەکی گشتی ئەتوانین بلێین هەموو ئەو رینووسانەی کە تیپی عەرەبی بەکاردێنن لە نواندنی دەنگە نەبزوینەکاندا سەرکەوتوونو گیروگرفتیان کەمە (بروانە بەشی ٤) •لەناو نەبزوینەکاندا تەنیا (ڵ)و (ڕ) تەگەرە دێننە ریگە چونکە ئەم دوانە فونیم نین لە زمانی عەرەبیداو لەبەرئەوە نیشانە بەرامبەریان دانەنراوە • نەبوونی نیشانە بۆ ئەم دوو فونیمە کوردیە ، رینووس‌نووسە کوردەکانی ناچارکردوە کە یان دەنگی (ل)و (ر) دووپات‌بکەنەوە یان سەروبۆرو چوکلە دانێن • جیاوازیو رێك‌نەکەوتن لەسەر نیشانە زیاتر لە نواندنی دەنگە بزوینەکاندا سەرهەڵئەدات• ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ دوو هۆ (١) ژمارەی ئەو نیشانانەی لە عەرەبیدا بۆ نواندنی بزوین دانراون کەمن یان زۆر کەمترە لەوەی بتوانیت تەواو بزوینی کوردی بنوینی (٢) رینووس‌نوسە کوردەکان لەناو خۆیاندا لەسەر ژمارەی بزوینی کوردی رێك نەکەوتوون ، هەندیك بە (٨)و هەندیکیان بە کەمتر یان زیاتری دادەنێن •

ا ــ دەنگە بزوینەکان :

| | فۆنیم | م. سەعید کابان | ت. وەهبی | ک. باڵدار | کۆڕ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | I | ی | یی | یـ | یٚ |
| ٢ | i | — | ی | | — |
| ٣ | e | ی | ێ | ێ | ێ |
| ٤ | a | ە | ە | ە | ە |
| ٥ | á | ا | ا | | ا |
| ٦ | i | — | ي | — | — |
| ٧ | û | و | وو | وو | و̄ |
| ٨ | u | و | و | و | و |
| ٩ | ö | — | وي | — | — |
| ١٠ | ü | — | یو / دیور | — | — |

ب ــ دەنگە نەبزوینەکان (ئەوانەی جیاواز نوێنراون) :

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ڵ | ڵ | ل | ڵ | ل |
| ٢ | ڕ | ڕ | ڕ | رر | ڕ |
| ٣ | ص | ـ | ـ | ـ | ص |
| ٤ | ه | ه | ه | ه | ه/ە |

بەراوردیکی ئەو دوو نەخشەیەی سەرەوە ئەم تێبینیانەمان دەستئەخات :

١ ــ ت. وەهبی دەنگی I ی کوردی زیاتر لە نووسەرەکانیتر

شێ کردوتەوەو ئەلفۆنەکانی دیاری کردوەو گەیشتووتە ئەو راستیەی کە ئەم دەنگە بە دوو شیوەی جیاواز هەیە لە شیوەی سلیمانیدا : یەکەمیان دەنگی i یە کە لە وشەی گرتن ، ژن ، پر ، چر دا دەرئەکەوێت • دوەمیان دەنگی یە کە لە برگەی دوایی وشەی وەرزش دا دەرئەکەویت • بێ گومان ئەم راستی دەرخستنە لەخۆیدا سەرکەوتنیکی گەورەیە شارەزایی ت• وەهبی پیشان ئەدات • بەلام دانانی نیشانە بۆیان بەلای منەوە کاریکی ناپیویستەو تەنها ئەرکی سەرشانی فیرکار زیاد ئەکات • ئەگەر پەیروی ئەمە بکەین ئەبێت بەلای کەمەوە دوو نیشانە بۆ (ك)و (گ)و (ج)ش دابنێین چونکە ئەمانەش لەژێر کاری دەنگەکانی دراوسیدا بەلای کەمەوە بە دوو شێوە ئەبینرێن • ئەگەر ئەم جیاوازییە فرێ دەین و وازیش لە ii بینین کە بەلای منەوە لە دیالێکتی سلێمانیدا نیە ئەوا دەبینین ت • وەهبی بۆ هەر بزوێنێك تیپیکی دارشتوە کە پڕبەپڕی ئەیان نوێنێت ، بەمجۆرە باشترین رینوسی داناوە بۆ بزوینەکانی کوردی • رینووسەکەی کۆری زانیاری بەدوای ئەمدا دێت لەباشیدا ، تەنیا نیشانەی بۆ بزوینی و دانەناوە وە لەمەدا لەگەڵ ئەوەی باڵداردا جیاوازی تەنها ئەوەیە کە باڵدار بو دەربرینی دەنگی ii دەنگ دووبارە ئەکاتەوە ، کۆڕ سەری بەکارهیناوە • لەرووی فۆنەتیکەوە ، لێرەدا کۆر راستتر بۆ مەسەلەکە چووە چونکە زانستانە ئەتوانین ئیسپاتی کەین کە دەنگی ii بریتی نیە لە و + و بەلکو لە دەنگیکی تایەبەتی تر • رینووسەکەی م• سعید صدقی لە هەر چواریان درشتتر بۆ مەسەلەی نواندن چووە ، چونکە چوار نیشانەی بەکارهێناوە بو نواندنی (٦) دەنگ وە بۆ سێ دەنگی بزوێن نەچووە •

٢ ــ بۆ جیاکردنەوەی (ڵ) لە (ل) هەر چوار رینووسەکەمان وەك یەکن هەرچەندە ت • وەهبی لەجیاتی چوکلە نوختەیەکی بەکارهێناوە • لە جیاکردنەوەی (ڕ)و (ر) (کە لەبارەی فۆنەتیکەوە لەگەڵ (ڵ)و (ل)دا جیاواز

نیه ، هەردوو دەنگەکە (ڵ)و (ڕ) لەڕانەوەی مەلاشوو لە (ل)و (ر) جیایان دەکاتەوە ) ئـ • باڵدار پەیرەوی هەمان یاسای نەکردوەو دیسانـەوە دەنگی (ر)ی دوپاتکردۆتەوە هەروەکو (ڕ) بەقـەدەر (ر +ر) بێـت • لەرووی فۆنەتیکەوە ئەمە ڕاست نیە ، لەبەرئەوە دانانی چـوکلە یـان نیشانـەیتر لەشوێنیوادا باشترە لە دووپاتکردنەوەو لـەرووی گرانیو ئاسانیشـەوە جیانابنەوە چونکە هەردوکیان هەر دەستهەڵگرتنیان تێدا هەیە •

٣ــ کۆڕ نیشانەی (ھ)ی داناوە بۆ ئەو دەنگەی لەکوتایی وشەدا کاتێك دەرکەوتوو بێت وە ئەیگۆڕیت بە (ە) کە دەنگەکە دەرنەکەوێت • بـەلای منەوە لەرووی فۆنەتیکەوە دەنگی (ھ) لە کوتایی وشەدا هەرگیز نایـەت (لە وشەی وەکو دە ، بە ، کە ...دا دەنگی (ھ)مان نیە ) • ئینجا ئەمپێشنیارە بەلامەوە سەرلێتێكدەریشە چونکە هەمان نیشانەیان بو دەنگی a ش داناوە • نازانم چۆن کۆڕ بڕیاریداوە تاکە نیشانەیەك بۆ دوو دەنگی جیاواز دابێت ، کە یەکیکیان بزوێنو ئەویتریان نەبزوێن بێـت وەك لەخـوارەوە دەبینـین :

| دەنگ | نیشانە |
|---|---|
| h | ھ / ە |
| a | ە |

دەربارەی دەنگی (ص) هەروەك لـە بەشی دوەمـی ئـەم باسـەدا رونمانکردەوە ، دانانی بە فونیمیکی سەربەخۆو نواندنی بەوجۆرە ڕاست نیە ، چونکە ئەگەر زانستیانەش نەتوانین ئیسپـاتیکەیـن کە ئەلوفۆنـە ، ناشتوانین ئیسپاتیکەین کە فونیمە ، وە لەبەرئەوەی تەنها لە وشـەی ساڵو سەگو شەست ئەبینرێت ، چاکتر وایە نیشانەی بۆ دانەنێین •

## ٤ ـ رادەی ڕێككەوتنی دەنگو وێنەكانی لە ڕێنووسی كوردیدا :

نووسینی فۆنیمی تەواو بەو نووسینە دەوترێت كە بەرامبەر هەموو دیاردە گرنگەكانی زمان ، هەموو فونیمەكان ، ڕیزبوو وە سەپاو ، نیشانە دابنێت ، بەمەرجێ هەر نیشانەیەك یەك دەنگ بنوێنیو هەر دەنگیكیش تاكە یەك نیشانەی هەبێت • بە واتایەكیتر نابێت نیشانەیەك بەرامبەر لە دەنگێ زیاتر دابنرێت یان دەنگیك لە نیشانەیەك زیاتر بەرامبەری دابنرێت • ئەبێت لە سەرەتاوە دان بەوەدا بنێین كە نووسینی فونیمی تەواو یان نموونەیی لە گیتیدا بەدەگمەن هەڵئەكەوێت وە ئەگەر هەشبیت تەنانەت بۆ ماوەیەكی كورت نمونەییە چونكە زمان لە گۆڕاندایە وە ئەو رینووسەی ئەمرۆ زمانی قسە بەتەواوی ئەنوێنی سبەینی لێی دوورئەكەوێتەوە لەبەرئەوەی رینووس لە هەلكەوتیدا وایە كە دوای گوڕان ناكەوێت • كەواتە چاكتر ئەوەیە بۆ هەلسەنگاندنی نووسینی فونیمیو نافونیمی چەند پلەیەك دیاری بكرێت چونكە لە بەراوردكردنیوادا تەنها جەمسەرەكان (فونیمیو نافۆنیمی) گرنگ نین ، بەلكو تێوانی جەمسەرەكان گرنگی هەیە • بەمجۆرە ئەگەر یەكیك لە جەمسەرەكان دابنێین بۆ نوسینی مورفیمی ، ئەویتریان بۆ نوسینی فونیمی ، ئەتوانین بەپێی تایەبەتی رینووسی زمانێك شوێنی بو بكەینەوە لە بەراورددا بۆنمونە دەتوانین بلێین رینووسی كوردی ، هەرچەندە لە چەند روویەكەوە دووركەوتۆتەوە لە نووسینی فۆنیمی ، بەلام هەر نووسینێكی فونیمیە • لەم بارەدا زۆر لەدوای زمانی توركیو فنلندییەوە ( ئەمانە لە هەرە باشەكانن‌و نمونەیی ئەم سەردەمەن) دێ بەلام زۆر لەپێش رینووسی ئینگلیزیو فەرەنسییەوەیە كە لە ڕێنووسە فونیمیە خراپەكانن •

ڕێنووسی كوردی تیگرا (هەركامیكیان هەلبژێرین بۆ بەراوردكردن) نوسینیكی فونیمییە ئەگەرچی لە چەند لایەنێكیشدا لەمڕێبازە دەرچوویێت• بۆ ئیسپاتكردنی ئەم رایە ئەم بەلگانەی خوارەوەمان بەدەستەوەیە :

١ ــ هەر لە سەرەتاوە نووسەرانی کورد تێگرا هەستیان بەکەم‌و کورتی نووسینی مورفیمی‌و برگەیی کردوەو هۆشیارانە لێی دوورکەوتونەتەوە (ئەگەر نووسینی برگەییان پەسەند بکردایە ئەوا راستەوخۆ بێ‌گۆڕین تیپی عەرەبیان وەرئەگرت ، چونکە رێنووسی عەرەبی تا رادەیەکی زۆر ریبازیکی برگەیی وەرگرتوە ) هەولی ئەوەیان داوە کە تەنیا یەك تاکە نیشانە بەرامبەر تاکە فونیمیکی کوردی دابنێن وە هەرگیز بۆ نواندنی فونیمیکی ریزبوو زیاتر لە نیشانەیەکیان بەکارنەهێناوەو نیشانەکەش هەرگیز لە یەك فونیمی ریزبوو پتری نەنواندوە • بێ‌گومان ئەمە ئەوە ناگەیێنێت کە کوردی ئەلۆگرافی‌و نیشانەی دوو کەرتی نیە چونکە هەندێ ئەلۆگراف هەلکەوتی تیپەکانی عەرەبی هێناونی‌و ناچار ماونەتەوە (بروانە بەشی چوارەم) • دیارە لە رێنووسی کوردیدا تیپ یان نیشانە تەنیا بەرامبەر فونیمە ریزبووەکان دانراوە ، فونیمە سەپاوەکان (ستریس‌و ئاواز ••• هتد ) تەواو خراونەتە پشت‌گوێ بەلام هەر زمانی کوردی نیە کە ئەم کەموکورتیە لە رێنووسیدا هەبێت ، بەلکو هیچ لەو زمانانەی کە پیش سەدەیەك لەمەوبەر رینووسیان بو دانراوە ، گوێیان نەداوەتە فونیمی سەپاو ئەمەش دەگەڕێتەوە بو باری زانستی فونەتیکی ئەوسا کە تەواو ئەو دیاردە دەنگیانەی دیاری نەکردبوو •

٢ــ زۆربەی نووسەرانی کورد بەهوی شارەزاییانەوە بێت لە زمانەوانی یان سەلیقەیان بۆ جیاکردنەوەی دەنگی گرنگ (فونیم) بۆ دەنگ وەك دیاردەیەك چوون ، بێ‌ئەوەی زاراوەی (ئەلۆفۆن) بەکاربینن ، هەستیان بە بوونی کردوەو شوێنی خۆیان داوەتی • بێ‌گومان هەندێ‌جار لەسەر جیاکردنەوەکە رێك‌نەکەوتوون‌و باوەڕیان یەك نەبووە ، بۆنمونە ت• وەهبی دوو نیشانە بو دەنگی (د) دائەنێت (د)بو (د)ی تەواو وە (د) (خالێك لەبندا) بو (د)ی کلور ، هەروەها کۆڕی زانیاری داوای دانانی نیشانە بۆ (ص) دەکات هەروەکو فونیمیکی سەربەخۆ بێت لە دەنگی (س) ، بێ‌گومان

ئەم جۆرە هەولانە رێنووسی کوردی لە ڕێبازی فونیمی دوور ئەخاتەوە بەرەو رێنووسێکی فۆنەتیکی دەبات • جگە لەم هەوڵە کەمانە ، زۆربەی رێنووسەکانی تر پەیڕەوی ئەوە دەکەن کە تەنها فونیمی ریزبوو بنوێنن و ئەلفۆنەکان دەخەنە پشت گوێ •

٣ــ هەر لە سەرەتاوە زۆربەی رێنووس نووسەکان هەستیان بەوە کردوە کە دەنگ نرخی تەواوی خۆی ناپارێزێت و لە چوارچێوەی قسەکردندا هەندێ گۆڕانی بەسەردا دێت (بروانە رۆژبەیانی ١٩٥٨) و تەنانەت جۆری گۆڕانەکانیش تارادەیەك روون کراونەتەوە ، لەگەڵ ئەمانەشدا هەولی ئەوە نەدراوە کە ئەم گۆڕانانە بەسەر رێنووسی کوردیدا بسەپێت وە وای لێ بکرێت گۆڕانەکان پیشان بدات (بروانە بەشی ٤ بۆ هەندێ لادان) وەنەبێت پەیرەوی کردنی ئەم بنەما فونیمیە بەرێکەوت بووبێت چونکە هەندێ جار نووسەری وا هاتووە کە بەهەڵە بۆ کێشەکە چووە داوای ئاوڕدانەوەی کردوە بۆ ئەم دیاردەیە و هەولی داوە کە لە رێنووسی کوردیدا شوێنیان بۆ بکاتەوە (بروانە م• م ١٩٥٨ ) •

پەیڕەوی کردنی ئەم یاسا فۆنیمیە گرنگە ، بە واتای نەنواندنی ئەم جۆرە گۆڕانانە لە رێنووسی کوردیداو رەتکردنەوەی ئەم جۆرە داوایانە بۆتە هوی ئەوەی کە رێنووسی کوردی (لەگەڵ ئەوەشدا کە بنەمای نافونیمیش جاروبار بەکاردێنێ) رێبازی فۆنیمی خۆی تا رادەیەکی زۆر بپارێزێت •

٤ ــ گەورەترین بەڵگە بۆ ئیسپاتکردنی ئەو راستیەی کە رێنووسی کوردی رێبازێکی فونیمی گرتوە لەوەدایە کە رێنووسەکە بە هیچ جۆرێك بەهوی وێنەوە وشەی هاودەنگ لە یەکتر جیاناکاتەوە ، بەپێچەوانەی ئەو رێنووسانەی کە لە رێبازی فونیمی دەرچوون • بۆنمونە وشەی بەند بە

هەر واتایەك بەكاربێت (بەستن بێت ، بەستراو یان مادە) هەر بە یەك جـۆر ئەنوسرێت تەنانەت ئەگەر ئـەو واتـایانە گوازراوەش نـەبن • كەواتـە رێنووسی كوردی گوێ ئەداتە دەنگ نەك مورفیمو واتا •

٥ــ نەبوونی نیشانە لە رێنووسی كوردیدا بەرامبەر دەنگێـك كـە ئەخوێنرێتەوە تەنانەت ئەگەر دەنگەكەش لە بنچینەدا لە مێژووی وشەكەدا هەبوو بێت وەك بە وشەی داندا بۆمان دەرئەكەوێت ، تەنها ئەوانـەی بـە (ددان) ئەیخوێننەوە بەمجۆرە ئەینووسن •

لەراستیدا ئەمجۆرە تواندنەوەو لەناوچونە لە رێنووسدا پیشان بدریت چاكترە چونكە ئەوسا مێژووی وشەكەو پێوەندی لەگەڵ وشەی تردا بەهوی رێنووسەكەوە دەپارێـزرێتو بـەم پێیـە ( ددان ) لـە (دان)ی چـاوگ جیادەكاتەوە • ئەمە یەكێكە لە كەڵكە هەرە گەورەكانی نوسینی نافۆنیمی یان ئەو نووسینانەی لە فۆنیمی لایانداوە ، هەرچەندە دانانی نیشانە بـۆ دەنگێكی نەبوو رێنووسەكەمان باردەكاتو لە كەڵكی كەمدەكاتەوە •

**٤ــ بنەما نافۆنیمیەكانی رێنووسی كوردی (گیروگرفتەكانی رینووسەكەمان) :**

وەك لە بەشەكانی پیشووی ئەم لیكولینەوەیـەدا روونمـان كردەوە رێنووسی كوردی لە زۆر سەرەوە رێبازێكی فونێمیانەی گرتوە چونـكە هەوڵی هەرە گەورەی ئەوەیە ژمارەی فونیمەكانی كوردی یەكسان بـكات لەگەڵ ژمارەی نیشانەكانی بەرامبەریان • لە هەمانكاتدا بیجگە لەم بنەمـا فونیمیە ، رێنووسەكەمان ناچار بووە كە چەند رێگایەكی نافۆنێمیش بگریت بۆ پركردنەوەی ئەو دەلاقەو كەلێنانەی كە بەكارهینانی تیپی عەرەبی لەگەڵ خویدا ئەیانهێنێت • بێ گومان لە لێكولینەوەیەكیوا كورتا ناتوانین بەدریژی لەسەر هەر یەكێك لەم رێگایانە برۆینو هەقی خۆی بدەینێ ، لەبەرئـەوە وا لەخوارەوە باسی هەندێكیان ئەكەین :ــ

١ ــ بەکارهێنانی نیشانەی دووقۆلی (یان دووکەرتی) :

کەمی نیشانەکانی تیپی عەرەبی ، بەتایەبەتی ئەو نیشانانەی کە بۆ نواندنی بزوین بەکاردێن ، وای لە نووسەرانی کورد کردوە ، کە دوو نیشانەی بەرودوا بۆ تاکە دەنگێك بەکاربهێنین • بۆنمونە بزوێنی ö کە لە وشەی جوێنو خوێن ••• هتددا • هەیە بە دوو نیشانە ، نیشانەی (و) لەگەڵ (ێ)دا ئەنوسرێت • ئەوەی زیاتریش سەرمان لێ تێك ئەدات لیرەدا ئەوەیە کە هەر یەکێك لەم نیشانانەش نرخی تری هەیە لە هەمان رێنووسدا •

دیسانەوە ئەگەر باوەڕمان وابێت کە دەنگی y فونیمە لە کوردیدا وەك زۆربەی ریزمان نوسەکانمان دەڵێن ، ئەوە لە نووسینیدا هەمان کیشەمان هەیە ، بە واتایەکی‌تر نیشانەی دوو قۆلیمان بەکارهێناوە (ن) + (گ) بۆ نوسینی •

بە بیری من لە نووسینی y دا رینوسی کوردی ریگایەکی راستی گرتووە ، چونکە لەدوای پشکنینێکی زۆر بەدوای وشەدا گەیشتومەتە ئەو باوەڕەی کە ئەم دەنگە لەگەڵ ئەوەشدا کە هەیە لە کوردیدا وە زۆر زمانەوانی کوردو بێگانە بێ‌مشتومڕ بە فۆنیمیان داناوە ، ئەم دەنگە فونیم نیە ، بەڵکو برێتییە لە دوو دەنگ (ن)و (گ) یان (ن)و (د) کە بەدوای یەکتریدا دێن • بۆ ئیسپاتکردنی ئەم رایەم ئەم بەڵگانەم بەدەستەوەیە :

١ ــ کە ئەم دەنگە ئەکەوێتە سنووری بڕگەوە لەت ئەبێتو دەنگی (ن) لەگەڵ لەتی پێشەوەدا ئەڕواتو دەنگی (گ) لەگەڵ دواوە وەك لە (جەن • گا • وەر)و (جەن • گەڵ)دا ئەبینین • هەروەکو دوو دەنگی جیاواز لەبارەیەوە هەڵس‌وکەوت ئەکات •

٢ ــ ئەم دەنگە لەئەنجامی گۆڕانی دەنگدا دێتە کایەوە ، واتا کاتێك دەنگی (د) یان (گ) بەدوای دەنگی (ن)دا بێت وەك لەدیالیکتی سلێمانیدا

لەم وشانەدا دەرئەکەویت (چەند ، مەنگو هۆمەرمەندان) • کەوابێت هاتە کایەی ئەم ئەلۆفۆنەی (ڹ) بەهوی یاسایەکی ئاسانی فۆنەتیکیەوە دیـاری ئەکرێتو پەسەند نیە بە فونیم بدریتە قەڵەم •

٣ ــ دانانی ئەم دەنگە بە فۆنیمیکی سەربەخۆ دیالیکتی سلێمانی لـە دیالیکتەکانیتری کوردی جیا دەکاتەوە بە نارەوا چونکە وەك دەردەکەویت تەنیا دیالیکتی سلێمانی بەپێی لێکدانەوەی ئیستە خاوەنی ئەم ئەلۆفونەیـە (بروانە مەکنزی ١٩٦٢) لەبەرئەوە دیسانەوە جێی گومانە کە ئەم دەنـگە فۆنیم بێت •

ئەگەر ئەم رایەی من پەسەند بکرێـتو دەنـگی (نگ) بـە فۆنـیم نەژمێریت ، ئەوا ڕێنووسی ئیستای کوردی چاك بۆ ئەم مەسەلەیە چـووە کە ئەم دەنگە بە دوو دەنگی بەرەودوا دائەنێـتو نیشـانەی دووکەرتـی بەکاردێنیت بو نواندنی •

دیسانەوە ڕێنووسی کوردی نیشانەی دووکەرتی بەکاردەهێنیت بـۆ نواندنی دەنگی (ڵ)و ، o ‘ ú ‘ é    I ‘ o ‘ ö ‘

••• هتد • لێرەدا دانانی سەرو بۆرو ژێر یان دوپاتکردنـەوەی نیشـانە هەروەك دانانی تیپ وایە ، بەواتایەکیتر ، هەموویان هەر نیشانەن • ئـەم خشتەیەی خوارەوە ئەم بنەما نافۆنیمیەمان تەواو بۆ روونەکاتەوە •

| دەنگ / فونیم | ڕێنووس |
|---|---|
| ö | (وێ) |
| Ɫ | (ڵ) یان (ل) ــ نوختەیەکی لە بن ــ یان (لل) |
| e | (ێ) |
| I | (یٚ) یان (یی) |
| o | (ۆ) |

٤ ــ گوێ نەدانە هەندێك فۆنیم : یەکێك لەبنەما ناڤۆنێمەکانیتر نەبوونی نیشانەیە بۆ چەند فونێمێك • بۆ نمونە ، تائیستا بێجگە لە توفیق وەهبی کەس هەولی ئەوەی نەداوە کە نیشانەیەك بۆ فونیمی i دابنێت ، هەرچەندە نرخی ئەم فونیمە ئاشکرایەو نەنووسینی فکرەی برگە لە کوردیدا تێكدەدات وە لە زمانەکانیتر بە ئارەوا جیای دەکاتەوە (بروانە خالی سێ لە خوارەوە ) •

هەروەها رێنووسی کوردی هەوڵی نەداوە درێژیو کورتی بزوینەکان یان ستریسو وەستانو ئاواز پیشانبدات • هەروەك لە بەشی سێیەمدا روونمان کردەوە ، رێنووسەکەمان زیاتر گوێیداوەتە فونیمە ریزبووەکان لەبەرئەوە فۆنیمە سەپاوەکان هەرچەندە گرنگیان ئاشکرایە ، خراونەتە پشتگوێو بێنیشانەن لە رێنووسدا • بۆنمونە بەهۆی رێنووسەوە هەستناکەین کە وشەیەکی وەکو خانە جیاوازە لە رستەیەکی وەکو خانە •

دیسانەوە رینووسی کوردی دووپاتکردنەوەی فونیمیش پیشاننادات؛ زۆربەی رینووسەکانمان ئەم وشانەی خوارەوە بە یەك (ق)و یەك (ن) ئەنوسێت هەروەکو دوپاتکردنەوەی فونیمی تیا نەبێت : هۆقە ، مورەبا ... هتد ❊ •

---

❊ هەندی لە نووسەرانی کورد باوەریانوایە کە هێشتا دەنگیتریش زۆرە کە لە رینووسەکەماندا نانوێنێ وەکو ی ــ دودەنگی (چیبا) ، ی ــ وەستاو (پەیین) ، ی ــ بەهێز ــ ئازایی) ێ ــ ی کراوەی گیر (شاییەك) یان ێ ــ ی کراوەی ژێردار . دیسانەوە دەنگی (و) بە باوەری زۆرکەس هەقی خوی نەدراوەتی لە رینووسەکەماندا چونکە و ــ ی دوودەنگ (سویر) ، هەروەها و ــ ی دوودەنگی ( جووان ، خووان ) ، و ــ ی بەهێزی (کاور / ئاور) ، و ــ ی ئالۆز (کە گوایە لە هەندێك دیالیکتی کوردیدا هەیە ) بێنیشانەن . (بروانە ع. ع. شەونم ، برایەتی ٢ ــ ١٩٧٠ ) . بە باوەری من ئەم هەموو (و)و (ی)یە لە کوردیدا نیە وە نووسەر هەندێجار نیوە بزوێنی (و) (ی) لەگەل بزوینی i ‘ u ‘ ú ‘ I

٣ ــ بەکارهێنانی مورفۆگراف :

مەبەست لەمورفۆگراف ئەو نیشانەیە کە بۆ مورفیمێك (نەك فونیمێك) دابنرێت • مۆرفۆگراف لە دانە سەرەکێکانی رێنووسی مورفیمە ، هەرچەندە جاروباریش لەنووسینی فونیمدا ئەبینرێت• نەبوونی نیشانە بۆ هەندێ دیاردەی دەنگی لە کوردیدا وای لە رینووسەکەمان کردوە کە تاکە نیشانەیەك دابنێت بەرامبەر بە مورفیمێك کە لەوانەیە بریتی بیت لە فۆنیمێك زیاتر • بۆنمونـە راناوی لکاو (م ، ت ••• هتد) کە ئەچێتە سەر کردار یان ناو (بۆ دەربرینی خۆیەتی ) رینووسەکەمان هەروا دەری ئەخات کە (م یان ت)مان زیادکردبێت، هەرچەندە لەراستیدا زیاتر لەو دوو دەنگە زیاد ئەکەین ئەگەر رەگی کردارەکە یان ناوەکە بە دەنگێکی نەبزوێن دوایی هاتبێت وەك لە خوارەوەدا دەبینین :

ئەڕۆ +م = ئەڕۆم (م)
گەیشت + م = گەیشتم (/م)
خوارد + ت = خواردت (/ت)

بەکارهێنانی مورفوگراف لەمنمونانەی سەرەوەدا بەهوی نەبوونـی نیشانەوەیە بۆ دەنگی i • بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە رینووسەکەمان دەنگە زیادبووەکانی‌تر دەرئەخات وەك لەخوارەوە ئەبینین :

---

=

دا تێکەڵکردوە ، بەتایبەتی کە بەرەودوا هاتبن . دیسانەوە نووسـەر جیاوازی نێوان فونیم‌و ئەلۆفۆنی خستوتە پشت‌گوی بۆیە تووشی ئەو هەڵانە هاتووە . دیارە ی ــ (یار) لەگەڵ یەکەم ی ــ (پەین)دا ــ جیاوازی هەیە بەهۆی دەنگەکانی دەوروپشتەوە ، بەڵام ئەم جیاوازییـە ناگرنـگە (ئەلۆفۆنە) چونکە دوو وشە لە کوردیـدا نادۆزینـەوە کـە ئـەم دوو ئەلۆفۆنەی [ي] جیای‌کردبنەوە ؛ لە فۆنەتیکدا ئەم جیاوازییەو چەندەهـا جیاوازی‌تر دەبێت بخریتە پشت‌گوی چونکە وەك لە فونەتیکدا ئیسپات‌بووە تەنانەت ئەو دەنگانەش کە گوی‌ی مرۆڤ بە وەك یەکیان دادەنێت وەك یەك نین بەتەواوی‌و رێنوسیش هەرگیز ناتوانێت ئەم هەموو جیاوازیـە ناگرنگانە بنوێنێ •

ئەڕۆ + ت = ئەرویت

ئەخۆ + ت = ئەخویت

لێرەدا نیشانە (یت) مورفۆگراف نیــە چونکە بەتــەواوی فونیمەکان دەرئەبڕێت •

ئەبێت ئەوە لەیادنەکەین کە بەکارهێنانی مورفوگراف لــە نــووسینی فونیمی دورمانئەخاتەوەو لاداێکی تەواوە هەرچەندە جــاریواش هەیــە کەلکی زۆری هەیە چونکە دیالیکتەکان لە یەکتر نزیكدەکاتەوە •

٤ ـ بەکارهێنانی ئەلۆگراف :

هەلکەوتی تیپی عەرەبی ڕێنووسی کوردی ناچار کردوە کە هەندیك جار پەنا بەرێتە بەر ئەلۆگراف • هەروەك بە مورفیمی [ئەلۆ]دا دەردەکەوێت، مەبەست لە ئەلۆگراف بەکارهێنانی نیشانەیەکە کە چەند شیوەیەکی جیاوازی هەبێت • بۆنمونە تیپی (ش) بەپێی شوێنی لە وشەیەکدا بە چەند شێوەیەك خوێ دەنوێنی بە بێئەوەی لە نرخی خۆی بگۆرێت وەك (شـ)ی سەرەتا ، (ش )ی کۆتایی یان سەربەخۆ یان ( ـشـ )ی ناوەراست • بــەمپێیە زۆر تیپە عەرەبیەکان بەلای کەمەوە سێ ئەلۆگراڤیان هەیە کە بە هەرسیکیان تیپیك دێتە بەرهەم • بێگومانی بوونی ئەلۆگراف لە عەرەبیدا دەگەرێتەوە بــۆ مەسەلەی لکاندنو نەلکاندنی تیپەکان بەیەکتریەوە ئەم هەلکەوتەیــان لــە چارکردن نایەت • بەلگە نەویستە کە بوونی ئەلۆگراف ڕینووســەکەمانی گراتر کردوەو بەتایبەتی لە قۆناغی یەکەمی فێربووندا تەگەرەیەکی گەورەیە• وا لەخوارەوە هەندیك لەو تیپانەو ئەلۆگرافەکانیان دەخەینەروو •

( ـسـ ) ، ( ـس ) ، ( س ) = س

( یـ ) ، ( ـیـ ) ، ( ی ) = ی

( ع ) ، ( ع ) ، ( ع ) = ع
( ح ) ، ( ح ) ) ( ح ) = ح
( ن ) ، ( ن ) ، ( ن ) = ن

دیسان تیپی ( پ ، ن ، ف ، ك ، ش ) شێوەیان زۆرە •

٥ ــ دانانی نیشانە بۆ ئەلۆفۆن :

لەگەڵ ئەوەشدا کە نوسەرانی کورد فونیم و ئەلۆفونیان زۆر جار لە یەکتر جیاکردۆتەوە (بێ ئەوەی ئەم زاراوانە بەکاربهێنن)و زۆربەی جار نیشانەیان هەر بۆ فونیم داناوە ، هەندێ جار لەم یاسا راستەو گونجاوە لایانداوەو خۆیان تووشی گیروگرفت کردوە • بو نمونە ، دەنگی ( ء ) (هەمزە) دەبوایە نیشانە بەرامبەری دانەنرایە چونکە لەگەڵ ئەوەشدا کە کەس ناتوانێت بڵێت دەنگەکە نیە لە کوردیدا ، زۆر ئاشکراو بەلگەنەویستە کە ئەم دەنگە لە پلەی فونیمدا نیەو شوینەکانی بەئاسانی بە یاسایەکی فۆنەتیکی دیاری دەکرێت • ئەم دەنگە لە سێ شوێندا دێتە کایەوە وەك ئەلۆفۆنێکی بزوینەکانی کوردی ( ١ ) لەپێش هەندێ بزوینەوە لە سەرەتای وشەدا بەتایبەتی بزوینی a ، á ، o ، é (٢) لە ناوەراستی هەندێ وشەی وەرگیراودا (وەکو سؤال) (٣) لە کوتایی تاکە یەك وشەی کوردیدا (نەء) ، لێرەشدا جێ گۆرکێ ئەکات لە بزوینی a دا (نا) • کەوابێت ئەم دەنگە نابێتە فونیم ، چونکە واتای وشە ناگۆریت • لەگەڵ ئەم راستیەشا دەبینین کە ئەم دەنگە بە فۆنیم دانراوە لە کوردیدا وە لە رێنووسەکەماندا (هەرکامیکیان وەرگرین) نەك هەر خوی ئەنوینی بەلکو کە دێتە پێشەوە کورسیەکیشی بۆ دائەنرێت ، دیسان لە کوتایی ئەو تاکە وشەیشدا پیشان ئەدرێت • لەوانەیە دانانی نیشانە بۆ ئەم دەنگە لەوەوە هاتبێت کە هەندێك دەنگی نەبزوین لە سەرەتاوە بە بێ کورسی هەمزە زۆر بەزەحمەت ئەلکێن

به دەنگەکانی دواوەیانەوە • (بۆنموونە [ئەو] دەبێت بە [ەو] بنوسرێت)؛ رەنگە هەر ئەم هۆیەش (نەك نەزانیی پلەی دەنگەکە) ئەم لادانەی هێنابێتە کایەوە ، چونکە رێنووسە هەر کۆنەکان نیشانەیان بو (ء) (هەمزە) دانەناوەو ئەم وشانەیان بەمجۆرەی خوارەوە نوسیوە (بروانە حامید فەرەج ١٩٧٦) •

| رێنووسی ئیستا | رێنووسی کۆن |
| --- | --- |
| ئەمە / ئەوە | امه / اوه |
| ئیش | ایش |
| ئاسان | آسان |
| ئیش‌وکار | ایش‌وکار |

٦ ـ پیشاندانی هەندێك گۆڕانی دەنگیو شاردنەوەی هەندێکیتر :ـ

هەروەك لە بەشی سێیەمدا باسمان‌کرد یەکێك لە چاکەکانی نووسینی فونیمی ئەوەیە کە نایەویت ئەو گورانانە پیشان بدات کە لەئەنجامی کارتێ‌کردنی دەنگی دراوسێدا دروست ئەبێت ئەگینا نووسینەکە بەرەو فۆنەتیکی دەرواتو ژمارەی نیشانەکانمان زۆر ئەبێت ، جگە لەمەش ریزمانیش ئەشیوێنیو بنچینەی وشە ون‌ئەبێت •

رێنووسی کوردی زۆرجار پەیرەوی ئەم یاسا فونیمیە ئەکات ، بەلام هەندێ‌جار لێی لائەداتو ئەم لادانە بێ‌هۆیەش دەبێتە کیشەیەکی‌تر • ئەوەتە زۆرجار ئەم وشانەی خوارەوە بە دوو شێوە دەبینرێن بەپێی زەوقی نووسەرەکە ، لەگەڵ ئەوەشدا کە یاساکە روونە •

١ ـ نیشانەی نەناسیاوی : ئێك دەبێتە ئێ •

یەکێك = یەکێ

هەندێك = هەندێ •

٢ ــ نیشانەی فەرمان ( بــ...) بەتایبەتی لە کاری لێکدراودا پیشان نادریت :

رابکە = راکە

دابنیشە = دانیشە

٣ ــ (ت) یان (د)ی قووتدراوی کوتایی وشە (بەتایبەتی لە دیالیکتی سلێمانیدا ) بێ نیشانەیە :

کردت = کرد

باست ناکەم = باس • ناکەم

بۆت = بــۆ

هەروەها هەندێ جار دەنگی (گ) خوراوە :ــ

ئاگر = ئا • ر

سەگ = سە •

٤ ــ دەنگی (ھ)ی قوتدراو لەنێوان دوو نەبزویندا نانوسرێت :

هەلهات = هەڵات

هەندێك جار کیشەکە ئاوەژوو دەبینرێت ، دەنگێك کە لە لەئەنجامی گوڕان هاتبیتە کایەوە دەنوسریت :

بیدرووەو = بیدرورەوە

بیخوەوە = بیخۆرەوە

بیکەوە = بیکەرەوە

بکەوە = بکەرەوە

یــان گوڕانــی (ش) بــە (ژ) یــان (س) بــە (ز) یــان (ف) بــە (ڤ) پیشان نەدرێت :

چەشتم = ئەچێژی
گەستم = ئەگەزێ
حەفتا = حەڤە / حەڤدە

(سەیرئەوەیە لە هەندی وشەدا هەر هەمان گۆڕان هێشتا خۆی نەکردوە بە ڕێنوسدا : (پشدەر ، پیش‌گر ، پیش‌مەرگە) ئەبوایە لەسەر یاسای پیشوو بە دەنگی (ژ) بنوسرانایە ــ پژدەر ، پیژگر ، پیژمەرگە ــ کەچی بەم‌شیوەیە نەبینراوە ) •

ئەبوایە ڕێنووسی کوردی هەروەك چۆن گوێی نەداوەتە دەها گۆڕانی‌تر ، (وەك چەند ــ چەنگ ، هۆمەر مەندان ــ هۆمەرمەنگان) ئەم گۆڕانانەی سەرەوەشی بخستایە پشت‌گوێ چونکە لەئەنجامی گۆڕانـدا هاتونەتە کایەو پیشان‌دانیان سوود ناگەیەنێت ، ئەگەر ریزمانەکەش نەشێوێنێت • جگە لەمەش لە رینووسدا پیویستە لەسەر یەك تەرز بدوین ، هەر جارە بەجۆرێك نەنوسین ئەگینا رینووسەکە هەرگیز جێ‌گیر نابێت‌و هەر لە گۆڕاندا دەبێت •

لێرەدا ئەبێت ئەو راستیەش بدرکێنین کە ئەم جۆرە گۆڕانانە دەتوانین بەرینە رینووسەکەمانەوەو تەنانەت بە نیشانەی تایەبەتیش پیشانیان بدەین ، کاتێك بمانەوێ رینووسەکەمان وێنەیەکی تـەواوی قسـەکردن بێـت • چیروك‌نووسین یان شانۆگەری هەندیك جار پێ‌ویستی بە رێنووسی وا هەیە بەتایەبەتی بۆ دیاری‌کردنی یەکێك لە پاڵەوانەکان یان ئەکتەرەکان • بـەلام لە نووسینی رەسمیدا نابێت دەرگا بۆ ئەم جۆرە گورانانە بکەینەوە تا بێتـە رێنووسەکەمانەوە ، ئەگینا ریزمانەکەو بنچینەی وشەکانمان ئەشێوێ ، جگە لەمەش رێنووسەکەمان ئەوەسا تەنیا دیالێکتێکی دیاری‌کراو یان ناوچەیەکی بچووك ئەگرێتەوە ، چونکە ئەم گۆڕانانە مەرج نیە لە هەمـوو ناوچەیەکدا

بەمجۆرە بێت یان بەم قۆناغەدا بڕوات • بە باوەڕی من ئەبێت ڕێنووسی کوردی پێشاندانی گۆڕان بخاتە پشت‌گوێو ، تەنانەت ئەو گۆڕانانەی کە زۆر دەمێکە چەسپاوەو ڕۆشتوەو زۆربەمان هەستی پێ ناکەین بیگرینە دواوە هیچ نەبێت بە دانانی نیشانەیەك ، وەکو فاریزە لەجێی ئەو دەنگانەی لەناوئەچن لە قسەدا وەکو لەم فریزانەدا ئەبینین :

لەم = لە م
لەو = لە و

٧ ــ بەکارهێنانی نیشانە بۆ چەند دەنگێکی نامۆ :

هەر لە سەرەتاوە زمانی کوردی لەژێر کاری ئاینی ئیسلامو دراوسێتیدا ژمارەیەکی زۆر وشەی عەرەبی وەرگرتووە • هەرچەندە ئەو وشە وەرگیراوانە یەکسەر لە قسەدا دەخرێنە قالبی فۆنەتیکی کوردییەوەو دەنگە نامۆکانیان دەگۆڕیت بەو دەنگە کوردییانەی کە لێیانەوە نزیکن ، ڕێنوسەکەمان پەیرەوی ئەم ڕاستیە فۆنەتیکەی نەکردوەو وشەکانی بەو دەنگە نامۆیانەوە وەرگرتووە ئەمەش بۆتە هوی هینانە ناوەوەی هەندێ دەنگی نامۆو دانانی نیشانە بۆیان• هەندێك لە نووسەرانمان لە زۆر دەمێکەوە بۆ ئەم کێشەیە چوونو پەنجەیان بۆ ڕاکیشاوە بەڵام لەناو خۆیاندا لەسەر ڕایەك نەبوون ، چونکە لە قۆناغێکدا دەست‌کاری‌کردنی وشەی عەرەبی بە گوناه زانراوەو لە قۆناغێکی‌تردا بە ڕاست نەزانراوە چونکە «مافی دەست‌کاری زمانی خەلکی‌ترمان نیە» (بڕوانە ــ ڕوژبەیانی ١٩٥٨) •

نووسەری ئەم لیکولینەوەیە باوەڕی‌وایە کە دەستکاری نەکردنی ڕێنوسی وشەی عەرەبی‌و وەرگرتنی بە دەستوری ڕێنووسی خۆیەوە ، هەندێ دەنگی نامۆی (بەتایەبەتی دەنگی (ع)و (غ) ) هێناوەتە کوردی‌یەوە ، بەلگەشی بۆ ئەم ڕاستیە زۆرە :

١ ــ ئەم دەنگە نامۆیانە تائێستا نەچەسپاون لە کوردیداو گێڕاویکیان لە یاسای دەنگی زمانەکەدا ناوەتەوە بەوەدا کە :

ا ــ جێ گورکێ ئەکەن لەگەڵ فۆنیمی‌تردا بێ‌ئەوەی واتای وشە بگۆڕن وەکو :

لە وشەی (عاسمان ــ ئاسمان ، عەرز ــ ئەرز ، عاست ــ ئاست ــ حاست یان وجاخ ــ وجاغ ، باخچە ــ باغچە ، غایەن ــ خائن )دا ئەبینین •

ب ــ تائێستاش ئەم دەنگانە لە کوردیدا رەوشتی فۆنیمی ناتەواویان هەیە ، بەواتای ئەوەی کە لە زۆر شوێنی وشەدا نابینرێن ، جگە لەوەی کە بلاوییان کەمترە لە دەنگی‌تر لە زمانەکەدا بۆنمونە دەنگی (ع) ناچیتە کوتایی وشە •

بەم‌پێیە ئەم دوودەنگە تائێستا نامۆن‌و نەچۆنەتە ریزی فۆنیمەکانی‌ترەوە لەگەلیاندا مەیانەیان کەمە •

٢ ــ زۆربەی (ئەگەر نەڵێین هەموو) ئەو وشانەی ئەم دودەنگەیان تێدایە لە بنچینەدا عەرەبین ، لە قسەدا زیاتر بەکاردێن‌و تائێستەش لەناو وشەکانی کوردیدا جێی خۆیان وا نەکردوتەوە کە لەبنچینەیان دوودڵ بین ، هەروەك بەم‌وشانەدا بۆمان دەرئەکەوێت ( غایە ، غەرب ، غەلەت ، غەرەز ، غەش ، غەیبەت ) یان (عەرەب ، عەیب ، عاقل ، عازەب‌و ناوی تایەبەتی وەکو عەلی ، عوسمان ••• هتد ) •

## ٦ ــ گیروگرفتەکانی رێنووسی کوردی‌و چەند پێشنیازێك :

بەراوردێکی یاسای دەنگی زمانەکەمان لەگەڵ دەستووری نوسینی کوردی ئێستەداو لێکدانەوەیەکی ئەو تێبینیە نوێیانەو کە لێکۆڵەر

گەیشتیٚ لە بەشەکانی پێشەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بۆمان ئیسپات ئەکا کە ڕێنووسی کوردی سێ جۆر گیروگرفتی هەیەو هەندێکیان چارەیان ناکرێت.

١ ـ ئەو گیروگرفتانەی کە هەڵکەوتی تیپە عەرەبیەکان دەیهیننە کایەوە .

٢ ـ ئەو گیروگرفتانەی بەکارهێنانی ئیستەی تیپەکان دروستی کردوون .

٣ ـ ئەو گێروگرفتانەی پێوەندیان بە هەڵویستی کومەڵی کوردەوە بەرامبەر ڕێنووسی کوردی ـ هەیە .

وا لەخوارەوە بەکورتی لە هەر یەکێک لەمانە ئەدوێین و چەند پیشنیازێك دەخەینە روو بۆ چاکردنیان .

ا ـ گیروگرفتی هەڵکەوتی تیپی عەرەبی .

بەکارهێنانی تیپی عەرەبی لە ڕێنووسی کوردیدا دوو جۆر تەگەرەمان دەخاتەرێ :

(ا) ناچارمان ئەکات کە ئەلوگراف بەکاربهێنین (بروانە بەشی ٤ خاڵی ٤)

(ب) ناچارمان ئەکات سەرو بۆرو چوکڵە بەکاربهێنین بۆ نواندنی فۆنیمە بزوێنەکان بەتایبەتی (شایانی باسە کە تیپی عەرەبی لە نواندنی دەنگە نەبزوێنەکاندا زۆر گونجاوە ) .

(ج) تووشی گیروگرفتی لکاندن و جیاکردنەوەمان ئەکات .

(لەم لیکولینەوەیەدا لەسەر ئەم خاڵە ناڕۆین چونکە فۆنەتیك ناتوانێت لەمبارەیەوە هیچمان بۆ بکات ) .

ئەم کومەڵە گیروگرفتە چارناکرێن و ئەبێت فیربین لەگەڵیانا بژین و بە چاکترین شێوە کەلك لەو کەرەسەیە وەربگرین کە لە بەردەستایە .

٢ ـ بەکارهێنانی ئیستەیی تیپەکان چەند گیروگرفتێکی بۆ

دروست‌کردوین که له تواناداا هه‌یه بگوڕین‌و به‌سه‌ریاندا سه‌رکه‌وین وه‌کو:ـ

ا ــ فۆنیم نه‌نواندن : هه‌ندێك فۆنیمی کوردی له ڕینووسه‌که‌ماندا به‌رامبه‌ره‌که‌ی نیه وه‌کو فونیمی i کورت یان ده‌نگی دوولانه‌ی ö هه‌روه‌ها ستریس‌و ئاوازو وه‌ستانیش بێ‌نیشانه‌ن • که‌م ڕینووس هه‌یه که فۆنیمی سه‌پاو بنوێنێ له‌به‌رئه‌وه ڕێنووسی کوردیش ئه‌توانێت واز له نواندنی ستریس‌و ئاوازو دیارده ده‌نگیه‌کانی ئه‌م بابه‌ته بهێنێت ، به‌ڵام پێویسته نیشانه‌ی نوێ بۆ ئه‌م دوده‌نگه i و ö دارێژرێ چاکتریش وایه ئه‌م نیشانانه له (ی)و (و) وه‌رنه‌گیرێن ، تا زیاتر سه‌ر تێك نه‌ده‌ن •

ب ــ ئه‌لۆفۆن نواندن :

١ ــ هه‌ندێك ده‌نگ هه‌یه له زمانی کوردیدا که به شێوه‌یه‌کی نازانستیانه پله‌ی فۆنیمیان دراوه‌تی‌و نیشانه‌ی سه‌ربه‌خۆیان له ڕێنووسدا وه‌رگرتووه ، وه‌کو ده‌نگی (غ) یان (ع) یان (ص) یان (د) • له به‌شی چواره‌مدا زانستیانه ئیسپاتمان‌کرد که ئه‌مانه وه‌ك ده‌ها دیارده‌ی ده‌نگی‌تر له ئه‌لۆفۆن به‌ولاوه پله‌ی به‌رزتریان نیه له زمانه‌که‌دا ، له‌به‌رئه‌وه پێویسته چاوێك به ڕینووسه‌که‌ماندا بخشێنینه‌وه‌و ئه‌و ده‌نگانه بێ‌نیشانه که‌ین • ئه‌وسا له ڕێنووسی کوردیدا نیشانه‌ی (خ) بۆ ده‌نگی (خ)و (غ) به‌کاردێت‌و مروڤی کورد به‌پێی دیالیکته‌که‌ی خۆی ئه‌یخوێنێته‌وه به (خ) یان (غ) • هه‌روه‌ها ده‌نگی (ع) به a ئه‌نووسین ، دیسانه‌وه له هه‌ندێ وشه‌دا فێرکار ئه‌توانێت به‌(ع) بیخوێنێته‌وه به‌پێی هه‌ڵکه‌وتی وشه‌که له‌دیالیکته‌که‌ی خۆیدا • ده‌نگی (د) له کوردیدا پێویستی به نیشانه نیه ، هه‌روه‌ها (ص)یش•

به باوه‌ڕی من ده‌نگی (ف)و (ڤ) به‌شێوه‌یه‌کی‌وا چاره‌کرێت؛چونکه (ڤ)

له شیوه‌ی نووسینی ئیستەماندا زۆر کەمە ، ئەتوانین هەر نیشانەی (ف) بۆ هەردوکیان بەکاربهینین ، دیسانەوە بەپێی دیالێکتی فیرکار نرخ وەردەگریت • ئەمجۆرە رینووسە سێ سوودی هەیە (١) ژمارەی پیتە نەبزوینەکان لە (٣٠)وە کەم‌ئەکەینەوە بۆ (٢٥) • (٢) ئەم نواندنە لەگەڵ یاسای دەنگیی کوردیدا جووتە (٣) دیالێکتەکانی کوردی لە یەکتر نزیك‌ئەخەینەوە •

٢ ــ هەندێك دەنگ هەیە کە ئەلۆفونن‌و لەئەنجامی لێکدانی چەند دەنگێکەوە هاتوونەتە کایەوەو پێویست ناکات نیشانەیان بۆ دابنرێت یان لە رێنووسدا پیشان بدرێن ، وەکو دەنگی (د) ، (ك)ی پێشـــەوەو (ك)ی دواوە • هەروەها هەندێك قووت‌دان یان تواندنەوە ، یان دورکەوتنەوە یان لەیەکچوون یان جێ‌گورکێ هەیەکە رێنووس نابێت بیان‌نوێنێ• بەپێچەوانەوە رێنووسەکەمان ئەبێت تەنانەت فونیمی قووت‌دراویش بنوسێت ، ئەگەر ئەمە زۆر ناپەسەند بوو ئەبێت فارزەیەك لە شوێنی فونیمە قووت‌دراوەکە دانێن، چونکە بەم‌شێوەیە رێنووس خزمەتی ریزمان‌و بنچینەی وشەکان دەکات‌و لە لەناوچوون دەیان پارێزێت (بروانە بەشی چوار ، خالی ٦) •

جـ بەکارهێنانی نیشانەی دووکەرتی :ـ کـەمی تیپە عەرەبیـەکان رێنووسی کوردی ناچارکردوە کە نیشانەی دووکەرتی (دووقۆڵی) بۆ هەندێ دەنگ دارێژرێت وەکو دەنگی (ڵ) ، (ڕ) ū ‘ ö ‘ é (بروانە بەشی چوار ، خاڵی یەکەم) • ئەمە هەرچەندە گیروگرفتە چونـکە لادانە لە بنەمای فونیمی رێنووسی کوردی ، بەڵام تەگەرەیەکی گەورە نیە لە ریگای فیربووندا • ئەبێت لەیادیشمان نەچێت کە چـارەکردنی ئاسـان نیە چونکە هەرچۆنێك هەوڵ‌بدەین (بە بەکارهینانی سەرو بۆرو چوکلە یان بە دووپات‌کردنەوەی تیپەکە) هەر هەمان گیروگرفت دێتە ریگامان • تەنیا بە دارشتنی تیپی نوێ رزگارمان ئەبێت ، ئەمەش نەك هەر گرانە ، بەلـکو دەبێتە هۆی زۆرکردنی نیشانەکانمان‌و قورس‌بوونی ئەرکی فـیرکارەکان •

د ـ به بەکارهێنانی نیشانەی نامۆی ناپیویست لە رینووسەکەدا : زۆر جار بۆ نوسینی وشەی عەرەبی وەرگیراو یان ناوی تایبەتی عەرەبی هەندێك نیشانەی نامۆ وەکو (ص)و (ظ)و (ذ) یان (ث)و (ط) خۆیان دەکەن بەنـاو رێنووسی کوردیدا • بە بیری من چاکتر وایە ئەو نووسەرانە واز لەمە بهێنن بەرامبەر ئەو دەنگە نامۆیانە پیویستە نیشانەی ئـەو دەنـگە کوردیـانە بەکاربهێنێن کە لێیانەوە نزیکن وە لەراسـتیدا جێـگەیان دەگرنـەوە • بەمجۆرە نیشانەکانی رێنووسی کوردی کەمتر دەبێتو ئەرکی سەرشانـی فێرکار سووکتر دەبێت •

٣ ـ هەڵویستی خەلکی بەرامبەر زمانو رێنووسی کوردی :

ئەم گێروگرفتەی زمانو رێنووسی کوردی یەکێکە لەو لایەنانـەی زمان کە زمانەوانی کومەلایەتی بایەخیان دەداتێو لێیاندەکۆلیتەوە •

هەرچەندە زمانی کوردی لەمسالانەی دواییـدا توانیویـەتی ئـەو ئەرکانەی کە دەیانبینی فراوانتریان بکاتو زیـاتر دەوربیبینێت لـە ژیـانی کومەلایەتی کەرتیکی زۆری کورد ، بەلام بمانەوێت یان نەمانەوێت ، ئەبێت دان بەو راستیەدا بنێین کە زمانی کوردی تائیستە نەبووە بە زمانی سـەرەکی هەندی چینی میللەت (هەرچەندە لەوانەیە ئەم چینانە هوشیارانە نەزانن کە وایە) ، بە واتایەکیتر ، کوردی نەك هەر ئەو پلە کومەلایەتیەی نەدراوەتێ کە زۆربەمان بە زمانیتری دەدەین ، بەلکو تائیستاش لە هەندی شوێندا وە لەلایەن هەندی کەسەوە بە چاوێکی نزم سەیری دەکرێت یان زۆربەمـان ساردو کەمتەرخەمین بەرامبەری •

ئەم هەلوێستە نالەبارەی خەلکی بۆتە هۆی ئـەوەی کە نەتـوانراوە تائیستە رێز بۆ رێنووسەکەمان لەناو دلی خەلکی کورددا پەیدا بکرێت • بە بیرێزلیگرتنیش رێنووس ناچەسپێت ، بەتایبەتی کە کومەلیش هیزی ئەوەی

نەبێت بیسەپێنی • گرنگی رێز لە چەسپاندنی رێنووسدا بەوەدا دەرئەکەوێت کە رێنووس هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە ریزی خۆی هەبووە وەك بە ناوی رێنووسەکاندا دەردەکەویت ❋ • نەبوونی رێز بۆتە هۆی گەشەنەکردنو بلاونەبوونەوەو نەچەسپاندنی رێنووسی کوردی لەگەڵ ئەوەشدا کە سەد ساڵ زیاترە سەدەها هەوڵو تەقەلا ئەدرێتو دەها لیکولینەوەو باوەری چاك دەربارەی رێنووسی کوردی دەخرێتە بەرچاو ❋❋ • ئەگەر خەلکی رێزی بۆ وشەو رێنووسی کوردی هەبوایە، ئەگەر هەڵەیەکی رێنووسی بە گوناهێك دابنایە ، ئەوسا لە هەندی کەموکورتی چاوی ئەپۆشیو هەوڵیدەدا پەیرەوی یەکێك لەو ریبازە رینووسیانە بکا کە لە بەردەستانو دوای بیروراو زەوقی خوی نەدەکەوت یان هیچ نەبیت بارێکی دەبوو و لە هەمان نوسیندا هەمان وشەی بەجۆرێك ئەنەخشاند • ئەگەر لەیادمان بێت کە نووسین وەکو زمان پشت بە رەمزی چەسپاو یان سەپاو (ئەو رەمزانەی کۆمەڵ بریاریان لەسەر دەدات) دەبەستێت، ئەوسا دەزانین کە مەسەلەی رێزلێگرتن چەند گرنگە بۆ چەسپاندنی رێنووس • تا ئەو ریزلێگرتنە لە خۆماندا لەخۆیەوە نەیەتەکایەوە ، رێنووسی کوردی هەر لە قۆناغی گۆرانو پوختەکردندا دەمێنێتەوە •

پەیداکردنی ئەو ریزە بۆ کوردی بەگشتیو بۆرێنووس بەتایبەتی لەئەرکە گرنگەکانی سەرشانی رێکخراوە کومەلەییەکانە هەر لە قوتابخانە سەرەتاییەکانەوە تا زانستگاو دەزگا روشنبیرییەکانو کوری زانیاری •

---

❋ زۆر میللەت وایانزانیوە کە رینووسەکەیان خواکردە وەك بە ناوەکانیانا دەردەکەوێت ــ دیڤانگاری (رینووسی سانسکریتی) بە واتای « شاری خوا » دێت ، هیروگلیفی ( نوسینی میسریە کۆنەکان ) بە واتای «نووسینی پیرۆز» دێت ؛ دیسان ئاشورییەکانیش باوەریان وابوو کە خواکەیان «نێبوو» خەتی بزماری بۆ ناردون .

❋❋ زمانەوانی کوردی بە کێشەی رێنووس دەستپێدەکاتو تا نزیکەی نیوسەدە لەم باسە بەولاوە لە هیچیتر نەکۆلیوەتەوە .

هەموو ئەم دەزگایانە پێویستە لەسەر جۆرێك رینووس رێك بکەونو هەوڵی چەسپاندنی بدەن ، تەنانەت ئەگەر زۆریش بەکاربهێنن ــ ئەگینا فێرکارو خوێندەواران هەر لەم ئاژاوەیەی ئیستای رینووسی کوردیدا دەژین •

## ٧ ــ کورتەی لێکولینەوە :

دوای شیکردنەوەو یەکالاکردنی یاسای دەنگیی کوردیو خستنــە رووی هەندێك زانیاری نوێ دەربارەی دەنگەکانو پلەی گرنگییان ، دوای بەراوردکردنی ئەم دەنگانە لەگەڵ دەستووری نوسینی ئیستای کوردیدا نووسەر گەیشتە ئەو راستیە کە رێنووسی کوردی وەك رێنووسی زۆربەی زمانەکانی گیتی لەسەر رێبازێکی تێکەڵ (فونیمیو نافۆنیمی) دەروات ، نــە وەك رینووسی فنلندیو تورکی (نوێ) تەواو جووتە لەگەڵ فونیمەکانا ، نە وەك رێنووسی ئینگلیزیو فەرەنسی تەواو جیابۆتەوە • دیارە ئەم رێبازە تێکەڵە بۆتە هوی هەندێك گیروگرفت کە بەشێکیان (بەتایبەتی ئەوانەی کە هەلکەوتی تیپی عەرەبی دەیانهێنی) چاریشیان نیە ، بەلام بە رای نووسەر ئەو ئاژاوەیەی فیرکارو خوێندکاری کورد لەناویدا دەژی ناگەرێتەوە تەنیــا بۆ ئەو گیروگرفتانە کە بەئاسانی چاویان لێ دەپۆشرێت (میللەتانیتر چاویان لە کەموکورتی زۆر لەمە گەورەتر پۆشیوە) بەلکو بۆ دو هوی سەرەکی : (١) زۆریو جۆربەجۆری ئەو رینووسـانەی کە لەئـارادانو پـەیرەوی نەکردنی رێبازێك یان رێنووسێکی دیاری کراو (٢) ئەو هەڵویستە نالەبارەی کە خەلکی بەرامبەر زمانو رێنووسی کوردی هەیانەو بۆتــە هۆی ســاردیو کەمتەرخەمیو گوێ نەدان بە رێنووسو هەڵەی رێنووسی •

### سەرچـاوەکان

١ ــ بە زمـانی کوردی :


١ ــ ئەحمەد عەزیز ئاغا ، ئەلفبای ئەحمەدی عەزیز ئاغا ، رۆژنامەی ژیان ، ٥٤٠ ، ساڵی ١٩٣٧ •

٢ ـ ئەحمەد عەزیز ئاغا ، چۆن بنووسین ؟ ، ڕۆژنامەی ژیان ، ٩ ، سالّی ١٩٣٧ .
٣ ـ م. م. ، نووسینی زمانی کوردی ، هیوا ، ژمارە ٨ ، ١٩٥٨ .
٤ ـ ب ، فەرمانی ئێستە ، هیوا ، ٩ ، ١٩٥٨ .
٥ ـ جەمیل ڕۆژبەیانی ، چۆن زمانەکەمان بنوسین ؟ ، هیوا ، ١٠ ، ١٩٥٨ .
٦ ـ بلە ، خۆپاراستن لە لایەنگری ناراستی ، شەفەق ، ژمارە ٥ ـ ٦ ، بەرگی یەکەم ، مایس و حوزەیران ١٩٥٨ .
٧ ـ تۆفیق وەهبی ، دەستوری زمانی کوردی ، جیزمی یەکەم ، ١٩٢٩ .
٨ ـ ع. ع. شەوتم ، دەستووری نووسینی کوردی ، برایەتی ، ژمارە ٢ ، ١٩٧٠ .
٩ ـ حامید فەرەج ؛ ڕێنووسی کوردی لە سەدەیەکدا ، چاپخانەی کۆڕ ، ١٩٧٦ .
١٠ـ تۆفیق وەهبی ، سپاس ، پێشکەوتن ، ٣ ، ١٩٥٨ .
١١ـ ڕێنووسی کوردی ، چاپخانەی کۆڕ ، ١٩٧٦ .

★ ★ ★

# چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ڕێنوس و ئەلفوبێی کوردی

**مەسعود محەمەد**

دەشیا بۆ ئەوەی بلێم بە نەخشەی ناو بانگەوازەکەی دەستەی کوردی کۆڕی زانیاری عیراق لە خۆمەوە نەخشەیەکی لێکۆڵینەوە لە گیروگرفتی ڕێنوسی کوردی بگرمە بەر و لەسەری بڕۆم ، بەڵام وا دەزانم نەخشەی ئەو بانگەوازە ، کەم و زۆر ، وێنەیەکی خۆی لە هەست و نەستی خوێنەری کورددا ڕەنگڕێژ کردوە و لە خۆی ڕاهێناون • لەبەر ئەمە وام بەچاك زانی منیش لەو کەلەبەرانەی کە بانگەوازەکە بەرەو کێشەی ڕێنوس تیشکی پرسیارەکانی بەڕێ کردوە سەرەتاتکەی وەرام دانەوە بکەم هەرچەند ، وەك وردەوردە دەردەکەوێ ، بەشی هەرەزۆری پرسیارەکان کەموکەسری و ناوناوە ، هەڵەشیان تێدایە • بە هەمەحاڵ پیرۆزبایی لە دەستەی کوردی کۆڕی زانیاری عیراق دەکەم لە پێکهێنانی کۆبونەوەی ڕۆشنبیرانی کورد بۆ گەییشتن بەو ئامانجە گرنگ و گەشەی یەکخستنی ڕێنوسمان کەوا تا ئێستا ، بەداخەوە ، دەسگیری خوێندن و نوسینی کوردی نەبوە • ئەوەی ڕاستی بێ کاتی خۆی کۆڕی زانیاری کوردیش لە پەراوێزێکی تەسکتردا ئەم ڕێبازەی پرس کردن بە لێزانانی گرتە بەر کە هات و پێش هەمو شتێك

لیژنەی تایبەتی ڕێك خست بۆ دانـانی ئەلفوبێ و ڕێنـوس یە ئەندامـەتی چەندین لێزانی ئەو کارە لە دەرەوەی جێزی کۆڕ کە ئەوسا دەرفەتی لـەوە فرەوانتری نەبو بۆ ئەنجام دانی کارەکە بە پێی حاڵ و بارێك کە لە یـەکەم ڕۆژی پەیدا بونیەوە خۆی تێدا دینەوە • بەش بە حاڵی خۆم کە هەمیشـە چاوەچاوی هەلی یەکخستنی ئەلفوبێ و ڕێنوسی کوردی بوتم تەنها داخوازیم لە سەرۆکی نوێی کۆڕی زانیاری عیراق دۆستی بەڕێز و دێرین دکتۆر (صالح احمد العلي) ئەوە بو کە تێکۆشێت بۆ یەکخستنی ئەلفـوبێ و ڕێنـوسی کوردی چونکە ڕێنوس دەفری نوسین و خوێندن و ڕۆشنبیرییە و هـەر تەقەلایێکی هەلوەشێنەوە کەلێن دەدا بۆ فرەوان بونی مەودای لەگەڵ یەکدیدا نەگونجانی نوسەران • میللەتێك هێندەی کـورد پێـویستی بە یەکیـەتی هەبێت ناشێ خوێندەوارەکانی لە هەوەڵ هەنگاوی خامەگێڕییانەوە ، کـە ڕێنوسە ، لەیەکدی بترازێن • ئێمە کە لەسەر چۆنیەتی نوسینی (کەرەباب)ی بەری سۆران و (ئەفەنگی) بەری بابان پێك نەیەین چۆن لە ئاست شـتە ژیوەریە گرنگەکان تێك دەگەین •

لەم نوسینەمدا وا دەبێ زاراوەی زمانی بێگانە لە بری هی کوردی بەکار دەهێنم بە نیازی تێگەیاندنی ئەوانەی ڕاهاتوی نوسینی تازە بابەتی کوردی نین ، ناوناوەش جێ گۆڕکێ بە ڕێزی هێندێ خاڵەکانی ناو نەخشەی بانگەوازەکە دەکەم ئەویش بە پێی داخوازێ لەیەك چونی باسەکان • چەنـد خاڵێکی جودا لە هی بانگەوازەکەش باس دەکەم بە نیازی چارەسەر کردنی گرفتەکانیان ، وەك دەریش دەکەوێ گەلێـك لە تێـکڕای ئـەو خاڵانـە پێویستییان بە لێکۆڵینەوەی ڕێزمانی و فۆنەتیکی و فیلۆلۆژی و بەراوردێ هەیە بۆ ئەوەی بگەین بە قەناعەت لەو پێشنیارانەی بۆیان بەدێ دەکرێ • بەڕاستی ترسی درێژەکێشانی وەڕسکەر لەگەلێك شوێنـدا وازی پێ لـە شرتە کێشانی نوسینەکەم هێناوە •

بۆ خاتری ئەوەی خوێنەر لــە دەرەوەی ئەم کۆڕە بزانێ نوسینەکەم بەدیار چ جۆرە بابەتێکەوە خەریکی لێکۆڵینــەوە بوە لێــرەدا نەخشــەی خاڵەکانی ناو بانــگەوازەکە دەنوسســەوە دواتریــش پێ‌بــەپێ وەرامــی پرسیارەکانیان دەدەمەوە • ئەمەیــە نەخشــەی ئــەو خاڵانــە وەك کــە لەبانگەوازەکەدا نوسراوە :

١ ــ گیروگرفتی نووسینی دەنگەکان :
أ ــ ئەوانەی نیشانەدارن (بزوێن و نەبزوێن ) •
ب ــ ئەوانەی پیتیان بۆ دانەندراوە •
ج ــ پلەی دەنگە بزوێنەکان •
د ــ دیفتۆنگەکان ( وێ ، نگ ) •

٢ ــ گیروگرفتی وشەی سادە و داڕێژراو :
أ ــ ناوی عەرەبی •
ب ــ پێشگر ــ پاشگری (پێ‌ناسین و کۆ) •

٣ ــ وشەی ناسادە :
أ ــ دیاردەی داتاشین و قووتدانی هەندێ دەنگ •
ب ــ گیروگرفتی نووسینی ژمارەکان لە (١١)وە تا (١٩) •

٤ ــ گیروگرفتی نووسینی کردار لەگەڵ ڕاناو لە ڕووی پێکەوە نووسان و پێکەوە نەنووسانەوە •
٥ ــ گیروگرفتی نووسینی ئامرازە لێکدەرەکان (حروف العطف) •
٦ ــ گیروگرفتی چۆنیەتیی نووسینی وشە لێکدراوەکان لە بارەی پێکەوە نووساندن و نەنووساندنەوە •
٧ ــ گیروگرفتی دانانی نیشانەکان •

# - ١ -

## گیروگرفتی نوسینی دەنگەکان

دیارە مەبەست لە شکلی ئەو پیتانەیە کە بۆ دەنـگەکان قـەراردادە بکرێ ، دەنا دەنگ وەکو دەنگ نوسین هەڵناگرێ • بەپێی نەخشەکەش وا پێدەچێ ئەو پیتانەی بەر یەکێك لەو چوار خاڵانەی کە گیروگرفتی دەنـگی بەسەردا دابەش کراوە نەکەوێ گیروگرفتی تێدا نەبێ وەك پیتی ( ا ، س ، ش ، ف ، ن •••) • جا کە ئەمە وەهابێ دیارە پیتی (هەمزە) و (هـ) کە کەوتنە حاڵەتی بەتەنها نوسرانەوە دەبێ (ئ ، ه) بنوسرێت وەك (نەئ ، مەه ، ئەڵڵاه••) لەمەشدا من هیچ گرفت نابینم کاتی خۆشی بڕیاری کۆڕ هەر وەها بوو •

**١ - گیروگرفتی ئەوانەی نیشانەدارن :**

لام وایە نوسەران لەسەر ئەوە ڕێك کەوتون کە :

(ڵ) پیتی لامی قەڵەو بێت وەك (دڵ ، حەڵاڵ) •

(ێ) پیتی یێی کراوە بێت وەك (لێژ ، ڕاوێژ) •

(ۆ) پیتی واوی کراوە بێت وەك (زۆر ، باڵۆرە) •

دەمێنێتەوە واوی تیژی درێژ و یێی تیژی درێژ و ڕێی قەڵەو و ئەو دالە کلۆرەی کە لە سلێمانی لە دالی عادەتی دەشۆرێ واشدەبێ بەجـارێ دەسوێ • لە پەنا ئەم دالەدا دەنگی (ت)ش وا دەبێ لە ئاخاوتنی سلێمانیدا کلۆر دەکرێ وەیا دەنگەکەی دەگۆڕێ •

لە بارەی ڕێی قەڵەوەوە :

تا ئێستا بۆ ئەم دەنگە سێ جۆر پیت هەبوە ، یەکیان ئەوە بوو کە بـە دوو (ر) دەنوسرا ، دوەمیان ئەوەیە کە نیشانەی (٧)ی دەخرێتـە ژێـرەوە ،

سیەمیشیان ئەوە بۆ کە کۆڕی زانیاری کورد پێشنیاری کردبو لە سەرەوەی ڕێیەکە نیشانەی (٧) دابندرێ •

لە لایەن نوسینی دو (ر) لە بری ڕێی قەڵەو : من بەش بەحاڵی خۆم لە هیچ حاڵوباردا ڕەوا نابینم بۆ تاکە دەنگ دو پیت قەرارداده بکرێ چونکە تاکە یەك هۆ و بەڵگە پشتگیری لێ ناکات • دەنگەکان ، جگە لە دیفتۆنگ ، قەڵەو بن و لاواز بن تاکە دەنگن لەوەشدا کاف و میم و هێ لە ڕێ و لام جودا ناکرێنەوە • ئێمە دەزانین وشە هەیە لە شێوە ئاخاوتنی کوردستانی خوارودا وەك (سەد ، صەگ) بە سینی قەڵەوی وەك صادی عەرەبی دەست پێدەکەن • لە شێوە ئاخاوتنی بادینیشدا ئەم سینە قەڵەوە زۆر باوە کەچی کەس نەهات بڵێ با ئەویش بە دو (س) بنوسرێ • لامی قەڵەویش هێندەی دو لامی لەڕە کەچی بە دو پیت نانوسرێ ئیتر بۆ دەبێ لە نێوان کۆنسنانتە کاندا تەنها دەنگی ڕێی قەڵەو دو پیتی بۆ دابندرێ • ڕاستییەکەی تەنها لە حاڵەتی گوشینی دەنگدا کە بەتەواوی دەبێتە دو دەنگی تێکچڕمساو ڕەوایە ، بەڵکو پێویستە دو دەنگ بنوسرێ وەك (کەللە ، گوللە ، شەتەنەومەننە) • ئێمە ئەگەر ڕێی قەڵەومان بە دو پیت نوسی و ویستمان وشەی (کرّه)ی عەرەبی بهێنینە سەر ڕێنوسی کوردی دەبێ بیکەینە (کەررره) • ئەگەر ئەمەش نەکەین لەبەر ناقۆلایی نوسینی چوار پیت بەدوا یەکدا دەبێ بیرای بیرای هیچ دەنگێکی گوشراوی بێگانە بەگوشراوی نەهێنینە سەر ڕێنوسی کوردی دەنا بێلزوم دەبێتە مامڵەت جودایی • بەلای منەوە نوسینی دو (ر) لەبری ڕێی قەڵەو ناڕەوایە •

دەمێنێتەوە نوسینی دەنگی ڕێی قەڵەو بە پیتی نیشانەدار و جێگەی دانانی نیشانەکە •

کاتی خۆی کۆڕی زانیاری کورد لە چەند ڕویکەوە پەسەندی سەروی پیتەکەی کرد بۆ دانانی ئەو نیشانەیە :

یـەکەم :

بڕیار درا سەرلەبەری نیشانەکان بکەونە لایەك نەك هەندێك لە ژێرەوە و هەندێك لە سەرەوە بن • چونکە نیشانەی پیتەکانی (هەمزە ، لامی قەڵەو ، واو ، یێ) لە کۆنەوە لەسەرەوە بوون وا بەباش زاندرا نیشانەی پیـتی ڕێی قەڵەو و پیتی‌دیکەش کە هەبێ هەر لەسەرەوە بێ •

دووەم :

پیتی‌دیکە زۆرن لەوانەی خاڵیان لەســەرەوە یا لەژێرەوە هەیــە و شێوەیان لە یەکدی دەکات بە ئاسانیش خوێندراونەوە وەك (ز ، ژ) (ت ، ن) (ی ، ب ، پ) (ج ، چ) (ف ، ڤ ، ق) • کەواتە ناشێ ترسی سەر لێ‌شێوان لــە تۆژەنی یەخەی لێکدانەوەی چارەسەر کردنی گرفتی ڕێنوس بگرێ و بڕیارمان لێ هەڵوەشێنێتەوە •

سێیەم :

بە وردبونەوەی ژێرانە دەردەکەوێ وەها چاکە هەتا بلــوێ مــەودای ژێرەوەی هەموو دێڕێك بۆ دێڕی خوارووتر بەجێ بهێڵرێ • وەك ئاشکرایشە هەموو کەوانەی پیتی (ر) لە خەتی دێڕەکەی دادەکشێ ئنجا کە نیشانـــەکەش خرایە ژێریەوە لەوانەیە لە کاتی نوسیندا نیشانەکەی تێکەڵ بە دێڕی خوارەوە بێت • ئەم تێ‌بینییە بەوەدا پتر هێز وەردەگرێ کە دەبینین هیچ کامێك لەو پیتانەی نوختەکانیان لە ژێریانەوەیە لە خەتەکەیان داناکشێن تەنها پیتی (ی) نەبێ کە بکەوێتە کۆتایی وشە وەیا بەتەنێ بنوسرێ ئەوســاش لە نوســیندا نوختەی بۆ دانانێن • ئەگەر ڕێ هەبا ئەلفوبێیەکی سەرلەبەر نوێ دابندرێ وا باش بوو هیچ پیتێکی ، نە خۆی نە خاڵەکانی لە خەتی خــۆی بەرەژێــر نەچێت تاکو لە نوسینی دێڕی دواتردا هەموو مەودای سەرووی خۆی بــەر خۆی بکەوێ ، بەڵام ئەمە کاری کردەنی نییە •

لەگەڵ ئەم تێبینییانەشدا چ فەرقێك نابینم لە نێوان سەرخستن و ژێرخستنی نیشانەی (ر)ی قەڵەو : لەهەر دوبڕیاردا ڕازیم • بەڵام کە بڕیار بۆ نیشانەکە درا پێویستە هەمیشە لەگەڵیدا بنوسرێ نەك کە هات و کەوتە بەرایی وشەوە نیشانەکەی پشت گوێ بخرێ بەنامەی ئەوەی کە ڕێی پێشەوەی وشە هەمیشە قەڵەوە چونکە ئەم مەعلوماتفرۆشییە ڕێ دەدات بەوەی نوسەر بە هەوەس هەمو لامەکانی بەرایی وشە بە لامی قەڵەو بنوسیت کە دەزانین لامی پێشەوەی وشە هەمیشە لاوازە • بەهەمە حاڵ لە چاپەمەنیدا ئەرکی ڕێی بە نیشانە و بێ نیشانە وەك یەکدییە چونکە قاڵبی حازربەدەست بۆ هەردوکیان هەیە و لە ژێر پەنجەی ڕێكخەرەکەشیان وەکو یەکن •

لە بارەی واوی تیژی درێژەوە :

وەك دیارە دو ڕێگەمان لە پێشە بۆ بڕیاردان لەو کێشەیەدا ، یەکیان ئەوەیە بە دو واو بنوسرێ ، دوەمیشیان ئەوەیە نیشانەی بۆ دابندرێت •

ئەوانەی بە دو واوی دەنوسن دەڵێن چونکە واوی درێژ دو هێندەی کورتە بزوێنی بۆرە [ (ضمة)ی عەرەبی] بۆریش بە یەك واو دەنوسین جێی خۆیەتی ئەویان بە دو واو بنوسرێ •

ئەم لێکدانەوەیە ڕاستێ گەورەتر و گرنگتری لەبیر چوە :

یەکەم :

دەبو لە ڕێی قیاسەوە ئەلفیش بە دو نیشانەی سەر [فەتحەی عەرەبی] بنوسرێ چونکە دەڵێن دەنگی ئەلف دو هێندەی دەنگی فەتحە درێژە •

دوەم :

واوی درێژ چ کراوە بێت (ۆ)و چ تیژ بێت یەك دەنگە نەك دو دەنگ بەو پێیە یا دەبێ واوی کراوەش بە دو پیت بنوسرێ یا واوی تیژ

نیشانەی بۆ دابندرێ • ڕاستییەکەی تێکڕای دەنگە تەواوەکان بە کۆنستانت و بزوێنیەوە مافی ئەوەی دەبێ بە دوو پیت بنوسرێ •

سێیەم :

کە کورتە بزوێن نیو هێندەی واوی تیژ بێ پێویستە خۆی بە نیو پیت بنوسرێ• مەتیق داوا دەکات تیو دەنگ نیو پیتی پێ بدرێ نەك یەك دەنگ دوو پیتی پێ بدرێ • وەك دەزانین لە عەرەبیدا ئەم مامڵەتە لەگەڵ کورتە بزوێنەکاندا کراوە کە هاتوە نیشانەی بۆ داناون نەك پیت • من ناڵێم کورتە بزوێن ببێتە نیشانە ، بەڵام مەبەستم هەڵسەنگاندنی ئەو ڕایەیە کە لە ڕێی قیاسەوە بۆ واوی درێژ دوو پیت دادەنێ چونکە ئەو ڕایە دوای دانانی دوو پیت بۆ یەك دەنگ لە بیری دەچێ کە هەر بە پێی لێکدانەوەی خۆی کورتە بزوێن نیو دەنگە و دەبوو نیو پیتی پێ ڕەوا ببینێت • ئەم کورتێ و درێژییەی دەنگی واو ، بەدوا ئەویشدا یێ ، ناچارم دەکات پتر درێژە بە موناقەشەکەم بدەم و بڵێم ئەو کەسەی دەیەوێ خەریکی ئەلفوبێ و ڕێنوس بێ لە سەریەتی شارەزای دەستورە بنجییەکانی دەنگسازێ و وشەسازێ و ڕێزمان بە تێکڕایی و هی زمانی خۆی بە تایبەتی بێ چونکە پیتەکان یەکسەر پێوەندییان بە دەنگەکان و خاسیەتی هەریەکەیانەوە هەیە تێك بەستن و لێك ترازاندنی وشە و دەستەواژەش پێوەندێ بە وشەسازێ و ڕێزمانەوە هەیە • ئێمە کە دەڵێین واوی درێژ دوو هێندەی کورتە بزوێنی بۆرە دەبێ بزانین کورتە بزوێنەکان هیچیان لە شێوەی کورتە بزوێندا درێژ کردنەوە هەڵناگرن ، کە درێژ بونەوە دەگۆڕێن بە بزوێنی درێژ • هەرچی بزوێنی تەواوە دەشێ بەقەدەر توانای ئاخێوەر درێژ بێتەوە • بەشی هەرەزۆری کۆنسناتەکانیش درێژ کردنەوە هەڵدەگرن • دەنگەکانی ( خ ، ڕ ، ر ، ز ، ژ ، س ، ش ، غ ، ف ، ڤ ، ل ، ڵ ، م ، ن ــ دەنگی ح ، ھ جێی دممەتەقەن ــ ) دەشێ بە ئارەزۆی ئاخێوەر درێژ بێتەوە • دەنگەکانی ( ب ،

پ ، ت ، ج ، د ، ع ، ۆ ، ك ، گ) هیچیان ناشێ درێژ بکرێنــەوە • بــەو پێیە (١٤) دەنگی کۆنسنانت لە قابیلیەتی درێژ کردنەوەدا بارتەقای بزوێنــە تەواوەکانن (١٠) دەنگی کۆنسنانتیش وەك کورتە بزوێــن درێژ کردنــەوە هەڵناگرن • ئنجا ئەوەی وا دەزانێ هەست کردن بە کورت بونی هەنــدێ بزوێن یەکسەر دروست بونی نوسینی دوو واو ئیسپات دەکات هاتوە نیگای خۆی لە تاکە دەنگی واوی کورت و درێژ قایم کردوە و بەلای ئەو ڕاستییــە زێدە گەورە و گشتییەی دەنگەکاندا نەچوە کە قابیلیەتی درێژ بونەوە هەر هی ئەلف و واو و یێ نییە ، بێ قابیلیەتی درێژبونەوەش هەر هی کورتە بزوێن نییە• لەمەوە دەمەوێ بڵێم درێژی و کورتی دەنگ دەخلی بەسەر(چەندایەتی) دەنگەوە نییە هەر وەك قەڵەوێ و لاوازیش ئەو دەخلەی نییە • جا لەبــەر تیشکی ڕاستییەکانی دەنگسازیدا ڕێگە نابینم بۆ دانانی دوو پیت لە بری یەك دەنگ هەرچی دەبێ ئەو دەنگە با ببێ • لە لایەن دانانی دوو پیت بۆ دەنــگی گوشراویش دەڵێم هەرچەند لە کوردیدا دەنگی گوشراو دەگمەنە دیسانەوە دەبێ لە ڕێنوسدا دانی پێدا بهێندرێ هەر نەبێ لەبەر ئەوەی بتوانین وشەی بێگانە کە گوشینی تێدابێ بیهێنینە ســەر نــوسینی کــوردی بێ ئــەوەی تەلەفوزەکەی بگۆڕین • من کوردم دیتوە تووڕە بوە لە گۆڕانی ناوی کوردی کە بە ڕێنوسێکی بێگانە نوسراوە بەڵام هەر خۆی پێی ناخۆش بوە گوێ بدرێتە ئەو گوشینەی کە لە زمانێکی بێگانەڕا بە هۆی نوســینی دوو پیــت هێنراوەتە سەر ڕێنوسی کوردی •

کەواتە ناشێ دوو واو لە بری تاکە دەنگی واوی تیژی درێژ بنوسرێ • دەمێنێتەوە ئەو نیشانەیە کە دەخرێتە سەری بۆ جودا کردنەوەی لە کورتە بزوێن : ئایا کەشیدە بێ وەك کە کۆڕ کاتی خۆی پێشنیاری کردبو یاخــود شتێکی دیکە بێ ؟ لێرەشدا چ لایەنگیریم نییە بۆ هەر نیشانەیەکی پەسەنــد

بکرێ ، تەنانەت ئەگەر بۆ کورتە بزوێنەکەش شتێکی جوداکەرەوە پەیدا بکرێ چ زەخنەم نییە بەڵام ئەوسا لزوم بەنیشانەی واوەکە نامێنێ •

لەبارەی بزوێنی (ی) تیژی درێژەوە :

بەشێك لەوانەی بە رێنوسەوە خەریکن دەڵێن پێویست نییە ئەم بزوێنە درێژە لە کورتە بزوێنی ژێر جودا بکرێتەوە ، گۆیا تەنها لە چەند وشەیەکدا هەست بە درێژ بونەوەی بزوێنەکە دەکرێ •

دەزانم وشە هەن ، کەمیش نین ، وەك (پلینگ ، بیست ، گولینگ ، خرینگە ، فریشتە ، تەنیشت •••) دەشێ بزوێنی (ی)یان تێدا کورتیش و درێژیش بکرێتەوە بەڵام دەبێ بزانین ئەمە دیاردەیەکی فۆنەتیکییە لەوەوە هاتوە کە دەنگێکی وەستاو کەوتۆتە دوای بزوێنی (ی)وە و بەدوا ئەو وەستاوەشدا دەنگیدیکە دێن و سەرلەبەری وشەکان جۆرێك درێژی پەیدا دەکەن مرۆڤ حەز دەکا بە هۆی کورت کردنەوەی بزوێنەکەی (ی) لەو نارەحەتییە دەرچێ • تۆ بێنە دەنگە وەستاوەکانی دوای (ی) بزێوە و بڵێ ( پلینە ، بیسو ، فریشا ، تەنیشی••• ) دەبینی بەدەست خۆت نییە مەیلت بۆ درێژ کردنەوەی ئەو یێیە دەچێ کە پێشتر حەزت دەکرد کورتی بکەیتەوە • وشەی وەك (جۆخین ، گزیر ، گوزین ، سیخوڕ ، بینین ، تەنین ، شیرازە ، شیر ، شوتی ، دەرزی ، نازوفیز •••) هەرچی یێیەکی تێیاندا هەیە بە ناچاری درێژ دەکرێنەوە مەگەر پیاو زۆر لە خۆی بکات و بەنیازی دەسەڵات تاقی کردنەوە لێیان کورت بکاتەوە • تۆ سەیری دەنگی واویش تا ڕادەیەك لەم خاسیەتەدا بەشدارە ، بە نمونە وشەی (کورت ، خورت ، نورتونوێ ، شوستوشۆ ، پوخت •••) لەوانەن حەز لە بزوێنی واوی تیژی درێژ ناکەن •

کورتەی قسە ئەوەیە کە وا هەبونی هەردو دەنگی کورت و درێژی

بزوێنی (ی) لە کوردیدا شتێك نییە دەمەتەقە هەڵبگرێ ، دەمێنێتەوە بڵێین ئایا پێویست هەیە یا نییە بۆ جودا کردنەوەیان لە نوسیندا •

بێ گومان جودا کردنەوەیان لە خوێندنەوەدا لەلایەن کوردەوە پەکی لەسەر دانانی نیشانە نەکەوتوە ، تەنانەت دەتوانێ واوی کراوە و تیژ و کورتیش لە یەکدی جودا بکاتەوە بێ ئەوەی نیشانەیان بۆ دابندرێ لەوەشدا هەستی زگماك بەکار دەهێنێ بەڵام دوو خاڵی گرینگ لەو کێشەیەدا هەیە نابێ بن لێو بخرێ :

یەکەمیان ئەوەیە ئێمە بە تەماین ڕێنوس و ئەلفوبێی کوردی بە کێشانە و پێوانە و لێکدانەوەی زانستکارانە بچەسپێنین و لە بەر تیشکی مەنتیقدا بڕیاری بۆ بدەین •

دوەمیان ئەوەیە بێگانە لەخۆوە ناتوانێ فەرقی خوێندنەوەی یێی درێژ و کورت بکات ئەگەر لە نوسیندا ڕێنمایی نەکرێ •

ئنجا ئەگەر بڕیار درا کە بە پێی زانست و مەنتیق ڕێنمایی و فەرق کردنەکە پێویستە ، سەرلەنوێ ، دەبێ ملکەچ بین بۆ ئەو بڕیارە بەدیهیەی کە دەڵێ یەك پیت بۆ یەك دەنگ دابندرێ ، ئەوەی ڕاستیش بێ مەنع کردنی دوو (ی) لە بری یێی درێژ پێویستترە لە مەنع کردنی دوو واو چونکە تەنها لە وشەی وەك (کاوووس، تاوووس)دا سێ واو بەدوا یەکدیدا دێن کەچی وا دەبێ توشی وشەی وەك (لادێیی) دێین کە بە پێی نوسینی دوو یێ لە بری یێی تیژی درێژ چوار یێ بەدوا یەکدیدا دێن ، ئنجا ئەگەر (ی) ئیزافە وەیا وەسفیشمان خستە دوایانەوە دەبنە پێنج یێ وەك (لادێیی ی شارەزووور) • لەو تەرزە وشانە وشەی (سەرجێیی ، سەرپێیی ، هەرمێیی ، مێبینە ، گزوێیی ، شلوێیی)م بەبیردا دێن • خۆ و تالع ناوەکانی (شنەروێ ، پەسوێ ، کەلوێ ، بێزوێ •••) لە حاڵی نیسبەتدا

یێی کوتایی‌یان دەبێتە کورتە بزوێنی سەر (فەتحەی عەرەبی) دەنا ئەوانیش وەك (لادێ‌یی‌ی) چوار یێ‌یان بەدوا یەکدیدا قەتار دەکرد بەڵام دەگوترێ (پەسوەیی ، کەلوەیی ، بێژوەیی) نەشمبیستوە لەگەڵ (شنەروێ)دا چ دەکرێ • جا پێویستە بەلای منەوە ، بەلای واقیعیشەوە ، یێی تیژی درێژ لە نوسیندا لە کورتە بزوێنی یێ جودا بکرێتەوە • ئەوەی کارەکە لە بەر مجێزی نوسەری کورددا قورس دەکا شکلی (ی)یە بە خۆی و دو نوختەی ژێریەوە بەو هەمو لە یەك چونەی لەگەڵ (ب ،پ ،ت ، ن)ی ناوەڕاستی وشە • ئەگەر (ی)ش وەك (و) وێنەی لاتەریکی هەبوایە بە ئاسانی پیتی کورت و درێژی لێکتر جودا دەبونەوە • بەهەمە حاڵ (ی) پەل نیشانەی حەفتێکی بچوکی بۆ داندراوە ، جا ئەگەر هەشتێکی بچوك بخرێتە سەر یێی تیژەوە گۆیا چ ناقۆلاییەك رو دەدا • کاتی خۆی کە لە ئەنجومەنی کۆڕ لە رێنوسمان دەکۆلیەوە پێشنیاری من ئەوە بو کە نیشانەی سەر پیتەکان بریتی بێ لە حەفتی بچوك و هەشتی بچوك بەڵام وا پەسەند کرا کە لە جیاتی نیشانەی (٨)ی بچوك کەشیدە بچێتە سەر واو و یێی تیژی درێژ •

پێویستە لێرەدا شتێك بگوترێ لە بارەی هەڵەیەکی بنجی کە لە جوتە پیتی (و ، ی)دا کراوە : زۆر بە سەیری دانەرانی ڕێچکەی ئەلفوبێی نوێی کوردی هاتون شکلی (و)ی سادەیان بۆ واوی کۆنسنانت و کورتە بزوێنی بۆر داناوە ، شکلی (ی)شیان بۆ (ی) کۆنسنانت و کورتە بزوێنی ژێر داناوە کەچی دەبوایە ئەم دو شکلە بۆ واو و یێی کۆنسنانت و واو و یێی تیژی درێژ دابندرێت چونکە ئەوان دەنگی سەربەخۆ و تەواون نەك کورتە بزوێنەکانیان کە دەزانین بەعادەت لە کورت کردنەوە و لێبڕینەوەی دەنگی بزوێنی درێژی واو و یێ پەیدا دەبن • ئەگەر کاتی خۆی چارەی کورتە بزوێنی بۆر و ژێر کرابایە وەك کە بە ڕێکەوت چاری فەتحە کرا دەمایەوە جودا کردنەوەی واو و یێی کراوە لە هی تیژ کە بە هۆی نیشانەی (٧)ی

بچوك جودا كراوەتەوە • هەرچی واو و یێی كۆنسنانتن هەڵـەیان تێـدا ناكرێ : واو و یێی كۆنسنانت لە سێ شوێندا دێن : ١ـ لە سەرەتای وشەدا ٢ـ لە دوای بزوێنەوە ٣ـ لە پێش بزوێنەوە • لەم سێ شوێنەدا ئیمـكان نییە بزوێنی واو و یێ بێت • لەم نموونانەی خوارەوەدا دەبێ واو و یێیەكان هەر كۆنسنانت بن :

وەرە ، گەورە ، سروە ، واز ، كەوەر •
یار ، دایك ، مایە ، سەیران ، گەمیە •

وشەی (سروە) بێنە و بزوێنەكەی كۆتایی لێ بستێنە بە ناچاری واوە كۆنسناتەكە دەبێتە بزوێن چونكە كۆنسناتەكەی پێش خۆیەوە وەستاوە • وشەی (گەمیە)ش بزوێنی كۆتایی لێ بستێنە یێ‌بە كۆنسناتەكەی دەبێتـە بزوێن چونكە بەدوا كۆنسنانتی وەستاودا دێت •

لەمەوە دەردەكەوێ واو و یێی كۆنسنـانتی وەسـتاو بەدوا دەنـگی وەستاودا دەبنە بزوێن •

ئەم ڕێچە پڕ هەڵەیەی لەیەك چواندنی شكڵی كورتە بـزوێنی (و ، ی) لەگەڵ شكڵی (و ، ی) بزوێنی درێژ وەهـا نەقش‌بەستو بوە تـازە بە كەس هەڵناوەشێتەوە• لەبەر ئەمە هەر دەمێنێتەوە نیشانە بۆ دوو دەنگی واو و یێی تیژی درێژ دابندرێت ، پێشنیاری منیش لەوەدا دانانی نیشانی (٨)ی بچوكە كە بریتییە لە هەڵگێڕانەوەی حەفتە بچوكەكەی سەر واو و یێی كراوە •

لەبارەی دالی كلۆرەوە :

ئاشكرایە دەربڕینی دەنگی دال بە شێوەی كلۆر كراو لە هەندێ باردا تایبەتیەكی ئاخاوتنی سلێمانییە ، وەك دەشزانین ئەو دالانە هەر دالی عادەتین و كلۆر دەكرێن نەك دالی وشەی ناسراوی وەك صادەكەی وشەی (صـەد) •

وا دەزانم کێشەی ئەم داله بەدواکەوتنی ناوێ چونــکە لە هیــچ کوێــرە ڕێگایەکەوە ڕەوا نییە جۆری دەربڕینی تایبەتی دەنگ لەلایــەن بەشێــکی خەڵقەوە بە سەر هەمو زماندا بسەپێ ، ئنجا ڕەنگە زوربەی هــەرە زۆری میللەت نەتوانێ دەنگەکە بەو شێوە تایبەتییە دەربڕێ • لەوەش بەولاوە ، دالی کلۆر بەپێی هەڵکەوت و جێگەی لە وشەدا شێوەگۆڕی دەکات وەك کە لە دوای تۆنی وەستاودا بەرەو گاف دەڕوات وەیا لەدوای (ر)دا گۆڕانی بەسەردا نایەت وەك (کورد ، بەرد ، مرد ، کردم••) • ئێمە کە بزانــین لــە وشەی (بەغدا ، ئەحمەد)دا دالێکی عادەتی زەق و تەق هەیە و زوربەی هەرە زۆری کورد دەیلێنەوە ، چۆن دەشێ لە نوسیندا پیتی دالەکە بشێوێنین وەیا بقرتێنین هەر هەتا هەڵەی تێدا بکەین ، ئنجا نەشتوانین وەك پێویستە دالەکە کلۆر بکەین • پێویستە ئەو دالانە بەعادەتی بنوسرێن ، خۆیندنەوەشیــان بدرێتە زەوقی خوێنەر وەك کە دەنوسین (ماڵ ، کڵاو) خۆشناو و دزەیــی و ڕەواندزی و کۆییش دەخوێننەوە (مار ، کراو) •

هەر لەگەڵ دەنگی کلۆری دالدا دەنــگی (ت) کلۆریــش لێــدوان هەڵدەگرێ هەرچەند چ کەسێکیش لە نوسیندا نیشانــەی بۆ دانەنــاوە ، پێشنیاریشی نەکردوە • باس کردنی تێی کلۆر جگە لەوەی باسی دیاردەیەکی بەرهەستە سودی بێ بایەخ کردنی دالی کلۆریشی هەیە چونکە هەردوکیــان ئاوی یەك سەرچاوەی فۆنەتیکین •

ئەوانەی دال لە شوێنی تایبەتیدا کلۆر دەکەن ، لە شوێنی تایبەتیــدا (ت)ش کلۆر دەکەن وەیا تێی دەبەن وەیا دەیگۆڕن وەك کە وشەی (مەتبەخ ــ مطبخ ــ ) دەکەنە (موبەق) • ڕەنگە چی لەبارەی دەنگی دالەوە بگوترێ لەبارەی ئەم دەنگەشەوە بگوترێ : هەردوکیان دیاردەی فۆنەتیکی ناوچەیین و شێوەی ڕاستی ئەو وشانەی دەنگەکانیان تێدا دەگۆڕێ ئاشکرا و زیندون، هەندێکیان وشەی بێگانەن و بەشی هەرەزۆریان کوردین و لە لایەن زوربەی

کوردەوە بە دروستی دەردەبڕدرێن • دیارە بەلای باوەڕی منەوە کلۆر کردن و گۆڕینی دەنگی (ت)ش هی بایەخ پێدان نییە لە ڕێنوسدا : وشەکان وەك بەلای کوردەوە ڕاستە وەها دەنوسرێن خەڵقیش بەپێی دەستوورانی دەنگسازی ناوچە ئازادن لە چۆنیەتی خوێندنەوەیان •

کە قسەم ئێستا زۆی لە لەهجەی ناوچەیی‌یە وا بەباش دەزانم باسی دیفتۆنگەکانی (وێ ، نگ) بۆ ئێرەکانە پێش بیەخم چونکە ئەوانیش شێوە دەربڕینی ناوچەیین نەك دیفتۆنگی ڕەسەنی کوردیێ •

جارێ با لەپێشەوە بزانین دیفتۆنگ چییە :

دیفتۆنگ ئەو دەنگەی ئاخاوتنە کە تامی دوو دەنگی سەربەخۆی ئاخاوتنی تێدا بێ ، بەلام هیچ کامێکیشیان نییە • لە کوردیدا باسی تریتۆنگ نایەتە ناوەوە چونکە لە کەسی کورد نەبیستراوە دەنگی وەها بەکار بهێنێ لە ئاخاوتندا تامی سێ دەنگی تێدا بێ •

مەرجی سەرەتایی و بنجی ئەو تەرزە دەنگانەش ئەوەیە کە دەبێ وەك دەنگەکانی‌دیکە لەخۆوە هەبن نەك بەڕێکەوت لە کەوتنە تەنیشت یەکتری دوو دەنگ پەیدا بین چونکە لەم حاڵەتەدا دەنگە تێکەڵەکە دەبێتە دیاردەی دەربڕینی ناوچەیی نەك دەنگی نژادی زمانەکە ، تەنانەت وا دەبێ ئاخێوەری ناوچەکە لە دەربڕینی وشەی ئەوتۆیی بێگانەشدا دیفتۆنگەکە پەیدا دەکات هەرچەند بە ئەسڵ لەو زمانە بێگانەدا دیفتۆنگیش نییە • بە نموونە ئاخێوەری سلێمانی ناوی وڵاتی (کوێت) دەهێنێتە سەر شێوەی دەربڕینی کوردی و کافەکە وەك کافی وڵاغی (کوێت) دەردەبڕێ ، دەشڵێ (مەرەکەبی کوینك)• ئەم نموونەیەم لە دەرەوەی دیاردەی دیفتۆنگەوە هێنا بۆ تەنها مەبەستی گۆڕینی دەنگ بە پێی هەڵکەوتی لە وشەدا • نموونەیەکی ڕوونکەرەوەی‌دیکەی هەڵکەوتی دەنگ لەوشەدا لە زمانی فرەنسییەوە دەهێنم • دوو وشەی

le ' de که دیفتۆنگیان تێدایە کاتێك کەوتنە بەرایی وشەیەك کە بـە دەنگی هەمزە دەست پێدەکا دیفتۆنگەکەیان تێدەچێ وەك کە لە جیـاتی le école دەڵـێن l'école و لە جیـاتی de Artagnan دەڵـێن d' Artagnan •

لە بارەی (وێ)وە وەك لە وشەکانی (خوێ ، نوێژ ، توێژ ، سـوێ ، دوێنێ )دا بە پێی دەربڕینی دانیشتوانی سلێمانی و هەندێ جێگەی دیـکەی کوردەواری دەبیسرێ : لێرە بەپێشەوە لە نوسینێ‌دیکەمدا بە درێژی لـەم کێشەیەم کۆڵیوەتەوە • لێرەدا ناچارم بەو بەڵگانەدا دێمەوە کە بە پێی ڕای خۆم گرفتەکە ڕوون دەکاتەوە ، کەم‌وزۆر بەڵگەی تازەش دەخەمە بەر گوێی گوێ‌دێرانەوە ، ڕەنگە بەڵگەش هەبێ گلم دابێتەوە بۆ هەلی بێن‌درێژتر و لێکوڵینەوەی قوڵتر و لەسەرەخۆتر ••

ئەوەی بەلام وەك بەدیهیە وایە ئەوەیە کە دیفتۆنگی (وێ) لە ڕاستیدا دیفتۆنگ نییە بەڵکو واوێ کۆنسنانت و بزوێنی (ێ) کراوەیە و بـەشی هەرە زۆری کورد بەو جۆرەی دەردەبڕن کـە لە کۆنـەوە گوتـراوە و نوسراویشە بەڵام بەشێك لە دانیشتوانی هەندێ ناوچەی کورد لە شێوەی دیفتۆنگ دەری دەبڕن ، واتە دیفتۆنگەکە هی زمانی کوردی بەرفرەوان و ڕەسەن نییە • لەم جۆرە دەربڕینە ناوچەییەدا دیفتۆنگی‌دیـکە هەیـە کە سەرنجی نوسەرانی ڕانەکێشاوە و نەبوە بە جێی پرس و لێکۆڵینـەوەش • یەکێك لەمانە دیفتۆنگی لامی قەڵەوی بڵە کە بریتییـە لە تێـکەڵ بونی دوو دەنگی (ر)ی لاواز و لامی قەڵەو • ئەم دیفتۆنگە لە لایێکەوە خۆی ڕەسەن دەنوێنێ چونـکە هەڵـکەوت پەیـدای ناکات ، لە چەنـد لایێـکیشەوە ناڕەسەنایەتی و نادروستی خۆی بەدەستەوە دەدات ، یەکیـان لەوەدا کـە ئەویش وەك لامی قەڵەو وشەی عەرەبیش دەگرێتەوە نەك هەر کوردی وەك

( حەلاڵ ، ماڵ ، کامڵ) • دوەمیان لەوەدا کە ئەگەر ئاخێوەر لە منداڵییەوە فێری نەبێ بەگەورەیی بۆی ڕام نابێ ، بە پێچەوانەی لامی قەڵەو کە هەمو کورد بگرە زۆرینەی ئادەمیزاد دەتوانن فێری بن • دیارە کە دەنگێك لەوانە نەبێ میللەتەکەی فێری بێت هی ئەو میللەتە بە تێکڕایی نییە • سێیەمیان لەوەدا کە ئەم دەنگە زێدە لە هەمو کۆنستانتێك گوشین هەڵناگرێ • سەرەڕای ئەم لایەنانە ئەویش وەك لامی قەڵەو ئایەتە بەرایی وشەوە • ئنجا کە ئەم هەمو گرفتانە بێنە بەر دەنگێك دیارە مافی ئامێنێ لەوەدا کە پیتی تایبەتی بۆ دابندرێ وەیا بەسەر هەمو میللەتدا بسەپێندرێ •

ئێستا با بزانین بە چدا مەعلوم دەکرێ کە دیفتۆنگی (وێ)ش ڕەسەن نییە بەڵکو واو و یێیە عادەتیەکەیە لێرە و لەوێ شێوەی دیفتۆنگی پەیدا کردوە :

یەکەم :

لە کۆنەوە وشەکان بە دوپیتی تەواوی واو و یێ نوسراون و بە پێی بەدوا یەکتردا هاتنیشیان لە نوسیندا گوتراون و خوێندراونەتەوە • وشەی (نوێژ ، درێژ) هەردوکیان وەك یەکدی نوسراون ، ئەوسا نیشانەش نەبو لەسەر (ی)کە دابندرێ و بە سەلیقە دەخوێندرایەوە (نوێژ ، درێژ) نەك ( نوێز ، درێژ ) • بێ گومان ئەگەر دڵنیا نەبانایە لەڕاستی وشەکە گرفتێکیان دەهاتە بەر و لێی دوو دڵ دەبون وەیاخود دەیاننوسی ( نیوژ ، دیوزێ) هەروەك هەندێ کەمزان هەن دەڵێن (سیۆر) لە بری (سوێر) •

دوەم :

لە شیعری شاعیرەکانی باباندا ئەم وشانە کە هاتبن وەك کە نوسراون خوێندراونەتەوە • بە نمونە نالی دەڵێ :

هەر جۆگە و جێگایە کەوا سوور و سوێر بێ
جێی جۆششی گریانی منە خوێ نەڕژاوە

وشەی (سوێر) ئەگەر دیفتۆنگ بێ کێشی شیعرەکە تێك دەچێ • هەر قالی لە بەیتێکیدیکەیدا دەڵێ :

بولبول کە گەرمی نەغمەیە ئاگر دەکاتەوە
غونچە حەزینە جەرگ و دڵی بۆ دەکا توێ

لێرەشدا ئەگەر وشەی (توێ) دیفتۆنگی تێدا بایە هەم کێشی بەیتەکە تێك دەچوو هەم قافیەشی دەگۆڕا چونکە وشەکە هاوقافیەی (هۆردوێ ، نادوێ )یە • جارێکیان لە کۆبوونەوەی لیژنەیەکی کۆڕی زانیاری کورد ئەم پرسیارە لێی کۆڵرایەوە یەکێك لە ئەندامانی ئەوسای لیژنەکە و ئێستاکەی دەستەی کوردی کە مەیلی بەلای دیفتۆنگدا دەچوو بە بیستنی ئەم جۆرە نموونانە سەلماندی کە وشەکان واو و یێیان تێدایە نەك دیفتۆنگ ، هەر ئەمەیشە گیانی زانستپەروەر کە سەرپێچی لە ئاست ڕاستیدا ناکات •

سێیەم :

بەشی هەرەزۆری کورد لەو وشانەدا واو و یێ دەردەبڕێ و دیفتۆنگەکە بە زمانیدا ناهێنێ و پێشی ناگرێ دەری بڕێ هەر ئەمەیش ڕێك دێت لەگەڵ نەبوونی دیفتۆنگ لەو وشانەدا وەك کە لە شیعریشدا دیفتۆنگیان تێدا نەبوو •

چوارەم :

ئەم دیفتۆنگە تەنها لە بەشێکی وشەی وەهادا خۆی بەسەر شێوە ئاخاوتنی هەندێ ناوچەدا دابڕیوە ، هەرچی فیعلە واو و یێیەکەی وەك خۆی دەمێنێتەوە • دەڵێین (دەدوێ ، دەڕوێ ، دەئاخێوێ ، دەسوێ••)• ڕەنگە هۆیەکی پەیدا نەبوونی دیفتۆنگ لەو فیعلانەدا ئەوە بێ (ێ)کەیان لە ئەلفەوە هاتوە چونکە چاوگ و ڕابردوویان (دوان ــ دوا ، ڕوان ــ ڕوا ، ئاخاوتن ــ ئاخاوتی ، سوان ــ سوا)یە • وەیاخود زیادییەکی گەردانە لە لە فیعلی تێپەڕدا بەدواکەسی سێیەمی تاکدا دێت وەك (دەئەفگێوێ ، دەبزێوێ ، دەئاخێوێ) • ئەم فیعلانە کە درانە کەسی یەکەمی تاك و دوومی

کۆ و سێیەمی کۆ (ێ)کەی کۆتایی‌یان هەر پەیدا نییە هەتا خەیاڵ بۆ دیفتۆنگ بڕوات ، دەڵێ (من دەئەنگێوم ، ئێوە دەبزێون ، ئەوان دەئاخێون) • لە کەسی یەکەمی کۆ و دووەمی تاکدا یێی تیژ نەك کراوە بە دوا واوەکەدا دێت کە ئیتر ناشێ دیفتۆنگەکە خۆ بسەپێنێ • هۆیەکی‌دیکەی زێدە بنجی هەیە نایەڵێ دیفتۆنگەکە لەو تەرزە فیعلانەدا دەرکەوێ : سەرنج بگرە دەبینیت کە دەڵێی (دەئاخێوێ ، دەئەنگێوێ ، دەبزێوێ••) بزوێنی (ێ)ی کراوە دەکەوێتە پێش (وێ)وە ئنجا کە ئەم دوو دەنگەی (وێ)یە بکرێنە دیفتۆنگ دەبنە یەك دەنگی بزوێن ، بەم جۆرە بزوێن دەکەوێتە پاش بزوێن دەشزانین ئیمکان نییە بزوێن سواری بزوێن بێ لەبۆیە بە ناچاری وشەکان لەسەر دەقی خۆیان دەمێننەوە و هەمو کورد یەك جۆریان دەردەبڕن •

وشە هەن ، ناو و ناوەڵناو جارێ دیفتۆنگەکەیان تێدا دەرنەکەوتوە وەك بلوێر ، زەنوێر • وا پێ دەچێ تەمەنی ئەم دیفتۆنگە لەو شێوە ئاخاوتنەدا زۆر درێژ نەبێ بۆیە ئەو وشانەی بە نوێ‌یی دەکەونە بەر گوێی دانیشتوانی ئەو ناوچانە بە هۆی تازەیی ڕاهاتنی خەڵقەکە بەو دیفتۆنگە وەك خۆیان دەمێننەوە • بەڵگەیەکی‌دیکەی تازەیی ئەم دیفتۆنگە لەوەدا پەیدایە کە ئەو کۆمەڵە ناوەی (عەلەم)ی (شنەروێ ، کەڵوێ ، پەسوێ ، بیژوێ)ش بێ دیفتۆنگ بە دەقی خۆیان لە سلێمانی و ناوچەکانی‌دیکەدا دەگوترێن • ئەم بەڵگەیە کە بەراورد بکرێ لەگەڵ گۆڕینی دەنگی کافی (کوێت) بۆ کافە کلۆرەکەی کوردێ باشتر نوێ بونی دیفتۆنگەکە ئیسپات دەکا چونکە ڕەسەنایەتی و کۆنایەتی کافی کلۆر لە کوردیدا خۆی بەسەر وشەی بێگانەشدا سەپاندوە کەچی تازەیی دیفتۆنگەکە وای لێ کردوە بە بەشێکی کەمی وشەی کوردی بوێرێ ، چ جایی بێگانە •

ئەم درێژەیەم بە بەڵگەی چوارەم دا هەر لەبەر ئەوەی بۆ بیسەر و خوێنەری کوردی ڕوون بکەمەوە کە چۆن بڕیاری چۆنیەتی دەربڕینی دەنگ

لە ڕێزمان و فۆنەتیك و وشەسازییەوە لە خۆوە دەردەچێ بێ ئەوەی ئاخێوەر هەستیشی پێ بکات ؛ نەخۆ وا دەزانم سێ بەڵگەی سەرقتر بەسن بۆ بە ئیسپات گەیاندنی ڕەسەن نەبوونی ئەو دیفتۆنگە •

با لێرەدا لە جیاتی ئەو کەسانەی سوورن لەسەر دیفتۆنگەکە بەڵگە بهێنمەوە و وەرامیان بدەمەوە •

ڕەنگە بەڵگەی یەکەم ئەوە بێ کە دیفتۆنگەکە هەیە و ئینکار ناکرێ • لە وەرامی ئەوەدا دەڵێم :

١ ــ هێزی ئەم بەڵگەیە هەر هێندەی بەڵگەی ئەوانەیە کە لە ئاخاوتندا ئەو واو و یێیانە بێ دیفتۆنگ دەردەبڕن • جا ئەگەر خاوەن دیفتۆنگەکە بڵێ من چ بکەم لەوەدا کە دیفتۆنگەکە لای من هەیە ئەوی دیشیان دەڵێ من چ بکەم دیفتۆنگ لای من نییە •

٢ــ ژمارەی ئاخێوەری بێدیفتۆنگ شەش حەفت هێندەی ژمارەی ئاخێوەری بە دیفتۆنگ دەبێت • بەو پێیە بەڵگەی لایەنی نەبوون چەندین جار بەسەر بەڵگەی لایەنی بووندا ڕادەشکێ •

٣ ــ دیفتۆنگی لامی قەڵەوی بلیش هەیە بەڵام هەبوونەکەی نەبۆتە بنۆس بۆ سەپاندنی بەسەر نووسیندا ، بگرە هەر قسەشی لێوە نەکراوە •

ڕەنگە بەڵگەی دوەمیش ئەوەبێ بگوترێ چونکە دیفتۆنگەکە لە لەهجەی سلێمانیدا هەیە ئەو لەهجەیەش بنەمای زمانی ئەدەبی کوردییە پێویستە دانی پێدا بهێندرێ و لە ڕێنوسدا جێی بۆ بکرێتەوە • لە ئاست ئەم بەڵگەیەشدا وەرام هەن :

١ ــ لەهجەی سلێمانی کە جێی خۆیەتی ببێتە بنەمای نووسینی ئەدەبی کوردی ئەوەندە لایەنی بەهێز و جوان و ڕاست و ڕەسەنی تێدا هەیە کە

پێویستی بە سەپاندنی شتی ناڕەسەن نەبێت • خزمـەتی شـێوە نوسـینی ئەدەبی و شێوەی ئاخاوتنی سلێمانی خۆیشی لەوەدایە کە هـەر وشـە و تەعبیر و داڕشتنێکی کوردی لە ڕەسەنایەتی و ڕاست بونندا بەسەر هی دیکەدا کەوتەوە ئەویان قبوڵ بکرێ نەك جوانی و ئاورینگی لەهجەی بنەمای ئەدەبی شەفاعەت بکەن بۆ ئەو بەکارهێنانەی نادروستن و لەگەڵ خۆیدا بەسەر هەمو زمانەکەیاندا بسەپێنێ •

٢ ــ لە زمانی فرەنسەیی ، کە شێوە ئاخاوتنی شاری پارس بۆتە بنەمای شێوە ئەدەبیەکەی نەهاتون شکڵی پیتی (ر) بگۆڕن بەو (غ)ەی کە پارسیەکان لە جێی (ر)ی دادەنێن • ئاخێوەری پارس (ر)ەکە دەنوسێت و بە غەیـنی دەخوێنێتەوە ، ئاخێوەری سلێمانیش وەك هی پارس دەتـوانێ وشـەکان بەڕاستی بنوسێت و لە خوێندنەوەشدا بە پێی ڕاهاتنی خۆی دەریان ببڕێت ، هەروەك کۆیە و خۆشناو و دزەیی لامی قەڵەو و بڵ دەنوسن و لە ئاخاوتندا دەیانکەنە ڕێی لاواز •

٣ ــ گرفت و ڕەخنە هەر لەو دیفتۆنگەدا نییـە : شـێوە ئاخـاوتنی سلێمانی ، وەك هەمو شێوەیەکی پێشکەوتوی ئەم جیهانە کە بە جۆرێـکی خۆڕسك و بێ‌مامۆستا بەسەر زمانی دانیشتوەکانیدا هاتوە بە پێی بڕیـاری واقیع تایبەتی وەهای تێدا پەیدا بوە کە لە ئەسڵی زمانەکەدا نییە ، ناونـاوە هەڵەشی تێ‌کەوتوە • بە نمونە کە دەگوترێ (بێرەوەوانێ ، لە ماڵەوەوانێ) هیچ کوردێکی دەرەوەی سلێمانی بەبیریدا نایەت لەلای خۆیەوە شتی وەها بڵێ وەیا بنوسێ ، ساڵەهای ساڵیشی بەسەردا تێ‌دەپەڕێ بەر لەوەی بزانێ ئەم (وانێ)یە بەدوا کام وشەدا دێت • (ر)ەکەی (بچۆڕەوە)ش کە لە جیاتی (بچۆوە) بەکار دێت ، ئەویش بۆ کوردی دەرەوەی سلێمـانی لەمپەرێـکی ئاخاوتن و نوسینە ، ئنجا لزومیشی نییە ، کەسیش نازانێ لە کوێوە ئـەم (ر)ە پەڕیوەتەوە بۆ ناو ئەم ڕێژە فەرمانەی کار •

له ئاخاوتنی سلێمانیدا لایەنی‌دیکەش هەن کە لێرەدا جێی باس کردنیان نایێتەوە پێویست دەکا نوسەران و زمانناسان بۆیان کۆ ببنەوە و دەست نیشانیان بکەن و چی هەڵەی تێیاندایە ڕاستیان بکەنەوە وەك کە دەگوترێ (تیایا ــ لە بری تێیدا) وەیا (یەت ــ لە بری دێت ، دەهێت)و هی‌تریش •

شێوە ئاخاوتنی پێشکەوتو لە هەر زمانێکدا بێ ناشێ ئاتەواویەکانی خۆی بەسەر شێوە نوسینی ئەدەبیدا بسەپێنێ • بە نمونە ، ئەگەر شێوەی ئاخاوتنی تەهران بیەوێ ببێتە زمانی نوسین و ئەدەب هەمو تار و پۆی زمانی یەکگرتوی فارسی لەبەریەك هەڵدەوەشێنێ ، جا ئەگەر کوردیش وەك فارسی دەقی کۆنینەی ئاخاوتنی مابایەوە بۆ ئیمرۆ دەماندیت هەمو شێوە جوداکانی ئیستاکەی ئاخاوتنی کوردی بەقەدەر دور کەوتنەوەی ئاخاوتنی تەهران لە زمانە ڕادیە پاراستراوەکەی فارسی ، لەهجە کوردییەکانیش لەو زمانە ڕەسەنە ڕادییە دور کەوتونەتەوە • عەیبی لەهجەکانی کوردی بەوە داپۆشراوە کە شێوەی ئەسڵە کوردییەکەی بەر لە دابەش بونی بەسەر ئەو هەمو لەهجەیەدا لە کۆنەوە تومار نەکراوە • ئنجا کە ئێمە نەتوانین هەمو گۆڕانە بەرەو شێواویەکەی لەهجەیەك بەینەوە بۆ سەرچاوە دێرینە ڕاست و دروستەکەی ئەوەندەمان هەر بۆ دەمێنێتەوە کە هەڵەی زەق و زۆپ ببینین هەر نەبێ لە ڕێی بەراورد کردنی ناوخۆیی کوردێ و بەراوردکردنی لەهجە جوداکانی لەگەڵ ئەو زمانانەی خزمایەتییان بە کوردییەوە هەیە • بە هەمە حاڵ کە ویسترا بەکارهێنانی ناڕەوای لەهجەیەك بەسەر هەمو زمانەکەدا بسەپێ خەڵق لێی دڕدۆنگ دەبێ •

هەر لەم کولانەیەوە سەیرێکی دیفتۆنگی (نگ) دەکەم •

وەك لە خۆوە دیارە هاتنی نونی وەستاو لە بەرایی دەنگی گافدا دیاردەیەکی ئاسایی‌یە بەقەدەر هاتنی نون لە پێش کاف وەیا تێدا • ئەمە

ڕاستییەکە هیچ دەمەتەقە هەڵناگرێ ، لەوە بەولاوە پرسیار هەڵدەستێ کە ئەگەر بەشێکی کوردزمان لە دراوسێیەتی دوو دەنگدا دیفتۆنگی دروست کرد هەمو کوردزمان چی بکا ؟ زمانە ئەدەبیەکەی چۆنی مامڵەت لەگەڵدا بکا ؟ ڕێنوس و ئەلفوبێ لە ئاستیدا چ هەڵوەستێکی هەبێ ؟

ئێمە ئەگەر نەمانزانیبایە دیفتۆنگەکە لە چیەوە هاتوە ڕێی تێدەچو لەوە بکۆڵرێتەوە ئایا ناوچەیی‌یە یا ئازادی ، تا ئەگەر ئازادی بێت نیشانە وەیا پیتی بۆ دابندرێ • بەڵام هەموومان دەزانین قوێکی بی دەمەتەقەی وەستاو دەکەوێتە بەرایی گافێکی بێدەمەتەقەوە و لە لەهجەی سلێمانی و ناوچەیەکی تەسکدا منگە و (غنّە)یەك لە نێوان دوو دەنگەکەدا پەیدا دەبێ کە زەحمەتە لە زار و زمانی دانیشتوی غەیری ئەو ناوچەیە دەربێت ، تەنانەت ڕەنگە بە دەرس دانیش فێری نەبن • جا کە حاڵ ئەمە بێ چیمان لە پێشدا دەبێ مەگەر ئەوەی کە نون و گافەکە وەك هەن بیانوسین و خەڵقیش بە پێی ڕاهاتنی زمانیان بیانخوێننەوە ، ئەوساش هەموومان لە یەکدی ڕازی دەبین چونکە وشەکان بە دروستی دەپارێزرێن و ناشارەزای ئەو دیفتۆنگەش ناچار ناکرێ بە گوتنەوەی شتێك کە لەوزەیدا نییە •

ئەمەی گوتم بۆ خۆی بەسە بۆ ڕەواندنەوەی گرفتەکە و وەرامی پرسیارەکە چونکە شتێکی وەك بەدیهیەم گوتوە ، بەڵام هەر لەبەر ئەوەی مەسەلەکە وەك بەدیهیە وایە چەند ڕاستیدیکەی زۆر بەهێز لەلاوە دێن و پشتگیری لەو ڕایە دەکەن :

ڕاستی یەکەم ئەوەیە کە دەنگی نون لە لەهجەی سلێمانیدا لە بەرایی دەنگی دالیشدا منگە و غونە پەیدا دەکات ، دەربڕینەکەشی زەحمەتترە لە منگەی نێوان نون و گاف ، بەو پێیە دەبێ خەریکی چارەسەر کردنی ئەو گرفتەش بین تا ئەگەر بڕیار درا منگەکە بە سەر نوسیندا بسەپێ خەریك بین

مامۆستا بدۆزینەوە بۆ ڕاهێنانی هەمو کورد لەو دەربڕینە یەکجار تایبەتی و ئەستەمە • هەڵبەت کە پیتێکی کەس نەدیتو و نەبیستو دابهێنین لە بری (نگ) و (ند) کەوا نە نون بێت و نە گاف و نە دال دەبێ لەو تەرزە وشانەدا ڕاستییە ڕەسەن و دروستەکانیش بکوژین و لە بیر خەڵقیان ببەینەوە • دەمەوێ لە خۆم بپرسم ئایا ئەمە چارەسەر کردنە یاخود شەڕ پێفرۆشتنە ؟

ڕاستی دوەم ئەوەیە کە منگە و غونەکە لە حاڵەتی وەستان لەسەر گاف و دالەکە بە ئاشکرایی پەیدایە ، کە هاتیت بزوێنت بە دوادا هێنان دەچنە بارێکیدیکە لە زۆر وشەشدا هەر بەجارێ دەبنەوە نون و گاف و دالی عادەتی وەك (بەندەر ، سەنگەر ، چەنداوەکو ، کوندێ لەسەر سندی ، شەنگە بی ، ڕەند •• )

ڕاستی سێیەم ئەوەیە کە هەندێ جار لە زاری سلێمانیدا دەنگی دالی دوای نون دەکرێتە گافی بێفیل وەك (ئەفەنگی ، مەنگ ، تونگ ، دەربەنگ••)• ئایا لەگەڵ ئەمانەدا چی بکەین ؟

ڕاستی چوارەم ئەوەیە کە دیاردەی فۆنەتیکی ئەوتۆیی لە زۆر حاڵەتیدیکەدا دەردەکەوێ بێ ئەوەی نون و گاف وەیا نون و دال لە بەیندا بێ وەك کە نونی وەستاو دەکەوێتە پێش دەنگی بێ دەبێتە میم • بە نمونە (عەمبار ، شەمبە ، پەمبە ، عەمبەر ، قەمبەر ••) لەبری (عەنبار ، شەنبە ، پەنبە ، عەنبەر ، قەنبەر ••)• وشەی (بەرانبەر) کە بۆتە (بەرامبەر) لە ڕێژەی (سەرانسەر ، دەوراندەور)ە و نونەکەی لە نوسیندا بە هەڵە دەکرێتە میم • نونی پێش دەنگی (پ)ش هەر دەبێتەوە میم • لە بەرایی دەنگی (ف)شەوە حەز دەکا بەرەو میم بچێتەوە وەك لە عەرەبیدا وشەی (ینفی) لە (یمفی) نزیك دەبێتەوە ، تەنانەت دو دەنگی (ف ، ث) کە لە بیستندا زەحمەت جودا دەکرێنەوە هەرکە دەنگی نونیان لە پێشەوە هات بەتەواوی لە یەکدی

دەترازێن وەك (ینثر ، ینفر) چونکە تونی پێش دەنگی (ث) وەك خۆی دەمێنێتەوە هی پێش فێیەکەش لە میم دەچێ • لامی وەستاو لە بەرایی تێ قەڵەو دەبێت و تێیەکەش دەبێتە ( ط ) وەك (گاڵتە ، خڵتە ، قەڵتارە ••) • وشەی (کلتور ـ بە واتای کلدان) ئەو گۆڕینەی تێدا نییە چونکە لە دوو وشەی (کل) و (تور) پێك هاتوە • کاف و گاف کە بزوێنی (ی ، ێ) وەیا (وی ، وێ)یان بەدوادا هات دەنگیان دەگۆڕێ • تێکڕای ئەم گۆڕانانە دیاردەی دەنگسازین و دەخلیان بەسەر ڕێنوسەوە نییە •

باوەڕم هەیە ، ئەوانەی گوتمن بەس بن بۆ وەرام دانەوەی پرسیار لە گرفتی دیفتۆنگی (وێ ، نگ) • بەڵام ماوەتەوە بڵێم لە زاری کرمانجی سەرودا دیفتۆنگی ئەو دەنگەی کە لە تێکەڵ بونی واوی درێژ و یێی درێژ پەیدا دەبێ دیفتۆنگێکی ڕەسەن و بنجییە لەو ڕوەوە کە دیفتۆنگەکە لە وشەی مەعلومدا دەردەکەوێ و بەردەوامیشە وەکو هەر دەنگێکی دیکەی سەربەخۆی ئاخاوتن ، جا ئەگەر یەکێك لەهجەکە نەزانێ و وشەکان نەناسێ ناتوانێ لە ڕێی دەستوراتی دەنگسازییەوە دیفتۆنگەکە بناسێتەوە وەك کە لوس بونی کاف و گافی پێش (ی) وەیا منگەی تونی پێش گاف بە سەلیقە دەزانێ • کاتی خۆی ئەنجومەنی کۆڕی زانیاری کورد بە بیریدا نەهات پیت بۆ ئەم دیفتۆنگە ڕاستینەیە دابنێ تاکو لە خوێندنەوە و نوسینی ئەو وشانەی دیفتۆنگەکەیان تێدایە هەڵە نەکرێ • بێ گومان دەبێ چارەسەری ئەم گرفتەش بکرێ •

**ب ـ ئەوانەی پیتیان بۆ دانەنراوە :**

بۆ تێگەیشتن لە مەبەستی ئەو پرسیارە گەڕامەوە لای بەرپرسەکانی ئەم کۆڕە چونکە لە ئاست ئەم پرسیارەدا بیر بۆ چەند لایەك دەڕوات وەك دەنگی ( ض ، ص ، ط ، ظ ••) کە لە کوردیدا نین و ناوناوەش کارمان

پێیان دەبێ هەر نەبێ لەو دەمەی کە لە نوسینی کوردیدا ئیشارە بۆ ئەو دەنگانە وەیا دەنگیدیکەی بێگانە دەکەین •• بیر بۆ ئەو دەنگانەش دەڕوا کە پێیان ناگوترێ دەنگی زمانی وەك فیکە و مرخەی مرۆڤ و کیفەی مار و ورشەی با ••• بیرم بۆ ئەو دیفتۆنگەی زاری کرمانجی سەروش چۆ کە دەمزانی بەبیراندا نایەت •• لە وەرامدا پێیان گوتم مەبەست ئەو دەنگەیە کە لە عەرەبیدا پێی دەڵێن (كسرة مختلسة) وەك دەنگی دوای دەنگی (چ) لە وشەی (پنچك)دا •

بەر لە ئێستاکە لەم دەنگە دواوم و لە سەریم نوسیوە ، ڕەنگە لەم ڕۆژەی ١٩٨٠/٣/٢٨ تا دەمی بەستنی کۆڕی گیر و گرفتەکان گوتارێکیدیکەشم لە بارەی ئەم دەنگەوە دەربچێت ، ئیتر نازانم ئایا مافی سێبارە کردنەوەم دەمێنێ ؟ لە گوتاری (فۆنەتیك چیمان بۆ بکا ؟) کە لە بەشی یەکەمی بەرگی سێیەمی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ــ ساڵی ١٩٧٥ ــ دا بڵاو بۆتەوە لە گەلێك سەروبەری دیاردەی ئەم دەنگە بێهێزە دواوم ، ئەوەی بیەوێ دەتوانێ بۆ ئەو گوتارە بگەڕێتەوە و بیروباوەڕی منی تێدا بخوێنێتەوە • لێرەدا زۆر بەکورتی لەبارەی دەنگەکەوە دەدوێم •

بەر لە هەمو شتێك دەڵێم من ئەم دەنگە بە بزوێن دانانێم و هەمیشە پێم گوتوە قورس کردن چونکە لە دەربڕینیدا مەبەست بزاوتنی دەنگی پێش خۆی نییە بەڵکو مەبەست ئیمکان بونی دەربڕینی دەنگەکەیە • ئەمە لە سەرێکەوە ، لە سەرێکیدیکەشەوە ئەو قورس کردنە بەشێکی بنجی و هەمیشەیی وشە نییە ، چونکە کە باری دەربڕینی وشە گۆڕا قورس کردنەکە هەڵدەستێ و دەچێتەوە • هەروەك بەشێکی تاکە وشە نییە لکێنەری دۆ وشەش نییە کە لە دراوسێیەتییان قورس کردنەکە دەبێتە کارێکی ناچاری •

بەڵگەی ئەوەی کە بەشی بنجی و هەمیشەیی وشە نییە لەم نمۆنانەدا دێتە بەر چاو : وشەی (شێلم) قورس کردنیتێدا دەکەوێتە سەر دەنگی

(ل) • که هاتیت و میمەکەت بزاوت و گوتت (شێلمەکە) قورسایی سەر لامەکە نەما • هەروەهاش که دەڵێی (گەنم ــ گەنمەکە ، بەفر ــ بەفرۆکە ، قەسر ــ قەسرین ) قورسایی تۆنی گەنم و فێی بەفر و سینی قەسر دەڕەوێتەوە•

بەڵگەی ئەوەی که لکێنەریش نییە لەم نموونانەوە دەردەکەوێ :

که دەڵێی (دڵم) قورسایی دەچێتە سەر لامی قەڵەوی وشەی (دڵ) • که گوتت (دڵمان) وەیا (گوناهی دڵمە) قورساییەکە دەپۆچێتەوە •

چاوگی بەستن ، کردن : قورسایی لە سەر دەنگی پێش تۆنی چاوگی هەردو وشەدا هەیە بەڵام که گوتت (بەستنەوە ، کردمانەوە) دەتوانی قورساییەکە تێبەیت دەشتوانی بیهێڵیتەوە •

ڕاستییەکەی ئەم قورس کردنە ناچاریەکی فۆنەتیکییە لە کاتی پێویستدا بۆ دەربڕینی وشە پەیدا دەبێ ، ناوناوەش بە نیازی تەئکید ، که هەر دەکاتەوە پێویستی ، دەخرێتە سەر دەنگێکی وشە وەیا نێوان دوو وشەوە ، هەرکە پێویستییەکەش نەما قورس کردنەکە لە خۆوە بزردەبێ • وردبونەوە لە تایبەتی دەنگەکانی کوردی دەری دەخا که ئەم دەنگە لە ڕۆوی بوون و نەبونەوە سێ پلەی هەیە : پلەی یەکەم ئەوەیە که لە هەندێ حاڵەتدا هەر دەبێ هەبێ وەك لە وشەی (شێلم ، گەنم ، بەفر ، کەسر ، سەپك••)دا قورس کردنی دەنگەکانی (ل ، ن ، ف ، س ، پ) ناچارییە ، تا بزوێنێك دێت و قورساییەکە هەڵدەگرێ • پلەی دوەم ئەوەیە که لە هەندێ باردا دەشێ قورس کردنەکە هەبێ و دەشی نەشبێ وەك لە وشەی (دەنك ، مەرج ، سەخت ، کەشك ••)دا دەشێ دەنگەکانی ( ن ، ر ، خ ، ش) قورس بکرێن و نەشکرێن • پلەی سێیەم ئەوەیە که دەنگی (ر) لەپێش (د ، ت)دا قورس کردن هەڵناگرێ • هەر وەهاش دەنگی (ن) لەپێش (د ، گ) و دەنگی (س ، ش) لە پێش (ت)دا ••

ئەمانە ڕاستی و تایبەتی هەندێك لە دەستورەکانی فۆنەتیکی کوردییە ، درێژەشیان لێرەدا جێی نابێتەوە • قورس کردنی دەنگیش لە وشە وەیا لە نێوان دوو وشەدا دەکەوێتە بەر حوکمی ئەو دەستورە فۆنەتیکییانە • لەمەوە و لەگەلێك لێکدانەوەی دیکەش دەردەکەوێ کە ئەم قورس کردنە بەشی بنجی ئاخاوتن نییە ، بوون و نەبوونیشی لە وشەدا بەندە بە جێگەی وشە وەیا جۆری دەربڕینی لە ئاخاوتندا ، دۆزینەوەی ئەو جێگە و جۆرەش کاری سەلیقەیە • لەبەر ئەمە وا دەزانم پێویست نییە دیاردەکە بە گرفتی ڕێنوس لە قەلەم بدرێت بەتایبەتی کە نوسینمان بەو پیتانە بێ وا لە باودان • بێت و ئەو قورس کردنە بەسەر نوسیندا بسەپێ زوربەی وشەکانمان دوو جۆر نوسینیان دەبێ ، یەکیان بە قورس کردن ئەویدیکەشیان بێ ئەو • بە نمونە کە وشەی (شێلم)ت نوسی دەبێ قورسایی بدەیتە لامەکە • کە گوتت (شێلم کرێ) قورساییەکە دەچێتە سەر میمی شێلم • کە گوتت (شێلمتان کرێ) قورساییەکە دەگەڕێتەوە بۆ لامەکە • دیسانەوە کە گوتت ( شێلم کرێ ) ڕێت هەیە لامەکەش و میمەکەش بەیەکەوە قورس بکەیت بەلام کە گوتت (شێلمتان کرێ) تەنها لامەکە قورسایی هەلدەگری • بە هەمە حال هەست کردن بەو تەرزە هاتو چۆیەی قورس کردنەکە لە هیچ مامۆستا و دەرسدەرێکەوە وەرناگیرێ : هەستێکی زگماکە ، وەیا هەرنەبێ فرچك گرتنێکی مندالییە بە زمانی دایکزاوە • لێکۆلینەوەی ئەم گرفتە لەگەل پیتی عەرەبیدا ، لە سەرەتاوە ، بێجێیە ، کاتێك باس لە ئەلفوبێی لاتینی کرا دەشێ تۆژینەوە لە چۆنیەتی نوسینی وشە و ڕستەی کوردی بە پیتی لاتینی بکرێ •

**ج ـ پلەی دەنگە بزوێنەکان :**

بزوێن دوو جۆری بنجی هەیە :

١ـ بزوێنی درێژ ٢ـ کورتە بزوێن •

له کوردیدا بزوێنی دیفتۆنگ که هەبێ له جۆری درێژدا پەیدا دەبێ • بەلای منەوە دیفتۆنگ هێندەی بزوێنەکانیدیکه بنجی نیه چونکه له تێکەڵ بونی دۆ دەنگ پێك دێت ، وەك موتوربەی که لەسەر رەگی خۆی شین نابێ • چی لەم بەندەشدا به گرفت داندراوە تەنها له بارەی (و ، ی)وەیه ، هەرچی ئەلف و دیفتۆنگه جێی لێدوان نین •

ئەوەی ڕاستی بێ دەبۆ ئەم گرفتەش هەر بخرێتەوە ژێر بەندی (أ ـ) خاڵی یەکەم که له پیتی بزوێن و نەبزوێنی نیشانەدار دەکۆڵێتەوە ، دیاره که له واو و یێی نیشانەدار دواین به ناچاری له هی بێنیشانەش دەدوێین • لێرەدا کورتەیەکی ئەو لایەنانه دەنوسم که پێوەندی به پلەی دۆ بزوێنی (و ، ی)وە هەیه •

١ ـ لەبارەی (و)ەوە : واوی درێژ وەك پێشتریش گوتمان دۆ جۆری هەیه ، واوی تیژ ، قۆچاو و واوی کراوە ، پەل • هەرچی کراوەیه هەمو لەسەر ئەوە ڕێك کەوتون که نیشانەی حەفتی بچۆکی بۆ دابندرێ • واوی تیژ جارێ ڕێك کەوتن لەسەر چۆنیەتی نوسینی پەیدا نەبوە • بەلام له ڕوی پلەی دەنگەوە دەبێ ئەوە بزانین که کورته بزوێنی واو کورت کراوەی واوی تیژە ، واوی کراوە له کوردیدا شێوەی کورتی نیه • هەر ئەم ڕاستییەیشه بەلگەی ڕەسەنایەتی و بنجی بونی واوی تیژ پتر بەهێز دەکا و ئەوە ڕۆن دەکاتەوە که واوی کراوە بریتییه له واوێکی تیژ و نەختێك تامی دەنگی ئەلف ، بەلام پێی نەگوتراوە دیفتۆنگ • جا ئەگەر بمانەوێ سەرجوملەی دەنگ و ڕەنگی واو و پەیدا بونیان و خوار و ژۆریان بکەین به لیسته ئەم ریزە واوە به دوا یەکدیدا قەتار دەبێ :

أ ـ واوی کۆنسنانت که بنەمای هەمۆ شیوەکانیدیکەی واوە وەك لەم وشانەدا دەبیسترێ : وزە ، وەرە ، ڕاو ، ڕەو ، دێو ، هەویر ، هەوار •

ب ــ واوی تیژی درێژ وەك لە وشـەکانی دور ، کاووس ، بـەڕۆ ، هەیوٚلا •• ) دا دەبیسترێ •

ج ــ واوی کراوەی درێژ وەك ( خۆڵ ، بڕۆ ، سەرکۆنە •• )

د ــ دیفتۆنگی واوی درێژ لە زاری کرمانجی سەرۆدا •

هـ ــ کورتەبزوێنی بۆر ــ (ضمّە)ی عەرەبی ــ وەك (کورت، ڕوسم••) ئەم واوەیان دەنگێکی ناتەواوی ناسەربەخۆیە و بە دوا کۆنسناتدا دەشـێ دەرکەوێ و لە کورت کردنەوەی واوی تیژ پەیدا دەبێ •

٢ــ لە بارەی ( ی ) وە :

ئەم بزوێنە لە درێژ کردنەوەی یێی کۆنسناتەوە شکلی دەنگی یێی تیژی درێژ وەردەگرێ • کورتـە بزوێنی ژێریش کورتەی ئـەم یێیەیـە • هەروەها یێی کراوەش بەتێکەڵ بوٚنی تامێکی دەنـگی ئـەلف وەیا کورتە بزوێنی سەر لەگەڵ یێی تیژی درێژ پەیدا دەبێ بەڵام ئەویش پێی نەگوتراوە دیفتۆنگ • سەرلەبەری جۆرەکانی ( ی ) ش بە بزوێن و کۆنسناتیەوە ئەم لیستەیە پێك دەهێنن :

أ ــ یێی کۆنسنانت : وەك ( دایك ، یار ، هەیتە ، مەی ، مەیاس ) •

ب ــ یێی تیژی درێژ وەك (پیتاك ، جوانی ، بینین ، گۆلاوی•• )

ج ــ یێی کراوەی درێژ وەك (ڕێ ، شوێن ، دوێنێ ، ڕدێن •• )

د ــ کورتە بزوێنی یێ کە پێی دەگوترا ژێر وەك ( گزینگ ، بیست••)

بەڵام دەبێ بزانین کە ئەم کورتە بزوێنە لە زوربەی هەرە زۆری وشەکاندا دەشێ درێژ بکرێتەوە واتاش نەگۆڕێ، وشەی وەهاش هەیە کورتە بزوێنەکەی

درێژ ناکرێتەوە وەك کە دەڵێی (لەســەر شینگ و تاقەتی خـۆی •• )وەیا (ژینگەی لە هەناویەوە هات •• )

دیفتۆنگی نێوان واو و یێ لە بنەڕەتدا واوە یێی تێکەڵ دەبێ بۆیە بۆ خستمە لیستەی بزوێنی واوەوە •

ئەو دەنگەی من ناوم نا قورس کردن بەلای زۆر کـەسەوە ناوی بزوێن هەڵدەگرێ ، بەلام سەرەڕای ئەوەی کە من بە بزوێنی دانانێم چونکە دەنگێکی بێلایەنە نابردرێتەوە بۆ هیچ یەکێك لەو بزوێنە بێگومانانە ، لەبەر ئەمە نایێنە (پلە) مەگەر بێین و لە خۆڕایی قبوڵ کەین کە وا عەرەب گوتەنی ( کسرة مختلسة )یە و بیکەینە پلەی سەرەتـایی بزوێنی (ی)• بەهەمەحـاڵ ئەگەر ئەزمونی ئەلیکترۆنی ئیسپاتیشی کرد کە قـورس کردنـەکە بەرەو (کسرە) وە دەڕوات دەبێ بزانین کە قورس کردنی واوی کۆنسنانت بـەرەو ( ضمە )یەوە دەبات چونکە دەنگی (ضمە) لە سروشتی دەنگی واودایـە • لەگەڵ خۆتدا بڵێ (کاوڕ ، کەوڵ ، وزە ، ولە ، لاوك••) هەست دەکەیت لـە دەربڕینی واوەکەدا تامی ( ضمە ) هەیە هەر بۆیەیشە زۆر لە نوسەران ئـەو تەرزە وشانە بە واوێکی کۆنسنانت و یەکێکی بزوێن دەنوسن•شتێکی‌دیکەش هەیە لەم بابەتە فۆنەتیکییە بە هەست ڕاگرتن و لێ ورد بونەوە خۆ ڕون دەکاتەوە : ئەو دەنگەی بە دوا قورس کردنەکەدا دێت دەخلی هەیە بەسەر جۆری دەربڕینی دەنگە قورس کراوەکە : لە وشەی (کەلب ، گەرم)دا چونکی دەنگی (ب ، م) بە دوا لامە قەلەوەکە و ڕێیە لاوازەکەدا دێت قورس کردنەکە حەز لە خزمایەتی (ضمە) دەکات نەك کەسرە چونکە هەردو دەنگی (ب ، م) لەوانەن لێو پێکدا دەدرون و بەرەو ئەو شکڵەیەوە دەبەن کە لە دەربڕینـی دەنـگی ( و )دا وەری‌دەگـرن • دەنـگەکانی ( ب ، پ ، م ، ف ، ڤ ) هەرپێنجیان لەم بابەتەن •

# گیروگرفتی وشەی سادەو دارێژراو

ئەم سەرەباسە لە بانگەوازەکەدا بە دوو بەند دابەش کراوە •

أ ــ ناوی عەرەبی

ب ــ پێشگر ــ پاشگری (پێناسین) و (کۆ)

هەرچەند نازانم ئاخۆ نوسەرانی بانگەوازەکە وایان داناوە وشەی سادە بەر بەشی (ناوی عەرەبی) دەکەوێت و وشەی دارێژراویش بەر بەشی پێشگر، ئنجا پاشگری پێناسین و کۆ دەکەوێت ، یاخود پرسیارەکە بەلای ئەوانەوە جۆرێکی دیکەیە کە من بۆی ناچم ، دیسانەوە پرسیارەکە ناتەواوە و وەرام دانەوەی بەرمو هیچ کوێیەکمانەوە نابات •

لە بارەی بەندی ( أ ــ ناوی عەرەبی)یەوە چەند تێبینییەك خۆ بەسەر زیهندا دەبڕێ :

١ ــ نوسینی ناوی عەرەبی لەوەدا گرفت پەیدا ناکات ئایا سادەیە یا دارێژراوە ، گرفتەکە لەوەدایە ئایا ناوی عەرەبی بە پیتی کوردی و ڕێنوسی کوردی بنوسرێ یاخود بە پیت و ڕێنوسی عەرەبی ؟ کە بە کوردیسان نوسی چ لە دەنگی وەك (ض) بکەین ؟ کە بە ڕێنوس و پیتی عەرەبیشمان نوسی ئایا بیخەینە ناو کەوانەوە یاخود بێ‌کەوانە بکەوێتە نێوان وشە کوردییەکانەوە ؟

٢ ــ نەك هەر ناوی عەرەبی بەلکو هەمو ناوێکی غەیری کوردی ئەم کیشەیەی چۆنیەتی نوسینی بەدوادا دێت لەوەدا ئایا بە پیتی کوردی بنوسرێن یاخود بە پیتی زمانەکەی خۆیان ؟

٣ــ لە لایەن سادە و ناسادەییشەوە ناوی کوردی و بێگانەش هەمو جۆرێکی هەیە نەك تەنها ناوی عەرەبی ، بەولای سادە و دارێژراوەوە ئاوێتەشی هەیە ، واوەی سادەوەش هەیە بریتییە لە یەك پیت وەك ( مستر × )

کاتی خۆی ئەنجومەنی کۆڕ بڕیاری لە بارەی چۆنیەتی نوسینی ناوی غەیری کوردی ئەوە بو کە ئەگەر ویسترا وەکو خۆی ڕاگوێزرێ دەبێ بە پیتی زمانەکەی خۆی لە نێوان دو کەوانەدا بنوسرێ ، ئەگەر ویستراش وەك ئەوەی کە کورد دەریدەبڕێ بنوسرێ ئەوسا بێ کەوانە بە پیتی کوردی و ڕێنوسی کوردی دەنوسرێ • لەمەدا چ گرفت پەیدا نییە بەلام کە ویسترا ناوی ئەو زمانانە بنوسین کـە لـە چاپخانەکانی عـیراقدا وێنەی پیتیان بۆ دانەڕژاوە هیچ چارە نییە مەگەر ئەوەی بە پێی تەلەفوزی خۆمان بە ڕێنوسی کوردییان بنوسین • هەڵبەت پێویستە لەو بارانەدا کەرتی سەربەخۆی ناوی ئەجنەبی لە کوردیشدا سەربەخۆ بنوسرێ بە نمونە ناوی ( تریگفی لی ) نابێ ببێتە ( تریگ ڤیلی ) وەیا ( برنارد شۆ ) ببێتە ( بر ناردشۆ ) • وادەزانم ئەو تەرزە بڕیارانەش لە ڕادەی بەدیهیەدان •

ب ــ لە بـارەی ئەوەی بانگەوازەکە پێی دەڵێ ( پێشگر ــ پاشگری) (پێناسین و کۆ ) •

ڕاستییەکەی نە نیشانەی ( پێناسین ) و نە هی ( کۆ ) هیچ کامێکیان پاشگر نین چونکە پاشگر دو مەرجی بنجی تێدایە :

١ــ ببێتە کەرتێکی وشە •

٢ــ پاشگرەکە جۆرێك گۆڕان لە واتای وشەکەدا پەیدا بکات •

باسی مەرجی لکان و بەدوادا هاتن نابەمە ڕیزی دو مەرجەکەی سەرەوە چونکە وا دەبێ وشە دێت بە پێش خۆیەوە دەلکێت کەچی پاشگر نییە وەك کە دەڵێی (نوسیمان) ڕاناوەکە بە دوای کارەکەوە لکاوە وەیا دەڵێی ( لـە بیتوێندا دەژیم ) (دا) کەی دوای بیتوێن تەواوکەری پریپۆزیشنی ( لە ) یە •

پێك هێنەری ناسین و پێك هێنەری کۆ هەروەك پاشگر نین ئامرازیش نین ، چونکە ئامراز لە ڕستەدا دەور دەبینێت نەك لە پێك هێنـانی وشـە ،

بە عادەت هەبوونی سەربەخۆشی هەیە و بەدەگمەن نەبێ لە نووسیندا بە وشەوەش ئالکێ • هەرچی ئەو دوو پێکهێنەرەیە پتر بەلای نیشانەدا دەچنەوە وەك نیشانەی نەفیو نەهی• نازانم بۆ چی بانگەوازەکە بەلای چەندین پاشگری ڕاستینەی ناو و کار و هی‌تریشدا نەچوە و تەنها یەخەی ئەم دوو ناپاشگرەی گرتوە • لەمەش زیاتر ، هیچ ترووسکەی نەداوینێ ( سادە ) و داڕێژراوی پێ بناسینەوە وەیا مەبەست لە پێشگر و پاشگر چییە چونکە ئەم زاراوانە لەوانەن نووسەران و زمانناسان بەرەو ئامانجی لەیەکدی دوور ببەن •

بەهەمە حاڵ لێرەدا چی لە مەفهوومی ئەو پرسیارانەوە بە بیردا بێت وەرامیان دەدەمەوە داخیشم ناچێ کە مومکینم نەبوو پرسیار لە هەموو ئەندامانی لیژنەی ڕێکخەری بانگەوازەکە بکەم نەشم دەتوانی جار لە دوای جار پرس بە تاك تاکیان بکەم بۆیە وەها خودبەسەر مل بە وەرامەکان دەتێم ئیتر کوردی گوتەنی ئەڵڵای ورمان لە جێی نەرمان ••

ناوی کوردی و چۆنیەتی نووسینیان نابێ وەك ناوی کۆك ( اسم العلم Proper noun ) گرفت لە نووسینیان هەبێ چونکە هەرچی ناوی کۆکە چ سادە بێت و چ داڕێژراو چ لێکدراو چ ئاوێتە بێت بەیەك وشە حیساب دەکرێ و کەرتەکانی تاکە ناوێك ، وەك تاکە وشە پێکەوە دەلکێن وەیا بەسەریەکەوە دەنووسرێن وەك (کاکەڵڵا ، زێندین ، پیربال ، دلشاد ، گولبەدەم ••) بەڵام ئەو ناوانەی کە لەقەبی واتاداری نەشێواویان پێوەیە وەك (مام ئۆمەر ، خاڵ گدروون ، ئاغا مستەفا) بەیەکەوە نووساندن هەڵناگرن چونکە ئەمانە لەقەبەکانیان وەك لەقەب ماونەوە و دەقی خۆیان پاراستوە و هیچ نەگۆڕاون وەك کە (زێندین ، کاکەڵڵا) بەو لێکدرانە تێکەڵی و شیواوییان بەسەرداهاتوە • لەگەڵ ئەمەشدا پێویستە هەردوو کەرتی ناوەکە لە یەکدی نزیك بنووسرێن •

ئەو ناوانەی کە لەقەبی ( ئاغا )یان بە دوادا دێت ، بەتێکڕایی ، لە نوسیندا چوار ئیحتمال هەڵدەگرن : ١ ـ بەتەواوی بەیەکەوە بلکێن ٢ ـ تەختێك لە یەکدی جودا بکرێنەوە بێ ئەوەی پیتی هەمزە بەسەر وشەی (ئاغا)وە بمێنێ ٣ـ هەمزەکە بمێنێ و وشەی (ئاغا) لە نزیك ناوەکەوە بنوسرێ ٤ـ هەردوو وشە بە تەواوی لە یەکدی دابڕێن ، ئەمەش هەر چوار جۆری نوسینەکە :

حوسێناغا ـ حوسێن‌اغا ـ حوسێن‌ئاغا ـ حوسێن ئاغا •

گرفتی نوسینی ئەم تەرزە ناوە لەوەوە دێت کە لە ئاخاوتندا هەمزەی وشەی (ئاغا) بە تەواوی دەسوێت و دەمێنێتەوە دەنگی بزوێنی ئەلف کە بە ناچاری خۆ دەداتە پاڵ وشەی پێش خۆیەوە • ئنجا ژیاندنەوەی هەمزەکە لە نوسیندا دەبێتە کارێکی ناقۆڵای ناواقیعی • بێ‌گومان کە نوسیمان ( حوسێن‌ئاغا ) خوێنەر ناچار دەکەین بە پێچەوانەی عادەت‌گرتنمان لە خوێندنەوەدا گیان بە بەر هەمزەکە بێنێتەوە ، ئەوساش دەڵێی وشەکە لە دەمی بێگانەی ناشارەزاوە دەردێت • ڕەنگە وا باش بێ لە نوسیندا هەمزەکە بسوێت بەڵام ئەلفەکەی بێ‌هەمزە بە وشەی پێشیەوە نەلکێت وەك کە واوی ( عطف ) بەدوا کۆنسنانتدا بەجودا لە دوورەوەی وشەی پێشیەوەی دەنوسین هەرچەند لە خوێندنەوەدا دەیکەینە بزوێنی کۆنسناتەکە • بەڵام لە نوسینی ناوی (حەماغا)دا پێویستە ئەلفەکە بە پێش خۆیەوە بلکێ چونکە وشەکە بە ئەسل حەمەد بوە ، بە لێ‌قرتاندن بۆتە حەمە ، ئنجا بزوێنەکەی کۆتاییشی قرتاوە واتە شێوایەکی ئەوتۆی بەسەردا هاتوە داخوازی مامڵەتی تایبەتی بکات • هەر ناوێکی‌دیکەش لەم جۆرە بۆ بەر ئەم دەستورە دەکەوێت وەك ناوی (عەوڵاغا) ، ئەگەر نا دەبێ بنوسین عەبدوڵڵا ئاغا وەهاشی بخوێنینەوە • بە شێوەیەکی گشتی هەر ناوێك شێوانی تێدا پەیدا بوبێت ناشێ لە نوسیندا ببرێتەوە بۆ ئەسڵەکەی وەك (بلە ، سمکۆ ، مچە ، خولە ،

فاله ــ له «فارس»ەوه هاتوه ، قاله ••) چونکه خاوەنەکانیان بەم نـاوانه نەبێ ئاناسرێنەوه مەگەر به هەردۆ ناو له کۆنەوه ناسرابن وەك (سمایل اغای، شکاك ، سمکۆ ــ ئیبراهیم ئەحمەد ، بـلەی ئەحـه ڕەش ــ عەلیاغـای خورشیدی بایزی ، عەلۆی خورشید ــ عیززەدین شێر ، یەزدان شێر •• ) له شوێنێکی وەك سلێمانی تانەلێی (قالەی ئایشەخان ، حەمەی ئاوڕەحمانئاغا) بەچاکی ئازانێ مەبەستت کێیه ، له کۆیەش بلێی (حەمەداغای مەحمودداغا ) کەس بیری بۆ (حەماغا)ی گەوره ئاڕوا • له هەولێر نەڵـێی (مەلافەنـدی) ئازانن مەبەستت مەلا ئەبوبەکری کوڕی حاجی عومەرەفەندییه •••

ئاو هەیه وەك بەگزاد ــ بەگزاده ــ سەیدزاده ــ مەلازاده ــ شێخزاده دەبێ کەرتەکانیان بەیەکەوه بلکێن هەم لەبەر ئەوەی که ئاوی کۆکن هـەم لەبەر هۆیەکیدیکه که ئێره جێی لەباری باس کردنیەتی •

ئەم ناوانەی وشەی (زاد)یان به دواوەیه دەچنه ڕیزی وشەی لێکدراو که له کەرتێکی واتادار و کەرتێکی واتا ئاتەواو پێك دێن بەزۆریش کەرتی دوەمیان تەواوکەری وشەی فاعیلی داڕێژراون وەك (ئانخۆر ، جـلدرۆ ، بنبڕێوکه ، ئاوخۆرەوه •••) ئاوناوەش مەفعولی داڕێژراو دروست دەکەن وەك (مەلاخۆره ، بەگزاده ، ئاوخـۆرك ، دزنەپەرەی گـورگ نەخـۆره ، سەردڕ ، عەنبارەسۆت •• ) •

کاتی خۆی که له ئەنجومەنی کۆڕ دەمەتەقه لەسەر چۆنیەتی نوسینی ئەم تەرزه وشانه هەڵستا بڕیار وەها دەرچو که ئەو وشەیەی بوبێته نـاوی کۆك [اسم علم] وەیا وشەی فەرهەنگی به یەك وشه حیسـاب بکرێـت و کەرتەکانی بەیەکەوه بلکێن • هەرچی من بوم وام پەسەند دەکرد وشـەکان هەمیشه بەیەکەوه بلکێن ئەویش لەبەر دو هۆی بنجی :

١ ــ زوربەی ئەو کەرته تەواوکەرەی که له فیعلەوه دێن به تەنها واتا

نابەخشن تا بەدوا وشەیەکی دیکەدا دێن بەتەواوی وەك پاشگرەکانی وشەی (ئاوا ـ پاسەوان ـ هونەرمەند ـ بەختەوەر ٠٠) کە ئەمانیش بە تەنها واتا نابەخشن و لە هەمو بارێکدا بە وشەی پێش خۆیانەوە دەلکێندرێن ٠

٢ـ ئەگەر مامڵەت جودایی بکەین لە نوسینیان گەلێك وشەی کوردی بە دو جۆر دەنوسرێن وەك کە گوتت (دڵسۆز برادەرێکی دڵ سۆزە) دەبێ جارێکیان هەردو کەرتی (دڵ سۆز)ەکە بەیەکەوە بلکێن جاری دوەمیشیان لە یەکدی بترازێن ٠ ئەم هۆیەیان دەبێتە هێز بۆ هۆی یەکەم ئەخۆ بە تەنها زۆر گرنگ نییە ٠

ئنجا بەلای منەوە دەبێ ناوی کۆك و وشەی فەرهەنگی و وشە دارێژراوەکانی باس کراو هەمویان لە نوسیندا کەرتەکانیان بەیەکەوە بنوسێن ٠ نمونەی ناوی کۆك وەکو : کاکەڵڵا ، خوادای ، ئاوڕەحمان ، گەلاوێژ ، خەزەلوەر ، بنگرد ، سێوەسەن ، پێبازۆك ، بەکراوا ، چوارتا ، حەسەنکیف ، سەردەشت ، دۆڵەمۆمن ٠٠٠

نمونەی وشەی فەرهەنگی وەکو : جلدرو ، دارتاش ، چێشتخانە ، ئەخۆشخانە ، ئیستگە ، مامۆتك ، مامۆستا ، شێرپەنجە ، گوریسکێشەکێ ، سێباز ، کلکتەقێنە ٠

نمونەی وشەی دارێژراوی فاعیل وەك : دەسبڕ ، پیرەوکە ، دڵدەرەوە، شەرمهێن ، دەسکەوت ٠٠٠

نمونەی وشەی دارێژراوی مەفعول وەك : مەلاخۆرە ، دزنەبەرە ، ئاوشۆرك ، سەردڕ ٠٠

وشەیدیکەش هەن لەم بابەتە بونەتە ناوی ئالەت وەیا یاری وەیا هەرشتێکی‌دیکە بێ وەك : پارزۆنگ ، دەسگرە ، دەسشۆر ، پێمبەڕە ،

پانیکێش ، نانبرێشك ، ئەوانیش بە پێی دەستورەکە و دەستوری وشـەی فەرهەنگی دەبێ کەرتەکانیان بەیەکەوە بلکێن •

هەڵبەت وشەی وەك : لێنەر ، تێکبەستە ، پێکەڵ ، رایەخ ، پێخۆر ، پێخەف ، دانەر ، هەڵتەك کە هیچ کەرتێکیان بە تەنهـایی واتـا نابـەخشێ بەولاتەریقەوە دەبێ بەیەکەوە بنوسێن •

ناوی گشتی ئاوێتەی وەك (بن‌بەردەقیلە ، سەرهەڵقەنە ، سەربەکڵاوە ، قسەتێ‌نەوەستاو ، گوریسکێشەکێ) هەڵدەگرێ بەیەکەوە بلکێن و لە یەکدیش بترازێن بەمەرجێك کەرتەکانیان لەیەکدی نزیك بنوسرێن چونـکە ئـەم وشانە کۆمەڵێك کەرتی سەربەخۆیان تێدایە هەموشیـان دەقی خۆیانیـان پاراستوە • هەر لەم کولانەیشەوە دەتوانین بۆ وشەی وەك (بێ‌دین ، بەدین، لێ‌زان ، بۆچون•••) بڕۆین • ئەم وشانە دەچنە ڕیزی ئەو وشانەی پێشگر وەیا پاشگریان هەیە دەبێ بەیەکەوە بلکێن •

کێشەی پاشگر گەلێك ئاسانترە لە هی پێشگر و بەکورتی دەشێ بڕیار لەسەر ئەوە بدرێ کە هەرچی پاشگرە بە کەرتی پێش خۆیەوە بلکێ چ لـە فیعل و چ لە غەیری فیعلدا بێ وەك : ماڵدار ، دەوڵەمەند ، بەختیار ، هاتنەوە، هەڵستاو ، سوتاندن ، ڕەواندنەوە ، خنکێنراو ، بیـژۆك ، ئاگرۆچـکە ، پیاوەتی ، مەردایەتی ، پیاوانە ، کولکن ، گێژەن ••

هەرچی پێشگرە وەها مامسەلێن نییە ، بەڵام دەشێ نەختێك لەبـەر یەکی هەڵوەشێنین و بۆ ناوتوێژەکانی ببینەوە •

لە پێشەوە با قسە لە پێشگری فیعل بکەین :

کاتی خۆی ئەنجومەنی کۆڕ پێشنیاری کرد کە ئەو پێشگرەی یەکسەر دەکەوێتە پێش فیعلەوە پێوەی بلکـێت وەك : هەڵکەوتـن ، تێـبردن ،

دەرکەوتن، وەرگەڕان ، ڕاهێنان ، پێکەنین••بەلام کە لەمپەر هاتە نێوانیانەوە دەبێ پێشگرەکە جودا بکرێتەوە بەمەرجێك لە نزیك فیعلەکەوە بنوسرێت وەك : لێمانبورد ، هەڵیان نەدەگرت •••

ئەو لەمپەرەی کە دەکەوێتە نێوان پێشگر و فیعل یەکێکە لە سێشت :

١ــ ڕاناوی لکاو : وەك هەڵم گرت ، تێمان گەییشت ، دامان نا •

٢ــ پێشگرێکی دیکە : وەك لێ هەڵستان ، پێ تێکردن ، پێ لێکردنەوە••

٣ــ یەکێك لە نیشانەکانی ئەمر ، نەهــی ، نەفی ، مضارعــة ، وەك هەڵبستە ، تێ مەکە ، وەرناچەرخێ ــ وەرنەچەرخا ، هەڵدەگرێ •

ئەگەر لەمپەرەکە ڕاناو بۆ بە پێی دەستوری ڕاناوی لکاو دەبێ ڕاناوەکە بە پێشگرەکەوە بنوسێت و بەجۆتە لەنزیك فیعــلەکەوە بنوسرێــن وەك : هەڵم گرت ، دەرتاندا ، وەری گرت ، تێیانپەڕاند • هەڵبەت دەستورەکــە ناگۆڕێ ئەگەر گوترا (پێیاندادەنێرم ، تێیرادەڕۆم ، تێیەوەدەچین) بــەلام لە حالەتێکدا دەشێ هەردۆ کەرت لە یەکدی دور بخرێنەوە وەك کە بــڵێی (لێمەوە دیارە ، پێیانەوە ماندوە) کەرتەکان لە یــەکدی دور دەنوســیت • هۆیەکەش ئەوەیە کە لێرەدا فیعلی ئاشکرا پەیدا نییە ، پێشگرەکان کەوتونەتە بەرابی تاقمی ناو و دەوری حەرفی جەڕ دەبینن •

٢ ــ ئەگەر لەمپەرەکە پێشگرێکی دیکە بۆ یەکەمیان بەجودا لە نزیکەوە دەنوسرێ ئەوەکەی دیکەش بە پێی دەستوری گشتی بە فیعلەکەوە دەلکێت وەك : پێ هەڵگرتن ، لێ دەرهاویشتن ، تێ هەڵقوتان •

پێشگری لێکدراو هەمیشە دەبێ لە دۆرەوە بە جودا بنــوسرێ وەك (لێکرا هاتن ــ تێك هەڵقژان ــ پێکەوە ڕۆییشتن ــ پێکیانەوە هەلکردن•••)• حوکمی پێشگری لێکدراو وەك هی وشەی سەربەخۆیە تەنانەت وا دەبــێ

لەجێگەی وشەی سەربەخۆ بەکار دەهێندرێ وەك کە دەڵێ (جەژنت پیرۆز بێ ) ئەوی دیکەش دەڵێ (پێکمانەوە •• ) •

٣ ــ ئەگەر لەمپەرەکە یەکێك لە نیشانەکان بۆ •

یەکالا کردنی ئەم گرفتە پێوەندی بە هێزی بە ڕێزمانی کوردی و بە فیلۆلۆجی کوردییەوە هەیە • کاتی خۆشی کە لە ئەنجومەنی کۆڕ ئەم باسە هاتە ناوەوە زمانناسەکانی کۆڕ بە وردی و بە هەناسەی درێژەوە لێکۆڵینەویان تێدا کرد • بەش بە حاڵی خۆم ئەوسا و ئێستاکەش بەدوای تیشکێکی ناوەکی زمانەکەمانەوە بوم لە پێشنیار کردنی بیروڕای گرفتڕەوێنەوەدا •

ورد بونەوە لە سروشتی ئەو نیشانانە جوداوازیەکی بنجی ڕەچاو دەکا لە نێوان ئەوان و پێشگردا : هەرچی پێشگرە وشەیەکی سەربەخۆی واتا ناتەواوە لە لاوە بۆ بەرایی فیعل دێت و تێکەڵ بە تەکوینی دەبێ ، تەنانەت پێشگر هەیە واتاشی هەیە وەك (بەر ، دەر••) هەرچی نیشانەکانن بە شێوەیەکی بنجیتر لە پێكهێنانی فیعلەکە بەشدارن تا ئەوەی دەشێ بگوترێ بەشێکی بنەڕەتین لە فیعلەکەدا بە تایبەتی نیشانەی (مضارعة) و نیشانەی ئەمر • ئەگەر سەلیقەی هەستی فیتری لە دەستنیشان کردنی پلەی نزیکی ئەو نیشانانە لە فیعلەوە بەکار بهێنین دەتوانین بڵێین بەم جۆرەی خوارەوە ڕیز دەبن :

١ــ پلەی یەکەمی نزیکی لە فیعلەکە هی نیشانەی (مضارعە)یە ، وەك : دەچێ ، دەکا ، هەڵدەستێ ، دەنوسین •

٢ــ پلەی دوەم هی نیشانەی ئەمرە ، وەك : بگرن ، بڕۆ ، بنوسین ••

٣ ــ پلەی سێیەم هی نەهیە وەك : مەبێژە ، مەنوسن ، نەکەین •

٤ ـ پلەی چوارەم هی نەفیە وەك ناشێوێن ، نەبزوتن •

لە نیشانەی مضارعە و ئەمر دا هەرچی هەبونی سەربەخۆ هەیە نادیارە • تا ڕادەیەك نیشانەی نەفی لە زیهندا بەسەربەخۆیی جلوەیەك دەبەستێ بەتایبەتی کە دەچێتە سەر غەیری فیعل و وشەی نوێ پەیدا دەکات وەك ناشیرن ، ناپوختە ، نەمێرد ، لە مەتەڵی فۆلکلوریدا هەیە دەڵێ : چۆمە سەر نەگڵ نەبەردەکی ، بانگم کردە نەژن نەمێردەکی ، گوتم ئەو نەگا نەکەرەی دەرکە لەو نەگەنم نەجۆیە ••

لە کوردیدا فیعلی ڕابردو بنەمای فیعلەکانی دیکەیە چونکە بەلادانی تونی چاوگ پەیدا دەبێ و هیچی زیادی پێوە نییە • لە ئینگلیزیدا ڕیزەی مضارع بنەمایە و ڕابردوی لێوەردەگیرێ بەپێچەوانەی کوردی کە مضارع لە ڕابردوەوە وەردەگیرێ • ئەمریش لە مضارعەوە دێت چونکە ئەگەر نەزانیت ڕێژەی مضارعی فیعل چییە نازانی ئەمرەکەی چییە بەڵگەش لەوەدا ڕێژەی ئەمری (مۆول)ە کە یەکسەر لە مضارعەوە وەردەگیرێ • دەڵێی : دەڕۆیت ، بڕۆیت ــ دەژیت ، بژیت • هەرچی ئەمری صریحە لە ڕێژەی مضارع و ئەمری (مۆوەل) دەترازێ وەك : دەخۆیت ، بخۆیت ، بخۆ ــ دێیت ، بێیت ، وەرە ــ دەکوژیت ، بکوژیت ، بکوژە •• ئەم باسەی هاتنی فیعل لە فیعلەوە درێژەی زۆرە بە ناچاری وازی لێ دەهێنم •

ئەمریش پێش نەهی دێت چونکە نەهی ڕێ لە ئەمر دەبڕێتەوە ، تەنانەت دەستوری فیقهی و قانونیش سەلماندویەتی کە حەرام بون بەسەر حەلاڵ بوندا دێت • وەك دیاریشە نەفی دەکەوێتە بەرانبەر ڕابردو و مضارع نەهیش دەکەوێتە بەرانبەر ئەمر ، لەوەوە من بۆ ئەوە دەچم کە نیشانەی مضارعە هەر تەنها ڕاگەیەنی کات نییە بەڵکو ئیجابییەتیش لە فیعلەکەدا پێك دەهێنێت بۆیە لەگەڵ نیشانەی نەفیدا کۆ نابێتەوە • ئەگەر تەنها ڕاگەیەنی

کات بوایە و ڕۆدانەکە لە تەنها وشەی فیعلەکەوە بوایە نیشانەی مضارعــە لەگەڵ نەفیدا کۆدەبۆوە • دیارە نیشانەی ئەمریش ، کە داخوازییە ، لــەگەڵ نەهی ، کە نەهێشتنە ، کۆ نابنەوە • بۆیە ناگوترێ (نادەڕۆم ، نــادەکەیت) ناشگوترێ ( مەبڕۆ ، نەبکەین •• ) •

لەم وردەکارییەوە دەگەم بە پێشنیاری چۆنیەتی نوسینی ئەو فیعلەی کە لەمپەری نیشانە دەکەوێتە بەینی خۆی و پێشگریەوە ، هەر وەها چونیەتی نوسینی ئەو نیشانانە کە لەمپەر دەکەوێتە نێوان خۆیان و فیعلەکەیانەوە •

وەهام بەبیردا دێ ، کاتی خۆی پێشنیاری کۆڕ فەرقی کرد لە نێــوان ئەوەی نیشانەکە خۆی ببێتە لەمپەر لەگەڵ ئەوەی لەمپەر بکەوێتە نێــوان فیعل و نیشانەکە : کە نیشانەکە لەمپەربو پێشگرەکە بە جــودا بنوسرێ و نیشانەکەش بە دەقی خۆی لەگەڵ فیعلەکە بمێنێتــەوە وەك : هەڵبــگرە ، دەرمەپەڕە ، تێ ناکەوێ ، لێ نەپرسێتەوە ، تێ نەگەیشت • کە لەمپەریــش کەوتە نێوان نیشانە و فیعلەکە تێکڕایان بەیەکەوە بلکێن وەك : دەمدوێنێ ، ناتداتێ ، نەیگرتیت ، بیانبینە ، بیانبینێت ، مەیانشکێنەوە ، دەتخوێنــد ، بتکردبایە ، نەتکردبایە • کە نیشانەش قرتا پێشگر بەفیعلەوە بلکێ وەك : هەڵگرە ، تێکە ، پێکەنە ••

ڕای من ئەوە بو ، ئێستاش هەر وەهایە ، کە ئێمە زانیمان ئەو نیشانانە وەك بەشێکی فیعلەکانن پێویستە لە هیچ بارێکدا لەیەکدی جودا نەبنەوە وەك : هەڵدەستێ ، تێناگا ، لێکاتەوە ، وەرمەگێڕە ، دەرقەچین ، هەڵنەچو • بەڵام کە پێشگرەکە لێکدراو بو ناشێ بە نیشانە و فیعلەکەوە بلکێت چونکە گوتمان وەك وشەی عادەتی سەربەخۆی لێهاتوە وەك تێکڕا نەهاتن ، پێکەوە بڕۆن ، تێك ناگەن ، لێکەوە دێن •• بەلای منەوە ئەمە بڕیاری مەتنیقە بەڵام بەرهەڵستیم نیيە لەوەدا بەناوی سوككردنی ڕێنوس و کــەم کردنــەوەی

دەستورەکانی بڕیار بدرێ هەر لەمپەرێکی بێتە دوای پێشگرەوە لە فیعلەکەی جودا بکاتەوە ، ئەگەر دەستوری لەمەشیان سوکتر پەیدا بێ بەویشیان ڕازیم •

حاڵەتێك هەیە دوو نیشانەی تێدا کۆدەبێتەوە ئەویش ڕابردووی بەردەوامە لە حاڵەتی نەفیدا • دەگوترێ : نەدەهات • لێرەدا (دە)ی مضارعە بۆتە ماڵی ڕابردوو ، هەرچی ڕابردووشە پێویستی نییە بە هۆی نیشانە ئیسپاتی پەیدا بوونی خۆی بکات چونکە ڕوودانی ڕابردوو ، بە اصطلاح ( أمر واقع)ە ، لە حاڵەتی ڕوونەدان وەیا خۆزی خواستن ڕابردوو پەکی لەسەر نیشانە دەکەوێ وەك : نەهات ، کاشکی بچومایە •• بۆیە ئەم (دە)یەی (مضارعة) لە ڕابردووی بەردەوامدا لایەنی ئەو ئیجابییەت و ئیسپاتەی کە لە مضارعدا دەیبینین پەکی کەوتوە و هیچ سەیر نییە لەگەڵ نەفیدا بێت • ڕێژەی فیعلی ڕابردوو لە کوردیی سەروو و خوارودا جارێکیدیکەش لایەنی (امر واقع) بوونی خۆی لەوەدا دەردەخات کە بۆ نەفی نیشانەی (نەهی) مضارع بەکار دێنێت : هەر وەك لە نەهیدا جەزم و بڕیە هەیە لە ڕابردووشدا دڵنیایی و یەقینی ڕوودان و ڕوونەدان هەیە چونکە ڕوودان و ڕوونەدانی شتی لەمەوبەر لە ڕووناکیدایە وەك ئایندە نییە لە گومانی بوون و نەبووندا بێت • تۆ کە گوتت ( دوێنێ هاتم ) لەوانەیت لە صەدی صەد ڕاستت کردبێ ، مەگەر مەبەستت هەڵفریواندن بێ، بەڵام کە دەڵێی (دوای سەعاتێك دێم) لەوانەیە هەر پێتنەکرێ بێیت چونکە مەعلوم نییە دوای یەك چرکەی سەعات چی دەقەومێ • وا دەزانم ئەمەیە هۆی بەکار هێنانی نیشانەی زێدە بەهێزی (نە) لە ڕابردوودا • سەیری چۆن (نەخۆش) لە (ناخۆش) بەهێزترە وەیا کە دەڵێی ئەم مایِنە (نەزۆکە) دڵنیایت لەوەی هەرگیز نازێ وەك ئەوەی کە گوتت (نەزا) دڵنیایت لە نەزانەکە بەڵام کە گوتت (نازێ) ڕەنگە بەهەڵەدا چوبیت چونکە لەوانەیە بزێ • گوێگری بەڕێز بمبورێ لەم درێژە پێدانەی لایەنی لێکۆڵینەوەی سەر بە فیلۆلۆجی کە دێم هەندێکی وەختە بەرخەکەی دەکەمە قوربانی تۆزە تروسکەیەك بۆ

ڕۆناك كردنەوەی ڕێزمانە بەنرخترەكەی بایی ئەوەی لێكدانەوە و توێژینەوەی شەخسی یارمەتی دابێتم •

وشەیەكی‌دیكەی نەفی هەیە بە ڕواڵەت (نە)یە عادەتیەكەی نــەهی و نەفیە كەچی لە ڕاستیدا نیشانە نییە بەڵكو ئامرازی عەتفە و نەفی تێدایــە عەتفەكەشی لەوەوە دیارە كە وشە وەیا ڕستە بەیەكەوە دەبەستێتــەوە وەك (نە دارا نە دلێر هیچ كامیان ناخوێنن ــ نە دێم نە دەڕۆم •• ) (نە بكەی نــە بخۆی تەماشای سای گەردەنی بكەی ــ فۆلكلۆر ــ ) • هەر چونــكە بۆ نەفی نییە لەگەڵ نیشانەی ئەمر و مضارعەتدا كۆ بۆوە • بە وردبونەوەش دەردەكەوێ ئەم (نە)یە وەكو (لم ، لما)ی عــەرەبی ، لــە مەعنــادا ، كاری مضارع دەكاتە رابردو چونكە كە دەڵێی (كابرا نە دەخوا نە دەخواتــەوە) باسی حاڵەتێكی وەها دەكەیت كە لێرە بەپێشەوە مەعلوم بــوە ، تەنانــەت ئەگەر مەبەست لە ئێستا بەدواوەش بێ بە هۆی یەقینێك كە لە رابردودا بۆت پەیدا بوە بە دڵنیاییەوە نەفیەكە دەكەیت • ئەم (نە)یە لە جێی nor و neither ی ئینگلیزییە كە شێوەی نەفی or و either ن • (نە)ی كوردی شێوەی نەفی (یان)ە وەك كە دەڵێی (یان دێت یان دەچێــت) كــە لەوێشدا دڵنیایی هەیە ، ئەگەر نەبێ دەڵێی (دەشێ ، ڕەنگە ، ڕێی تێدەچێ ، مومكینە بێت و نەیەت ) • ئەم (نە)یە وەك وشەی سەربەخۆ بە جودا و دوور لە وشەی‌دیكە دەنوسرێ •

پێشگر حیسابی‌دیكەشی تێدایە :

١ ــ پێشگر هەیە دەشێ لە ڕستەدا ناوی زەرف بێت و دەشی پێشگری ئاسایش بێت وەك (دەر ، بەر) • بە نمونە كە گوتت (نیــوەم بەركەوت ، مەلەكەم بەردا ••) لەمانەدا (بەر) پێشــگرە چونــكە نــاشێ ڕســتەكان هەڵوەشێنەوە و (بەر) ڕاگوێزرێت بۆ شوێنێكی دیكە و بارێكی‌دیكە لــە

ڕستەی تازە هەڵنراودا واتە ناتوانی بڵێی (بەری مەلەکەم دا ، بەر نیوەم کەوت) بەڵام کە گوتت (لە ڕێگەکە بەر کەوت) لێرەدا (بەر) زەرفە نەك پێشگر بۆیە دەکرێ بڵێی (کەوتە بەر ڕێگە) •

٢ ــ هەندێ وشەی (ناوی زەرف) هەن وەك (سەر ، ژێر ، پێش ، پاش ••) خەریکن بەرەو پێشگری دەڕۆن و وشەی فەرهەنگی تازە دروست دەکەن وەك (سەرکەوتن ، ژێرکەوتن ، پێشکەوتن ، پاشکەوتن) لەگەڵ ناودا وەك (پاشدز ، پێشدەستی ، ژوورخان ، ژێر زەمین ) •

پێشگربونی ئەم وشانە لەو تەرزە لێکدرانەدا بەوە مەعلوم دەبێ کە ئەگەر وشە لێکدراوەکانت لەبەریەك هەڵوەشاندن واتاکەی دەدۆڕێنێت بە نموونە کە گوتت (چومە ژێری زەمینەکە) تۆ نەچویتە (ژێر زەمین) وەیا کە گوتت (کەوتمە سەر دارەکە) تۆ (سەرنەکەوتویت••) •

٣ ــ وشە هەیە ناوی گشتییە بەڵام شێوەی پێشگری وەرگرتوە • لە هەموان گونجاوتر وشەی (سەربڕین)ە کە بەتەواوی جێی (کوشتنەوە)ی گرتوتەوە وەك کە دەڵێی (بەرخەکەم سەربڕی) • تۆ کە گوتت (سەری بەرخەکەم بڕی ) نەتکوشتوتەوە ڕەنگە نەختێکت بریندار کردبێ • وشەی ( دەستبڕین ) بەواتای فێڵ لێکردن هێندەی ( سەربڕین ) نەبۆتە وشەی فەرهەنگی چونکە دەشێ لە ڕستەدا هەڵوەشێتەوە وەك کە دەڵێی ( دەستی کابرای بڕی) دەشتوانی بڵێی (کابرای دەست بڕی) •

٤ ــ وشەی ( پێکردن) بەواتای داگیرساندن لە بنەڕەتدا (بە ئاگر کردن)ە ، تا ئێستاش دەگوترێ (چراکە بە ئاگر کە) بەڵام پێشگرەکە لەگەڵ فیعلەکەدا وەها جۆش خواردو بوە دەتوانی بڵێی (چراکە بە ئاگر پێکە نەك بە کبریت) • بە زۆریش (پێکردن) بەکار دێت نەك (بەئاگر کردن) •

پێشگرەکانی (پێ ، تێ ، لێ) لە پرپۆزیشنەوە هاتون : (پێ) لە

پرپێۆزیشنی (بە)وە هاتوە ، بە نمونە دەڵێی (بە دارام گوت) کە ناوی دارات لادا دەڵێی (پێم گوت) (بەهەموانم ڕاگەیاند ـ پێیانم ڕاگەیاند) •

(لێ) گۆڕاوی (لە)یە وەك کە دەڵێی (لە کێشەکە دوام ـ لێی دوام ، ڕەخنەم لە تۆ گرت ـ ڕەخنەم لێگرتی••)•

وا بزانم (تێ) دوو سەرچاوەی هەیە ، یەکێکیان هەمان (لە)یە کە گوتم (لێ)ی لێ کەوتۆتەوە • دەڵێی (تفەنگم لە نیشانە گرت ـ تفەنگم تێگرت ، ئاردم لە جەواڵکرد ـ ئاردم تێکرد) • ئەوی دیکەیان وشەی (توێ ـ تێو)ە کە لە بنەڕەتدا یەك شتن • لە فارسیدا وشەی (تو) باوە وەك کە دەڵێ (تودلت) واتە (ناوی دلت ، تێوی دلت) • لە ناوچەی دامەنی بیتوێن و بەری مەرگە و بنگرد گوێم لێبوە دەڵێن (دەچێتە تێویەوە ـ بە واتای دەچێتە ناویەوە) • ئەم پێشگرەی (تێ) کە لە (تێو ، توێ)وە هات نایێتەوە (لە) وەك کە گوتت : (وەها تێماوم پەشۆکاوم ـ بەچاکی تێوەستاوە جوڵەی بۆ ناکرێ) هیچ هەڵوەشاندنەوەیەك نایانباتەوە بۆ (لە) • ئەگەر (تێدامان ، تێداوەستان) بێت دەچێتەوە بۆ (لە) • ڕەنگە بەشێکی زۆری ئەو وشانەی بە پێشگری (تێ) دەست پێدەکەن (تێ)کەیان یەکسەر لە (تێو ، توێ)وە هاتبێت بەڵام لە هەڵوەشاندنەوەدا بشێ واتاکەی بە پرپێۆزیشنی (لە) لێبدرێتەوە چونکە (لە)ش زەرفییەتی تێدایە وەك (تێو ، تێ) • بە نمونە دەشێ (تێکردن) بە (لە ئەودا کردن) تەفسیر بکرێ • زۆریش ئاشکرایە پێشگری (تێ) کە لەگەڵ فیعلێکدا پێکەوە زەرفییەت پەیدا دەکەن مومکینە بە دەستەواژەی (لەناو) بگۆڕدرێتەوە وەك (تێهاویشتن ـ لەناو هاویشتن ، تێکردن ـ لەناو کردن ، تێوەردان ـ لەناو وەردان) بەڵام (نیشانە تێگرتن) نایێتە (نیشانە لەناو گرتن) چونکە لە (تێگرتن)دا زەرفییەت نییە ، نمونەی ئەمەش زۆرە وەك کە گوتت (تێبوون ، تێوەرپێچان ، تێبەستن) ناکرێنە (لەناوبوون ، لە ناو وەرپێچان ، لە ناو بەستن ••) • بە هەمە حاڵ

ئەم وردبونەوەیەش پتر لەگەڵ فیلۆلۆجی خزمە ، لابەلایی دەگاتەوە ڕێنوس بەڵام بێ گومان هەمو وردبونەوەیەك پرشنــگ بۆ دەوروبــەری خــۆی دەهاوێژێ • هەر ئەم تەرزە وردەکارییەش بو کاتی خــۆی لیژنەی زمان و زانستەکانی گەیاندە ئەو ڕاستییە کە تەنها سێ پێشگری (تێ ، لــێ ، پێ) دەست دەدەن لە بەرایی پێشگری دیکەوە بێن و بین بە دو پێشگری یــەك فیعل هۆبەکەش دەگەڕێتەوە بۆ سیفەتی پرپێۆزیشــن لە هەرسێکیــاندا • پێشگری (پێ) پێــش (لێ ، تــێ) دەکەوێتــەوە وەك (پێ‌لێکردنــەوە ، پێ‌تێکردن) • پێشــگری (لێ)ش پێش (پــێ ، تــێ) دەکەوێتــەوە وەك (لێ‌پێکەوتن ، لێ‌تێگەیشتن) • هەرچی پێشگری (تێ)یە ناتوانێ پێش (پێ ، لێ ) بکەوێتەوە • هیچ کامێکیش لە پێشگرە عادەتیەکانی وەك (هەڵ ، دا ، وەر) نایەنە پێش پێشگری‌دیکەوە •

پێشگرە پرپێۆزیشنەکانی (پێ ، لێ ، تێ) کێشەی‌دیکەشیان هەیــە : دەگوترێ : پێوە بون ، لێ وەبون ــ پێدا هاتن ، پێ داهاتن ــ پێڕا هاتن ، پێ ڕاهاتن •

بە ڕواڵەت پێشگرەکان هەریەکە دو شێوە نوسینی هەیە ، جارێکیــان دویان پێکەوە دەنوسرێن جارێکیشیان لێك دەترازێــن • ئــەم رواڵــەتە ساغ کردنەوەی دەوێ •

کە دەڵێی (پێدا چون ، تێدا ژیان) لەمانەدا پێشگرەکەی (دا) نییــە هاتوتە دوای (پێ ، تێ) بەڵکو تەواوکەری پرپێۆزیشنی (بە ، لە)یە هاتوتە دوایانەوە (بە هەولێردا تێپەڕین ــ پێدا تیپەڕین) (لە هەولێردا ژیان ــ تێدا ژیــان ) •

هەروەهاش تەواوکەرەکانی (ڕا ، وە) کە بەڕواڵەت لەگەڵ پێشگری (ڕا ، وە) یەك شتن لە حوکمدا زۆر جودان • کە دەڵێی (تێڕا ڕۆیشتن ــ

لێوه نوّڕین) دوّ تەواوکەری پرێپوزیشنت بەکار هێناوه کە دەبێ بە پێشگرەکانەوه بلکێن و هەردوّیان بەجودا دوّر لە فیعلەکەوه بنوسرێن ، بەلاّم کە گوتت (تێڕامان ، لێوەکردن) بە دوا پێشگری (تێ ، لێ)دا دوّ پێشگری (ڕا ، وه)ت بەکار هێناوه کە دەبێ بە پێی دەستوّری لێره بەپێشەوه باس کراو (تێ ، لێ) بە جودا و لە نزیك پێشگرەکەی دیکە و فیعلەکەوه بنوسرێن • لێرەدا پێشگری ( وه ) لە وشەی (وەکردن) پاشگره مەشوّرەکەی (ەوه ـ هاتنەوه ، کردنەوه•••)یه لەم لەهجەیەدا بوّ بەرایی وشە هاتوه • کەواته ئەم (وه)یه ئەگەر تەواوکەری پرێپوّزیشن بوّ به پرێپوّزیشنەکەوه دەلکێت ، ئەگەر پێشگریش بوّ لە نزیك فیعلەکەوه دەنوسرێت ـ ناڵێم پێوەی دەلکێت چونکە لە نوسیندا هەڵناگرێ بەدوا خوّیەوه بلکێ •

زوربەی نوسەران و زمانناسان ، ئەگەر نەڵێم هەموّیان ، وادەزانن (ڕا)ی فیعلی (ڕاکردن) پێشگره مەشوّرەکەی (ڕاهاتن ، ڕاگوێستن )ه بەلاّم ڕاستییەکەی لە (ڕا کردن)دا ئەم (ڕا)یه کورت کراوەی وشەی ( هەڕا )یە بە واتای (غاردان) • بەڵگەی ئەمەش کەم نییە :

١ ـ تا ئێستاش ( هەڕا کردن ) لە ئاخاوتندا باوه •

٢ ـ لەگەڵ hurry ئینگلیزی خزمە هەم لە واتادا و هەم لە شێوەدا • وا دەزانم وشەی (خێرا)ی کوردیش هەر هەمان (هەڕا)ی کوردی و hurry ئینگلیزی بێت ، وەك دەزانین گوّڕانی دەنگی (خ) به (هـ) وەیا (هـ) به (خ) لە کوردیدا ڕەچاو دەکرێ وەك کە وشەی (خوّر ، هوّر)یەك شتن ، وشەی (هەر)ی کوردیّ و (خەر)ی فارسیش یەك شتن •

٣ ـ بەعادەت پێشگر فیعلی تێپەڕ ناکاتە تێنەپەڕ فیعلی تێنەپەڕیش

ناکاتە تێپەڕ کەچی (ڕا کردن) بە واتای غاردانـە و تێنەپـەڕە (کردن)یش تێپـەڕە •

٤ ــ بابەتی مەتەڵی فۆلکلۆری هەیە دەڵێ (قوندەکە قوندەکە لـە سەربانان هەڕا کە بۆقە و پێت ناڵێم ••) • دیارە (هەڕا کردن) لە کۆن و نوێدا باو بوە • کەواتە دەبێ ئەم (ڕا)یە لە وشـەی (ڕاکردن)دا لە دوری فیعلەکەوە وەك وشەیەکی سەربەخۆ بنوسرێت •

وشە هەن لەو پێشگرە پرپیۆزیشنانە داکەوتون وەك (لێزان ، لێهاتو ، پێخەف ، تێچێن) لە کۆنەوە باو بوٚن هی نوێشیان چۆتە سەر وەك (پێنوس ، پێناس) دەبێ هەردو کەرتیان بەیەکەوە بلکێن • تەواوکەری ئـەو تـەرزە پێشـگرانەش وەك (پێدا ، تێڕا ، لێوە) هەمویان لەیەك حوکمدان دەبێ بـە پێشـگرەکانیانەوە بلکێن • زوربەی نوسەران تەواوکەری (دا) دەلکێنن و نالکێنن ئەوانیدیکە هەمیشە دەلکێنن : ئەم مامڵەت جوداییە بێجێیـە و بەسەر هیچ بنجێکەوە هەڵناوەستێ • دەبێ هەمویان بلکێن وەك :

لە ڕاستیدا

لە کەرکوکڕا

بە سەروماڵەوە

لێدا ، تێدا ، پێدا ، پێڕا ، تێڕا ، تێوە ، پێوە ، لێوە ، تێـکڕا ، تێکدا ، لێکەوە ، پێکەوە ، لێکترەوە ، پێکترەوە •• وشەیەك هەبو تا بیست ساڵێك لەمەوبەر ، بە تایبەتی لە نێوان مەلایاندا ، باو بو هەر دەڵێی لە بیران چۆتەوە ئەویش وشەی (لەوڕا)یە بە واتای (چونکە) • ڕەنگە وشەکە کورت کراوەی (لە ئەوڕا) بێ • ئەگەر ژیایەوە دەبێ ئەویش بەسەریەکەوە بنوسرێ•

ئێستا باسی چۆنیەتی نوسینی وشەی وەك (بەپارە ، بێدین ، لەبـار )

بەدوا ئەوانیشدا (بۆچون ، بۆهاتن) دەکەین کە هەمویان پریپۆزیشنیان لـــە پێشەوەیە •

ئەم وشانە وەك (جلدرو ، دلسۆز••) نین کە کەرتی دوەمیان بەتەنهایی واتا نابەخشێ ، لەبەر ئەمە ناشێ یەکسەر دەستوری ئەوانیان بۆ ڕاگوێزین•

بەلای منەوە نوسینی ئەم وشانە کە هەردو کەرتیان یەك واتای سەرانسەر ببەخشن دەبێ هەردو کەرتیان لەیەکدی نزیك بنوسرێن و ئەگەر پیتەکانیان دەست بدەن بەیەکەوە بلکێن • وەك دیارە ئەم وشـــانە ئەگەر لە غـــەیری فیعـــلەوە هەلستن ئاوەلناو پێك دێنن و پلەی خوار و زۆریان دەبـــێ وەك (بەدینتر ، هەرەلەبار ، بێحالترین) ئنجا کە ئەمە وەها بێ دیارە لەم شێوە بەکار هێنانەیاندا لە ڕادەی تاکە وشەی واتادارن کە دەبێ هەمو پیتەکانی بەیەکەوە بلکێن • بەلام کە لە ڕستەدا وشەکە هەلوەشایەوە بـــەیەکەوە لکانەکـــەش کوتایی دێت وەك کە بلێی (ئەم دنیایە بێ دین ڕاناوەستێ ــ ناتوانم بێپارە خانو بکەم ــ لە بارێکیدیکەدا جورێکیدیکە دەدوێم •) ئەم ڕاستییە هۆیەك بۆ لەوانەی کاتی خۆی لە ئەنجومەنی کۆڕ پێشنیارم دەکرد کە وشەی وەك (جلدرو ، دلسۆز••) هەمیشە بەیەکەوە بلکێن چونکـــە هەلوەشاندنـــەوە هەلناگرن •

وشەی (بۆچون ، بۆهاتن) و هی وەك ئەوان کە پریپۆزیشن هاتـــۆتە بەرایی چاوگیانەوە ڕێ دەدا نەختێك لە سروشتی ئەم (بۆ) یە بکۆلینەوە • بەدوا ئەوەدا برا چوکەلەیەکیشی هەیە کە دەبێ باس بکرێ• هاتنی پریپۆزیشن لە بەرایی چاوگ و تێکڕای بەرەی ناودا شتێکی ئاسایییە وەك (بۆ فرۆشتن دار دەکڕم ، بە خوێندن سەر دەکەویت ، لە زانینەوە دەدوێ ••) بەلام لە نێوان پریپۆزیشنەکاندا تەنها (بۆ) بەڕاشکاوی دەتوانێ بهێتە بەرایی ڕاناوی لکاوەوە وەك (بۆت بە پەرۆشم ، بۆیان دەنێرم ، بۆم دەنوسێ ••) لەمەشدا

ڕەفتاری (پێ ، لێ ، تێ) دەکات کە ئەوانیش لە پرێپۆزیشنەوە بۆنەتە پێشگر • پرێپۆزیشنی عادەتی دەچێتە بەرایی هەمو ئەو وشانەی کە لە تاقمی ناون وەك ناوەڵناو و ڕاناوی کەسی نەلکاو و ناوی ئیشاری و ژمارە و دەستەواژەش بەڵام هەرگیز ناچێتە بەرایی ڕاناوی لکاوەوە ، (بۆ)ش بە بێ‌واسیتە ناچێتـە بەرایی فیعلەوە : دەڵێی (هەڵفری ، داکەوت ، لێکەوت ، بەربو) بەڵام ناتوانی بڵێی (بۆ هات ، بۆ ڕۆیشت) مەگەر ڕاناوێکی لکاو بێتە جەمسەری بەیەکەوە گەییشتنی (بۆ) و فیعلەکە وەك : (بۆمان هات ، بۆیان ڕەخسا•••) • لەمەوە دەردەکەوێ پرێپۆزیشنی (بۆ) نابێتە پێشگری تەواو • سەرنج دەری دەخات ئەم (بۆ)یە لە هەمۆ ڕوێیەکەوە ڕەفتاری (برای)ی فارسی دەکات کە ئەویش دەچێتە پێش ڕاناوی لکاوەوە نەك فیعل ، لە واتاشدا یەکجار نزیکی (بۆ)یە • لەمەش زیاتر ، هەروەك (بۆ) دەتوانێ پرێپۆزیشنی (لە) بە خۆیەوە بگرێ (برای)ی فارسیش پرێپۆزیشنی (از) بە خۆیەوە دەگرێ کە بە واتای (لە)یە• دەڵێی (لە بۆ) فارسیش دەڵێن (ازبرای) • شێوە ئاخاوتنی کوردی هەیە لـە جیاتی (لە بۆ) دەڵێ (ئەڕا) کە ئەویش دەچێتە پێش ڕاناوی لکاوەوە •

بەهەمە حاڵ ئاسان نییە بڕیار بدرێ لەسەر ئەوەی ئایا وشەی ( بۆ ) لە چییەوە هاتوە و بنەمای چی بوە • ئەو نزیکییـەی لە نێوان (ازبرای) و (ئەڕا)دا هەیە لە ڕۆی شێوەوە لە نێوان (لە بۆ) و هیچ کامێکیاندا نییـە • ساغ‌کردنەوەی پرسیارەکە تێ‌هەڵکشانی بەرەو مـێژۆی کۆنی زمـانی کوردی گەرەکە ، بە تایبەتی لە ڕۆی بەراوردکردنی وشەکە لەگەڵ ئـەو وشانەی شکڵی کۆنیان پارێزراوە و لەو نزیکن • هەرچۆنێك بێ پێویستە لە نوسیندا وشەی وەك (بۆچۆن ، بۆهاتن) هەردۆ کەرتەکەی بەسەریەکەوە بن نەك (بۆ) یەکە دۆر بخرێتەوە • وەك دیاریشە (بۆ) لە کۆنەوە لـەگەڵ چاوگدا وشەی نوێی دروست‌کردوە ، ئەویش بە دەگمەن : نەبیستراوە لێرە بەپێشەوە (بۆ) لەگەڵ وشەی غەیری چاوگدا هاتبێ • لەبەر ئەمە وا دەزانم

وشەی (بۆناو) بە واتای (ڕاناو ــ ضمیر) کە بەو دوایی‌یە داتاشراوە لە ڕاستە دەستوری وشەسازی کوردی لا داوە ، خۆ وشەی (ڕاناو) بە هیچ جۆرێك لە هیچ دەستورێکدا ڕەوا نییە چونکە کەرتی (ڕا) ئەگەر پێشگرە ناسراوەکەی (ڕاهاتن ، ڕاگوێستن ، ڕادان..) بێت هەرگیز ناشێ لەگەڵ ناودا بێــت ، ئەگەر کورتکراوەی (ئەڕا)ش بێ پێویستە بگوتری (ئەڕای ناو) (ڕای ناو) بەتەواوی وەك ( از برای نام ، برای نام ). ئەوەی ئاشکرایە ( بۆناو ) و (ڕاناو) لە وشەی Pronoun ەوە وەرگێڕداونەتە سەر کوردی • لە (پرۆناون)دا کەرتی (پرو ــ Pro ) بە واتای (بەرەو)ی کوردی دێت ، دیــارە noun ەکەش بە واتای (ناو)ی کوردییە • بەو پێیە تەرجەمەی وشەکە بۆ کوردی دەبێ بیکاتە (بــەرەو ناو) هەتــا بشلێی لــە وشــەی Pronoun ەوە نزیکە •

برا چۆکەلەکەی (بۆ) پرێپۆزیشنی (بێ)یە کە ئەویش لە هەندێ باردا دەشێ ڕاناوی لکاو بە خۆیەوە بگرێ وەك کە دەگوترێ (بێت نازیم ــ بێمان هەڵناکەن ..) وەك بزانم لە پەراوێزێکی زێدە تەسکدا و لە تەنها حاڵــەتی نەفیدا ئەم (بێ)یە هەندێ ڕاناوی لکاو بە دوا خۆیدا دەهێنێ • ئەمە لــە لایێکەوە ، لە لایەکی‌دیشەوە (بێ) وەکو (بۆ) دەتوانێ پرێپۆزیشن بخاتــە پێش خۆیەوە وەك (بەبێ پارە سەفەر ناکرێ ، بەبێ ترس هاتە دوان..) • سەرەڕای ئەمە دەتوانێ پرێپۆزیشن بە دوا خۆشیدا بهێنێ وەك (بێ لەم جارە دوو جاری دیکەش هاتوم ). بۆیەش دەڵێم (بێ) پرێپۆزیشنەکان بە پێش و پاشی خۆی دەبەخێت :

١ ــ دەتوانرێ (بە) فڕێ بدرێت و لە جیاتی (بە بێ پارە) بگوترێ (بێ پارە)•

٢ ــ ئەو ڕستەیەی کە تێیدا لەگەڵ (لە) کۆ دەبێتەوە بەر حوکمی (بێ)یە هەرچی (لە)یە یاریدەدەری تەواوکردنی واتای (بێ)کەیە ، بە نموونــە

سەرنج بدە ئەم دوو ڕستەیە (بێ تۆ داراهات ــ بێ لە تۆ داراش هات..)

لە لایەن چۆنیەتی نوسینیانەوە دەبێ هەردوو پریپۆزیشن بە جودا و لــە یەکدی دوور بنوسرێن نەکا خەیاڵ بۆ ئەوە بچێ کە ئەمــانە پریپــۆزیشنی لێکدراون • دیارە کە ڕاناوی لکاویشیان بە دوادا هات دەبێ پێیانەوە بلکێ هەرچەند مەعلومیشە (بۆ) ڕێ نادا شتی لە دواوە پێوە بلکێ ، ئنجا لەگەڵ ڕاناوەکەدا دوور لەوشەی دوای خۆیانەوە بنوسرێن •

زۆر جاران نوسەر و ئاخێوەری کوردی وا دەزانێ وشەی وەك ( پێ لێ‌هەڵبڕین ، پێ لێنخستن ، پێ لێنان ، پێ شێل کردن...) بە پێشگری (پێ) دەست پێ‌دەکەن ، کەچی ئەم (پێ)یە بە واتای (قدم)ی عەرەبییە و ناوێکی عادەتییە • لەبەر ئەمە دەبێ نوسەر ئاگاداری واتای وشــەکە بێـت و لەو شوێنەدا کە پێشگر نییە بە جودا دوور لە وشەی دواتری بنوسێت •

راستییەکەی هەر سێ پێشگری (پێ ، لێ ، تێ) لە بەکارهێناندا وا دەبێ پێشگری تەواون واش‌دەبێ وێنــە پێشـــگرن • عەیــارەی لــە یەکــدی جوداکردنەوەشیان ئەوەیە ئەگەر گۆڕانیان بەسەر واتای وشەدا هێنا پێشگری تەواو و ڕاستینەن دەنا وێنە پێشگرن • بەنموونە : وشەی (پێ‌کردن) ئەگەر بەواتای (داگیرساندن) بوو کەرتی (پێ)ی پێشگرە چونکە واتای فیــعلی (کردن)ی گۆڕیوە ، بەڵام کە گوتت (کارەکەم بە تۆبزی پێ کرد) لێرەدا (پێ)کە پێشگری تەواو نییە چونکە واتای (کردن)ی نەگۆڕیوە • (لێ‌کردن) کە بە واتای دوشمنایەتی بوو (لێ)یەکە پێشگرە بەڵام کە گوتت (فێڵم لێ کرد) (لێ)کە وێنە پێشگرە • لە وشەی (تێ‌بردن)دا (تێ) پێشـــگرە بــەڵام لــە (تێ‌بەستن)دا وێنە پێشگرە • لەگەڵ ئەمەشدا زۆر زەحمەتە نوسەری عادەتی، بەتایبەتی هی بێگانە ، بتوانێ هەست بەم جوداوازییەی هــەردوو حــاڵەتی وشەکان بکات • لەبەر ئەمە وەها بەرژەوەند دەبینم کە لەگەڵ هەمواندا و

له هەمو بارێکدا یەك جۆرە مامڵەت بکرێ و هەمان دەستوریــان بەسەردا بهێندرێ •

لێرە کە قسە لە پێشگر دەکەین باسی گــیروگرفتی هەنــدێ شــێوە داڕشتنی دەستەواژە بکەین کە لەگەڵ فیعل و غەیری فیعلیشـــدا دێــن • دەســـتە واژەی وەك ( چنگ‌لەسەرشان ، دەستەونــەزەر ، بــەرەوڕۆژ ، دەستەوخەنجەر ، دمەوڕۆ ••)کە دەشێ ئاوەڵناو وەیا ئاوەڵکار بن ، بــەرەو ئەوە ڕۆییشتون ببنە وشەی فەرهەنگی و فەرقیان هەیە لەگەڵ دەستەواژەی وەك (قەرز نەدانەوە ، لەسەر چەقی ڕێگە ڕاوەستان ، لە ئاودا مەلەکردن••)• بەڵێ ڕاستە هێنــدەی وشـــەی وەك (بن‌بەردەقیــلە ، پەپولەسلێمانــکە ، حاجی‌لەکلەك ، دوژمشێر ••) دەق گرتو و جۆش خواردو نەبوون بــەڵام چونکە بونەتە ئاوەڵناو و ئاوەڵکار و هەڵوەشاندنەوەش قبوڵ ناکەن لییــان دێت کەرتە جوداکانیان لەیەکدی نزیــك بنوسرێن بێ‌ئەوەی بلکێندرێن • کە دەڵێم هەڵوەشاندنەوە قبول ناکەن مەبەستم ئەوەیــە کە ئەگەر هەڵــت وەشاندن واتاکەیان وەك خۆی نامێنێ ، بە نمونە کە گوتت (دو چەنگی خستە سەر شانەکانی برادەرەکەی ) دەستەواژەی (چنگ‌لەسەرشان) تێچو بەڵام کە (لەسەر چەقی ڕێگە ڕاوەستان) خرایە ڕستە و بو بە (لەسەر چەقی ڕێــگە دوڕۆژان بە تەنها بۆی ڕاوەستام) واتاکەی وەك خۆی دەمێنێتەوە ، کەواتە جۆش خواردو نەبوە و نەچۆتە ڕیزی وشەی فەرهەنگییەوە • لەبەر ئەمــە پێویست نییە بەڵکو جایەز نییە کەرتەکانی (لەسەر چەقی ڕێگە ڕاوەستان ــ بە پێوە نان خواردن ••) لە یەکدی نزیك بخرێنەوە •

لە بانگەوازەکەدا وشەی (سادە و داڕێژراو) بەر خاڵی دوەم کەوتون گۆیا خزمی یەکترن ، دواتر لە خاڵی سێیەمدا (وشەی ناسادە) هاتوە • لــە خــاڵی شەشەمــدا وشــەی لێکدراو هــاتوە • ڕەنــگە بێ ســود نەبێ بزانین سادە و ناسادە و داڕێژراو و لێکدراو چین •

به پێی سەرجوملەی لێکدانەوەکانی لیژنەی زمان و زانستەکانی سەر بە کۆڕی زانیاری کورد ، کە من لەوانەی وا ئێستا وەریان دەگرم ڕازیـم ، وشە لە ڕوی کەرتە پێکهێنەرەکانیەوە دەبێتە دوبەش :

١ ــ سادە ٢ ــ ناسادە

ناسادەش دەبێتەوە :

أ ــ داڕێژراو ب ــ لێکدراو

١ ــ سادە ئەو وشەیەیە کە لە شێوەی ئێستاکەیـدا هیچ زیـادیەکی لاوەکی تێدا نەبێت ، وەك : پیاو ، بەرد ، ڕێوی ، هێزە •

٢ ــ ناسادە ئەو وشەیەیە کە زیادی لەگەڵدا بێت •

أ ــ داڕێژراو ئەو ناسادەیەیە کە تەنها یەك وشەی واتاداری تـەواوی تێدا بێ ، واتە زیادیەکەی واتای سەربەخـۆی نەبێ وەك : هونەرمەنـد ، پیاوەتی ، پیاوانە ، دەرگەوان •

ب ــ لێکدراو ئەو ناسادەیەیە کە بەلای کەمەوە دو وشەی واتاداری تەواوی تێدا بێ وەك : بەردەنوێژ ، داروەکاز ، شەونم •

دەشێ بڵێین پلەی هەرە تێکەڵ و بێندرێژی وشەی لێکدراوی کوردی (ئاویتە) یە وەك وشەی سیسارکە کەچەڵ ، بنبەردەقیلە ، چاردەڕێیان •• ) بەڵام هەر دەکاتەوە لێکدراو چونکە درێژبونەوەی وشەی لێکدراو ئەگەر چۆنایەتیەکی تازە پەیدا نەکا نایباتە بارێکی تازەوە •

کاتی خۆی لیژنەی زمان و زانستەکانی کە تێیدا ئەندام بوم ، بایەخی وشەی واتاداری دا بەو کەرتەی کە ناوی کارای لێکدراو (اسم‌فاعل‌مرکب)و ناوی بەرکاری لێکدراو (اسم مفعول مرکب) دروست دەکا وەك کەرتی (خۆر)

له (نانخۆر) و کەرتی (دەر) له (ناندەر) و کەرتی (شۆر) له (جلکشۆر) •
بایەخەکەش له گرنگی دەوری ئەو کەرتە له پێك هێنانی وشەکانەوە دێت ، نەخۆ ئەو کەرتانە بە تەنها واتا نابەخشن • بۆیە بۆ لێژنە وشەی وەك لێنەر ، تێکەر ، بەرخۆر ، ڕاڕەوو••ی بە وشەی داڕێژراو دانا چونکه ئەگەر کەرتە فیعلییەکەی بە واتادار دانەنابایە وشەکان پێیان نەدەگوترا داڕێژراو • سەیر لەوەدایە ئەو وشانە سادەش نین چونکه تاکە وشە نین ، دەمێنێتەوە سەر ئەوەی پێیان بگوترێ (ناسادە) بەڵام ناسادەیەك کە وا نە داڕێژراوە و نە لێکدراویشە • وشەی وەك تێکەڵ ، پێکەڵپێك بە ڕواڵەت وشەی واتاداری تێدا نییە بەڵام ڕاستییەکەی لەمانەدا بە ئەسڵ وشەی (یەك) هەیە کە ژمارەی واتادارە و لێی سواوە • لەبەر ئەمە داڕێژراوی بێ تەئویلن •

له تێکڕای ئەم بۆچوونانەوە دەبێ وشەی وەك (هەڵتەکین ، رایەخ ، پێخەف ، دابڕ ، وەرگێڕ)و هەرچی دیکەی ئەوتۆیی هەبێ بە داڕێژراو دابندرێ ، دیارە وشەی وەك (بەهەڵەبەر ، گوڵەپێغەمبەرانە••) سەرەڕای لێکدراو ئاوێتەشن •

ئەم وشانەی داڕێژراو ، لێکدراو ، ئاوێتەش ، بە کورتی هەموو ناسادەکان مادەم بوێتنە وشەی فەرهەنگی دەبێ بەسەریەکەوە بنوسرێن • هەر لەم بڕیارەوە دەفامرێتەوە کە هەرچی پاشگر هەیە دەبێ بە پێش خۆیەوە بلکێ • نیشانەی (پێناسین) و (کۆ) هەرچەند پاشگرین چونکه گۆڕان بەسەر واتای وشەدا ناهێنن دیسانەوە هەر بە کۆتایی وشەوە دەلکێن وەك (دڵەکە ، لەدڵاندا) • کە بە یەکیشەوە هاتن هەر دەلکێن وەك (دڵەکان) •

پاشگرەکانی کار ئەمانەن :

١ ـ دەنگی (ا) وەك (ترس ـ ترسا ، ترش ـ ترشا ، کول ـ کولایەوە) بەلای منەوە دەنگی (ی) کە دێتە پاش هەندێ وشەوە و دەیکاتە فیعل پاشگر

نییە چونکە هەر لەڕابردوودا دەردەکەوێ لە مضارعدا وون دەبێ • بە نموونە وشەی (لەرز) دەبێتە (لەرزی ، لەرزیم ••) بەڵام لە مضارعدا یێیەکە دەرناکەوێ : (دەلەرزم ، دەلەرزن••) هەرچی ئەلفەکەیە لە مضارعدا دەبێتە (ێ)ی کراوە وەك ترسام ، دەترسێم ـ جۆشا ، دەجۆشێت ـ کۆشاین ، دەکۆشێین • لەگەڵ ئەمەشدا (ی) لەرزی ، دزی ، دڕی ، و هەموو فیعلێکی‌دیکە ، وەك بەدیهیە ، بەکۆتایی وشەوە دەلکێ ، هەرنەبێ لەبەر ئەوەی کە بەشێکی پێك‌هێنەری فیعلەکەیە •

٢ ـ پاشگری (کا) وەك : ئاڵۆزکا ، هەڵترۆشکا ، بزڕکا •• لە مضارعیشدا دەبێتە (کێ) •• دەئاڵۆزکێ ، دەبزڕکێ ••

٣ ـ پاشگری (را)ی فیعلی کارابزر وەك دیترا ، گوشرا ، نووسرا • لە مضارعیشدا دەبێتە (رێ) • دەگوشرێ ، دەدیترێ •

٤ ـ پاشگری (اند) وەك ترساندی ، پساندی • لە مضارعیشدا دەبێتە (ێن) •• دەپسێنم ، دەترسێنن ، دەڕمێنین ••

٥ ـ پاشگری (ەوە) وەیا (وە) کە لە ڕابردوو و ئایندەدا یەك شتە وەك : چومەوە ، دەچمەوە ـ پرسیتەوە ، دەپرسیتەوە • ئەم پاشگرە وەك لە نموونەکاندا دیارە ، دەکەوێتە دوای ڕاناوی کۆتایی فیعلەکەشەوە ، واشدەبێ بە دوا دوو ڕاناودا دێت وەك : دیتمتەوە ، ناسیانینەوە ••• پاشگرەکانی دیکە یەکسەر بە کۆتایی فیعلەوە دەلکێن و ڕاناویان بە دوادا دێن •

پاشگری غەیری کار هێند زۆرە لە ئەژمار نایەت • وەك لێرە بە پێشەوە گوتم سەرلەبەری پاشگرەکان بە کۆتایی وشەوە دەلکێن ، زوربەی نووسەرانیش هەر وەهایان دەنووسن •

وشەی وەك (دڵپاك) ئەگەر لە واتادا کەرتەکانی بەیەکەوە بەسترابوونەوە بەسەریەکەوە بنووسرێن بەڵام نەلکێن• دەڵێن (دارا دڵپاکە) بەڵام کە لە واتادا

لەیەکدی ترازان دەبێ دوور لەیەکدی بنوسرێن وەك : چی هەتە لـە ناو دڵ پـاکە •

وشەی وەك (دەستنوێژ) چونکە بۆتە فەرهەنـگی دەبێ کەرتـەکانی بەیەکەوە بلکێن • پێپلکە ، پێکوڵە ، سەراسنە ، گەرماژۆ •• و هەرچـی وشەی لێکدراوی وەها هەیە دەبێ کەرتەکانیان بلکێن •

وشەکانی (هەرچی ، هەرکام ، هەرکوێ) بوونەتە وشـەی لێـکدراو کەرتەکانیان ئەگەر ئاکانیان هەلگرتبا دەبوایە بلکێن • بەڵام (هەر) بـەدوا خۆیەوە نالکێ بۆیە دەبێ بەسەریەکەوە بنوسرێن • بەڵام (هەر کەسێك هەر شارێك ) چونکە نەبوونەتە وشەی لێکدراو دەبێ لە یەکدی دوور بنوسرێن •

نیشانەکانی پلەی بەراورد و باڵای (صفە) بێ دەمەتەقە دەبێ بە وشەوە بلکێن وەك (جوانتر ، جوانترین ، هەرەجوان) • بەڵام وشەی (هەر) لـە ڕستەی وەك (هەر دەڕۆم و نایگەمێ ــ هەر منم ئێستە وارسی عیسا ــ هەر مرۆڤ دەتوانێ بدوێ) دەبێ سەربەخۆ و لە دووری وشەی دوایەوە بنوسرێ•

لە وشەی (شتیتر)دا ئەم (تر)ە سیفەتە و بە وشەوە نالکێ •

یەکەم ، دوەم ، بیستەم ، دوازدەمین ، پێنجەمین ••• نیشانەی پلەیان بە ژمارەکەیانەوە دەلکێ و لەمەدا چ گرفت نییە ، بەڵام چ پێویست بـەوە ناکات لە هەندێ ژمارەدا دەنگی (هە) لەلاوە بێت بۆ ناو وشەکە وەك کـە هەندێ کەس دەنوسن (دوهەم ، سێهەم) چونکە ئەم (هە)یە ناچێتە کۆتایی هەمو ژمارەکانەوە تەنانەت کە نوسیشت (دوازدەهەم) ناتوانی بنوسیـت وەیا بڵێیت (دوازدەهەمین••) بەشی زۆری ئاخیوەری کوردیش دۆسـتی ئەم (هـ)یە نین ئیتر بۆ دەبێ بەسەر زمانی ئەدەبیدا بسەپێت ؟

وشەی (هی) کە ئەمرازی وەسف و ئیزافەیە بە جودا دەبێ بنوسرێ وەك (ئەمە هی منە •• هی قەڵەو بگرە هی لەڕ نا) • بەڵام کە سوانی بەسەردا

هات و مایەوە (ی) دەبێ بەکۆتایی وشـەوە بلکێت وەك (گوڵی جـوان ، بەرخی بـارام ) •

دۆ وشە هەن لە نێوان عەشرەتە مەیلە و کوێستانیـەکانی بەشـێکی سۆراندا باون تا بڵێی گەش و ڕاگەیەنن ، بریتین لە چەنـد کەرتی ئەوتـۆ هیچیان بە تەنها واتا نابەخشن • دۆ وشەکە (پێهەلا) و (پێدا)یە وەك کـە یەکێك بڵێ (جۆگەوجۆگە ڕۆییشتم) ئەوی دیکەش بپرسێ (پێهەلا یـان پێـدا ؟ ) واتە بەرەو سەرچاوە و بناوانەوە وەیا بەرەو قتونـاو ؟ جـوانی وشەکانیش لەوەوە دێت کە دەست دەدەن بۆ هەرچی سەرەژۆر و سەرەژێرە هەر لە شاخی ڕژد و ڕکەوە هەتا دەگاتە پێدەشتی دەستەوناو و هەمـوار• وشەی یەکەمیان بریتییە لە (پێ هەڵ دا) ئەوی دیکەش (پێ دا)ی عادەتی • بەلای منەوە یەکەمیان دەبێ (پێ)کەی بەجودا لە نزیکی (هەڵدا)ی بەیەکەوە لکاوەوە بنوسرێت ، (پێدا)ش بەیەکەوە بلکێت (پێهەلا ــ پێدا) •

## ــ ٣ ــ

## وشـەی ناسـادە

لە ژێر ئەم خاڵەدا دۆ بەندی أ ــ دیاردەی داتاشین و قووت دانی هەندێ دەنگ• ب ــ گیروگرفتی ژمارەکان لە (١١)وە تا (١٩) نوسراوە •

أ ــ لەبارەی دیاردەی داتاشین و قوتدانی هەندێ دەنگەوە :

ئەگەر ڕۆن کرابایەوە ئایا مەبەست لە داتاشین ئەوەیەکە لەعەرەبیدا پێی دەگوترێ (نحت) یاخود مەبەست دارشتنە باس لێکراوەکەیە دەتوانرا بـە جۆرێکی ڕۆنتر لە کێشەکە بکۆلرێتەوە • بەهەمە حاڵ داتاشین بـە واتای (نحت) بێ وەیا بە واتای دارشتن و (اشتقاق) بێ لە ڕێنوسدا فەرق پەیـدا ناکا چونکە هەر وشەیەکی فەرهەنگی لە دارشتنەوە وەیا لە داتاشینەوە وەیا

له غەیری ئەوانەوە بەرهەم بێت مامڵەتی تاکە وشەی لەگەڵدا دەکرێ بە پێی تێبینی و هەڵومەرجێکی کە لە بەشی زۆریان دواین •

یەك تێبینی هەیە پێویستە باسی بکەم : وشەی داتاشراو و داڕێژراو و لێکدراوی لێرەبەپێشەوە شوێنی خۆیان لە زماندا کردۆتـەوە و بۆنەتـە بەشێکـی ئاخاوتن و نوسین • دەمێنێتەوە وشەی تـازە دروستکراو و چۆنیەتی پێشوازی لێکردنی • بێگومان ڕێگە بەستن لە داهێنانی وشەی نوێ نەزۆك کردنی زمانەکەیە چونکە ئەم جیهانە وەها خێرا بەرەوپێشەوە دەڕوات و دەگۆڕێت خەریکم بڵێم زمانی پار ناتوانێ بەچاکی تەعبیر لەهەمو دۆزراوە و داهێنراو و خەیاڵ لێکراو و نەخشەکێشراوی ئەمساڵ بداتەوە • دانانی وشەی نوێش لە چەند ڕێگەیەکەوە دەبێ : یەکیان ئەوەیە خەڵق لـە خۆوە ناوێك بۆ شتێکی تـازە بابەت دابنێ • دوەمیان ئەوەیە نوسـەر و زمانزان هەر یەکە لە مەیدانی خۆیدا بە دوا وشە و تەعبیری نوێدا بگەڕێ • سێیەمیان ئەوەیە لیژنەی لێزانان خەریکی ئەم کارە بن •

بەداخەوە وەها دەبێ کـام وشەی چرۆکە ئەویان پەرە دەستێنێ وەك ڕاناوە پشتلەدەستورە بەبرەوە بێکەلکە وەیا وشەی (بەروار) کـە لـە هەڵەیەکی ڕۆتەوە بۆ ناو فەرهەنگانیش ڕۆییشت •

وا بە چاك دەزانم لیژنەیەکی لێزانان ئەم کارە بگرنە ئەستۆی خۆیانەوە و دەستەی کوردیش سەرپەرشتی چالاکی و بەرهەمی لیژنەکە بکات و هـەر جارەش کە لیستەی وشەی نوێ ڕێك خرا بڵاو ببێتەوە بۆ ڕەخنە و تێبینی تاکو لە ئەنجامدا وشەکان قالبی یەکجارەکی وەردەگرن و قەراردادە دەکرێن ئەوەی ڕاستیش بێ دەستەی کوردی بۆ ئەم جۆرە کارە پەیدا بوە ئەگەرنا چی چاکتری لە توانادایە ؟ لە ئیمکانـدا نییە بۆ هەر تاقمە وشەیەکی نوێ کۆڕێکی وەك ئەمەیان ڕێك بخات ، بۆیەیە دەبێ لیژنە بخاتە کارەوە • ئەم

کۆڕەیش دەبێ لیژنەی لێزانی بێ‌تەرەفانی بەدوادا بێت بـۆ هەڵبژاردنی پێشنیارە پەسەندەکان •

بگەڕێینەوە بۆ ڕێچکەی لێکۆڵینەوەکان :

قوت‌دانی دەنگ •

ئەم دیاردەیە لە ڕوانگەی ڕۆنەوە سەیری دەکرێ :

ئێمە هەرچەند نەشتوانین وشەی ئێستاکەی کوردی بەینـەوە بـۆ سەرچاوەی مێژوویی کۆنی زمانی کوردی تا بزانین لە ماوەی چوار هەزار سـاڵدا چ گۆڕانێـکی بەسەردا هاتوە ئەوەندەمـان پێ‌دەکرێ لە ڕێـی بەراوردکردنی وشەی لەهجە جوداکانەوە بزانین کامیان پتر لێی سواوە وەیـا بەرمو هەڵە بۆتەوە • بە نموونە ئەو وشە کوردییەی کە بە واتای (دشنام)ی فارسی و (شتم)ی عەرەبییە لە هەندێ ناوچەدا (دژنیو)ی بۆ بەکاردەهێنن • دیارە ئەم دژنێوە بۆتە (جنێو) کە وشەیەکی زیندوو و دەستوریشە چونکـە سوانی بەسەردا هاتوە نەك شێوان • جنێو بۆتە (جوێن)و جوێنیش گۆڕاوە بە (جوێن) • ئەم دوو وشەیەی (جوێن) و (جوێن) هەردوویان بیژۆك و ڕیزپەڕن تەنها بۆ ئاخاوتن دەست دەدەن (دژنێو) و (جنێو) هەردوویـان پەسـەند و دەستورین بەر شێوەی زمانی ئەدەبی دەکەون • ئێمە ئەگـەر (دژنێـو) و (جنێو)مان بۆ نەپاراسترابایە نەماندەزانی (جوێن) بیژۆکە ، بێ (جوێن)یش بیژۆك بوونی (جوێن)مان بۆ دەرنەدەکەوت • هەر لەم ڕێگایەوە دەتوانـین وشان بە یەکدی بگرین و ڕاستتر و لە ڕاست نزیکەکان هەڵبژێرین •

جگە لەم بەراوردکردنە دەتوانین لە ڕێی دەستورە بەرچاوەکانی سوان و قرتان لە هەر لەهجەیەکدا ماکە ڕاستینەکە بدۆزینەوە ، وەك بڵێی لەهجەیەك بە شایەد دەگرین لە خۆی •

هەروەها دەشێ لە ڕێی دەستورەکانی فۆنەتیکەوە بگەین بە حەقیقەتی گەلێك لەو وشانەی سوان و گۆڕانیان بە سەردا هاتوە •

ڕێ هەیە ناوناوە ئەو زمانانەی لە کوردییەوە نزیکن بکەین بە عەیارەی هەڵاواردنی وشەیەك بەسەر وشەیەکی‌دیکەی کوردیدا •

بێ‌گومان ڕێگەی دیکەش هەن بۆ دەست‌نیشان‌کردنی وشەی پەسەند، پێویست نییە لێرەدا بە دوایان بکەوین •

لە نموونەی بەراوردکردنی لەهجە لەگەڵ لەهجەدا دەتوانین وشەی (گێ) بە وشەی (گوێ) بگرین • دیارە وشەکە بە لێ‌سوان بۆتە (گێ) نەك بە لێ‌زیادکردن بۆتە (گوێ) چونکە بە عادەت وشە لێی دەسوێ مەگەر بە بەڵگە ئیسپات بکرێ کە بەسەریەوە نراوە • لێرەدا بەڵگەی بەراوردکردن ئیسپاتی لێ‌سوانەکە دەکات چونکە ئەم واوەی وشەی (گوێ) لە شێوە ئاخاوتنی کرمانجی سەرۆ و لە وشەی (گوش)ی فارسیشدا هەر هەیە • کە بێین وشەی (خێ) بەراورد بکەین لەگەڵ (خوێ) دەتوانین قیاسەکەی (گێ) و (گوێ)ی لێ بەکاربهێنین، بڵێین مادام لەوێدا واوەکە بنیچەیی‌یە دەبێ لێرەشدا ئەم واوە بنیچەیی بێ جگە لەوەی کە لە لەهجەی‌دیکەی کوردیدا وشەی (خوا) لە جێگەی (خوێ) باوە و پاڵپشتی لە ڕەسەنایەتی ئەو واوە دەکات •

لە نموونەی بەشایەدگرتنی دەستوری سوان و لێ‌قرتانی دەنگ لە تاکە لەهجەدا دەتوانین تێ‌بردن وەیا سوك دەربڕین وەیا گۆڕینی دەنگی دال لە لەهجەی سلێمانی بکەین بە عەیارەی ساغ‌کردنەوەی وشە ، هەروەهاش گۆڕینی لامی قەڵەو بە ڕێی لاواز لە کۆیە و خۆشناوەتی و ڕەواندز و باڵەك و گەردیاتی و دزەییاتی بکەین بەو عەیارەیە •

لە نموونەی بەدەنگ هێنانی دەستورەکانی فۆنەتیك دەتوانین وشەی وەك دەزگا ، دەزگرە ، پژدەر بکەین بە عەیارە : دەزگا و دەزگرە لە دەستگا ،

دەستگرەوە هاتوون • لە پێشەوە دەنگەکەی (ت) لە هەردوو وشەدا قرتاوە ، کە دەزانین قرتانی (ت) لە زۆر باردا دیاردەیەکی فۆنەتیکی کوردییە ، کە تێیەکە نەما دەنگی (س)ی کپ بە وەستاوی دەکەوێتە پێش دەنگی (گ)ی ئاوازەدار • بە پێی خزمایەتی نێوان دەنگەکان ئاوازەدار حەز لە ئاوازەدار دەکات کپیش حەز لە کپ دەکات ، بەزۆریش کپ خۆ دەگۆڕێ بۆ ئاوازەدار، ئیتر سینەکە دەبێتە زێ •

وشەی پژدەریش لە هەمان ڕێگەوە لە (پشت‌دەر)ەوە بە قرتانی تێیەکە و گۆڕانی شینی کپ بۆ ژێی ئاوازەدار بۆتە (پژدەر) • ئا لێرەدا دەبێ بڵێم دەنگی (س) خزمی (ز)ە هەرچەند لە نوسینیشدا بەرەو (ش) بردراوە دەنگی (ش)یش خزمی (ژ)ە • ڕەنگە بەشی هەرەزۆری خوێنەری کورد وا بزانێ ئەو پیتانەی لە ئەلفوبێی عەرەبیدا شکڵیان لەیەکدی دەچێ لە دەنگیشدا خزم بن کەچی ڕاستییەکەی ئەوەیە کە (س ، ش ، ف ، ك ، ت) شێوەی کپی دەنگە ئاوازەدارەکانی (ز ، ژ ، ڤ ، گ ، د)ن • بەڵام دەبێ بڵێم خزمایەتی (ت) لەگەڵ هەردوو دەنگی (ط ، د)دا جێی ساغ کردنەوەیە •

بەکارهێنانی ئەم تەرزە دەستورانە بۆ دۆزینەوەی وشەی ڕاست نابێ لە پەراوێزی شێوە ئاخاوتنی ئێستاکەی کوردیمانەوە ڕاگوێزێ بۆ ئەو دەقە مێژوویی و کۆنانەی کە لە هەندێ نوسینی کۆنینەی زمانە ئێرانیەکاندا پارێزراوە • ڕەنگە بەشی زۆری ئەو وشانەی کە لە زوربەی لەهجەکاندا سوانیان بەسەردا هاتوە شێوەی دروستیان لە لەهجەیێکدا مابێت کە بشێ ناڕەسەنایەتی وەیا نادروستی وەیا هەڵەیی وشەی لەهجەکانی‌دیکەی پێ ئیسپات بکرێ • کاتێك کە هیچ عەیارەی تەرجیح لە لەهجەکانی ئێستاکەماندا چنگ نەکەوت دەشێ بگەڕێینەوە بۆ ئەو دەقە کۆنانە ــ ئەگەر هەبن ــ • جا ئەگەر ئێمە ئەم پێوانەیەمان کرد بە عەیارەی تەرجیح و هەڵاواردن بێ‌ئەوەی لایەنگیری بکەین ، بەئاسانی ، دەتوانین دەسبژاری

وشەی دروست و نادروست لە لەهجەکانماندا بکەین بێ ئەوەی دەست لـە شێوەی ئاخاوتن بدەین • ئێمە کە هاتین و نوسیمان (ئەفەندی ، دڵ ، کردن) لێ دەگەڕێین خەلقی سلێمانی بڵێن (ئەفەنگی)و کۆیش بڵێن (در) بادینانیش (کرن) •

ئنجا با بزانین چۆن دەتوانین ئەم دەسبژارە بکەین •

بەلای باوەڕی منەوە کارەکە بەندە بە دوو مەرجی سەرەتاییەوە :

یەکەمیان ، دەسبژارەکە خۆی •

دوەمیان سەپاندنی وشە دەسبژارەکان بەسەر زمانی ئەدەبیماندا •

لە ڕووی دەسبژارەکەوە ، پێویستە لیژنەیەکی لێـزانی نیـگافراوانی دڵسۆزی بێلایەن کارەکە بگرێتە ئەستۆی خۆیـەوە و لە ماوەیـەکدا چی بەڕاست دەزانێ ئەوە پەسەند بکات و لە شێوەی پێشنیاردا بڵاوی بکاتەوە بۆ ئەوەی ئەگەر کەس ڕەخنە و تێبینی و ناڕەزایی هەبـو لە ماوەیـەکی دیارکراودا بە لیژنەکەی ڕابگەیەنێتەوە وەیا لە لای خۆیەوە لە هەمان ماوەدا بڵاوی بکاتەوە تاکو لە ڕادەی ئیمکاندا چی هەرەپەسەندە ئەویان ببێتە وشەی ئەدەبی قەراردادە • واشدەزانم سەرلەبەری کارەکە لە ماوەی شەش مانگدا بە ئەنجام دەگات •

لە ڕووی بەکارهێنانی وشە دەسبژارکراوەکانەوە پێویستە دوابڕیـار و پەسەندکردنی لیژنەکە ببێتە دەستـور و هـەرچی دەزگـای نوسـین و بڵاوکردنەوە و چاپەمەنی هەیە پێڕەوی بکات • بێگومان سەلماندنی گشتی لە خۆوە پەیدا نابێ • بەداخەوە بە درێژایی ڕۆژگار یەك هۆی تەفرەقە چوار هۆی یەكبونی بەزاندوە ، تەنانەت لە زەمینەی (فقه) و قانونیشدا ئەوەی پێی دەڵێن (مانع) بەهێزترە لە (مقتضی) • جا ئەگەر دەسەڵاتی ڕەسمی پشتگیری

له لیژنه و بڕیارەکانی نەکات تەنها ئەوانــە بەدوایــدا دێن کــە لەگەلیــدا هاوباوەڕن ، ئەوساش نوسینی ئەدەبی کوردی ئەو هەڕەمەیە دەبێ کە هەیە• هەلبەت ئەو لیژنەیە کە پێك بێت لە جعزی دەستەی کوردی کۆڕی عیراق پێك دێت ، دەسەلاتەکەش هی دەستەی کوردی و کۆڕی عیراقی دەبێت • سەپانــدن و بەســەردا بڕینیــش لــەم کــارەدا ئاییتــە دیکتاتۆرایــەتی چونــکە هەمــو یــاسا و دەستورێــکی ئــەم جیهــانە لــەلایەن کەسانی دەســەلات پێدراوەوە قــەرارداده دەکرێن و دەسەلاتی ڕەسمیش بەسەر هەموانی‌دا دەبڕێ • له بانگەوازەکەدا که ئیشارەت بۆ تێبڕ نەکردنی بڕیار و پێشنیارەکانی کۆڕی زانیاری کورد دەکات ئەم لایەنــەی بــوَن و نەبونی دەسەلاتی لەبیر چوه ، فەرامۆشیشی کردوه که پێشنیار و ڕێنوس و بڕیاری هیچ کەس و هیچ لایەنێك نەیتوانیوه خۆی بسەپێنێ نەك هەر هی کــۆڕ ئەگەرنا بانگەوازەکه چ لزومی هەبو ؟ ئەم کۆبونەوەیە بۆچی ؟

ئنجا کە ئەمە پێشنیاری من بێ بە زاهیر چی لێرەدا دەیلێم لەبارەی قوتدان و سوان و گۆڕانی دەنگ وەیا سەرلەبەری کێشــەی ڕێنــوسی کوردییەوە دەبێته کارێکی بێ‌لزوم بەلام ڕاستییەکەی ئەوەندە بۆ نوسینەکەی من دەمێنێتەوە کە له دواڕۆژدا لیژنەکە سەیری بکات و بە تێبینی و ڕەخنەی دابنێ •

فەرمانی زیندوکردنەوە و نەکردنەوەی دەنگی قرتاو بەوەدا ســوك و ئاسان دەبێ کە هەمومان سەلماندومانە شێوە ئاخاوتنی سلێمــانی بنەمــای نوسینی ئەدەبیمان بێت چونکە ئەم سەلماندنه ئەرکی ساغ‌کردنەوەی سوان و قرتانی لەهجەکانی دیکە بەلاوە دەنێ و تەنها ڕەوەوڕەی ئەو سوانە دەبێ کە لە ڕاوێژ و دەمودوی ئاخێوەری سلێمانیدا پەیدا بوە • ئێمە که بەراوردی وشەی ئاخاوتنی سلێمانی لەگەل وشەی شــێوەیەکی دیــکەی کوردیــدا بکەین لەوحالەدا دەبێ کە وشەکەی دیکە پەسەندتر وەیا ڕەسەنتر وەیــا

راستتر بێ نەك لە ڕوی ئەو قرتان و سوانەی کە بەسەریدا هـاتوە • مـن نایەم (ئەبێم)ی خوشناوەتی بیەمەوە سەر (ئەبێژم) و قرتانی دەنگی ( ژ )ی تێدا دەرخەم چونکە بەتەما نیم شێوە ئاخاوتنی خۆشناو بکەمە بنەمای نوسینی ئەدەبیمان هەروەها لەبەر هەمان بنۆس (ئوللاهێ) مەنگوڕانیش نابەمەوە سەر (وەللاهی) • لەمەش زیاتر دەسپارێزی دەکەم کە نایەم لێـكبدەمەوە ئایـا (ئاوزەنگییان) دەدا لە (ئاوی زیندەگی) یا (ئاوی زیندەگانی)یەوە هـاتوە چونکە دەبێ شێوەی ئەم وشەیە بەپێی بەکارهێنانی سلێمانێ بخرێتە نوسینی ئەدەبیمانەوە ، مەگەر ئاشـکرا بێ کە وشـەکەی سلێمـانێ شێواوتـر و لێقرتاوتر و بەرەو هەڵەتر بێ لە وشەی هاوتای خۆی لە لەهجەیەکی دیکەدا • ئێمە کە تەنها لە حاڵەتی هەبونی وشە وەیا تەعبیری پەسەندتر لە هێ سلێمانێ هانا بیەینە بەر لەهجەیەکی دیکەی کوردێ دەستلێداێکی ڕەوامان کردوە، بەولای ڕەواوە پێویستیشە ، بەولای پێویستـەوە کاری دەستخـاوێنی و دڵسۆزییە بۆ زمانی کوردێ ، ئنجا پەراوێزی دەستلێدانـەکەش تـا بڵێی تەسکە لەچاو جغزە بەرفرەوانەکەی سەرلەبەری شێوە ئاخاوتنی سلێمانێ ، خۆ ئەگەر وەها نەڵێین و نەیسەلمێنین دیسان لە سەرەتاوە لزوم بەم تەرزە کۆژە نامێنێ • بەنموتە دەڵێم کە فرەنسەییەکان هەڵەیەکیان لە لەهجەی پارسـدا دۆزیەوە وا چاکە پارسیەکان واز لە هەڵەکە بهێنن نەك هەمو میللەتی فرەنسە و دەیان ملیۆن ئاخێوەری فرەنسەیی فێری ئەو هەڵەیە بکرێن •

ئەوەی لە لەهجەی سلێمانێدا بۆتە دەقێکی زیندە بەرچاوی ئاخاوتن مامڵەتکردنە لەگەڵ هەندێ دەنگ کە لە پێش هەمویانەوە دەنگی ( د ) دێت بەدوا ئەویشدا (ت) ، ئنجا دراوسێبـونی دەنـگی (ن ، گ) و (ن ، د) • هەروەك میسرییەکان قاف و جیم دەگۆڕن بە هەمزە و گاف ، وەیا پارسیەکان دەنگی ڕێ دەگۆڕن بە غەین هەروەهاش سلێمانیەتێ بە زۆری دەنگی دال

تێدەبەن وەیا کلۆری دەکەن ، تاڕادەیەك ئەو مامڵەتە لەگەڵ دەنگی (ت)شدا دەکەن •

لەلایەن دیاردەی کلۆر کردنەوە وەك کە دەڵێ (ئەحمەد ئەمەت بۆچی کرد) ناشێ هیچ گرفت و دەمەتەقە پەیدا بێ چونکە نوسەری سلێمانیش پیتی دەنگەکان دەنوسێت بەڵام لە خوێندنەوەدا کلۆریان دەکات • دەمێنێتەوە بگوترێ ئایا دەشێ داوا لە هەمو کورد بکرێ ئەو دال و تێیە کلۆر بکات ؟ بێ گومان تەکلیفی وەها جێی بیستن نیە چ جایی سەلماندن ، نەك هەر لەبەرئەوەی کە گۆڕین وەیا تێبردنی دەنگەکان کۆشەشێکی بەرەو هەڵەیە ، بەلکو لەبەر هۆیەکی گرنگی دیکەی قسەبڕەوە : ئاخێوەری دەرەوەی سلێمانێ ناتوانێ دەنگەکان بە کلۆر کراوێ دەرببڕێت چونکە زۆر زەحمەتە بۆئەوەی زمانی بەو کلۆر کردنە نەڕژابێ وەیا ماوەیەکی درێژ لە سلێمانێ ڕای نەبواردبێ فێری ببێت وەیا بزانێ کەی و لەکوێ کلۆریان بکات •

لەلایەن قرتاندنی دەنگەکان و گۆڕینیانەوە : لە خۆم دەپرسم ئایا دەبێ وشەی وەك (بەغداد ، قەرەداغ ، گوێدرێژ ، دێت) چۆن بنوسرێ ؟ ئایا وەك دەربڕینی خەڵقی سلێمانێ بنوسرێ (بەغا ، قەراخ ، گوێڕێژ ، یەت) ؟ یاخود وەك کە زوربەی هەرە هەرە زۆری ئاخێوەری کورد نزیك لە حەقیقەت دەریاندەبڕێ ؟ وشەی (مطبخ)ی عەرەبی بنوسرێ (مۆبەق) وەیا (مەتبەخ) ؟ وابزانم وەك بەدیهیە ئاشکرایە کە دەبێ وشەکان بەو شکڵە بنوسرێن کە لە ڕاستی نزیکترن و لە فەرهەنگدا تۆماردەکرێن • زۆرینەی کورد دەڵێن ( بەغدا ) کە نزیکترە لە (بەغداد) هەروەهاش (قەرەداغ) وشە دروستەکەیە نەك ( قەراغ ) • لەبارەی وشەی وەك (گوێڕێژ)ەوە : ئەگەر بمانەوێ ئەم وشەیە بێدال بنوسرێ دەبێ بگەڕێینەوە سەر فەرهەنگ و هەمو ئەو وشانەی کە دالی (درێژ)یان پاراستوە دالەکەیان لێ بقرتێنین هەر بۆ خاتری (گوێڕێژ) بە ڕاست بگەڕێ ، ئنجا هەمو ئاخێوەری کوردیش کە دەڵێ (گوێدرێژ)

بگێڕینەوە لە نوسینی وشە ڕاستەکە • وشەی (یەت) کە ئایندە وەیا ئێستاکەی (هات)ە دەبێ بە شێوەی سلێمانیش (ئەهێت ، ئەیەت) بێ • وشەی (مۆبەق) کە بە سوان و بە گۆڕان (ت)ەکەی بوە بە (و) ڕێ خۆش دەکات بۆ سەپاندنی ( دەس ) لە جێگەی (دەست) و سەپاندنی (حەوهەزار) لە جێگەی ( حەفت وەیا حەوت هەزار ) •

بە هەمەحاڵ ڕێدان بە پەسەندکردنی قرتان و شێوە گۆڕان لەو وشانەدا کە زوربەی ئاخێوەری کورد قرتان و گۆڕانیان تێدا نەکردوە دەبێتە هۆی دو شێوانی زێدە گەورە : یەکەمیان ، شێوانی زمانەکە دوەمیشیان شێوانی ئاخێوەری کورد کە هەر خۆی دەبێتەوە نوسەر• لەوە هەر بگەڕێ کە بێگانە سەرەدەری لەو قرتان و گۆڕانە ناکا • ئەم تەرزە قرتان و گۆڕانە کە بەسەر زمانی ئەدەبیماندا سەپا دو ئەرکی نوێزاد دەخاتە سەر شانی ئاخێوەر و نوسەر و خوێنەری بادینی : جارێکیان کە دێت بۆ بەرژەوەندی زمانی یەکگرتو واز لە نوسینی هەمو لەهجەی خۆی دەهێنێت ، جاری دیکەشیان کە ناچار دەبێ لەبەر خاتری سوانو گۆڕانی ناوچەیی واز لە ڕاستە زمانەکەی زوربەی ئاخێوەری کورد بهێنێت •

کورتەی باوەڕی من کە پتر لەوەی خۆی خۆش بوێ بەرژەوەندی زمانی یەکگرتومانی خۆش دەوێ ئەوەیە کە سوان و قرتان و گۆڕان لەو وشانەدا دەسەلمێندرێ کە زوربەی ئاخێوەری کوردی لەسەری ڕۆیشتبێت•

هەر لەناو توێژی باسی قرتانی دەنگدا ڕۆبەڕوی جۆرێك قرتان دەبین کە لە ڕێزمانەوە بەرەو ڕێنوس دێتەوە ئەویش قرتانی (ب)ی ڕێژەی فەرمانی فیعلە لە هەندێ حاڵەت و هەندێ فیعلدا •

وەك دەزانین ڕێژەی فەرمان لەو فیعلانەدا کە پێشگریان پێوەیە وەیا بونەتە فیعلی لێکدراو دەشێ نیشانەی (ب)ی فەرمانیان بڕوات و دەشێ

بشمێنێتەوە وەك : هەڵببڕە ، هەڵبڕە ـ هەڵبگرە ، هەڵگرە ـ تێ‌بکۆشە ، تێکوشە ـ سەربڕە ، سەربڕە ـ بەئاگربکە ، بەئاگرکە ـ هتد •

وابزانم لێرەدا قسەمان لە کوێرکردنەوەی ئەم دەستورە چەسپاوەی هێلان و نەهێلانی نیشانەکە نییە چونکە قرتانەکە دەستورییە نەك بێزۆك ، قسەمان لە چۆنیەتی نوسینی وشەکانە لە هەردو حاڵەتدا ••• لێرە بەپێشەوە لەنێوان باسی پێشگردا کە هاتمە سەر باسی نیشانەکانی فەرمان و نەهی و نەفی و مضارعە قسەم لە قرتان و نەقرتانی ئەم نیشانەیەی ئەمرە کرد و ئێستا ئاگەڕێیمەوە سەری ، ئەم پێدا هاتنەوەش داخوازیی سەرەباسی قوتدانی دەنگ بو کە لە بانگەوازەکەدا نوسراوە • بەڵام ئەوەندە دەمێنێتەوە کە بڕیار بۆ قرتاندن و نەقرتاندنی نیشانەکە لە هەندێ بار و لە حاڵەتی فیعلی لێکدراودا بدرێ وەك کە دەگوترێ : سەربڕە ، دەغلەکە زۆکە، قوڕەکە ماڵنج دە ، پیاوی چا بە (لێرەدا «چاك»یش لێی قرتا) •• هتد بەڕای من نە زەرەر هەیە لە بەجێ‌هێشتنی مەسەلەکە بۆ دڵخوازی نوسەر و ئاخێوەر نە سودیش هەیە لە سەپاندنی ژیاندنەوەی ئەو نیشانەیە چونکە مادەم قرتاندنەکە شکڵی دەستوری وەرگرتوە زەرەر لە هیچ سەروبەرێکی زمان و نوسینی ئەدەبی نادات بە نمونە : دەتوانی بڵێیت (لاکەوە ـ سەرکەوە ـ پێشکەوە ـ دورکەوە ـ نزیك‌کەوە) بەڵام ناتوانی بڵێیت (دەرگاکە کەوە ••) فەرق‌کردنی شیان و نەشیانی قرتاندنیش لەوشوێنانەدا کاری سەلیقەیە ئەوەی لە خۆیشی ڕانەبینێ قرتاندنەکە لەجێی دروستدا بکات با خۆی لە دوودڵی ڕزگار کات و نیشانەکە بەکاربهێنێ ••

ڕێژەیەکی دیکەی فیعل هەیە دەنگێکی ( ب )ی تێدا دەقرتێ بەڕواڵەت هەر دەڵێی نیشانەکەی ئەمرە بەڵام هەو نییە و شتێکی دیکەیە : لە گەلێك ناوچەی کورد زماندا لەجیاتی بمکردبایە ، بچوبامایە •• دەڵێن بمکردایە ، بچومایە ـ ئەم (ب)ە لێرەدا شکلێکی فیعلی (بون)ە ، هەرچی (ب)ی

سەرەتای فیعلەکەیە ئەویان نیشانەی ئەمرە (لەڕاستیدا لێرە نیشانەی خۆزی وەیا مەرج و شتی ئەوتۆییە و لەگەڵ ئەمردا لەوەدا کۆدەبنەوە کە هەمۆیان فیعلی ئینشائین ...) . هەڵبەت ئەم قرتانەش هێ دەستلێدان نییە و خەڵقی لێ مەنع نساکرێ .

ئەو فیعلانەی کە بە دەنگی (هـ) دەستپێدەکەن سـەرەڕای (ب)ی نیشانەی ئەمر هێیەکەشیان دەقرتێ وەك کە دەگوترێ (هەڵێنە ، هەڵاوێژە ، تێوەرێنە ، هەڵێ ...) لەجیاتێ (هەڵبهێنە ، هەڵبهاوێـژە ، تیوەربهێنـە ، هەڵبهێ...) . بەشێك لەو فیعلانەی کە بە هەمزە دەستپێدەکەن وادەبێ هەمزەکەیان دەقرتێ وەك (داخێوم ، بنگێوە ..) لەجیـاتێ (دەئاخێـوم ، بئەنگێوە ..) . لەبارەی وشەی (بنگێوە)وە لە شێخ عەلێ تاڵەبانێ دەگێڕنەوە کە لە پیریدا گوتویەتی: کاتی خۆی کە مامۆستای سوختەخانە لە حینجەکردندا دەیگوت «بێژێر بی بنگێوە سینێ ..» عەلێ کوێر بێ نەمدەزانێ مەبەستی وەستاندنی سینەکەیە . لەمەوە دیارە کە تێبردنی ئەو هەمزەیە لە کۆنەوە و بە بەرینایی کوردستان باو بوە .

ڕای من لەبارەی ئەم جۆرە سوان و قرتانە ئەوەیە کە هـەر وەك لـە عەرەبیدا (یستطیع) و (یصطیع) ڕەوان ، لە کوردیشدا بە مەرجی نەشێوانی ڕێزی دەنگی وشەکان شێوەی سواو و نەسواوی وشەیەك کە لە زوربەی لەهجەکاندا باو بێ هەر ڕەوایە بەڵام دیارە نەسواوەکەی پەسەندترە .

وشە هەیە دەقی کۆنی ماوە بەڵام سواوەکانی پتر لەکاردان وەك وشەی (خاتون) کە تەنها بۆ ناوی کۆك و لە شێوەی ئاوەڵنـاودا بەکاردێـت وەك ئەوەی یەکێك ناوی (خاتون) بێ وەیا بگوترێ (کیژێکی خاتونە) لەوە بەولاوە سێ جاران کورت کراوەتەوە بۆتە (خاتو ، خات ، خا) پتریش لە ئەسڵەکە مەبەست ڕادەگەیەنن ، تەنانەت جارێکیان لە ئەدیبێکی کوردم بیست گوتی

گوێم لێ بو بانگ‌کرا (خا فاتم) دەرحاڵ بیرم بۆ ئەوە چو کە ئەم (خا)یە دەشێ بیێتە نیشانەی مێینە لەو وشانەدا کە پێویستیان بە جوداکردنەوەی نێر لە مێ هەیە وەك (خا دکتۆر ، خا وەستا ، خا سەرتاش ••) • لەم وشەیەدا ژیاندنەوەی (خاتون) لە جیاتی لەقەبی (خاتو) سودی نییە چونکە ئێستاکە هەر دو وشە خزمەتی ئاخاوتن دەکەن هەریەکەیان لە مەودای خۆیدا • (خات) و (خا)ش لە شوێنی تایبەتیدا هەر ڕەوان چونکە بە فرەوانی لەکاردان و ڕیزی دەنگەکانیشیان نەشێواوە ، ئەگەر (خات) بوبایە ( تاخ) بیژۆك دەبو •

لە بەرەی فیعلدا ڕێژە هەن لە لەهجەیەکەوە بۆ لەهجەیەك جوداوازی تێدا پەیدا بوە وەك : گوتبێتم ، گوتبم — دەڕۆیت ، دەڕۆی — کردوەتی ، کردییەتی ، کردیتی — دیتومە ، دیتۆتم — نوستومە ، نوستوتم — دەچێتن ، دەچێت ، دەچێ • بەلای منەوە تا ئەو ڕۆژەی بڕیار لەسەر یاساغ کردنی ئەم مامڵەت جودایی‌یە دەدرێ هەموییان ڕەوان بەلام وا چاکە چی لە لەهجەی سلێمانیدا باوە ئەویان بەکاربێت هەرچەند لەوێشدا مامڵەت جودایی هەیە • بەلام دەتوانم بڵێم لەنێوان دو ڕێژەی (کردبام، بمکردایە)دا پێویستە (کردبام) ڕێژەی ئیحتیمالی بێت وەك (ئەگەر کردبام پێمەوە دیار دەبو) بمکردایەش بۆ خۆزی خواستن بێ وەك (کاشکی بمکردایە ، بمکردبایە) •

باسی قرتان و سوان دەمانهاوێتە سەر لێکۆڵینەوە لە باسی بەسەرەوەنان و لێ زیادکردن ، لێرەشدا کارمان هەر بەو لێ زیادکردنە هەیە کە لە شێوە ئاخاوتنی سلێمانیدا دەکرێ چونکە هەر خۆی بنەمای زمانی ئەدەبیمانە و کەس گوێ ناداتە ئەو ناوچانەی لەبری (بەلام) دەڵێن (•• بەرانەکینێ) • ئاخێوەری سلێمانی لە هەندێ شوێنی ئاخاوتندا زیادییەك دەخاتە کۆتایی وشەوە وەك زیادی (وانێ) بە دواکار و دەستەی ناودا • من بەش بە حاڵی خۆم تا ئێستا لە کەسم نەبیستوە و نەشمخوێندۆتەوە لە

بنەچەك و سەرچاوەی ئەم زیادییەی كۆلیتەوە • ئەوەندەی تۆسینی كۆنی سەر بە زمانە ئێرانیەكانیشم هاتبێتە بەرچاو نەمدیتوە شتێـــكی وەك (وانێ) باو بوبێت ، وەك بشزانم تەنها لە سلێمانێ و شوێنی لەوەوە نزیك بەكاردێت، ڕەنگە ڕاستیش بێ بگوترێ فەرق بە كەمبونەوەی دەكرێ نەك بە زیادبونی بەتایبەتێ لە نوسیندا •

هەرچەند لە زۆر حاڵ و باری تایبەتیدا حەز لە بیستنی ئەم (وانێ)یـە دەكەم ، وەك كە گوێم لێ دەبو لە چیرۆكە تەمسیلیەكانی ڕەفیق چالاك بـە جۆری ڕەزا سوك لە دەمی ئاكتۆرەكان دەهـاتە دەرەوە ، دیسانـەوە بـە بارگرانیەكی بێلزومی دەبینم بەسەر نوسینی ئەدەبیمانەوە • جگە لەو گرانی و بێلزومیە دەشبێتە ئەزمونێكی ئەبەدێ بۆ دانیشتوی دەرەوەی سلێمانێ كە هەتاهەتایێ زماناسێ خۆی تێدا تاقێ بكاتەوە لەوانەیشــە دوای مەشــق و خۆڕاهێنان ئنجا بلێ (چەند خۆشە بەهارەوانێ ، دەچم بۆ كڕینی میوەوانێ••)

زیادیەكی دیكە ئەو (ر)ە لاوازەیە دەچێتە كۆتایی ڕێژە ئــەمری وەك (بچۆرەوە ، بمەرەوە) • ئەوەی سەرنج ڕادەكێشێ نەهــاتنی (ر)ەكەیە لە كۆتایێ غەیری ئەم ڕێژەیەدا هەرچەند پاشگرەكەشی پێــوەبێ دەگوتــرێ (چۆوە ، ئەچێتەوە ، ئەمماتەوە ، ئەیخوێندەوە ••) فیعلی وەك (بمەرێ ، «مەمخەرە هاوییەیی هەولی فیراق» )یش هەر لەمبابەتەیــە ، وەك دەبینــێن نەهیش وەك ئەمر وایــە ••

ئەم زیادییەش سەرچاوەی ڕونی نییە و هەر لە سلێمــانێش بــاوە • بێگومان ئەمیش وەك (وانێ) هەقی بەسەر نوســینی ئەدەبی یەكــگرتوەوە نییە و ناشێ بەسەر هەمو كوردا بسەپێ • ناوناوە لە لەهجەی دیكەشــدا زیادێ بۆ هەندێ وشە دێت وەك كە لەئێوان بەشــێك لە عەشــیرەتەكاندا وشــەی ( دەگــیرێ ) دەبێتــە ( دەگــیرەرێ ) ••• عومــەر دەبێتــە

( عومبەر ) ... ( کەسارە ) دەبێتە ( کەستارە ) • بەڵێ دەزانم ئەم زیادییانە دەستوریان نییە وەك (ر)ە لاوازەکە دەستوری هەبوو بەلام بە هەمەحاڵ ئەوانیش زیادێن و ڕەنگبو ئەگەر لە سلێمانێ باو بونایە خۆیان بۆ ناو شێوە نوسینی ئەدەبێ نامزەد بکردایە وەك کە فیعلی (یەت) لەبری ( دێت ) وەیا (یەکێکی کە ـ لەبری یەکێکی دیکە) بە ڕاشکاوێ دەنوسرێت • لەلایەن بونی دەستوریش لە هێنانی ئەو (ر)ەدا زوربەی هەرمزۆری کوردیش کە بەکاریناهێنن لەسەر دەستورێکی گشتێ دەڕۆن کە نەك تەنها لەو ڕێژەیە بگرە لە هیچ ڕێژەیەکدا زیادێ ئەوتۆیێ ناهێننە ناو ئاخاوتنەوە ، خۆ ئەگەر بە ڕێکەوت لێرە و لەوێ زیادییەکیش هەبێ کەس گوێی ناداتێ رەنگە هەر نەشیبیسن وەك کە لە دەشتی کۆیێ دانیشتوی چەند دێیەك لەجیاتێ مانگەشەو دەڵێن (مانگاشەو) هەروەها دەڵێن ( دوانان ) و (سێیانان) لەجیاتێ (دوان) و (سێیان) • وشەی گەمەش دوو جار کۆدەکەن و دەڵێن گەمانان• هەر ئەوانیش ڕێژەی فیعلی تێپەڕ لە هەندێ شێوەیدا دەدەنە فیعلی تێنەپەڕ وەك کە دێن دەڵێن (نوستۆتم ، چۆتم و هاتۆتمەوە..) لە بەری سلێمانێ لەبری ئەمانە دەڵێن چووم هاتووم ، کە فیعلەکەش تێپەڕ بوو دەڵێن (کردومە ـ کردوەتم) • گوێم لێ بوە گوتراوە ئەم (ر)ە لەم شوێنەدا هاتوە تاکو بزوێنی بەرایی پاشگری (ەوە) بپارێزێ کە لەو ڕێژەیەدا بەدوا بزوێندا دێت • دیارە بزوێنیش بە بزوێنەوە نالکێ • لە وەرامی ئەم بەڵگەیەدا دەڵێم :

١ ـ دەزانین نیشانەی پێناسینیش بە خۆی و بزوێنەکەی پێشییەوە وادەبێ دەکەوێتە دوای بزوێنی ئەلفەوە کەچێ ئاخێوەری سلێمانێ بزوێنەکەی پێناسین تێدەبات و نە (ر)ی لاواز و نە هیچ دەنگێکی دیکەش نایەنێ بۆ پاراستنی ئەو بزوێنە بەنموونە دەڵێ (براکە ، چراکە) کەچێ لە گەلێك شوێنی دیکەدا (ی)ی پێوەندی دێنن و بزوێنی نیشانەکەی پێدەپارێزن و دەڵێن ( برایەکە ، چرایەکە ) •

٢ ــ له سلێمانیش به زۆری که ڕێژەی ڕابردوی بەردەوام دەهێنن و پاشگری (ەوە)ی دەدەنێ بزوێنی بەرایی پاشگرەکە تێدەبەن وەك که دەڵێن (ئەچۆوە ، ئەبۆوە ــ لەجیاتی ئەبوەوە ، ئەچوەوە٠٠) کەچی بەدوا ئەلفدا بزوێنەکە دەپارێزن وەك که دەڵێن (گەڕایەوە ، بۆژایەوە) ٠٠ لەجیاتی ( گەڕاوە ، بۆژاوە ) ٠

٣ ــ هەر له سلێمانی دەڵێن (ئەم پەنجەرەیە ، ئەو پیشەیە ) بەلام که وشەکان کۆکران بزوێنەکەی دوای ناوەکان تێدەبەن و دەڵێن (ئەم پەنجەرانە ، ئەوپیشانە ) لەبری (ئەم پەنجەرەیانە ٠٠)

٤ ــ له سلێمانی و غەیری سلێمانیش وشه که کۆکرا بزوێنی ( ە ) فەتحەی کۆتایی وشەکە تێدەچێت وەك (پەنجەران ، شەدان ٠٠) کورتەی قسه ئەمەیە که پاراستنی بزوێن نابێتە هەنجەتی هێنانی ئەو (ر)ە لاوازە ، پاراستنی بزوێنەکەش وەنیە له هەمو حالاتدا بەر دەستورێکی گشتی بکەوێ، ئنجا له هیچ نمونەیەکدا نادیتری بزوێنەکە وەیا بزوێن به گشتی به هێنانی (ر) بپارێزرێ ، ئەوەی وەك (نون الوقایة) بزوێن دەپارێزی له کوردیدا دەنگی (ی)ە ٠ کەواتە دەبێ لەجیاتی (بلێرەوەوانی) بنوسین (بلێوە) خۆ ئەگەر ئەمەش نەسەلمێندرێ نابێ ( بلێوە ) کوێربکرێتەوە چونکه ئەمیان ڕازەوی دەستوری و زۆرینەی ئاخێوەرە ٠

## گیروگرفتی ژمارەکان له ١١ تا ١٩

لێرەدا گیروگرفت له دو ڕۆەوە هەڵدەستێ :

یەکەم : لەو (ن)ەی که له زاری سلێمانیدا دەکەوێتە ناو ژمارەکانی ١١ ، ١٢ ، ١٣ ، ١٦ ٠

دوەم : له قرتانی دالی (یازدە ، دوازدە ، سێزدە ، پازدە ، شازدە) ئەویش هەر له زاری سلێمانی ٠

بەدوا ئەو گرفتانەدا بادانەوەیەکیش بۆ ژمارە (٧) پێویستە •

لەبارەی ڕۆی یەکەمەوە کە تۆنی ژمارەکانی ( ١١ ، ١٢ ، ١٣ ، ١٦ )یە : ڕۆن‌کردنەوەی ئەم گرفتە بەم‌جۆرە دەبێ :

سەرنج بگرین دەبینین لە ژمارەکانی (١٤ ، ١٧ ، ١٨ ، ١٩ ) گرفتی ئەو تۆنە لە لەهجەی سلێمانیشدا پەیدا نییە چونکە لە هیچیاندا تۆن نییە • ژمارەی (١٤) لەوەدا پرسیار پەیدا دەکا ئایا بە ئەسڵ (چوار) و (چـواردە) یاخود (چار) و (چاردە)یە ؟ بەلای منەوە (چوار) ڕاستترە چونکە واوەکە لـە زمانی دیکەشدا دەردەکەوی وەك Four ی ئینگلیزی ، تەنانـەت کە دێن بۆ ( چارەگ ) وشەی quarter بەکاردەهێنن لەوێشدا واوەکە پارێزراوە • لە فارسیدا وشەی (چهار) بەلای (چار)دا دەچێتەوە چونـکە ئەو دەنگەی (هـ) بەرەو قرتان نزیکترە تا ئەوەی ببێتە (و) بەلام زۆرینەی زمانە ئەورووپاییەکان کە واوەکە دەپارێزن وشەکە بەلای (چوار)دا دەبەنەوە وشەی (چارەگ) کە واوەکەی دۆڕاندوە و کافـەکەشی کردوە بە گـاف نەیتوانیوە وشەی (چواریەك) بکوژێت • بۆیە دەتوانین بلـێین (چـارەگ) سوان و گۆڕانی بەسەردا هاتوە نەك ڕەسەنە •

لە ژمـارەکانی (١٤ ، ١٧ ، ١٨ ، ١٩)دا گرفـتی پـەڕینی (د)ەکەش پەیدا نییە چونکە ئاخێوەری کورد بە تێکڕایی دەیڵێت تەنانەت کە دانیشتوی سلێمانی دەڵێ ( حەڤڤە) دالەکەی سەلماندوە بـەلام لە شـێوەی گوشـینی ڤییەکە دەری بڕیوە •

لە تۆنەکەی (١٥)ی شێوەی سلێمانیش گرفت نییە چونکە بە ئەسڵ وشەی پێنج تۆنی تێدایە •

گرفت لە ژمارەکانی (١١ ، ١٢ ، ١٣ ، ١٦)دا هەیـە و لە پەڕانـدنی (د)ەکەی ژمارە (١٥)ش بە پێی ئاخاوتنی سلێمانی •

له لەهجە ئاخاوتنی سلێمانیدا دەگوترێ (یازە ، دوازە ، سیازە ، شازە ) لەمەشدا دوو جاران مامڵەت جودایێ کردوە لە چاو چوارده و هەژدەدا : جارێکیان کە هاتوە دالی ژمارەی (١٠)ی پەڕاندوە بەپێی دەستوورە گشتییەکەی قوتدانی دەنگی دال • جارێکیشیان کە لەلاوە تونێکی هێناوە بۆ ناواخنی وشەی ژمارەکان • وادەزانم لەو وشانەدا پەڕاندنی دالەکە یەکسەر بۆتە رێ خۆشکەرەوە بۆ هێنانی ئەو تونە بە پارسەنگی تێکچوونی زەنگ و لەنگەری وشەکان : تۆ کە ئەو دالانەت سواند و گوتت (یازە ، دوازە ، سیازە ، شازە) هەست بە نالەبارییەکی فۆنەتیکی دەکەیت و پێت خۆشە لەو نالەبارییە دەرچیت • لەنێوان هەموو دەنگەکانی کوردیشدا تەنها دەنگی تون لەو شوێنەدا دەبێتە پارسەنگێکی زۆر سووک • ئەم ڕاستییەش بە سەلیقە و بە ئەزموون دەردەکەوێ • تۆ سەیری ئەو لەهجانەی کە دالی ژمارەکان دەهێڵنەوە دێن تونی (١٥) وەها سووک دەردەبڕن لە قرتانی نزیک دەخەنەوە و دەڵێن (پازدە) هەر چونکە هاتنی تون لەو شوێنەدا بەدیار دالەکەوە قورس دەردەچێت • لەمەوە دەردەکەوێ ، لادانی ئاخێوەری سلێمانی لە وشە دروست و ڕەسەنەکانی (یازدە ، دوازدە ، سێزدە ، شازدە) لەبەر پەڕاندنی دالەکە ناچارییەکی فۆنەتیکی بوە • بەڵگەش لەمەدا ئەمانەن :

١ ــ وشەکان بە ئەسڵ دالیان تێدایە •

٢ ــ لە هیچ کەرتێکی ئەو وشانەدا ــ جگە لە پازدە ــ بەئەسڵ دەنگی تون نییە •

٣ ــ بەشی هەرە زۆری کورد نە دالەکە دەقرتێنن و نە تونیش بە زیادەوە دەهێنن •

ژمارەی (١٥) دەشێ بەپێی ئەسڵی کەرتەکانی بنووسرێ پانزدە ، هەروەها دەشێ بەپێی دەستووری ڕەسەن و دروستی سوانی دەنگ (پازدە) بێ •

ژمارەی (١٧) کە بەشی هەرە زۆری ئاخێوەری سلێمانی (حەڤڤە)ی دەردەبڕن دەبێ ( حەڤدە ) بنوسرێ و چڕێگەی دیکەی لەپێشدانییە : ئەسڵی وشەکە ( حەفتدە) بوە • لەپێشەوە دەنگی (ت) تێیدا سواوە ، ئنجا بەپێی داخوازی دەنگسازی دەنگی کپی (ف) لە دراوسێیەتی (د)ی ئاوازەداردا بۆتە (ڤ)ی ئاوازەدار و وشەکە بۆتە (حەڤدە) •

دەچمەوە بۆلای ژمارە (٧) کە بەشێکی ئاخێوەری کورد (حەوت) و بەشێکیشی ( حەفت )ی دەردەبڕێ • ساغ کردنەوەی کێشەکە بە چاکی لە بەسەرکردنەوەی (حەڤدە) و ( حەفتا )دا هەڵدێنجرێ چونکە ئەوانەی دەشڵێن ( حەوت ) لەو دوو ژمارەیەدا دەگەڕێنەوە بۆ بنیچەی وشەکە کە ( حەفت )ە • ئەگەر گوترابا ( حەوت ، حەودە ، حەوتا ) ڕێی تێدەچو دەمەتەقە لەسەر پرسیارەکە هەڵستێ و گوێ نەدەینە (هفت)ی فارسی و Seven ی ئینگلیزی و Sept ی لاتینی کە هەمویان بەلای دەنگی (ف)دا دێنەوە نەك ( و ) •

کەواتە ژمارەکان لە نوسینی ئەدەبیدا دەبێ بەمشێوەیە بنوسرێن :

چوار ، حەفت ، یازدە ، دوازدە ، سێزدە ، چواردە ، پانزدە یاخود پازدە ، شازدە ، حەڤدە ، هەژدە ، نۆزدە •• حەفتا ، حەفصەد • حەفت هەزار •• حەفت ملیار •••

## گیروگرفتی نوسینی کردار لەگەڵ ڕاناو لە ڕوی پێکەوە نوسان و پێکەوە نەنوسانیانەوە

ئەم گرفتە زۆری بەبەرەوەیە :

جارێ با لەپێشەوە بڵێم من لە زاراوەی (کردار) ڕازی نیم و لایەنگیری (کار)م لەبری فیعل ، لەخۆڕاییش لایەنگیر نیم :

١ ــ كار پتر لەگەڵ مطلقی (عمل) ڕێکە ، هەرچی (کردار)ە تازەدەیەك بەلای ئاکارەوە دەبێتەوە •

٢ ــ سێ وشەی (کار ، کارا ، بەرکار) لەبری (فعل ، فاعل ، مفعول) زۆر شیرن و ڕێکوپێکن • لە (کردار) وشەی بە واتــای (فاعــل ــ کارا) هەڵناستێ •

٣ ــ بەتیکڕایێ خولی وشەی (کار) بەناو ڕێزمان و فەرهەنگ و زاراوە جوداکانی لکی زانستەکان گەلێك بەر فەڕاح و فرەوانترە لە هێ (کردار) وەك وشەی (کارگێڕ ، کارم پێتماوە، کارامە، سەرکار، کارم خوێندنە•• کاریگەر) هەمتوشی بەلای کردن و جموجوڵــەوە دەڕوات • کاتی خــۆی کە کۆڕی زانیاری کورد وشەی (کار)ی لەبری (فعل) پەسەندکرد دەیزانێ (کردار)یش هەیە بەڵام تای (کار)ی نەدەکردەوە مەعلومیش بۆ بەلایەوە کە (فرمان) هەر بەجارێ بێکەڵکە چونکە لە (فەرمۆن)ی ئەمر کردنەوە هاتوە ، لە واتاشدا کە دەڵێی (فرمانی خۆم جێبەجێ کرد) وەك ئەوەیــە کە بڵێی (واجبی خــۆم بەجێهێنا) ئنجا وشەی (واجب) ببێتە (فعل)ی قەواعید • وادەزانم چاوەڕوان ناکرێ لە سەپاندنی زاراوەیەکدا پتر لەو بەڵگانەی بۆ (کار) ڕەچاو کراون ڕەچاو بکرێ • ئنجا کە نەسەلێندرێ چۆن پێشنیاری کۆڕ و غەیری کــۆڕ بڕ دەکات ؟

بگەڕێمەوە بۆ کێشەی کردار و ڕاناو •

نازانین مەبەست لە (ڕاناو) چییە •

کرداریش هەر بە ڕاناوەوە ناتوسێت، ڕاناویش هــەر بــە کردارەوە ناتوسێت •

لەپێشەوە بزانین ڕاناو لێرەدا دەبێ چێ بێ ؟

بەشێکی زۆری زمانەوانانی کورد شوێنپێی ڕێزمانە مەشوورەکانی دنیا هەڵدەگرنەوە و ڕاناو دەکەن بەو چەند بەشەی لەواندا دیـار کراوە ، لای هەندێك لەو زمانەوانانە ژمارەی ڕاناو دەگاتە (٨) • لای هەندێکی دیکەش دەگاتە (٧) و بەرەژێرتریش • لە ڕووی نووسینەوە ناشێ لەو هەموو بەشانـەدا یەك پێوانە بەکاربێت • بەنموونە ئەوەی پێیدەڵێن ڕاناوی ئیشارێ (ئەمــە ، ئەوە ، هۆوە ، ئەمانە ••) کۆنابێتەوە لەگەڵ ئەوەی پێیدەڵێن ڕاناوی هەیێ کە بریتییە لە وشەی (هێ) وەیا ڕاناوی گەیەنەر کە بریتییە لە (کـە)ی ناو ڕستەی وەك (ئەوی کە پێم گوتیت) • بەپێی ئەو دابەشکردنانە سەرلەبەری وشەکانی ڕستەی (ئەو هیچانەی کە هێ تۆن هێ منن ) ڕاناون • وەك دیارە بەشی زۆری ئەو ڕاناوانە لە ڕووی ڕێنووسەوە فەرقیان نییە لەگەڵ وشــەی عادەتیدا ، بۆیەیە وا دادەنێم کە مەبەست لە ڕاناو ئەوە بێ پێیدەڵێن (ڕاناوی کەسێ) وەك ( من • تۆ ، ئێوە ) لەوێشدا مەبەست ڕاناوی لکاو بێ چونکە سەرێشەی گەورە لە چۆنیەتێ نووسینی ئەودا پەیدایە •

ڕاناوی لکاو نەك هەر بەکارەوە بگرە بە هەموو وشەیەکەوە دەلکێت • دەستووری گشتێ چۆنیەتێ نووسینی ڕاناوی لکاویش وەك لە تـاوەکەیەوە دیارە ئەوەیە کە دەبێ هەمیشە بە وشەی پێش خۆیەوە بلکێ وەك : دەستمان هەڵگرت ، برام هات ، دیتمان ، منم ، بمگرە ، من دۆستتـم ••• دەبینــێ ڕاناوی لکاو بە ڕاناوی لکاوەوە دەنووسێت هەردووکیشیان پێکەوە بە وشەی پێش خۆیانەوە دەلکێن ئەو وشەیە هەرچێ دەبێ با بێ •

تا ئێرە گرفت لە جۆری نووسینی ڕاناوەکاندا نابینم ، بەڵام لەو حاڵەتەدا کە ڕاناوی لکاو جێگۆڕکێ دەکات پێویستە بڕیار لەسەر چۆنیەتێ نووسینی بدرێت بە نموونە (دەگرم) دەبێتە (دەمگرت ، نەمدەگرت ، هەڵم نەدەگرت ، پێم هەڵنەدەگرت ) •

ئنجا دەگوترێ (هەڵم نەگرتبای) وەیا (تێیان هەڵنەپێچابایەنایە ، پێیـان وەرگەڕاندبوین • تێم رانەدەدیتیت •• ) •

ئەگەر ئارەزو بکەین دەتوانین دەمەتەقە و بەڵگەکاری دوور و دریـژ لەسەر چۆنیەتی نوسینی ئەو ڕستە وەیا دەستەواژانـە هەڵستێنین بـەڵام لێرەدا هەم بە نیازی کورت کردنەوەی قسە و هەم بە هۆی ئەوەندە زۆناکییەی کە تائێستا هاتوە بۆ ناو تێکڕای گرفتەکان بیر و ڕای خۆم لەم چەند حاڵەدا لەبارەی کێشەکەوە دەردەبڕم :

١ ــ کە ڕاناوەکە کەوتە نێوان کار و نیشانەکانی (مضارعە ، أمر ، نهی، نفی) بە هەردو لای خۆیەوە بلکێ لەوڕۆوە کە ئەو نیشانـانە بـە کەرتی تەواوکەری فیعلەکە حیساب دەکرێن ئیتر بنوسرێ (دەتبینـم ، بتبینـم ، ناتبینم ، مەمبینە ، بمبینە ، نەتدیتم •• ) •

٢ ــ ئاوناوە وادەبێ دو نیشانە دێنە بەرایی فیعلەوە وەك (نەدەڕۆییشتم) کە فیعلەکەش تێپەڕ بو ڕاناوی فاعیل دەکەوێتە نێوان هەردو نیشانەکەوە وەك (نەتاندەدیتم••) من وا بە باش دەزانم لەم حاڵەتەشدا کەوا ڕەنگە تاکە حاڵەت بێ ، هەردو نیشانەکە و ڕاناوەکە وێکڕا بە فیعلەکەوە بلکێن ، هەم لەبـەر ئەو هۆیەی کە لە خالی یەکەمدا باس کرا هەم لەبـەر ئەوەی کە نیشانەکان لەلایەن لکانەوە لە پێشگر و لە دەستەواژە و لە وشەی سەربەخۆی وەك (ناو ، ڕاناوی نەلکاو ، ئاوەڵناو ، ئاوەڵکار) جودا بکرێتەوە ، واتە ئەگەر راناوی لکاو کەوتە نێوان ئەو وشانە و فیعلەوە بەوانەوە بلکێـت و لـە فیعلەکەیان دوربخاتەوە وەك (هەڵم گرت، منت دیت، پیاوانەیان دەدواندین ، عاقڵت شێت کرد ، بەتەنگەوەیان بوین ) •

٣ ــ لە حاڵەتی هاتنی ڕاناو بە دوا فیعلدا : کە یەك ڕانـاو بو بەپـێی دەستوری گشتی بە فیعلەکەوە بلکێت (دیتم ، هاتیت ، دەچوین) •کە بون

به دوّ ڕاناوی یەك لەدوا یەك وەك (دیتمت ، بیستمن ، دیتیانین ••) ئەوساش هەردوّیان ویّکڕا بە فیعلەکەوە بلکێن • کە پاشگری (ەوە)ش بە فیعلەکەوە بوّ بە دوەم ڕاناوەوە بلکێت (دیتمنەوە ، دیتیانینەوە ••) خولاسە چەندیك ڕاناوی لکاو و پاشگر و نیشانەی خوّزی بەدوا فیعلدا بێن هەموّیان پێکەوە پێیەوە بلکێن وەك (نوستبامایە، بتخواردایە، بماندیبایت، هەڵم کیشابایت) •

هەر لەبارەی کێشەی ڕاناوی لکاوەوە پێویستە باسی ئەوەش بکەم کە لە هەندێ ناوچەی وەك دەوروبەری کەرکوك لەجیاتی (دیتیانین بیستمانیت •• ) دەڵێن ( دیتمانیان ••) (بیستتمان •• ) وەیا کە شێخ ڕەزا دەڵێ ( خوّی کرد بە نێرە تورك و لێمی خوّزی کیم بلرسزی) لەجیاتی (لێی خوزیم ••)• ڕاستییەکەی ئەم بەکارهێنانە لەوانەیە باشتر بێ لەوەی لە بەری سوّران و موکریان و بابان و نازانم کوێ باوە چونکە لە هەندێ باردا ئەم داڕشتنە ڕاگەیەنترە وەك کە دەڵێ (پێیم گوت ••) مەفعوّلی ڕاناوی کەسی سێیەم دەردەکەوێ کەچی لە لەهجەکانی دیکەدا ڕاناوەکە دەرناکەوێ و دەڵێن (پێم گوت) • ئێمە دەزانین کە کەسی سێیەمی تاك مەفعوّل بوّ ڕاناوەکەی دەرناکەوێ تەنانەت کە دەڵێین (لێیم ستاندەوە) دوّ مەفعوّل بزرە بەڵام کە گوتت (لێیم ستاندەوە••) مەفعوّلی دوەم لە شکلی ڕاناوی (ی)دا دەرکەوت و حەقیشیەتی دەرکەوێت چونکە تەنها یەك مەفعوّل دەشێ هەر بە تصور جێی بوّ بکرێتەوە لە ئاخاوتندا وەك کە دەڵێی (دیتم) دەزانین شتێك وەیا یەکێکت دیتوە بەڵام کە بوّن بە دوّ مەفعوّل وا باشە دوەمەکەیان دەرکەوێ • لە لایەکی دیکەشەوە کە لەو لەهجەیەدا دەڵێن (لێتم وەرگرت) ڕاناوی کەسی دوەم کە لەبەر حوکمی (لێ)ی پریپوّزیشنە یەکسەر بەدوایدا هات بەڵام کە گوتت (لێم وەرگرتیت) ڕاناوی کەسی یەکەم کە فاعیلە ئەویان کەوتە بەر حوکمی پریپوّزیشن هەرچی کەسی دوەمە بە سەلامەتی کەوتە دوای فیعلەکەوە •• بە هەمەحاڵ

ئەم بەراوردکردنە سەر بە ڕێزمانە نەك بە ڕێنوس ، بەلام ڕێم بۆ دەکاتەوە بلێم لە هەر لەهجەیەکدا بێ ڕاناوی لکاو دەبێ بەپێی ئەو دەستورانە بنوسرێ کە بۆ نوسینی ئەدەبێ قەراردادە دەکرێ، چ زەرەرێکیش لەوەدا نابینم ئەگەر لیژنەیەکی شارەزای ڕێزمان خەریك بێ ئەو تەرزە بەکارهێنانە و داڕشتنانە هەلسەنگێنێ بەلکو هێ وایان تێدا ڕەچاو دەکات کە لەوەی باوی نوسینە پەسەندتر بێ ، خۆ هەموی هەر کوردییە و هیچیان نابنە منداڵی هەلگیرایەوە ..

## گیروگرفتی ئامرازە لێکدەرەکان (حروف العطف)

زاراوەی (ئامرازی لێکدەر) لە ڕوی واتاوە لەگەل ( اسم الموصول)دا ڕێك دێت هەرچی (حروف العطف)ە لەگەل وشەی (پێوەندێ)دا پتر دەگونجێ . بەلام لێرەدا پێڕەوی بانگەوازەکە دەکەین و بە (عاطف) دەلێین (لێکدەر) . هەرچەند تائێستا ڕێككەوتنی گشتێ لەسەر تێکڕای ئەو وشانەی بە لێکدەر دانراون پەیدا نەبوە دیسانەوە دەتوانین بڕیاری وەها بدەین کە لە ڕوی چۆنیەتێ نوسینیانەوە هەمویان بگرێتەوە .

ئامرازی لێکدەر هەر کە ناوی ئامرازی وەرگرت دەبێتە یەك لەو چەند بەشە سەربەخۆیەی کە زمانی بەسەردا دابەش دەکرێ وەك : ناو ، کار ، ئاوەلناو ... دیارە کە لە ڕێزماندا سەربەخۆ بێ دەبێ لە نوسینیشدا بە جودا بنوسرێ . بەلام کە بێین وشە لێکدەرەکان بخەینە بەر نیگای سەرنجەوە چەند تێبینییەك خۆ ڕەپێش دەکات :

١ ــ وشە مەشورەکەی (عطف) کە فارسێ و کوردێ و تورکیش تێیدا هاوبەشی عەرەبین واوی عەتفە . لە بارەی ئەم واوەوە دەبێ دو خاڵ ڕەچاو بکرێ :

خالی یەکەم ئەوەیە کە شکڵی (وە) ئەمرازە سەریحەکەی عەرەبییە بە زەقی زادەگوێزرێ بۆ ناو ئاخاوتنی کوردێ • لەبەر ئەمە پێویستە دوورە پارێزی لێ بکرێ وەك کە دوورە پارێزی لە (بلی بەلا)دا دەکرێ و دەگۆرێ بە (بەڵێ) •

خالی دوەم چونیەتی نوسینی (و)ی عەتفە : وابزانم نوسەران هەموویان واوەکە بەجودا دەنوسن و نایلکێنن بەلام هەندێکیان لە نزیك وشەی پێش خۆیەوەی دەنوسن هەندێکیشیان لێی دووردەخەنەوە • بەلای منەوە هەردو شێوە نوسین بەڵگەی خۆی لەگەڵ خۆیدایە ، تەنها ئەوەندە هەیە کە ئێمە بڕیارماندا بەجودا بنوسرێ بۆچی وەکو وشە جوداکانی دیکە لە دوورەوەی وشانیەوە نەنوسین ؟ ئەگەر بگوترێ دوورخستنەوەی وەهای دادەبڕێ کە ئیتر نەشێ بێتە بزوێن بۆ وشەی پێشیەوە ، لە وەرامدا دەڵێین نزیك خستنەوەشی لە وشەی پێشیەوە مافی ئەوەی لێ دەستێنێ کە پێیەوە نەلکێ • جگە لەمە ، جاری وەهاش هەیە واوەکە بەدوا هەندێ وشەدا ئەگەر لێی دوورنەخرێتەوە بە پیتی ئەو حیساب بکرێ بەتایبەتی بۆ ئەوانەی لە خوێندنەوەدا ، جارێ ، شلکن ، واش دەبێ بەدوا وشەیەکدا دێت کە کۆتاییەکەی دەنگی واوی تیژە : ئنجا ئەوانەی واوی تیژ بە دو واو دەنوسن لێیان ناقۆلا بەدەر دەداتەوە • بە هەمە حال وادەزانم چاکتر ئەوەیە لەدوورەوە بنوسرێت • پێی ناوێ بڵێم لەخۆوە دیارە کە دەبێ تەنها یەك واوی بێ نیشانە بۆ ئەم واوەی عەتف دابندرێ هەر نەبێ لەبەرئەوەی کە بەدوا بزوێندا هات واوەکە دەبێتەوە کونسنانت و نیشانە قبوڵ ناکات •

لەحالێکدا واوەکە بەشداری دروستکردنی وشەی فەرهەنگی بو دەبێ لە سیفەتی عەتف و سەربەخۆیی بکەوێت و بە پیش خۆیەوە بلکێت ، وەك لە وشەکانی (هاتوچۆ ، هیچوپوچ ، شتومەك ٠٠) و هی ئەوتوییدا واوەکە بۆتە کەرتی پێكهێنەر • هەرچۆنێك بێ ناشێ لە وشەکانەوە

دوربخرێتەوە • ئەمە دەڵێم لەبەر ئیحتیمالی پەیدابونی گرفت لە نوسینی وشەی وەك (هەرچێ و پەرچێ) چونکە ئەگەر بڕیار نەدرێ لەسەر دانانی نیشانە بۆ (ی)ی تیژ ئەوسا کە واوەکە بە چیمەکەوە لکێندرا لەوانەیە بخوێندرێتەوە (هەرچیو پەرچێ) •

لە وشەی وەك (سەرو سەر ، کەڵو کەڵ ، مڵو مڵ، دەشتو دەشت••)دا واوەکە نەبۆتە کەرتی پێکهێنەری وشە لەوەش دەرچوە عەتفی ڕوت بێ لەبەرئەوە پێویستە بەجودا لە نزیکەوە بنوسرێ •

٢ ــ وشەی (هەر) لەگەڵ (کوێ ، کەی ، کام ، سات ••)دا سیفەتی عەتف دەدۆڕێنێت و دەبێتە جۆرە وەسفێك بۆ ئەو وشانە • لەبەرئەمە لێیانەوە نزیكدەخرێتەوە • بەڵام کە گوتت (لەنێوان فلانە کۆمەڵە وشەدا هەر کام بۆ پرسە) دەبێ (هەر) دوربخرێتەوە چونکە بۆ عەتفە •

٣ ــ وشەی ، وەیا ڕاستی ، دەنگی (ش)ی عەتف بێچەند و چون بەپێش خۆیەوە دەلکێت وەك (بیتوێنیش دەشتە ، شوتیش هەرزانە ، منیشت دیت ••) • کە هات و کەوتە نێوان نیشانەکانی مضارعە و نەفی و نەهی و ئەمر و نێوان فیعلەوە دەبێ بە هەردو لاوە بنوسێت وەك (بشخۆ ، مەشڕۆ ، دەشچێ ، نەشچو ، ناشچێ ، نەشڕۆیشتایە ، بشڕویشتایە • ) • وادەزانم لە ڕابردوی بەردەوامدا کە لەگەڵ نەفی هات وەك کە دەگوترێ (نەشدەهاتم) هەردەبێ بەدوا خۆیەوە بلکێ بەڵام کە ڕاناو هات و کەوتە دوای (ش)ەوە جودای بکاتەوە وەك (نەشم دەزانی) • بە هەمە حاڵ ڕاناو هەمیشە شینەکە لە وشەی دواوە جودا دەکاتەوە جا ئەگەر شینەکە بەدوا پێشگر و نیشانەکاندا هات پێکڕا لەگەڵ ڕاناوەکە لەنزیك وشەی دواوە بنوسرێن وەك (هەڵیشم گرت ، بشم گرتایە ، نەشمدیت ، مەشمبینە ، ناشم دوێنێ••) بەڵام کە بەدوا دەستەواژە و وشەی سەربەخۆدا هاتن تێکڕایان بەجۆدا دور لە

وشەی دواوە بنوسرێن (خانوشم کڕی ، سەفەریش دەکەم ، سەرەو هەورازیش دەڕۆم ‎..‎ ) .

ئەم مامڵەت جودایی‌یە داخوازێ ڕێزمانە ، جا ئەگەر ویسترا بە نیازی ئاسانکردن یەك مامڵەت لەگەڵ وشەی سەربەخۆ و دەستەواژە و پێشگردا بکرێت و هەموویان دوور لە وشەی پاشەوە بنوسرێن دەبێ مامڵەتی نیشانەکان هەر جودا بێ و لەگەڵ (ش)ەکە وێکڕا بەدوا خۆیانەوە بلکێن وەك : بشڕۆ ، دەشبینێ ، دەشچوو ، نەشدەچوو .

٤ ــ « نە »ی (عەتف ــ نەفی) بەجودا لەدوورەوەی وشانەوە دەنوسرێ وەك : نە دەخۆم نە دەخۆمەوە ، نە دارا و نە برزوو ، نـە دەشهـات و نـە دەشچوو ... هتد .

ــ ٦ ــ

## گیروگرفتی وشە لێکدراوەکان لەبارەی پێکەوە نوسانـدن و ...

وابزانم لە ناوتوێژی چێ لێرە بەپێشەوە باسمانکرد ڕوونبۆتەوە بەپێی باوەڕی من چۆن وشەی لێکدراو بنوسرێ ، کاکڵی قسەش لەوەدا ئەوەیـە کەوا هەتاکو وشەی لێکدراو و داڕێژراو و دەستەواژەش بەرەو سەربەخۆیی و جۆشخواردنەوە بڕۆن پتر بەیەکەوە لکان هەڵـدەگرن . پـلەی لکانیش لەوەدا دوە : یەکیان لکانی تەواو ، ئەوی دیکەیان لە یەکتر نزیككردنەوەی کەرتی وشەکان . ئەوەی ڕاستیش بێ ئەو تەرزە وشانە بەهۆی ئەوەوە کـە بە هەر جۆرێك بنوسرێن واتا نادۆڕێنن وا لە نوسەر دەکات کە یەك وشە بە چەند جۆرێك بنوسێت بۆیەشە سەپاندنی یەك وێنە بۆ هەر تاکێـك لـەو وشانە پێویستی بە بڕیار و دەسەڵات هەیە ، ئنجا کاتیشی دەوێ تا دەست و

قەڵەمی تێکڕای خەڵق ڕادێت لە جۆری نوسینیـان بەڵام بێ گومـان دوای ئەوەی شێوەی وشەکان و جۆری ڕێنوس لە قوتابخانەکان جێگیر دەبـن پاش چەند ساڵێك زوربەی خەڵق بەو شێوەیەیان دەنـوسی کـە بە دەرس گوتراوەتەوە چونکە هەرچی منداڵە دەچێتە قوتابخانە و هەمویان یەك جۆر ڕێنوس فێردەبن ئەوساش کارەکە بەند دەبێ بە هەبونی مامۆستای شارەزا بایی هەمو قوتابخانەکان •• ئەمەیش بەولای ئیمکانـەوە نییـە ، زۆریش زەحمەت نییە چونکە ئێمە لەم کارەدا یەکەم هەنگاو هەڵنائێین •

## گیروگرفتی دانانی نیشانەکان

ئەگەر مەبەست لە نیشانە ئەوە بێ کە لەسەر هەندێ پیت دادەندرێ ئێمە لێی بوینەوە و لە یەکەم بەندی خاڵی یەکەمی بانـگەوازەکەدا بوبـوە سەرە باس • ئەگەر مەبەستیش نیشانەی مضارع و فەرمان و نەهی و نەفی و پێناسین و کۆکردن و چوك کردنەوە و پاشـگرەکانی نـاوی مەعنـەوی و ئاوەلکار و ئاوەلناو و شتی ئەوتۆیێ بێ دیسانەوە لە تێکڕای ئەم نوسینەدا باسیان کرا و گوترا دەبێ ئەو نیشانە و پاشگرانە بە کۆتایی وەیـا بەرایی وشانەوە بلکێن • لێرەدا تێبینییەك هەیە باس کردن دەهێنێ :

پاشگر بێ هێزتر و ناسەربەخۆترە لە پێشگر ، تەنانـەت هێ وایـان تێدایە بە حاڵ وجودی هەیە وەك دەنگی فەتحەی دوای (چاکە ، خراپە) وەیا هی دوای (گرزە ، ڕوتە) • هەرچی پێشگرە هەبونی سەربەخۆی هەیە بـا واتای تەواویشی نەبێ چونکە مومکین نییە هیچ بێژەیەك لە پێشەوە بێت و وجودیشی بەند بێ بە وشەی دوای خۆیەوە بەڵام دەشێ هەبونی بێژە بەند بێ بە پێش خۆیەوە وەك بزوێنی دوای (خراپە ، ڕوتە ، جوانێ ، سـەرو ، زانا) • پێشگر هەیە وجودی سەربەخۆ و واتای تەواویشی هەیە وەك دەر ، بەر ، لا •• ) • لە وشەکانی (بێ دین ، بەئامۆس)دا پێشگرەکان پرپێزیشن

که له هه‌بوونیدا به‌شێکی ئاخاوتنه وه‌ك ناو و کار •• له‌به‌رئه‌مه پـاشگر پـتر ئاماده‌ی پێوه لکانه بگره نه‌لکان هه‌ڵناگرێ • هه‌ر بۆیه‌یشه نووسه‌ران بـه ئاسایی وا ده‌بێ پێشگر به‌جودا ده‌نووسن وه‌یاخود که له‌مپه‌ر که‌وته نێـوان وشه‌و پێشگره‌که‌یه‌وه به‌پێی ده‌ستوور پێشگره‌کان لێی داده‌بڕێـن وه‌یـا دوو پێشگر پێکه‌وه به فیعله‌وه نالکێن • ئه‌م دیارده‌یه‌ی خۆش جڵه‌وی پاشگـر بۆ لکان به پێش خۆیه‌وه زۆر به سه‌یری ، له پیته‌کانی ئه‌لفوبێش بـه‌دیار ده‌داته‌وه که ده‌بینین هه‌موو پیته‌کان به پێش خۆیانه‌وه ده‌لکێن ، ئه‌وانه‌ی که نالکێن نه‌لکانه‌که‌یان به پیتی دوا خۆیـانـه‌وه‌یـه •

دوو تێبینی وردیله هه‌ن ده‌بنه دوایین ئاڵقه‌ی ئه‌م زنجیره‌یه : یه‌کیـان نیشانه‌ی مضارعه‌ته که له سلێمانی و خۆشناوه‌تی و هه‌ندێ شوێنی دیـکه‌دا ( ئه )ی بۆ به‌کارده‌هێنن • ڕاستییه‌که‌ی (ده) باشتره له ( ئه ) ئه‌ویش لـه دوو ڕووه‌وه : ڕووی یه‌که‌م ئه‌وه‌یه که له صه‌دی نه‌وه‌دی کورد (ده‌ڕۆم ، ده‌بیه‌م ، ده‌منووسی ••) به‌کارده‌هێنن • ڕووی دووه‌م ئه‌وه‌یه که لـه زاری کرمـانجی سه‌رووودا به‌ولای (ده)وه (دێ)ش هه‌یه له‌بری (سوف)ی عه‌ره‌بی وه‌ك ده‌ڵێن (دێچم) • ئێمه له‌جیاتی ئه‌وه‌ی که‌رسته‌ی وه‌ها ڕاگه‌یه‌نه‌ر په‌ره پێبده‌یـن نابێ ئیعدامی بکه‌ین چونکه مه‌نع‌کردنی (ده) له‌پێشه‌وه (دێ)ش مه‌نع‌ده‌کات•

تێبینی دووه‌م ئه‌وه‌یه که زوربه‌ی هه‌ره‌زۆری نووسه‌ران زۆر به سه‌یری له گه‌لێك باردا پیتی (ی) داده‌بڕن له وشه‌ی پێش خۆیه‌وه • به نموونه کـه ده‌نووسن (لێت ڕازییه) ڕانـاوه‌که‌ی (ت) به (لێ)وه ده‌لکێـتن بـه‌ڵام که ده‌نووسن (لێی ڕازییه) ڕاناوه‌که‌ی (ی) له (لێ) داده‌بڕن (لێ ی ڕازییـه) • نووسه‌ران له‌م مامڵه‌ته‌دا ده‌ستووری لکان و نه‌لکانی پیت هه‌ڵده‌گێڕنه‌وه کـه دێن (ی)ی دووه‌م به پێش خۆیه‌وه نالکێنن چونکه وه‌ك پێشتر گوتم (ر ، د ، و ، ز ، ا )ش به پێش خۆیانه‌وه ده‌لکێن ، له نموونه‌کانیشدا یێ ی یه‌که‌م بـه پێش خۆیه‌وه لکا (لێت ڕازییه ، لێ ی ڕازییه) • باوه‌ڕ ناکه‌م هیچ که‌سێـك

وەرامی هەبێ بۆ پرسیارێك کە بڵێ (ئەرێ نووسەری کورد لەکوێوە دەستووری نەلکانی ئەو یێیانەت هێنا ؟) •

## کورتـەی پێشنیارەکان

لەم چەند دێڕەی خوارەوەدا کورتەیەکی بێبەڵگەکاری دەکەم بە چەند خاڵ لەبارەی ئەلفوبێ و ڕێنووسەوە •

**١ ــ لەبـارەی ئەلفوبێوە :**

١ ــ ناشێ بۆ تاکە دەنگێ دوو پیت دابندرێ •

٢ ــ دەبێ نیشانە بخرێتە سەر واوی تیژ و یـێی تیژەوە ، وەهـاش پەسەند دەکەم نیشانەکەیان هەشتێکی بچوك بێت کە دەکاتـەوە حـەفتی بەرەواژ •

٣ ــ دیفتۆنگی (وێ ، نگ ، ند) هیچیان ڕاستە دیفتۆنگی ئازادێ نین چونکە برێتین لەو دەنگە ئاشکرایانەی بە نووسین دەیاننووسین •

٤ ــ دالی کلۆر و تێی کلۆر دال و تێی حەقیقین دەبێ هەر بە پیتـە عادەتیەکانی بێنیشانە بنووسرێن •

٥ ــ دەبێ پیت بۆ دیفتۆنگی واوی تیژی بادینانێ دابنـدرێ وەیـا نیشانەی بۆ ڕەچاو بکرێ تاکو لە واوە تیژەکەی بێدیفتۆنگ جودا بێتەوە •

٦ ــ ئەو دەنگانەی لە کوردیدا نین بەو شێوەیە بنووسرێن کە لە زاری کوردەوە دینە دەرێ ، وەیا بە پیتی زمانی خۆیان بنووسرێن و بخرێنە نێوان کەوانـەوە •

٧ ــ لەبری (شدّە)ی عەرەبێ دوو پیتی دەنگە گوشراوەکە بنووسرێ •

٨ ــ نیشانە بۆ ڕێی قەڵەو دابندرێ چ لە سەرەوەی بێت چ لە ژێرەوەی •

٩ ــ پێویست نییە بۆ (کسرة مختلسە)ی کە من پێی دەڵێم قورس کردنی دەنگ هیچ نیشانەیەك دابندرێ • کاتێك باس گەیشتە دانانی ئەلفوبێی لاتینی بۆ نووسینی کوردی ئەوسا قسەی لێوە بکرێ •

١٠ ــ کەسرە و فەتحە و «ضمە» وەك باوە بنووسرێن (ی ، و ، ە) •

**ب ــ لەبارەی ڕێنووسەوە :**

١ ــ وشەی لێکدراو و داڕێژراو بە تێکڕایی کە بوون بە وشەی فەرهەنگی هەموو کەرتەکانیان بەیەکەوە بنووسرێن • دەستەواژەی ئاوەڵکاری و ئاوەڵناوی کە جارێ نەبوونەتە وشەی فەرهەنگی کەرتەکانیان بەجودا لەنزیك یەکترەوە بنووسرێن : (چنگ‌لەسەرشان••) •

٢ ــ وشەیەك کە کەرتی ناتەواوی فیعلی تێدا بەشدار بوو هەمیشە کەرتەکانی بەیەکەوە بلکێندرێن وەك : خوێنمژ ، دەسکەنە ، هەڵکەوت ، گورگنەخۆرە ، پاشبەند ، دەستبەستە ، پێڕەوکە ••هتد• مەرجیش نییە وشەکە بووبێتە فەرهەنگی •

٣ ــ هەرچی ناوی کۆکە ماملەتی تاکە وشەی لەگەڵدا بکرێ وەك (گوڵبەدەم ، قەرەتاژدین ، کیلەشین ، کاکەمەم ، دووگرتکان ، کاکەڵڵا ، پیرۆتەسوور ، مەلای‌جەزیری ــ ) ئەم ناوەی دوایی چونکە (مەلا)کە تێیدا بە لەقەب ماوەتەوە تا ئەوەی (ی) ئیزافەشی داخوازی کردوە نەشیا (ی)کەی بە (جەزیری)یەوە بلکێ بەڵام هەردوو وشە لە نزیك یەکدییەوە نووسران • (بۆ لەقەبەکان بگەڕێوە سەر درێژەی نووسینەکە) •

٤ ــ ناوی عەرەبی و بێگانە ئەگەر وەك خۆیان ڕاگوێزران دەخرێنە نێو کەوانەوە و بە پێی ڕێنووسی زمانەکەیان دەنووسرێن وەك ( محمد ،

خلعتبری ، George ..)• بەلام کە پیتی ئەو زمانانە لە چاپەمەنی وەیا ڕێنوسی کوردیدا نەبون دەبێ بەو شێوەیە بنوسرێن کە لە زاری کـوردەوە دەردێــن •

٥ ـ پێشگر هی فیعل و هی غەیری فیعل بەدوا خۆیــەوە دەلــکێ • بەلام کە دو پێشگر بەیەکەوە هاتن تەنها ئەوەی دراوسێی وشەکەیە پێیەوە دەلکێ ، ئەوی‌دیکەیان بەجودا لەنزیکەوە دەنوسرێ :

ا ـ نیشانەکانی مصارع ، أمر ، نەهی ، نەفی بە فیعلەوە دەلکێن تەنانەت کە دەنوسرێ (نەدەڕۆییشت) دەبێ وا لە قەلەم بدرێ کە بەیەکەوە نوساون هەرچەند (نە ، دە) بە حوکمی ئەلفوبێ ڕێی ئەوەیان نییە بەدوا خۆیـانەوە بلکێن ، لەبەرئەمە لەنزیك یەکدییەوە دەنوسرێن •

ب ـ ئەم نیشانانە لە دوا پێشگریشدا هەر بە وشەوە دەلــکێن وەك هەلبگرە ، هەلمەگرە ، هەلنەگرێ ، هەلناگری ، هەلنەفڕی ، هەلدەگرێ •

ج ـ کە ڕاناوی لکاو کەوتە نێوانەوە بە خـۆی و ئەوەی پێشـ خۆیەوە لە وشەی دواوە دادەبڕێت وەك : هەلم‌دەگرت ، هەلم گرت ، تێم گەییشت ، بۆم هات ، وەرم‌گرە .. بەلام لە نزیکیەوە دەنوســرێــت •

د ـ کە ڕانــاوی لکاو کەوتــە دوای وشەی سەربەخۆوە لە هەمو بارێکدا لە وشەی دواوەی دوردەخاتەوە وەك خانوم کرد ، سەریان تاشی ، دارەکەتان بڕیەوە .. ) •

هـ ـ پێشگری پرپۆزیشن وەك : (بێدین ، بەنــاموس) بە وشــەوە دەلکێت ، بەلام کە لە پێشگریەتی کەوت ، لە وشەکە دوور دەکەوێتەوە وەك ( دنیا بێ دین هەلناکا ، خانوم بە قوڕ و خشت کرد ... ) •

ز ـ پێشــگری لێکدراو هەمیشە بەجودا و دور لە فیعلەوە دەنوسرێت وەك (تێك هەلقڕان ، لێکەوە هاتن ، پێکەوە ژیان • ) •

٦ ــ هەمۆ پاشگرێك بە وشەی پێشیەوە دەلکێت ، تەنانەت ئەگەر دۆ پاشگر و دۆ ڕاناوی لکاویش بەدوا یەکدیدا هاتن هەمۆیان پێکنڕا بە وشەی پێشیانەوە دەلکێن وەك (مێوانداریتانم تاقی کردەوە ، جۆلاندنەوەیانت ڕا لێ نەبۆ ) •

٧ ــ داتاشین بەر واتا و حوکمی وشەی داڕێژراو دەکەوێ هەرچەند ڕۆنیش نییە ئەم داتاشینەی بانگەوازەکە چی مەبەستە • بە هەمەحاڵ ئەوەی بۆتە وشەی فەرهەنگی وەیا لە داتاشینەکەدا سوان و قرتان و سوككردن پەیدا بۆبۆ بەسەریەکەوە وەیا لە شکلی لکاودا دەنۆسرێ •

٨ ــ قرتانی دەنگ هەر لە پەراوێزی زمانی ئێستاکەی کوردیی بە هەند هەڵدەگیرێ • لەو پەراوێزەدا ئەو دەنگەی کە لە لەهجەیەکدا قرتابۆ بەلام لە لەهجەی دیکەدا زیندۆ بۆ دەبێ زیندوەکە بچێتەوە بۆ نۆسینی ئەدەبی •

٩ ــ ژمارەکان بەم شێوەیە دەنۆسرێن :

چوار ، حەفت ، یازدە ، دوازدە ، سێزدە ، چواردە ، پازدە یاخود پازدە ، شازدە ، هەڤدە ، هەژدە ، نۆزدە ، حەفتا ــ حەفصەد ــ حەفسەد ــ • دوەم ، سێیەم ، نۆیەم ، دەیەم ، یازدەم ، دوازدەم ، یازدەمین ــ دوازدەمین، سێزدەم ، •• هتاد حەفتایەم ، هەشتایەم ، نەوەدەم ، صەدەم ،••• هتد هەزارەم ، دەهەزارەم ، ملیۆنەم ، ملیۆنەمین •

١٠ ــ ڕاناوی لکاو هەمیشە بە وشەی پێش خۆیەوە دەلکێ و لە هێ دوا خۆیەوەی دادەبڕێ و لێی دۆر دەخاتەوە مەگەر نیشانەکانی (مضارع، نفی ، نهی ، أمر) بەیەکەوە دەنۆسرێن • دیارە ڕاناوی لکاو بە ڕاناوی لکاوەوە دەلکێت وەك (قسەتم پێخوشە، قەڵەمەکەمت چ لێ کرد، دیتمان••)

١١ ــ هەرچێ (حروف العطف) هەیە بەجودا دەنۆسرێ بەلام :

أ ــ دوره پارێزی بکرێ له بەکارهێنانی (وه) کــه ڕاگوێستنێـــکی دەقاودەقه له عەرەبییەوه •

ب ــ واوی عەتفی کوردی دوور لــه وشــەی پێشیەوه بنــوسرێ •

ج ــ که واوی عەتف بۆ بە کەرتی وشه دەبێته بەشێکی بنجی وشەکه و بە پیتەکانی دیکەوه دەلکێ (کەلوپەل ، شتومەك •• هتد )

د ــ له وشەی وەك (ملو مل ، دەشتو دەشت ، کەلو کەل) واوەکه جودا بێ بەلام لەنزیك پیتەکانی دیکەوه بێ •

هـ ــ وشەی (هەر) که لەگەل (کوێ ، کێ ، کام••)دا بەیەکەوه هاتن لێیانەوه نزیك بنوسرێ وەك : هەرکام ، هەرکێ ، هەرکوێ) • بەلام که گوتت (لەنێو کۆمەلە وشەکەدا هەر کام بۆ پرسه) دەبێ (هەر) دووربخرێتەوه چونکه بووه به وشەی عەتف •

و ــ «نــه»ی نەفی و عەتف له دووری وشەوه دەنوسرێت وەك : نه دێم نه دەڕۆم ــ نه تۆ نه ئەحمەد هیچتان نەهاتن • بەلام له (نەمێرد)دا لــه وشەکه نزیك دەبێتەوه •

له کۆتایی ئەم کورتەیەدا دەلــێم کاتی خۆی ئەنجومــەنی کــۆڕ وای پەســەند کــرد کــه ســێ ژمــارەی یــەك پیــت بــەدوا یەکدیدا هاتن دوی پێشەوه له نوسیندا بەیەکەوه بلکێن سێیەمــەکەش له نزیکیانەوه بەجودا بێت یاخود به پێی داخوازی ڕێزمان دوی دواوه بەجودا لەنزیــك کۆتایی وشەکەوه بنوسرێن وەك (لادێیی ، مێیینه •) که دەلێن (پێی کراوه) سێیەمینیان جودا دەبێ وەیا که دەلێن (ئێوه عاشقی فەنن‌ن) نونی سێیەم جودا دەبێ • وادەزانم پێشنیارێکی باش بێ بۆ ئیمکان بونی خوێندنەوەی ســێ پیتی یەکجــۆری بــەدوایــەکــدا •

# گیروگرفتی نووسینی کوردی

## لە نای ترازووی پیتە بزوێن و نەبزوێندا

نوری علی امین

## باسی یەکەم ـ گیروگرفتی پیتەکان

زۆربەی گیروگرفتەکانی نووسینی کوردی لەو پیتانەوە هەڵقوڵاون کە زمانی کوردی پێ‌دەنووسرێت چونکە ئەم پیتانە هەندێکیان لە سەرێکەوە توانای خۆلکاندنیان هەیە بە پیتی‌ترەوە ، وەك (ر ، د ، ز ، ژ ، ا ، ۆ•••) وە هەندێکی‌تریان لە دوو سەرەوە ، وەك (ن ، ق ، س ، چ••• ) ئەنجا ئەم تواناو سروشتانەی پیتەکان لە کۆتایی‌و بەرایی ووشـەدا هەندێ کۆسپی خستۆتە بەردەمی ئێمەو بۆتە مایەی ئاڵۆزی‌یەك لە رێنـووسەکەماندا ، بۆ وێنـە :

ئەگەر بمانەوێ لە ووشەی (مل)و ووشەی (پێچ) ووشەیێکی سادە دروست‌بکەین بۆ واتاو مەبەستێکی‌تر دەتوانین هەردوو ووشەکە پێکـەوە بلکێنین‌و دەشتوانین پێکیانەوە نەلکێنین چونکە سروشتی پیتی (ل)ی دوای ووشەی (مـل)و سـروشتی پیتی (پ)ی بەرایی ووشـەی (پێچ) توانای لکاندنیان تێدایە ، وەك :

ملپێچ		مل‌پێچ

هەروەهــا :

هەلـگرتن        هەڵ گرتن

لەوەش سەیر ئەوەیە ووشەی ناسادەی (پێ‌لێ‌هەڵ‌بڕین) دەتوانرێت بەم شێوانەی خوارەوە بنووسرێت :

پێ‌لێ‌هەڵ‌بڕین
پێلێ‌هەڵ‌بڕین
پێلێ‌هەڵبڕین
پێلێهەڵ‌بڕین
پێ‌لێهەڵ‌بڕین
پێلێهەڵبڕین .....

بەڵام کاری کردەیە ووشەیەك بەم هەموو جۆرە بنووسرێت ، بێ گومان ... نەء .. ئەی چار چی‌یە ؟

لە مێژە رۆشنبیران‌و زمانەوانانی کورد هەستیان بەم‌کەلەبەرە کردوو و لە رێنووسەکەماندا ویستویانە چارەسەرێکیان بۆ بدۆزنەوە بۆیە هاتوون بەر لە هەموو شتێ کەوتوونەتە چارەسەری شێوەی پیتەکان بە جــۆرێ کە لەگەڵ دەنگەکانی زمانی کوردی‌دا بسازێن بۆ ئەمە :

١ ــ ئەو دەنگانەی زمانی‌کوردی‌و عەرەبی کە لە گــۆکردندا لەیەك دەچن بەبێ دەستکاری وێنەی پیتە عەرەبی‌یەکـانیان وەرگــرتووە ، وەك (ب ، ت ، ج ، ز ، ن ، م ....) .

٢ ــ ئەو دەنگانەی کە لە کوردی‌دا هەن‌و لە عەرەبی‌دا نین ، هەر لــە پیتە عەرەبی‌یەکان بە خاڵ یان نیشانە یان تەقەڵ یان شتی‌تر پیتی دەنگــە کوردی‌یەکەیان سازداوە ، وەك :

ا ـ بە خاڵ :

| | |
|---|---|
| ب | پ |
| ح (ج) | چ |
| ز | ژ |
| ف (ق) | ڤ |

ب ـ بە نیشانە :

| | |
|---|---|
| ر | ڕ (رٚ) |
| ل | ڵ |
| و | ۆ |
| ی | ێ |

ج ـ بە تەقەڵ (کەشیدە) :

| | |
|---|---|
| ك | گ |
| وێ | ۆ ( ئەسکۆ ) |
| وو | ۆ (پۆر) |

د ـ بە دووپات کردنەوەی پیتی :

| | | |
|---|---|---|
| و | وو | ( پوور ) |
| ل | لل | ( کەللە ) |
| ڵ | ڵڵ | ( وەڵڵا ) |

هـ ـ بە یەك خستنی دوو پیتی جیاجیا (دیفتۆنگ) :

| | | |
|---|---|---|
| و + ێ | وێ | ( خوێ ، سوێر ) |
| ن + گ | نگ | ( گۆبەنگ ) |

و ــ بە بەکارهێنانی شێوەی پیتێ بۆ دوو دەنگ یا پتر ، وەك :

و          وازی          کورد

پیتی (و) لە ووشەی (وازی)دا پیتە نەبزوێنەو پیتی (و) لە ووشــەی (کورد)دا پیتە بزوێنە .

ز ــ هەروەها شێوەی پیتی (ی) بۆ دوو دەنگ بەکاردەهێنرێت ، وەك لە ووشەی (یاری)دا دیارە :

پیتی (ی) یەکەم لە برگەی (یا) نەبزوێنەو پیتی (ی) دووەم لە برگەی (ری) بزوێنە .

هەتا ئێرە لــەو تەقەلایــانە دوام کــە دراوە بــۆ چارەســەرکردنی گیروگرفتەکانی نووسینی پیتەکان ، ئەنجا لەمەولا تەنیا لەوە دەدوێم کــە هەندێ گیروگرفت ماوون ، یان چارەسەرنەکراوون ، یان چارەسەرکراوونو چارەسەرەکە ناتەواوە :

**یەکەم ــ پیتی (و)**

ئەم پیتە لە رێنووسی کوردیدا سێ دەوری پێسپێردراوە :

١ ــ دەوری واوی نەبزوێن وەك لەم ووشانەی خوارەوەدا دیــارە ، ئەم شێوەیە لە هەمان کاتدا بۆ دەنگی نەبزوێنی واویش بەکاردیت ، دیــارە جیاکردنەوەیان دەبوو چارەسەربکردایە :

| (ا) بۆ نەبزوێن | (ب) بۆ بزوێن |
| --- | --- |
| داو | کورت |
| وەرد | چەکوش |
| هاوار | کوڕ |

٢ ــ دەوری واوی بزوێنــی کراوە : وەك لــەم ووشانــەدا دیــارە

واونەبزوێنەکە هێنراوەو نیشانەی (٧) خراوەتەسەر بـۆ جوێکردنـەوەی دەنگ‌و شێوەکەی لە دەنگ‌و شێوەی واوە نەبزوێنـەکە ، ئەمـە جێی خۆی گرتووەو هیچ گیروگرفتێ لە نووسینیدا نی‌یە ، وەك :

چەقۆ
رۆن
گۆشت

٣ ـ دەوری دەنگی واوی بزوێن : ئەم دەنگە بزوێنەش وەك دەنـگە نەبزوێنەکەی نێوان ووشەی (هاوار) هەر بە پیتی واو دەنووسرێت ، بەڵام چونـکە پلەی دەنگەکانی واوی بزوێن هەموویـان لەیـەك رادەدا نـین رۆشنبیرانی کورد لەم کۆڕەدا تێکۆشاون کە لەیەکتریان جیا بکەنەوە .

ا ـ بۆری کورت : دەنگەکەی لە هێزی دەنگی بۆری عەرەبی‌دایـە بەڵام بزوێنە شێوەکەی وەك شێوەی واوی نەبـزوێنی نێـوان ووشـەی (هەوراز) دەنووسرێت ، وەك لەم ووشانەدا دیارە :

گوڵ
کورد
چەکوش

ب ـ بۆری‌درێژ : ئەم بزوێنە دەنگەکەی درێژە بۆ جوێ کردنەوەی لە دەنگی (بۆری کورت)ی نێوان ووشەی (گوڵ) رۆشنبیران هاتوون دوو واویان بۆ داناوە وەك لەم ووشانەی خوارەوەدا دیارە :

کووڕ
پووش
کەڕوو

بەڵام لەم ئاخرەدا کۆڕی زانیاری ویستی لە دەست ئەو دوو واوە یەك شێوەیەی سەرەوە رزگارمان بکات ، هات لەبری واوی دووەم تەقەڵێکی خستەسەر واوی یەکەم‌و بەم جۆرەی دەنووسێت :

کۆڕ
پۆش
کەڕۆ

بەڵام ئەم کارە لەلایەن رۆشنبیرانی کوردەوە بە گەرمی پێشوازی لێ‌نەکرا لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە :

ـ تەقەڵەکە لە فەتحەی عەرەبی دەچێت ، منداڵانی کورد ئەم فەتحەیە لە دەرسی عەرەبی‌دا بە دەنگێ وەردەگرن جیاوازە لەو دەنگەی بۆ کوردی‌یەکە دانراوە ، ئەمە ئاڵۆزی‌یەك دەخاتە بەردەمی مامۆستاو قوتابی لە دەرس‌ووتنەوەدا •

ـ لاسایێکی کتومتی مامۆستا وەهبی‌یە کە بۆ چارەسەرکردنی نووسینی دیفتونگی (وێ)ی ناو ووشەی (نوێژ) دای‌ناوە ، ئەویش شێوەی (ێ)یەکەی هەڵگرتووەو کەشیدەیەکی خستۆتە سەر واوەکە ( ۆ ) بۆ ئەوەی ووشەی ( نۆژ ) وەها بنووسێت • بەڵام چارەسەرەکەی ئەویش هەر لە کاتی خۆی‌دا وەك هینەکەی کۆڕ سەری‌نەگرت ؛ من لەم رووەوە دووپێشنیار دەکەم :

١ ـ یان هەروەك خۆی بمێنێتەوە وەك خەڵکی لەسەری ڕاهاتوون بە دوو واو بنووسرێت ، وەك :

کەڕوو
بەڕوو
پووش

٢ ــ یان لەبری واوی دووەم نیشانەی (٨)ی بخرێتە سـەر ، وەیـان نیشانەیێکی گونجاوتر .

ج ــ بۆری کورتتر : ئەم بزوێنە وەك لە دوا دەنگی (ش)ی ووشـەی (شوان)دا هەستپێدەکرێتو هێزی گۆکردنـەکەشی لە هێـزی بـۆری عەرەبی کەمترە لە گۆکردندا ، هێشتا پیتێ بۆ نووسینی سازنەدراوە ، لەبەر ئەوە :

١ ــ هەندێ لە خوێندەواران لە نووسیندا بە دوو واوی دەنووسن ، وەك :

شووان
دووان
گووان
رووا

٢ ــ هەندێکیتر بیروڕایان وایە کە وەك بۆری عەرەبی بنووسرێتو بۆرەکە بخرێتەسەر ئەو پیتەی کە بەیەکەوە بڕگەیەك دروست دەکەن لـە ووشەدا ، واتە بەم جۆرە :

| | |
|---|---|
| شُوان | ( شُ/وان ) |
| دُوان | ( دُ/وان ) |
| گُوان | ( گُ/وان ) |

٣ ــ هەندێکیتر لە نووسیندا هەردووکیـان پشـتگوێدەخـەنو هیچیان نانووسن ، وەك :

شوان
گوان

روا

دوا

ئەم بزوێنەش هێشتا وێنەی بۆ دانەنراوە بە رای من جارێ هەر بە شێوەی سێیەم بنووسرێت •

د ـ بۆری هەرەکورت : ئەم دەنگە فرە کورتە (نیوەبزوێنە)و لە رووی ڕاستییەوە هێشتا مشتومڕی زۆر لەسەرە ، دیسان رۆشنبیران بوون بە دوو دەستەوە :

دەستەیەکیان دەڵێت بەو واوە بنووسرێت کە لە ووشەی (گوڵ)دا هەیەو ووشەکە بەم جۆرە بنووسرێت :

وورچ

ووشە

کاووڕ

هەوور

ووتی

بە پێی دەستووری سازدانی (بڕگە = مقطع) ئەمە ڕاستە چونکە بڕگە لە سادەترین شێوەیدا بە لایەنی کەمەوە دەبێت لە دەنگێکی بزوێنو دەنگێکی نەبزوێن پێکهاتبێت ، ئەنجا بەم پێیە بێژەی (ووشە) لە دوو بڕگە پێك هاتووە : بڕگەی (وو) واوی یەکەمیان شێوەیدەنگە نەبزوێنەکەیەو واوی دووەمیان شێوەی دەنگی بزوێنەکەیە •

دەستەکەیتریان دان بە ئەو نیمچە بزوێنەدا نانێن کە کەوتۆتە دوا پیتە نەبزوێنی (و) لە ووشەی (هەور)دا بۆیە سوورن لەسەر ئەوە کە دەبێت بڕگەکە لە هەر ووشەیێکدا بێت بە یەك واو بنووسرێت ، وەك :

وڕ
مێوژ
وڵات

من خۆم لەگەڵ ئەوەدام کە دەبێت بە دوو واو بنووسرێت ، چونکـە یەکەمیان نەبزوێنەو دووەمیان بزوێنە ، وە بیروڕای من بەرانبەر بە پیتە بزوێنی واو ئەمەیە :

١ ــ شێوەی دەنگی بزوێنی (و) لە شێوەی نەبزوێنی (و) لە نووسیندا جیابکرێتەوە چونکە بەکارهێنانی شێوەیەك بۆ دوو دەنگ یا پتر لەنگییە •

٢ ــ بزوێنی واو بە پێی پلەکانی یان شێوەیان بۆ ساز بدرێت ، یان هەموویان بە یەك واوبنووسرێنو لەم گیرەکردنە رزگارمان ببێت ، وەك :

کوڕ
کوڕ ( کووڕ )
شوان
وشـــە

**دووەم ــ پیتی (ی) :**

ئەم پیتە ــ مەبەستم شێوەکەیەتی نەك دەنگــەکەی لە کوردیدا دوو دەوری پێسپێرراوە :

١ ــ دەوری پیتەنەبزوێن : واتە شێوەکــەی لەبری دەنگێ بەکــار دەهێنرێت لە نووسینی ووشەدا ، دەنگەکە نەبزوێنە ، وەك لەم ووشانەدا دیـــارە :

یاسا
چایخەست
یـــەك

کانی	شیر

خوری	تیر

ماسی	ستیر

بەلام رۆشنبیران بە گەرمی نەچوون بەپیریەوە لەبەرهەمان هۆ کە لە باسی واوی درێژدا لێی‌دواین •

بە بیروڕای من لەبری کەشیدەکە هێمای (٧)ی بخرێتەژێر رەنگە پەسەندتربێت •

**٢ ـ پلەی کورت :**

واتە ژێرێکی کورت ، ئەو دەنگانەن کە لەم نموونانەی خوارەوەدا بەرچاو دەکەوون :

کەوی گەردن بەخال
نەوزاد باوکی هاتەوە
چەمی سیروان
تۆ کەوتی بەدەما

ئەم بزوێنە لە رشتەی ووشەدا نابینرێت ، بەلام ئەگەر لە کۆتایی ووشەدا بینرا دەبێت بزانرێ کە بەشێ نییە لە ووشەکە بەڵکو ووشەی پەیوەندییە، یان راناوی کەسی دووەم یان سێیەمە •

**٣ ـ پلەی کورتتر :**

ئەم بزوێنە توانای کەسرەی عەرەبی تێدایە بەلام بە کوردی هێشتا وێنەی بۆ سازنەدراوە ، وەك لەم ووشانەدا دیارە :

ژیان	( ژِیان )

گیان          ( گیان )
پیاز          ( پیاز )

به بیروڕای من ئەم بزوێنە :

ا ــ یان بە (ی) بنووسرێت وەك :

گییان          ( گی/یان )
پییاز          ( پی/یاز )

ب ــ یان کەسرەی عەرەبی بۆ بەکاربهێنرێت چونکە دەنگەکە لە کەسرە دەچێت ، کەسرەکەش بەهەمان دەنگ لەلای منداڵانی کورد ناسراوە ، وەك :
گیان ، پیاو ، پیاز

**٤ ــ پلەی کورتترین :**

ئەم بزوێنە دەنگەکەی زۆر کورتەو پێی‌دەگوترێت نیمچەبزوێن ، ئەمیش زۆر لە کەسرەی عەرەبی‌یەوە نزیکە ، هەتا ئێستا شێوەی لە کوردی‌دا بۆ دانەنراوە ، وەك ئەو دەنگەی لە نێوان پیتی (م)و پیتی (ن)ی ووشەی (کردن) لە دوو نیمچە بڕگە پێك‌هاتووە :

ئەم نیمچە بزوێنە وەك نیمچە بزوێنی کەسرەی دوا پیتی (س) لە ووشەی (سیان)دا نیمچە بزوێنی بۆری دوا پیتی ( چ ) لە ووشەی ( چوار )دا ، لە ووشەدا نیمچە بڕگەی پێ‌دروست دەکرێت ، بۆ وێنە ووشەی (کردن) لە دوو نیمچە بڕگە پێك‌هاتووە :

نیمچە بڕگەی (کر) .

نیمچە بڕگەی (دن) ... هەروەها :

| | |
|---|---|
| گرتن | ( گر/تن ) |
| بردن | ( بر/دن ) |
| گریـا | ( گر/یا ) |
| گاسن | ( گا/سن ) |

به کورتی :

پیتی (ی) له ووشه‌دا :

١ ـ وه‌ك پیته‌نه‌بزوێن به‌كاردێ • (گریا)

٢ ـ وه‌ك پیته‌بزوێن به‌كاردێت ، وه ئه‌م پلانه‌ی هه‌یه :

ا ـ پله‌ی درێژ ، وه‌ك : شـیر

ب ـ پله‌ی كورت ، وه‌ك : پیاوی ئازا

ج ـ پله‌ی كورتتر ، وه‌ك : چیا ، نیان

د ـ پله‌ی كورتترین ، وه‌ك : كردن ( كر/دن )

**تێبینی :**

چۆن هه‌ندێبۆری درێژی ئێوان ووشه‌ی پوور به برگه‌ی ( وو )ی ئێوان بێژه‌ی (ووشه) به یه‌ك تێده‌گه‌ن ، وه‌هـاش برگه‌ی (ی‌ی) ئێـوان ووشه‌ی ( پاییز )به كه‌سری درێژی ئێوان ووشه‌ی ( شیر ) تێده‌گه‌ن جگه له‌وه ده‌چن هه‌ندێ جار ئه‌و برگه‌یه به یه‌ك ( ی ) ده‌نووسن ، هه‌روه‌ك چۆن ده‌چن برگه‌ی ( وو ) ئێوان ووشه‌ی ( ووشه ) بـه یـه‌ك واو ده‌نووسـن (وشه) ، كه ئه‌مه وه‌ك من بۆی ده‌چم هه‌ڵه‌یه‌و ده‌بێت برگه‌ی (ی‌ی) ئێوان (مه‌ییو) به دوو ( یی ) بنووسرێت چونكه یه‌كه‌میان پیته نه‌بزوێنه‌و دووه‌میان (پیته‌بزوێن)ه ، وه‌ك :

ئاوایی ( ئا وا یی )
زایین ( زا یین )
گەییشت ( گە ییشت )

**سێیەم ـ پیتەبزوێنی (وێ) :**

ئەم پیتە بزوێنـە وەك لـە ووشەی ( نوێ )دا دیـارە لە دوو دەنگ پێكھاتووە ، دەنگی (و)و دەنگی (ێ) ؛ لەبەر ئەوە ھەر بە دوو پیت لـە كۆندا نووسیویانە ، وەك :

نوێ نوێ
سوێ
خوێن
خوێ

بەڵام مامۆستا وەھبی ویستی لەو دەنگە دوو لۆیە كە لە نووسیندا بە دوو پیت دەنووسرێت ، رزگارمان بكاتو تەنیا پیتێكی بـۆ سازبدات ـ كارێكی جوانو بەجێیە ـ ھاتو پیتـە (ێ) یەكـەی گـۆڕییەوە بـە كەشیدەیەك یا خوت فەتحەیەكی عەرەبیو خستیەسەر پیتی (و) بەم جۆرە (ۊ) وەك لەم ووشانەی خوارەوەدا دیارن :

ئەسكۊ
خۊ
نـۊن
سۊنە

چارەسەرەكەی مامۆستا وەھبی بەو شێوەیە لەناو رۆشنبیراندا بـە گەرمی پێشوازی لێنەكرا لەبەر ھەمان ھـۆ كە لـە باسی بزوێنی (وو)دا

لێی‌دواین ، بەرەبەرە پووکایەوەو لە چەند کتێبێ زیاتر هیچی پێ نەنووسراوە. بەپێی بۆ چوونی خۆم وا بە باش دەزانم هەر بە دوو پیتەکەی خوێندەواران لەسەری راهاتوون جارێ هەروەها بنووسرێت ، هەتا چارەیێکی بۆ دەدۆزرێتەوە ، وەك :

| | |
|---|---|
| سوێنە | خوێش |
| خوێ | نوێژ |

**چوارەم ـ گیروگرفتی پیتی ( نگ = ند ) :**

پیتی (نگ) پیتێکی نەبزوێنو لێکدراوە ، واتە لە دوو دەنگ ، دەنگی (ن)و دەنگی (گ) پێك‌هاتووە ، دەنگە لێکدراوەکە لە گۆکردندا تێکەڵ بەیەك دەبن ، وەك لە گۆکردنی ئەم ووشانەدا بۆت دەردەکەوێت :

| | |
|---|---|
| تونگ | مانگ |
| گۆبەنگ | هەنگ |
| مەنگ | رەنگ |

ئەم دەنگەش لە ووشەدا بە دوو جۆر دەبینرێت :

١ ـ لە گۆکردندا دەنگی (نگ) دەتوانرێت بە (ند) دالەکە کلۆر دەکرێت ، وەك لەم ووشانەدا دیارە :

| | |
|---|---|
| تونگ | توند (تون) |
| گۆبەنگ | گۆبەند (گۆبەن) |
| مەنگ | مەند (مەن) |

٢ ـ لە هەندێ ووشەدا نەبیستراوە دەنگی (نگ) بێت بە دەنگی (ند) ، وەك ناتوانین لەبری (مانگ) بڵێین (ماند) یان (مان) هەروەها :

هەنگ

زەنگ

ڕەنگ

لەدوا ئەم ڕوونکردنەوەیە دەپرسین گیروگرفتی ڕێنووس لێرەدا چیە؟

گیروگرفتەکە ئەوەیە ئایا ئەم پیتە دوو لۆیە بە دوو پیت بنووسرێت وەك ئێستا دەی‌نووسین یا پیتێکی بۆ سازبدەین •

مامۆستایان لە ووتنەوەی ئەم دەنگەدا لە پـۆلی یەکەمی سەرەتـایی‌دا بەرەنگاری هەندێ گیروگرفت دەبن لەگەڵ قوتابی‌یەکانیـاندا بە تایبـەتی ئەگەر بە شێوەی دەنگی (الطريقة الصوتية) منداڵەکە فێری خوێندن بکرێت، مامۆستا کە دێت ووشـەی ( مـانگ ) بۆ قوتابی‌یەکان گۆبکات ، پیتەکان یەکەیەکە دەدەنگێنێت‌و دەڵێت :

م ا ما

ن مان

گ مانگ (نەك بە گنگردنەوەی گافەکەی) بەڵکو وەکـو گافی ناو ووشەی (بەرگ) •

وەیان شتێکی بە نووسین بخاتە بەرچاوو شتێکی‌تری بەگوتن پێ‌بڵێت، ئەمەش ڕێ‌لێ‌وون‌کردنە •

**پێنجەم ــ گیروگرفتی پیتی ( لل ) (١) :**

ئەم پیتە نەبزوێنە دەنگەکەی لە دەنگی پیتی (ل) جیاوازە چونکە جۆرە گیرەیێکی تێدایە ، لەبەر ئەوە ، وە بۆ جیاکردنەوەی دەنگی لامی گیراو لـە

(١) چاکتر وایە بڵێین گیروگرفتی پیتی گیراو چونکە گیروگرفتەکە هەر هی (لل) نی‌یە هی پیتەگیراوەکانی‌تریشە ، وەك (کک...مم...)

لامی نەگیراو (لەڕ) هاتوون دووجار لامەکەیان تەکرار کردۆتەوە ، ئیستا ئەو ووشانەی ئەم لامەیان تێدایە وەها دەنووسرێن :

کەللە

گوللە

زللە

هەروەهاش ئەو ووشانەی کە پیتەکانی پیتەگیراوێکی تێدابێت بە دووبارەکردنەوە دەنووسن ، وەك :

ماددە

مەککە

شەممە

راددە

بەڵام هەندێ پێشنیار دەکەن دەست لەو دووبارەکردنەوەیە هەڵبگرین‌و شێوەی ( ّ )ی عەرەبی بۆ بەکاربهێنین‌و ووشەکان بەم جۆرە بنووسین ، وەك :

کەلّە

مادّە

شەمّە

زلّە

بەرای من هەرکامێکیان دابنرێت چارەسەرەکە دیارەو گیروگرفتی ئیملایی لە گۆڕێدا نی‌یە .

**شەشەم ـ گیروگرفتی ( لڵ ... ڵل ) :**

ئەم پیتە نەبزوێنە لە دوو دەنگی وەك یەك پێك‌هاتووە ، دەنگی (ڵ)و دەنگی (ڵ) وە بەم شێوەیە دەنووسرێن ، (ڵڵ) ، وەك :

هەللا
بەرەللا
عەوللا
وەللا

هیچ گیروگرفتی رێنووسی‌نی‌یە ، ئەوەندە هەیە بە رای من دەبوو هەردوو لامەکە ئیشارەی (v)یان لەسەر بوایە چونکە لە دوو لامی وەك یەك سازدراوون ، دەبوایە وەها بنووسراتایە :

هەڵڵا
بەرەڵڵا
عەوڵڵا
وەڵڵا

**حەوتەم ـ گیروگرفتی پیتی (ڕ) :**

دەنگی (ر) لە کوردی‌دا دوو جۆرە ، جۆرێکیان قەڵەوە ، وەك دەنگی (ڕ)ی ناو ووشەی (کەڕ) ، جۆرەکەی‌تریان لەڕە وەك (ر)ی ناو ووشەی (کەر) ؛ بۆ جویێ‌کردنەوەی ئەم دوو دەنگە لە نووسیندا لەیەکتر ، رۆشنبیرانی کورد هەتا ئێستا چەند هەوڵێکیان داوە بۆ چارەسەری قەڵەوەکە لەوانە :

١ ـ بە دوو پیت (رر) بنووسرێت ، وەك (مەرر ، بەررە) •
٢ ـ نیشانەی (v)ی بخرێتەژێر ، وەك (مەڕ ، بەڕە) •
٣ ـ نیشانەی (v)ی بخرێتەسەر ، وەك (مەرٚ ، بەرٚە) •

شێوەی یەکەمیان سەری‌نایەوەو باوی نەما •
شێوەی دووەم بە گورەو پشتیوانی زۆرەو ئێستا لەناو خوێندەوارانو کتێبی قوتابخانەکاندا باوەو دەژیو باوەڕ ناکەم وا بە ئاسانی سەنگەری پێ‌چۆڵ‌بکرێت •

شێوەی سێیەم لەم ئاخرەدا کۆڕی زانیاری هێنایە ناو ناوانەوەو لە سەرەتای ژیاندایەو چاپەمەنی‌یەکانی خۆی پێ لەچاپ دەدات ، بەڵام باوەڕ ناکەم ئەوەندە بژی لەبەر ئەم هۆیانە :

١ ــ نەبوونی ئەو پیتە بەو شێوەیە لە چاپخانە ئەهلی‌یەکاندا •

٢ ــ لەگەڵ پیتی (ژ)دا لەوانەیە تێکەڵ بەیەك ببن لە نووسینا هەڵە رووبدات •

**تێبینی :**

رایەکی‌تریش هەیە دەڵێت بۆ ڕێی قەڵەو ئیشارەت لە سەرەتای ووشەدا پێویست ناکات بۆی دابنرێت‌و وەها بنووسرێت :

**راو**

**رۆژ**

**راڕەو**

**رووبار**

چونکە کورد بە سەلیقە ئەو ڕێیە بە قەڵەو دەخوێنێتەوە •

**هەشتەم ــ گیروگرفتی دەنگە کلۆرەکان ( د ، ت ، ب ) :**

**١ ــ پیتی ( د ) :**

ئەم پیتە نەبزوێنە لە گۆکردندا بە دوو جۆر گۆدەکرێت :

١ ــ دەنگەکەی لەڕە ، وەك لەم ووشانەدا دیارە :

داو

بردن

وەرد

دانیشە

ب ـ دەنگەکەی لە گۆکردندا کلۆر دەکرێت ، یـان قوت دەدرێت ، وەك بگوترێت (بەغدا) ، دەگوترێت (بەغا) بەفرێدانی دالـەکە یـان بەغ...ا بەکلۆرکردنی دالەکە •

بۆ نووسینی ئەم دالە لە ووشەدا بە جۆرێ لـە دەنگـە لەرەکـەی جیابکرێتەوە چەند تەقەلایەکی بێئەنجام دراوە :

١ ـ مامۆستا وەهبی لە دەستووری زمانیکوردیدا هاتووە خاڵێکی خستۆتە ژێر دالەکە بۆ ئەوەی کلۆر بکرێت .

بەڵام لە کتێبی (قواعد اللغة الكردية) بایداوەتەوەو خاڵەکەی خستۆتە سەر دالەکە بەم جۆرە (ذ) کە لە ذالی عەرەبی دەچێت ، وەك لەم ووشانەدا دیـارە :

چانذم
تێذا
باذەم

ئەم پێشنیارەی مامۆستا وەهبی بە ساردی قـوسترایەوەو سـەری نەگرت •

٢ ـ لە گۆڤاری (کوردستان)دا بۆ کلۆرکردنی ئەم دالە لە گۆکردندا نیشانەی (٧)ی لەسەر دانراوە •

من پێشنیارم ئەوەیە لە نووسـیندا دالەکە بنووسرێت ، بـەڵام لـە خوێندنەوەدا ئەوی دەیەوێ وەك خۆی گۆیبکات ، ئەوی نایەوێ با کلۆری بکات • پێویست بە ئیشارەت ناکات بخرێتە سەری یان ژێری ، وەك :

چرابەند
چاندم

لەكردەوەدا

پێمدانـــارد

**٢ ــ پیتی ( ت ) :**

ئەم پیتە نەبزوێنە لە نووسیندا هەنــدێ جار خوێنــدەواران فرێی دەدەن ، هەندێ جاریش دەی‌نووسن بەڵام گوێ ناکەن ، وەك :

| | |
|---|---|
| دەست | دەس |
| دەکرێت | دەکرێ |
| دەکات | دەکا |

مامۆستا وەهبی ویستویەتی چارەسەرێ بۆ ئەمە دابنێ‌و لە نووســین‌و گۆکردندا دەریان‌بخات ، هاتووە هێمای (ث)ی عــەرەبی بۆ دانــاوەو داوا دەکات لە نووسیندا بی‌نووسین‌و لە گۆکردندا کلۆری بکەین ، وەك :

دەسثەك

هەڵبکەنرێث

دیارە ئەم پیشنیارەش سەری‌نەگرت‌و گیروگرفتەکە هەروەك خــۆی ماوەتەوە • بەرای من ئەم پیتەش هەروەك خۆی بنووسرێت بەبێ جیاکردنەوە، بەڵام لە خوێندنەوەدا ئەوەی کلۆری دەکات با بیکات‌و ئەوی گوێ دەکات، با گوێ‌بکات •

**٣ ــ پیتی ( ب ) :**

ئەم پیتەش پیتەنەبزوێنەو هاوکاری لە ســازدانی ووشــەدا دەکــات بەبێ گیروگرفت دەنووسرێت ، وەك :

بــازاڕ

سێبەر

نایــاب

بەلاّم ئەم پیتە کە کرا بە نیشانەی فرمانی ئەمرو رابوردووی ئیلزامی دەبینن بە زۆری نەدەنووسرێن‌و نەگۆدەکرێن ؛ وەك :

| | |
|---|---|
| وەرگرێت | (وەربگرێت) |
| راکات | (رابکات) |
| دانیشە | (دابنیشە) |
| راکە | (رابکە) |

بەرای من دەبێت ئەم دەنگە بنووسرێت وەك دەنگەکانی (د ، ت) بەلاّم خوێنەر سەربەست بێت لە گۆکردنیدا •

**نۆیەم ـ گیروگرفتی هەندێ پیتی عەرەبی :**

گەلێك ووشەی عەرەبی لە رێی ئایینی ئیسلامەوە لە کۆندا ، وە لە رێی رۆشنبیریتی تازەوە رووی کردۆتە زمانەکەمان ، ئەم ووشانە هەندێ دەنگیان تێدایە کە لە زمانی کوردی‌دا نین ، وەك دەنگی (ط)ی نێو ووشەی ( طیارە ) • گیروگرفتەکە لەوەدایە ئایا ئەو دەنگانە وەك وێنە عەرەبی‌یەکیان بنووسین ، یان بە شێوەی کوردی ، بۆ ئەمە دوو بیروڕا هەیە :

١ ـ دەلێت شێوەی دەنگە عەرەبی‌یەکان بە ئیملای کوردی بنووسرێن، واتە ئەگەر بمانەوێ ووشەی ( قصر ) بە کوردی بنووسین دەبێت : فتحەکەی سەرقافەکە بکەین بە پیتی (ە)و پیتی (ص) بکەین بە (س)و ئەنجا وەهای بنووسین (قەسر) •

٢ ـ دەلێت شێوەی نووسینی دەنگە عەرەبی‌یەکان هەروەك خۆیان بەبێ دەسکاری بنووسرێت چونکە منداڵەکانمان هەر لە پۆلی‌یەکەمەوە بە عەرەبی دەخوێنن‌و شێوەی نووسینی دەنگە عەرەبی‌یەکان فێردەبن ، وەك :

طاهِر
مِصر
فاطمه
اثبات
ضروري
أستاذ

وه ئەو دەنگانەی کە هاتوونو دەبێت بە شێوەی نووسینی کوردی بنووسرێن ئەمانەن :

١ـ دەنگی (ص ، ث) بە پیتی (س) بنووسرێن •
٢ـ دەنگی (ض ، ظ ، ذ) بە پیتی (ز) بنووسرێن •
٣ـ دەنگی (ط ، ة) بە پیتی (ت) بنووسرێن •
٤ـ دەنگی بۆر ( ُ ) بە پیتی (و) بنووسرێت •
٥ـ دەنگی فەتحە ( َ ) بە پیتی (ە) بنووسرێت •
٦ـ دەنگی کەسرە ( ِ ) بە پیتی (ی) بنووسرێت •
٧ـ دەنگی تەنوینیش هەر بە پیتی کوردی بنووسرێت •

من لایەنگری ئەوەم کە ووشەی عەرەبی لە کوردیدا لەسەر شێوەی کوردی بنووسرێت •

**دووەم ـ گیروگرفتی نووسینی ووشە :**

گیروگرفتی نووسینی ووشە لە چەند حاڵەتێکدا هەست پێدەکەینو دەتوانین لەم خاڵانەی خوارەوەدا کۆیان بکەینەوەو بڵێین :

١ـ کە پێشگرێ بخرێتە بەردەم ووشەیێکی سادە بۆ ئەوەی ووشەیێکی ناسادەی لێ‌پێك‌بهێنین (دارژاو) •

٢ـ كە نیشانەیەك بخرێتە بەردەم ووشەیێکی سادە •

٣ـ دوو ووشەی سادە یان پتر بدرێنە دەم‌یەکتر بۆ ئەوەی ووشەیێکی ناسادەیان بۆ واتایێکی نوێ لێ‌پێك‌بهێنرێت •

٤ـ کە پاشگرێ بخرێتە سەر ووشەیێك بۆ مەرامێ •

٥ـ کە ئامرازێ بکرێتە پاشکۆی ووشەیێك بۆ مەرامێ •

٦ـ کە نیشانەیەك بکرێتە پاشکۆی ووشەییك •

٧ـ کە راناوێ لەگەڵ فرمانێکی ئەرێ‌و فرمانێکی نەرێی سادەو ناسادەو تێپەرو تێ‌نەپەڕدا بەکاربهێنرێت •••

بێ‌گومان ئەو هەموو گیروگرفتانەی کە لەمەودوا دێنە ریمان سەرچاوەکانیان کە وەك لەمەوبەر گوتمان سروشتی ئەو پیتانەن کە زمانەکەی پێ‌دەنووسرێت ، بەم پێیە ئێمە لە چارەسەرکردنی گیروگرفتی نووسینی ووشەدا واین لەبەردەم دوو رێگادا :

١ـ ووشەکان‌و زیادی‌یەکان پێکەوە بلکێنین ، ئەگەر پێکمانەوە لکاندن ئایا ئیتر گیروگرفتمان نایەتەرێ • ئەگەر هات هی ئەم زۆرترە یان کەمترە لە هی ئەوەی نەلکێنرێن بەیەکەوە •

٢ـ ووشەکان‌و زیادی‌یەکان پێکەوە نەلکێنین ، ئەگەر پێکمانەوە نەلکاندن ئایا ئیتر گیروگرفتمان نایەتەرێ ، ئەگەر هات هی ئەم زۆرترە یا کەمترە لە هی ئەوەی بلکێنرێن بەیەکەوە •

بەر لەوەی بچمە باسەکەوە دەمەوێ ئەوەش بڵێم ئایا پیتە بزوێن‌و نەبزوێن دەوریان هەیە لە نانەوەی ئەم گیروگرفتانەدا وەك لکان‌و نەلکان ، وەیان دەتوانین بە یاریدەی ئەوان رێیێکی هاسانتر بدۆزینەوە بۆ چارەسەری

گیروگرفتەکان ، بە بیروڕای من تا ڕادەیەك دەوریان هەیە لە چارەسەرەکەدا وەك لەمەولا دەبینین •

**١ ــ گیروگرفتی ووشەی سادە :**

ووشەی سادە خۆی لە خۆیدا گیروگرفتی زۆر کەمە (مـەگەر وەك ووتمان زیادییەکی بخرێتە سەر کە ئەمەش لەپاشا لێیدەدوێین) بەڵام هەست بە هەندێ گیروگرفتیش هەردەکەین ، وەك ئەمانەی خوارەوە :

ا ــ ووشەی (چ) هەندی بە (چە)و ، هەندی بە (چی) لە نووسینـــدا دەینووسن • وەك کۆڕ چارەسەری کردووە بە شێوەی (چ) بنووسرێـت بەڵام نەلکێنرێت بە ووشەکەی دواییەوە ، وەك :

| | | |
|---|---|---|
| چ ڕۆژێ | نەك | چڕۆژێ |
| چ جارێ | نەك | چجارێ |
| چ مــن | نەك | چمن |

ب ــ دەنگی (ھ)ی کۆتایی ووشە دەبێت بەو جۆرە بنووسرێت نـەك ( ہ ) چونکە دووەمیان شێوەی دەنگی (ە)یە وەك لە ووشەی (ڕەوڕەوە)دا دیارە • لەبەر ئەوە دەبێت :

( ئاھ ، گوناھ ، جەھ ) وەھا بنووسرێن نەك وەھا ( ئاہ ، گوناہ ،•••)•

**٢ ــ گیروگرفتی ووشەی نادە :**

**١ ــ گیروگرفتی ووشەی داڕژاو :**

ووشەی داڕژاو لە ووشەیێکی سادەی واتادارو زیادییەك پێکدێت ــ زیادییەکە دەلوێت پێشگرێ یان پاشگر بێتو بە هەر دووکیان ووشەیێکی نوێ بۆ واتاییێکی نوێ سازدەدەن ، وەك :

| | | |
|---|---|---|
| گرت | هەڵگرت | (هەڵ) |
| بوو | رابوو | ( ڕا ) |
| فرۆش | فرۆشیار | ( یار ) |
| هەلووك | هەلووكێن | ( ێن ) |

ئەگەر سەرنج بدەیتە ووشەكانو زیادیەكان بۆت دەردەكەوێ كـە دەتوانین بە جیاجیاش بیاننووسینو بە سەریەكەوەش ( كەواتە گیروگرفتەكە لە لكانو نەلكانەكەدایە ) • كەواتە ئێمە بۆ یەكێتیی نووسـین ئـەم دوو دەستووورە دادەنێین :

**١ ـ پێشگر :**

نەلكێنرێت بە ووشەكەی دوای خۆیـەوە ـ توانـای خـۆلكاندنو خۆنەلكاندنیشی تێدابێت ـ وە بەم شێوەیە بنووسرێت :

| | |
|---|---|
| هەڵ | هەڵفڕی |
| وەر | وەری |
| دا | دابەزی |
| تێ | تێ گرت |
| تێك | تێكچوو |
| بێ | بێ كەس ، بێ خاڵ ، بێ پارە ، بێ جێ |
| پێ | پێ كرد |
| لێ | لێ وونبوو |

**٢ ـ پـاشگر :**

ئەگەر كرا بە پاشبەندی ووشەیەك ، ووشەكە كۆتایی بەپیتەبزوێـن ، یان نەبزوێن هاتبوو ، ئەگەر توانای پێوەلكاندن هەبوو پێوەی بلكێنرێت ، ئەگەر نەبوو بخرێتە پاڵی •

ا ــ وێنە بۆنەلكان (خرانەپاڵ) :

| | |
|---|---|
| كورد | كوردستان |
| چەقۆ | چەقۆگەر |
| كڕ | كڕیار |

ب ــ وێنە بۆ لكاو :

| | |
|---|---|
| هێل | هێلەك |
| لووت | لووتەوانە |
| دان | خوێدان |
| كار | كرێكار |

**٢ ــ گیروگرفتی ووشەی لێكدراو :**

بۆ ئەوەی جوان بچینــە بنجوبنــاوانی گیروگرفتــەكانی ووشــەی لێكدراوەوە ، دەتوانین ووشەی لێكدراو بكەین بە چەند كۆمەڵێــكەوە ، ئەنجا بەجیاجیا لە گیروگرفتی هەریەكەیان بدوێین :

## كۆمەڵەی (١) :

ئەگەر ووشەی یەكەم لە ووشەلێكدراوەكەدا كۆتایی بە پیتەنەبزوێــن هاتبوو ، وە بە ئامرازی (ە ، و ، ەو ، او ، ان) درابووە دەم ووشەی دووەم هیچ گیروگرفتی ڕێنووسی نایەتەكایەوە ، وەك :

بەرد + ە + نوێژ = بەردەنوێژ
لەرز + و + تــا = لەرزوتا
بان + ەو + بان = بانەوبان
چڵ + او + چڵ = چڵاوچڵ
سەر + ان + سەر = سەرانسەر

## کۆمەڵەی (٢) :

ئەگەر ووشەی یەکەم لە ووشەلێکدراوەکە کۆتایی :

١ ــ بە پیتەنەبزوێنی نەلکاو هاتبوو ، وە بەبێ یاریدە درابوونە دەم یەك هیچ گیروگرفتی ڕێنووسی نایەتەکایەوە ، وەك :

داربەڕوو

چاوکاڵ

دزنەبەر

بەدخوو ...

٢ ــ ئەگەر ووشەی یەکەم لە ووشەلێکدراوەکە کۆتایی بە پیتەبزوێن هاتبوو ، جگە لە بزوێنی (ێ ، ی ، وێ) ــ ئەمانیشمان لە ریزی بزوێنە نەلکاوەکان داناوە ــ هیچ گیروگرفتی ڕێنووسی بەدی ناکرێت ، وەك :

کلاّفەدەزوو

شاسوار

پەرۆکۆن

گوێسەبانە

کانیسپیکە

## کۆمەڵەی (٣) :

ئەگەر ووشەی یەکەم کۆتایی بەپیتەلکاو (بزوێن بێت یان نەبزوێن) هاتبوو ، وە بەبێ یاریدە درابوونە دەم یەکتر ، دوو شێوە نووسین هەڵدەگرن (شێوەی نەلکاو ، شێوەی لکاو) ، وەك :

| شێوەی نەلکاو | شێوەی لکاو |
| --- | --- |
| دڵ پاك | دڵپاك |
| دەنگ خۆش | دەنگخۆش |
| بن باخەڵ | بنباخەڵ |
| گوێ ڕایەڵ | گوێڕایەڵ |
| ڕێ زمان | ڕێزمان |
| دڵ سۆز | دڵسۆز |

لەسەر نووسینی ئەم جۆرە ووشانە هەندێ بیروڕا هەیە :

١ ــ بیروڕای یەکەم دەڵێت بەیەکەوە بلکێنرێن و وەهابنووسرێن :
دڵپاك ، ڕێزمان ، بنباخەڵ ، گوێڕایەڵ

٢ ــ بیروڕای دووەم دەڵێت بەیەکەوە نەنووسرێنرین :

دڵ پاك ، ڕێ زمان ، بن باخەڵ ، گوێ ڕایەڵ

٣ ــ بیروڕای سێیەم دەڵێت : ئەگەر ووشەکە بۆ زاراوەیێکی زانیاری، یان دیار ناوێ دانرا بەیەکەوە بلکێنرێن ، وەك :

ڕێزمان ، دڵسۆز ، لێکدراو ، ڕێبوار ، پێنووس ، ڕێنووس ...
ئەگینا ئەوانی‌تر بەجیاو لە تەنیشت یەکەوە بنووسرێن :

کوڕی گوێ ڕایەڵ
پیاوی دڵ پاك
بن باخەڵی قادر
هەناری گوڵ بەدەم

## کۆمەڵەی (٤) :

ئـەو ووشانەی کە لە دوو ووشە یـا پتر پێکدێن‌و کاری ئاوەڵناو دەبینن لە رستەدا پێویستە پێکەوە نەلکێنرێن ، وەك :

گەردن‌بلور
چەپ‌گەرد
دەم‌گاواخن
سەرئاسنین

## کۆمەڵەی (٥) :

دوو ووشە یـان پتر لە جۆری‌یەکتر دەدرێنە دەم یەکترو ووشەیێکی لێکدراویان لێ‌پێکدێ بۆ مەرامی تەوکید یان واتای یەك لە دوای یەك ، وەك:

گرمەگرم
دەنگەدەنگ
گەش‌گەش
هەی‌هەی
پێنج‌پێنج

ئەم ووشەلێکدراوانە هەندێ گیروگرفتی رێنووسی‌یان تێدایە ، لەبەر ئەوە دەیان‌کەین بە دوو بەشەوە :

١ ــ ئەو جۆرانەیان کە بە هۆی ئامرازی (ە)وە دەدرێنـەدەم یـەکتر بەبێ گیروگرفتن ، وەك :

پڕمەپڕم ( پڕم + ە + پڕم )
جووڵەجووڵ
قڕەقڕ

فیکەفیك

قرچەقرچ

٢ ـ جۆری دووەمیان ئەوانەن کە دەتوانرێت ووشەلێکدراوەکەیان بە دوو جۆر بنووسرێت ، وەك ووشەی (نم‌نم) دەتوانرێت وەها بنووسرێت‌و وەهاش بنووسرێت (نمنم) • بەلام بەپێی بۆ چوونی خۆم پێکەوە نەلکێنرێن‌و وەها بنووسرێن :

لەت‌لەت

یەك‌یەك

زەق‌زەق

کەم‌کەم

گەش‌گەش

بەش‌بەش

هەی‌هەی

وەی‌وەی

## کۆمەڵەی (٦) :

ئەگەر ووشەی یەکەم لە ووشەلێکدراوەکە ئاوەڵناوی (یەك) بوو ، دوو شێوە نووسین هەڵدەگرێت ، من شێوەی یەکەمیان بەراستتر دەزانم :

| شێوەی یەکەم | شێوەی دووەم |
|---|---|
| یەك‌سەر | یەکسەر |
| یەك‌بەر | یەکبەر |
| یەك‌جێ | یەکجێ |
| یەك‌ڕێ | یەکڕێ |

| | |
|---|---|
| یەكلـۆ | یەكلۆ |
| یەككەوتن | یەككەوتن |
| یەكبوون | یەكبوون |
| یەكگرتن | یەكگرتن |
| یەكتاڵ | یەكتاڵ |
| یەكڕەنگ | یەكڕەنگ |

## كۆمەڵەی (٧) :

ئەو ووشە یەك واتا بەخشـانەی چوونەتـە پاڵیـەكو یەكقاڵبیـان وەرگرتووەو بە واوی عطف خراوونە دەم‌یەكتر ، ئەگەر یەكە یەكە بیان‌گرین لەوانەیە واتاكانیان یان روون نەبێت ، یـان نەتوانرێ بەجیاجیـا لەرسـتەدا بەكاربهێنرێن ، بۆیە بەیەكەوە نووسینیان دروستە ، وەك :

مشتومڕ
گورجوگوڵ
هاتوچۆ
كەلوپەل
كتومت

## كۆمەڵەی (٨) :

وشەی داتاشراو ، ئەم ووشەلێكدراوە چووتە یەكقاڵبەوە بۆیە دەبێت بە سەریەكەوە بنووسرێن ، وە پێكهاتنەكەشی لە دوو رێوە هاتووە :

١ ــ لە سوانی هەمزەوە : هەمزە بە زۆری لە كوردی‌دا ئەستێرەی روو لە ئاوابوونە ، ئەم ووشە سواوانە وەنەبێت تازە هاتبنە گۆڕێ نـەء ... هەر لە كۆنەوە سەلیقەی كوردەواری پێكی‌هێناوون ، وەك ئەم نموونانە :

| | |
|---|---|
| باراش | ( بار ــ ئاش ) |
| ناواخن | ( ناو ــ ئاخن ) |
| دۆشاو | ( دۆش ــ ئاو ) |
| بەرداش | ( بەرد ــ ئاش ) |
| ماڵاوایی | ( ماڵ ــ ئاوایی ) |
| دلاوەر | ( دل ــ ئاوەر ) |
| رۆژاوا | ( رۆژ ــ ئاوا ) ... هتد ... |

٢ ــ بە سوانی پیتێ یان پتر لە یەکێ لەو دوو ووشەیەی کە ووشە لێکدراوەکەیان پێکهێناوە ، وەك :

| | |
|---|---|
| مریشك | ( مر ــ ئیشك ــ هیشك ) |
| نیوەرۆ | ( نیو ــ ە ــ رۆژ ) |
| بۆگەن | (بۆن ــ گەند ) |
| باگردێن | (بان ــ گردێن ) |
| جوامێر | (جوان ــ مێرد ) |
| دەستار | ( دەست ــ هاڕ ــ ئاڕ ) |
| خورمژ | (خورما ــ مێوژ ) |
| گمیز | (گو ــ میز ) |
| مزاش | ( مزە ــ ئاش ) |

## کۆمەڵەی (٩) :

فرمانی (بوو)و (بێ)

ئەم دوو فرمانە :

١ ــ کە دەچنە سەر قەدی فرمان هەڵدەگرێت پێوەی بلکێنن‌و پێوەی نەلکێنن ، وەك شێوەی خوارەوە :

| | |
|---|---|
| نووستبوو | نووست‌بوو |
| نووستبێ | نووست‌بێ |
| وەریبوو | وەریبێ |

بەپێی بۆچوونی خۆم واپێشنیار دەکەم شێوەلکاوەکەیان هەڵبژێرین ، شوە نەلکاوەکەی دابنێین بۆ ئەو شێوەیەی کە لە بەندی (٢)دا لێی‌دەدوێم .

٢ ــ کە لــە رستــەدا دەکەونەپــاڵ ناوێ ، یان ئــاوەڵناوی ، یــان ئاوەڵکارێ نابێت پێویانەوە بلکێت ، دەبێت بەجیا بنووسرێن چونکە نابنە ووشەیێکی لێکدراو ، وەك :

| | | |
|---|---|---|
| گەش | گەش‌بوو | گەش‌بێ |
| پیاو | پیاوبوو | پیاوبێ |
| کەم | کەم‌بوو | کەم‌بێ |
| نزم | نزم‌بوەوە | نزم‌بێتەوە |

## کۆمەڵەی (١٠) :

هەندێ جار لە ووشەیێکی واتادار ، یان پێشگرێ یــان ڕەگی‌کار ، ووشەیێکی لێکدراو دروست‌دەکرێت بۆ مەرامی کارا ، یان بەرکار ، یــان ئامێر ، یان ناوێ ، یان شتی‌تر ، وەك :

خوێن‌مژ

گورگان‌خواردوو

خول‌خلۆکە

لێ‌خور

پێنووس

لە پێك‌هاتنی ئەم ووشانەدا هەندێ گیروگرفتی نووسین دێتەکایەوە ،

بنکەی ژین

ئەویش ئەوەیە ووشە لێکدراوەکە بەسەریەکەوە بنووسین ، یان بە جیاجیا..
من بۆ ئەمە پێشنیار دەکەم :

١ ـ ئەگەر لە ووشەیەکو ڕەگی پێکهاتبوو نابێت بەیەکەوە بلکێنرێن، وەك :

نـانکڕ ـ گۆشـتخۆر ـ جلشۆر ـ مـاسیگر لەسـەر شێوەی ( مارکوژ ـ سەرتاش ... ) .

هەروەها ئەگەر ووشەی (نە)ی نەفی کەوتە نێوانیانەوە ، دیسان نابێت بەیەکەوە بلکێنرێن ، وەك :

| | |
|---|---|
| گۆشتخۆر | گۆشتنەخۆر |
| جلشۆر | جلنەشۆر |
| کۆڵدەر | کۆڵنەدەر |

٢ ـ ئەگەر لە ناوێك یان ئاوەڵناوێكو رەگیفرمانێ ( ئاوەڵناوی بکەر یان ئاوەڵناوی کراو ) پێکهاتبوو دیسان نەلکێنرێن بەیەکەوە ، هەروەهـا ئەگەر ئامرازی (نە)ی نەفیش کەوتە نێوانیانەوە ، وەك :

| | |
|---|---|
| دڵمردوو | دڵنەمردوو |
| دەستشکاو | دەستنەشکاو |
| گەرمکراو | گەرمنەکراو |
| دەسترۆیو | دەستنەرۆیو |
| خوێنمژ | خوێننەمژ |

٣ ـ ئەگەر لە پێشگرێكو ڕەگی فرمانێـك پێکهـاتبوو بەیـەکەوە بلکێنرێن بەڵام ئەگەر ئامرازی (نە)ی نەفی خرایە نێوانیانەوە دەبێت بەیەکەوە نەلکێنرێن ، وەك :

| | |
|---|---|
| هەڵگر | هەڵ نەگر |
| پاشگر | پاش نەگر |
| لێخور | لێ نەخور |
| تێپەڕ | تێ نەپەڕ |
| پێنووس | پێ نەنووس |
| لێزان | لێ نەزان |

٤ ـ ئەگەر لە ناوێكو پێشگرێكو رەگێكی كار پێك‌هاتبوو ، لەم شێوەیەدا پێشگرەكە بلكێنرێ بە رەگەكەوە ، وەك :

بارهەڵگر
نانتێكەر
چێشتلێنەر
دەستهەڵبڕ

ئەگەر بە ئامرازی ( نە ) نەفی‌كران ، دەبێت هەموویان لەیەكتر دابڕێن بەڵام لە تەنیشت یەكەوە بنووسرێن ، وەك :

بارهەڵ نەگر
نانتێ نەكەر
چێشتلێ نەنەر
دەستهەڵ نەبڕ

٥ ـ ئەگەر لە دوو پێشگرو رەگی كارێ یا بكەری یا كراوێ پێك‌هاتبوو لە شێوەی (ئەرێ)دا پێشگری یەكەم بە جیاو ئەوانی‌تر بەسەریەكەوە بنووسرێن ، وەك :

پێ لێخەر
پێ لێنراو

تێ هەڵکێشراو

تێ هەڵچوون

بەڵام لە شێوەی (نەرێ)دا هەموویان بە جیاجیا بنووسرێن ، وەك :

پێ لێ نەخەر

پێ لێ نەنراو

تێ هەڵ نەکێشراو

تێ هەڵ نەچوون

## کۆمەڵەی (۱۱) :

**گیروگرفتی ژمارە لێکدراوەکان لە (۱۱)ەوە هەتا (۱۹) :**

ئەم ژمارانە بە لای منەوە لە نووسیندا گیروگرفتیان نیە چونکە وەك ووشەی (خوێدان)و ووشەی (لێدان) دوو شێوە نووسینیان نیە . وابزانم گیروگرفتەکە لە چۆنێتی پێك‌هاتنی ووشەکەدایەو وەك ئـەوە وایـە بلێـین ووشەی (ئاژاڵ) راستترە یان ووشەی (ئاژەڵ) . لەگەڵ ئەمەشدا من بەپێی تێبینیو لێکدانەوەی خۆم دەڵێم دەبێت هەریەکێ لەو ژمارانە لەپێش ئەوەدا کە گۆڕانو سوانیان بەسەردا هاتبێت ، وەها پێك‌هاتبن :

١ ــ ژمارەی ئەسڵی .

٢ ــ ئامرازی (ان) کە نیشانەی تەوزیعیە .

٣ ــ ئامرازی لێکدەری (نیز) کە ئاسـارەکەی هێشتـا لە ژمـارە ( نۆزدە )دا ماوە .

٤ ــ ژمارە ( دە ) . وەك خشتەکەی لاپەڕە (٣٩٧) .

| ژمارەکە لەپێش سوان و گۆڕاندا | ژمارەکە لەدوا سوان و گۆڕان | ئامرازی تەوزیعی | ئامرازی لێکدەر بەنەسواوی و بەسواوی | ژمارە (دە) | شێوەی پێک هاتن |
|---|---|---|---|---|---|
| یەک | یـ | ان | نیز (ز) | دە | یانزدە |
| دو | دو | ان | نیز (ز) | دە | دوانزدە |
| سێ | سی | ان | نیز (ز) | دە | سیانزدە |
| چوار | چوار | .... | ..... | دە | چواردە |
| پێنج | پ | ان | نیز (ز) | دە | پانزدە |
| شەش | شـ | ان | نیز (ز) | دە | شانزدە |
| حەوت | حەو، حەف، حەڤ | ...... | ...... | دە | حەڤدە |
| هەشت | هەژ | ..... | ..... | دە | هەژدە |
| نۆ | نۆ | .... | نیز (ز) | دە | نۆزدە |

ئەگەر سەرنج بدەینە خشتەکەی لاپەڕە ٣٩٧ دەبینین :

١ ـ ژمارە ئەسلی‌یەکان یان سواون یان گۆڕاون یان وەك خۆیان ماونەتەوە وەك لە ریزی دووەمدا بەرچاو دەکەوون •

٢ ـ ئامرازی (ان) لەگەڵ ژمارە (٤ ، ٧ ، ٨ ، ٩) بە تـەواوی نەمـاوون‌و سواوون •

٣ ـ ئامرازی لێکدەری (نیز) سواوەو لەگەڵ هەموو ژمارەکاندا بـووە بە (ز)و لەگەڵ ژمارە (٧ ، ٨)دا هەرنەماوە •

٤ ـ ژمارە (دە) لەگەڵ هەموویاندا ماوە •

٥ ـ لە ئەنجامدا ژمارەکان وەهایان لێ‌هاتووە :

یانزدە ، دوانزدە ، سیانزدە ، چواردە ، پانزدە ، شانزدە ، حەڤدە ، هەژدە •

تێبینی :

١ ـ لە هـەندێ شێوەدا دەنـگی (گ) دەکەوێتە پـاش ئامرازی (ان)ی توزیعی‌یەوە لە ژمارە (١١ ، ١٢ ، ١٣ ، ١٥ ، ١٦)داو پیتی (د) ژمـارە (دە) لە گۆکردندا کلوڕ دەکرێت‌و لەنووسیندا فڕێ دەدرێت‌و وەهایان لێ‌دێت :

یانگزە ، دوانگزە ، سیانگزە ، پانگزە ، شانگزە •

٢ ـ لـە هـەندێ شێوەشدا پیتی (ن)ی ئامرازی تەوزیعی‌یەکەش فڕێ دەدرێت‌و ژمارەکان بەم جۆرە دەخوێنرێنەوە :

یازدە ، دوازدە ، سیازدە ، پازدە ، شازدە ••••

کـۆڕی زانیاری ئەمەیان پەسەند کـردووە چونکـە لە بارترە بـۆ خوێندنەوە • منیش هەر ئەمم پێ‌باشترە •

## ٣ ـ گیروگرفتی ئامرازی (ی) پەیوەندی :

ئەم ئامرازە دەخرێتە نێوان دوو ووشەوە بۆ مەرامی تەواوکردن ، وەك:

ئەموستیلەی زێڕ

پیاوی ئـازا

چەفتەی سوورمە

١ ــ ئەم ئامرازە : ئەگەر بەدوای ووشەیەکدا هات ، ووشەکە کۆتایی بە پیتە بزوێن هاتبو ئەوا بەبێ گیروگرفت پێوەی دەلکێنرێت ، وەك :

گوڵی جوان

کاڵەکی گەییو

پێستی دەست

٢ ــ ئەگەر بەدوای ووشەیەکدا هات ، ووشەکە کۆتـایی بە پیتـە بزوێنی (ی ، ێ ، وێ) هاتبوو ، دوو گیروگرفتی نووسین دێتەکایەوە :

١ ــ هەندێك دەڵێن ئامرازەکە بلکێنرێت بەدوا پیتی ووشەکەوە ،وەك:

| | |
|---|---|
| ترۆزی | ترۆزیی ناسك |
| شایی | شاییی هۆمەرەکوێر |
| لادێ | لادێی خۆمان |
| گوێ | گوێی چەپ |
| ئەسکوێ | ئەسکوێی دار |

ب ــ هەندێکیتر دەڵێن نابێت ئامرازی (ی) پەیوەندی بلکێنرێـت

به ووشه‌که‌وه وه‌ك چۆن ناتوانین واوی عطف بلکێنین به ووشه‌که‌ی پێش خۆیه‌وه ، چونکه ئه‌میش وه‌ك عطفه‌که پارچه‌یه‌ك نی‌یـه لـه ووشـه‌که‌ی پێش‌خۆی له‌به‌ر ئه‌وه ده‌بێت به‌جیا بنووسرێت‌و به‌ڵام بخرێته پاڵ ووشه‌که ، منیش لایه‌نگری ئه‌م رایه‌م ، وه‌ك :

خووری‌ی مه‌ڕ

شایی‌ی بناویله

لادێ‌ی خۆمـان

هه‌رمێ‌ی باڵه‌ك

خوێ‌ی تـاڵ

## ٤ ـ گیروگرفتی فرمانی (ه) له صیغه‌ی حاڵدا :

ئه‌م فرمانه ئه‌گه‌ر :

١ ـ به دوای ووشه‌یه‌کدا هات ، ووشه‌که کۆتایی به پیتـه نه‌بزوێـن هاتبوو ، هیچ گیروگرفتی ڕێنووسی به‌دی ناکرێت ، وه‌ك :

کوڕه‌که‌ی کاکل شوانه (ه)

ئاوی چه‌مه‌که پاکه ( ه )

ده‌شتی قه‌راج به‌پیته ( ه )

٢ ـ به‌ڵام ئه‌گه‌ر به‌دوای ووشه‌یه‌کدا هات کۆتایی به پیته بزوێـن هاتبوو ، ته‌نیا له‌و ووشانه‌دا گیروگرفت به‌دی ده‌که‌ین که کۆتایی‌یـان بـه (ی ، ێ ، وێ) دێت ، ئه‌میـش له‌بـه‌ر ئـه‌وه که ده‌توانـین فرمـانه‌که‌ی پێوه‌بلکێنین وه‌ك شێوه‌ی (ا)و ده‌شتوانین پێوه‌ی نه‌لکێنین، وه‌ك شێوه‌ی(ب):

| شێوەی ( ا ) | شێوەی ( ب ) |
|---|---|
| ئەم پێڵاوە نوێیە | ئەم پێڵاوە نوێ یە |
| ئەم گۆمە پڕ لە ماسییە | ئەم گۆمە پڕ لە ماسی یە |
| کاکم لە لادێیە | کاکم لە لادێ یە |

**تێبینی :**

١ ـ من تەئیدی ئەوە دەکەم کە ئەمانیش وەك پیتە بزوێنەکانی تر نەلکێنرێن بە ووشەکەوەو وەها بنووسرێن :

ئەم پێلاوە نوێ یە •
ئەم بەرەیە خوری یە •
ئەم بەرچنەیە هەرمێ یە •

٢ ـ لە نەفی کردنیشدا پێکەوە نەلکێن ، وەك :

پێنووسەکەم پێ نی یە
نەخۆشەکە لێرە نی یە
نەمامەکان کەم ئاو نی یە •

## ٥ ـ گیروگرفتی ئامرازی لێکدەر (عطف) :

ا ـ ئامرازی (و) : ئەم ئامرازە تەنیا ئەوەندە گیروگرفتی هەیە کە کەوتە نێوان دوو ووشەوە نابێت بە هیچیانەوە بلکێنرێت چونکە خۆی قەوارەیەکی سەربەخۆی هەیە ، بەڵام دەبێت بخرێتە پاڵ ووشەی یەکەم نەك لە نێوان هەردووکیاندا قوت بکرێتەوە ، چونکە کورد واوەکە لەگەڵ ووشەی یەکەمدا گۆدەکات نەك لەگەڵ هی دووەم ، وەیان یەکەم بخوێنێتەوە ئەنجا واوە عطفەکە ، لەپاشا ووشەی دووەم ، ئەنجا لەبەر ئەوە دەبێت بخرێتە پاڵ ووشەی یەکەمو بەم جۆرە بنووسرێت :

| | |
|---|---|
| منو تۆ | نەك من و تۆ |
| بەهارو جوانی | نەك بەهار و جوانی |
| ئەکڕێو ئەفرۆشێ | نەك ئەکڕێ و ئەفرۆشێ |

**تێبینی :**

١ ــ هەندێ جار واوی عطف دەخرێتە نێوان دوو ووشەوە یەکەمیان کۆتایی بــە بزوێنــی (وو) دێو دووەمیــان بەرایــی بــە برگــەی (وو) دەستپێدەکات ، لەم حاڵەتەدا پێنج واو بە دوای یەکدا کۆدەبنەوە ، وەك :

بارام وێنەی بەروو و وورچ دەکێشێ •

دەبێت ئەمە چارەسەربکرێت : یا واوە عطفەکە لاببرێت ، یا لاببرێتو لە جێی فاریزەیەك دابنرێت ، وەك :

داربەروو ، وورچ

چونکە واوە عطفەکە بنووسرێت یان نەنووسرێت گۆکردنەکەی دیــار نیــە •

٢ ــ ووشەی (و)ی عطف ئەگەر کەوتە دوای فرمانی (هات)و فرمــانی (بێت) ، نابێت پێکەوە بلکێنرێن، وەك زۆر جار لە نووسیندا ئەمە دێتەبەرچاو:

ئەگەر هاتوو

ئەگەر بێتوو

راستوایە وەها بنووسرێن :

ئەگەر هاتو

ئەگەر بێتو

ب ــ ئامرازی (یا) : هەندی جار دوو ئاوەڵناوی ژمارەیی (یا)ی عطف

له تێوانیاندا هەڵدەگیرێت ، لەم حاڵەتەدا نابێت بەیەکەوە بلکێنرێن ، چونکە نابنە ووشەیێکی لێکدراو ، وەك :

| | |
|---|---|
| یەك دوو جار پێم گوت | (یەکدوو) |
| سێ چوار دینارم بۆ نارد | (سێچوار) |
| هەشت نۆ سەر مەڕم کڕی | (هەشتنۆ) |

ج ــ ئامرازی (ش) :

لیژنەی زمانو زانستەکانی لە کتێبی ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردیدا لاپەڕە (٣٤٥)ەوە هەتا (٣٦٠) بە دووروو درێژی لەم ئامرازە دواوە ، منیش لێرەدا تەنیا لە شوێنی پێوەلکاندنی ئەم ئامرازە بەفرمانەوە دەدوێم :

**١ ــ لەگەڵ فرمانی رابوردوودا :**

ا ــ لەگەڵ فرمانی تێنەپەری سادەی ئەرێو نەرێدا :

**شێوەی ئەرێ :**

| | |
|---|---|
| هاتم | هاتیشم ــ هاتمیش |
| هاتووم | هاتووشم ــ هاتوومیش |
| دەهاتم | دەشهاتم ــ دەهاتمیش |
| هاتبووم | هاتبووشم ــ هاتبوومیش |
| بهاتمایە | بشهاتمایە ــ بهاتیشمایە |

**شێوەی نەرێ :**

نەهاتیشم ــ نەشهاتم

نەهاتووشم ــ نەشهاتووم

نەشدەهاتم ــ نەدەهاتیشم

نەهاتبووشم ـ نەشهاتبووم
نەهاتیشمایە ـ نەشهاتمایە

ب ـ لەگەڵ فرمانی تێنەپەڕی ناسادەی ئەرێو نەرێدا :

شێوەی ئەرێ :

راوەستام ـ راشوەستام ـ راوەستاشم ـ راوەستامیش
راوەستاوم ـ راشوەستاوم ـ راوەستاشم ـ راوەستامیش
رادەوستام ـ راشدەوەستام ـ رادەوەستاشم ـ رادەوەستامیش
راوەستابووم ـ راشوەستابووم ـ راوەستابووشم ـ راوەستابوومیش
رابوەستامایە ـ راشبوەستامایە ـ رابوەستاشمایە

شێوەی نەرێ :

راشنەوەستام ـ رانەوەستاشم ـ رانەشوەستام ـ رانەوەستامیش
راشنەوەستاوم ـ رانەوەستاشم ـ رانەشوەستاوم ـ رانەوەستامیش
راشنەدەوەستام ـ رانەدەوەستاشم ـ رانەشدەوەستام ـ
ڕانەدەوەستامیش
راشنەوەستابوم ـ رانەوەستابووشم ـ رانەشوەستابووم
ـ ڕانەوەستابوومیش
رانەشوەستامایە ـ رانەوەستاشمایە ـ راشنەوەستامایە ـ ...

ج ـ لەگەڵ فرمانی تێپەڕی سادەی ئەرێو نەرێدا :

شێوەی ئـەرێ :

چاندم ـ چاندیشم ـ چاندمیش
چاندوومە ـ چاندووشمە ـ

دەمچاند ــ دەشمچاند ــ دەمیشچاند ــ دەمچاندیش

چاندبووم ــ چاندبووشم ــ چاندبوومیش

بمچاندایە ــ بشمچاندایە ــ بمچاندیشایە

**شێوەی نـەرێ :**

نەشمچاند ــ نەمچاندیش ــ نەمیشچاند

نەشمچاندووە ــ نەمچاندوویشە ــ نەمیشچاندووە

نەشمدەچاند ــ نەمدەچاندیش ــ نەمیشدەچاند

نەشمچاندبوو ــ نەمچاندبوویش ــ نەمیشچاندبوو

نەشمچاندایە ــ نەمچاندیشایە ــ نەمیشچاندایە

**د ــ لەگەڵ فرمانی تێپەڕی ناسادەی ئەرێو نەرێدا :**

**شێوەی ئەرێ :**

| | |
|---|---|
| وەرمگرت | وەریشمگرت ــ وەرمگرتیش ــ وەرمیشگرت |
| وەرمگرتووە | وەریشمگرتووە ــ وەرمگرتوویشە ــ وەرمیشگرتووە |
| وەرمدەگرت | وەریشمدەگرت ــ وەرمدەگرتیش ــ وەرمیشدەگرت |
| وەرمگرتبوو | وەریشمگرتبوو ــ وەرمگرتبووش ــ وەرمیشگرتبوو |
| وەرمبگرتایە | وەریشمبگرتایە ــ وەرمبگرتیشایە ــ وەرمیشبگرتایە |

**شێوەی نەرێ :**

وەریشمنەگرت ــ وەرمنەگرتیش ــ وەرمیشنەگرت

وەریشمنەگرتووە ــ وەرمنەگرتوویشە ــ وەرمیشنەگرتووە

وەریشمنەدەگرت ــ وەرمنەدەگرتیش ــ وەرمیشنەدەگرت

وەریشمنەگرتبوو ــ وەرمنەگرتبوویش ــ وەرمیشنەگرتبوو

وەریشمنەگرتایە ــ وەرمنەگرتایەش ــ وەرمیشنەگرتایە

**٢ ـ لەگەڵ فرمانی رانەبوردوودا :**

١ ـ لەگەڵ فرمانی رانەبوردوری تێنەپـەڕی سادە لـەشێوەی ئەرێ و نەرێدا :

| | | |
|---|---|---|
| دەگریم | دەشگیرم | ناشگریم |
| بگریم | بشگیرم | نەشگریم |

٢ ـ لەگەڵ فرمانی رانەبوردووی تێنەپەڕی ناسادە لـە شێوەی ئەرێ و نـەرێدا :

| | | |
|---|---|---|
| دادەنیشم | داشدەنیشم | داشنانیشم |
| دابنیشم | داشبنیشم | داشنەنیشم |

**٣ ـ لەگەڵ فرمانی رانەبوردووی تێپەڕی سادە لە شێوەی ئەرێ و نەرێدا :**

| | | |
|---|---|---|
| دەنووسم | دەشنووسم | ناشنووسم |
| بنووسم | بشنووسم | نەشنووسم |

**٤ ـ لەگەڵ فرمانی رانەبوردووی تێپەڕی ناسادەدا لە شێوەی ئەرێ و نەرێدا :**

| | | |
|---|---|---|
| دادەگرم | داشدەگرم | داشناگرم |
| دابگرم | داشبگرم | داشنەگرم |

**٣ ـ لەگەڵ فرمانی ئەمردا :**

١ ـ لە شێوەی ئەرێ و نەرێی فرمانی سادەو ناسادەی تێنەپەڕدا :

| | | |
|---|---|---|
| بڕۆ | بشڕۆ | مەشڕۆ |
| بنوو | بشنوو | مەشنوو |
| دانیشە | داشنیشە | داشمەنیشە |

٢ ـ لە شێوەی ئەرێ و نەرێی فرمانی سادەو ناسادەی تێپەڕدا :

| | | |
|---|---|---|
| بنووسە | بشنووسە | مەشنووسە |
| وەربگرە | وەریشبگرە | وەریشمەگرە |

# سێیەم ـ گیروگرفتی چاووگ و فرمان

## ١ ـ گیروگرفتی چاووگ

چاووگ دوو جۆرە :

**١ ـ چاووگی سادە :**

ئەم چاووگە لە نووسیندا بێ گیروگرفتە چونکە لەیەك ریشە زیاتری نییە ، وەك :

کێلان ، وەرین ، نووسین ، چوون ، پژمین ، کەوتن •••

**٢ ـ چاووگی ناسادە :**

لە نووسینی ئەم چاووگەدا هەندێ گیروگرفت هەیە چونکە لە ریشەیەك پتری هەیە ، وەك :

هەڵفرین

گەرمکردن

دەستلێدان

پێلێهەڵبرین

بەرانبەر بە نووسینی ئەم چاووگانە کێشە زۆرە ، بە کورتی :

ا ـ دەستەیەك دەڵێن هەموو ووشەکانی چاووگە نسادەکە یان هەندێکیان بەیەکەوە بلکێنرێن ، وەك :

پێشکەوتن

تێکردن

دەستلێدان

بیانوویان ئەوەیە ئەوەندە دەست لە نووسینی ووشەکە هەڵناگرن‌و ریشەکانی چاوگەکە لەیەکتر دابڕنابن •

ب ـ دەستەکەی‌تر دژی ئەمان‌و دەڵێن ریشەکانی چاوگەکە بەیەکەوە نەلکێنرێن‌و وەها بنووسرێن ، وەك :

تێ کەوتن
دەست بڕین
پێ لێ خستن
شەرم کردن

بیانووی ئەمان ئەوەیە منداڵ لە خوێندنەوەدا مەودای چاوی باشتر کاردەکات بۆ خوێندنەوەی ، هەروەها ئەگەر هات‌و فرمانێکمان لێ‌دروست‌کردو راناوێکمان خستەتەك دەبێت ووشەکە سەر لەبەر هەڵبوەشێنرێتەوە ، جا کەوابێت با هەر لە بنچینەوە ریشەکان بەیەکەوە نەلکێنرێن ، وەك :

| | |
|---|---|
| پێشکەوتن | پێشم کەوت |
| دروستکردن | دروستم کرد |
| دەستلێدان | دەستم لێ‌دا |

من لایەنگری دەستەی دووەم‌و ئابێت ریشەکان بەیەکەوە بلکێنرێن •

**٢ ـ گیروگرفتی فرمان :**

فرمان لە چاووگ دروست دەکرێت ، چاوگیش سادەو ناسادەی هەیە :

ا ـ سادەکانیان لە نووسیندا بێ گیروگرفتە ، وەك :

| | | |
|---|---|---|
| خەوتم | دەخەوم | بخەوە |
| چاندم | دەچێنم | بچێنە |

تێبینی : له نەفی‌و نەهی‌و پێوەلکاندنی راناوی کەسی لکاو هەندێ گیروگرفت ڕوودەدات له شوێنی خۆیاندا لێیان دەدوێم •

ب ـ له ناسادەکانیاندا که له دوو ریشه یان پتری هەیەو له چاووگی ناسادەوه کەوتۆنەتەوه ، دیسان دوو گیروگرفت ، گیروگرفتی لکان‌و نەلکان دێنەگۆڕێ لەبەر هەمان هۆ که له چاووگی ناسادەدا لێیان دواین ، هەندێ دەڵێن پێکیانەوه بلکێنین ، وەك :

تێمکرد
نانمانخوارد
پێملێخست
دەستمگەرمکردەوه

هەندێکی‌تر به پێچەوانەی ئەمانەوه دەڵێن نابێت ریشەکان بەیەکەوه بلکێنرێن ، دەبێت به جیاجیاو لەپاڵ یەکتردا بنووسرێن ، وەك :

پێم کرد
وون‌بوو
دەستم‌هەڵبڕی
رەق‌بوونەوه
چاویان‌لێ‌پۆشی

به بیروڕای من ریشەکانی فرمانه لێکدراوەکه بەیەکەوه نەنووسرێن چاکتره بۆ ئەوەی ریشەکان هەریەکەیان پارێزگاری قەوارەی خۆی‌بکات ••

## چوارەم ـ گیروگرفتی راناو لەگەڵ فرماندا

گرتم
نەم‌گرت

هەڵم گرت
هەڵم نەگرت
پێم هەڵ نەگرت
دەستم لێ هەڵ نەگرت

ئەگەر سەرنج بدەینە راناوی (م) دەبینین لەیەك شوێندا ئارام ناگرێتو دوای تەواوکەرەکەی کەوتووەو لە نووسینیشدا هەڵدەگرێ بە دوو شێوە بنووسرێت ، وەك :

| | |
|---|---|
| نەم گرت | نەمگرت |
| هەڵم گرت | هەڵمگرت |
| هەڵم نەگرت | هەڵمنەگرت |

بەبیروڕای من دەبێت دەستوورێ دابنرێت بۆ ئەم کارەو وابکرێت نووسەر لەسەر یەك رێ بڕواتو بە ئارەزووی خۆی ئەسپی خۆی لێ تاونەدا، بۆ ئەمە من بەپێی بۆ چوونی خۆم ئەم دەستوورە بۆ نووسینی راناوە لکاوەکان دادەنێمو ئەم دەستوورانە سەر بۆ دەستووری چاکترو باشتر دادەنەوێنن :

**دەستووری یەکەم :**

ئەگەر راناوە کەسیە لکاوەکان خرانەسەر فرمانێکی سادە لە شێوەی «ئەرێ»دا جێیەکەی لە هەر کوێیەکی فرمانەکەدا بوو پێوەی بلکێنرێت ، وەك :

— هاتم ، بهاتمایە
— کڕیم ، دەمانکڕی
— دەنووسین ، بیانووسم
— بیبڕێژە ، بمبە

**دەستووری دووەم :**

ئەگەر خرانەپاڵ فرمانێکی سادە لە شێوەی «نەرێ»دا راناوە کەسی یەکان دەچنە نێوان ئامرازی (نەفی ، نەهی)یەکەو فرمانەکە ... لەم بارەدا نابێت راناوەکان بلکێنرێن بە فرمانەکەوە ، وەك :

- نەم گرت ، نەمدەگرت ، نەم گرتایە .
- نای نووسم ، نەی نووسم .
- مەی رێژە ، مەیان دوێنە .

**دەستووری سێیەم :**

ئەگەر خرانە پاڵ فرمانی نادسادە لە شێوەی ئەرێ و نەرێدا :

ا ـ ئەگەر فرمانە نادسادەکە یەك پێشگری تێدابوو ، راناوەکە دەلکێنرێت بە پێشگرەکەوەو نابێت بلکێنرێت بە فرمانەکەو ئامرازە نەفی یەکە یان نەهی یەکە وەك :

| | |
|---|---|
| ـ رێکم خست | رێکم نەخست |
| ـ هەڵتان گرت | هەڵتان نەگرت |
| ـ لێی دەدەم | لێیان نادەم |
| ـ پێم بڵێ | پێم مەڵێ |

ب ـ ئەگەر فرمانە نادسادەکە دوو پێشگری تێدابوو ، راناوەکان لە شێوەی «ئەرێ و نەرێ»دا دەخرێنە پاڵ پێشگری یەکەم ـ ئەگەر لەراستەوە پێشگرەکان بژمێرین ، وەك :

| | |
|---|---|
| ـ تێم هەڵ کێشا | تێم هەڵ نەکێشا |
| ـ تێی هەڵ دەکێشم | تێی هەڵ ناکێشم |
| ـ تێی هەڵ بکێشە | تێی هەڵ مەکێشە |

ج ـ ئەگەر تەواوکەرێ یان پترو پێشگرێ یان پتری تێدابوو ، لـە شێوەی ئەرێو نەرێدا راناوەکە دەخرێتە پاڵ تەواوکەری یەکەم ، وەك :

| | |
|---|---|
| دەستم لێ دا | دەستم لێ نەدا |
| گۆشتی پێ دەخۆم | گۆشتی پێ ناخۆم |

## ه ـ گیروگرفتی زیادییەکان لەگەڵ ووشەدا

### ١ ـ گیروگرفتی صیغە :

لە نووسینی صیغەدا هیچ گیروگرفتی رێنووسی هەستپێ ناکرێـت ، ئەوەندە هەیە ئەگەر توانای خۆلکاندنی هەبوو بە فرمانەکەوە بابلکێنرێت ، وەك :

ـ بنووسیایە ، بگرتایە ، بیردایە (ب)

ـ بفرۆشم ، بخوێنم ، ببینـم (ب)

ـ بکرِ ، ببرِ ، بگر (ب)

ئەگەر توانای لکاندنی نەبوو ، ئەوا وەك خۆی دەنووسرێت ، وەك :

ـ دەچم (ئەچم) (دە)

ـ دەهات (ئەهات) (دە)

### ٢ ـ ئامرازی کـۆ :

لە شێوەی کرمانجی خوارودا ئامرازی (ان) بۆ کۆکردنەوە باوە ، ئـەم ئـامرازە :

ا ـ ئەو ووشەیەی کە کۆدەکرێتەوە کۆتایی بەپیتە نەبزوێـن هـاتبو راستەوخۆ ئامرازی (ان)ی پێوە دەلکێنرێت ، بەبێ گیروگرفت ، وەك :

گوڵ + ان = گوڵان

باخ + ان = باخان

منداڵ + ان = منداڵان

ب ـ بەڵام ئەگەر ووشەکە کۆتایی بەپیتە بزوێن هاتبوو ئەوا پیتە ناوبەندی (ی) دەخرێنە نێوان ووشەکەو ئامرازی (ان)ەوە ، بەبێ ئەوەی پێکیانەوە بلکێنین ، وەك :

چرا + ی + ان = چرایان

چەقو + ی + ان = چەقۆیان

هەرمێ + ی + ان = هەرمێیان

کانی + ی + ان = کانییان

خوێ + ی + ان = خوێیان

تێبینی :

١ ـ ووشە کۆتایی هاتووەکان بە پیتە بزوێنی (ێ ، ی ، وێ) ، هەروەك پیتەبزوێنەکانیتر ئامرازی کۆیەکەی پێوەنالکێنین بۆ ئەوەی گیروگرفتی رێنووسی روونەدات •

٢ ـ ووشە کۆتایی هاتووەکان بە پیتە بزوێنی ( ە ، وو ) بەر ئەو دەستوورە ناکەون •

# ٣ ـ ئامرازی پێناسین :

### ١ ـ ئامرازی (ێ ـ یك)ی نەناسراو :

ئەم ئامرازە ئەگەر خرایەسەر ئەو ووشانەی کۆتاییان بە پیتە نەبزوێن دێ هیچ گیروگرفتی رێنووسی رووناداتو راستەوخۆ دەلکێنرێت بە ووشەکەوە ، وەك :

بەرخ        بەرخێ ــ بەرخێك
چەم        چەمێ ــ چەمێك

بەڵام ئەگەر کران بە پاشکۆی ئەو ووشانـەی کە کۆتاییـان بـە پیتەبزوێن دێت ، پیتی (ی) ناوبەند دەخرێتە نێوان ئامرازەکەو ووشـەکەو بەیەکەوە نالکێنرێن‌و بەهەمان دەستوور دادرێژێت ، وەك :

کەوا        کەوا + ی + ێ = کەوایێ
            ێك = کەوایێك
مراوی        مراوی + ی + ێ = مراوییێ
            ێك = مراوییێك

لە نووسینی ئەم ووشانەدا کە کۆتایی بە پیتە بزوێن دێـت هەنـدێ گیروگرفت ڕوودەدات ، یەکەیەکە لێیان‌دەدوێین :

ا ــ هەندێ کەس لە دوا پیتە بزوێنەکانەوە لەبری (ێ ــ ێك) ئاوەڵناوی ژمارەیی (یەك)[1] بەکاردەهێنن‌و دەنووسن :

کەوایەك
چەقۆیەك
پەنجەرەیەك
مراوییەك
هەرمێیەك

ئەمە هەڵەیەو نابێت بکرێت چونـکە چۆن ناتوانـین لـەدوا پیتـە نەبزوێنەکانەوە بنووسین :

---

(١) من خۆشم لەو باوەڕەدا بووم بەڵام بە لێکۆڵینـەوەو چوونـە بنـاوانی شتەکەوە بۆم دەرکەوت کە بە هەڵەچووم ... لەبەر ئەوە لە دوایـدا ڕاستم کردونەتەوە .

بنکەی ژین

بەرخ‌یەك
چەم‌یەك
شەویەك
مەڕیەك •

وەهاش نابێت لەدوا ئەو ووشانەوە کە کۆتایی بە پیتە بزوێـن دێـت لەبری (ێ ــ ێك) ئاوەڵناوی (یەك) بەکاربهێنین •

ب ــ هەندێ لەو باوەڕەدان کە زۆر پێویستە ئـامرازی (ێ ــ ێك) بلکێنرێت بە دوای ئەو ووشانەوە کە کۆتایی‌یان بە پیتەبزوێن دێت‌و وەها بنووسرێت :

| | | |
|---|---|---|
| زەوی | زەوییێ | زەوییێك |
| ترێ | ترێیێ | ترێیێك |
| تەشوێ | تەشوێیێ | تەشوێیێك |

بەرای من ئەم پێوەلکاندنە دەبێتە مایەی سەرئێشەو سەر لە گەورەو بچووك دەشێوێنی‌و ، دەبێـت وەك هەمـوو بزوێنـەکانی‌تر بەمانیشـەوە نەلکێنرێت ، وەك :

| | |
|---|---|
| زەوی‌یێ | زەوی‌یێك |
| ترێ‌یێ | ترێ‌یێك |
| تەشوێ‌یێ | تەشوێ‌یێك |

## ٢ ــ ئامرازی (کە ، ەکە ، یەکە)ی ناسراو :

گیروگرفتی ئەمیش لەو ووشانەدایە کە کۆتایی‌یان بە پیتەبزوێنی (ێ ، ی ، وێ) دێ ، بلکێنرێن ، یان نەلکێنرێن ، بەپێی دەستـووری سـەرەوە بەرای من نەلکێنرێن‌و وەها بنووسرێن وەك تەواوی بزوێنەکانی‌تر :

| | | |
|---|---|---|
| هەرمێ | هەرمێکە (هەرمێیەکە) | |
| شوتی | شوتییەکە | |
| ئەسکوێ | ئەسکوێکە (ئەسکوێیەکە) | |

## ٤ ـ پاشکۆی ئامرازی پەیوەندی ( لە ، بە ) :

زیادی (دا ، ەوە ، را) • ئەم زیادییانە دەکرێن بە پاشکۆی ئامرازی پەیوەندی (لە ، بە)و لە نووسیندا هەندێ گیروگرفتی لکان و نەلکان ڕوودەدات :

ا ـ ئەگەر کران بە پاشکۆی ووشەکۆتایی هاتووەکان بە پیتە نەبزوێن ئەوا دەلکێنرێن بە ووشەکەوە ، وەك :

| | |
|---|---|
| لە باوکمەوە | ( لە ••• ەوە ) |
| بە ئاوەوە | ( بە ••• ەوە ) |
| لە کەرکوکڕا | ( لە ••• ڕا ) |
| لە ژێرڕا | ( لە ••• ڕا ) |
| بە گوڵەکانەوە | ( بە ••• ەوە ) |

ب ـ ئەگەر کران بە پاشکۆی ووشەکۆتایی هاتووەکان بە پیتەبزوێن، ئەوا پێیانەوە ئالکێنرێت و قاعیدەی نەلکان بەسەر هەموویاندا تەتبیق دەکەین، وەك :

| | |
|---|---|
| لە کانیدا | ( لە ••• دا ) |
| بە خوێوە | ( بە ••• وە ) |
| لە سلێمانیڕا | ( لە ••• ڕا ) |
| بە کابرادا | ( بە ••• دا ) |

تێبینی :

١ ــ ئەگەر ووشەکە بە پیتەبزوێنی (ی) کۆتایی‌هاتبوو ، زیادی‌یەکە (وە) بوو ، ئەوا دەبێت پیتە ناوبەندی (ی) بخرێتە تێوانیانەوەو نەلکێنرێ بە ووشەکەوە ، وەك :

| | |
|---|---|
| بە چایی‌یەوە | ( بە ...+ ی + ەوە ) |
| لە ئاوایی‌یەوە | ( لە ... + ی + ەوە ) |
| بە شێنەیی‌یەوە | ( بە ... + ی + ەوە ) |

٢ ــ ئەگەر کران بە پاشکۆی پێشگرێ دەبێت پێوەی بلکێنرێت‌و وەها بنووسرێن :

| | |
|---|---|
| تێ | تێدا |
| پێ | پێوە |
| لێ | لێرا |

٣ ــ ئەگەر ڕاناوێکی کەسی کەوتە تێوان پێشگرەکەو پاشکۆکە دەبێت هەموویان بەسەریەکەوە بنووسرێن ، وەك :

| | |
|---|---|
| پێمدا نارد | (پێ + م + دا ) |
| لێتەوە فێربووم | ( لێ + ت + ەوە ) |
| تێمانەوە گلاند | ( تێ + مان + ەوە ) |

٤ ــ ئەگەر دوو پێشگر لە فرمانێکدا هەبوو ، وە راناوی کەسی کەوتبووە تێوانیانەوە دەبێت واتێ نەگەین کە (دا ، وە ، ڕا) پاشکۆی‌پێشگری یەکەمە ( ئەگەر لە ڕاستەوە پێشگرەکانمان ژمارد ) ، بەڵکو پێشکۆی پێشگری دووەمە ، لەبەر ئەوە نابێت بەیەکەوە بلکێنرێن وەك شێوەی (ب) بەڵکو دەبێت بەجیا بنووسرێن ، وەك شێوەی (ا) :

| شێوەی ( ا ) | شێوەی ( ب ) |
| --- | --- |
| پێم ڕاگەیاند | پێمڕا گەیاند |
| لێم دادڕی | لێمدا دڕی |
| لێکم دابڕین | لێکمدا بڕین |
| تێم وەردا | تێموەر دا |

## ە ــ پاشگۆی (ە)ی ئیشاری :

ئەم پاشگۆیە لە نووسینو گۆکردندا ناوە ئیشارەتکراوەکە دەگرێتــە خۆی ، لەم کارەدا دیسان گیروگــرفتی لکانو نەلکان سەر هەڵدەدات :

ا ــ ئەگەر ووشەکە کۆتایی بە پیتە نەبزوێن هاتبوو بەبێ گیروگرفت دەلکێنرێن بە ووشەکەوە ، وەك :

| | |
| --- | --- |
| ئەم شوانە | ( ئەم ... ە ) |
| ئەم منداڵانە | ( ئەم ... ە ) |
| ئەو چەمە | ( ئەو ... ە ) |
| ئەو چەمانە | ( ئەو ... ە ) |

ب ــ ئەگەر ووشەکە کۆتایی بە پیتە بزوێنی ( ێ ، ی ، وێ ) هاتبوو پیتە ناوبەنــدی ( ی )دەخرێتە نێوانیانەوەو بــە یەکــەوە نالکێنرێن وەك بزوێنەکــانیتر :

| | |
| --- | --- |
| ئەم دێیە | ( ئەم ... یە ) |
| ئەم دێیانە | ( ئەم ... ی + ان + ە ) |
| ئەو کانییە | ( ئەو ... ی + ە ) |
| ئەو کانییانە | ( ئەو ... ی + ان + ە ) |
| ئەم کابرایە | ( ئەم ... ی + ە ) |
| ئەم کابرایانە | ( ئەم ... ی + ان + ە ) |

## ٦ ــ ئامرازی ( تر ــ ترین ) :

ئەم ئامرازانە کە بۆ پلەی بەراورد دەکرێن بە پاشکۆی ئاوەڵناوێ ، ئاوەڵناوەکە کۆتـایی بـە پیتـە بزوێن یـان نەبزوێن هاتبێت ئەو ئامرازەی پێوەدەلکێنرێت ، بۆ ئەوەی لە ئاوەڵناوی (تر)ی نادیار جیابکرێتەوە ، وەك :

| | | |
|---|---|---|
| جوان | جوانتر | جوانترین |
| گەش | گەشتر | گەشترین |
| سپی | سپیتر | سپیترین |

## ٧ ــ ئاوەڵناوی ( تر ، دی ، کە ، دیکە ) :

ئەم وشانە ئاوەڵناوی نادیارن ، بۆ ئەوەی لە ئامرازی (تر)ی پـلەی بەراورد جیابکرێتەوە دەبێت نەلکێنرێت بەو وشەیەوە کە وەسفی دەکات ــ وشەکە کۆتایی بە (پیتەبزوێن ، یان نەبزوێن) هاتبێتیـش بـەڵام دەبێـت لەنزیکیەوە بنووسرێتو لێیدابڕنەکرێت ، وەك :

پیاوێکیتر
پیاوێکیکە
پیاوێکیدی
پیاوێکیدیکە

---

**سەرچـاوەکان :**


١ ــ دەستووری زمانی کوردی ــ توفیق وەهبی
٢ ــ قواعد اللغة الکردیة ــ توفیق وەهبی
٣ ــ رابەرێ بۆ ئیملای کوردی ــ نوری علی امین
٤ ــ رێنووسی کوردی ــ کۆڕی زانیاری
٥ ــ رێزمانی ئاخاوتنی کوردی ــ کۆڕی زانیاری
٦ ــ رێنووسی کوردی ــ طاهر صادق

# پێشەکی چۆن بنووسین ؟

## لە دەنگەوە بۆ وشە ، تا ڕستە

**د. نەسرین فەخری**

کۆلیژی پەروەردە . زانستگای بەغدا

ڕێنووس‌و چۆنێتی نووسین بەشێوەیێکی ڕاست‌و تەواو داهاتن‌و فێربوون نییە بەوشێوەیەی پێی دەنووسین ، بەڵکو بەڵگەی شارەزایی‌و زانینی ڕێزمان‌و دەستووری زمانە ، کە ڕێگەی ڕاست نووسینمان بۆ خۆش دەکات‌و ئەو هەڵەو ناتەواویانەمان دەخاتە ڕوو کە تووشمان دێن . کەواتە پێوەندیێکی بەهێز هەیە لەنێوانی زانینی ڕێزمان‌و ڕاست نووسیندا ...

جا ئەگەر بڕوامان بەم ڕاستییە هەبێت بێ‌گومان هەنگاوێکی هۆشیارانە دەنێین بۆ یەکگرتن ، تا ڕێبازێکی پۆخت‌و ئاشکرامان دەبێت بۆ نووسین بەشێوەیێکی ڕاست‌و ڕزگاریمان لە نووسینی هەمە چەشنەو جیاوازی ئەوتۆ دەبێت کە بەئاشکرا دواکەوتن‌و یەک‌نەگرتنمان دەخاتە ڕوو ، لەپاڵ دان‌نەنان بە دەستوورو زانستدا ، بۆیە هیوادارین لەم ڕاستییە بگەین‌و بیکەین بە چرای ڕێگە ڕوون‌کردنەوەمان لەم کۆبوونەوەیەداو بە کۆتایی بوونی ، کۆتایی بە گیروگرفتی ڕێنووسی کوردی بهێنین ، بە دان‌نان بە یەکێتی زمان‌و یەکێتی نووسین کە دەبوو زۆر لەمە پێشتر بهاتایەتەدی ...

هیچ میللەتێك بە ڕۆژو دوو ڕۆژ ئەم ڕێگەیەی نەبڕیوە بەڵكو بە هەوڵو تەقەلاو تاقیكردنەوەیێكی زانستییانە گەیشتوونەتە ئەمڕۆ ، تاقیكردنەوەی ئەوانو ئەم سەدەیەی تێیدا دەژین لەپاڵ تاقیكردنەوەیێكی دوورو درێژی خۆمان ڕێگەی ئێمە ئاسانترو كورتتر دەكاتەوە •

ئاشكرایە كە نووسینی ئەمڕۆمان یەكسەر بەمجۆرە دەستی پێ نەكردووە ، بەڵكو لە سەرەتای دەستكردن بە نووسین بە «ئەلفوبێ»ی عەرەبی تا ئەمڕۆ لەسەر دەستی شارەزایانو دڵسوزان قۆناغێكی باشی بڕیوە ، تا لەشێوەی ئەمڕۆیدا چەسپی ، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا لەسەر عەرزێكی لەرزۆك دەخولێتەوەو جیاوازیو گومانو هەڵە هەر جێی خۆی خۆش كردووە لە نووسینماندا ، سەرەڕای نووسینی هەمەچەشنە ، بە بێ هیچ هۆیێك تەنیا ڕاهاتن نەبێت لەسەر هەڵەو بڕوانەكردن بە زانستو ڕێزمان •

ئێمە نامانەوێت لەسەر ئەم پێشەكییە زیاتر بڕۆین، بۆیە ڕوونكردنەوەی ئەم ڕاستییە زیاتر ، بۆ باسەكە خۆی بەجێدەهێڵین ، بە هیوای ئەوەی دەست بخاتە سەر ئەو ڕاستییانە بەو ئۆمیدەی بمانگەیێنێت بە ئەنجامێك •

هەنگاوی یەكەم كە نووسین بە (ئەلفوبێ)ی عەرەبی دەستی پێ كرد بە بێ هیچ دەستكارییێك ، بەڵام پاشان هەست بەوە كرا ، كە ئەو پیتانە دەنگە كوردییەكان ـ وەك دوو زمانی جیاواز ـ پڕناكەنەوە ، بۆیە هەنگاوێكی تازە دەستی پێ كرد ، بۆ دانانی وێنە بۆ ئەو دەنگانە ، كە ئەم كارە بەوجۆرە ئاسان نەبوو ، بەڵكو پشت بە كۆششێكی بەردەوامو پچڕپچڕ، لەگەڵ لێكدانەوەو تاقیكردنەوە هاتەدی بۆیە هەن تا ئەمڕۆش لەسەر ئەو دەقو ڕاهاتنە ماونەتەوە ، بێهەوڵدان بۆ خۆ ڕزگاركردنو بیركردنەوە لە ئەنجامی ئەم كارە •

ئێمه لێرەدا : یەکەم : باسی نووسینی دەنگەکان دەکەین ، ئینجا دێینە سەر وشەو رستە •

دووەم : نیشانەکردنی هەندێك لەو بنکە زانستییانەی کە پێویستن بۆ پەیرەوی کردن لە نووسیندا ، پاش روونکردنەوەیان بە بەڵگەوە •

سێیەم : لیستەیێك بۆ ئەو وشەو رستانەی بەجۆرێك زیاتر دەنووسرێن بۆ ئاگاداری‌و ساغکردنەوەی نووسینیان ، لەژێر تیشکی ئـەو بنـکانە وە بەوپێیە لەسەر ئەوانی‌تر دەرۆین •

**یەکەم : ۱ـ نووسینی ئەو دەنگانەی بەجۆرێك زیاتر دەنووسرێن :**

۱ ـ ر : (ر)ی سووك ، بە هیچ جۆرێـك لە سەرەتـای وشـەو بـڕگەدا دەرناکەوێت ، بەپێچەوانەی (ڕ)ی گڕ (قەڵەو) ، بەڵکو لە ناوەڕاست‌و کۆتاییدا دەردەکەوێت •

بۆیە دانانی نیشانە لە سەری یان لە ژێری هەڵـەیە چونـکە ئـەوە دەگەیێنێت ، کە بە نەرمیش دەکەوێتە سەرەتای وشـە ، کە ئەمـە نییـە ، بۆنموونە دەتوانن گشت ئەو وشانە تاقی‌بکەنەوە کە دەکەونە سەرەتا لەوانە : رەنگ ، رابەر ، رەنج ، راو ، رۆخ ، راز ••• هتد •••

لە ناوەراستدا هەر دووك دێن‌و کار دەکەنە سەر واتاو ناوەڕۆکی وشە، بۆیە پێویستە ئاگادارین لە نووسینیاندا •• بۆنموونە :

برین ــ زام ــ ناوە ــ بڕین ــ کەرت‌کردن چاوکە
وەرین ــ ناوی دەنگ ــ وەڕین ــ کەوتن ــ چاوك
پەڕی ــ فعل ــ کار ــ پەری ــ ناوە •

لەکۆتاییدا : کەڕ ــ کەر ــ گەڕ ــ گەر (ئەگەر) ، بەر (بەڕە) بەر • (پێش) •

بنکه : ــ (ڕ)ێی یەکەم ئەگەر گڕ بوو ئەوەی دوای بێ‌گومان گــڕ دەبێت ، لەبەرئەوە پێویست ناکات ئەم نیشانەیە بۆ دووەم دابنێین ••• وەك : کڕرا ، بڕرا ، •••

لە سەرەتادا ئەم (ڕ)ێی گڕە بە دوو (ر)ێ دەنووسرا کە هەن ئێستاش وا دەی‌نووسن ، وەك : کررین ، ررەنگ ، کە هەڵەیە •••

بنکە : لە کوردیدا وشە نیە دوو (ڕ)ێی لەسەر یەك تێدا بێت ئەگــەر بەرچاو کەوتن دیارە رستەیەو (لە حاڵەتی کاری بکەر نادیار)ە (الفعل المبني للمجهول) لەو کارانەدا کە رەگی چاوگەکە بە (ڕ)ێ کۆتایی دێت‌و نیشانەی بکەر نەناسراو بە (ر)ێ دەست پێ دەکات ، بۆیە دووبــەدوو دێــن وەك : کڕین ــ کڕ + را ، یان + رێ = دەبێت بە : کڕرا ، دەکڕرێ ••• کە تەنیــا لەگەڵ کاری تێپەڕدا دەبێت •••

هەن نیشانەکە لە سەر و هەندێك لە ژێر (ر)ێ کە دادەنــێن دەبێــت ئەمەش ساغ‌بکرێتەوە •

٢ ــ (ل) لامی نەرم هەمیشە لە سەرەتــای وشــەدا دەردەکەوێــت بەپێچەوانەی (ڕ)ێ کە هەمیشە لە سەرەتادا گڕە ••• وەك : لاولاو ، لانە ، لێل ، لەنجە ، لاواز••• هتد ••• بەم‌جــۆرەش دەکەوێتــە ناوەراســت‌و کۆتایی •••وەك : بەلەم ، تەلار ، لوول ، لوولە ، تەل ، پەل ، پەلە ، کەواتە دەکەوێتە سەرەتاو ناوەراست‌و کۆتایی •••

ڵ : لامی گڕ ، ئەم دەنگە بە هیچ جۆرێك ناکەوێتە سەرەتای وشە ، چونکە لە سەرەتادا هەمیشە نەرمە ••• ، بەڵام دەکەوێتە ناوەراست وەك : بەڵەك ، هەڵە ، پەڵە ، هەروەها دەکەوێتە کۆتایی وشە وەك : لێڵ ، خــاڵ ، چاڵ ، کاڵ هتد •••

تێبینی : هەردووکیان لە هەمان وشەدا پێکەوە دێن وەك : لاڵ ، لێڵ •

تێبینی : کار دەکەنە سەر واتای وشە بۆیە پێویستە ئاگاداربین لە نووسینیاندا وەك : پەلە ــ پەڵە ، هەل ــ هەڵ ، گل ــ گڵ ، گول ــ گوڵ، چل ــ چڵ ، کول ــ کوڵ ، کەل ــ کەڵ ، هتد •••

تێبینی : ئەم دەنگە بەپێچەوانەی دەنگی (ر)ێ لە هەندێك وشەدا دووبەدوو دێت وەك : کوللە ، گوللە ، کەللە ، زللە ، بەرەڵلا ، (میللەت) ، هەڵلا هتد •••

تێبینی : گرێ یەکەم کاردەکاتە سەر دووەم و بەپێچەوانە بۆیە پێویستە دووەم نیشانەی نەخەینە سەر •

وو : ئەمە هەمیشە بزوێنەو بزوێنێکی درێژە وەك دەزانین لە شێوەی دوو (و)دا دەنووسرێت ، لەلایەن کۆڕەوە ، وێنەی گۆڕرا بۆ یەك (و)و خەتێکی لەسەرە وەك (فتحە)ی عەرەبی کە بۆ دیفتۆنگی (وێ) دانرا ، کە بەزیادی دەزانین چونکە ئێمە پێویستیمان بە چارەسەرکردنی وێنەی ئەو دەنگانەیە کە هۆی گیروگرفتن ، نەك گۆڕینی ئەو دەنگانەی جێی خۆیان چەسپاندووەو بڕاونەتەوە ، بەڵام ئەگەر مەسەلە نووسینی ئەم دەنگە بێت بە دوو (و)و شتێکی نە هەڵەو نە سەیر نیە ، بۆ نموونە سەرنجدانی زمانی ئنگلیزی بۆ ئەم مەبەستە پێویستە •••

ی : ئەمەش کپو بزوێنە ، لە لاتینیدا بۆ کپ (y) و بۆ بزوێن (I) ی ئنگلیزی بەکاردێت ، هەن بە دوو (ی)ێ دەی‌نووسن لەسەر شێوەی کۆن لەکاتێکدا کە یەك (ی) هەیەو هەن بە بێ نوختە دەینووسن وەك : شیر ــ شر ــ هتد •••

a (e) : ــ ئەم دەنگە کورتکراوەی (ئەلف)ەو بەرانبەر (فتحە)ی

عەرەبییە ، لەبەرئەوەی لە (ھ)ی عەرەبی دەچێت لە کۆتایی وشەدا ، ھەندێك وا تێی گەیشتوون • بڕوانە پێشەکی فەرھەنـگی خـاڵ ، بـەرگی یـەکەم و (ەوە) کە نووسراوە ( ھ ــ و ــ ھ ) •••

( i ) :ــ ئەم دەنگە کورتە کە بزوێنـەو پێی‌دەڵـێن (کسرە مقبوضە )و وینەی لە (ئەلف‌وبێ)ی عەرەبیدا بۆ دانەنراوەو لە لاتینیدا لـە وێنـەی ( I ) ی ئنگلیزیدا دەنووسرێت ، پێشتر ھەوڵدرا بۆ وێنـە کێشانی ، یەکەم لە (توفیق وھبی)یەوە کە (ي)ی نوختـەداری بۆ دانـاو (ێ)ی بێ‌نوختە بو (ي) وەك : کردن ــ کیردین •• پاشان وازی لێ ھێنرا ، ھەن تائێستا (ی)ی بێ‌نوختە دەنووسن وەك (بیر بر) ھتد •••

دووەم : قەنات کوردوێف (یّ)ی (شدّە)داری بـۆ دانا ئەمیـش نەچووە سەر •••

نەبوونی نیشانە بووەتە ھۆی ئەوەی ھەندێك واتێ‌بگەن کە بەپێچەوانەی زمانانی‌ترو زانستیی زمان دەگونجێت بڕگە یان وشە بە بێ بزوێن بێت وەك : کردن ، بردن ھتد ••• بڕوانە نووسینیان بە لاتینی Kirdin ، بردن •

دیفتۆنگی (وێ) : پێویستە لەعاستی ئەم دەنگە لێکدراوە بوەستین کە لە ژمارەیێکی باش لە وشەکاندا بەکاردێت ، وەك : خوێن ، گـوێ ، گوێز ، توێ ، خوێندن ھتد ••• نەختێك لەسەرخۆ ئەگەر ئـەو وشـانە بخوێنینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ھەرچەندە بەم‌جۆرە دەنووسرێت (وێ) بەڵام وا ناخوێنرێتەوە ، چونکە (و)و (ی)ی دوابەدوای یەك ھاتوون لـە نووسیندا ، بەڵام لە نموونەکانی سەرەوەدا ھیچیان پێش ئەوی‌تر نایێـت بەڵکو پێکەوەو بە تێکەڵاوی‌و وەك یەك بزوێن لە دەم دێنە دەرەوە ، واتـا نووسینی لەگەڵ دەربڕینی ناگونجێت ، ئەم جۆرە دەنگە بزوێنانە کە لـە دوو بزوێن یان دوو دەنگ زیاتر پێك‌دێن ، پێیان دەگوترێت (دیفتۆنگ) یان

(ترێتۆنگ) ، یەکەم بە واتــای دەنگێـــکی دوو لایی ، دووەم دەنگێـــکی (سێ‌لایی) • ، کەواتە (وێ) بزوێن‌و دیفتۆنگە ، لە سەرەتاوە نەبووە دیــارە پاشان دروست‌بووە ئەویش ئەنجامی پەرەسەندنی دەنگ‌و پێشکەوتنی زمان‌و بەهۆی دراوسێتی ئەم دەنگانە ، کە بەریکەوت دەکەونە پاڵ یەك‌و لە یــەك شوێنەوە دەردەبڕێن ، یان شوێنی دەربڕینیان لە یەکەوە نزیکە ، پێکەوە لە دەم دێنە دەرەوەو ئەم دەنگە چەند لایی‌یە (لاییە) دروست دەکەن •

بەکارهێنانی هەمان دەنگ لە ناوچەیێکەوە تا ناوچەیێك دەگۆڕرێت بۆ نموونە : خوێندن : قورسی دەنگەکە وای لێ دەکات کە یەك لا بکرێتەوە ، یان دەی‌کەن بە (وو) یان (ی)و دەبێت خیندن ، خووندن ، لە فارسیشدا • خواندن ــ وا ــ (دیفتۆنگە) هەروەها : خوێن ــ خوون ، خین ، جوێن ــ جوون هتد •••

هەوڵدرا کە ئەم بزوێنە دوولاییە (دیفتۆنگ)ە وێنەیێکی سەربەخۆی بۆ دروست بکرێت‌و بخرێتە ریزی دەنگەکان‌و پاڵ بزوێنەکان لەوانە (توفیــق وهبی) کە وێنەی (ۊ) (و)و (فتحە)ی بۆ دانا ، ئەمرۆ خەلکەکە ئەو وشانە بە دوو جۆر دەنووسن : یەکەم بە (دیفتۆنگی ــ وێ)و دووەم بە پیتە بزوێنی (ۊ)•• ، کە ئەمەش یەکێکــە لە کۆسپەکانی یەك‌خستنی ( یەکخســتنی ) نووسین‌و پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە •••

ئەگەر وێنەی (ۊ) بخرێتە جێی (وێ) ، دەبێت بیر لەوەش بکەینەوە کە لە شێوەی ژووروو و هەورامی و لوردا دیفتۆنگ هەیە تێکەڵە لە (و)و (ی)ی کە هەردووك تیژن ، لەو وشانەدا بەکاردێــن کە لــە نــاوچەی سلێمــانی‌و بەگشتی لە شێوەی خواروودا دەبێــت بــە (وو) وەك : قــوول ، دوور ، مووسڵ ، بەڵکو لە شێوەی (لور)دا لە جێگەی (ۆ) ئەو دیفتۆنگە بەکاردێت بەگشتی ❊ •

❊ لەشێوەی سلێمانیدا هەیە سەرنجی وشەی هەنگوین‌و پێنجوێن بدەن ••

هەروەها ئەمە (وێ) سلێمانی نیە بەتەنیا ، چونکە لەشێوەی تریشـــدا بەکاردێت وەك : شێوەی هەورامیو شێوەی لوڕ ، لەپاڵ دیفتۆنگەکەی تر••

ئەم دەنگە چەند لایبیانە دیارو ئاشکران لە بنەماڵەی زمانە هینـــدو ــ ئەوروپیەکاندا وەك : فەرەنسیو ئەڵمانی ، هەروەها هەردوو دیفتۆنگەکەی لە زمانی تورکیشدا هەیە ، لەوێ چونکە تێکرا ئەو وشانە وەك یەك دەڵێنو دەنووسن ئەمانە بکەن بە تورکی بۆتان روون دەبێتەوە وەك : خۆم ، روو گوڵ ، مێوژ هتد •••

دەنگی (ص) : هەموو دەزانین کە ئەم دەنگە دەنگێکی عەرەبییە نە لە کوردیدا هەیە نە لە زمانەکانیتری بنەماڵەی هیندو ئەوروپی ، کەچی هەندێك ئەم دەنگە دەخەنە پاڵ دەنگە کوردییەکانو لە وێنەی (ص)ی عەرەبیـــدا دەینووسن (دەینووسن) کە هەڵەیە بەهۆی بوونی چەند وشەیێکەوە کـــە دەنگی (س)ی تێدا وەك (ص) دێتە بەرگوێ لەبەر کاری ئەو دەنگە گرانەی کە لەگەڵیدا دێن لە هەمان وشەداو بەتایبەتی لە سەرەتای وشەدا ، هەروەك هەن بڕگەو پاشگری (نگ) بە دەنگێك دادەنێن لەپاڵ دەنگەکانیتردا •

ئەمە جگە لە دەنگی ( ب ، پ ، ت ، ك ، گ) کە لە شێوەی ژووروودا بە دوو دەنگیان دەزانین ••

**٢ ــ نووسینی وشـــە :**

بۆئەوەی درێژی بەم بەشە نەدەین تەنیا لێرەدا لیستەیێك بە نووسینی هەمەچەشنەی دەخەینە پێش‌چاو بۆ چارەسەرکردنیو بڕینەوەی :

| | | |
|---|---|---|
| چیِیە | چییە | چیە |
| نیِیە | نییە | نیـــە |
| جودا | جییا | جیا |

| | | |
|---|---|---|
| گوێ | گو | |
| دۆر | دوور | دۆۆر |
| پێ‌دا | پێدا | پیا ــ پیا |
| خوێندن | خوندن | خیندن |
| خوێن | خوون | خێن (خێن) |
| هەلکردن | هەڵکردن | هەڵکرن |
| بردن | برن | |
| هەڵستان | هەڵسان | هەستان |
| پێش کەوتن | پێشکەوتن | |
| بەرانبەر | بەرامبەر | |
| بەلام | بەرام | |
| تێ نەپەڕ | تێنەپەر | |
| تێ بینی | تێبینی | |
| پێ ناسین | پێناسین | |
| پێ داهێنان | پێداهێنان | |
| وەلام | وەرام | |
| گوڵ‌بەهار | گولبەر | |
| دڵشاد | دلشاد | |
| بوون | بون | |
| رەنگ | ڕەنگ | ررەنگ |
| بێ گومان | بێگومان | |
| ئەم‌ساڵ | ئەمساڵ | |
| گوتن | ووتن | گۆتن ــ وتــن |
| بڕین | بڕین | |

| | | |
|---|---|---|
| کرێ | کرد | |
| بیر | بر | ببیر |
| نان کەر | نانکەر | |
| برژاندن | برژانن | |
| بنیادەم | بنیایەم | |
| یەڵسەر | یەکسەر | |
| یەڵجار | یەکجار | یەجگار ـ ئێجگار |
| یەڵرۆژ | رۆژێك | رۆژێ |
| چ | چی | |
| پایز | پاییز | |
| رۆیشتن | رۆییشتن | |
| وشك | ووشك | هیشك |
| یەکخستن | یەڵخستن | |
| رێباز | رێباز | |
| تاقی کردنەوە | تاقیکردنەوە | |
| روون کردنەوە | روونکردنەوە | |
| هەندێ | هەنێ | هەندێك |
| هاتوچۆ | هاتوچۆ | |
| ورد | وورد | هورد |
| پێ‌لێنان | پێلێنان | |
| دەست کەوتن | دەس کەوتن | دەسکەوتن |
| دەزگا | دەستگا | دەست گا |
| پەند | پەنگ | |
| چاوك | چاوگ | چاووك |

بنکەی ژین

| | | |
|---|---|---|
| وشه ، ورد | ووشه ، وورد | هورد ، خورد |
| خودا | خووا | خوا |
| منوتۆ | من و تۆ | من‌وتۆ |

**له رسته‌دا**

| | | |
|---|---|---|
| پێداچووه‌ته‌وه | پێیاچۆته‌وه | پیاچوه‌ته‌وه |
| ده‌ریاییێك | ده‌ریایێ | ده‌ریایه‌ك |
| منداڵێك | منداڵه‌ك | مناڵی |
| پێ‌ی | پێی | |
| ده‌مانزانی | ده‌مازانی | |
| له کوردیدا | له کوردییا | له کوردی‌یا |
| ده‌بێت | ده‌بێ | ئه‌بێ |
| ده‌مزانی | ئه‌مزانی | |
| بۆشایی‌یێك | بۆشاییێك | بۆشایی‌یێ |
| ده‌هێم | دێم | یێم |
| خزانـد | خزان | |
| ده‌شگوترێت | ده‌ش گوترێ | |
| هه‌ڵبگره | هه‌ڵبگره | هه‌ڵ‌گره ــ هه‌ڵگره |
| به‌شێوه‌یێ‌کی | به‌شێوه‌یه‌کی | به‌شێوه‌یێکی |
| راستی‌یه | راستییه | |
| بمانگه‌یێنێ | بمانگه‌یه‌نێ | بمانگه‌یێنێت |
| له‌ناوه‌راستا | له‌ناوه‌راست‌دا | له‌ناوه‌راستدا |
| (چه‌ند) لایی‌یه | لاییه | لاییه |
| تیایـا | تێیدا | تێی‌دا |
| دامێ | یامێ | |

بنکەی ژین

دەکرڕێت		ئەکرڕێ		ئەکرررریێ ، دەکرڕێ
هتد •••

**تێبینی :**

١ ــ دەبێت ئەوەمان لەبیرنەچێت کە زمانی نووسین و خوێندن ئەو زمانە نیە کە هەر یەکە یان هەر ناوچەیە قسەی پێ دەکات بەڵکو ئەو زمانەیە کە هەموومان یەکدەخات و مێژووی زمانەکە لە هەر بنکەیێک و هەر پەرەسەندنێکدا دەپارێزێت لە بچووکترین بەشەوە تا بە گەورەو فراوان •••

٢ ــ بەراوردیی زمانەکەمان بکەین لەگەڵ تاقیکردنەوەی زمانانی تردا، لە چۆنێتی نووسیندا تا بە پاراستنی ئەو دەنگانەی کە دەنووسرێن بەلام لە گفتوگۆکردندا دەرناکەون •• بۆنموونە سەرنجی زمانی ئینگلیزی بدەن •••

هەندێك تێبینیتر :

١ ــ پیتی پێوەندی (و) نزیك وشەی یەکەم نەك دووەم دەنووسرێت بەپێچەوانەی زمانی عەرەبیو ئنگلیزی کە لە دەربڕیندا دەکەوێتە نێوانی هەردوولا ، لەکاتێکدا لە کوردیدا لەگەڵ یەکەم لە دەم دێتەدەرەوە وەك : منو تو •

٢ ــ لەو جووتە وشانەدا کە چوونەتە قاڵبێکەوەو بەتەنیا بەکارنایێن پیتی (و) دەلکێت بە کۆتایی وشەی یەکەمەوە نەك بەتەنیا دەنووسرێت •

٣ ــ ئەو وشانەی زاراوەن یان یەك مەبەست دروستدەکەن پێکەوە دەنووسرێن نەك بەتەنیا ، هەروەها ناو : تێبینی ، دڵدار ، دەموچاو•••

٤ ــ پێشگرو پاشگر دەلکێن بە پێش و پاشی وشەوە نەك بەتەنیا دەنووسرێن •••

٥ ــ ئامرازی کاتی ئێستا (دە)یە نەك (ئە) یان (ئێ) •

٦ ــ راناوی لکاو دەلکێت بە کۆتایی وشەوە نەك بەپێشیەوە •

٧ ــ ئامرازی ( بـ ــ bi ) کە پێش فرمانی ئەمر دێت فەرامۆش نەکرێت وەك : هەڵبگرە نەك هەڵگرە •

٨ ــ (ت)ێی راناو وەك :

دەبیت (تو ، لێت ، تان ، دەچێتە ، دەچێتەوە ، دەتناسم ، ناوت ، دەچێت (دەچێتە ، دەچێتەوە ) •••

٩ ــ گەڕاندنەوەی (د) لەو شوێنانەدا کە هەندێك لە قسەکردندا قووتی دەدەن‌و لە نووسیندا لای‌دەبەن ، وەك : بڕبەند ــ بڕبەن ، منداڵ ــ مناڵ ، گۆبەند ــ گۆبەن ، کردن ــ کرن ، برژاندن ــ برژانن ، لە شارەکەماندا ــ لە شارەکەمانا ، خوێندمان ــ خوێنمان ، دەروات ــ ئەروا ، دامی ــ یامی ، دەهێت ــ دێت ــ یێ• خودا ــ خووا •

١٠ــ دانانی خەتێکی بچووك (شارحە ــ) بۆ ئەو وشە لێکدراوانەی کە بەشی یەکەمیان دەکەوێتە کۆتایی دێڕو ئەوی‌تریان سەرەتای دێڕ وەك (هۆشیار ــ بوونەوە) •

١١ــ ساغ‌کردنەوەی چۆنیتی نووسینی وشەی عەرەبی بەتایبەتی ناوی سادەو ئەو ناوانەی لێکدراون ، لەگەڵ ئەو وشانەی بە هەڵە وەرگیراون ــ تلف ، جوعمەو بلد ، مەخوو ، فەتەق ، نەك (عەزیت‌و مەینەت هتد •••) •

١٢ــ ئەو دەنگانەی ئەنجامی کاری دەنگەکانی دەوروپشتیان گۆڕینیان بەسەردا دێت‌یان لادەبرێن بۆ سووکی وەك : دەستگا ــ دەزگا ، پارشێو ، نیوەڕۆ ، دەسماڵ ، دەسەسڕ ••• کە دەبێت بکرێن بە دوو

بەشەوە ئەوانەی چوونەتە قالبێکەوەو چەسپیون، لەگەڵ ئەوانەی بەپێی دەربڕین دەنووسرێن •

پێش کۆتایی هێنان بە باسەکەم داوای لێبووردنتان لێدەکەم چونکە دەزانم کەموکووری‌و ناتەواویی تێدایە بەهۆی ئەو نەخۆشییەی چەند مانگێك دامی بەعەرزاو گیرۆدەی ئازارێکی لە وچان بەدەری کردم لەگەڵ ئەوەشدا هەر ویستم هەر چۆنێك بێت بەشداریتان لەگەڵدا بکەم ، چونکە یەکێك لە هیواکانم ئەم کۆبوونەوەیە بوو ، جا بۆیە دووبارە دەمەوێت ئەو هیوایە بجوولێنم کە لە دەروونی هەر یەکەتاندا وەك من بەئازاری نەهاتنەدی دەتلێنەوە ، بەئومێدی تواندنەوەی کۆسپی ئەو ڕێگە گیراوە بە تینی باوەڕی ئاگرین‌و بڕوایێکی دلسۆزانە ، لەژێر تیشکی زانستی‌و ئەو بەڵگە پرشنگدارانەی زیاتر کۆڵەکەی ئەو بڕیارانە دادەکوتێت •

ئەگەر لە خۆمان بپرسین چی ئێمە لێرەدا کۆکردۆتەوە ؟ دەزانین کە ئێمە جێگەی هێنانەدیی ئەو ئومێدەین‌و هەموو بەپەرۆشەوە چاوەڕوانن با نائومێدیان نەکەین •

ئێمە گشتمان یەکین لە هیواو توانادا ، با جیاوازیین لەو بیرو رایانەدا کە بەردی بناغەی گەیشتنمانە بە راستی ، ئەوەش لەیادنەکەین کە ئەو ئەنجامانەی لێرەدا پێیان دەگەین بیرو ڕاو کۆششی هەموانەو بەرهەمی ئەم کۆبوونەوەیەیە با رای یەکێکمان یان بەڵگەی ئەوی‌تر بەهێزترو جێگرتر بێت •••

# ئیملای کوردی و چەند تێبینی یەك

**وریـا عومەر ئەمـین**
بەشی کوردی ـ کولێجی پەروەردە
زانستگای بەغـا

دەخوێنرێتەوە و گەلێ جار دەبیسترێ کە لـە زمانی کوردی دەنـگی (ص) و (ط) هـەن وەك ئـەوەی لە ووشـەی (سـال) و (سـەگ) و (سەد) و (تال)دا دەردەکەون ، بۆیە دەبێ تیپی (ص) و (ط) بخرێنـە نـاو سیستەمی ئەلف و بێی کوردی •

هەندێکیش لەسەر ئەو ڕایەن کە (ق) و (ع) و (ح) لـە نژادا کوردی نین و لە ئەنجامی کارتێ‌کردنی زمانی عەرەبی ـ کە زمانێـکی سـامی‌یە ـ کەوتۆونەتە ناو زمانی کوردی بۆیە دەبێ ئەو تیپانەی ئەم دەنگانە دەنوێنن لابیرێن لە ئەلف و بێی زمانی کوردی •

هی واش هەیە لەسەر ئەم ڕایەیە کە چونکە هەمـوو (ڕ) یـەك لـە سەرەتای ووشەی کوردی (قەڵەوە) بۆیە پێویست بەوە ناکات نیشانـەی قەڵەوی بۆ دابنرێت و گەلێ ڕای‌تری بەمـانە چـوو لـەملاو ئـەولا دەبیسترێن و بەرچاو دەکەون •

بە تێگەیشتنی نەزەری‌یـەی فۆنیـم و جیاکردنـەوەی فۆنێتیـك و

فۆنۆلۆجی وەك دوو لێقلی جیای زمان و دەرككردنی چەمكی گۆڕین لـە زمانا ئەم لایەنانە ڕوونەدەكرێنەوە و ئەم پرسیارانە وەڵام دەدرێتەوە •

ئەلف و بێی هەر زمانێ لەسەر بیناغەی فۆنیمەكانی دادەمەزرێـت • ژمارەی ئەلف و بێی هەر زمانێكیشن ژمارەی فۆنیمەكانی‌بەتی لەو ساتـە تایبەتی‌بەی ئەلف و بێ‌یەكە دامەزراوە • واتا بۆ دەس نیشان‌كردنی ئەلف و بێی هەر زمانێ ئەبێ فۆنیمەكانی ئەم زمانە دەس‌نیشان بكرێن •

هەر قوتابخانەیەكی فۆنۆلوجی ڕای تایبەتی‌ی خۆی هەیە دەربـارەی چەمكی فۆنیم • باس‌كردنی ئەو هەمـوو ڕایـە جیاوازانـە و دەرخستنی كێشەی نێوان ئەم قوتابخانانە كەڵكی ئێمەی تێ‌یە لـەم باسـەدا • لـەم قۆناغەدا باشترین و پراكتیكیترین پەیرەو بۆ دەس‌نیشان‌كردنی فۆنیمـەكانی هەر زمانێ ئەوەیە كە فۆنیم بە نیشانەیەكی جیـاكەرەوە دادەنێـت لەنـاو چوارچێوەی زمانێكی تایبەتی‌دا •

زانینی دەنگەكانی زمان و لەیەكدانیان بۆ دروست‌كردنی بڕگە بەشێكی زانیاریی قسەكەرە دەربارەی زمانی خۆی • گرنگترین لایەن لە زانیـنی زمانێ زانینی ئەو سیستەمە تایبەتی‌یەیە كە دەنگ و مانا لەیەك ئەبەستێ • گەر زمانێكی بێگانە ببیستی هیچی لێ تێ‌ناگەیت و نـازانیت ووشـەكانی لەكوێوە دەست‌پێ‌دەكەن و لەكوێ تەواودەبن • چونكە ئـەو سیستـەمە تایبەتی‌یە نازانیت كە دەنگەكانی ئەم زمانە لە ماناكانی‌یەوە دەبەستێ • واتـا لە هەر زمانێكا ڕیزە دەنگێكی تایبەتی مانایەكی تایبەتی دەبەخشێت ، گۆڕینی بەسەر ئەم ڕیزە دەنگە بێ ماناش دەگۆڕێ (یا نامینێ) بۆ نموونە دوو ڕیزە دەنگی (بەهار) و (گوڵ) لە زمانی كوردیدا مانایان جیایە چونكە دەنگەكانیان

وەك یەك نین (١) ئەم دوو ووشەیە دەنگەكانیان بە تەواوی جیان • جووتە ووشەی وا هەیە هەندێ لە دەنگەكانیان یەكن و هەندێ جیان وەك لە (هاوین) و (هەویر)دا • (هـ) ، (و) و (ی) یەكن و ئەوانیتر جیان • جووتە ووشەی واش هەیە تەنها لە تاكە دەنگێ نەبێ هەموو یەكن وەك لە وشەی (پیر) و (بیر)دا • لەم ووشانەی دواییدا دەبینین گۆڕینی تاكە دەنگێ مانای تەواوی ووشەكانی گۆڕی • ئەمە ئەوە دەگەیەنێ كە (پ) و (ب) لە زمانی كوردیدا دوو نرخی جیایان هەیە چونكە هەردووك توانیان لە هەمان بیئەدا environment دەركەون و دوو نرخی جیاپێشان بدەن • لە (كەر) و (كەڕ) یا (برین) و (بڕین)دا (ر) و (ڕ) دوو فۆنیمی جیان چونكە دەركەوتنیان لە هەمان بیئەدا مانای جیای بەخشی بە ووشەكانا چونكە لە سیستەمی فۆنۆلوجیی زمانی كوردی (ر) و (ڕ) دوو نرخی جیایان هەیە • واتا دوو دەنگی جیاواز گەر بتوانن لە هەمان بیئەدا دەركەون و دەركەوتنی هەر یەكە لەم شوێنە تایبەتی‌یەدا مانای جیای بەخشی لە دەركەوتنی ئەویتردا لە هەمان شوێندا ــ لە ناو چوارچێوەی زمانێكی تایبەتی ــ ئەوە ئەم دوو دەنگە بە دوو فۆنیمی جیا لە قەڵەم دەدرێن لەم زمانەدا •

ئەو ووشانەی هەموو دەنگەكانیان وەك یەكن تەنیا لە تاكە دەنگێ نەبێ و ئەم جیایی‌یە لەم تاكە دەنگەدا مانای جیای بە ووشەكانا بەخشی (جووتۆكە)ن minimal pair • بە بەراووردكردنی ئەم جووتۆكانە فۆنیمەكانی زمان دەس نیشان دەكرێت •

لە ئەنجامی گەڕان بەشوێن هەموو ئەو ووشانەی ــ بابڵێین ــ لە گەڵ

---

(١) مەسەلەی هەمان ڕیزە دەنگ زیاتر لە یەك مانا دەبەخشێ Homophony یاهەمان مانا بە زیاتر لە یەك ڕیزە دەنگ Synonymy دەردەبڕێ كۆسپ نی‌یە لەسەر ڕێگەمان لێرە . چونكە ژمارەی ئەم جۆرە ووشانە یەگجار كەمن لە هەموو زمانێكا و لە نرخی ئەم نەزەری‌یەیە كەم‌ناكاتەوە .

(پیر) و (بیر)دا جووتۆکەن لە زمانی کـوردیدا • ئەم حـەوت ووشانەی خوارەوە دەس دەکەون (بە پێی کۆششی خۆم) •

بیر ــ پیر ــ تیر ــ شیر ــ سیر ــ ژیر ــ میر •

بەم جۆرە توانیمان حەوت فۆنیم (ب ــ پ ــ ت ــ ش ــ س ــ ژ ــ م) دەس نیشان کەین • ئەبوونی ووشەی تر ڕێك کەوێ لە گەڵ ئەم کۆمەڵـە ئەوە ناگەیەنێ کە فۆنیمەکانی کوردی هەر ئەم حەوتەن • کۆمەڵێکی تری وەك ئەوانەی خوارەوە بەراوورد دەکرێن •

کەر ــ کەڕ ــ کەو ــ کەم ــ کەس ــ کەی ــ کەل ــ کەف •

ئەم هەشت ووشانە کە هەموو جووتۆکەی یەکترن هەشت فۆنیمیان دەس نیشانکرد (ر ــ ڕ ــ و ــ م ــ س ــ ی ــ ل ــ ف) ، دوانیـان (س ــ م) لەگەڵ کۆمەڵی یەکەما هاوبەشن و شەشیان تازەن • ژمـارەی فۆنیمەکان بوو بە سیازە • لیستەکەمان زیاد دەکەین بە زیادکردنی کۆمەڵی تری وەکوو ئەوانەی سەرەوە تا دەگەینە ڕادەیـەك هیـچ فـۆنیمی تـازە نادۆزرێتەوە • وەك ئەوەی خوارەوە •

هەر چەندی کۆمەڵی تر زیاد کەین هیچی تری نوێمان بۆ نادۆزرێتەوە• ئەمە ئەوە دەگەیەنی کە ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی (٣٥)ن •

گەلێ ووشەی عەرەبیش کە دەنگی (ع)ی تیایە لـە زمانی کـوردی ئیمرۆمان بەکار دەهێنرێن وەك (عیسا) و (لەعنەت) و (عومەر) • هتد• دەشێ (ع)ش بە فۆنیمێکی زمانی کوردی بژمێررێ • بەم جۆرە و بە پێی ئـەم لێکۆڵینەوەیە زمانی کوردی (شێوەی خواروو) ٣٦ فۆنیمی هەیە •

ئەلف و بێی هەر زمانێ لە سەر بیناغەی فۆنیمەکانی دادەمەزرێت •

| جووتۆکە | فۆنیمەکان | فۆنیمی تازە | ژمارە |
|---|---|---|---|
| بیر ــ پیر ــ سیر ــ شیر ــ تیر ــ ژیر ــ میر | ب ــ پ ــ س ــ ش ــ ت ــ ژ ــ م | ب ــ پ ــ س ــ ش ــ ت ــ ژ ــ م | ٧ |
| کەر ــ کەڕ ــ کەو ــ کەم ــ کەس ــ کەی ــ کەڵ ــ کەف | ر ــ ڕ ــ و ــ م ــ س ــ ی ــ ڵ ــ ف | ر ــ ڕ ــ و ــ ی ــ ڵ ــ ف | ٦ |
| پار ــ بار ــ شار ــ کار ــ زار ــ دار ــ هار ــ مار ــ غار | پ ــ ب ــ ش ــ ك ــ ز ــ د ــ هـ ــ م ــ غ | ك ــ ز ــ د ــ هـ ــ غ | ٥ |
| شەو ــ خەو ــ کەو ــ چەو | ش ــ خ ــ ك ــ چ | خ ــ چ | ٢ |
| خاو ــ چاو ــ داو ــ ناو ــ ڕاو ــ | خ ــ چ ــ د ــ ن ــ ڕ ــ ل | ن | ١ |
| لاو ــ ڤیان ــ ژیان ــ زیان | ڤ ــ ژ ــ ز | ڤ | ١ |
| حەوت ــ نەوت ــ کەوت ــ خەوت ــ چەوت | ح ــ ن ــ ك ــ خ ــ چ | ح | ١ |
| چل ــ چڵ | ل ــ ڵ | ڵ | ١ |
| بەش ــ گەش ــ ڕەش ــ لەش ــ شەش ــ کەش | ب ــ گ ــ ڕ ــ ل ــ ش ــ ك | گ | ١ |
| هەزار ــ هەژار ــ هەنار | ز ــ ژ ــ ن | ــ | ــ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| باش — ماش — جاش | ب — م — ج | ج | ١ |
| هەور — چەور — جەور | ه — چ — ج | — | — |
| ڕەق — ڕەش — ڕەپ — ڕەز | ق — ش — پ — ز | ق | ١ |
| ماچ — مان — مار — ماف — ماش — | چ — ن — ر — ف — ش — ڵ — د — | — | — |
| ماڵ — ماد — مام — مات | م — ت | | |
| مازی — ماسی | س — ز | — | — |
| دوور — دار — دەر | وو — ا — ە | وو — ا — ە | ٣ |
| شێر — شار — شیر | ێ — ا — ی | ێ — ی | ٢ |
| زۆر — زار — زوور | ۆ — ا — وو | ۆ | ١ |
| ژان — ژین — ژ أ ن | ا — ی — أ | ا | ١ |
| کۆن — کون | ۆ — و | و | ١ |
| برین — بڕین | ر — ڕ | — | — |
| کەڕ — کوڕ — کۆڕ — کڕ | ە — و — ۆ — ا | — | — |
| بان — باغ — بار — باڕ — باو — باش | ن — غ — ر — ڕ — و — ش | — | — |
| | | | ٣٥ |

هەر فۆنیمەی بۆ مەبەستی نووسین نیشانەیەکی بۆ دادەنرێت کە پێی دەوترێ تیپ یا پیت Letter

ئاشکرایە کە دەنگی (س) لە ووشەی (سەر) و (باس)دا جیان لە دەنگی (س) کە لە ووشەی (ساڵ) و (سەد)دا دەردەکەوێ • لەم ووشانەی دواییدا دەنگەکە وەك بڵێی شێوەی (ص)ی وەرگرتبێ • سەرەڕای ئەم جیاوازییەش هەردووکیان سەر بە یەك فۆنیمن و یەك نرخیان هەیە لە سیستەمی فۆنۆلۆجیی زمانی کوردی • چونکە جووتە ووشەی وا نادۆزرێتەوە لەم زمانەداکە ئەم دوو دەنگە جیاوازەی تیا لە هەمان بیئەدا دەرکەوێ و دوو مانای جیا ببەخشن • ئەم دوو دەنگە هەردووك لە زمانی عەرەبیشدا هەن کەچی سەر بە دوو فۆنیمی جیاوازن چونکە دوو نرخی جیایان هەیە لە سیستەمی فۆنۆلۆجی زمانی عەرەبی • هەردووك لە هەمان بیئەدا دەردەکەون و مانای جیا دەبەخشن • وەك لە (سارَ ــ ڕۆیشت) و (صارَ ــ بوو)دا•(س) و (ص) لە بیئەی [(•••)ـار] دەرکەوتن•(ر) و (ڕ) لە زمانی کوردیدا دوو فۆنیمی جیان چونکە لەم زمانەدا جووتە ووشەی وا هەیە کە ئەم دوو دەنگە جیاوازەیان تیا لە هەمان بیئەدا دەردەکەوێ و مانای جیایان پێ دەبەخشن وەك لە (کەر ــ کەڕ) ، (برین ــ بڕین) ، (تیر ــ تیڕ) ••• هتد • لە بیئەی [ کە (•••) ] و [ ب (•••)ین ] ، [ تێ (•••) ]دا دەردەکەون• ئەم دوو دەنگە لە زمانی عەرەبیشدا هەن وەك لە ووشەی (کریم) و (رحیم)دا دەردەکەون• بەڵام لە سیستەمی فۆنۆلوجیی زمانی عەرەبیدا بە دوو شێوەی جیای هەمان فۆنیم دەژمێررێن چونکە ناتوانن هەردووك لە هەمان بیئەدا دەرکەون و بە ئاڵ و گۆڕ کردنیان ماناکان بگۆڕێن •

واتا فۆنیم شتێکی موجەررەدە abstruct تەمسیلی چەن دەنگێکی جیا ئەکا لە زمانێکی تایبەتیدا • ئەم دەنگانە شێوەی جیا دەگرنە خۆ بە پێی ئەو بیئە جیاوازانەی تیایانا دەردەکەون •

بۆ جیا کردنەوەی ئەم دوو لایەنە نیشانەی فۆنیم دەخرێتە نێوان دوو هێلی لارەوەی وەك // و نیشانەی دەنگ دەخرێتە نێوان دوو کەوانەی وەك [ ] • پەیوەندی نێوان دەنگ‌و فۆنیم لەم وێنەیەدا ڕوونکراوەتەوە •

| | | |
|---|---|---|
| فۆنـیم = | | [ دەنگ ] |
| | | [ دەنگ ] |

وەك :

| | | | |
|---|---|---|---|
| /س/ = | | [ س ] | لـەزمـانی کـوردیـدا |
| | | [ ص ] | |

ئەو بەشەی زانستی زمان کە لە چۆنیەتی دروست کردنی دەنگەکانی زمان و سروشتیان دەکۆڵێتەوە و هۆی جیاوازی نێوان دەنگە جیاوازەکانی زمان دەردەخا فۆنێتیکە Phonetics . •

فۆنۆلوجی Phonology ئەو بەشەی زانستی زمانە کە لەو یاسایانە دەکۆڵێتەوە کە بە هۆیانەوە دەنگەکانی زمانێکی تایبەتی لە یەك دەدرێن بۆ دروست کردنی بڕگە • یەك نرخ دەدا بە کۆمەڵە دەنگێکی جیاواز کە هەمان کۆمەڵە دەنگ لەوانەیە لە زمانێکی تردا دەرکەون و تیایا کۆمەڵە نرخێـك پیشان بدەن • واتا فۆنێتیك شتێکی گشتـیـیە و فۆنۆلوجـی تایبەتیـیە • فـۆنـەتیـك پێمـان دەڵـێ ( ر ) ، ( ڕ ) ، ( سـ ) ، ( صـ ) و (ل) و ( ڵ ) چۆن دروست دەکرێن و بۆ جیاوازن بێ ئەوەی بایەخ بدا بـەوەی ئەم دەنگانە سەر بە چ زمانێکن• کەچی لە لێقڵی فۆنۆلۆجیدایە (ر) و ( ڕ ) لە زمانی کوردیدا دوو نرخیان دەدرێتێ و لە زمانی عـەرەبیـدا یـەك • (س) و (ص) لە زمانی کوردیدا یەك نرخیان دەدرێتی و لە زمانی عەرەبیدا دوو ••• هتد •

به پێی ئەم لێکۆڵینەوەیە ( ر ) و ( ڕ ) دوو فۆنیمی جیان چونکە لە ناو سیستەمی فۆنۆلۆجیی زمانی کوردی دوو نرخی جیاوازیان هەیە • جیاوازی نێوانیان وەك جیاوازیی نێوان ، بۆنموونە ، ( پ ) و ( ج ) یا ( ك ) و ( ش ) یا هەر دوو فۆنیمیکی تر وایە • بۆیە لە هەر شوێنێکا دەرکەون شێوەیان چۆنە ئەبێ وا بنووسرێن ئەو ڕایەی کە دەڵێ لە بەر ئەوەی هەموو ( ڕ ) یەك لە سەرەتای ووشەی کوردی دەرکەوێ قەڵەوە ، بۆیە لە نووسینا پێویست بەوە ناکات نیشانەی (قەڵەوی)ی بۆ دابنرێت ڕایەکی پووچە و بەتیشکی نەزەرییەی فۆنیم فش دەبێتەوە • دەرنەکەوتنی (ر)ی لاواز لە سەرەتای ووشەی کوردی یاسایەکی فۆنۆلوجییە لە زمانی کوردیدا پەیوەندی بە (ڕ)ی قەڵەوەوە نییە • ئەوانەی ئەم ڕایە پەسند دەکەن دەبێ ئەوەشیان لەبیرنەچێ کە هەموو لامێکیش دوای ئەلف بێ لە زمانی کوردیدا قەڵەوە • وەك لە (ماڵ ، هەڤاڵ ، ساماڵ ، تاڵ •• هتد) لەم حالەتەدا ئەبێ لەم جۆرە ووشانەش نیشانەی قەڵەوی بۆ (ل) دانەنرێت • نموونەی تری لەم بابەتە زۆرە •

لەم سروشتەدا هەموو شتێك لە گۆڕین دایە • باری ئیستەی هەر شتێ جیایە لە هی سەردەمێکی تری • زمانیش وەکو لایەنێکی ئەم سروشتە لەم یاسا گشتییە بەدەر نییە • بە تێپەڕینی کات دەگۆڕێ • ئەو زمانانەی نوسراوی قۆناغە ڕابردووەکانیان لەپاش بەجێدەمێنێ زۆر بە ئاشکرایی ئەم گۆڕینەیان تیا دەرك دەکرێ• بۆ نموونە زمانی ئینگلیزی بۆ ماوەی هەزار و پێنج‌سەد ساڵی ڕابردوو بە بەردەوامی نوسراوەتەوە و شێوە جیاوازەکانی قۆناغە جیاوازەکانی ئەم زمانە پارێزراوە• بە بەراووردکردنی ئنگلیزی کۆن Old English کە لە دەوروبەری سەدەی یازەم قسەی پێ دەکرا لەگەڵ ئنگلیزیی ئیمرۆ ، وەك دوو زمانی جیاواز خۆیان دەنوێنن• گۆڕینی زمان هەموو لێڤڵەکانی دەگرێتەوە ( مەبەست لە لێڤڵەکانی لایەنی

سینتاکسی و مۆرفۆلوجی و فۆنۆلوجی و فۆنتیکی و سیمانتیکی‌یە) • لێرە زۆر بە کورتی تەنها لە لایەنێکی چەمکی گۆڕین لە لێڤڵی فۆنۆلۆجی پێشکەش دەکرێ کە پەیوەندی لەگەڵ ئەم باسەمان هەیە •

ئەو هۆیانەی کار دەکەنە سەر زمان و دەیگۆڕن زۆرن • گەلێکیشیان هێشتا نەزانراون چین • یەکێ لەم هۆیانە کار تێ کردنی زمانێکی ترە • بۆ نموونە لە ئینگلیزیی کۆندا دەنگی (ژ) نەبوو • بەڵام لە ئەنجامی کار تێ کردنی زمانی فرەنسی گەلێ ووشەی وەك azure و measure و rough •• هتد کە دەنگی (ژ)یان تیایە کەوتنە نـاو زمانی ئینگلیزی و بوون بە بەشێکی بنجیی فەرهەنگی زمانی ئنگلیزی • بەم جۆرە دەنگی (ژ) کەوتە ناو سیستەمی فۆنۆلوجی زمانی ئنگلیزی • دەنگی (ڤ)ش هەمان شـت •

گۆڕینێکی تر بەسەر سیستەمی فۆنۆلوجی زمانی ئنگلیزی هاتبێ وون کردنی دەنگی (خ)یە • ووشەی night (نـایت) و drought (دراوت) جاران بە (نیخت) و (درۆخت) دەووتران • گۆڕێنێکی فۆنۆلوجی بەسەر زمانی ئینگلیزی هاتووە لەو ماوەیەی کەوتۆتە نێوان چۆسەر و شـەکسپیردا • ئەنجامەکەی نەمانی دەنگی (خ) بووە لەزمانی ئینگلیزیدا • لـە نووسینـا هێشتا شوێنەواری ماوە •چونکە نووسین شتێکی جامیدە ونەگۆڕراوە بە گۆڕینی شێوەی قسە کردن •

ئێستە هیچ زمانەوانێك نی‌یە لە جیهانا دان بەوە نەنێ کـە (ژ) و (ڤ) دوو فۆنیمی زمانی ئینگلیزین ، کەچی بەڵگەی مێژوویی هەیە کە ئەم دوو دەنگە سەردەمێك لە زمانی ئینگلیزی نەبوون و لە ئەنجامی کار تێ‌کردنی زمانی فرەنسی کەوتۆنەتە ناو زمانی ئینگلیزی • هیچ زمانەوانێکیش نی‌یـە بڵێ دەنگی (خ) لە زمانی ئینگلیزی هەیە چونکـە لە ڕۆادا ئـەم دەنگەی

هەبووە• (ع) و (ق) و (ح)ش بۆ زمانی کوردی هەمان شتە• لە نژادا کوردی بووبن یا لە ئەنجامی کار تێ کردنی زمانێکی تر کەوتینە ناوی گرنگ نی‌یە • گرنگ ئەوەیە ئیستە بەشێکی بنجی‌ی سیستەمی فۆنۆلوجی‌ی زمانی کوردین• پەیابوونی دەنگی تازە لـە زمانا لەئەنجـامی کارتـێ‌کردنی زمـانێکی‌تر دیاردەیەکی سروشتی‌یە و هیچ زمانێك نی‌یە و نەبووە بەسەریا نەهاتبێ •

باوترین گیروگرفت لە ئیملای کوردی پێك نەهاتنە لە سەر جـۆری نووسینی هەندێ لە تیپەکان • بۆ نسوونە ئەوەی پێی دەڵێن واوی درێـژ هەندێ وای پەسند دەکەن بە واوێك نیشانەیەکی وەك فەتحەی عـەرەبی بۆ دابنرێ ، هەندێکیش بە دوو واو (وو) ••هتد کەس ناتوانێ بیسەلمێنێ کامەیـان بۆ نووسـین لەویـتر بـاشترە • ( باشترینیـان ئەوەیـانە کـە هەڵدەبژێرێت بە پێك هاتنی هەموو لایەك) •

هەندێ زمانەوان هەن ئەو ( وێ )یەی لە ووشەی وەکوو ( شوێـن ) و (خوێن) و (سوێند) دا دەردەکەوێ بە یەك فۆنیم لە قەڵەم دەدەن و وای بە راست دەزانن کە دەبێ یەك نیشانەیان بۆ دابنرێت • دیسان بە پەنا بردنە بەر شی‌کردنەوەی فۆنۆلوجی ئەم جۆرە گیرو گرفتانـە چارە سەر دەکرێن • زۆر بەکورتی ــ ئەو قالبە فۆنۆلوجی‌یەی بڕگەی کوردی‌ی تیا دادەڕێژرێ ئەمەی خوارەوەیە •

( C ) ( C ) [ V ] ( C ) ( C )

V = Vowel

C = Consonant

| | |
|---|---|
| CCVCC | Xwárd |
| CCVC | Cwár |
| CCV | Xwá |

| | | |
|---|---|---|
| CV | bá | |
| V | a | a - xom |
| VC | as | as - tur |
| VCC | árd | |
| CVCC | dast . | |

واتا له بڕگەیەکدا ئەبێ ڤاوێلێك هەبێ و ئەشێ لە یـەکەوە تا چوار کۆنسوناتی لە گەڵا دەرکەوێ بە هەموو جۆر وەك •

دوو کۆنسونانت (یازیاتر) بە یەکەوە دەرکەون لە بڕگەیەکدا بێ ئەوەی ڤاوێلێ لە نێوانیانا دەرکەوێ هێشو Cluster پێ دەوترێ • هەر زمانەی یاسای فۆنۆلوجی تایبەتی بەخۆی هەیە بۆ دروست کردنی ئەم هێشووانە و شوێنی دەرکەوتنیان • زمانی کوردی هوشوی دووێی هەیە وەك ( - st) و ( - st) و ( - rd ) لـە (دەست) و (گەشت) و (بەرد)دا • ئەم جۆرە هوشویانە هەمیشە لە دوای ڤاوێلی بڕگەکەوە دێـن • زمـانی ئینگلیـزی هێشووی دووێی و سێ‌یی‌ی هەیە وەك ( - sp ) و ( spr - ) لە ( spin ) و ( spring ) دا •• هتد •

لەزمانی کوردی فۆنیمی (s - s - j - c - k - x) لە گەڵ (w) هێشوو دروست دەکەن • ئەم جۆرە هێشویـانـە هەمیشە لە سەرەتای بڕگە دەردەکەون •

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| X | | | Xw | Xwar — Xwé |
| K | | | Kw | Kwá — Kwér |
| C | + ( w ) | = | Cw | Cwár |
| J | | | Jw | Jwán — Jwámér |
| S | | | Sw | Swend — Swán |
| S | | | Sw | Swén — Swán . |

که ڤاوڵی ( e ) دەبێ بە ناووکی بڕگەکە ــ لەبەر سروشتی ڤاووڵەکە و ئەم ( w ) یە ئیدغام assimilation پەیا دەبێ و لە ئەنجاما ئەم جۆرە دەنگە دروست دەکەن کە لە فۆنەتیکا بە Short — Front — rounded lips ناو دەبرێ و لە هەندێ زمانا ( وەك فرەنسی ) فۆنیمێکە • لە زمانی کوردی‌یا بە فۆنیمێکی سەربەخۆ لە قەڵەم نادرێ • چونکە ئەو دەنگانەی لە ئەنجامی ئیدغامەوە دروست دەبن ناخرێنە ناو سیستەمی فۆنیمەکانی زمانەوە •

گریمان ( وێ ) لە زمانی کوردیدا بۆتە فۆنیمێکی سەربەخۆ لە ئەنجامی گۆڕینێکی تایبەتی • سەرەڕای ئەمەش نووسینی بەم جۆرەی سەرەوە شتێکی نارەوانی‌یە • نووسین شتێکی دەسکردە پێك‌هاتنە لەسەریا لەلایەن کۆمەڵەوە هیچ کارتاکاتە سەر جەوهەری زمانەکە • هەموو میللەتی ئینگلیز کە دەنووسی ( night ) ئەو ( gh ) ەی دەخاتە ناوی بێ ئەوەی هیچ دەنگێ لە قسەکردنا بنوێنێ •

لە ڕستەی

Did he believe that Caesar could see the people Seize the Sea.

لە ووشەی

| | |
|---|---|
| he | ( e ) |
| believe | ( ie ) |
| caesar | ( ae ) |
| see | ( ee ) |
| people | ( eo ) |
| seize | ( ei ) |
| seas | ( ea ) |

هەموو هەمان دەنگ دەنوێنن (٤) • سەرەڕای ئەمەش کەسێ جۆری قسەی خۆی نەگۆڕی لەبەر ئەمانە واتا نووسین کار لە جۆری قسەکردن ناکات • بەلای منەوە لەبەر هۆی بەستراو بە سیستەمی زمانەکەوە بە (وێ) بنووسرێ راستترە •

هەمان شت لەگەڵ ئەو فۆنیمەی لە ئەلفوبێی عەرەبیدا تیپی نییە واتا /i/ •

ئەوە چەند ساڵە زمانی کوردی بە ئەلف و بێی عەرەبی دەنووسرێ ، کەچی هیچ خوێندەوارێك هەستی بە گیروگرفتێکی وا نەکردووە باس بکرێ لەبەر نەبوونی ئەم فۆنیمە • ئەم فۆنیمە لە سیستەمی فۆنۆلوجیی زمانی کوردی پیشبینە pridictable واتا ئەو بیئە فۆنۆلوجییەی تیایا دەردەکەوێ فەرزی دەکا تۆ بیڵێی با هیچ نیشانەیەکیشی بۆ دانەنرابێ •

سەر و بۆر و ژێر (الفتحه والضمه والکسره) سێ فۆنیمن لە سیستەمی فۆنۆلوجیی زمانی عەرەبی ، کەچی لە زۆربەی زۆری چاپکراوەکانی هیچ سیمایەکیان لە نووسینا بۆ نییە •

دەربارەی ( ئ ) ، بەلای منەوە سروشتی نووسینی کوردی بە ئەلف و بێی عەرەبی ئەم ( ئ )یەی بەسەر زمانی کوردیدا سەپاندووە • هەر وەك چۆن (i) ی لە نووسینا لەناو بردووە •

لەو گۆڕینانەی لە لیڤڵی فۆنۆلۆجیدا بەسەر زمانا دێ ئەمانەن :

١ ــ گۆڕینی دەنگێ (واتا فۆنیمێ) بە دەنگێکیتر •

٢ ــ گۆڕینی دەنگێ تەنیا لە هەندێ بیئەدا بە دەنگێکیتر •

٣ ـ تواونەوە و نەمانی دەنگێ لە هەندێ بیئەدا و بوونی بە دەنگێکی‌تر لە هەندێ بیئەی‌تر •

٤ ـ تواونەوەو نەمانی دەنگێ لە هەندێ بیئەدا •

یێکی لەو گۆڕینانەی لە لێقلی فۆنۆلوجیدا بەسەر زمانی کوردی (خواروو) هاتبێ تواونەوەی دەنگی (د)یە لە هەندێ بیئەدا ، وەك (د)ی نیشانەی هەمیشەیی • ئەم دەنگە تواوەتەوە و ئەبۆتە دەنگێکی‌تر •

daxom = axom

damxward = amxward .

کە ئەمە بە ئەلف‌وبێی عەرەبی ئەنووسرێ :

( دەکەم ) = ( ەکە م) و ( ە ) لە سەرەتای ووشەدا دەرناکەوێ و نانووسرێ لە سیستەمی ئەلف و بێی عەرەبی بۆیە ( ئ ) پێوە لکێنراوە رای گری و بووە بە ( ئە ) •

هەروا دەرنەکەوتنی ( ئ ) لە هیچ ووشەیێکی‌تری کوردی و بوونی بە (ی) یا (و) لەو ووشانەی لە (عەرەبی)یەوە وەرئەگیرێن ئەمە ئەسەلمێنێ

سۆال = سوال

بئر = بیر هتد •

کاتێ باسی ئیملا دەکرێ هەر (تیپ) و چۆنیەتی لە یەکدانیان دێتە خەیاڵ • لە هەموو زمانێکا گەلێ کەرەسەری فۆنەتیکی‌تری واهەیە ( وەك intonation ، stress ، •• هتد ) کە دەوریان لە گۆڕینی مانادا جیاوازیی نی‌یە لەو دەورەی فۆنیمە جیاوازەکان دەیگێڕن • لەگەڵ ئەوەشا گوێیان نادرێتی چونکە هەموو پێش‌بینن Pridictable ـ شوێنی ووشەکە لە ڕستە و شوێنی رستەکە لە قسەکردنا بریار دەدەن و دەری دەخەن • وەك :

نووستن ــ دوو ماناى هەیە •

گەر نەبرەکە stress بخرێتە سەر برگەی یەکەم مانای (ئەوان) نووستن ــ دەدا •

گەر نەبرەکە بخرێتە سەر برگەی دووەم مانای نووستن (خۆشە) ــ دەدا ••• هتد •

ئەم جۆرە کەرەسانە زۆر گرنگن و هیچ زمانێك نییە نەیبن بەلام لە نووسینا هەموو پشتگوێ خراون •

گەر ئەو ئیملایەی ئێستە هەمانە بەراووردی بکەین لەگەڵ ئیملای میللەتانی تری وەك ئینگلیزی و چینی و فرەنسی ئەوسا هەست بەوە دەکەین ئێمە لە چاو ئەو میللەتە پێشکەوتووانە گیروگرفتی ئیملاییمان چەند کەمە •

گریمان توانیمان ئیملایی پێك بهێنین پڕ بە پێستی زمانەکەمان بێ••• زمان دەگۆڕێ و نووسین ووشکە و ناگۆڕێ •• زۆری پێ ناچێ دیسان زمانەکەو جۆری نووسینەکەی لە یەك جیا دەبنەوە ••• وەك ئەوەی بەسەر زمانی ئینگلیزی هاتووە •

زۆربەی زۆری ئەم گیروگرفتانە چارەسەر دەکرێن تەنها بە پێك هاتن لەسەر دەس نیشانکردنی فۆنیمەکانی کوردی و جۆری نووسینیان • بە گرتنەبەری پەیڕەوێکی زانستیی دوور لە ئارەزوی شەخسیی دانەمەزراو لەسەر بیناغەیەکی زانستی • لە بڕیاردانیشا ئەبێ مەسەلەی (مێژوو و ئابووری) ڕەچاو بکرێن ••• جا پێك وەرن •

## سەرچاوەکان

1 — Abercrombie, D. (1967) (( Elements of General phonelics )) Edinburgh .

2 — Fromkin, V. and Rodman, R. (1978) (( An introduction to Lanquage )) .

3 — Fudge, E. C. (1970) (( Phonology )) in New Horizons in Linguistics. ed J. Lyons.

# گیروگرفتی نووسینی فرمان لەگەڵ ڕاناو

## لە ڕووی پێکەوە نووسانو پێکەوە نەنووسانەوە

**دوکتۆر ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم**
مامۆستای زمانو ڕێزمانی کوردی
لە کۆلێجی ئەدەبیات ــ زانستگای سەلاحەدین(*)

## پێشەکی :

گومان لەوەدا نیە ، کە پێکەوەنووسانو پێکەوەنەنووسانی ڕاناوو فرمان یەکێکە لەو گیروگرفتانەی ، تووشی ڕێنووسی کوردی بووینەو دەبن . لەبەرئەوە پێویستە ئەم گیروگرفتە چارەسەر بکرێتو دەستوورێك بۆ پێکەوەنووسانو پێکەوەنەنووسانی فرمانو ڕاناو دابنرێت . ئەمەش ئەرکی تاقە کەسێك نیە ، چونکە دەبێ چەندکەسێکی لێزانو زمانەوان پێ‌هەڵسنو هەریەکە بەپێی ڕای زانستی خۆیەوە لێی بدوێتو یاساو دەستووری بۆ هەڵێنجێ . هەرچۆن بێت ئەرکی تاقەکەس بۆ ئەمەش لە کەموکۆڕیو ناتەواوی ڕزگاری نابێ ، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئەرکی تاقەکەس بۆ دەستنیشان کردنو دۆزینەوەی یاساو دەستوور کەڵکی خۆی هەیەو زۆر ئەنجامیش وەدەست دەنێ . ئەنجام وەدەستهێنان باشترو زۆرتر دەبێ ، کە

---

(*) بەهۆی دواکەوتنی گەیشتنی دەستنووسی ئەم وتارەوە ، بۆی ڕێ‌نەکەوت بکەوێتە جێی خۆیەوە لە ڕیزی وتارەکاندا و بوو بە دوا وتاری بەشی کوردی ــ سەرپەرشتی‌کەرانی لەچاپدانی گۆڤاری ك. ز. ع.

ئەرکی تاقەکەس بخرێتە ناو تای تەرازووی لێکۆڵینەوە • بەمەوە دەتوانرێ یاساو دەستووری باشترو پوختەتر بدۆزرێنەوەو بینە ڕێزمان •

جا بەپێی ڕوونکردنەوەی سەرەوە دێمە مەیدانی چارەسەرکردنی ئــەم گیروگرفتە ، بەڵکو بەپشتوانی مامۆستایانو زمانەوانانی کوردی بە ڕێزمانو بە پشتیوانی ئەوسەرچاوانەی لەبارەی ڕاناوو فرمانەوە دواون بتوانم لــە گیروگرفتەکە بکۆڵمەوەو هەندێ دەستوورو یاسا بەئەنجــام بگــەیەنمو لایەنێکی ڕێنووسی کوردی ساغ بکەمەوە •

هەروەك لە ئاخافتنی کوردیدا لە نووسینی ئەدەبیدا دیارە گیروگرفتەکە پتر هی ڕاناوە نەك هی فرمان ، لەبەرئەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفتە دەبێ ڕاناو دەستنیشان بکرێتو شوێنی لەناو ڕستەو پەیوەندی بە فرمانەوە دیار بخرێت • لە زمانی کوردیدا گیروگرفتەکە بەس هی ڕاناوی کەسییە • ڕاناوی کەسیش دوو جۆرە • ڕاناوی کەسی جودا ، ڕاناوی کەسی لکاو • لێرەدا پەیوەنــدی لکاو بــە فرمــانەوە لە ڕووی پێکــەوە نووســانو پێکەوەنەنووسانەوە گیروگرفتی هەیە • بۆ چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفتە دەبێ بەوردی لە ڕاناوی لکاو بەتایبەتی بکۆڵدرێتەوەو پەیوەندی بە فرمان لە هەموو ڕوویەکەوە دیار بخرێت • بۆ چارەسەرکردنی ئەمەش لەم خاڵانەی خوارەوە ورد دەبینەوە :

١ ـ دەستنیشانکردنو دیارخستنی ڕاناوی لکاو •
٢ ـ چی لەبارەی ڕاناوی لکاوەوە نووسراوە •
٣ ـ ئەرکی ڕاناوی لکاو لەناو ڕستەدا •
٤ ـ شوێنی ڕاناوی لکاو لەناو ڕستەدا •
٥ ـ جێگۆڕکێی ڕاناوی لکاو لەناو ڕستەدا •
٦ ـ پەیوەندی ڕاناوی لکاو بە فرمانەوە •

٧ ــ پێوەلکانی ڕاناوی لکاو بە فرمانەوە پێویستە •
٨ ــ پێوەلکانی ڕاناوی لکاو بە فرمانەوە پێویست نیە •
٩ ــ ئـەنجـام •

بۆ نووسینی ئەم ووتارە کۆمەڵێك سەرچاوەم بینیوون ، کە سەبارەت ڕێزمانی کوردیەوە نووسراون •••[1] هەروا کۆمەڵێك سەرچاوەی تریش ، کە نموونەم لێ دەرهێناون ••• [2] •

## ١ــ دەستنیشانکردنو دیارخستنی ڕاناوی لکاو

بەڕای من دەستنیشانکردنو دیارخستنی ڕاناوە لکاوەکان کارێکـی دژوارە ، چونکە تائێستا بەتەواوی دەستنیشانی ڕاناوە لکاوەکان نەکراوە • زمانەوانانو ئەوانەی ڕێزمانی کـوردی دەنووسن سەبارەت دیارخستنـی تەواوی ڕانـاوە لـکاوەکان لێـك جیـانو بوونـە بـە دوو دەسـتە ؟ دەستەیێکیان وەکو : ك • ك • کوردۆییڤ ، دوکتۆران ك• ڕ• ئەیوبیو ی• ئا• سمیرنۆڤا ، د• ن• ماکەنزی ، نوری عەلی ئەمین ، مەسعوود محەمەد ، لێژنەی زمانو زانستەکانی کۆڕی زانیـاری کوردو ئەحمەد حەسەن ئەحمەد ڕاناوە لکاوەکان دەکەن بە دوو جۆر ، بەڵام هیچێك لەم زمانزانە بەڕێزانە ناویان بۆ هەریەك لەم دوو جۆرە دانەناوەو هەر یەکسەر لەژێر جۆرەکانـدا ڕانـاوەکان دەنووسن • بۆنموونە مامۆستا نوری عەلی ئەمین دەڵێ ڕاناوە لکاوەکان دوو وێنەیان هەیە•••[3] ناو بۆ هەر وێنەیە دانانێ بەڵکو یەکسەر

---

(١) بڕوانە لاپەڕە (٤٨٧ ــ ٤٨٨ ) ئەم کارە •
(٢) بڕوانە لاپەڕە (٤٨٨) ئەم کارە •
(٣) اــ نوری عەلی ئەمین ڕێزمانی کوردی ، سلێمانی ، ١٩٦٠ ل ، ٩٠ــ٩٢ •
ب ــ نوری عەلی ئەمین ڕابەری بۆ ئیملای کوردی ، بەغدا ، ١٩٦٦ ل ، ٦٤ ــ ٦٩ •

لەژێر وێنەکاندا ڕاناوەکان دەنووسێ ، سەرەڕای ئـەوەش ئـەم زمانزانـە بەڕێزانە باسی ئەوەیان نەکردووە ، کە بۆ ڕاناوە لکاوەکان دوو جۆرن و لێك جیادەبنەوەو بەپێی چ دەستوورێك ئەم لێك جیایە دیارە ، تەنانەت مامۆسـتا مەسعوود محەمەد نەبێ لە کتێبەکەی خۆیدا «وردبوونەوە لە چەند باسێکی ڕێزمانی کوردیدا » ... [٤] ئەوەی پێکاوە ، کە کێشە لەسـەر جـۆری دووەمی ڕاناوی لکاو هەیەو دەڵێ هەندێ لە زمانەوانان بە (کار)ی دادەنێن و هەندێکی تریش بە ڕاناو ، بەڵام مامۆستای بەڕێز هیچ ئەنجامێکی وەدەست نەنـاوە .

ئەو زمانەوانانەی ، لەسەرەوە باسمان کردن بۆ جۆری یەکەم یان وێنەی یەکەم ئەمانەی خوارەوە بە ڕاناوی لکاو دادەنێن :

م ، ت ، ی ، مان ، تان ، یان

وە بۆ جۆری دووەم ئەمانەی خوارەوە :

م ، ت ، ی (یت) ، ٠ «سفر» ، ین ، ن ، ن ، ێ

زمانەوانانی سەرەوە ئەم دوو ڕواڵەتە ڕێزمانییەیان بۆ خستۆتە نـاو قاڵبی ڕاناوە لکاوەکانی زمـانی کوردی بە بێ ئـەوەی ڕوونی بکەنـەوەو لێی بکۆڵنەوە داخۆ بۆچ بەم دوو جۆرە دابەشـکراوە ، وە وێکچـوون و لێك جیابیان بەدەرنەخستووە . بەڵام لێکۆڵینەوەی ئێمە سەبارەت ڕاناوەکانی لکاوەو شارەزایی خۆم لە ڕێزمانی کوردی دەری دەخات ، کە وێنـەی دووەم (م ، ت ، ی (یت) ، ٠ ، ین ، ن ، ن...[٥] ) ڕانـاو نین و نـابێ

(٤) مەسعود محەمەد وردبوونەوە لە چەند باسێکی ڕێزمانی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٤ ل ـ ٩٥ و هینەکانی تر .

(٥) ا ـ وو ، ی ، ۆ ، ێ ، دێ ، ا ، . (لە گۆڤەری هەورامانی ) .
ب ـ م ، د ، ێ ، ینمی ، ن ، ن (لە گۆڤەری لوڕی) .

ناویان لیٚ بندریٚت ڕاناو • دەتوانم ئەم ڕایەش دەربڕم لەبەر هەبوونی تیشکی ئەم ڕاستیانەی خوارەوە :

١ ــ ئەمانە ، کە ناویان براوە ڕاناو ڕاناوین ناتوانن ببن بە بەشیٚــك لــە بەشەکانی ڕستە •

٢ ــ بە هیچ جۆر شویٚنی خۆیان ناگۆڕن لەناو ڕستەدا •

٣ ــ هەردەم بە کۆتایی فرمانەوە دەلکیٚن‌و خۆیــان لە کۆتــایی فرمــان جیاناکەنەوە •

٤ ــ فۆڕمی « • سفر » چۆن دەتوانیٚ ببیٚ بە ڕاناو ؟

لەبەر ئەم چوار خاڵانەی سەرەوە ناتوانین جۆری دووەم بە ڕانــاوی لکاو دابنیٚین ، بەڵکو ئەمانە کۆتایی فرمان‌و دەکەونە کۆتایی فرمــانەکان‌و دەتوانن لەویٚــدا ببنە نیشانــەی کەس‌و ژمارەو خۆیان لەگەڵ فاعیلی ڕستە لەم‌ڕووەوە ڕیٚك‌دەخەن •

جا بە ڕۆشنایەتی سەرەوە ، بەلای ئیٚمە ڕاناوە لــکاوەکانی زمــانی کوردی ــ کە هەر لە گۆڤەرەکانی دیالیٚــکتی ناوەنـدی دەردەکـەون ــ ئەمانەن : م ، ت ، ی ، مان ، تان ، یان • لە هەندیٚ گۆڤەرەکانی زمــانی کوردیشدا چەند فۆڕمیٚکی ڕاناوی لکاو هەن وەکو ڕاناوەکانی (م ، ت ، ش ، ما ، تا ، شا)ی گۆڤەری هەورامانی‌و (م ، د • ، یٚ ، مان ، دان ، یان)ی گۆڤەری لوڕی •

لەناو فۆڕمەکانی (م ، ت ، ی (یت) ، • ، ین ، ن ، ن) ڕاناوی «یٚ» هەیە لەلای هەندیٚ نووسەرانی ڕیٚزمانی کوردیــەوە ، کە بــە ڕای ئیٚمــە کۆتایی فرمانن ، بەلاّم ئیٚمە سەبارەت «یٚ» دەلیٚین ئەم فۆڕمە ڕاناوی لکاوە چونکە دەتوانیٚ بە ناو بلکیٚ لەناو ڕستەدا یان بە ڕانــاوی کەســی لــکاو هەروەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دیارە :

ناردمێ ــ نارد ــ م ــ ێ

ناردتێ ــ نارد ــ ت ــ ێ

ناردیێ ــ نارد ــ ی ــ ێ

ناردمانێ ــ نارد ــ مان ــ ێ

ناردتانێ ــ نارد ــ تان ــ ێ

ناردیانێ ــ نارد ــ یان ــ ێ

ئەم ڕاناوە دەتوانێ بە ناویشەوە بلکێ لەناو ڕستەدا ، بۆنموونە :

× دوێنێ زوو گەیشتمە هەولێرێ .
× ئاوی ڕژاندە ناو پەقرەجێ .
× سەروسەر کەوتە کانێ .

ڕاناوی «ێ» لەناو ڕستەدا نیشانەی کەسی سێیەمی ئادیاری تاکو کۆیە . بۆنموونە :

× ڕووم کردە سولێمانێ .
× کتێبەکانی دانێ .

ڕاناوی ناوبراو دەتوانێ ببێ بە ئاوەڵکاری شوێن لە ڕستەدا ، بۆنموونە :

× مارەکەی خۆ خشاندە کونێ .
× نوێنەرەکان ڕۆیشتنە کەرکوکێ .
× گەشتکەران هاتنە دهۆکێ .

«ێ» دەتوانێ ببێ بە بەرکاری ناڕاستەوخۆی ڕستە ، بۆنموونە :

× دامێ = دام بە ئەو . دامانێ = دامان بە ئەو .
× داتێ = دات بە ئەو . داتانێ = داتان بە ئەو .
× دایێ = دای بە ئەو . دایانێ = دایان بە ئەو .

ڕاناوی لکاوی (ێ) لەگەڵ ئامرازەکانی (لە ، بە) خۆی لێکدەداتو فۆرمی (لێ ، پێ) دروستدەکات . بۆنموونە :

لێ گەڕێ • (لە + ێ) گەڕێ •
پێ بڵێ • ( بە + ێ ) بڵێ •

فۆرمەکانی (لێ ، پێ) دروستدەبن بەوەی ، کە کاتی (ێ) دەچێتە سەر (لە) پیتی بزوێنی (ە)ی ئامراز دەکەوێتو (لێ) دروستدەکات • چونکە (ێ) پیتێکی بزوێنەو (ە)ش هەروا پیتێکی بزوێنە • لێرەدا دوو پیتی بزوێن کۆدەبنەوە ئەمەش لە ڕێزماندا ڕێناکەوێتو پیتی بزوێن (ە) دەکەوێتو پیتی بزوێن (ێ) پێوە دەلکێ • هەر هەمان شتیش بۆ (بە) دەوترێت تەنھا بە گۆڕانێك ، کە (ب) دەبێ بە (پ) • ڕاناوی لکاوی (ێ) سێ شوێنی لەناو ڕستەدا هەیە •

١ ــ گەر ئاوەلکار بوو و ناوی شوێن لە ڕستەدا هەبوو ئەوە هەر دەبێ بە ناوی شوێنەکە بلکێ • بۆنموونە :

× ئوتومبێل لە هەولێرەوە بە دوو سعاتان دەگاتە ڕەواندزێ •
× من چوومە شەقلاوێ •

لەم دوو ڕستانەدا ووشەکانی (رواندز ، شەقلاوە) ناوی شوێنن‌و لە ڕستەکەدا هەنە ، بۆیە ڕاناوی لکاوی (ێ) پێیانەوە لکاوە ، گەر ناوەکان لابەرین دەبینین (ێ) بە کۆتای فرمانی ڕستەکەوە دەلکێت • بۆ دیارخستنی سەیری ئەمانەی خوارەوە بکە :

× ئوتومبێل لە هەولێرەوە بە دوو سعاتان دەگاتێ •
× من چوومێ •

٢ ــ ڕاناوی لکاوی (ێ) دەتوانێ بکەوێتە کۆتایی فرمان‌و پێوەی بلکێ • بۆنموونە :

× گەیشتێ ــ گەیشت ــ ێ
× هاتێ ــ هات ــ ێ
× چووێ ــ چوو ــ ێ

ئەم ڕاناوە لکاوە تایبەتە بە گۆڤەرەکانی هەولێرو موکری لە دیالێکتی ناوەندیدا ، وە لە گۆڤەرەکانی سلێمانیو شوێنانیتر دەرناکەوێت . هەبوونی ئەمەش لەم گۆڤەرانەی دیالێکتی سۆرانی هاوبەشییەك لەنێوان دیالێکتی سەروو و ناوەندی زمانی کوردیدا دیاردەخات ، چونکە ئەم ڕاناوە لە هەردوو دیالێکتەکەدا یەك خاسیەتو ئەرکو وەزیفەی هەیە ، وە لە یەك حالەتیشدا بەکاردێت .

زمانزان ك. ك. کوردۆییڤ لە بەرهەمەکانی خۆیدا ... (٦) بە باشی باسی ڕاناوی لکاوی (ێ) دەکاتو هەندێ لایەنەکانی ڕووندەکاتەوە . هەروا لەگەڵ سۆرانیو کرمانجی بەراوردی پێدەکات بەڵام من لەگەڵ ڕێزم بۆ زانای بەڕێز دوکتۆر کوردۆییڤ لەوەدا لەگەڵی ڕێکناکەوم ، کە دەڵێ : لە سۆرانیدا (دیالێکتی ناوەندی زمانی کوردی) کەم لەگەڵ فرمانان دەردەکەوێتو بە زۆریش لەگەڵ ئەو فرمانانەدا بەدەردەکەوێت وەکو : دان ، گەین ، گەیشتن ، ڕاوەشاندن . چونکە لێکۆڵینەوەی ئێمە سەبارەت ڕاناوی (ێ) وا پیشاندەدات ، کە ئەم ڕاناوە بە باشی لەگەڵ فرمانان بەکاردێتو جگە لەو فرمانانەی ، کە باسیان دەکات لەگەڵ فرمانیتریش بەکاردێت ، وەکو : هاتن ، ناردن ، چوون ، ڕژاندن ، ڕۆیشتن ، کردن ، خشاندن ، گەڕان ، گوتن ، کەوتن . ئەم فرمانانەش هەروەکو دیارن فرمانی تێپەڕو تێنەپەڕن ، ئەمەش بەلگەی ئەوە دەگەیێنێ کە ڕاناوی لکاوی (ێ) لەگەڵ هەردوو جۆرە فرمانەکەدا خۆی ڕێكدەخات .

---

(٦) ا ـ کوردۆییڤ ك. ك. ڕێزمانی کوردی بەپێی کەرستە لە دیالێکتی سۆرانیو کرمانجی ، مۆسکو ١٩٧٨ل ـ ١٥ .

ب ـ کوردۆییڤ ك. ك. کورتە باسێکی ڕێزمانی کوردی لە کتێبی فەرهەنگی کوردی ـ ڕووسی مۆسکو ١٩٦٠ ل ـ ٨٥٥ .

چ. خ. بەکاییف لە کارە زانستیەکانیدا ... [7] باسی راناوی لکاوی (ێ) دەکات‌و هەندێ حاڵەتی ڕاناوی ناوبراو روون‌دەکاتـەوە بەتـایبەتی لەبارەی ئەوەی ، کە ئەم ڕاناوە دەبێتە بەشێ لە بەشەکانی ڕستەو بە کۆتایی فرمان دەلکێت .

هەروا ك. ڕ. ئەیوبی‌و ی. ئا. سمیرنۆڤە لە کتێبەکەیاندا سەبـارەت دیالێکتی کوردی موکری ... [8] باسی ڕانـاوی لـکاوی (ێ) دەکەن‌و هەندێ لایەنەکانی ئەم ڕاناوە روون‌دەکەنەوە ، بەتایبەتی سەبارەت ئەوەی، کە دەتوانێ ببێ بە بەرکاری نایەکسەری ڕستەو ئاوەلکار .

دوکتۆر کوردستان موکریانی لە ووتارەکەیدا ... [9] بەکورتی باسی ڕاناوی لکاوی (ێ) دەکات. منیش ، کە خـاوەنی ئەم ووتارەم لە نـامەی دکتۆرای خۆمدا باسی ڕاناوی لکاوی (ێ)م کردووەو پیشانم‌داوە ، کە ئەم ڕاناوە دەتوانێ ببێ بە ڕاناوی ناوی دیارخراو لەناو ڕستەی کوردیدا... [10].

سەرەڕای ئەوەش زۆر لە ڕێزمان نوسان باسی ئەم ڕاناوە نـاکەن ، وەکو : د. ن. مەکەنزی ، نوری عەلی ئەمین ، مەسعوود محەمەد ، سەعید

---

(٧) أ ــ چ. خ. بەکایێف زمانی کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەت ، مۆسکۆ ١٩٧٣ ل ، ١٦٥ ــ ١٦٦ بە ڕووسی .

ب ــ چ. خ. بەکایێف زمانی کوردەکانی ئازربایجان ، مۆسکۆ ، ١٩٦٥ ل ــ ٦٥ بە رووسی .

(٨) ك. ڕ. ئەیوبی ، ی. ئا. سمیرنۆڤە دیالێکتی کوردی موکری ، لینینکراد، ١٩٦٨ ، ل ، ٤٦ بە ڕووسی .

(٩) جۆرەکانی جێناوو دەوریان لە ڕستەی کوردیدا ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق دەستەی کوردی بەرگی حەوتەم ١٩٨٠ بەغدا ل ، ٢٤١ .

(١٠) ڕستەی لێکدراوی شوێن کەوتووخواز لەگەل رستەی شـوێن‌کەوتووی دیارخەری لە دیالێکتەکانی ناوەندی زمانی کوردیدا (نـامەی دکتـۆرا) مۆسکۆ ، ١٩٧٥ ، ل ٥٢ ــ ٥٣ .

سدقی کابان ، ئەحمەد حەسەن ئەحمەد • هەروا لە کتێبی ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی کۆڕی زانیاری کوردیشدا باسی ئەم ڕاناوە نەکراوە •

ئەم کورتە لێکۆڵینەوەی ئێمە سەبارەت (ێ) بەتەواوی‌و زانستیانە ڕوونی‌دەکاتەوە ، کە (ێ) ڕاناوێکی لکاوی زمانی کوردی‌یەو دەبێ بخرێتە ناو قاڵبی ڕاناوە لکاوەکانی (م ، ت ، ی ، مان ، تان ، یان)و لە هی‌تر دەربهێنرێت ... [11] بەمەوە دەتوانین ئەمانە (م ، ت ، ی ، مان ، تان ، یان ، ێ)بە ڕاناوی لکاوی زمانی کوردی دابنێین‌و بە شێوەیێکی زانستیانە لێیان بکۆڵینەوە •

## ٢ـ چی لەبارەی ڕاناوی لکاوەوە نووسراوە

ئێمە لێرەدا تەنها ئەو نووسینانە دەخەینە پێش چاو ، کە تەنها لەسەر ئەم ڕاناوانەیان نووسیوون (م ، ت ، ی ، مان ، تان ، یان ، ێ) ، چونکە بە ڕای ئێمە ئەمانە ڕاناوی لکاون‌و بە فراوانی لە زمانی کوردیدا بەکاردێن• جا بۆئەمەش هەر باسی مێژووی (م ، ت ، ی ، مان ، تان ، یان) دەکەین ، چونکە سەبارەت (ێ) بەدرێژی قسەمان کردووە ... [12] •

تائێستا باسێك یان لێکۆڵینەوەیێکی تایبەتی سەبارەت ڕاناوی لکاوەوە نابینرێت چ بە ووتار بێت یان بە کتێب یان بە نامیلکە ، بەڵام زۆربەی ئەوانەی ، باس‌و کتێبیان لەبارەی تێکڕای ڕێزمانی کوردی نووسیووە یان تێکڕای ڕاناوەکانی کوردی بابەتی ڕاناوی لکاویشیان پێکاوەو بەپێی توانای بۆچوونی خۆیانەوە قسەیان لەسەرکردووە •

ئەوانەی سەبارەت ڕاناوی لکاوەوە لە بەرهەمەکانیاندا شتیان نووسیووە

---

(١١) بڕوانە لاپەڕە (٤٥٤) ی ئەم کارە دێڕی دووەم •
(١٢) بڕوانە لاپەڕە ( ٤٥٥ ـ ٤٥٩ )ی ئەم کارە •

ئەمانەن : ك. ك. كوردۆییـف ، ك. ڕ. ئەیوبی‌و ی. ئـا. سمیرنۆڤـە ، د. ن. مەکەنزی ، نوری عەلی ئەمین ، مەسعوود محەمەد ، لیژنەی زمـانو زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد ، ئەحمەد حەسەن ئەحمەد ، سەعید سدقی کابان ، محەمەد مەعرووف فەتاح ، دوکتۆر کوردستان موکریانی ، دوکتۆر ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم . بەڕێز کوردۆییف ك. ك. لە بەرهەمە بەنرخەکەیدا بەوردی باسی ڕاناوە لکاوەکان دەکاتو دەڵێت ئەم ڕاناوانە لای ۆ. مانو ل. فۆسۆمو ك. ج. ئەدمۆندسو د. ن. مەکەنزی باسکراون .

کوردۆییفی زانا سەبارەت خاسیـەتی بەکارهێـنانی ئـەم ڕاناوانـە قسەدەکاتو وەزیفەیان لەناو ڕستەدا بەدیاردەخاتو شوێنیان لەناو ڕستەدا پیشاندەداتو نموونەشی بۆ دەهێنێتەوە ...(١٣) .

هەردوو دوکتۆران ك . ئەیوبی‌و ی . ئا. سمیرنۆڤە لە کتێبەکەیاندا ( دیالێکتی کوردی موکری ، ل ــ ٤٥ ) باسی هەندێ لایەنەکانی ڕانـاوە لکاوەکان دەکەن بەتایبەتی ئەوەی کە دەبنە بەشێك لە بەشەکانی ڕسـتەی سادەو شوێنیان لەناو ڕستەدا ... (١٤) .

دوکتـۆر د. ن. مەکەنزی لـە لاپـەڕە (٧٦)ی کـارەکـەیـدا ( The Kurdish Dialect Studies 1 ) باسی ڕاناوە لکاوەکان دەکات بەتایبەتی ئەوەی ، کە چ‌دەورێك لەگەڵ فرمانی تێپەڕو تێنەپـەڕ دەگێڕێو دەوری لەناو ڕستەداو چ‌وەزیفە لەوێدا دەبینن‌و بە کامە بەشی ڕستە دەلکێت. لێرەدا باسەکەی دوکتۆر مەکەنزی لەوەدا سەرکـەوتووە کـە باسی زۆر

---

(١٣) کوردۆییف ك. ك. ڕێزمانی زمانی کوردی بەپێی کەرستە لە دیالێکتی کرمانجی‌و سۆرانی ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨ ل ــ ١٠٧ بە رووسی .

(١٤) ك. ڕ. ئەیوبی ، ی. ئا. سمیرنۆڤە دیالێکتی کوردی موکری لینینگراد ، ١٩٦٨ ل ــ ٤٥ ، ٤٦ بە رووسی .

گۆڤەرەکانی دیالێکتی ناوەندی زمانی کوردی دەکات‌و لەنێوانیاندا ڕۆڵی ڕاناوە لکاوەکان پیشاندەدات ... [١٥] •

نوری عەلی ئەمین لە هەردوو بەرهەمەکانیدا (ڕێزمانی کوردی) ...[١٦] و (ڕابەرێ بۆ ئیملای کوردی)... [١٧] دا باسی ڕاناوە لکاوەکان دەکات• لە کتێبی یەکەمدا باسی ئەوە دەکات ، کە ڕاناوە لکاوەکان دەتوانن ببن بە بکەر (فاعل)و بەرکارو دەلێ دەبێتە بەرکاری ناوو بەرکاری فرمانی یاریدەدراوی فرمانی بەهێز • هەروەها باسی ئەوەش دەکات ، کە ئەم ڕاناوە لەگەڵ چ فرمانێکدا بەکاردێن لێرەدا سێ فۆرمی فرمان پیشاندەدات • لە کتێبی دووەمدا باسی گیروگرفتی ڕاناوی لکاو دەکات لە نووسینداو باسی هەندێ حاڵەتی پێکەوەلکانی ئەم ڕاناوانە دەکات بەفرمانەوە •

مەسعوود محەمەد لە هەردوو بەرهەمەکانیدا (وردبوونەوە لە چەند باسێکی ڕێزمانی کوردی ... [١٨] )و (چەند حەشارگەیێکی ڕێزمانی کوردی...[١٩])دا باسی ڕاناوی لکاو دەکات• لە کاری دووەمیدا باسکردنی راناوی لکاو زۆر ئاشکراترە • لە باسکردنی لە کتێبی دووەمدا مامۆستای بەڕێز راناوە لکاوەکان دەخاتەروو وە بەشیان‌دەکات بە سێ بەشەوە : ڕاناوی کاری رابردووی تێپەڕ ، ڕاناوی دوای رابردووی تێپەڕو تێنەپەڕ ، ڕاناوی کۆتایی رابردووی تێنەپەڕ • من لەگەڵ ڕێزێکی زۆرم بۆ مامۆستای

---

(١٥) D. N. Mackenzie Kurdish dialect studies 1 London, 1961 P. 76.

(١٦) نوری عەلی ئەمین ڕابەرێ بۆ ئیملای کوردی ، بەغدا ، ١٩٦٦ ، ل ـ ٦٣ •

(١٧) نوری عەلی ئەمین ڕێزمانی کوردی ، سلێمانی ، ١٩٦٠ ، ل ـ ٩٠ •

(١٨) مەسعوود محەمەد وردبوونەوە لە چەند باسێکی ڕێزمانی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٤ •

(١٩) مەسعوود محەمەد چەند حەشارگەیێکی ڕێزمانی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٦ ل ـ ٩ •

هێژا مەسعوود محەمەد دەڵێم دابەشکردنی ڕاناو بەم سێ بەشە بەلای ڕاستیدا ناڕۆن ، چونکە بەلای منەوە بەشی یەکەم ڕاستەو بەشی دووەم ، کە ڕاناوی لکاوی (م) ئەویش هەر دەچێتە پاڵ یەکەمەوەو بە هیچ جۆر خۆی لێیان جودا ناکاتەوە جا بەمەوە یەکەمو دووەم دەبن بە یەکو دەچنە پاڵ یەکەوە . وە هی سێیەمیش هەروەك لەم ووتارەدا ڕوونم کردۆتەوە ڕاناوی لکاو نین ... [30] ، کە هەموو بەشی سێیەم دەگرێتەوە . بەمەوە بەشی سێیەم نامێنێو لایەتێکیش بەتەنها نابێ بە بەش . هەروا لە هەمان کتێبدا باسی ئەوەش دەکات ، کە ڕاناوەکان دەتوانن ببن بە کارا (فاعل)و بەرکار (مفعول) زۆر شتیش هەیە سەبارەت ڕاناوەوە باسی ناکات .

ئەندامانی لیژنەی زمانو زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد لە کتێبەکەیاندا (ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی ...[31])دا سەبارەت ڕاناوی لکاوەوە دواون ئەو ڕاناوەی ، کە ئێمە لەم وتارەدا بە ڕاناوی لکاوی دادەنێین ئەندامانی لیژنە بە وێنەی یەکەمی دەدەنە قەڵەم . دەڵێن ئەم شێوەیە بە بێ گیروگرفت لە کاری تێپەڕ ڕابردوودا بەکاردەهێنرێتو لە حاڵەتی «اضافە»شدا هەر بەمجۆرە دێنەوە لە ڕستەدا «پێڵاوم ، پێڵاوت... هتد» . بەڵام بە ڕای من ئەمانە لە حاڵەتی ئیزافەتدا نینو بەڵکو لە حاڵەتی تەمەلوکن . باسەکەیان سەبارەت ڕاناوە لکاوەکانەوە زۆر کەمە باسی هەموو لایەتێکی ڕاناوی لکاو ناکەنو زۆر بەکورتیان پیشانداوە .

ئەحمەد حەسەن ئەحمەد لە کتێبەکەیدا (ڕێزمانی کوردی...[32]) بە کورتی باسی ڕاناوە لکاوەکان دەکاتو دەڵێت دەچنە پشت هەموو جۆرە

---

(٣٠) بڕوانە لاپەڕە (٤٥٤)ی ئەم کارە .

(٣١) لیژنەی زمانو زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد ـ ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٦ ل ، ٣٧ ـ ٥٨ .

(٣٢) ئەحمەد حەسەن ئەحمەد ڕێزمانی کوردی ـ بەغدا ، ١٩٧٦ ل ، ١٥٩ ـ ١٦١ .

ناوێکی گشتیو بەرناسیکراو ••• باسەکە زۆر کەمەو باسی هەموو حاڵەتەکانی ڕاناوە لکاوەکان ناکات •

محەمەد مەعرووف فەتاح ووتارێکی بە ناوی «خۆیەتی لە زاری سلێمانیدا» لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد••• [23] بڵاوکردۆتەوە ، وتارەکە لەبارەی تەمەلوکە لە زاری سلێمانیدا • هەروەك نووسەری ووتار دەریخستووە ڕاناوە لکاوەکانی بە بەشی هەرگرنگ داناون ، کە تەمەلوك دەردەبڕنو بۆ تەمەلوك بەکاردێن • لەپاڵ ئەوەشەوە دەڵێت ئەم ڕاناوانە سێ خاسیەت دەنوێنن یەکەمیان تواناى تەمەلوکیو دووەمیان بوونیان بە کاراو بەرکار • سەرەڕای ئەوەش لە ووتارەکەدا دیاری خستووە ، کە ئەدمۆندسو مەکارۆس باسی ڕاناوی لکاویانکردووەو ئەوەیان پیشانداوە ، کە ئەم ڕاناوانە دەتوانن بۆ تەمەلوك بەکاربێنو لە چەند لایەکیشدا لیستەی ڕاناوە لکاوەکانی پیشانداوە • هەروا باسی هەندێ حاڵەتی جێگۆڕکێی ڕاناوە لکاوەکان دەکات لەناو ڕستەدا ، بەڵام لە باسەکەدا سەرکەوتوو نیە • ناتەواوی ووتارەکەش لەوەدایە ، کە ڕاناوە لکاوەکانی بە پاشگر داناون ، بێگومان ئەمەش هەڵەیەکی ڕێزمانی زۆر گەورەیە ، چونکە ڕاناو قەت نابێ بە پاشگرو ماوەی نێوان پاشگرو ڕاناوی لکاو ئاسمانو ڕێسمانە •

د• کوردستانی گیوی موکریانی لە ووتارەکەیدا بە ناوی «جۆرەکانی جێناوو دەوریان لە رستەی کوردیدا لە دیالێکتی کرمانجی خواروو و کرمانجی ژووروودا ، کە لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد بڵاوکراوەتەوە •••[24] » بە دوو لاپەڕە باسی ڕاناوە لکاوەکانی کوردی دەکات • سەبارەت دەوریان لە رستەدا قسەدەکاتو دەڵێت:ئەم ڕاناوە دەوری بەرکاری ڕاستەوخوو ناڕاستەوخوو دیارخەر دەگێڕێ، بەڵام لەوە لەگەڵی ڕێناکەوم،

---

(٢٣) گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد بەرگی حەوتەم ، ١٩٨٠• ل ، ١٦٢ — ١٩٥ •
(٢٤) هەمان سەرچاوە ، ل ، ٢٢٩ — ٢٤٢ •

که دەڵێت ، ڕاناوە لکاوەکان دەچنە سەر ڕاناوی (خۆ)و ڕاناوی خۆیی دروستدەکەن ، بەڵێ ڕاستە دەچنە سەر ڕاناوی خۆیی ، بەڵام ئەوە ڕاست نیە ، کە ڕاناوی خۆیی دروستدەکەن ، بەلکو (خۆ) هەر بەتەنێ ڕاناوی خۆیەو ڕاناوە لکاوەکان پێوەندیان بەوەوە نیە • هەروەك لە ووتارەکەدا دیارە بەڕێزان : (تۆفیق وەهبی ، مێجەر سۆن ، جەمال نەبەز ، مستەفا خرمدل لەبارەی ڕاناوی لکاوەوە قسەیان کردووە ... [٣٥] ) •

مامۆستا سەعید سدقی کابان لە بەرهەمەکەیدا « مختصر صرف‌و نحوی کوردی ... [٣٦] » باسی ڕاناوە لکاوەکان دەکات‌و ناویان دەنێ بە ڕاناوی ئاشکرا • هەروا باسی ئەوەش دەکات ، کە ڕاناوە لکاوەکان دەبن بە کارا ، بەرکارو موزافئیلەیهی • بەلام بەڕای ئێمە ڕاناوە لکاوەکان نابن بە موزافئیلەیهی ، بەلکو لەشوێنی ئەودا دەبن بە دیارخەر • ئەوەش دەڵێن ، کە ڕاناوە کەسیەکان بە بەرکارەوە دەلکێن ، بەلام هەموو حاڵەتەکانی پێوە لکاندن باس ناکات •

منیش لە نامەی دکتۆرای خۆمدا ، کە ئێستا وەرمگێڕاوەتە سەر زمانی کوردیو لەچاپیدەدەن باسی ڕاناوە لکاوەکانم کردووەو دەرمخستووە ، کە ڕاناوە لکاوەکان دەتوانن‌ببنە ڕاناوی ناوی دیارخراو ... [٣٧] و جێی‌ناوی دیارخراو بگەڕنەوە ، کەرستەی شوێن‌کەوتووی دیارخەریان

---

(٢٥) بەداخەوە بەرهەمی ڕێزمانی ئەم زاتانەم لە بەردەست نیە ، تا بزانم چیان لەسەر ڕاناوی لکاوەوە نووسیووە . لە وتارەکەشدا باسی ئەوە نەکراوە.

(٢٦) سەعید سدقی کابان مختصر صرف‌و نحوی کوردی ، بەغدا ، ١٩٢٨ ل، ٢٨ — ٣٠ .

(٢٧) ناوی دیارخراو : ئەو ناوەیە ، کە لە ڕستەی سەرەکیدایەو ڕستەی شوێن‌کەوتووی دیارخەری دەگەڕێتەوەسەر بۆنموونە : دوێنێ سەردانێکی ئەو **برادەر**ەم کرد ، کە پێکەوە زانستگامان تەواوکردبوو . ووشەی «برادەر» ناوی دیارخراوە .

... (٢٨) دەگەڕێتەوە سەر لەناو رستەی لێکدراوی شوێن‌کەوتووخواز ...(٢٩) و نوێنەرایەتی ئەو دەکەن ، هەروا بەم‌پێیە باسی ئەوەم کردووە ، کە ڕاناوە لکاوەکان دەتوانن جۆرەها وەزیفە ببینن لەناو رستەی شوێن‌کەوتووی دیارخەریدا شوێنیانم لە ناو ڕستەدا بەڕوونی دەخستووە . ئەم حاڵەتەی ڕاناوی لکاو لەلایەن هیچ ڕێزمان نووسێکی کوردو غەیری کورد باس نەکراوە ... (٣٠) .

## ٣ـ ئەرکی ڕاناوی لکاو لەناو ڕستەدا ... (٣١)

ڕاناوە لکاوەکان لەناو ڕستەدا وەکو ڕاناوە کەسیەکانی جودا ڕۆڵێکی سینتاکسی گرنگ دەبینن بەوەی ، کە دەتوانن دەوری جۆرەها بەش لە بەشەکانی ڕستەدا بگێڕن . بەمەوە ڕاناوە لکاوەکان دەبنە فاعیلی مەنتیقیو بەرکاری یەکسەرو نایەکسەرو ئاوەڵکارو دیارخەری تەمەلوکیو ڕاناوی ناوی دیارخراو .

---

(٢٨) رستەی شوێن‌کەوتووی دیارخەری ـ الجملة التابعة الوصفية ـ Atributive Clause ئەو رستەیەیە ، کە دەگەڕێتەوە سەر ووشەیێك لەناو ڕستەی سەرەکیداو دیاری‌دەخات . بۆنموونە : دوێنێ سەردانێکی ئەو برادەرەم‌کرد ، کە پێکەوە زانستگامان تەواوکردبوو . ڕستەی «پێکەوە زانستگامان تەواوکردبوو» رستەیێکی شوێن‌کەوتووی دیارخەری‌یەو ووشەی «برادەر» دیاردەخاتو دەگەڕێتەوە سەر .

(٢٩) رستەی لێکدراوی شوێن‌کەوتووخواز : رستەیێکە لە دوو ڕستە پێك‌هاتووە یەکێکیان سەرەکیو ئەوی‌تریان شوێن‌کەوتوو ، هەردووکیان بەیارمەتی ئامرازی گەیەنەر پێکەوە دەبەسترێنەوە .

(٣٠) رستەی لێکدراوی شوێن‌کەوتووخواز لەگەڵ رستەی شوێن‌کەوتووی دیارخەری لە دیالێکتە ناوەندی‌یەکانی زمانی کوردیدا ، دەستنووس .

(٣١) لێرەدا باسی راناوی لکاوی (ێ) ناکەین ، چونکە بەدرێژی باسکراوە لەم ووتارەدا . بڕوانە ل ، (٤٥٥ ـ ٤٥٩) .

١ ـــ ڕاناوە لکاوەکان فاعیلی مەتتیقین لە ڕستەدا :

نموونە بۆ ئەوە لە ئاخافتنی کوردیو شێوەی ئەدەبی کوردیدا زۆرە ، وەکو :

× دوێنێ دوو نامەم نووسین .
× ئاگادار بووم ، کە پازدە کیلۆ گۆشت**ت** کڕین .
× جووتیارەکە پارچە زەویەکە**ی** فرۆشتەوە .
× هەموو کتێبەکان**مان** هێنانەوە .
× سەرسام بووم بەوەی ، کە زووبەزوو گەنم**تان** دوریەوە .
× هێرشی**یان** هێنایە سەر خەڵکی بێتاوان .

٢ ـــ ڕاناوە لکاوەکان بەرکاری یەکسەرن لە ڕستەدا :

× ڕاکشامە سەر زەویەکە نەبادا **بم**بینن .
× باوك بە کوڕەکەی ووت ، کوڕم هەرکە ژەندورمە هاتن یەکسەر خۆت بشارەوە دەنا دەتگرن .
× زۆر هەوڵمدا بی‌دۆزمەوە ، بەڵام نەمدۆزیەوە .
× با خۆیان لێ تووڕە نەکەین ، نەوەکو لەوێ**مان** دەهێڵنەوە ،
× بەڵێنمان داوە ، کە لە هەموو شت **بتان**پارێزین .
× ئەگەر لەبەر تۆ نەبێ دە**یان**کوژم .

٣ ـــ ڕاناوە لکاوەکان بەرکاری نایەکسەرن لە ڕستەدا :

لێرەدا ڕاناوە لکاوەکان لەگەڵ ئامرازەکانی (بۆ ، پێ ، لێ ، لەگەڵ) بەکاردەهێنرێن و ئەرکی بەرکاری نایەکسەر دەگێڕن ، نموونەش بۆ ئەمە زۆرە ، وەکو :

× زۆر هەوڵی دا **بۆم** بێنێ ، بەڵام نەیتوانی .
× پێم‌ووتووی ، کە **بۆت** دەکڕم .
× ئایا ئەو ڕازیە ، کە **بۆی** بنێرم ؟
× ڕێگات دەدەینێ ، **بۆمان** ڕوون‌کەیتەوە .
× حەزدەکەم **بۆتان** دووپات بکەمەوە .
× نەیتوانی **بۆیان** ڕازی بکات .

ب) ڕاناوە لکاوەکان لەگەڵ ئامرازی «پێ» :

× **پێم**دەڵێن مەحبووبە خێڵو قیچە مەیلی شەڕ دەکا
خێڵو قیچە یا تەرازووی نازی نەختێ سەردەکا
( دیوانی نالیو فەرهەنگی نالی ، ل ــ ٥٤)

× **پێت**ڕادەگەیەنین ، کە نیازمان چییە .
× هەرچی هەیەو نیە **پێی**دەڵێم .
× هەرچی پێویست بوو **پێمان** ووترا .
× **پێتان** ڕادەسپێرین .
× **پێیان** نیشاندەن ، کە ئێمە لەکوێ دەژین .

ج ) ڕاناوە لکاوەکان لەگەڵ ئامرازی «لێ» :

شاعری کورد دەڵێ :

× **لێم**گەڕێن با گۆشەگیر بم دەستئەژنۆ کەفزەنان
گێژەڵۆکەی بای نەدامەت تاریکرد صفحەی جیهان
× چاوی من بەحری موحیتی تۆبە بۆ دەفعی گەزەند
**لێت** موعەیین بێ ، کە (نالی) گوڵ بە دڵ پەرژین دەکا
(دیوانی نالیو فەرهەنگی نالی ، ل ــ ٥٥)

× **لێی**مەدەن ، چونکە ساوایە .
× **لێمان** مەگرن .
× ئێمە **لێتان** قەبوول دەکەین .
× **لێیان** ببورن ، چونکە بەدەست خۆیان نەبوو .
× زۆرم پێ ووتن ، بەڵام **لەگەڵم** نەهاتن بۆلای دختۆر .
× گەلێك حەزدەکەم ، **لەگەڵت** بێم بۆ ئەوێ .
× تکایە **لەگەڵی** بڕۆن نەوەکو ڕێگا پێ نەزانێ .
× فەرموون **لەگەڵمان** دانیشن با دوو قسە بکەین .
× پێمانخۆشە **لەگەڵتان** کات بەسەربەرین .
× **لەگەڵیان** ناچم بۆ سەیران .

٤ ــ ڕاناوە لکاوەکان ئاوەڵکارن لە ڕستەدا :

لێرەدا هەر بەتەنێ ڕاناوێ لکاوی کەسی سێیەمی تاك (ی)و کەسی

سیەمی کۆ (یان) بەکاردێـت بەیارمەتی ئامرازەکانی (لێ ، تێ ، لێـوە) ، بۆنموونە :

- × **تێی** بخزێنیت .
- × **لێی** بوەستێن .
- × **لێوەی** هاتە دەرەوە .

٥ ــ ڕاناوە لکاوەکان دیارخەرن لە ڕستەدا :

ڕاناوە لکاوەکان لەم ئەرکەیاندا بەزۆری تەمەلوك دەگەیەنن ، بۆنموونە:

- × کوڕ**م** ناوی کارزانە .
- × ڕەقیبو موددەعی فیتنەو عەلاقەی چاوی جادووتن .
  لە گۆشەی گوێشوار**ت** نابێ هارووتو مارووتن
(دیوانی نالیو فەرهەنگی نالی ، ل ــ ٨١)
- × باوو**کی** مامۆستایە لە قوتابخانەکەماندا .
- × زانستگاکە**مان** دوو بەشی کوردی تێدایە .
- × کتێبەکە**تان** کەوتە بازاڕەوە .
- × مال**یان** لەسەر گردی تۆپێیە .

لە هەندێ ڕستەدا دیاردەی دیارخەرایەتی گـاشکراترە لە دیـاردەی تەمەلوك ، بۆنموونە :

- × وەسیلەی گەینە شارت کێیە (بێخود)
  کە چەشنی حەلقە بەردەرگانە ئەگری
(دیوانی بێخود ، ل ــ ١١١)
- × کە پێی هێنایە باغی **دلمە**وە یارم بە دەستی ناز
  گولی سەبری چنی یەك دەفعە ئەو بێڕەحمە گولچینە
- × لە تەحریکی مەکینە هاتە گوێم دەنگێ بەسۆز ئەیووت
  خوا بمکەی فیدای ئەو ساعیدو ساقی بلوورینە
(دیوانی بێخود ، ل ــ ٩١)

٦ ــ ڕاناوە لکاوەکان ڕاناوی ناوی دیـارخراوی ڕسـتەی لێـکدراوی شوێنکەوتووخوازن :

لەم جێگەیەدا ڕاناوە لکاوەکان دەکەونە ناو ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری‌و لەوێدا جێی‌ناوی دیارخراو دەگرنـەوە ، کە لەنـاو ڕسـتەی سەرەکیدایە بەمەوە ڕۆڵێکی سینتاکسی‌و مورفۆلۆژی هێجگار گرنـگ دەگێڕن ، بۆنموونە :

× زۆر بێزی لە ڕەوشتی ئەو قەومانە هاتۆتـەوە ، کە ویستویانـە داگیریان‌کەن .
(مێژووی ئەدەبی کوردی ل ـ ٤٣)

× گوێی لە هەموو ئەو قسانەیە ، کە کاکەی سەر ئێستکە ئەیانگێڕێتەوە .
(جەنگاوەرێکی ڤێتنامی)

× چۆن وێرایت لەسەر ئەو ماسیە زیاد بکەیت ، کە پیاوەکەی مـن ئەیویست بیکڕێت .
(مێژووی ئەدەبی کوردی ، ل ـ ٦٧١)

× ئەمانە ، کە ئەوان پێیان‌ئەڵێن گۆران‌و لە کوردیان جیائەکەنەوە هەر کوردن‌و هیچ جیاوازیەك لەبەینیانا نی‌یە .
(مێژووی ئەدەبی کوردی ، ل ـ ٥٣)

## ٤ـ شوێنی ڕاناوی لکاو لەناو ڕستەدا

ئەگەر لە ناوەڕۆکی ڕستەی کوردی وردبینەوە ئەم بەشانەی تێدایـە (فاعل ، بەرکاری یەکسەر ، بەرکاری نایەکسەر ، دیارخەر ، ناو ، ڕانـاو ، پێشگر ، ئامراز ، خەبەر ، کە دوو بەشـە بەشێکیان خـودی فرمـانەو بەشەکەی‌تریان فرمان‌و ناوە) ئێمە لێرەدا سەبارەت خەبەری خودی فرمـان دەدوێین . بەپێی سەرەوە ناواخنی ڕستەی کوردیمـان بۆ ڕوونبـووەوەو کەوتە پێش‌چاو . جا لێرەدا ، کە بە چاوی تۆژینەوە سەیری ڕستەی کوردی دەکەین شوێنی ڕاناوە لکاوەکانمان بەتەواوی بۆ دەردەکەوێ . کۆڵینەوە لە ڕستەی کوردی بە ڕوونـی پیشانمـان‌دەدات ، کـە ڕانـاوە لـکاوەکان بەم‌بەشانەی خوارەوەی ڕستە دەلکێن :

١ـ فاعیل ٢ـ بەرکاری یەکسەر ٣ـ بەرکاری نایەکسەر ٤ـ دیارخەر ٥ـ ناو ٦ـ ڕاناو ٧ـ ئامراز ٨ـ فرمانی خەبەری ڕستە ٩ـ ئاوەڵکار •

١) ڕاناوە لکاوەکان بە فاعیلی ڕستە دەلکێن ، بۆنموونە :

**ڕیشەکەی** پان‌و درێژە بووریا خزمەت‌دەکا
زاهیرە هەرکەس لە تووڵ‌و عەرزی ریشی‌دا ڕیا
(دیوانی نالی‌و فەرهەنگی نالی ، ل ـ ٤٢)

گەر فاعیل ناوێکی ناسراو بوو ، ڕاناوە لکاوەکان بە ئامرازی ناسراوی دەلکێن ، بۆنموونە :

× تەلەبی سینەیی چاکم مەکە بەوچاوانە
سینە**کەم** چاکە بە ئینسانی خەراپی نادەم
(دیوانی نالی‌و فەرهەنگی نالی ، ل ـ ٧٣)
× شەوبۆی سەری سونبولی زولفت لە سەری دام
ئێستەش سەرە**کەم** مەستە لەبەر نەشئەیی شەوبۆ
(دیوانی نالی‌و فەرهەنگی نالی ، ل ـ ٩٠)

زۆرجار وادەبێ فاعیل چەند دیارخەرێکن‌و کۆمەڵـەی سـینتاکسی لەنێوان خۆیان پێک‌دێنن ، جا لێرەدا ڕاناوە لـکاوەکان بەدوا دیـارخەری کۆمەڵەکەوە دەلکێن • بۆنموونە :

خاکی بەری **پێت** هەم گلە هەم گوڵ بە سرێشکم
وەختی غەم‌و شادی ئەوە کردوومە بەسەردا
(دیوانی نالی‌و فەرهەنگی نالی ، ل ـ ٤٥)

٢) ڕاناوە لکاوەکان بە بەرکاری یەکسەری ڕستە دەلکێن ، بۆنموونە :

گوتم : ئایا بە زاری خۆت دەپرسی حاڵی زاری من
**برۆی** هێنایە یەک وەک شکڵی «لا» یەعنی کە بێزارم
(دیوانی نالی‌و فەرهەنگی نالی ، ل ـ ٧٥)

ئەگەر بەرکاری ڕستە دیارخەری هەبوو ، ئەوە ڕاناوە لکاوەکان بە دیارخەر دەلکێن ، بۆنموونە :

تالبی لێوبن‌و حەلقەی زولفمان پیشان‌دەدا
ڕەهرەوی میسرین‌و ئەو ڕوومان لە مولکی چین دەکا
(دیوانی نالی‌و فەرهەنگی نالی ، ل ــ ٥٤)

زۆرجار وادەبێ بەرکاری یەکسەر پتر لە دیارخەرێکی هەیە ئەوسا ڕاناوە لکاوەکان بەدوا دیارخەرەوە دەلکێن •

ئەلا ئەی نازەنین ئاهوو بە ئاهوو
**دڵی سەییادی خۆت** هێنایە لەرزە
(دیوانی نالی‌و فەرهەنگی نالی ، ل ــ ٩٦)

ئەگەر بەرکاری یەکسەر ناوێکی نەناسراو بوو ، ڕاناوە لکاوەکان بە کۆتایی ئامرازی نەناسراوەوە دەلکێن ، کە دەکەوێتە دوای بەرکار ، بۆنموونە :

دەفتەری ئەعمالی من بێ‌قەترەیێکی رەحمەتت
کەی بە سەد زەمزەم سیاهی نوقتەیێکی لێ دەشۆم
(دیوانی نالی‌و فەرهەنگی نالی ، ل ــ ٧٣)

ئەو ڕاناوە لکاوانەی ، بە بەرکارەوە دەلکێن بەزۆری فاعیلی مەنتیقی ڕستەن ، بۆنموونە :

ئەستێرە هەموو مەحوە لەنێو نووری قەمەردا
یا شەمسی جەمالت شەوی گیراوە بەفەردا
(دیوانی نالی‌و فەرهەنگی نالی ، ل ٤٥)

هەروا ئەو ڕاناوە لکاوانەی ، کە بە بەرکاری ڕستە دەلکێن دەتوانن دیارخەری تەمەلوك بەخش بن لەناو ڕستەدا ، بۆنموونە :

ئەگەر دڵ غەیری حوببی تۆی تیا بێ
بە دەستی خۆت دڵم دەربێنە قوربان
(دیوانی نالی‌و فەرهەنگی نالی ، ل ــ ١٥)

٣ ) ڕاناوە لکاوەکان بە بەرکاری ناڕاستەوخۆی ڕستە دەلکێن ، بۆنموونە :

نەمبیستووە هەرگیز **لە دەمت** بێنی وەفایێ
هەرچەندە سەراپا گوڵی ئەمما گوڵی هێرۆ
(دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی ، ل ــ ٩٠)

شەوبۆیی سەری سونبولی زولفت **لە سەری** دام
ئێستەش سەرەکەم مەستە لەبەر نەشئەی شەوبۆ
(دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی ، ل ــ ٩٠)

من **لەوانەم چی** کەوا ئەهلی وەسیلەی مەسئەلەن
عامیل و ناچارو مەعزوور ئەر بڵێن هەر بێنە بۆم
(دیوانی نالی و فەرهەنگی نال ، ل ــ ٧٣)

ڕاناوە لکاوەکان دەتوانن بە بەرکاری ناڕاستەوخۆی ڕستەش بلکێن ، بۆنموونە :

عەیب و لەعبی خەلقی کرد تا یاری خستە داوی خۆی
خەسمەکەی من کەلبی ئاهووگیرە خیرسی لاعیبە
(دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی ، ل ــ ٩٢)

ئەگەر بەرکاری ناڕاستەوخۆ دیارخەری هەبوو ڕاناوە لکاوەکان **بەدیارخەرەوە دەلکێن** ، بۆنموونە :

دڵم بەردە ئەگەر شاخە بە چاوی سووکی مەڕوانێ
بەخۆڕایی نەسووتاوە ئەمیشە کێوی تووریکە
(دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی ، ل ــ ٩٨)

٤ ) ڕاناوە لکاوەکان بە دیارخەر دەلکێن ، بۆنموونە :

تەلەبی سینەیی **چاکم** مەکە بەوچاوانە
سینەکەم چاکە بە ئینسانی خەرابی نادەم
(دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی ، ل ــ ٧٣)

کە هاتی تیغی **بێزاریت** لەسەر دام
سەری خۆم خود بەخود هەلگرت و ڕۆیم
(دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی ، ل ــ ٧٥)

گەر ناوی دیارخراو کۆمەڵە دیارخەرێکی هەبوو ، ئەوە ڕاناوی لکاو بە دیارخەری کۆتایی دەلکێ ، بۆنموونە :

حەنایی کردووە پەنجەی بە خوێناوی دڵی زارم
ئەمە ڕەنگی شەهادەت بێ ، کە کوشتەی دەستی دڵدارم
(دیوانی نالی‌و فەرهەنگی نالی ، ل — ٧٥)

٥ ) ڕاناوە لکاوەکان بە ناو دەلکێن لەنێو ڕستەدا ، بۆنموونە :

**زولفت** بە **قەدت**دا کە پەریشان‌و بڵاوە
ئەمڕۆ لە منی شیفتە ئاڵۆزو بەداوە
(دیوانی نالی‌و فەرهەنگی نالی ، ل — ١٦)

قیمەتی ماچی دووسەد کیسەیی ساغەو نیمە
غەیری یەك کیسەیی سەد پارە لە **گیرفانم**دا
(دیوانی نالی‌و فەرهەنگی نالی ، ل — ٤٦)

خاکی بەری **پێیت** هەم گلە هەم گوڵ بە سریشکم
وەقتی غەم‌و شادی ئەوە کردوومە بە سەردا
(دیوانی نالی‌و فەرهەنگی نالی ، ل — ٤٥)

زۆرجار وادەبێت ناوەکە ناوێکی موجەڕەدە (ئەبستراکت) بەیارمەتی ئامرازی (ی) جا لێرەدا ڕاناوە لکاوەکان بە نیشانەی (ی) موجەڕەد دەلکێن ، بۆنموونـــە :

غەم دەڵێ : (نالی) کە **غەمخواریم** دەکا
ناعیلاجم من بەنی‌نادەم دەخۆم
(دیوانی نالی‌و فەرهەنگی نالی ، ل — ٧٤)

کە هاتی تیغی **بێزاریت** لە سەر دام
سەری خۆم خودبەخود هەڵگرت‌و ڕۆیم
(دیوانی نالی‌و فەرهەنگی نالی ، ل — ٧٥)

٦ ) ڕاناوە لکاوەکان بە ڕاناوی‌تر دەلکـێن لەنێو ڕستەدا ، لێرەدا دەتوانن بە ڕاناوی کەسی جودا بلکێن ، وەکو (من ، تۆ) وە بە ڕاناوی لـــکاو وەکو (م) وە ڕاناوی نیشانە وەکو (ئەوانە) وە بە ڕاناوی خۆیی • هەروەك لەم نموونانەی خوارەوە دیارە :

هەتا **تۆم** ئاشنا بووی ئاشنام بوون
ئەمێستا مووبەموو ئەغیارە بێ تۆ
(دیوانی نالی‌و فەرهەنگی نالی ، ل ــ ٩١)

ئەو چاوە غەزالە فەتەراتی سەرو ماڵە
ئەو نێرگسە کاڵە نە **منی** هێشت‌و نە کاڵا
(دیوانی نالی‌و فەرهەنگی نالی ، ل ــ ٤٩)

دەچێ بۆلای ڕەقیب خۆشە وەلێ ئەو داخە کوشتوومی
لەلای ئەو چەندە مەجبوورە لەکن من چەندە مەغروورە
(دیوانی نالی‌و فەرهەنگی نالی ، ل ــ ٩٤)

ڕستەکانی سەرەوە پیشانماندەدەن ، کە ڕاناوە لکاوەکان بە ڕاناوی‌تر لکاون وەکو (تۆ ، من ، م) هەروا دەشتوانێ بە ڕاناوی نیشانەش بلکێن • بۆنموونە :

من **لەوانەم** چی کەوا ئەهلی وەسیلەی مەسئەلەن
عامیل‌و ناچارو مەعزوور ئەر بڵێن هەر بێنە بۆم
(دیوانی نالی‌و فەرهەنگی نالی ، ل ــ ٧٣)

ئەی جامیعی دونیاو قیامەت بە خەیاڵات
ئەو ڕۆژە کە مردی ، نە **ئەووت** بوو نە **ئەمت** بوو

هەروا ڕاناوە لکاوەکان دەتوانن بە ڕاناوی خۆییش بلکێن • بۆنموونە:

بەندی ئەزەل بە خەتی **خۆی** قابیلی قیسمەتێ بووە
ئێستە بە ئیقتیزای عەمەل جێگەیی خۆی تەلەب دەکا
(دیوانی نالی‌و فەرهەنگی نالی ، ل ــ ٥٣)

عەزیزم دڵ‌ڕەقە **خۆم** فەردو تەنهام
دەترسم بمکوژێ ئەم دەردە بێ تۆ
(دیوانی نالی‌و فەرهەنگی نالی ، ل ــ ٩٠)

٧ ) ڕاناوە لکاوەکان بە ئامرازی ناو ڕستە دەلکێن • ئەم ئامرازانە لەناو ڕستەدا ڕۆلی دروستکردنی بەرکاری نایەکسەر دەگێڕن جا لەبەرئەوە ڕاناوە لکاوەکان لە وەزیفەی بەرکاری یەکسەرو نایەکسەرو فاعیل دەبن بەمەرجێ بەرکاری یەکسەرو نایەکسەر لە ڕستەدا نەبێت • ئامرازەکانی ئێرەش ئەمانەن : (تێ ، پێ ، لێ ، بۆ) • سەرەڕای

ئەمانەش لەگەڵ ئامرازەکانی نەفیو دروستکردنی کاتی ئێستاو فرمانی داخوازی دێنو پێیانەوە دەلکێن ، وەکو ئامرازەکانی : (نە ، نا ، مە ، ب ، دە) نموونەش بۆ ئەمە لە زمانی ئەدەبی ئەمڕۆی کوردیدا زۆرە •

ا ــ ڕاناوە لکاوەکان بە ئامرازی «پێ» دەلکێن :

بڕۆت هەر چینو پەرچەم چین لەسەر چین
ئەوەندە چینە قوربان پێم بڵێ چین
(دیوانی نالیو فەرهەنگی نالی ، ل ــ ٨٦)

ب ــ ڕاناوە لکاوەکان بە ئامرازی «تێ» دەلکێن :

دەسرۆکەیی هەوری چیجابێکە کە تێیدا
شمس فلك الحسن انارت فتوارت
(دیوانی نالیو فەرهەنگی نالی ، ل ــ ٥٩)

جـ ) ڕاناوە لکاوەکان بە ئامرازی «لێ» دەلکێن :

لێم حەرامە دانەوو ئاوی حەماماتی حەرەم
من کە بازی دیدەبازم نەك شەوارەی دەستەمۆم
(دیوانی نالیو فەرهەنگی نالی ، ل ــ ٧٣)
حەلقە دەرگوشی کەفی ڕەنگینی تۆیە ئەم دەفە
با نەناڵێ لێیمەدە عەن لەتمیهی کوففەلکەفە
(دیوانی نالیو فەرهەنگی نالی ، ل ــ ٩٦)

د ) ڕاناوە لکاوەکان بە ئامرازی «بۆ» دەلکێن :

کەعبە ئیشراقی وەکو خورشیدە من چاوم زەعیف
لێم بووە ڕەوشەن ، کە بوعدی قوربە قوربی بوعدە بۆم
(دیوانی نالیو فەرهەنگی نالی ، ل ــ ٧٣)
من لەوانەم چی کەوا ئەهلی وەسیلەی مەسئەلەن
عامیلو ناچارو مەعزوور ئەر بڵێن هەر بێنە بۆم
(دیوانی نالیو فەرهەنگی نالی ، ل ــ ٧٣)

هـ ) ڕاناوە لکاوەکان بە ئامرازی «نە» دەلکێن :

قیمەتی ماچی دووسەد کیسەیی سافەو **نیمە**
غەیری یەك کیسەیی سەدپارە لە گیرفانمدا
(دیوانی نالی‌و فەرهەنگی نالی ، ل ــ ٤٦)

**نەمبیستووە** هەرگیز لە دەمت بێنی وەفایێ
هەرچەندە سەراپا گوڵی ئەمما گوڵی هێرۆ
(دیوانی نالی‌و فەرهەنگی نالی ، ل ــ ٩٠)

تا پێ‌نەکەنی گوڵ بە دەمی بادی سەباوە
**نەمگوت** کە شەوێ بلبلی بێ‌چارە حەقی بوو
(دیوانی نالی‌و فەرهەنگی نالی ، ل ــ ٨٩)

و ) ڕاناوە لکاوەکان بە ئامرازی «ب» دەلکێن :

شیققەی فەلەکولئەتلەسی ئەستوونەیی زەڕڕین
بێ **بیکە** بە تارای سەرو ترکەی خەزو والا
(دیوانی نالی‌و فەرهەنگی نالی ، ل ــ ٤٩)

سەر بەردەبازی ڕێتە ، تەن ، تەختەبەندی جێتە
دڵ مەیلی خاکی پێتە ڕووح مالی خۆتە **بیبە**
(دیوانی نالی‌و فەرهەنگی نالی ، ل ــ ٩٣)

**هەردوو نموونەکانی** سەرەوە وامان پیشـــاندەدەن ، کە فرمانــەکان **لەکاتی داخوازین ، هەروا** دەشبێ فرمانی ئینشایی بن ، بۆنموونە :

عەزیزم دڵ‌ڕەقە خۆم فەردو تەنهام
دەترسم **بکموژێ** ئەم دەردە بێ تۆ
(دیوانی نالی‌و فەرهەنگی نالی ، ل ــ ٩١)

ز ) ڕاناوە لکاوەکان بە ئامرازی «دە ــ ئە» دەلکێن :

دوێنێ چ‌بوو **دەتدا** بە زمان لافی کەرامەت ؟
دونیا کە لەکن خۆت حەرەمی موحتەرەمت بوو
(دیوانی نالی‌و فەرهەنگی نالی ، ل ــ ٨٧)

هێندە پێم خۆش بوو زمانی حالی **دەیگوت** نالیا
هەردو حەیوانین ، ئەتۆ گوێ کورت‌و ئەمنیش گوێ درێژ
(دیوانی نالی‌و فەرهەنگی نالی ، ل ــ ٦٥)

٨ ــ ڕاناوە لکاوەکان بە فرمانی خەبەری ڕستە دەلکێن • لێرەدا فرمانەکان دەبێ لەکاتی رابردوودا بن‌و تێپەڕ بن • وە بەمەرجێ کە لەناو ڕستەدا بەرکاری یەکسەرو نایەکسەر نەبێ •

تەواو بوو ئینتیخابی شیعری (نالی)
لە تازەو کۆنە هەرچی بووبێ **نووسیم**
(دیوانی نالی‌و فەرهەنگی نالی ، ل ــ ٧٥)

ئەهلی تەعدادو موحاسیب **نووسیان**
خاڵ یەك‌و زولفی دووان هەردوو سیان
(دیوانی نالی‌و فەرهەنگی نالی ، ل ــ ٨٠)

عومرێکە بە میزانی ئەدەب توحفە**فرۆشم**
زۆرم گوت‌و کەس تێ‌نەگەیی ئێستە خەمۆشم
(دیوانی نالی‌و فەرهەنگی نالی ، ل ــ ٧٧)

ئەلا ئەی ئاسکی ئاسك بە باسك
**شکاندت** گەردەنی سەد شێری شەرزە
(دیوانی نالی‌و فەرهەنگی نالی ، ل ــ ٩٦)

شوکر (نالی) سەری خەسمت وەکو گۆ
بە خواری نەك بە یاری دایە بەر شەق
(دیوانی نالی‌و فەرهەنگی نالی ، ل ــ ٦٩)

گوتم : ئەی ماه ! دڵەکەی من بە دڵی خۆت بکرە
**گوتی** : من بەردی بەقیمەت بە کەبابی نادەم
(دیوانی نالی‌و فەرهەنگی نالی ، ل ــ ٧٢)

خاکی بەری پێت هەم گڵە هەم گوڵ بە سرێشکم
وەختێ غەم‌و شادی ئەوە **کردوومە** بەسەردا
(دیوانی نالی‌و فەرهەنگی نالی ، ل ــ ٤٥)

ئەگەر هاتو فرمانی خەبەری ڕستە فرمانێکی لێکدراو بوو ئەوسا ڕاناوە لکاوەکان بە بەشی ناوی فرمانەکە دەلکێن • نموونە بۆ ئەمە لە زمانی کوردیدا زۆرن ، وەکو :

عومرێکە بە میزانی ئەدەب توحفەفرۆشم
**زۆرم** گوت‌و کەس تێ‌نەگەیی ئێستە خەمۆشم

(دیوانی نالی‌و فەرهەنگی نالی ، ل ــ ٧٧)

## ٥ــ جێ‌گۆڕکێی ڕاناوە لکاوەکان لەناو ڕستەدا

لەباسی نمرە چواردا بۆمان دەرکەوت ، کە ڕاناوە لکاوەکان بە کامە بەش لە بەشەکانی ڕستە دەلکێن ... (٣٢) بەڵام ئەو جێگایانەی ڕاناوە لکاوەکان لەناو ڕستەدا چەسپاو نین‌و جێی خۆیان‌و شوێنی خۆیان لە ڕستەدا دەگۆڕن . ئەمەش ئەم لایەنانەی خوارەوەیان هەیە :

١ ــ ئەگەر ڕاناو فاعیلی مەتنیقی بوو هەر بە بەرکاری ڕستە دەلکێت ، بەڵام گەر بەرکاری ڕستە دیارخەرێک‌یان چەند دیارخەرێکی هەبوو ئەوە ڕاناوەکە بە دیارخەرەوە دەلکێت ، بۆنموونە :

× دەنگی تاریخی **کوردی** گەیاندە عالەم .

( مێژووی ئەدەبی کوردی )

٢ ــ ئەگەر بەرکاری یەکسەر لەناو ڕستەدا نەبوو ڕاناو شوێنی خۆی دەگۆڕێ‌و بەرکاری یەکسەر دەلکێت . بۆنموونە :

× لە **شتیان** کۆڵیوەتەوە .

(مێژووی ئەدەبی کوردی ، ل ــ ٣٦)

٣ ــ ئەگەر لەناو ڕستەدا نە بەرکاری یەکسەرو نە هی نایەکسەر هەبوون ڕاناوە لکاوەکان شوێنی خۆیان دەگۆڕن‌و بە فرمانی تێپەڕی سادە دەلکێن ، بۆنموونە :

× لە قوژبنێکی چایخانەکەدا دانیشتبوو **ئەی‌نووسی** .

---

(٣٢) بڕوانە لاپەڕە (٤٦٩ ــ ٤٧٨)ی ئەم کارە .

٤ ــ ئەگەر فرمانی ڕستە فرمانێکی پێشگردار بوو ڕاناوە لکاوەکان شوێنی خۆیان دەگوازنەوە بۆسەر پێشگری فرمانی پێشگردار • بۆنموونە :

× **هەڵی**کوتایە سەر وڵاتەکەی

(چیرۆکەکانی مەم ، ل ــ ١٣٠)

٥ ــ ئەگەر فرمانی ڕستە فرمانێکی لێکدراو بوو ڕاناوە لکاوەکان شوێنی خۆیان دەگوازنەوە بۆسەر بەشی ناوی فرمانی لێکدراو • بۆنموونە :

× لە مێشکی ئەو شاعرە **دەنگی** داوەتەوە •

(مێژووی ئەدەبی کوردی ، ل ــ ٨٢)

٦ ــ ئەگەر نە بەرکاری یەکسەرو نە بەرکاری نایەکسەر لە ڕستەدا هەبوو فرمانی ڕستەش فرمانێکی سادەی تێپەڕ بوو ڕاناوە لکاوەکان شوێنی خۆیان دەگوازنەوە بۆ سەر کۆتایی فرمان ، بۆنموونە :

× لە بەندیخانەدا **دیویانەو** ئەیناسن •

(جەنگاوەرێکی فیێتنامی ، ل ــ ٤٧)

٧ ــ ئەگەر ڕاناو بەرکاری یەکسەر بوو ڕاناو هەر بە بەرکاری نایەکسەر دەلکێت ، بەڵام بە نەبوونی بەرکاری نایەکسەر ڕاناو بە پیتی پێش فرمانی تێپەڕ دەلکێت • بۆنموونە :

× لە عالەمی ئیمڕۆدا **ئەیانبینی** •

(چیرۆکەکانی مەم ، ل ــ ١٤١)

٨ ــ ڕاناوی بەرکاری نایەکسەر هەر بە بەرکاری یەکسەر دەلکێت • لێرەدا ئەگەر بەرکاری یەکسەر لە ڕستەدا نەبوو ڕاناو بە ئامرازی فرمانی تێپەڕ دەلکێت لە کاتی ئێستادا ، بۆنموونە :

× کاربەدەستانی میری **ئەیانتوانی** بیانگەنێ •

(مێژووی ئەدەبی کوردی ، ل ــ ٨٠)

٩ ـ ڕاناوی ئاوەڵکار هەر بە فاعیلی ڕستە دەلکێت ، ئەگەر فاعیل لە ڕستەدا نەبوو ڕاناو خۆی دەگوازێتەوە بۆسەر ئامراز • بۆنموونە :

× دوێنێ **لێی** بەڕێنەوە .

(برایەتی . ژمارە «١٣» ، ساڵ ، ١٩٧١)

× **لێی** هاتە دەرێ .

(ژانی گەل ، ل ـ ١٢٨)

## ٦ ـ پەیوەندی ڕاناوی لکاو بە فرمانەوە

بۆ دیارخستنی پەیوەندی ڕاناوی لکاو بە فرمانەوە دەبێ ئەوە دەستنیشان بکەین ، کە چجۆرە کردارێکە ، جا لێرەدا فرمانی تێپەڕ خۆی دێنێتە پێشەوە ، چونکە ئەو فرمانەیە ، کە پێویستی بە بەرکار هەیە • فرمانی تێپەڕیش لەڕووی دروستبوونەوە چەند جۆرێکی هەیە وەکو : فرمانی تێپەڕی سادەو دارێژراوو لێکدراو •

لێرەدا گەر فرمانی تێپەڕ رابردووی سادە بوو و فرمانەکەش هەروا سادە بوو ڕاناوە لکاوەکان بە کۆتایی فرمانەوە دەلکێن • بۆنموونە :

نووسیم . نووسی**مان** .
نووسی**ت** . نووسی**تان** .
نووسی . نووسی**یان** .

گەر هەمان فرمان لە ڕابردووی بەردەوام بوو ڕاناوە لکاوەکان بە ئامرازی «دە»ی دروستکردنی فۆڕمی کاتی ڕابردووی بەردەوام دەلکێ • بۆنموونە :

**دەم**نووسی . دە**مان**نووسی .
دە**ت**نووسی . دە**تان**نووسی .
دە**ی**نووسی . دە**یان**نووسی .

گەر هەمان فرمان لە ڕابردووی تەواو بوو ڕاناو دەکەوێتە نێوان پیتی «وو» ، «ە»ی دروستکردنی فۆڕمی کاتی ڕابردوو • بۆنموونە :

نووسیوومە . نووسیوومانە .
نووسیووتە . نووسیووتانە .
نووسیوویە . نووسیوویانە .

گەر هەمان فرمان لە کاتی ڕابردووی دوور بوو ڕاناو بە فرمانی یاریدەدەری « بوو » دەلکێت ، کە کاتی ڕابردووی دوور دروست دەکات ، بۆنموونە :

نووسیبووم . نووسیبوومان .
نووسیبووت . نووسیبووتان .
نووسیبووی . نووسیبوویان .

لە فۆڕمی هەمان فرمانی ڕابردووی دوورتر ڕاناو بە فرمانی یاریدەدەری دووەم دەلکێت • بۆنموونە :

نووسیبووبووم . نووسیبووبوومان .
نووسیبووبووت . نووسیبووبووتان .
نووسیبووبووی . نووسیبووبوویان .

گەر هەمان فرمان لە فۆڕمی فرمانی ئینشایی بوو ڕاناو بە پیتی (ب)ی دروستکردنی فرمانی ئینشایی دەلکێت • گەر لێرەدا پیتی (ب) کەوتبووە پێشەوەی فرمان ڕاناو بە پیتی (ب) دەلکێ • بۆنموونە :

بمنووسیبایە . بماننووسیبایە .
بتنووسیبایە . بتاننووسیبایە .
بینووسیبایە . بیاننووسیبایە .

گەر پیتی (ب) نەبێ ڕاناو دەکەوێتە پێتی (ە)ی کۆتایی ، بۆنموونە :

گەر فرمان داڕێژراو بوو لە پێشگرو فرمان پێکهاتبوو ڕاناو بە پێشگری فرمانەوە دەلکێت لە هەموو کاتەکانیدا ، بۆنموونە :

دامگرت ، داتگرت ، دایگرت ، دامانگرت ، داتانگرت ، دایانگرت .

دامدەگرت ، داتدەگرت ، دایدەگرت ، دامانده‌گرت ، داتانده‌گرت ، دایانده‌گرت .

دامگرتووه ، داتگرتووه ، دایگرتووه ، دامانگرتووه ، داتانگرتووه ، دایانگرتووه .

دامگرتبوو ، داتگرتبوو ، دایگرتبوو ، دامانگرتبوو ، داتانگرتبوو ، دایانگرتبوو .

دامگرتبووبوو ، داتگرتبووبوو ، دایگرتبووبوو ، دامانگرتبووبوو ، داتانگرتبووبوو ، دایانگرتبووبوو .

گەر فرمان لێکدراو بوو ڕاناو بە بەشی ناوی فرمانی لێکدراوەوە دەلکێت ، بۆنموونە :

دروستمکرد ، دروستتکرد ، دروستیکرد ، دروستمانکرد ، دروستتانکرد ، دروستیانکرد .

دروستمدەکرد ، دروستتدەکرد ، دروستیدەکرد ، دروستماندەکرد ، دروستتاندەکرد ، دروستیاندەکرد .

دروستمکردووە ، دروستتکردووە ، دروستیکردووە ، دروستمانکردووە ، دروستتانکردووە ، دروستیانکردووە .

دروستمکردبوو ، دروستتکردبوو ، دروستیکردبوو ، دروستمانکردبوو ، دروستتانکردبوو ، دروستیانکردبوو .

دروستمکردبووبوو ، دروستتکردبووبوو ، دروستیکردبووبوو ، دروستمانکردبووبوو ، دروستتانکردبووبوو ، دروستیانکردبووبوو .

گەر فرمان ئینشایی بوو ڕاناو بە پیتی (ب)ی فرمانی ئینشایی دەلکێ ، گەر پیتی (ب) لەپێشی فرمان نەبوو ڕاناو دەکەوێتە نێوان کۆتایی فرمانو پیتی ( ە )ی کۆتایی فرمان .

## ٧ـ پێوەلکانی ڕاناوی لکاو بە فرمان پێویستە

ڕاناوی لکاو بە پێویستی بە فرمانەوە دەلکێت لەم حالەتانەی خوارەوە:

١ ـ گەر بەرکاری یەکسەرو نایەکسەر و ئامراز لە ڕستەدا نەبوون وەك لەم نموونانەی خوارەوە دیارە :

× نیشتمانم بەخوێن پاراست .
× بە خوێنم پاراست .
× پێم پاراست .
× پاراستم .

٢ ـ گەر فرمانی ڕستە فرمانێکی تێپەڕ بوو و لە کاتی ڕابردوودا بوو :

× گرتم . گرتمان .
× گرتت . گرتتان .
× گرتی . گرتیان .

## ٨ـ پێوەلکانی ڕاناوی لکاو بە فرمان پێویست نیە

ڕاناو پێویست نیە بە فرمانەوە بلکێ لەناو ڕستەدا لەم حالەتانەی خوارەوە :

١ ـ گەر بەرکاری یەکسەر لەناو ڕستەدا هەبوو ، بۆنموونە :

× دوێنێ چاوم بە برادەرێکی دێرین کەوت .

٢ ـ گەر بەرکاری نایەکسەر لە ڕستەدا هەبوو ، بۆنموونە :

× بەیارمەتی چاویلکەم خوێندەوە .

٣ ـ گەر ئامراز لەناو ڕستەدا هەبوو ، بۆنموونە :

× لێم کردەوە .

٤ ـ گەر فرمانی ڕستە لە کاتی ئێستادا بوو و فرمانێکی تێپەڕ بوو ڕاناوەکەش لە وەزیفەی بەرکاری یەکسەری ڕستە بوو • بۆنموونە :

× وێنە بە کامێرا دەکێشم . دە**مان**کوژن .
× بە کامێر**ای** دەکێشم . دە**تان**کوژن .
× پێی‌دەکێشم . دە**یان**کوژن .

## ٩ـ ئەنجـام

١ ـ ڕاناوی لکاو لەلایەن ڕێزمان نووسانی کوردو غەیری کورد باسکراوە، بەڵام باسەکە وەنەبێ بە ووتارێك بێت یان بە نامیلکەیەك •

٢ ـ زمانەوانی کورد بۆ باسکردنی ڕاناوی لکاو دوو ڕایان هـەیە و دوو دەستە بە ڕاناوی لکاو دادەنێن یەکەمیان ڕاناوی لکاوی تـەواون و ئەوی‌تریان ڕاناوی لکاو نین و کۆتایی فرمانن •

٣ ـ (م ، ت، ی، مان، تان، یان، ێ) ڕاناوی لکاون و لە زمانـی ئەدەبـی کوردی و ئاخافتنی کوردی بەکاردێن و زۆر ئاشکراو ڕوونن •

٤ ـ (م، ت، ی، (یت)،••، ین، ن، ن) ڕاناوی لکاو نین ، بەڵکو کۆتـایی فـرمـانـن •

٥ ـ (ێ) ڕاناوی لکاوەو دەتوانێ ببێ بە بەشێ لە بەشەکانی ڕستە ، وەکو ئاوەڵکارو بەرکاری ناڕاستەوخۆ •

٦ ـ ئەگەر فرمانی ڕستە تێنەپەر بوو و لەکاتی ڕابردوودا بوو ڕاناوی لکاوی (ێ) بەکۆتایی فرمانەوە دەلکێت •

٧ ـ ڕاناوی لکاوی (ێ) لە زمانی کوردیدا خۆی لەگەڵ فرمانـی تێپەڕو تێنەپەڕ ڕێك‌دەخات •

٨ ــ ڕاناوە لکاوەکان دەبنە فاعیلی مەنتیقیو بەرکاری یەکسەرو نایەکسەرو ئاوەڵکارو دیارخەری تەمەلوکیو ڕاناوی ناوی دیارخراو •

٩ ــ ڕاناوە لکاوەکان شوێنیان لەناو ڕستەدا دیارە وە بە فاعیلو بەرکاری یەکسەرو نایەکسەرو دیارخەرو ناو ڕاناو و ئـامرازو فرمـانی خەبەری ڕستە دەلکێن •

١٠ ــ ئەو ڕاناوە لکاوانەی بە بەرکارەوە دەلکێن بەزۆری فاعیلی مەنتقـی ڕسـتەن •

١١ ــ ئەگەر ڕاناوی لکاو ئاوەڵکاری ڕستە بوو هەر بە فاعیلـی ڕسـتە دەلـکێـت •

١٢ ــ گەر بەرکاری یەکسەرو نایەکسەر لە ڕستەدا نەبوو ڕاناوە لکاوەکانی لە وەزیفەی یەکسەرو نایەکسەرو فاعیل بەئامرازەوە دەلکێن وەکـو ئامرازەکانی (تێ، پێ، لێ، بۆ، نە، نا، مە، ب، دە) •

١٣ ــ ڕاناوە لکاوەکان لەناو ڕستەدا شوێنی خۆیان دەگۆڕن • ڕانـاوی بەرکاری نایەکسەر هەر بە بەرکاری یەکسەر دەلکێت ، لێرەدا ئەگەر بەرکاری یەکسەر لە ڕستەدا نەبو ڕاناو بە ئامرازی فرمانـی تێپـەڕ دەلکێت لەکاتی ئێستادا •

١٤ــ ئەگەر نە بەرکاری یەکسەرو نە بەرکاری نایەکسەر لە ڕستەدا هەبوو فرمانی ڕستەش فرمانێکی سادەی تێپەڕ بوو ڕاناوە لکاوەکان شوێنی خۆیان دەگوازنەوە بۆ سەر کۆتایی فرمان •

١٥ــ ڕاناوی ئاوەڵکار هەر بە فاعیلی ڕستە دەلکێت • ئەگەر فاعیل لـە ڕستەدا نەبوو خۆی دەگوازێتەوە بۆسەر ئامراز •

١٦ـ ئەگەر لەناو ڕستەدا نە بەرکاری یەکسەرو نە هی ناپەکسەر هەبوون ڕاناوە لکاوەکان شوێنی خۆیان دەگۆڕن‌و بە فرمانی تێپەڕی سادە دەلکێن •

١٧ـ ئەگەر فرمانی ڕستە فرمانێکی لێکدراو بوو ڕاناوە لکاوەکان شوێنی خۆیان دەگوازنەوە بۆ سەر بەشی ناوی فرمانی لێکدراو •

١٨ـ ئەگەر نە بەرکاری یەکسەرو نە بەرکاری ناپەکسەر لە ڕستەدا هەبوو فرمانی ڕستەش فرمانێکی سادەی تێپەڕ بوو ڕاناوە لکاوەکان شوێنی خۆیان دەگوازنەوە سەر کۆتایی فرمان •

١٩ـ گەر فرمانی تێپەڕ ڕابردووی سادە بوو و فرمانەکەش هەروا سادە بوو ڕاناوە لکاوەکان بە کۆتایی فرمانەوە دەلکێن •

٢٠ـ ئەگەر فرمان لە ڕابردووی بەردەوام بوو ڕاناو بە ئامرازی «دە»ی دروستکردنی فۆڕمی کاتی ڕابردووی بەردەوام دەلکێ •

٢١ـ گەر هەمان فرمان لەکاتی ڕابردووی دوور بوو ڕاناو بە فرمانی یاریدەدەری «بوو» دەلکێت، کە کاتی ڕابردووی دوور دروستدەکات•

٢٢ـ ئەگەر فرمانی ڕستە لە ڕابردووی تەواو بوو ڕاناو دەکەوێتە نێوان پیتی «وو» ، «ە»ی دروستکردنی فۆڕمەکانی ڕابردووی تەواو •

٢٣ـ گەر فرمانی ڕستە لە فۆڕمی ئینشایی بوو بە پیتی (ب)ی دروستکردنی فرمانی ئینشایی دەلکێت• گەر لێرەدا پیتی (ب) کەوتبووە پێشەوەی فرمان ڕاناو بە پیتی (ب) دەلکێ •

٢٤ـ گەر پیتی (ب) نەبێ ڕاناو دەکەوێتە پیتی «ە»ی کۆتایی •

٢٥ـ گەر فرمان داڕێژراو بوو لە پێشگرو فرمان پێکهاتبوو ڕاناو بە پێشگری فرمانەوە دەلکێت لە هەموو کاتەکانیدا •

٢٦ـ ڕاناوی لکاو بە پێویستی بە فرمانەوە دەلکێت ئەگەر هاتوو بەرکاری یەکسەرو نایەکسەر ئامراز لە ڕستەدا نەبوونو فرمانی ڕستە فرمانێکی تێپەڕ بوو لە کاتی ڕابردوودا •

٢٧ـ پێویست نیە ڕاناو بە فرمانەوە بلکێت گەر بەرکاری یەکسەرو بەرکاری نایەکسەر یان ئامراز لەناو ڕستەدا هەبوو وەگەر فرمانێکی تێپەر بوو ڕاناوەکەش بەرکاری یەکسەری ڕستە بوو •

## سەرچـاوەکانی باسەکە


١ ـ کوردۆیێف ک. ک. ڕێزمانی زمانی کوردی بەپێی کەرستە لە دیالێکتی کرمانجیو سۆرانی ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨ • (بەڕووسی) •

٢ ـ کوردۆیێف ک. ک. کورتە باسێکی ڕێزمانی کوردی لە کتێبی فەرهەنگی کوردی رووسی ، مۆسکۆ ، ١٩٦٠ ل ـ ٨٥٥ • (بە ڕووسی) •

٣ ـ بەکاییێف چ. خ. زمانی کوردەکانی سۆڤیەت ، مۆسکۆ ، ١٩٧٣ (بـە ڕووسی ) •

٤ ـ بەکاییێف چ. خ. زمانی کوردەکانی ئازبایجان ، مۆسـکۆ ، ١٩٦٥ ( بـە ڕووسی ) •

٥ ـ ئەیوبی ک. ڕ. ، سمیرنۆڤە ی. ئا. دیالێکتی کوردی موکری لینینگراد ، ١٩٦٨ ( بە ڕووسی) •

٦ ـ سعید صدقی کابان   مختصر صرفو نحوی کوردی ، بەغدا ، ١٩٢٨ •

٧ ـ نوری عەلی ئەمین   ڕێزمانی کوردی ، سلێمانی ، ١٩٦٠ •

٨ ـ نوری عەلی ئەمین   ڕابەرێ بۆ ئیملای کوردی ، بەغدا ، ١٩٦٦ •

١٠ـ مەسعوود محەمەد   وردبوونەوە لە چەند باسێکی ڕێزمانی کـوردی ، بەغدا ، ١٩٧٤ •

١١ـ ئەحمەد حەسەن ئەحمەد   ڕێزمانی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٦ •

١٢ـ لیژنەی زمانو زانستەکانی کۆڕی زانیاری کـورد ڕێزمـانی ئاخـاوتنی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٦ •

١٣ـ گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق «دەستەی کوردی» بەرگی حەوتەم ، بەغدا، ١٩٨٠ .

١٤ـ ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم رستەی لێکدراوی شوێن کەوتوو خواز لەگەڵ رستەی شوێن کەوتووی دیارخەری لە دیالێکتە ناوەندیەکانی زمانی کوردی ، مۆسکۆ ، ١٩٧٥ (بە رووسی) .

١٥ـ D. N. Mackenzie Kurdish dialect studies 1 London, 1961.

## سەرچاوەی نموونەکانی باسەکە

١ ـ دوکتۆر مەعرووف خەزنەدار دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی ، بەغدا، ١٩٧٧ .

٢ ـ محمدی مەلا کەریم دیوانی بێخود ، بەغدا ، ١٩٧٠ .

٣ ـ ئیبراهیم ئەحمەد ژانی گەل ، سلێمانی ، ١٩٧٢ .

٤ ـ علاءالدین سجادی مێژووی ئەدەبی کوردی ، چاپی دووەم ، بەغدا، ١٩٧١ .

٥ ـ محمدی مەلا کەریم جەنگاوەرێکی ڤێتنامی ، بەغدا ، ١٩٧٠ .

٦ ـ محەمەد مەولود چیرۆکەکانی مەم ، بەغدا ، ١٩٧٠ .

# الكلمات العربية المستعملة في اللغة الكردية

ابوزيد مصطفى السندي

## مصطلح ( الاملاء )

هو نقل الانسان ما يلقى على سمعه وكتابته ، وقد ورد في القرآن بلغتين : الأول الاملال : فقال تعالى : « فان كان الذي عليه الحق سفيها او ضعيفا او لايستطيع ان يُمِلَّ هو فليملل وليه بالعدل... »(1) وقال البيضاوي في تفسيره «والاملال والاملاء واحد» ص ٦٤ وقال الزمخشري في تفسيره : « والاملاء والاملال » لغتان وقد نطق بهما القرآن فقال : « فهي تملى عليه .. » ج١ ص ١٦٨ .

والاملاء في جميع اللغات هو تقليد كاتب غيره اومحاكاته في نقل وكتابة وبكثرة التداول والاستنساخ يتكون بين اقلام الكاتبين تواطؤ واتفاق في نوع الكتابة فلا نعرف في اللغة العربية مثلا كتابا اسمه كتاب الاملاء او قواعد الاملاء وانما هو نقل صورة الخط و رسم حروف بصورة تشبه التواطؤ او اتفاق اقلام او مشابهة طراز الاستنساخ ولهذا لايقال لمن خرج عن هذا التواطؤ في كتابته : انه اخطأ او خالف قاعدة الاملاء انما اخذ كتاب العرب يكتبون اماليهم بأسلوب علمي حتى انهم قرروا : «ان كتابة القرآن لايقاس عليها..» ص ٢٠ من تيسير العربية صيدا ـ لبنان .

---

(1) سورة البقرة ، الآية ٢٨٢ .

# الكتابة الكردية واملاؤها

يقول جلال الدين السيوطي في كتابه المزهر في علوم اللغة ما ملخصه : « كتب بجميع اللغات آدم عليه السلام على ألواح من طين ثم طبخه فلما أصاب الارض الغرق وجد كل قوم كتابا فكتبوه ..» أ ــ ه(٢) وعن ابن عباس ــ رض ــ ان اول من وضع الكتاب العربي اسماعيل عليه السلام وقال أبو بكر بن أبي داود : في كتابة المصحف بسند يرفعه الى الشعبي قال : سألنا المهاجرين : من أين تعلمتم الكتابة ؟ قالوا : من أهل الحيرة وسألنا أهل الحيرة : من أين تعلمتم الكتابة ؟ قالوا : من أهل الأنبار . فالتاريخ اشار الى ان العراق هو مصدر الكتابة بالعربية غير أنه لم يذكر لنا : ان الكتابة باللغة الكردية من أين نشأت ، لأنه بناء على قول جلال الدين السيوطي في كتابه «المزهر» : فلما اصاب الارض الغرق وجد كل قوم كتابا فكتبوه ، : أن قوم الكرد أيضا وجدوا كتابا فكتبوه ، لكنه لم يشر الى الذي وجد الكتاب ومن كتبه .

غير ان الدكتور بليج شيركو يقول في مذكراته : «يقول استاذ روسي وهو «ن. ڤيليامينوڤ» : وجد بعض العلماء في شمالي ايران لوحة لشاعر كردي اسمه : «بورا بوز» كان عائشا في حدود ٣٣٠ قبل الميلاد وهذه اللوحة فيها ستة ابيات من شعره باللغة الكردية اذكر منها بيتين فقط هما :

« خوزى ئەزو توو بەهێڤرا بین
بەهێڤرا هیرین خورینێ
وەردێ بهێرین كوترابین
بانگدین بەهێڤرا ڤارینێ »

---

(٢) ٢/٢١٤/ط محمد علي صبيح بمصر .

ترجمته : ياليتني كنت معك وذهبنا الى الجبال وجمعنا الاخشاب وغنينا معا .

لاشك في أن ظهور الدين الاسلامي قد أثر في لغات شعوب الشرق المسلمة ومنها لغتنا الكردية ، لانه لما وصل الدين الاسلامي الحنيف الى كردستان بدأ الاكراد يتعلمون لغة القرآن الكريم وتعلموا حروف اللغة العربية والكتابة بها فدونوا جميع تراثهم باملاء اللغة العربية واستخدموا حروفها ، فلما ظهر الوعي القومي بين الاكراد حاول مثقفوهم وفعلا قاموا بأخضاع بعض الحروف العربية لمخارج صوتية في اللغة الكردية كي تصلح للاملاء الكردي والكتابة مثل الحروف «پ ، چ ، ژ ، ڤ ، گ» وذلك بزيادة نقاط على الحروف العربية « ب ، ج ، ز ، ف ، ك » للتمييز بين الحروف المتشابهة شكلا والمختلفة صوتا ، غير أنهم كانوا يستخدمون الحركات الموجودة في اللغة العربية من «الفتحة والضمة والكسرة» في املاء اللغة الكردية كاملاء اللغة الفارسية استمروا على كتابة تراثهم وآثارهم الادبية الى ان ظهر طبع الحروف الكردية وطبع بعض الكتب بالاملاء الكردي وذلك عام ١٨٧٩ م اذ ان أول ماطبع من اللغة الكردية هو : أن الاستاذ : « م. ئوكست جابا M. Uguste Jaba » طبع قاموسا كرديا ــ فرنسيا عام ١٨٧٩م بالحروف العربية واملاء فارسي ، فيعتبر هذا التأريخ بداية لدخول الاملاء الكردي في عالم الطباعة وطبع اللغة الكردية ...

يظهر من مطالعة هذا القاموس ان المؤلف قام بما يلي في طبع قاموسه :

١ ــ انه استخدم علامة الفتحة والضمة والكسرة في املاء كتابه .

٢ ــ استخدم الحرف : «گ» ووضع ثلاث نقط عليه مع الخطين الفارقين .

٣ ــ استخدم علامة الشدة ( ّ ) في بعض الكلمات والحروف .

وفي عام ١٩١٩ م وضع الدكتور «ل. او. فوسوم (L. O. Fosum» قواعد للغة الكردية باللغة الانكليزية واستخدم للامثلة الخط العربي كما استخدم في كتابه :ـ

١ ـ حركات الحروف العربية من الضم والفتح والكسر .

٢ ـ وضع علامة «٧» فوق اللام المضخم مثل «ملاّ» و «مولاّ» (٣) .

وفي عام ١٩٢٨م طبع المرحوم الاستاذ «سعيد صدقي كابان» كتابه : « مختصر صرف و نحوى كوردى » وقد وضع في كتابه كافة الحروف الكردية واستخدم مكان الضم والفتح والكسر بعض علامات واشارات التي نستخدمها اليوم وقد احسن الاستاذ «سعيد صدقي» صنعا وجزاه الله خيرا اذ حل بذلك كثيرا من مشاكل الاملاء الكردي . فالى هذا التأريخ اعني عام ١٩٢٨ كان الاملاء الكردي يسير سير الاملاء الفارسي باستخدام « علامات الضم والفتح والكسر» في كتابة اللغة الكردية واملائها ..

## املاء الدراسة الكردية

ان المديرية العامة للدراسة الكردية التي اسست عام ١٩٥٩ لم تأل جهدا في سبيل تقويم الاملاء الكردي مرة يقوم منتسبوها في اصلاح الاملاء بواسطة اعادة طبع الكتب المدرسية ومرة بالاستبيان الموجه الى اعضاء الهيئة التعليمية او التدريسيين في المدارس المشمولة بالدراسة الكردية وتقوم هذه المديرية كل عام بأصدار توجيهات فنية للسادة المشرفين على طبع أو اعادة طبع الكتب المدرسية تطلب فيها منهم مراعاة الاملاء الكردي وتوحيده في جميع

(٣) الاملاء الكردي خلال قرن ـ حامد فرج ـ مطبعة المجمع العلمي الكردي بغداد ـ عام ١٩٧٦ .

الكتب المدرسية ، وتعتبر مخالفة المشرفين في ضبط املاء الكلمات او عدم توحيده خطأ فنيا وخروجا عن التطور والاتفاق الى ان استقر املاء الكتب المدرسية وتسمى الان «املاء الدراسة الكردية» أي أن المديرية العامة للدراسة الكردية هي التي راعت هذا الاملاء وحماه من التلاعب والمخالفة الى ان اصبح جميع التعبير بالقلم يملى بالاملاء السائد الذي يسمى املاء الدراسة الكردية ، ولا نعرف مؤسسة من القطاع الاشتراكي لا في دوائر الحكم الذاتي ولا في غيرها تخالف في املائها عدا الهيئة الكردية في المجمع العلمي العراقي ، وان جميع رجال الصحافة والمثقفين والمؤلفين والفنانين والطلاب يكتبون ويقرأون باسلوب المديرية العامة للدراسة الكردية لانها أول من أصبح رائدا لهذا الطريق وأول من عنى بالاملاء الكردي حسب ما أعلم . والله أعلم !

وان الكتاب المدرسي بعد تأليفه او ترجمته من قبل رجال التربية والمثقفين الاكراد يعرض على خبير او أكثر ليطلعوا على املاء التأليف وتوحيده ليكون الكتاب موافقا للقواعد الاملائية فيقدم الخبراء آراءهم وملاحظاتهم في تقارير مفصلة تضم وجهة نظرهم في الاملاء الكردي وعند تعارض الآراء تطلب المديرية من شخصيات علمية ولغوية كردية أخرى للتواطىء على رأي ثم يخرج الكتاب الى عالم التربية والدراسة .

وقد قرأت واطلعت على ملاحظات كثير من الخبراء ورجال الثقافة واللغة في تقارير مفصلة فظهر لي ان «املاء الدراسة الكردية» المتفق عليه وايده المثقفون الاكراد في كتاباتهم ومقالاتهم ونهجوا في املائهم منهج الدراسة الكردية هو الاملاء المرضي لدى جميعهم الا من ندر منهم !

## عقد مقارنة

ان كثيرا من الحقائق تنجلي بعد عقد مقارنة وموازنة بين الاشياء فاذا أردنا ان نعرف مدى نجاح الاملاء الكردي عقدنا مقارنة بين ما يعانيه الاملاء العربي والاملاء الفارسي من مشاكل في نمط الكتابة واسلوبه وما قاساه من حدوث التباس وتعقيدات في طريق الدارس لاسيما اذا كان هذا الدارس من غير الناطقين باللغة لان املاء اللغة الكردية تستخدم الحروف العربية وتخضعها لمخارج اصواتها وكذلك اللغة الفارسية وهما ألصق اقرب الى لغتنا وحياتنا ولاننا مع الشعب العربي شركاء في السراء والضراء .

## الاملاء العربي

وقد تطورت الكتابة العربية فأصبحت اصولها وقواعدها علما مستقلا وان كان مشتقا اول الامر من علمي النحو والصرف ولكنه استقل وانفصل . وعني علماء العربية بأمره حتى كادت الملازمة العرضية تلزم كل عالم ألف في النحو والصرف ان يتعرض لذكر علم الاملاء المسمى بـ «علم رسم الحروف» أو «الخط» ولو ضمن مؤلفه ومن الذين عنوا بالاملاء : ابن قتيبة الدينوري وابن حاجب السندي وابن مالك وابن يعيش وجلال‌الدين السيوطي ...

نحن لانعرف لغة استأثرت بعناية علماء اللغة أكثر من اللغة العربية ، ولذا تعتبر أثرى لغة من جهة التواليف والدراسات والبحوث اللغوية ، ورغم ذلك لانعرف كتابا يبحث عن الاملاء العربي وقواعده سوى مانجده في اواخر كتب النحو والصرف وأهمها ماكتبه جلال‌الدين السيوطي في آخر المجلد الثاني من كتابه «همع الهوامع شرح جمع الجوامع» اذ كتب مباحث « علم

رسم الحروف » او علم «التصوير الخطي» او علم الاملاء ولكن هذه المسائل تستغرق مساحة بين ست صفحات او سبع صفحات من كتابه المذكور تحت عنوان «خاتمة» ويقول مبتدأ : «الخط تصوير اللفظ بحروف هجائه بأن يطابق المكتوب المنطوق به في ذوات الحروف وعددها » •

غير أن الاملاء العربي تحيط به مشاكل تحول دون سرعة التعلم والتعليم للغة العربية فالمشاكل الاملائية كما نعلم جميعا تثبط همم الدارسين وتحبط رغبة الطلاب الذين تقودهم الى مقاعد الدراسة في معاهد اللغة العربية لان المشاكل الخطية الاملائية تقف امامهم وقفة غول امام الاعزل ، فلا يجد الدارس غير الناطق بالعربية ما يرغبه في ان يسير نحو هدفه في التخصص والتفوق في اللغة ، ولهذا قام علماء العربية باثارة هذه المشاكل في حلقات دراسية وندوات لغوية ومجاميع علمية واضعين مقترحات امامها بغية تذليل تلك العقبات وازالة تلك المشاكل او اخضاعها لقواعد سليمة تصون معنى الكلمة ومبناها بطريقة تعديل نظام الكتابة فنجد الاستاذ رشاد المغربي يقترح في رسالة قدمها الى المؤتمر الثقافي العربي الاول عام ١٩٤٧ عدة اقتراح منها : (٤)

اظهار الالف المضمرة وسواها من الحروف المتروكة في مثل الكلمة : هذا ، ذلك ، لكن ، رحمن ، وغيرها من الكلمات الشائعة فيستغني عن بعض الصعوبات ولذا يقول : «•••تكتب هذه الكلمات كما تلفظ دون زيادة ولانقصان مثل : هاذا ، ذالك ، لاكن ، رحمان » بأظهار الالف في كل منها وكذلك تكتب «داوود» بواوين ومئة على هذه الصورة أي كما تلفظ بالذات و (عمر) دون واو هكذا تكتب سواها من الكلمات الكثيرة التي اعتدنا ان نكتبها على غير الصورة التي نلفظها •

ثم يستمر ويقول : «ان كتابة الهمزة من اعقد مشكلات الكتابة العربية

---

(٤) رشاد المغربي / تيسير اللغة العربية / المطبعة العربية ـ صيدا .

ويكفي ان تعلم ان اكثر الادباء والصحفيين يخطئون في تصويرها في كثير من المواضيع كما أن الاجتهادات في بعض قواعد الاملاء المعقدة تختلف بين قطر وقطر » • وكذلك اصدر الدكتور طه حسين عميد الادب العربي كتابه المسمى بـ « من أدبنا المعاصر عام ١٩٥٨ » يقول في صفحة (٤٥) في موضوع بارز « ليست ثورة وانما هي دعاء » :

لم احدث ثورة في الكتابة العربية الا ان يكون الرجوع الى القديم الذي عرفه الناس وقالوا به منذ قرون طوال ثورة •••

والذي اعلمه أن الثورة تجديد وما دمت لم اجدد شيئا فلم أحدث ثورة •

ومنذ قرون طوال قالت طائفة ضخمة من علماء العربية : بأن الكتابة يجب ان تلائم النطق وكتب هؤلاء العلماء على النحو الذي رآه القراء منذ أيام ، وانا بعد ذلك لست الداعي الى هذا النحو الذي عرفه القدماء ، وانما دعا اليه في المجمع اللغوي صديق كريم وهو الزميل ابراهيم مصطفى ، وكنت مؤيدا له ، وخالفنا اكثر الاعضاء لانكارا لما نرى بل ايثارا للاناة وتقديم المهم على ما يمكن الانتظار به ، وكان اعضاء المجمع يرون أنهم قد قدموا الى وزارة التربية والتعليم منذ سنين طوال للنحو وللنحو التعليمي الذي يلقى الى التلاميذ في المدارس ليخرجوا هؤلاء التلاميذ من هذا العناء العظيم المقيم الذي يشقون به في دروس اللغة العربية ويبغضون من أجله هذه الدروس • ويتعلمون ما يلقى اليهم منها كارهين ليخلصوا منه متى فرغوا من الامتحان ثم يصبحون وكأنهم لم يتعلموا شيئا ، فآثر هؤلاء الاعضاء ان يستأنسوا بوزارة التربية والتعليم حتى اذا ساغت تيسير النحو قدموا اليها تيسير الامـلاء !

وكان المجمع وما يزال معنيا باصلاح الكتابة العربية ، لايكفيه ان يكتب

الالف المقصورة كما ينطق بها ، وانما يعنيه ان يكتب الكلام العربي كله كما ينطق به المتكلمون •

والناس جميعا يعلمون أننا لانكتب كل ما ننطق به وانما نكتب نصفه ونترك نصفه الآخر يذهب مع ريح الصيف او ريح الشتاء » •

هذا واستغرق هذا الموضوع مساحة أربع صفحات من كتابه ، غير انه كتب مقاله بأسلوب املائي خاص غير مألوف فهذه مميزاته :

١ ـ اظهر الفا في كل كلمة تضمره مثل كلمة : هذا ، ذلك ، رحمن ، لكن وغيرها •

٢ ـ حوّل الالف المقصورة الى الف طويل في كل كلمة تضمه مثل كلمة : « على ، الى ، معنى ، فتى ، يلقى » ••• الخ •

٣ ـ حذف الالف بعد واو الجمع من كل كلمة تحويه مثل كلمة : تدبروا ، أتاحوا ، يصلحوا ، يسألوا ، جهلوا •••الخ •

ثم يقول في آخر موضوعه :

« أرأيت الى ان قصة الالف المقصورة لم تكن في نفسها غاية انما كانت وسيلة الى شيء أعظم منها اخطر وابعد اثرا في بقاء اللغة العربية من جهة وفي اصلاح الحياة العقلية كلها من جهة أخرى ••» (٥)

لقد بذل علماء اللغة العربية جهودا في سبيل اقناع ألسنة اقلام الكتّاب لتحجم عن زيادة ألف في كلمة «مئة» ولكنها لم تفلح رغم ان وسائل تطوير الاملاء العربي الغت حجة زيادتها ورفعت كل ذريعة وحدوث التباس بينها وبين كلمات أخرى مثل فئة ومنه ننقل اليكم نموذجا من تلك المحاولة قال جلال الدين السيوطي في كتابه «جمع الجوامع» مايلي :

---

(٥) دكتور طه حسين : (من ادبنا المعاصر) دار الآداب بيروت •

«وزيدت ألف أيضا في مائة ، قال أبو حيان : وذلك للفرق بينها وبين «منه» وكانت الزيادة من حروف العلة لانها تكثر زيادتها ، وكانت الفا لانها تشبه الهمزة ولان الفتحة من جنس الالف ولم تكن ياء لانه كان يجتمع حرفان مثلان ولا واوا لاستثقال الجمع بين الياء والواو وجعل الفرق في مائة دون منه اما لان مائة اسم ومنه حرف والاسم احمل للزيادة من الحرف وانما لان المائة محذوفة اللام ، يدل على ذلك : «أمأيت الدراهم» فجعل الفرق في مائة بدلا من المحذوف مع كثرة الاستعمال ولذلك لم يفصلوا بين فئة وفيه لعدم كثرة الاستعمال .

وقال محمد بن حرب البصري المعروف بالملهم صاحب الاخفش : كانت هذه الالف في مائة اولى منها بمنه لان اصل مائة «مئية» على وزن فعلة من مئيت وهمزة تقع مفتوحة في لفظ ألف وينكسر ماقبلها ، فيستحق بذلك ان تكتب ياء فألزموها العلتين جميعا ، الياء للكسرة والالف للفتحة .

ولان العدد اولى بالتوكيد والعلامات من غيره ...

وضعّف الكوفيون تعليل البصريين بأن مائة اسم ومنه حرف فهما جنسان مختلفان والفرق ينبغي ان يجعل في متحد الجنس يدل على ذلك أنهم لم يفرقوا بين فئة وفيه لاختلافه . قالوا : وانما زيدت فرقا بينها وبين فئة ورئة في انقطاع لفظهما في العدد وعدم انقطاع فئة ورئة لانك تقول : تسع مائة ولا تقول : عشر مائة بل تقول : ألف ، وتقول : في تسع فئات وتسع رئات وعشر رئات فلا ينقطع ذكرها به في التعشير فلما خالفتها فيما ذكر خالفوا بينها وبينها في الخط قال ابو حيان : وقد رأيت بخط بعض النحاة «مأة» هكذا بألف عليها همزة . الهمزة دون ياء ، وقد حكى : كتب الهمزة المفتوحة اذا انكسر ما قبلها بالالف عن حذاق النحويين منهم الفراء ، وروى عنه انه كان يقول : يجوز ان نكتب الهمزة ألفا في كل موضع . وقال

ابن كيسان ومنهم من يكتب الهمزة الفا على حركتهـا في نفسهـا وان كان ماقبلها مكسورا • قال ابو حيان : وكثيرا ما أكتب انا «مئة» بغير ألف كمـا تكتب فئة لان كتب مائة بالالف خارج عن الاقيسه ، فالذي اختاره ان تكتب بالالف دون الياء على وجه تحقيق الهمزة او بالياء دون الف على وجه تسهيلها، قال : وحكى صاحب البديع : ان منهم من يحذف الالف في مائة في الخط••» ارأيتم الاختلاف في زيادتها وكتابتها •• ؟

## فلسفة « فصل كلمة عن الاخرى »*

فالاصل فصل الكلمة من الكلمة لان كل كلمة تدل على معنى غير معنى الكلمة الاخرى فكما أن المعنيين متميزان فكذلك اللفظ المعبر عنهما يكون • وكذلك الخط النائب عن اللفظ يكون متميزا بفصله عن غيره • وخرج عـن ذلك ما كانا كشيء واحد فلا تفصل الكلمة من الكلمة وذلك أربعة أشياء :

الاول : المركب تركيب مزج كبعلبك ودلشاد بخلاف غيره • الا ان يكون علما في اللغة الكردية فيكتب مستقلا •

الثاني : ان تكون احـدى الكلمتـين لا يبتـدأ بهـا ، لان الفصـل فـي الخط يدل على الفصل في اللفظ ، فأذا كان لايمكن فصـله في اللفظ فكذلك ينبغي ان يكون في الخـط وذلـك نحو الضمائر البارزة والمتصلة ونون التوكيد وعلامات التأنيـث والتثنية والجمع في اللغة العربية وغير ذلك مما لايمكـن ان يبتدأ به •••

الثالث : ان تكون احدى الكلمتين لايوقف عليها وذلك نحو :

باء الجر ولامه وكافه وفاء العطف والجزاء ولام التأكيد فان

---

* همع الهوامع .

هذه الحروف لايوقف عليها ، وخرج عن ذلك : واو العطف ونحوها فانها لاتوصل لعدم قبولها للوصل •••

الرابع : مايذكر من الالفاظ فتوصل ما اذا كانت ملغاة نحو :

مما خطاياهم ، اينما تكونوا ، وانما ، وحيثما ، وكيفما ، واذا كانت كافة نحو : كما ورد ، ربما ، وانما ، وكانما ، وليتما، ولعلما ، واستثنى ابن درستويه والزنجاني ما في قلما فقالا : انها تفصل وتوصل بكل ان لم يعمل فيها ماقبلها وهي الظرفية

## املاء اللغة الفارسية

ليس الاملاء الفارسي احسن حظا من الاملاء العربي ، اذ لايمكن ان يعتقد ان قواعد الاملاء الفارسي مستقرة تمام الاستقرار ، ذلك اننا نصادف في القراءة جملة من الالفاظ كبيرة العدد تكتب على وجهين او أكثر والسبب في هذا الاختلاف الاملائي يرجع الى عدة امور :

١ ــ مراعاة الفارسية للملاءمة بين الاصوات ، فمثلا اذا دخلت الباء الزائدة على فعل مبدوء بالهمزة فان الهمزة يسبقها باء اذا كانت مفتوحة او تنقلب الى ياء اذا كانت مضمومة فتقول : « بيامد » بدل قولك « بآمد » و « بيفتد » بدل قولك « بأفتد » واذا دخلت الباء على اسم الاشارة او على ضمير الغائب المفرد او الجمع فانه بدل ان يقال : «باين و بآن و باو و بايشان» يقال ايضا : «بدين و بدان و بدو و بديشان» • أي الى هذا والى ذلك واليه واليهم واذا دخلت الباء على الاسم المبدوء بهمزة فان الهمزة تسبقها «باء» فنقول : «بياموزگار» أي المدرس او المعلم •

واذا انتهت كلمة بألف واعقبتها كلمة مبدوءة بألف فان الف الكلمة الثانية يجوز اسقاطها فنقول : « تواناست » او « تواناست » و « خداست او خدااست » •

٢ ــ ان من اسباب الاختلاف كثرة الالفاظ الفارسية المركبة ، وان تركيبها هذا كان سببا في كتابتها وجوازها متصلة الاجزاء او منفصلتها فلذلك تجد ان الكلمات التالية وما يشبهها من الكلمات تجوز كتابتها متصلة الاجزاء او منفصلة الاجزاء وهي :

نيك بخت ، أي حسن الحظ ، جوان مرد : أي شاب ، دل تنگ : أي ضيق القلب ، هم راه : أي زميل • وغيرها من الكلمات المركبة •

٣ ــ ومن اسباب الاختلاف في عملية الاملاء : كثرة السوابق أي پيشگر او Prefixes وكثرة اللواحق اي پاشگر او Suffixes التي تدخل على الكلمات الفارسية ، وتعطيها معاني جديدة ، فأن هذه الاضافات يجوز كتابتها متصلة او منفصلة في هذه الكلمات : مى روم : أى أذهب ، بهپرسم أي أسأل ، ماه وش : أي مثل القمر او قمري ، پرى وش : أي مثل الملاك •

٤ ــ من اسباب الاختلاف في الاملاء : جواز حذف بعض الحروف من الكلمة او جواز اثباتها في مثل هذه الكلمات :

اسكندر او سكندر ، اشتر او شتر : أي الأبل •
سياه او سيه : أي اسود
سپاه او سپه أي الجيش
راه او ره : أي الطريق •

٥ ــ من اسباب الاختلاف في عملية الاملاء : قبول عدد من الحروف

الفارسية للابدال تبعا لاختلاف اللهجات كما ترى ذلك في الكلمات التالية :

أست او هست : أي يكون ـ الألف تبدل هاء
آب او آو : أي ماء ـ الباء تبدل واوا
زبان او زفان : أي لسان ـ الباء تبدل فاء
سپيد او سفيد : أي ابيض ـ الپاء تبدل فاء •

## اللغة الكردية آخذة ومعطاء

لاشك في ان تأثر الأدباء والكتاب بأساليب اللغات الأجنبية واقتباسهم او ترجمتهم لمفرداتها ومصطلحاتها ، وانتفاعهم بأفكار أهلها واتناجهم الأدبي والعلمي ، فلايخفى ما لهذا كله من اثر بليغ في نهضة لغة الكتابة وتهذيبها واتساع نطاقها وزيادة ثروتها والامثلة على ذلك كثيرة في تأريخ الامم الغابرة وفي العصر الحاضر فأكبر قسط من الفضل في نهضة اللغة العربية في عصر بني العباس يرجع الى انتفاع الادباء والعلماء باللغات المتطورة الاخرى فقد اخذوا في ذلك العصر يترجمون آثارها ويعقبون عليها بالشرح والتعليق ويستغلونها في بحوثهم ويحاكون اساليبها ويقتبسون منها عددا كبيرا من المفردات العلمية وغيرها ويمزجونها بمفردات لغتهم عن طريق تعريبها تارة وعن طريق ترجمتها تارة أخرى فاتسع بذلك متن اللغة العربية وازدادت مرونة وقدرة على تدوين الآداب والعلوم • ويرجع كذلك اكبر قسط من الفضل في نهضةاللغةالعربية فيالعصرالحاضر الى انتفاع الصحفيين والادباءوالعلماءباللغات الأوروبية الحديثة ومحاكاتهم لأساليبها وتعريبهم او ترجمتهم لالفاظها ومصطلحاتها واستغلالهم في مؤلفاتهم ومترجماتهم لمنتجات أهلها في شتى ميادين الحركة الفكريه ولغة الكتابه بفرنسا فى العصرالحاضر مدينه باهم نواحى رقيها الى تأثرها باللغتين اللاتينية والاغريقية من جهة وباللغاتالاوروبيةالحديثة

من جهة اخرى فمنذ عصر النهضة لم ينفك ادباؤها وعلماؤها دائبين على اقتباس المفردات اللاتينية واليونانية القديمة ومحاكات اساليب هاتين اللغتين ، وترسم قواعدهما ومناهجهما في البحث وقد اخذوا منذ عهد بعيد يقتبسون كثيرا من المفردات والاساليب عن اللغات الاوروبية الحديثة وخاصة الانكليزية والالمانية ولولا الاف المفردات التي اقتبسها المحدثون من ادباء المانيا وعلمائها من اللغة اللاتينية وما تفرع عنها من اللغات الاوروبية الحديثة ما قويت لغة الكتابة بألمانيا ان تصل الى شأو الذي هي عليه الان – ومثل هذا يقال في معظم لغات الكتابة في العصر الحاضر خاصة لغتنا الكردية التي أخذت الكثير من قواعد ومفردات ومصطلحات اللغة العربية حتى تأثرت بها ثم اخذت تنهض وتنتعش حتى اخذت تؤثر في كتابة واخراج كثير من الاصوات وأساليب الكتابة والتحدث والحياة العملية •

## تأثر وتأثير في اللغة الكردية

ان قدرة لغة على تمثل الكلمات من غيرها تعد مزية وخصيصة لها اذا هي استطاعت ان تصيغها على وزان كلماتها وانزلتها على احكامها وادخلتها في اسلوب كتابتها وجعلته جزءا من عناصر التعبير فيها ان اللغة الكردية ليست بدعا من اللغة الانسانية فهي جميعها تتبادل التأثر والتأثير وهي جميعا تقرض غيرها وتقترض منه متى تجاورت او اتصل بعضها ببعض على أي وجه وبأي سبب ولاي غاية •

ان تبادل التأثير بين اللغات قانون اجتماعي انساني ، وان اقتراض بعض اللغات من بعض ظاهرة اجتماعية انسانية اقام عليها فقهاء اللغة المحدثون أدلة لاتحصى •

ومن المؤكد ان القبائل الكردية تأخذ بعضها من بعض كلمات وتجري

عليها ماتشتهي من تصرف من ابدال وتحوير وحذف وغيرها • وما تصدق على اللغة الكردية من تبادل التأثير بين لهجاتها لابد ان يصدق عليها فيما اذا اضطرت الى ادخالها في ثروتها من لغات الامم المجاورة لها او التي لها معها ضرب من الاتصال الكثير تفرض عليهما الحياة اليومية والمواطنة والمشاركة في التأريخ واواصر الزيجة والدين • كاللغة العربية • اننا جميعا نعلم ان كلمة «هيڤى» أي الأمل موجودة في لهجة كردية وأخذتها لهجة كردية أخرى فتصرفت في نظام حروفها وهيئتها واملائها فصارت الكلمة «هيوا» وكذلك كلمة «هەڤال» فأخذتها لهجة اخرى فصارت «هاوال» فعملت فيها الابدال والقلب وجعلتها بصورة توافق رغبتها ومنطقها وما يصدق على الكلمات الكردية المعارة من لهجة كردية اخرى يصدق على الكلمات العربية او غيرها من كلمات الامم المجاورة الملاصقة المشاركة للغة الكردية في الحياة والكفاح وصنع التأريخ فتكتب الكلمات العربية بالاملاء الكردي اذا اقحمت في الادب والثقافة الكردية فتعامل معاملة اللغة الكردية في اسلوب كتابتها •

كما ان اللغة العربية تعرب الكلمات الدالة على مفهوم حضاري معين ولاسيما ان كانت غير مألوفة للعرب او غير شائعة بينهم فحينئذ تتابع اللغة العربية عملها في ضم ماتحتاجه من تلك الكلمات الى ثروتها بعد أن تصنعه وتصبغه على قوالب او تنسجه على منوالها وقد جاء في قرار «مجمع اللغة العربية بالقاهرة» :

(د) ان نحاول ــ كلما اضطررنا الى التعريب ــ ان ننزل اللفظ المعرب على اوزان العربية حتى يكون عربيا او بمنزلته (٦) » ونحن ايضا ليس ببدع ان نكرر الكلمة العربية ونصيغها في قوالب املائية كردية كأنها من ثروتها •

---

(٦) دراسات في فقه اللغة : صبحي الصالح ص ٣٢٢ .

# الكلمات العربية بالاملاء الكردي

حكم الكلمات الدخيلة : ان الكلمات العربية التي دخلت اللغة الكردية حكمها حكم الكلمات الكردية في تطبيق قواعد الاملاء الكردي عليها وكذلك احكام قواعد اللغة الكردية للاسباب التالية :

١ ــ ان أي احتكاك يحدث بين لغتين أيا كان سبب هذا الاحتــكاك ومهما كانت درجته وكيفما كانت نتائجه الاخيرة يؤدي لامحالة الى تأثر كل منهما بالاخرى • ولما كانت من المتعذر ان تظل لغة بمأمن من الاحتكاك بلغــة أخرى لذلك كانت كل لغة من لغات العالم عرضة للتطور المطرد عن هــذا الطريــق •

ولهذا تخضع دائما الكلمات المقتبسة للاساليب الصوتية في اللغة التي اقتبستها فينالها كثير من التحريف في اصواتها وطريقة نطقها وتبعد في جميع هذه النواحي عن صورتها القديمة فينطق لفظ (فيضى) (فەیزی) وتطبــق عليها قواعد اللغة التي اقتبستها او استعارتها فنحن نرى ان الكلمات التي اخذتها اللغة العربية مثلا عن الفارسية او الكردية او اليونانية قد صيغ معظمها او كلها بصبغة اللسان العربي حتى بعد كثيرا عــن أصله •

ومن ثمة نرى ان الكلمة الواحدة قد تنتقل من لغة الى عــدة لغــات فتتشكل في كل لغة منها بالشكل الذي يتفق مع اساليبها الصوتية ومناهــج نطقها وأخيرا في كتابتها واملائها حتى لتبدو في كل لغة منها غريبة عن نظائرها في اللغات الاخرى فالكلمات العربية التي انتقلت الى اللغات الاوروبية قــد تمثلت في كل لغة منها بصورة تختلف اختلافا غير يســير عن صورتهــا في غيرهــا •

٢ ــ ان اللغة العربية هي لغة اقرب امة الينا وألصقها بنــا في الحيــاة

والكفاح نراها قد عربت كلمات دخيلة وقامت بأجراء احكام لغتها عليها فيقول علمائها :

متى استعملت العرب الكلمة الاعجمية صارت معربة وغيروا نظام اصوات حروفها فمثلا : ابدلوا من الهاء الكردية المتطرفة جيما عربية فقالوا : كوسج مكان : كوسه وذلك ان هذه الهاء لاتثبت في كلام الاكراد اذا وصلوا بل تبدل او تحذف ولما كانت الجيم العربية اقرب الاصوات الى الهاء جعلوها مكانها وربما ابدلوا من هذه الهاء المتطرفة قافا وقد قالوا : كوسق مكان كوسه • وقد جعلوا الكلمة وزان فعلل فقالوا : (كوسج) وزان فعلل واجرى عليها احكام القواعد العربية النحوية والصرفية حتى عدت من كلماتها •••

٣ ــ قاموا بتغييرات تساعد على النطق فأبدلوا من صوت ال ( P ) الفارسي فاء مرة وباء مرة اخرى لانهما قريبتان منها ، اذ من المعروف أن لافرق بين ال ( P ) والباء سوى ان الاول مهموس والثاني مجهور ، كما ان كلا ال ( P ) والفاء حرف شفوي سوى ان الاول انفجاري والثاني احتكاكي ولهذا كله قالوا مكان ( Pirind ) : فرندا مرة وپرندا مرة أخرى •

٤ ــ وابدلوا من صوت ( ٥ ) ضمة عربية صريحة فقالوا : أي العرب : زور ــ وآشوب مكان : Zor و ashob.

٥ ــ ومن عادة العرب تجاه الكلمات المعربة ــ ان يفخموا أصوات مايعربونه من الكلمات فيجعلون مكان السين صادا ومكان الكاف قافا ومكان التاء طاء كما نرى هذا التغيير والابدال في نحو : قسطنطين ، وافلاطون ، وصراط ، وقرطبة وغيرها •

٦ ــ من المعلوم لغويا ان اللسان اذا اخذ من لسان آخر كلمة حافظ على أصواتها ان كانت هذه الاصوات مما هو موجود في اللسان الاخذ ،

فأن كان غير ذلك طرح مافيها من اصوات غير موجودة عنده وعوضها باقرب أصواته اليها وقام باملائه واخضعها لاحكام لغته واملائه ، وفي بعض الاحيان يحافظ اللسان الاخذ على اصوات الكلمة المأخوذة ولكنه يضيف الى هذه الاصوات شيئا من التضخيم او الترقيق على حساب خصائصه الصوتية ويكتبها باملائه الذي الفها وقد اخذ اللسان العربي من الالسن الاعجمية كثيرا من الكلمات وفخم اصوات هذه الكلمات جريا على عادته في ايثار الفخامة في الاصوات فاذا أخذنا وظرنا في الكلمات المعربة التي توجد فيها حرف الطاء والقاف وظرنا الى أصواتها الاصلية التي كانت لها في ألسنها التي اخذت منها كان لنا من ذلك ما يرشدنا الى حقيقة هذين الصوتين في الاسماء التالية : افريطش — كريت ، افلاطون — بلاتون ، سقراط — سكرات ، ارسطو — ارستو ، قيصر — كيسر ، ونعلم جميعا ان العرب احلوا مكان التاء طاء ومكان الكاف قافا وان الاكراد يحلون مكان الطاء تاء ومكان الصاد والضاد سينا وزايا فيقولون : (فه‌يزى) مكان فيضي ويكتبون كل ابدال باللسان بالاملاء ايضا وقد قال ابن جنى : واما الصاد التي ، كالزاى فهي التي يقل همسها قليلا ويحدث فيها ضرب من الجهر لمضارعتها الزاي وذلك قولك في (يصدر) وفي (قصد) : قصد ، ومن العرب من يخلصها زايا فيقول : يزدر ، وقزد • قالوا في مثل لهم :

« لم يحرم من قزد له : أي قصد له » فيعني ان العرب ابدلوا الزاي سينا ثم ابدلوا السين صادا كما في «اهدنا الصراط المستقيم» يقول : الزمخشري «السراط» : الجادة من سرط الشيء اذا ابتلعه لانه يسترط السابلة اذا سلكوه كما سمى لقما لأنه يلتقمهم والسراط من قلب السين صادا لاجل الطاء كقولهم مصيطر في مسيطر وقد تشم الصاء صوت الزاي وقرىء بهن ••• ( تفسير الكشاف ) ج١ ••• سورة الفاتحة •

وقال ابن عقيل في شرح «الفية ابن مالك» :

« طا تا افتعال رد اثر مطبق        في اذان وازدد وادكر دالا بقي »

اذا وقعت تاء افتعال بعد حرف من حروف الاطباق وهي الصاد والضاد والطاء والظاء وجب ابدالها طاء كقولك اصطبر واضطجع واطعنوا واظطلموا •

## كتابة الكلمات العربية بالاملاء الكردي تطور

ان ناحية هامة من نواحي التطور اللغوي ترجع الى عوامل جبرية ، لا اختيار للانسان فيها ومن هذا يظهر : انه ليس في قدرة الافراد ان يقفوا تطور لغة ، او يجعلوها تجمد على وضع خاص كما يرى بعض المثقفين من ان تبقى الكلمات العربية في الكتب المدرسية او غيرها باملائها واسلوبها من غير تغيير ولا تبديل املاء ، فمهما أجهدوا في تحديد الفاظها ومدلولاتها وضبط قواعدها وأصواتها ومهما اجهدوا انفسهم في اتقان تعليمهما للاطفال قراءة وكتابة ونطقا وفي وضع طريقة ثابتة سليمة يسير عليها المعلمون بهذا الصدد ، ومهما بذلوا من قوة في محاربة مايطرأ عليها من لحن وخطأ وتحريف وتكريد فأنها لاتلبث ان تحطم هذه الاغلال وتفلت من هذه القيود وتكتب وتلفظ بأسلوب كردي خاص وتسير في السبيل التي تريدها على السير فيها سنن التطور والارتقاء الطبيعيين •

يمكن احيانا التحكم في لغة الكتابة والجمود بها زمنا طويلا على اصولها القديمة او مايقرب منها ولكن لغة الكتابة واسلوب الاملاء التي تجمد بهذا الشكل لاتمثل تمثيلا صحيحا حالة الحياة الثقافية والنهضة اللغوية وتتسع كثيرا مسافة الخلف بينها وبين لغة المحادثة لان لغة المحادثة في تطور مطرد ولاتستطيع اية قوة الى تعويق تطورها سبيلا فلا تنفك تبعد عن لغة الاملاء الجامد حتى تصبح كل منهما غريبة عن الاخرى او بعيدة عنها ويصبح الاملاء الكردي وتعليمه اشبه شيء بتعليم لغة اجنبية او لغة بينها وبينه بون بعيد ،

فاذا كتب لفظ «ميراته» ميراث ولفظ «فه‌يزي» فيضي و «قازي» قاضي لوقع الدارس او الكاتب الكردي في حيرة من امرها ... ولتاه ...

## المصادر :

### ١ ـ اللغـة العربيـة


١ ـ مناقشات مع الدكتور مصطفى جواد ـ رؤوف جمال‌الدين ـ النجـف ١٩٦٦ م .

٢ ـ همع الهوامع شرح جمع الجوامع جلال‌الدين السيوطي ـ دار المعرفـة للطباعة والنشر ـ بيروت لبنان .

٣ ـ تيسير اللغة العربية رشاد المغربي دارغوث ـ المطبعة المصريه ـ صيدا .

٤ ـ نحو لغة عربية سليمه ـ مجموعة بحوث كتبت بمناسبه صدور قـانون الحفاظ على سلامة اللغة العربية العراق ـ الثقافه والفنون .

٥ ـ كتاب في فـن القراءة والكلام والالقاء مصطفى الدمياطي بك ـ مطبعة دار الكتب المصرية بالقاهرة ١٩٢٩ .

٦ ـ من ادبنا المعاصر الدكور طه حسين ـ دار الاداب ـ بيروت ١٩٥٨ .

٧ ـ مشكلة تعليم اللغة العربية لغير العرب الدكتور علي الحديدي ـ القاهرة .

٨ ـ العربية بين امسها وحاضرها الدكتور ابراهيم السامرائي ـ وزارة الثقافة والفنون ـ العراق .

٩ ـ الوجيز في فقه اللغة محمد الانطاكي مكتبة دار الشرق ـ بيروت .

١٠ـ علم اللغة الدكتور عبدالواحد وافي ـ دار نهضة مصر للطبع والنشر .

١١ـ دراسات في فقه اللغة الدكتور صبحي الصالح ـ بيروت .

١٢ـ قواعد اللغة الكردية توفيق وهبي ، الجزء الاول ـ مطبعة البيان ـ بيروت ١٩٥٦ .

١٣ـ القواعد الاساسية لدراسة الفارسيه الدكتور ابراهيم امين الشواربي ـ القاهرة .

## ب ـ اللغة الكردية

١ ـ گوڤاری کۆڕی زانیاری کوردی ژماره (١) ١٩٧٣ .

٢ ـ دەستوری نووسینی کوردی بە پیتی عەرەبی ا. ب. هەوری ـ سلیمانیه ١٩٦٨ .

٣ ـ رابەرێ بۆ ئیملای کوردی نوری عەلی امین ـ بغداد ١٩٦٦ .

٤ ـ قاموسی زمانی کوردی بەرگی یەکەم (ع) عبدالرحمن محمد امین زەبیحی ـ بغداد ـ المجمع العلمي الكردي ١٩٧٧ .

٥ ـ گوڤاری (پەروەردەو زانست) ژمارە (٦) عام ١٩٧٣ ـ بغداد .

٦ ـ رێنوسی کوردی لەسەدەیەکدا حامد فرج ـ بغداد ـ المجمع العلمي الكردي .

بنکەی ژین

# هـــذه البحوث

**عبداللطيف عبدالمجيد ﮔلي**
مدير الادارة والذاتية
ومدير الهيئة الكردية
في المجمع العلمي العراقي

كانت الهيئة الكردية في المجمع العلمي العراقي قـد شكلت في عـام ١٩٧٩ لجنة للتحضير لعقد ندوة في أحد مصايف كردستان لدراسة مشاكل الاملاء الكردي وايجاد العلاج السليم لها ونشرت نداء بهذا الشأن الى المثقفين الاكراد ممن يعنون بمثل هذه المواضيع ضمنته ما اختمر في ذهنها من مشاكل محددة وطلبت منهم الاسهام في الندوة بطرح ما يرونه من مشاكل اخرى ومن علاج لجميع تلك المشاكل ، من خلال بحوث يعدونها ويحضرون بانفسهم او يرسلونها لالقائها في تلك الندوة •••

وقد لبى عدد غير قليل من الباحثين نداء اللجنة واخذوا يرسلون اليهـا تباعا بحوثهم ودراساتهم ، وكانت اللجنة تعقد تباعا اجتماعاتها لدراسة تلـك البحوث ولبحث مايلزم لاكمال عقد الندوة في موعدهـا المقرر وانجاحهـا ، واتخذت الاجراءات المالية والفنية الضرورية لهذا الغرض ، الا ان الظروف الطارئة فيما بعد حالت دون امكان عقد الندوة في موعدها المقرر او في وقت مقارب • وبغية تمكين الجمهور ولاسيما المعنيين منه بمشاكل الاملاء الكردي

من الاطلاع على الافكار والآراء التي كانت ستطرح في الندوة فيما لو عقدت، ولتيسير تكوين افكار جديدة لعدد اكثر من المعنيين بالمشاكل موضوعة البحث ارتأت اللجنة فيما بعد ، ووافقت الهيئة الكردية في المجمع ايضا على ما ارتأت، الاكتفاء في الوقت الحاضر بنشر البحوث الواردة أليها ضمن عدد خاص من مجلة المجمع ــ الهيئة الكردية ــ على ان يظل الباب مفتوحا لنشر أي دراسة او بحث مماثل وطرح أي مناقشات ملائمة ترد بشأن البحوث المنشورة ليكون كل ذلك مفتاحا لعقد الندوة في المستقبل وعندما تتيسر المقومات الكافية لعقده ، وجريا على المبدء القائل : ما لايدرك كله لايترك جله .

ان البحوث المنشورة في هذا العدد هي أهم ما ورد الى اللجنة ولم تحجب امكانية النشر الا عن مقالات قليلة لم تتوفر فيها مقوماته وأهمها الارتباط الوثيق بموضوع الندوة . ونحن اذ ننشر هذه البحوث ، نعود فنذكر اننا نرحب بأي بحث ذي صلة بالموضوع يرد الينا وستظل صفحات المجلة مفتوحة لنشر امثال هذه البحوث الى ان يتيسر لنا عقد الندوة ، ونأمل ان يكون ذلك في القريب العاجل ان شاء الله .

بنکەی ژین

# پێڕست

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|


**دەستەی بنووسان**
ئەم ژمارەیەی ئەم گۆڤارە ........ ٣
**د. کامیل بەسیر**
خاڵبەندی بۆ ڕێنووسی کوردی ........ ٥
**د. ئەورەحمانی حاجی مارف**
گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی ........ ١٦
**ئیبراهیم ئەمین باڵدار**
زەنگی کاروانی ڕێنووسی کوردی ........ ٧٨
**شاکر فتاح احمد**
گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردیو شێوەی چارکردنیان ........ ١١٣
**صادق بهاءالدین ئامێدی**
ڕێنڤیسینا کوردی ب تیپێت عەرەبی ........ ١٣٥
**طاهر صادق احمد**
ڕێنووسی کوردی ........ ١٤٩
**عمر عبدالرحیم**
ڕێنووسی کوردی ........ ١٧٤
**د. کوردستان موکریانی**
چۆنیەتی نووسینی چاوگەی ئەسادە ........ ١٨٦

**محمد صالح سعيد**

فرێدانو هەڵبواردن لە بەکارهێنانو نووسینی کوردیدا ........ ٢١٢

**محمد معروف فتاح**

نووسینی کوردی لە روانگەی فۆنەتیکەوە ........ ٢٢٩

**مەسعود محەممەد**

چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی رێنوس و ئەلفوبێی کوردی ........ ٢٦٨

**نوری علی امین**

گیروگرفتی نووسینی کوردی لە تای ترازووی پیتە بزوێنو نەبزوێندا ٣٦٠

**د. نەسرین فەخری**

پێشەکی چۆن بنووسین ؟ لە دەنگەوە بۆ وشە ، تا ڕستە ........ ٤٢٠

**وریا عومەر ئەمین**

ئیملای کوردیو چەند تێبینییەك ........ ٤٣٤

**د. ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم**

گیروگرفتی نووسینی فرمان لەگەڵ ڕاناو لەڕووی پێکەوە نووسانو پێکەوە نەنووسانەوە ........ ٤٥٠

**القسم العربي**

**ابو زيد مصطفى السندي**

الكلمات العربية المستعملة في اللغة الكردية ........ ٤٨٩

**عبداللطيف عبدالمجيد محمد**

هذه البحوث ........ ٥١١

له كتێبخانەی نیشتمانیی بەغدادا
ژمارە ( ١١٨ )ی ساڵی ( ١٩٨٢ )ی دراوەتێ

بنکەی ژین

---

( ٤٠٠٠ ) دانه لەم ژمـارەیه لەچاپدراوه
لێبوونەوه له چاپ له ٢٥/١٠/١٩٨٢دا

# مجلة المجمع العلمي العراقي

## "الهيئة الكردية"

**THE JORNAL OF THE IRAQI ACADEMY**

**(( KURDISH CORPORATION ))**

**المجلد التاسع**

**١٩٨٢**

**VOLUME 9**

**1982**

مطبعة المجمع العلمي العراقي

**بغداد ـ ١٩٨٢**

نرخی دینارو نیوێکه

بنکەی ژین

# مجلة المجمع العلمي العراقي
## «الهيئة الكردية»

THE JORNAL OF THE IRAQI ACADEMY

(( KURDISH CORPORATION ))

المجلد التاسع

١٩٨٢

VOLUME 9

1982